ڕوئیا حەکاکیان

# پیاوکوژانی کۆشکی فیروزە

عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە فارسی‌یەوە کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم: ٢٠١٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب: پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزه
ناوی نووسەر: ڕوئیا حەکاکیان
وەرگێڕان بۆ فارسی: فەتاح کاویان
وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: عەبدوڵڵا حەسەنزادە
پیتچنین: وەرگێڕ
دیزاین: مەسعوود ڕەواندووست
بەرگ: ئاگری باڵەکی
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی

# پێشوتار

سەعات ١٠/٤٠ ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵاتو هومایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمانو نووریی دێهکوردی، تێکۆشەری چالاکی ئێرانیو دۆستی نیزیکی حیزبی دێموکراتیان لە ڕێستوورانی میکۆنووسی شاری بێرلینی ئەڵمان بە شێوەیەکی دڕندانە تیرۆر کرد.

ئەگەرچی دەزگای دادوەریی ئەڵمان لە هەنگاوێکی بەرپرسانەو بوێرانەدا هەموو تێبینییەکی قازانجپەرستانەی کاربەدەستانی ئەو وڵاتەی پشت گوێ خستو ئەوەندە بەوردی بەدوای مەسەلەکەدا چوو تا سەرەنجام ڕووناکایی خستە سەر زۆربەی کەلێنو قوژبنە تاریکەکانی ئەو دۆسیەیەو دوای چوار ساڵ کاری بەردەوام تاوانبارەکانی بە بیروڕای گشتی ناساندو حوکمی خۆی لەبارەی ئەو تاوانبارانەوە کە نەیانتوانیبوو لە دەستی عەدالەت ڕابکەن دەرکرد، بەوحاڵە زۆر لە وردەکارییەکانی ئەو کەتنەو لەویش زیاتر چوار ساڵ کاری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی کەتنەکە بۆ بیروڕای گشتی لە ئێرانو جیهاندا ناڕوون بوو.

تا لەم دواییانەدا نووسەرێکی بەتواناو لێهاتووی ئێرانی قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵیو لە بەرهەمێکی ئەدەبیی کەموێنەدا پەردەی لەسەر زۆر لایەنی نادیاری تیرۆری میکۆنووسو دادگای میکۆنووس هەڵدایەوە. خاتو ڕوئیا حەکاکیان شاعیرو نووسەری ئێرانیی دانیشتووی ئەمریکا پاش نیزیک بە پێنج ساڵ کارو هەڵدانەوەی ئارشیڤەکانو وتووێژ دەگەڵ دادوەرەکانو پارێزەرەکانو ئەوانەی لە تیرۆری میکۆنووس گیانیان بەدەر بردبوو، کتێبێکی بەنرخو بەبەڵگەی بە ناوی "پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە" بە زمانی ئینگلیزی چاپو بڵاو کردەوە کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لەماوەیەکی یەکجار کورتدا بوو بە یەکێک لە پڕفرۆشترین بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی ساڵی ۲۰۱۱ی ئەمریکا.

هەرچەند هەم لە کتێبەکەو هەم لە وتووێژەکانی ناوبراو دەردەکەوێ کە ئەو خاتونە بەڕێزە پێوەندی‌یەکی نزیکی دەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد نیە، بەڵام نووسینەکانی‌و لێدوانەکانی دەری‌دەخەن کە ڕێزی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد وەک بەشێکی چالاکی بزووتنەوەی دێموکڕاسی‌خوازانەی خەڵکی ئێران هەیەو دەگەڵ کەسایەتی‌یە گەورەکانی ئەو بزووتنەوەیە بێگانە نیە. هەر وەک نموونە بەشێک لە قسەکانی لە وتووێژ دەگەڵ "رادیۆی دەنگی کوردەکانی دانیشتووی ئەمریکا بۆ دێموکڕاسی‌و ئاشتی‌و ئازادی" لەسەر ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو لێرەدا دەخەینە بەرچاو تا دەرکەوێ کە ئەو خانمە بەڕێزە چەند بەقووڵی لە کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیە ورد بۆتەوەو چەندە بە گیانێکی نیشتمانپەروەرانەوە داوەریی لەسەر کردوە:

**"ئەمن لەو لێکۆڵینەوانەی کردوومن بۆم دەرکەوتوە کە لەنێو هەموو ئەوانەی کوژراون، کەسێک کە بێگومان دەی‌توانی ڕێبەرێکی نیشتمانی بۆ هەموو ئێران بێ، مسۆگەر عەبدوڕڕەحمان قاسملوو" بوو، لەبەر سەرنجڕاکێشیی کەسایەتی‌یەکەی، لەبەر ئاگاداریی بەرینی لە مەسەلە سیاسی‌و مێژوویی‌یەکان، هەم لەدەرەوەی وڵات جێگای ڕێز بوو،و هەم لەنێوخۆی وڵات لەلای هەمووان خۆشەویست بوو. پێم وایە بە لەدەستدانی ئەو کەسە تایبەتی‌یە، ئێمە وەک میللەتێک دەرفەتێکی زۆر دەگمەنمان لەکیس چووە."**

بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەرچوونی ئەو کتێبە کەوتمە هەوڵ‌و تەقەلا بۆئەوەی بەدەستی بێنم‌و بۆ وەرگێڕانی بۆسەر هەردوو زمانی فارسی‌و کوردی تێ‌بکۆشم. لەوڕێگایەدا داوام لە چەند کەس لە هاوڕێ‌و دۆستانم لە دەرەوەی کوردستان کرد کە هەوڵ بدەن نوسخەیەک لەو کتێبە بەدەست بێنن‌و بۆم بنێرن. لەو نێوەدا سوپاسی هاوڕێی خۆشەویست‌و بەهەڵسووڕم خوشکە کوێستان گادانی دەکەم کە بە زوویی کتێبەکەی پەیدا کردو پێش ئەوەش کە دەرفەتی هەبێ بۆم بنێرێ چەند بەشێکی بە پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ ناردم تازووتر بتوانم دەست بەکاری وەرگێڕانەکەی بکەم.

بۆ کەم‌کەس شاراوەیە کە بەداخەوە بۆخۆم زمانی ئینگلیزی نازانم‌و هەر بۆیە ئەگەر هەوڵ‌و مشووری هاوڕێی شارەزاو ڕووناکبیرو زمانزانم کاک فەتاحی کاویان نەبووایە ئاسان نەبوو کەسێک لەنیزیک خۆم کتێبەکە لە ئینگلیزی‌یەوە بکاتە فارسی تا ئەمنیش بەوەخت لە

فارسی‌یەوە وەری‌بگێڕمە سەر زمانی کوردی. بۆیە لەوبارەیەوە بەرمنەتی کاک فەتاحمو هەمیشە ئارەزووی لەش‌ساغی‌و تەمەندرێژیی بۆ دەکەم. کاری دیزاینی ئەم کتێبەش وەک هێندێ کاری دیکەم کەوتە سەرشانی هاوڕێی بەوەج کاک مەسعوودی ڕەواندووستو دیزاینی بەرگیش وەک زۆربەی کارەکانی ئەم دواییی‌یەم لاوی بەبەهرەو ڕووح‌سووک ئاگری باڵەکی لە ئەستۆی گرت. لە هەردووکی ئەو ئازیزانەش بەدڵەوە ســوپاس دەکەمو لەژیانو خەباتدا ســەرکەوتنیان بۆ بەئاوات دەخوازم.

لەحاڵێکدا خۆشحاڵم کە ئەم بەرهەمە بەکەلکە بەزوویی ئامادەی چاپ بووەو ئێستا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی کورد، ئاواتەخوازم لە دوارۆژێکی نیزیکدا فارسی‌یەکەشی دەرەتانی چاپو بڵاوبوونەوەی بۆ بڕەخسێ.

عبدالله حەسەن‌زادە، باشووری کوردستان، ١٣٩١ (٢٠١٢)

## -١-

بێرلین، ئەڵمان، ١٧ی سێپتامبری١٩٩٢. پاش نیزیکەی سەعاتێک خولانەوە لە شەقامی "پراگەر"و چاوەدێریی ڕێستوورانێک لە بنبەستێکی ئەو شەقامە، دوو پیاوی زەبەللاحی ڕیشدار بەرۆکەکانیان تا نیزیک چاوەکانیان هەڵکێشاو خێرا چوونە ژووری ڕیستوورانەکەو یەکێک لە پیاوەکانیش وەک نیگابان لەبەر دەرگا ڕاوەستا. سەعات ١٠/٤٧ی پاشنیوەڕۆ بوو.

خێرا بە دەوری سالۆنی نانخواردندا خولانەوەو بە پەنا پیاوێکدا تێ پەڕین کە دوا قومی شەرابەکەی خۆی دەخواردەوە. بە داڵانەکەدا چوونە ژووری هۆدەی پشتەوە کە لەوێ هەشت کەس لە دەوری مێزێک دانیشتبوون. یەکێک لەو دوو زەبەللاحە کە کەڵەگەتتر بوو لەپشت یەکێک لەو هەشت کەسەی خەریکی نانخواردن بوونو ڕووبەڕووی بەتەمەنترینی وان کە پیاوێکی سەرڕووتاوەی چاویلکەلەچاو بوو، جلوبەرگێکی خۆڵەمێشیی دەبەردا بوو،و دەگەڵ هەموو ئەوانی دیکە دەدوا، ڕاوەستا. هیچ کامێکیان ئاگایان لە هاتنەژووری ئەو دووانە نەبوو. ئەو کەسەی قسەی دەکرد لەپڕ سەرنجی دایە ڕوانینی دوژمنانەی زەبەللاحەکە کە تێیانەوە ڕامابوو. لەئاکامدا قسەکەی بڕی. یەکی دیکە لە میوانەکان لێیپرسی چ گیروگرفتێکت هاتۆتە پێش. کابرای خەراپکار وەڵامی دایەوەو گوتی "دایک‌حیزینە".

ناوبراو دەستی خۆی بە دەستەوانەوە دە ساکەکەی سەر شانیڕاکرد. دوایە دەنگی تەقەیەکی توند هەستاو یەکێک لەوانەی لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون بەقەو هاواری کرد گوتی: "دۆستان، ئەمە خەراپکارە" دەنگی وی لەئاکامی شریخەیەکی توندا کە بەدوایدا هات کپ بوو. لە ژوورەکەدا کە زۆریش ڕووناک نەبوو، بڵێسەی ئاگر لەپشتەوەی کەفەڵی کابرای زەبەللاح دەهاتە دەرێ. گوللەکان لایەکی ساکەکەو لەشی میوانەکانیان کونکون کرد.

دوای دووجار دەسڕێژ -بیستوشەش گوللە- گوللەباران تەواو بوو. ژوورەکە پڕ ببوو لە بۆنی باڕووت. هەشت کەسە میوانەکە جگە لە یەکێکیان، تێکڕا یان چەمابوونەوە یان لەسەر زەوی کەوتبوون. بەتەمەنترین میوان هێشتا لەسەر کورسی‌یەکەی دانیشتبوو، سەری بەلادا کەوتبوو، کراسە سپی‌یەکەی خوێناوی ببوو،و دەگەڵ کراوەتە ڕەنگاوڕەنگەکەی لێکهاڵابوو. یەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دیکە لە قوربانی‌یەکان لەپەڕوو کەوتبوو،و خێراخێرا هەناسـەی دەدا. دەموچاوی کە بەسـەر پەرداخە بیرەیەکدا کەوتبوو، داقڵیشابوو،و بیرە ڕەنگ‌زەردەکە خەریک بوو ڕەش هەڵدەگەڕا.

دووەمین تەقەکەر هاتە پێش مێزەکە، دەسـتی دەبەر قایش‌پشـتێنەکەی ڕاکردو دەمانچەیەکی دەرهێنا. هیچ‌کەس نەدەبزووت. سێرەی لە بەتەمەنترین میوان گرتو سێ گوللەی لەسەری دان. پاشـان چووە لای یەکێک لەو تەرمانەی لەسـەر زەوی کەوتبوون کە پیاوێکی گەنجی باریکەڵە بوو،و جلوبەرگێکی دەبەردا بوو کە تا دەمەساتێک پێش ئێستا کراسێکی سپی بوو. سێرەی لە پشتەسـەری گرتو گوللەیەکی لێدا. ئەمجار بۆ لای تەرمێکی دیکە چوو، دەیەویست گوللەی لێبدا، بەڵام پێش‌ئەوەی دەسـتی لێبکێشـێ، یەکێک لە هاودەسـتەکانی ئاماژەی بۆ کرد کە لەوێ بڕواتە دەر.

لە ڕێسـتوورانەکە دەرپەڕینو نیگابانەکەی بەر دەرگاشـیان ڕەگەڵ کەوتو هەموویان بەرەو ترومبێلێکی B.M.Wی شـین چوون کە ماتۆڕەکەی دایبسـاو لە نوختەی پێک‌گەیشـتنی بنبەستەکەو شەقامەکە ڕاگیرابوو. سەردەستەی تەقەکەرەکان پێش هەمووان گەیشتە ترومبێلەکە، دەستی بردو هەردوو دەرگای پێشەوەو پشتەوەی دانیشتنی موسافیرانی کردەوە. خۆی هاویشتە نێو ترومبێل، لەپەنای شۆفێرەکە دانیشتو ساکەکەی هاویشتە پشت خۆی. دوو کەسەکەی دیکەش خۆیان لە کورسـیی پشـتەوە پەسـتاوت. شـۆفێر بەتوندی گازی دایە ترومبێلەکەو کەوتە ڕێ. زۆری نەمابوو خۆی بە ڕێبوارێکدا بدا. لەسەر چوارڕێیان ماتۆڕی ترومبێلێکی مێرسیدسی ڕەش هەڵکرابوو، ئەویش وەڕێ کەوتو بە بادانەوەیەکی خێرا چووە شەقامێکی (فرعی)یەوە.

هەتا بەخەبەر بوون، بارودۆخ ڕاست وەک شـەوەکانی دیکە بوو. شـنەبایەکی ئارامی دەهاتو خوناوکە باران درێژەی هەبوو. بەڵام ڕووناکایی چراکان لە هێندێک لە پەنجەرەکانی سـەرەوەی ڕێسـتوورانەکە دەهاتە دەرێو چەندکەس لە دراوسـێکان وەخەبەر هاتبوون. لە بەربێڵای نهۆمی چواری باڵەخانەی تەنیشـت ڕێسـتووران، ژنێک لەحاڵێکدا دەسـتی بە میلەکانی بەرهەیوانەوە گرتبوو بەرەو خوارەوە داهاتبۆوە. مووی سـووری مەیلەوقاوەیی بسـکەکانی لەسـەر یۆنیفۆڕمە سپی‌یەکەی ڕادەژانو لەبەر ئەوەی کەمێک پێشتر دووچەرخەی لێخوڕیبوو، لەشی هێشتا تەواو گەرم بوو. بەوردی سەیری پیادەڕێیەکەی دەکردو دەیەویست شوێنی ئەو تەقینەوەیە بدۆزێتەوە کە ژوورەکەی ویی لەرزاندبوو. ئەو لەوکاتەدا تەماشـاچی‌یەکی سـەرسوڕهێن بوو، بەزوویش بوو بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

شایەتێک لەسەر ئەو لەرزینەوەیەی لەژێر ماڵەکەیدا ڕووی دا، لەرزینەوەیەک کە لە مانگەکانی دواتردا سەرانسەری (قارە)کەی دەگرتەوە.

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## -٢-

**تیرۆریستەکانی ئەمڕۆ! تەنیا بە کوشتنی ئێوە ڕازی نابن؛ ئەوان هەروەک بەکردەوە ئەنجامی دەدەن، دەبێ سووکایەتییشتان پێبکەن.**

هادی خورسەندی، تەنزنووسی دوورولاتی ئێرانی

بەیانیی ڕۆژێکی یەکشەممەی ژوئەنی ١٩٨٩، سارا دێهکوردیی تەمەن شەشساڵە خەبەرێکی پێگەیشت کە زۆر لەمێژ بوو بەئاواتیەوە بوو.

سەعات ٦ی بەیانی تەلەفون زەنگی لێداو دایکی سارا کە وەڵامی دایەوە، بە بیستنی دەنگی کچی دراوسێکەیان زۆر سەری سوڕماو لێی پرسی بۆچی بەو بەیانییە زووە تەلەفونی کردوە. بەڵام کچە حەوتساڵەکە دەنگە زبرەکەی ئارام کردەوەو پێی داگرت کە دەبێ قسەکەی بە سارا بڵێ، "نەک بە خانمی دێهکوردی! بە هیچجۆر ناشکرێ ئەم بابەتە وەدرەنگ بخرێ."

شۆهرە تەلەفونەکەی وەکچەکەی داو لەماوەی چاوتروکانێکدا دەنگی شادمانیو پێکەنینی سارا داڵانی ئاپارتمانەکەیانی پڕکرد.

سارا چووە سەر جێوبانەکەی کە باوکی بۆی دروست کردبوو. دەستی بردە بن دۆشەگەکەیو لەنێو هەموو قەڵەمە ڕەنگییەکانی یەکێکی هێنایە دەرو بە میچی ژوورەکەوە وشەی "های"ی نووسی.

دایکوبابی بەسەرسامی چوونە ژوورەکەیو دایکی لێیپرسی "چبووە مشکۆڵە؟"

سارا سەری دەنێو میلەدارەکانی تەختەکەیڕا کردو هاواری کرد "ئەو بردوویەتەوە" تەنیا بۆچوون کە شۆهرەو نووریی دێهکوردی بەدڵیان سپاردبوو ئەوە بوو کە سەری کچەکەیان لەنێو میلەکانی تەختەکەیدا گیری کردبوو -هێندێ ئەڵقەی ڕەش دەموچاوی ناسکی ئەویان داپۆشیبوو-و ئەمە بۆ ئەوان لە هەمووشتێک شیرینترو دڵگیرتر بوو. تەنیا منداڵ کە بوویان سارا

بوو،و ئەمە بۆ هەموو ئەو ئاواتانەی لە سەردەمی جحێڵی‌یەوە لەدڵیاندا هەبوو،و ئێستا لە وەنێوکەوتوویدا بەدەستیان هێنابوون شتێکی زۆر لەبەردڵان بوو. بەباوەڕی وان هێورترکردنی بێ‌باکی لە هەناوی ئەودا دەی‌توانی کۆمەگی بکا کە وەختێک گەورە بوو بتوانێ بیروباوەڕێکی پتەوو سەقامگیری هەبێ. لەکاتی گەڕانی خێزانی لە پارکی تێگیرامی بێرلیندا، ئەگەر سارا بە دارێک هەڵدەگەڕا، یەکەمین وشیارکردنەوەی وان "وریا بە" نەبوو. شتێک کە پێیاندەگوت ئەوە بوو: "تەنیا ئەوەندە دەتوانی سەر کەوی؟"

سارا ڕۆژێک بەیانی لە حەوشەی ماڵێ‌و لە هەوای ئازاددا لەحاڵێکدا زۆر شادو بەکەیف بوو، هەستی خۆی نەک بە گوتن، بەڵکوو بە کردەوە، ڕاگەیاند. دواجار هاواری کردو گوتی: "مردوە - ئۆخەی، مردوە!" پاشان خۆی هەڵدایە سەر تڕامپوولین [پارچەیەکی ئەستووری لاستیکی کە منداڵان هەڵبەزهەڵبەزی لەسەر دەکەن] پرچە ڕەنگ‌تاریکەکانی بەتوندی ڕادەژان. ئیکلامێکی کێشاو گوتی: های،های، خومەینی مردوە!"

چواری ژوئەنی ١٩٨٩ بوو، ئایەتوڵڵا خومەینی، گەورەترین ڕێبەری موسوڵمانانی شیعە لە سەرانسەری جیهاندا، لە تەمەنی پیریدا ڕۆژێک پێشتر لە تاران مردبوو. دایک‌وبابی سارا بە سەرسوڕماوی تێک‌ڕامابوون. سەرەنجام شۆهرە لێی‌پرسی: "بە چی‌را دەزانی؟"

"ڕادیۆی هەڵکەن! دراوسێکانمان هەر ئێستا لە ڕادیۆ گوێیان لێ‌بووە."

نووری ڕادیۆکەی لەسەر شەپۆلی کورت هەڵکردو رادیۆی (بی.بی.سی)ی گرت. کابرای ڕێپۆرتێر بەهەژانەوە باسی ڕێوڕەسمی تازیەباری لە شەقامەکانیدا دەکرد. دوو هاوسەر بە بێدەنگی بەرەوڕووی یەکتر وێستابوون. چەند دەقیقەیەک تێ‌پەڕین‌و ئەمجار شۆهرە بە سەرسوڕماوی‌یەوە گوتی: "دەتوانێ وابێ؟"

نووری تەواو گوێی دابووە بەرنامەکەو گوێی نەدەدایە قسەکانی خێزانی.

شۆهرە لەبەر خۆیەوە قسەی دەکردو دەیگوت: "حەرامزادە شەوێک دەخەوێ‌و وەخەبەر نایەتەوە. ناتوانێ. هەرچی بێ! نابێ ببێ!"

هەمووی ئەم مەسەلانە بەرهەمی دەستڕانەگەیشتن بە تەواوی ئەو شتانە بوون کە لەکاتی هاتنەسەرکاری ئایەتوڵڵا خومەینی‌یەوە لەساڵی ١٩٧٩دا لەدەستیان چووبوون: ماڵ‌و نیشتمانیان، دایک‌و بابیان، خزم‌و دۆستانیان -شۆهرەو سارای ساوا ساڵی ١٩٨٣ لە ئێران ڕایان‌کردبوو،و نووری

سـالێک دواتر وەدوایان کەوت- ئەمانە بوون ئەو زیانە دیارانەی پێیان گەیشـتبوون. هێندێ مەسـەلەی دیکەش هەبوون کە بایەخی مەعنەوی‌یان هەبوو: ئیدی گوێیان لە مووزیکی فارسـی نەدەبوو، بۆنی خۆشـی ئاشـپەزخانەی دراوسـێکانیان بۆ نەدەهات. کۆبوونەوەکانی شـەوانی پێنجشەممە لە قاوەخانەکان، تەنانەت ئەو شیعرە خەراپانە کە دۆستەکانیان بەئیشتیاو ئۆگری‌یەوە دەیانگێڕانەوە، گەرمای هەڵمی ئەو چەوەندەرانە کە فرۆشیارە دەسگێڕەکان لە لوولەی کاغەزی‌یان وەردەپێچانو لە رۆژانی سـاردی پاییزدا دەدەسـتی وانیان دەنان. لەنێو سـەهۆڵی پەنجەرەکاندا سالێکی نوێ چۆن دەست پێدەکرێ؟ ساڵی تازەی هەستبزوێنی خۆیان، نەورۆزیان، کە هەموو ساڵێ لە مانگی مارسدا دەستی پێدەکرد لەدەست چووبوو.

بەڵام لە ئەڵمان بە هیچ‌جۆر خەڵکێکی غەریبە نەبوون. شۆهرەو نووری ساڵی ١٩٧٢ لەحاڵێکدا لە دەرەوەی وڵات خەریکی خوێندن بوون یەکتریان دیت. شۆهرە ئەوی چەند ڕۆژێک دوای چوون بۆ ئەو وڵاتە، لە سالۆنی گشتیی خەوگەی خوێندکاران چاو پێ‌کەوت. بەشێوەیەکی بێ‌موبالاتانە تەماشای هەمووانی دەکرد، هەتا سەرەنجام چاوی بەو (نووری) کەوت.

کاتێک خەڵکی دیکە لەوێ قسـەیان دەگەڵ نووری دەکردو ناویان دەبرد، چاوە زۆر ڕەشو گەشـەکانی، بۆ وی یەکجار سـەرنجڕاکێش بوون. بەتایبەتی کاتێک ئەویان بەناوی نووری (بەمانای درەوشاوە) بانگ دەکرد.

دەگەڵ ئەوەی سـەرگۆناکانی لە خۆشـحاڵی‌یان سـوور هەڵدەگەڕان، هەوڵی دەدا خۆی بێ‌موبالات نیشـان بداو هەسـتی خۆی لەنێو دووکەڵێکدا کە لە سـیگارەکەی خۆی هەڵدەسـتا، بشارێتەوە. ئاخرەکەی نووری هاتە پێشەوەو لێی‌پرسی ناوت چیە.

زۆر بە لەسەرەخۆیی‌و بۆ ئەوەی پتر کار بکاتە سەر نووری، گوتی شۆهـــــرەو (هـ.) یەکەی زۆر درێژ کردەوە.

نوورییش بە ڕاوێژێکی پڕ لەپەسندکردن گوتی: "تەواو دیارە کە ئێوە شایانی ئەوەن." پاشان بە بەراوردکردنی زیرەکیی وی دەگەڵ لێوەشـاوەیی خۆی، لە درێژەی قسـەکانیدا گوتی: "ئەگەر دەگەڵ من بی مسۆگەر وا (بەناوبانگ) دەبی."

لە بێرلین بەهۆی باوەڕێک کە لە سـەردەمی جحێڵیی خۆیاندا بوویان، ئاشـقی یەکتر بوون. ڕستەیەک کە زۆرجار وەک "خۆشم دەوێی" دەریان دەبڕی "بمرێ شا" بوو. هەردووکیان دەیانگوت بەرزترین سـەرکەوتنیان لە خوێندنی زانکۆدا بەدەست هێناوە، بەڵام مەسـەلەیەک کە پتر لە هەر

شتێک ئەوانی بەخۆوە خەریک کردبوو، لەسەرکارلاچوونی دواپادشای ئێران، حەمەڕەزاشای پەهلەوی بوو. ئەگەر نەدەچوونە پۆلی دەرسخوێندن بۆئەوەی گوێ لە وتاری سەرسەرەکیی مامۆستایەک بگرن یان پێکەوە خەریکی ماچوموچ نەدەبوون، هەمیشە دەگەڵ دۆستەکانیان بەرنامەی خۆپێشاندان دژی شایان دادەڕشت.

ئەمە لە بێرلینی ڕۆژئاوا، ناوەندی ئورووپای ئازاد بوو، کە لەوێ سیاسەتمەداران ڕەخنەی خۆیان لە نەیارەکانیان دەگرت، نووسەران بە ئاشکرا گاڵتەیان بە ڕێبەرەکانیان دەکردو گاڵتەچی یەکان بە هەموو مەسەلەیەکی جێگای ڕێز پێدەکەنین. ئەوان دەیانزانی کە ئەو گرووپانەی سەرەوە هەر ئەمەیان دەوێ،و ساڵی ۱۹۷۸ کاتێک شۆرش سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، ئەوان بە خۆشحاڵیی تەواوەوە بێرلینیان بەجێ هێشتو تێکەڵ بەو هەزاران ئێرانی یە بوون کە ڕۆژی یەکەمی ژانویە، واتە ئەو ڕۆژەی شا لە ئێران دەرچوو، خۆپێشاندانێکی بەربڵاویان لە شەقامەکانی تاراندا وەڕێ خستو لەکاتێکدا ترومبێلەکان لێکڕا هۆڕنیان لێدەداو بەفرماڵەکانیان وەکار خستبوو، ژنانو پیاوانی وەنێوکەوتوو لە شەقامەکان هەڵدەپەڕین. دوو حەوتوو دوای ئەو ڕۆژە ئایەتوڵڵا لە شوێنی دوورخرانەوەیڕا گەڕایەوەو چەند ڕۆژ دواتر، بەیانیی ڕۆژێکی ساماڵی نێوەڕاستی ژانویە، سوپای شاهەنشاهی خۆی بەدەستەوە داو پادشایەتیی ۲۵۰۰ ساڵە کۆتایی هات.

هیچ دەلیلیان نەبوو بۆئەوەی لە ئایەتوڵڵا بترسێن. ناوبراو لە زۆر وتارو وتووێژی خۆیدا لە شوێنی دوورخرانەوەی لە دەوروبەری پاریس، بە پێداگرتنەوە دەیگوت جگە لە ڕۆیشتنی شاو گەڕانەوە بۆ شاری پیرۆزی قوم کە لەوێ بتوانێ لە "حوزەی علمیە" درێژە بە موتاڵای خۆی بدا، هیچی دیکەی ناوێ. بۆچی دەبێ لە پیاوێک بترسێن کە هەستانو دانیشتنی مەهاتما گاندیی وەبیر دێنانەوە کە بە دەبەرکردنی خەرگەیەکی سادەو خواردنی نانوماست خۆی بۆ خەبات دژی زێدەڕۆیی فەرمانڕەوایان ئامادە کردبوو؟

ئایەتوڵڵا هەرنەبێ ساڵێک دواترو پاش ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەتەواوی چەسپاند، ئەو ئێرانی یە نێوەندڕۆیانەی وەلا نا کە پێشتر هەوڵی دابوو ڕایانبکێشێ بۆلای خۆیو هەموو ئەو وادەو بەڵێنانەی لەژێر پێ نان کە یارمەتی یان دابوو بۆ ئەوەی بە دەسەڵات بگا. لە جیاتی شاری قوم لە تاران نیشتەجێ بوو، بڵاوبوونەوەی هەموو ڕۆژنامەکانو تێکۆشانی هەموو حیزبەکانی قەدەغە کرد، دەرگای زانکۆکانی داخست بەو مەبەستە کە لە ڕێگای "شۆرشێکی

فەرهەنگی"یەوە هەموویان پاکسازی بکا، دەستی کرد بە ئازاردانی ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی خوێندکارە نامەزهەبی‌یەکانی سەردەمی پێشوو، بۆ وێنە کەسانی وەک نووری‌و شۆهرەی خستە ژێر ئەزیەت‌و ئازار. هەزاران کەسی زیندانی‌و ئیعدام کردو هەزارانی دیکەی ناچار کرد وڵات بەجێ بێڵن کە ئەم‌کارە، بەپێچەوانەی کاری دیکەی لەوچەشنە لە مێژووی نیشتمانیی ئێراندا، بوو بەهۆی کۆچێکی بەکۆمەڵی بەربڵاو.

شۆهرە بە خەفەت‌خواردنەوە پرسیاری کرد: "ئێستا چ ڕوو دەدا؟" شوێنەواری شڵەژانی دەروونی بەرەبەرە لە ڕوخساری سڕایەوە. لە تەمەنی چل‌وشەش سالێدا هێشتا ئەوەندە خۆی بە جحێڵ دەزانی کە بەهومێد بێ‌و بە خۆشحاڵی پێش‌بینیی دەکردو دەیگوت: "خانمە چکۆڵە، کۆتایی تەمەنی وان دێ، بۆخۆت دەی‌بینی."

ئەو یەکشەممەیە لەماڵێ میوانداری‌یان هەبوو، دۆست‌و هاوڕێ ئێرانی‌یە دوورخراوەکان هاتبوونە سەردانیان‌و پاکەتە شیرنی‌و دەسکەگوڵیان دەگەڵ خۆیان هێنابوون. ئەو ڕۆژە بۆ سارا نیشانەدەری دەمەساتێک لە سەرکەوتن بوو. لە سەرانسەری ژیانیدا باوەڕی وابوو پیاوانی وەک ئایەتوڵڵاو پیاوانێک کە باوکی، ئەوانی وەک سەربازانی وی (خومەینی) ناساندبوو، هەموویان مەترسی‌یەک بوون کە هەڕەشەیان لە بنەماڵەی وان کردبوو. لە پەنجەرەی ژووری خەوەکەیەوە، چەندین مانگ بەنهێنی‌و بە ڕوانین بەرەو تاران خەریکی دوعاکردن بوو، بە مردنی ئایەتوڵڵا ترس‌وخۆفێک کە هەمیشە سەرانسەری لەش‌و گیانی وی داگرتبوو، بەیەکجاری لەنێو چوو. سەرەنجام دەبێ بڵێین سەردەمی منداڵی بۆ ئەو سەردەمی بی‌پەروایی‌و کەیف‌وخۆشی بوو.

بەکورتی، پاش‌نیوەڕۆی پێنجشەممە، ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢، شۆهرە کە سەرمای ببوو، سارای زووتر لە وەختی ڕۆژان لە قوتابخانەڕا هێنایەوە ماڵێ، بەو مەبەستە کە بەرلەوەی نووری بۆ دیدارێک بچێتە دەرێ، شێوەکەیان پێکەوە بخۆن. دایکە بەدەگمەن ئاشپەزیی دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژە خواردنە بەناوبانگەکەی خۆی کە لووبیای سەوزو پەتاتە بوو، ساز کردبوو. لەو ڕۆژانەدا نان‌خواردنی بنەماڵە بەسەر یەکەوە نەریتێک بوو کە زۆریان بە گرنگ دەزانی. پاش تێپەڕینی چەند ساڵ لە ڕۆژی زەماوەندیان، ئەو ژن‌ومێردە ئاواتیان بوو منداڵێکی دیکەشیان هەبێ‌و هەربۆیە، نووری تەختێکی چەند نهۆمی بۆ سارا دروست کردبوو. بیری بوونی منداڵێکی دیکە،

www.rabari.org

ماڵەکەیانی پڕ لە شـــادمانی کردبوو. بوونی تەنیا دوو منداڵ بە جۆرێک ســـازانی نووری دەژمێردرا کە دەیەویست چەند منداڵی دیکەشیان ببن.

دوای شـێوخواردن، ئەگەرچی زۆری بۆ وەختی چراکووژاندنەوە مابوو، بەوحاڵە نووریو ســارا چوونە سـەر جێگای خەوو نووری یارمەتیی دا کە پیژامەکەی دەبەر بکاو بالیفەکەشی بۆ دانا؛ زۆرچاکی دەزانی کە سەری سارا ماوەیەکی درێژ لەسەر وێ نابێو لەجیاتی ئەوەی شتێکی بۆ بخوێنێتەوە، لاییلایەکی بۆ جوور کرد، ئەمەش شـــتێک بوو کە ســـارا پێی لە کتێبەکانی کە ماندوویان دەکرد خۆشتر بوو. سارا کەیفی بە زرنگیو داهێنانو شتە تازەکانی باوکی دەهات (ئەو گومانی نەبوو کە جیهان خوا دروســـتی کردوە، بەڵام بارودۆخی لەبەردڵانی نێوماڵەکە، بۆ وێنە تەختە چەند نهۆمەکەو شـــتەکانی دیکە لە داهێنانەکانی باوکی بوون.) نووری، ئەو پیاوە دەستکورتو نەریتشکێنە، باش دەیزانی هەستی منداڵێک چۆن پڕکا لە سامانێکی بێئەندازە.

ئەو بە دەنگێکی نەرمو لەســەرەخۆ بە گوێی کچەکەیدا خوێند: "بۆ خاتری هەنگوین" ئەمجار ڕاوەســتا. ســارا لەنەکاو دەســتی بە گۆرانی کردو گوتی: "دەبێ چاو لە پێوەدانەکان بپۆشـین." نووری بە نیشــانەی ڕەزامەندی ســەری ڕاوەشــاندو دێڕێکی دیکەی بە نارەنار بۆ گوت کە لە کتێبەکانی ڕۆمیو حافزی وەرگرتبوو، شـاعیرانێک کە لە منداڵییەوە ناسـیبوونیو دەیەویسـت کچەکەشی بزانێ، گوتی: " بۆ خاتری سوورە گوڵ"

سارا دیسان بە نارەنارێکی زۆر نەرم گوتی: "دەبێ چاوپۆشی لە دڕکەکان بکەین."

"لەبەر خاتری چەکچەکیلە"

سارا کە بە بیستنی هەر شێعرێک زۆر زیاتر وشیار دەبۆوە، دەسبەجێ وەڵامی دایەوە گوتی: " دەبێ لە گڕی ئاگریش ببوورین."

نووری جارێکی دیکە نێوچاوانی وی ماچ کردو گوتی: "لەبەر خاتری بابت کە دەبێ ئێسـتا بڕوا تا دۆســـتەکانی لەوە زیاتر چاوەڕێی نەبن، مشـــکۆڵەی خۆشـــەویســـتم، دەبێ لە خواحافزییەکانیش ببوورین. هەتا دێمەوە، ئاگات لە دایکە نەخۆشەکەت بێ!"

کاتێک ســارا لە ژوورەکەی دانیشـتبوو، نووری چووە ئاشـپەزخانەو هاوسـەرەکەی کە لە پەنا قاپشـۆرەکە ڕاوەسـتابوو دەباوەش گرت. ئەوی بەخۆوە گوشیو بێئەوەی سـەری بۆ لای خۆی وەرگێڕێ، بەســـپایی بەگوێیدا چپاند: "ئێســـتا خۆت بە قاپوقاچاغەوە نارەحەت مەکە. دوایە جێبەجێیان دەکەم."

پاشان لاملی ماچ کردو هەر بەو وشە جێیباوەڕانەوە ماڵئاوایی لێخواستو گوتی: "بەئاواتی دیدار خانمە چکۆڵەکەم!"

***

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# -٣-

**لە وتووێژێکدا، لە تێکۆشەرێکی سیاسیی ئێرانی‌یان پرسی بۆچی وێنەی حەزرەتی عیسات بە دیواری ژووری خەوی خۆتەوە هەڵواسیوە بەڵام وێنەی ڕێبەری مەزنت لە دیواری نەداوە. تێکۆشەری سیاسی وەڵامی دایەوە،گوتی: "ئەگەر چەند گوڵمێخ لە ڕێبەر بدەنو ڕاست وەک حەزرەتی عیسا لە شەقام هەڵی‌واسن، ئەمنیش وێنەکەی لە دیواری ژوورەکەی خۆم دەدەم."**

هادی خورسەندی تەنزنوسی دوورولاتی ئێرانی

نووری دێهکوردی لەکاتێکدا پانتۆلێکی ڕەشو کراسێکی شینی دەبەردا بوو کە شۆهرە بەبۆنەی چلوشەشەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونیەوە بە دیاریی دابوویە، لەحاڵێکدا کۆڵەپشتی‌یەکی چەرمی ڕەشی بەدەستەوە بوو، سەری شەوێ لە ئاپارتمانەکەی وەدەر کەوتو چوو بۆ مێترۆ (قەتاری ژێر زەوی). نیزیک سەعات شەشی دوانیوەڕۆ بوو. نووری ترومبێلی لێ‌نەدەخوڕی. ئەوە کە پیاوێکی وا بەدەستوبرد لەپشت فەرمانی ترومبێل هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد، جێی پرسیار بوو. نووری کە نەی‌دەتوانی ترومبێل بکڕێ، بەو ناوە کە دژی "ترومبێلە تەمبەڵسازەکان"ە، خۆی بێ‌خەم نیشان دەدا. بۆیە بۆ زۆربەی شوێنەکان بە پێ‌یان یان بەسواری دووچەرخە [پایسیکل] دەڕۆیشت.

باڵەخانەی ماڵەکەیان لە باشووری ڕۆژئاوای چوارڕێیانی دوو شەقامی ئاڵتمووبیتو ڕادینوور لەجۆری ئەو باڵەخانە ساکارانە بوو کە لە دەیەی ١٩٤٠دا لە سەرانسەری وڵات بە چیمەنتۆو پۆڵا دروست کرابوون تا چەندی بکرێ خێراتر ئەو بنەماڵانە نیشتەجێ بکەن کە لە ئاکامی شەڕدا بێ‌جێ‌وڕێ مابوونەوە. لە دراوسێیەتیی زۆربەی کۆچەرە عەرەبو تورکەکاندا کە

بەشێوەیەکی زۆر شیاوو باش نیشتەجێ کرابوون، بنەماڵەی کەمداهاتتری دێهکوردی هەرگیز نەیاندەتوانی چاوەڕوان بن پێشنیارە ١٢٠ دۆلاری‌یەکەیان بۆ کرێی مانگانەی خانوویەک قبووڵ بکرێ. تەنانەت کاتێک داخوازەکەیان قبووڵیش کرا، بەپارێزەوە خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕی، چونکە نیگەرانی ئەوە بوون کە خاوەنماڵ لە بڕیارەکەی پاشگەز ببێتەوە. پیادەڕێیەکان پڕ بوون لە دەستفرۆشو دوکانی چووکەڵە. کتێبفرۆشی‌یەکیشی لێبوو کە تایبەتی کتێبە قانوونییەکان بوو. ڕێستوورانێکی تورکان کە لەبەر دەرگای چوونەژووری میلەیەک دەسووڕا کە ڕۆندووگی لێدەچۆڕا، چەند بووتیک بە تابلۆی "هەڕاجی کۆتایی وەرز"ەوە بۆ نیشاندان بە خەڵک، هەمووی ئەمانە تارانیان وەبیر دێنایەوەو ئامانج لەوان کەمکردنەوەی دڵتەنگیی خەڵک بوو. باخچەی ساوایانی ساراو مەیدانی یاری‌کردنەکەی تەنیا چەند هەنگاو لە ماڵەکەیان دوور بوون. "تایر گارتن"یش لەوێ نیزیک بوو کە لەوێ باریکەڕێ‌یەک بۆ دووچەرخەلێخوڕین هەبوو. وەزارەتی داد کە باڵەخانە زۆر گەورەکەی دەروازەی زۆر گەورەی ئاسنینی هەبوون تەنیاشت بوو کە جیاواز دەهاتە بەرچاو. بنەماڵەی دێهکوردی لە پەنجەرەی ژووری دانیشتنەکەیانەوە، باڵەخانەی زۆر دزێوی زیندانی کاتیی وەزارەتی دادیان دەدی کە بە وەرەقی ئاسنین داپۆشرابوو،و دیمەنێکی دزێوی بوو بەجۆرێک کە پێ‌جواننەبوونەکەی بەزوویی بوو بە ڕقو بێزاری.

چەند ڕۆژێک بوو، نووری چاوەڕوانی ئەو شەوە بوو. دۆستە لەمێژینەکەی، سادقی شەڕەفکەندی، کە بە "دوکتۆر" ناو دەبرا لەو شارە بوو،و نووری بۆ بەشداری لە شێوێکی چکۆڵەدا کە بەشانازیی وی ڕێکخرابوو وەڕێ کەوتبوو. ئەو [شەڕەفکەندی] لە دەیەی ١٩٧٠دا پاش ئەوەی بڕوانامەی دوکتۆرای شیمی [کیمیا]ی لە زانکۆی پاریس وەرگرت، ئەم ناوەی وەرگرتبوو. بەڵام پلەکەی ئەویش هەروەک پلەی زۆربەی خوێندکارانی هاودەورەی خۆی لە ئێران شتێکی بێ‌سوود بوو،و تەنانەت بەقەدەرا دێڕێکی ژیاننامەکەی شانازیی دەگەڵ نەبوو. پاش گەڕانەوە لە فەڕانسە لە قوتابخانەیەکی ناوەندیی کوردستانی ئێران[1] گوتنەوەی دەرسی شیمیی وەئەستۆ گرتو لەوێدا بۆی دەرکەوت کە قوتابی‌یەکانی لەژێر کاریگەریی هەژاریو دەمارگرژیدا ناتوانن لە ئەتۆمەکانو مۆلیکۆلەکان ورد ببنەوەو پێویستی‌یان بە مامۆستایەک نیەو خوازیاری

---

[1] دوکتۆر شەڕفکەندی بەر لەوەی بچێتە فەڕانسەو دوکتۆرای شیمی وەربگرێ لە قوتابخانەی ناوەندی مامۆستا بووە. بەڵام دوای گەڕانەوە لە پاریس هەتا ساڵی ١٣٥٩ کە لەبەر کاری سیاسی گەڕاوەتەوە کوردستان، هەر لە زانکۆ دەرسی گوتۆتەوە.-وەرگێڕ-

هێندێک لایەنگرن. لەئاکامدا لە گوتنەوەی دەرسی شیمی ڕزگاریی هاتو بوو بە چالاکێکی سیاسی.[١] بەباوەڕی خۆیو زۆر لە لاوانی دەرسخوێندووی هاودەورەی، چالاکیی سیاسی جۆرێک خۆپەرستی، یان پیشەیەک، یان تەنانەت کارێکی دڵخوازیش نەبوو، بەڵکوو کوێرەڕێیەکی ناچاری لە ڕێبازی ژیاندا بەرەو دواڕۆژێکی باشتر بوو کە یارمەتی بە کەسانی وەک شیمیزانەکان بکا.

بیست ساڵ دوای گەڕانەوە لە فەڕانسە، ئەو زانا لاوە بەرپرسایەتیی یەکەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی وەئەستۆ گرت. ئەم حیزبە لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیداو بە ئامانجی وەدەستهێنانی مافی بەرامبەر بۆ کوردان دامەزرا. هەرچەند ئەو حیزبە لە ئێران بە ناقانوونی ناسرابوو، بەوحاڵە کوردەکان زۆر ئۆگری بوونو لە ئورووپاش وەک حیزبێکی قانوونییان دەناسیو دوکتۆر بۆ وتارخوێندنەوە لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیال-دێموکڕاتدا بانگهێشتن کرابوو.[٢] ئەم بانگهێشتنە دەرفەتێکی لەبار بوو کە ئەوی لە حەشارگەی ژێرزەمینی لە چیاکانی کوردستانەوە هێنایە ئورووپا.[٣]

بەباوەڕی زۆربەی ئێرانییەکان، کوردستان سەرزەمینێکی لەبیرکراو بوو کە زۆربەی کاتەکان خەبەری ناخۆشی لێبوون، خەبەری وا کە ساتە بەئازارەکانی مێژووی خۆیانی وەبیر دێنانەوە. بەڵام نووری باکی لە پێداچوونەوەی ڕووداوە ناخۆشەکانی ڕابردوو نەبوو،و کوردەکانی وەک ئەمریکاییە خۆولاتییەکان دەدیتن. ئەو دەیزانی ئەو بەراوردە زۆر ورد نیە، بەڵام ئەو بەراوردەی بۆیە هێنابووە گۆڕێ تا ئەو بەشە لە هاونیشتمانەکانی هان بدا ئەمریکای لەسەر تاوانەکانی دەرهەقی خەڵکەکەی بدەنە بەر ڕەخنە. ئاخر، ئەو دوو میللەتە هەردووکیان ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئاکامی ڕووداوی ناخۆشی مێژووییدا کەوتوونە بەر ئەزیەتو ئازار، ئەو ڕووداوە بەئێشانەی لەئاکامی لەدەستدانی نیشتمانەکەیاندا تووشیان هاتوون. هەردووکی ئەو میللەتانە زۆر زیاتر

---

[١] -دوکتۆر شەڕەفکەندی هەر لەسەردەمی مامۆستایەتیی زانکۆدا ئەندامی حیزبی دێموکڕاتو چالاکی سیاسی بوو. ئەو ساڵی ١٩٧٢ کاتێک لە فەڕانسە خەریکی وەرگرتنی دوکتۆرا بوو، ئەندامەتیی حیزبی وەرگرت. —وەرگێڕ-

[٢] -شەڕەفکەندی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ١٩ی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستدا چووبووە ئەڵمان نەک بۆ کۆنگرەی پارتی سۆسیال-دێموکڕات.-وەرگێڕ-

[٣] -ئەمە یەکەمین سەفەری دوکتۆر بۆ ئورووپا نەبوو. زۆرجاری دیکەش بۆ کاروباری حیزبی سەفەری ئورووپای کردو تەنانەت ساڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی شەش مانگ لە فەڕانسە مایەوە. —وەرگێڕ-

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لەوانەی حکوومەتیان بەسەرەوە دەکەن خەڵک‌و خاوەنی سەرزەوی‌یەکەی خۆیان بوون. ئەگەرچی بۆ ناساندنی وان ئیدی زاراوەی "عەشیرەت" بەکار نەدەبرا، بەوحاڵە هەردوو کۆمەڵ بەرامبەر بە هەموو پەلامارەکان قایم‌و ئازایانە بەرگری‌یان لە فەرهەنگ‌و زمان‌و نەریت‌و شێوەکانی ژیانی خۆیان کردوە. ڕۆژگارێک چیاکان تەنیا جێ‌ژیان‌و سەرچاوەی ژیان‌و گوزەرانی کوردەکان بوون، ئەو چیایانە کە بە شێوەیەکی هەتاهەتایی لە گۆرانی‌یەکانی خۆیاندا وەک "باشترین پشت‌و پشتیوان" ناویان بردوون. ئەوان ئێستاش جلوبەرگی نەریتیی خۆیان دەبەر دەکەن -پیاوان کەواو پانتۆڵی فرەوان دەبەر دەکەن‌و پشتێنی لەسەر دەبەستن‌و ژنەکان کراسی درێژو ڕەنگاوڕەنگ دەکەنە بەریان کە دەگاتە سەر گوێزینگی لاقیان- بەڵام ئێستاش لە ڕەنج‌و ئازاردان. کوردەکان سوننی‌مەزەبن،[١] بەڵام کەمایەتی‌یەکی نیزیک بە چوار میلیۆن لەنێو حەشیمەتی پەنجا میلیۆنیی شیعەی ئێراندان.[٢] ناوچەی کەونارای کوردستان ساڵی ٥٢٠ی زایینی، باشووری تورکیەو شیمالی عێراق‌و ڕۆژئاوای ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی سووریەی دەگرتەوە. هێرشە سەربازی‌یەکان بەدرێژایی چەند سەدە کوردستانیان لەبەریەک هەڵوەشاند، ڕووداوگەلێک کە بوونە هۆی ئەوەی کوردەکان بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ناوچانەی لەدەستیان چوون هەمیشە لە خەباتدا بن، تا هەرنەبێ ئۆتۆنۆمی‌یەکی ڕاستی بەدەست بێنن‌و بە پەیڕەوی لە نەریتەکانی خۆیان درێژە بەژیان بدەن.[٣]

بۆ نووری، خوێنەری تامەزرۆی مێژوو، ساڵی ٥٢٠ی زایینی ڕابردوویەکی زۆر دوور نەبوو، ئەو زۆر وەخت ئەم وتە شیرینەی دووپاتە دەکردەوە کە "ئێران ئەو شوێنەیە کە کوردی لێ‌دەژین"و مەبەستیشی ئەوە بوو بڵێ کوردەکان بنیاتنەری ئێران‌و بۆ گەیشتن بە ئاشتی‌یەکی بەردەوام دەگەڵ کوردان وەک میللەتێک، دەبێ هەوڵ بدەین. جگە لەوە نووری قەرزداری کوردان بوو. لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠دا، کاتێک ڕێژیمی تازە دەستی بە ڕاونانی ڕووناکبیرانی سیکوولار کرد، کوردستان بۆ زۆر لە ڕاکردووەکان ببوو بە پەناگایەکی بێ‌خەتەر. شۆهرەو سارا پێشتر چووبوونە ئەڵمان، بەڵام نووری ناچار بوو خۆی بشارێتەوەو لە ئاکامدا ڕای‌کرد بۆ کوردستان. کوردەکان

---

[١] -بەشێکی بەرچاو لە کوردەکان بەتایبەتی لە دوو ئوستانی کرماشان‌و ئیلام شیعە مەزەبن.-وەرگێڕ-

[٢] - لە ئێراندا جگە لە کورد موسوڵمانی سوننی مەزەبی دیکەش وەک بەلووچ‌و تورکمەن زۆرن.-وەرگێڕ-

[٣] -لە بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستاندا کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان ماون، بەڵام دەسەڵات بەدەست خۆیانەوە نیە. خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی‌و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە سەرزەمینی باب‌وباپیرانی خۆیدایە.-وەرگێڕ-

www.rabari.org

سواری ئەسپێکیان کردو بەقاچاغی لە سنووریان پەڕاندەوە. بۆیە هەرگیز تەنانەت لە بیڕلینیش ئەو چاکەیەی کوردانی لەبیر نەچوو کە بەیارمەتیی وان تێکەڵ بە بنەماڵەکەی بۆتەوە.

ڕۆژێکی خۆشی سەرەتای پاییز بە خوناوکەبارانێکی نەرمەوە خەریک بوو تەواو بیّو ئەو (نووری) لە شەقامی پڕاگز نیزیک ببۆوە، ئەو دەیەویست بچێتە کۆتایی شیمالیترین نوختەی ئەو بەشەی شارو لە بنبەستێکی زۆر تەسکدا ترومبێلەکان زۆر بەپارێزەوە لێیاندەخوڕی. ڕێستووورانی A ٢ لەبن سێبەری دارچنارو نارەوەنەکانداو لە یەکەم کۆڵانی بنبەستەکە هەڵکەوتبوو. لەلایەکی، باڵەخانەیەکی شەشنهۆمی زۆر جوان هەبوو کە چەند بەرهەیوانی بەسەر شەقامەکەیاندا دەڕوانیو لەلایەکەی دیکەی پارکی بەردەمی باخچەیەکی منداڵان هەبوو کە هێلکە ڕەنگ‌کراوەکانی جێژنی پاک هێشتا بەسەر لکی دارەکانییەوە دەلاژانەوەو لە دەوروبەری خۆیاندا هەستی خێرخوازییان دەجووڵاند.

کاتێک تەلەفون زەنگی لیّدا، پەرویزی دەستمالچی وەڵامی نەدایەوە. چاوەڕێی ئەوە بوو چەند سەعاتێک لەسەر نیوتەختی ژووری دانیشتن بەئاسوودەیی بەسەر بەریّو بە دەسخەتی کتێبەکەی خۆیدا بچێتەوە. چاوەڕوانیی بەچاپ‌گەیاندنی یەکەمین کتێبی خۆی هەموو ئەو بەدشانسییانەی وەبن خۆی دابوون کە لەوانە بوو ببنە مایەی سەرهەڵدانی قەیرانی تەمەنی وەنێوکەوتوویی: تەڵاق، جیابوونەوە لە سالومە تاقە منداڵەکەیو ژیانێکی تەنیایی لە غەریبایەتیدا. هەرچەند کاری نووسەریی زۆر درەنگ دەست پیّکردبوو، بەوحاڵە کاری پێداچوونەوەی نووسینەکانی ئارامییەکی پیّ دەبەخشی.

بەڵام تەلەفون بیّپسانەوە زەنگی لیّدەداو سەرەنجام وەڵامی دایەوە. ئەمە دەنگی باشترین دۆستی، نووری بوو کە جۆرێک نارەحەتیی پێوە دیار بوو. پەرویز دەسبەجیّ لێیپرسی: "چیی خەراپ قەوماوە؟"

نووری وەڵامی دایەوە، گوتی: "کەس لێرە نیە"

"ئەویّ کوێیە؟"

"ڕێستووران ئیدی، ئەی کویّ؟"

پەرویز کە گێژو کاس ببوو، پرسی نووری بۆ لەوێیە. بۆ چەند لەحزە هەرکامیان وەڵامی پرسیاری بەرامبەرەکەی بە پرسیارێکی دیکە دەدایەوە، هەتا سەرەنجام نووری دای‌نواندو گوتی: "جەناب دەست لە پرسیارو وەڵام هەڵگرە! ئەمن دەگەڵ کوردەکان لێرەم، دەگەڵ دوکتۆرو دووکەس لە یاریدەرەکانی‌و ئەتۆش؟ ئەی خوایە بۆ هەر لەماڵێی؟ چەند ڕۆژ پێش ئێستا ئەو مەسەلەیەم پێ گوتی،"

تۆمەتی وەختنەناسین یان لەبیربردنەوەی کارێک، شتێک نەبوو کە پەرویز بەکەمی بگرێ، پەرویزێک کە هەمیشە وەعزی وەختناسینی بۆ خەڵک دادەدا. لە تەقویمەکەیدا کە بەدەنگی بەرز بۆ نووریی دەخوێندەوە نووسرابوو قەرارەکە بۆ سبەی شەوێیە.

ناڕەحەتی‌یەک کە لە دەنگی نووریدا هەست پێ‌دەکرا، قبووڵ کرا. "عەزیز بە ئێوەی گوت کە دیدارەکە ڕۆژی هەینی دەبێ، وانیە؟ بەد فەڕە تەلەفونی بۆ خەڵک کردوەو پێی گوتوون شەوی هەینی بێن. ئەمەی چۆن بەمێشکدا هاتوە، تێ‌ناگەم."

نووری ڕوونی دەکردەوە کە دوکتۆر زۆر لەوەپێش بلێتی فڕۆکەی چوونەوەپاریسی بۆ هەوەڵی بەیانیی ڕۆژی هەینی کڕیوەو لە دیدارەکانی ڕۆژانی کۆنگرەشدا جگە لە شەوی پێنجشەممە، هەموو شەوەکانی پێش‌بینی کردوە.

بە تێگەیشتنی هەڵەی پەرویز نووری گوتی: "ئا، ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە ئەمن ناوم ناوە کارەساتێکی تەواو وەک کارەساتە ئێرانی‌یەکان! ئێمە هیچ‌کات لە وەختی خۆیدا ئامادە نابین. ناتوانین کۆبوونەوەیەکی سادە بە ڕێک‌وپێکی پێک‌بێنین‌و پێشمان سەیرە کە ئاخوندەکان وڵاتی ئێمە بەڕێوە دەبەن، ماشەڵڵا!"

بەڵام نووری بێ هیچ خۆڕانانێک گوتی: "لێم ببوورە زانای بەڕێز. جەنابتان ڕاست دەکەن. تەنیا ئێمە ئەم چوار کەسە دەگەڵ عەزیز دێین‌و شوێنی مەبەستیش بە وردی دیاری کراوە. دەبێ بێی، دەبێ بێی‌و خۆشحاڵم بکەی."

پەرویز دەی‌زانی دەبێ بچێ. بەوحاڵە نەی‌دەتوانی تەسلیم بێ. کاری ڕۆژانەی وەسبەینێ‌ڕا دەبوو زووتر دەست پێ‌بکاو خەوتنیش شتێک نەبوو بنیادەم بتوانێ وازی لێ‌بێنێ. نووری بە جەفەنگێکی دۆستانەوە پێی‌گوت: "هەرئێستا وەرە! چی‌دیکە وەک پیرەپیاوان قسە مەکە، هەتا نەیەی دەست بە نانخواردن ناکەین. ناوی خوای لێ‌بینە یاڵڵا!" "ناوی خوای لێ‌هێنان" زاراوەیەکە کەسانی بێ‌دین‌و خوانەناس بۆ پچڕینی قسەی خەڵکی دیکە بەکاری دێنن. ئەمە وەفاداری بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دۆستایەتیو هاوڕێیەتیی بیستویەک ساڵە بوو کە پەرویزی هان دا لەسەر نیوتەختەکەی هەستێ -وەفاداریو هەروەها هیواداری.

ساڵی ١٩٩٢ پڕ لە وادەو بەڵێن دەهاتە بەرچاو. لەمێژ بوو شەڕی هەشتساڵەی نێوان ئێرانو عێراق تەواو ببوو،و ئایەتوڵڵا تەنیا وەک بیرەوەری‌یەک مابوو. زێدەڕۆییو چاوڕاو نەی‌دەتوانی وەک جاران خەڵکی ئێران هان بدا بۆ ئەوەی بێنە مەیدانو میللەت زۆر لە دەسەڵاتبەدەستە توندڕەوەکان دوور کەوتبۆوە. لەنێو دوورخراوەو ئاوارەکاندا هێندێ کەس لەو باوەڕەدا بوون کە ساڵی ١٩٩٢ ساڵێکە کە دەبێ بەڵێنەکانی ساڵی ١٩٧٩ وەدی بێنو هەروەها کاتی ئەوە هاتوە ئۆپۆزیسیۆن خۆی ئامادە بکا. سەرکۆماری تازە، ڕەفسەنجانی قەدەغەی لەسەر زۆر لە بڵاوکراوەکان هەڵگرتبوو، قەدەغەو قۆرغێک کە ئایەتوڵڵا کردبوویە قانوون. ئەو [ڕەفسەنجانی] باسی نێوەندڕۆیی، لێبووردەییو ئاشتیی نیشتمانیی هێنابووە گۆڕێ. داوای لە کۆچ‌کردووەکان کردبوو بگەڕێنەوە وڵات: "دایکی نیشتمان چاوەڕوانیی لە ڕۆڵەکانی هەیە کۆنە ناکۆکی‌یەکان وەلا نێنو بێنەوە وڵاتەکەیانو هەموو وێرانی‌یەکانی سەردەمی شەڕ سەرلەنوێ دروست بکەنەوە."

تەنیا ژمارەیەکی کەم پێیان وابوو ئەم قسانە فێڵێکن بۆ ئەوەی وابکەن ئۆپۆزیسیۆن بگەڕێتەوە وڵات تا بۆ هەمیشە لەنێوی بەرن، خەڵکی دیکە ئەو قسانەیان بە نیشانەی دەستپێکردنی سەردەمێکی سیاسیی نەرم زانیو پێشوازی‌یان لێ‌کرد. لە سەردەمی ڕاپەڕینەوە تا ئەودەم، هیچ شتێکی دیکە نەی‌توانیبوو وەک قسەکانی ڕەفسەنجانی ئەو حەشیمەتە بەربەرینە دابەش بکاو لێکیان دابڕێ. ئۆپۆزیسیۆنێک کە هەمیشە بە بانگەوازێکی هاوبەش بیروبۆچوونی خۆیان دژی ڕێژیم دەربڕیبوو، بەو دۆستایەتی‌نیشاندانە لەنەکاوەی ڕەفسەنجانی لێک‌بڵاو بوون.

نووری لەوانە بوو کە هیوایان پەیدا کردبوو. هیواداربوونەکەی هانی دابوو کە ئەو شەوە بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک دەستبەکار بێو چەندکەس لە ناسراوترین دوورخراوەکانی بانگهێشتن کردبوو تا لە شێوخواردنێکی بەکۆمەڵدا چاویان بە دوکتۆر بکەوێ، چونکە باوەڕی وابوو چاوپێکەوتنێکی وا لەوانەیە ئەوان (ئەندامانی پەرشوبڵاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران) بەرەو یەکیەتیو هاوپێوەندی ڕابکێشێ. ئەو پێی وابوو لە گۆڕینی بیروباوەڕەکانیان نیزیک بوونەوەو ئەمجار گەڕانەوە بۆ وڵات تەنیا مەسەلەی گرنگی ئەو دەورانەیە، هەرچەند ئەو مەسەلە خەیاڵی‌یە بۆ وی بێجگە لە چوونەوەوڵات هیچی تێدا نەبوو. زۆر وتاری نووسیبوون کە لەواندا ئاماژەی بە داپێشکەوتنو کرانەوەی سیاسی وەک بەڵگەیەک بۆ ئاڵوگۆڕ بە قازانجی چاکسازیو ڕیفۆرم

لە ئێراندا کردبوو. بەڵام هیچ تەپوتۆزێکی سیاسی نەیدەتوانی ئامانجی ڕاستەقینەی وی بشارێتەوە، لانی کەم بۆ کەسانێک کە لەنیزیکەوە دەیانناسی. پەژیوانیی لە توندڕەویو هەڵوێستی پێچەوانەی سازانیو لەڕەفتاری دژەسازانی خۆی لە دەورانی خوێندن لە زانکۆدا، دەردەبڕی، هەرچەند هێشتا بە ڕواڵەتێکی فریودەرانە خۆی وەک شۆرشگێڕێک نیشان دەدا: جلوبەرگێکی خاکی وەک جلوبەرگی چ‌گوارا، سمێڵێکی وەک فلْچە کە لەبن لێوی ڕەنگ‌ئاگرینییەوە لوول درابوو. لە ماوەی بیست ساڵ تێکۆشاندا، پێشان دژی شاو دوایە بەدژی ئایەتوڵڵا، تەنیا ئاکامێکی وەرگرتبوو کە لە ڕۆژانی خۆشیدا وەک "شکستێکی مێژوویی لە مەودایەکی بێ‌کۆتاییدا" ئاماژەی پێ‌دەداو لە ڕۆژانی ناخۆشییشدا بە وشەو ڕستەی زۆر دزێو کە بە مێشکیدا دەهاتن، باسی لێ‌دەکرد. ئەو بەدەگمەن وای دەگوتو ئەگەر دەیگوت پاش خواردنەوەی چەند پێک ئارەق بوو. بەڵام هەموو ئەو توندڕەوی‌یانەی مێشکی وی‌یان داگرتبوو لە خەراپەوە بۆ خەراپتر واتە لە شاوە بۆ ئاخوندێک سەرچاوەی گرتبوو. فکرو بیری مانەوە وەک جیابیرێکو تەمەنبەسەربردن لە دوورخراوەییدا ئەوی نائومێد کردبوو، خەیاڵپەرستی، ئەوی بەرەو پیشەیەک ڕاکێشابوو کە پێشتر هیوادار بوو ئاواتەکانی بۆ پێک‌هێنانی ئاڵوگۆڕێک لە جیهاندا وەدی بێنێ. ئەوو پەرویز هەردووکیان لە دەزگای خاچی سوور کاریان دەکردو سەرپەرستی نیشتەجێ‌کردنی پەنابەران لە بێرلین بوونو هەر دووکیشیان بە وەرگرتنی مووچەی مانگانەی کرێکارێک ماڵیان پێکەوە نابوو. بەڵام لەکاتێکدا پەرویز لەو کارە ڕازی بوو، نووری هەستی بە ناڕەزامەندی دەکرد. چوونەسەری تەمەن پێچەوانەی ئەوەی بەسەردا سەپاندبوو کە بۆخۆی دەیەویستو لەجیاتی ئەوەی گوێ نەداتە لەدەستچوونی شتە کەم‌بایەخەکان، ئاواتی ئەوە بوو وەدەستیان بێنێتەوە. ئەو، شتە نوێو باشترەکانی نەدەویستن، بەڵکوو خوازیاری ئەو شتە کۆنو کەم بایەخانە بوو کە بە منداڵی دەگەڵیان ئاشنا ببوو. ئاواتی بۆ خانووی بنەماڵەکەی بەتایبەتی نهۆمی سێیەمی هەڵ‌دەخواست کە ئەو کاتەی لەو ماڵە ژیابوو کتێبخانەیەکی دروست کردبوو کە بۆخۆی مشارو ڕەندەی لێ‌دابوو،و ڕێک‌ولووسی کردبوو،و ڕەنگی لێ‌دابوو.[١]

---

[١] -لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا ئەو کاتەی نووری لە ئەڵمان دەژیا، بۆم ڕی نەکەوتوە بی‌بینم. بەڵام ئەو کاتەی لە کوردستان بوو مرۆڤێکی بەبیروباوەڕو شۆرشگێڕ بوو. لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامییشدا تێکۆشەرێکی شێلگیر بوو. نازانم نووسەری بەڕێز لە نیزیکەوە شارەزای ژیانو ڕەفتاری نووری بووە یان ئەو زانیاری‌یانەی لەبارەی ناوبراوەوە لە کەسێکی دیکە وەرگرتوون. دەمەوێ بڵێم نووری‌یەک کە ئەمن دیومەو ناسیومە ئەو نووری‌یە نەبوو کە نووسەر باسی دەکا. —وەرگێڕ-

پەرویز لەماوەی چەند دەقیقەدا جلەکانی دەبەرکردنو درەنگبوونی وەختەکەش نەبووە هۆی ئەوەی نەتوانێ وەک بازرگانێکو زانایەک خۆی برازێنێتەوە، یەکەم بەدەلیلی زەردەخەنەیەکی سیحراویو پاشان زەردەخەنەی پاکو بێعەیبو مووی ڕەنگقاوەیی مەیلەوسوور کە نەیدەهێشت ببێتە خۆڵەمێشــی، دووەمیش بەهۆی کراسو پانتۆڵێکی زۆر تەنگ کە دەبەر ئەو لەشــە ڕەقەڵەو باریکەی کردبوو. باڵتۆ ســەرکڵاوەدارەکەو وتارەکەی: "کوردەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا"ی هەڵگرت تا لە شەقام بی خوێنێتەوە.

بەرلەوەی پەرویز بچێتە ژووری پێرســـتی خواردنەکانو کەلوپەلی کانزایی لە هەردوو بەری شوێنی چوونەژووری ڕێستوورانەکە دانرابوونو چراکانی دەوروبەریان هەڵکرابوون. شەوەکان بەرەو ســاردی دەچوونو مێزەکانی پیادەڕێیان خســتبوونە عەمبارەوەو تەنیا چەند مێزێکی پلاســتیکی مابوون کە لەپەنا ڕیزێک داری هەمیشــەســەوز دانرابوون. ئەگەرچی ئەو ڕێســتوورانە ســاڵێکی تەواو بوو ببووە هی ئێرانییان، بەوحاڵە شێوەو ڕواڵەتی یۆنانیی خۆی پاراستبوو. لەبەر پەنجەرەی پێشـــەوەی وێنـەی چوار کۆتر دانرابوو کە دەوری مـاتۆڕێکی هـەواییـیان دابوو. جگـە لـەوە وشــەگەلی "تاوەرنا ڕیســـتووران بە ئەلفوبێی دەورانی کۆن لە ســـەرەوەی ئەم ناوە: "میکۆنوس" نووسرابوو.

بۆماوەی نیزیک بە ساڵێک شەقامی پارگەر۲A ببووە دیدارگەی جوولەکە پەرشوبڵاوەکان، بەڵام ناوبانگی ئەم دیدارگەیە بۆ خاوەنەکەی هیچ گرنگ نەبوو. عەزیز کە کەســـێکی ئاوارە بوو، نە هیچی لەبارەی کاروکاسبییەوە دەزانیو نە زەوقو ســەلیقەیەکیشــی هەبوو کە لە کاری دیکۆرسازیدا متمانەی پێبکەن. کەسـانی دوور لە نیشـتمان دەهاتنە وێندەرێ چونکە لە فەزای نارێکی ڕیســتوورانەکەدا دۆســتە کچەکانی خۆیان دەدیتن. دووری لە وڵات دەبووە هۆی ئەوەی کەموکوڕییەکانی وێیان ڕاســت وەک خانەخوێ نالایقەکەیان لەلا عەزیز، خۆشــەویســت بێ. (وشەی عەزیز بەمانای خۆشەویستە). فەڕشە ڕەنگخۆڵەمێشیو پیسەکان، ڕەنگی سپیو کۆنی سەردیوارەکان، گوڵە پلاستیکییەکانی نێو گوڵدانەکان کە پەلکەکانیان هەڵوەریبوونو پۆستەری دەقالبنەگیراوو کاڵبووەوەی دورگەکانی یۆنان لێرو لەوێ، کەموکەســـرییەکانی ژیانی دوورولاتیی وەبیر وان دێنایەوە. میکۆنووس شوێنێکی ناسراوو شتێک بوو کە پێیان وابوو شیاوی خۆیانەو عەزیزیش دەگەڵ هەموو بێکیفایەتییەکەی دەیتوانی خۆشـــەویســـتیی میوانەکانی

ڕابکێشــێ تا وایان لێ بکا ئاشپەزی یە ناشیانەکەی تەحەممول بکەن و ئەمەش ڕاهێنانێک بوو لە بواری سۆزی نیشتمانیدا.

لە ژووری ڕێســـتوورانەکە، پەرویز چاوی بە ماریا کەوت کە ئۆکرایینی یەکی مووزەرد بوو، ئەو خوار ببۆوە ســـەر دەزگای ژمێریاری یەکەو بە بێ وازی گوێی دابووە قســـەی یەکێک لە مشتەری یەکان کە بەتەنیا لەوێ دانیشتبوو. عەزیز هەموو مشتەری یەکانی دەرکردبوو بێجگە لەو پیاوە ئەڵمانی یە کە تۆزێک چەمابۆوەو جارجار دەگەڵ مەیگێڕی ڕێستوورانەکە قسەی دەکرد. عەزیز دەستەکانی وەک نیشانەی لێک دان (ضرب) ڕادەوەشاندو بە ئەڵمانی یە شەقوشڕەکەی داوای لێبووردنی لە هەموو ئەڵمانی یەکان دەکردو دەیگوت: "ئاشـــپەز نە لێرە! ئەو نەخۆش. ئاشپەزخانە داخراوە."

کاتێک نووری لە ژووری پشتەوەی ڕێستوورانەکە [لەخەفەتان] دەکوڵی، دەنگی دەگەیشتە ســـاڵۆنی ســـەرەکی کە دەیگوت: "پێم بڵێ! تەنیا ئەوندەم پێ بڵێ! چۆن توانیت بە خەڵکی بڵێی شەوی هەینی، لەحاڵێکدا پێشتر پێم گوتبووی پێنجشەممە؟

هیچ کام لە شـــازدە کەســـی ســـەرەکیی میوانەکان نەهاتبوون. دەنگی عەزیز لە هەموو ڕیستوورانەکە دەگەڕا کە دەیگوت: "گوێ بگرە، مەلا نووری".

وشەی "مەلا" ڕاست وەک وشەی یۆنانیی"مەنتوور" (ڕێنوێن) وشەیەک بوو کە عەزیز لەمێژ بوو بۆ نووری بەکاری دەبرد. "ئەتۆ گوتت شەوی هەینی، بەگیانی ئەو دوو منداڵەم، ئەتۆ گوتت شـــەوی هەینی. گیانەکەم، ئەتۆ گوتت ئەوان بانگهێشـــتن بکە، ئەتۆ گوتت "پێیان بڵێ شـــەوی هەینی لە میکۆنووس دوکتۆری دەبینین." ئەمە دەقی قسەکەی تۆیە."

ئەم وەڵامە نووریی نوقمی سەرسوڕمان کرد، دەستەکانی هەڵێنان و جگە لە وشەی "ناکرێ" هیچی دیکەی نەگوت. بەڵام عەزیز دەســـتی هەڵنەگرت و گوتی: "مەلا گیان، ناگەمە تۆ بەڵام مێشکم وەک بەرد قایمە. شەوی هەینی ئەو شتە بوو کە گوتت."

لە دەوروبەری مێزێکی تەقولەق دانیشـــتن کە عەزیز بە پێکەوەنانی چەند مێزی چووکەڵە ســـازی کردبوو. لەلای ســـەرەوەی، دوکتۆرو نووری لە پەنای یەک و پشت لە دیوارو ڕووبەڕووی ژوورەکـەی ئـەوبـەرو دووکـەس لـە یاریـدەرانی دوکتۆر دانیشـــتبوون. ئـەگـەر لـەبارەی کـاتی کۆبوونەوەکەوە ئەو ســـەرلێشـــێوانە نەبوایە، ئەو دانیشـــتنە دەرفەتێکی یەکجار دەگمەن بۆ گوێ گرتن لە قســـەکانی دوکتۆر دەبوو. چونکە ئەو ڕێبەرێکی خۆشـــەویســـتی ناوچەیی و

خاوەندەسەڵاتی نەتەوایەتی بوو. بەڵام هەتا سەعات هەشتونیو پەرویز تەنیا کەس بوو کە لەوێ ئامادە ببوو.

هەموویان بۆ پێشوازیی پەرویز لەجێی خۆیان هەستان. ئەو گوتی: "کاتێک نووری تەلەفونی کرد، کراسی خەوم دەبەردا بوو،و پێموابوو بۆ سبەینێیە"

دوکتۆر دەستێکی بەسپایی لەپشتی پەرویز داو داوای لێکرد دەست لەو باسە توندە هەڵبگرێ. عەزیز وەک خانەخوێ ئەرکەکانی خۆی دەست پێکردەوە. بە گەسکێکی دەستی ورتکەنانو خشتوخاڵی سەر مێزەکەی پاک کردەوەو مۆمەکانی داگیرساندنو پێش چوونەدەر ژێرسیگارەکانی وەلوێچی خۆی گێڕان. نووری بە حاڵەتێکی ترسو ناهومێدیەوە تەماشای ڕۆیشتنی عەزیزی دەکردو دوایە تەماشای پەرویزی کرد. یەکێک لە کورسییە بەتاڵەکانی تەنیشت دوکتۆری بە پەرویز پێشنیار کرد، بەڵام پەرویز بە دیتنی پەرداخە بیرەکانی سەر مێزەکە، پێی باشتر بوو ڕووبەڕووی وان دابنیشێ کە لەوێڕا ڕێیەکی ئاوەڵاو بێلەمپەری چوون بۆ دیوی پیاوەکان هەبوو. دەسبەجێو دوای دانیشتن لەسەر کورسییەکانیان لەبەر دووکەس هەڵستان، دووکەس کە چاوەڕێی هاتنیان نەبوون. دوو شۆفیرتاکسیی ئێرانی بوون کە بۆ وەرگرتنی شێو ڕایان گرتبوو، بەڵام عەزیز بە پێداگرتنەوە داوای لێکردبوون لەوێ بمێننەوە بەو هیوایە کە جێگای میوانە نەهاتووەکانیان پێ پڕ بکاتەوە.

لەماوەی چەند دەقیقەی دیکەدا دوا میوان هاتە ژوورێ.

عەزیز بەپەلە بەرەو دەرگا ڕۆیشتو گوتی: "ئۆی! کاک مەهدیی خۆمان، خۆ ئەگەر وا نەبایە هەرگیز سەری منی نەدەدا."

مەهدی کە پێشتر قارەمانی زۆرانبازی بوو، باسکە گۆشتنەکەی بە سینگیەوە ناو بە داهاتنەوەیەکی کەم سڵاوی لە هەموان کرد. عەزیز کە هەوڵی دەدا بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە، زۆر بەگەرمی گوتی: "بێزەحمەت، لەملاوە! با قارەمان بێتە ژوورێ! جەنابی مەهدی! ئێوە سێمبوولێکی دەگمەنی وەک حەزرەتی مەهدیی نادیارنو ناوی ئەویشیان لێناون."

مەهدی لەبەر دڵی نووری هاتبووە وێ، چونکە نووری ئێوارێ بە پێداگرتنەوە داوای لێکردبوو بێ. پاڵەوانێکی بەناوبانگو دەرچووی بەشی ئەندازیاریی زانکۆی مەهدی دەیتوانی لە ئێران بمێنێتەوەو لە پلەوپایەی خۆی وەک کەسایەتییەک چێژ وەربگرێ. بەڵام کاتێک ڕینگی زۆرانیی بەجێ هێشتو زۆرانبازیی وەلا ناو بوو بە هاونیشتمانێکی ئاسایی، شانازیی ناوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ناوبانگەکەی لەژیانی ڕۆژانەیدا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشت. لانی کەم ژیان وەک شۆفیرێکی تاکسی لە بیرلین بۆی ببووە مایەی ئاسوودەیی دەروونی. دەچووە هەر شوێنێک کۆچەری‌یەکی نەناسراو بوو.

نووری زۆر بە ڕێزەوە بە دەنگێکی زۆر ئەسپایی بە گوێی مەهدییدا چپاند: "ئەتۆ وەک کەسێکی ئەڵمانی هاتوویە ئێرە."و دوایە پێشنیاری پێ‌کرد لەسەر کورسیی لای ڕاستی دابنیشێ.

کاتێک هەموو ئامادەبووان لە دەوری مێزەکە دانیشتن، یەکێک لە میوانەکان دەستی بەقسە کردو گوتی: "دوکتۆر، بەوپەڕی ڕێزەوە دەبێ عەرزت بکەم ئەتۆ دەبێ پتر وریای خۆت بێ؛ پێویستیت بە پارێزگاری‌و چەند کەس نیگابان هەیە.

بەڵام دوکتۆر بە دەستڕاوەشاندنێک ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە. بە باوەڕی دوکتۆر بۆ وی کە نوێنەری خەڵکێکی هەژار بوو، بوونی چەند نیگابان خۆڕانانێکی پڕخەرج بوو یان ئەوە تایبەتمەندی‌یەکی میتافیزیکیی ئەوو هەموو ئێرانی‌یەکان بوو کە لە مردن بێباک بێ واتە ئامانجەکەی زۆر گەورەتر لەوە بوو کە بەرامبەر بە ترس‌و مەرگ بەچۆکدا بێ. زۆر لەمێژ بوو مەسەلەی ئەمنیەتی دوکتۆر مێشکی لایەنگرانی وی بەخۆوە خەریک کردبوو -مەسەلەیەک کە ئەو هەمیشە هەوڵی دەدا بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی کورت‌و سەرنجڕاکێش بە چووک‌و سادەی نیشان بدا:

"ژیان‌و مردن دوو دیوی سککەیەکن، پێشمەرگەیەکی خەباتگێڕ لە چیاکانی کوردستان ئەوەی فێر کردم. ئەو پێشمەرگەیە بە گۆچانێک هێڵێکی لەسەر زەوی کێشا، لە بەرێکی ڕاوەستاو دەچاومەوە ڕاما، گوتی، کاک دوکتۆر ئەمە ژیانە. ئەمجا بازی دایە بەرەکەی دیکەی ئەو هێڵەو دووبارە دەچاومەوە ڕاماو گوتی، کاک دوکتۆر ئەمەش مەرگە. ئەو فێری‌کردم کە مردن چەند لەنیزیکەوە سێبەری خستۆتە سەرمان. ترسان لەوەی چیمان بەسەر دێ هیچ سوودێکی نیە، بەڵام دەرفەتێکی چەند سانیەیی دەتوانێ ئێمە لە جیهانەکەی دیکە جیا بکاتەوە.

پەرویز دەفکرەوە چووبوو، دەیگوت "چەند تەسلیمی چارەنووسە". باوەڕی وابوو ئەوەی کوردەکان‌و هەموو ئێرانی‌یەکان پێویستی‌یان پێیەتی پێشەوایەکی ڕووحانی نیە، بەڵکوو ڕێبەرێکی

کارلێهاتوویە، ڕێبەرێک کە هیچ کاتێک ئامادە نەبێ تەسلیم بێو لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە، ئامادە بێ بمرێ. بەڵام بەرلەوەی ئەو [پەرویز] ڕەخنەی خۆی دەربڕێ، دوکتۆر درێژەی بە قسەکانی داو خەریک بوو وەڵامی پرسیارێکی دەدایەوە دەربارەی کوردستانو وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کوردان. دوکتۆر بیسەرێکی زۆر دلۆڤان بوو،و بەڕەفتارێکی نەرم نارِەوانیی وتەکانی خۆی قەرەبوو دەکردەوە. خۆشڕەفتاری‌یەکەی زۆر لەبەردڵان بوو؛ بە کەوچکێک شەکری دە فنجانی هەموو میوانەکان دەکردو هەروەخت کەسێک لەجێی خۆی هەڵدەستا ئەویش بە حاڵەتێکی زۆر دۆستانە ڕاست دەبۆوە. تەنانەت لە پڕهەستترین بارودۆخی ڕەسمیدا، کە جلوبەرگی خەباتی دەبەردا بوو،و دەمانچەیەکی بە بەشی دواوەی قایشپشتێنەکەیەوە هەڵواسیبوو، دوکتۆری سەرڕووتاوەی سەرگۆنازەق بەهیچ جۆر پتر لە نیگابانێکی دەگەڵ خۆی نەدەگێڕاو فیزی نەدەفرۆشت. ئەگەر لەنێو نەتەوەیەکی زۆرلێکراوو سەرکوتکراو لەدایک نەبووایە، لە زانکۆ دەبووە پڕۆفیسۆرێک یان توێژەرێکی تاقیگە. بەڵام تەنیا شت کە لەساڵانی خوێندن بۆی مابۆوە چاویلکەیەک لە چوارچێوەیەکی کانزاییداو ناسناوی "دوکتۆر" بوو.

دەگەڵ هەموو دلۆڤانیو خوێنگەرمیی دوکتۆر، شەوقو گەرمیی وتووێژەکان کۆتایی هات. یەکێک لە دوو یاریدەرەکەی بێدەنگ دانیشتبوو، ئەوی دیکە زۆر تامەزرۆی قسەکردن بوو. بۆیە هەمیشە قسەی بەوانی دیکە دەبڕی. پەرویز خەریک بوو وەڕەز دەبوو. حەزی دەکرد بچێتەوە ماڵێ بەڵام دەیزانی ناتوانێ. نووری، لانیکەم تا پاش نانخواردن، ئەو ئیزنەی پێنەدەدا.

سەعات ٩ی شەو تەلەفون زەنگی بۆ "٧ سینفتەنبر بێرگرینگ"ی بێرلین لێدا، لە ماوەی چەند سانیەدا دووبارە زەنگی لێدایەوەو ئیدی بێدەنگ بوو. ئەو چوار پیاوەی لە ئاپارتمانەکە بوون هەڵیان نەگرت چونکە شەشڕۆژ بوو خۆیان بۆ ڕۆژێکی وا ئامادە کردبوو، واتە دووجار لێدانی زەنگی تەلەفون خەبەری بەوان دەدا کە ئەو کەسانەی دەبێ تەقەیان لێبکرێ هاتوون.

ماوەی ئەو شەشڕۆژە لە خەوگەی زۆر قەڵەباڵغی کارگەدا مابوونەوەو تەنیا بۆ ئەنجامدانی هێندێ کاری پێسپێردراو دەچوونە دەرێ. بەیانیی ئەو ڕۆژە هەمووی خەریکی پاککردنەوەی دەستگیرەی دەرگاکان، مێزەکانی ئاشپەزخانە، دەستگیرەی ژوورو تاقەی بەفرگرەکانو سەری هەموو ئەو شتانە بوون کە لەوانە بوو شوێنی قامکیان لەسەریان مابێ. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، دووکەس لە پیاوەکان چووبوونە فرۆشگای گەرەکی ولۆرت بۆ کڕینی ساکی وەرزشیو لەماوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعاتێکدا بە ساکێکی ڕەشوسەوز بە مارکی "سپۆرتینۆ"وە گەڕابوونەوە کە بە نرخی ٢٤/٩٥ مارکی ئەڵمانی بە پووڵی نەغدیان کڕیبوو- دوا سەرمایەدانان لە بەدجینسیو بەدفەڕیی هەمیشەییدا!

ڕۆژێک پێشتر ئەو دووکەسە چوونە گەڕەکێکی چۆڵکراو کە لە زمانی ناوچەییدا پێیاندەگوت شوێنی "داپۆشراوو شاراوە"، لەوێ بێئەوەی کەسێک ببینن کە تەحویلیان بدا، هێندێ شتیان وەرگرتن. ئەمە حەشارگەی ئەو چەکانە بوو کە لە کارتۆنێکی میوە هاویژرابوون. ئەوانیان هەڵگرتو لە سندووقی پشتەوەی ترومبێلە B.M.W یەکەی خۆیانیان هاویشتن. لە یەکەمین سەعاتەکانی بەیانیی ڕۆژی دواتردا، پێشئەوەی تاقە کەسێک وەخەبەر هاتبێ، ڕێبەری دەستەکە لەوێ ڕۆیشتو دوانیوەڕۆی هەر ئەوڕۆژە بە پاکەتێکی پڕلەعەکسەوە هاتەوەو فەرمانی بە یەکێک لە ئەندامانی دەستەکە دا کارتۆنە میوەکە لە سندووقی پشتەوەی "بی.ئێم.وێ"یەکە بێنێتە دەرێ. پاشان، دەرگای داخستو کڕکڕەی پەنجەرەکانی دادایەوەو عەکسەکانی کە زۆرتر وێنەی دەموچاوان بوون، لەنێو ژێردەستەکانیدا بڵاو کردنەوە. لەنێو عەکسەکاندا وێنەی پیاوێکی سەرڕووتاوەی وەنێوکەوتووی دەموچاوخڕکەڵە دەهاتە بەرچاو کە چاویلکەیەکی قاپکانزایی دەچاودا بوو. لە عەکسەکانی دیکەدا، هەر ئەو قەڵافەتە لە تەنیشت دوو پیاوی سمێڵداری ڕیشتاشراو ڕاوەستابوو کە کاکۆڵی ڕەشی خۆیان بە لایەکی سەریاندا خستبوو،و قەڵافەتیان شەکەتو ماندوو دەهاتە بەرچاو.

شتەکانی نێو کارتۆنەکەش دەستاودەستیان دەکرد -تیربارێک، دەمانچەیەک، چەند بەستەی دوازدە دانەیی فیشەکو دوو دانە دەنگبڕ. دەمانچەکانی لەبەریەک دەرهێنانو تێکیهاویشتنەوەو پڕیکردن لە فیشەکو ئامادەی هاویشتنی کردن. پاشان نیشانەیان لە شوێنێک گرتو تەقەیان لێکرد، تا هەموویان لە کارکردنیان دڵنیا بن. ئەمجار هەموویان خستنەوە نێو کارتۆنەکەو دووبارە لە سندووقی پشتی ترومبێلەکەیان هاویشتنەوە. ئەو ترومبێلە "بی.ئێم.وێ"یە لە تەنیشت ترومبێلەکانی دیکە کە لەو چوارڕێیانە بوون، هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەم تەواو نادیار بوو، بەڵام هەموو تایبەتمەندییەکانی بۆ وێنە سافولووسبوونی کڕکرەی شینی پەنجەرەکانی، پلاکی ژمارەکەی: "B-AR٥٥٠٣، نرخی کڕینەکەی: "٣١٢٠مارکی ئەڵمان، وەک ئاوازێکی خۆشی مۆسیقا بەزوویی کەوتە سەر زاری ڕاپۆرتنووسەکانو مەئمورانی لێکۆڵینەوە.

کاتی خۆرئاوابوون، ئەو پیاوانە بەرماڵەکانی خۆیان ڕاخستنو ڕوو بە کابە ڕاوەستانو بەرلەوەی مەئمووریەتەکەیان کە ناوی "هاواری شەهید عەلەوی"یان لەسەر دانابوو، تەواو بێ، نوێژەکانیان کردن. [پەیڕەوانی] مەزهەبی عەلەوی وەک مەزهەبی شیعە، باوەڕ بە خواپەرستی تەنیا بەهەقی خۆیان دەزانن.

دوای دووجار زەنگ‌لێدانی تەلەفون، فەرماندەکەیان ڕای گەیاند: "ئێستا وەختیەتی!"

دووکەس لە ژێردەستەکانی لە ئاپارتمانەکە هاتنە دەرێو بە ترومبێلە "بی.ئێم.وێ"یەکە لەوێ ڕۆیشتن. بۆخۆی (فەرماندە)و یەکێک لە پیاوەکانی دیکەش لەوێ هاتنە دەرو بانگی تاکسی‌یەکیان کرد، سواری بوونو تا نیوەی ڕێگاکە ڕۆیشتن. کاتێک لە تاکسی‌یەکە دابەزین، لە پلیکانان وەسەر کەوتنو چوونە وێستگەیەکی میترۆو بە پێیان لە تونێلێکی ژێرزەوی تێ‌پەڕینو لەوسەری وێستگەکە لە پلیکانێک وەسەر کەوتن. وەختێک گەیشتنە ڕێکی شەقام تاکسی‌یەکی دیکەیان بانگ کرد.

پێش سەعات٩/٣٠ هەر چوارکەس لە نیزیک میکۆنووس یەکیان گرتەوە. سەعاتێک دواتر، ترومبێلێکی بێنز لە پەنا جۆگەلەی ئاوەکەو نیزیک لە چوارڕێیانی بەرامبەر بنبەستەکە ڕاوەستا. ڕێبەری دەستەکە چووە کن ترومبێلەکە چەند قسەیەکی دەگەڵ موسافیرەکان کردو دوایە بە پێیان بەرەو کۆڵانێکی کورت ڕۆیشت کە کەوتبووە نێوان زەویی یاریی بەخێوگەی منداڵانو ڕێستوورانەکە. لە پەنجەرەیەکەوە کە بەسەر ژوورێکی چووکەڵەیدا دەڕوانی، تەماشایەکی ژوورەکەی کردو پاشان چوو بۆ لای ترومبێلە "بی.ئێم وێ"یەکەو سندووقی پشتەوەی داخست.

***

-٤-

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**[پۆلیسی] ئیسکاتلەندیار تەلەفونی کردو پێی گوتم هێندێ زانیاریی نهێنیی دەربارەی پیلانێک بەدژی منیان دەست کەوتوە. باشترین ڕێنوێنی‌یان ئەوە بوو کە هیچ کاتێک بۆ دیداری خەڵک لە وەختی دیاریکراودا نەچم. ئەمنیش گوتم: "نیوسەعات دوا کەوتن یەکێک لە نەریتە کۆنەکانی ئێرانی‌یانەو ئەمنیش ڕەچاوی دەکەم." کارمەندی ئیسکاتلەندیار سەری ڕاوەشاندو گوتی: "کەوایە خوا بۆخۆی ئاگای لێت بێ، چونکە پیاوکوژەکانیش ئێرانین."**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی

سەعاتی دەی شەو بوو کە ئاخرەکەی نانیان خوارد. عەزیز چەند دەوریی پڕ لە برژاوی جۆراوجۆرو پلاوزەعفەرانی دەگەڵ چەند پیاڵەی پڕ لە تەماتەی قاشکراوو کاهوو لەسەر مێزەکە دانا. لێکدالێکدا لە مێزەکە نیزیکو دوور دەکەوتەوە، چونکە هەم ئاشپەز بوو هەم خانەخوێو تەنیا ئەو وەختە بەسپایی دەڕۆیشت کە دەیەویست پەرداخو دەوری‌یەکان پڕ بکاتەوە. لە سالۆنی سەرەکیدا، کابرای ئەڵمانی خەریک بوو ئارەقی پێش نووستنەکەی دەخواردەوە کە دوو کەسی سەرڕەش بە هەنگاوی کورتو خێرا بەپەنایدا تێپەڕین.

کاتێک ئەوان لە ژووری ڕێستوورانەکەدا درێژەیان بە پیاسەی خۆیان دەدا، عەزیز جارێکی دیکە چۆوە لای میوانەکانو بە ئاماژە بەمیوانی سەرەکیی گوت: دوکتۆر بیرەی دیکەی دەوێ؟"

دوکتۆر نە تەماشای لای خانەخوێیەکەی کردو نە وەڵامی وی دایەوە. ڕەنگی بزڕکاو لەنەکاو چاوی بەمۆلەق وەستان. بە سەرسامی دەدالانەکەوە ڕامابوو کە لەوێدا دوو کەسی غەریبەی بەچاو ئەنگاوتبوون. حاڵەتی پێشبینی‌کردنی شتێکی ناخۆش هەموو ژوورەکەی داگرتبوو، هەستێک کە نیشانی دەدا ڕووداوێکی مەرگبار خەریکی ڕوودانە. یەکێک لە حازریان کە گۆڕانی لە سیمای دوکتۆردا دیبوو،و پێی وابوو تووشی سەکتەی دڵ بووە، هاواری کرد گوتی نووری بزانە دوکتۆر چیەتی!"

ئەوە بوو کە لەوشەوەدا مەرگ بە شێوەیەکی ئاشکراو ناشیرن هاتنی خۆی دەرخست وەک شەرمەزاری‌یەک کە خێرا بنیشێتەوە، یان سیمای کەسێک کە ڕەنگی ڕوخساری لە

مێخەکی‌یەوە ببێتە ڕەنگ‌پەڕیوی. پێش ئەوەی تاقە گوللەیەک بتەقێندرێ ترس‌و تۆقین لە مردن ئەوانی لە تاقەت خستبوو.

پەرویز هەستی کرد کەسێکی لەپەنا ڕاوەستاوە. بە سیلەی چاو خێرا دوو لاقی پۆلاییینی لە بەشی خوارەوەی لەشی پیاوێکدا بەدی کرد بە جووتەچاوێکی ڕەش‌و برۆیەکی پەیوەست‌و لسپێک مووی سەریەوە کە هاتبووە سەر نێوچاوانی. بەڵام دەموچاوی؟ تەنیا بەشێکی دیار بوو، بەدەرەوەنەبوونی ڕوخساری کابرا ئەوی ترساند. لەحاڵێکدا بەتوندی خەجلابوو، بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، خۆی هاویشتە بن مێزەکەی پشتیەوە.

پیاوکوژەکان کە بە حاڵەتێکی پڕ فیزو ئیفادەوە ڕاوەستابوون، هێشتا دەبوو تەقەی دیکە بکەن. نێچیرەکان هەموو لەسەر کورسی‌یەکانیان بەلادا هاتبوون یان لەپەوڕوو لەسەر زەوی کەوتبوون. ئەوانەی مابوون لەوانە بوو هەوڵ بدەن ڕووداوەکانی چەند سەعات پێش تەقەکە، یان دوای ئەوە بەدڵ بسپێرن، بەڵام ئەو ڕووداوانەی لە ماوەی چەند لەحزەدا هاتبوونە پێش‌و ئەو جەهەننەم‌خولڤاندنە، ئەوندە پڕ لە توندوتیژی‌و بێ‌ڕەحمی بوون کە بیرەوەری‌یەکانی وانیان شەرماوی‌و عەیبدار دەکرد. دەنگێکی هەڕەشاوی زرینگایەوە کە بە فارسی جنێوی دەداو قسەی دزێوی دەکردن. ئەو تەقینەوانەی لەو فەزا نیوەتاریکەدا ڕوویان دا وەک پشکۆو پارچە ئاگرێک دەچوون کە لە ئاورێکی ڕوولەکووژانەوە هەڵبستن. قەوانی گوللەکان لەسەر کاشیی ژوورەکە زرینگەیان دەهات. پیاوەکان دەکەوتنە سەرزەوی، کورسی‌یەکانیان دەکەوتن‌و دیواری پشتەوەیان دەگەڵ هەر گوللەیەک تیکی دەدا. خوێن بەسەر پاشماوەی گۆشت‌و برنجی شێوەکەدا دەڕژاو دەفرە چینی‌یەکانی وەک سۆسی سوور پەڵەپەڵە دەکردو نانی نێو سەبەتە حەسیری‌یەکانی خاڵ‌خاڵ دەکردو پەلکی گوڵە پلاستیکی‌یەکانی نێو گوڵدانەکانی دادەپۆشی. یەکێک لە بریندارەکان کاتێک دەکەوتە سەر زەوی پارچەی سەر مێزەکەی گرت‌و دەگەڵ خۆی ڕاکێشا، لەئاکامدا بتڵەکانی وەرگێڕا. ئاوو بیرە بەسەر جلکەکانیدا ڕژاو جلەکانی بنەوەشی تەڕکردن.

مەترسی‌یەکە هەستی قارەمانێکی زۆرانبازیی لە مەهدیدا بزواند. هاوارێکی وشیارکەرەوەی کردو کاتێک خەریک بوو دەکەوتە بن مێزەکە، ئانیشکی هاونشینی خۆی لەپشتی مێزەکەی گرت‌و ئەویشی ڕاکێشایە ژێر مێزەکە. نەفەری لای چەپیشی هەر بەو شێوەیە ڕاکێشرایە ژێر مێزەکە، بەڵام نەفەری لای ڕاستی سەرەنگرێ نەبوو. نووری لەهۆش خۆی چوو،و کەوتە سەر مێزەکە.

کاتێک تەقە تەواو بوو، بێدەنگی یەک ژوورەکەی داگرت کە زۆر پتر لە نیگەرانی یەکەی دواتر بوو بە مایەی دڵەخورپە. پەرویز بە دزی یەوە تەماشـای دەوروبەری خۆی کرد. یەکی دیکە لە تەقەکەرەکان لەجێی خۆی ڕاست بۆوەو سێ گوللەی دیکەی لە دوکتۆر دان. دەمانچەکەی وەک تیربارەکە، دەنگێکی کپی هەبوو. دەنگ‌بڕەکان! پەرویز ئانیشکی تەقەکەرەکەی دەدی کە دەگەڵ هەر گوللەیەکی دەی‌هاویشـت بەتوندی دەکشـایەوە. دوایە کابرا وەرسـووڕا تا نیشـانە لە یاریدەرەکەی دوکتۆر بگرێ کە لە تەنیشـــتی کەوتبوو. دەنگێکی کپ زرینگابۆوە. پەرویز تەماشـای ئانیشـکی تەقەکەرەکەی دەکرد کە بە چەرمێکی ڕەش داپۆشـرابوو. چاوی لەسـەر یەک دانانو چاوەڕێی تەقە بوو. بەڵام دەنگی دواتر دەنگی خشـــپەی پێو هەنگاوی قورســـی کەسانێک بوو کە بەپەلە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕینو دوای دەمەساتێکی کورت ون بوون.

ترسو سام زاڵ ببوو،و هەموو شتێکی بێدەنگ کردبوو، جگە لە قرخەقرخو ناڵەی بریندارەکان هیچ جموجۆڵێک نەبوو. هیچ دەنگو هەرایەک نەبوو هەتا سەرەنجام نووری هاواری کرد.

هیچ وەڵامێک نەبوو. ئەویش دووبارە هاواری کردەوە "دوکتۆر!" "ئاغای عەبدولی!" تەنیا بێدەنگی؟ هیچ دەنگێک نەهات. "ئاغای ئەردەڵان؟ عەزیز؟"

لەوسەری ژوورەکە نەفەرێک بەسپایی دەبزووت. سەرەنجام دەنگێک هات گوتی: "مەهدی؟"

"بەڵێ عەزیز، ئەوە ئەتۆی؟"

"نا، پەرویزم."

ڕاوێژی دەنگی مەهدی پەرویزی هێنایەوە سـەرەخۆ. هەسـتا چوو بۆلای سـالۆنی سـەرەکی، دەیەویست بە تەلەفونی سەر مێزی بارەکە تەلەفون بۆ پۆلیس بکا، بەڵام ئەو ئەڵمانی یەی بۆ شێو بانگهێشـــتن کرابوو پێشـــتر تەلەفونی کردبوو. پەرویز لەجیاتی ئەوە، تەلەفونی بۆ یەکێک لە دۆسـتانی کردو خەبەرەکانی بەو گوت: "هاتنە میکۆنووسو هەموومانیان وەبەر دەسـڕێژی گوللە دا. نازانم کێ ماوەو کێ مردوە. هەمووکەس ئاگادار بکە."

ئەو دوو شۆفێرتاکسی یەش کە لەنێو میوانەکاندا بوونو زیانێکیان پێنەگەیشتبوو، لە سالۆنی سەرەکی ڕاوەستابوون، گێژوویژ ببوونو بەجۆرێک ترسابوون کە نەیاندەوێرا بچنە دەر. پەرویز چوو بۆلای ژووری پشتەوەو لەبن تاقی دالانەکەدا ڕەق ڕاماو لەو جێیە ڕاوەستا کە چەند لەحزە پێشتر تەقەکەرەکان لێی ڕاوەســتابوون، دەو شـتانەوە ڕامابوو کە بەجێیان هێشـتبوون. دوکتۆر لەحاڵێکدا هەردوو باسکی بە لایەکی لەشیدا هەڵاوەسرابوونو ملی بەسەر شانیدا شۆڕ ببۆوە، هێشتا لەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کورسی‌یەکە مابوو، دەتگوت ویستوویەتی نەهێڵێ دوژمنان بە بەربوونەوەی خۆشحاڵ بن. لەژێر ئەو مێزەدا کە عەزیز خۆی لەبندا شاردبۆوە، یەکێک لە یاریدەرەکانی دوکتۆریش لە نیزیک وی کەوتبوو، خوێن بەلایەکی زاریدا دەهاتە خوار، ئەوی دیکەیان چەند هەنگاو دوورتر لەو مێزەی پێشتر لە پشتی دانیشتبوو، لەپەوڕوو کەوتبوو. دەتگوت هێزی گوللەکان ئەوی لەسەر کورسی‌یەکەیەوە فڕێ داوەتە وێ. عەزیز لەسەر زەوی کەوتبوو، جووڵەی نەدەکرد.

پەرویز بەوردی مێزەکەی دایە بەر سەرنج. پەرداخو دەفرە چینی‌یەکان لەجێی خۆیان بوون. کاتێک یەکێکیان بۆ ئەوەی لە کورسی‌یەکەی بەرنەبێتەوە، پارچەی سەر مێزەکەی گرتبوو، چەند دانە لە گوڵدانەکان وەرگەڕابوون. لەپڕ چاوی بە نووری کەوت کە بەهۆی ئەوەی بەتوندی بەسەر پەرداخی بیرەدا کەوتبوو، خوێن سەرانسەری دەموچاویی داگرتبوو. چاویلکەکەی خزیبوو، یەکێک لە شووشەکانی بە نێوچاوانیەوە نووسابوو. پەڵەیەکی تەڕو ڕەنگ‌تاریک بەسەر کراسە ڕەنگ‌تێرەکەیدا بڵاو ببۆوە. بەهۆی ئەو حەوت گوللەیەوە کە لە سینگی درابوون بێهۆش ببوو،و خێراخێرا هەناسەی دەدا.

دیمەنی نووری بۆ تە برینێک دوو دەیە لە بیرەوەری‌یەکانی پەرویز لە هەناویدا ڕادەگرێو بێڕلینو تاران لە دڵیدا تۆمار دەکا: دوانیوەڕۆیانی ڕۆژانی یەکشەممە لە زەمینی والیبالدا، ئێواران وەک دۆستێکی نیزیک خزمەت‌کردنی نووری لە ئاشپەزخانە، نیوەشەوان خواردنەوە لە "بیرکیلەر"، سەعاتە بێ‌کۆتایی‌یەکانی باسو موناقەشە، پێش‌نووسی ڕاگەیەندراوەکان، دەسکاری‌کردنی وشەو ڕستەکانی ڕاگەیەندراوێک، ئەویش لەحاڵێکدا لەبن قورسایی ئەو نیکۆتینەدا کە هەمیشە وەک هەور لەسەر سەری ڕاوەستابوو هەناسەی دەدا، پشووی حەوتووانە لە دەرەوەی ماڵ، تەماشاکردنی نووری لە کاتی دەرس‌گوتن بە منداڵانی ناڕازیی کۆچبەرانی تازەهاتووداو نهێنیی مانەوەیان لە جەنگەڵ -چۆن ئاور بکەنەوە، چۆن لە شاخێک وەسەر کەون، چۆن تۆڕێک بتەنن یان تەنافێک قایم بکەن-. نووریی ئاشپەز، نووسەر، خاوەنی پایەیەکی بەرز، دۆستی پەرویز کە ئەو شەوە هاتبوو تا باش خۆی نیشان بدا.

چوو بۆلای نووری. دەیەویست هەڵی‌گرێتەوەو ڕای‌بگرێو بی‌لاوێنێتەوە. بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەستە بەهێزەی خۆیدا ڕاوەستا نەوەک بزاوتنی وەزعی وی خراپتر بکا. بەپارێزەوە کشایەوە هەتا هەستی کرد پاڵی بە دیوارەوە داوە. پاشان ئەژنۆکانی لەبن تەوژمدا چەمانەوە؛ خزی‌یە سەر عەرزی ژوورەکەو شانبەشانی مەهدی هەڵتروشکا. هیچیان قسەیەکیان نەکردو بە چاوی تەڕەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کە هیچ کامێکیان هەوڵیان نەدەدا پاکیان کەنەوە، تەماشـــای تەختی ژوورەکەیان دەکرد لەنەکاو عەزیز هەســـتا هەوڵی دەدا بڕوا، بەڵام ناڵەیەکی کردو کەوتە ســـەر زەوی‌و ناڵینەکەی هەروا درێژەی کێشـا. لە دوورەوە دەنگی ئاژیری مەترســی دەهات کە وردەوردە بەهێزتر دەبوو. پیاوێک هاتە ژووری ڕێســتوورانەکە. پەرویز بەدیتنی تێک‌ڕابوو، هاواری کردو گوتی: "بڕۆ دەرێ! بەڵا لە فەسالْت! ئەتۆ کێی؟

ئەفسەری پۆلیس بە نیشاندانی دەرەجەیەکی بریقەدارو بە دەنگێکی بەرز ڕاست ئەو پرسیارەی لە پەرویز کرد. دوای چەند دەقیقە نووری‌و پەرویزیان تێکەوە پێچاو هەریەکەیان لەســـەر بڕانکاردێک داناو بە دوو ئامبوولانس دەگەڵ خۆیان بردن. تەرمی دوکتۆرو دوو یاریدەرەکەی بێ دەستلێدان لەوێ مابوون‌و تەنیا سێ کوتە مقەبای چوارگۆشەیان لە پەنای هەرکامێکیان دانابوو: ١، ٢، ٣.

یووسف ئەمین ئامادەبوو لەسەر هەر کورسی‌یەک جگە لە کورسیی پشتەوەی بی. ئێم. وێ‌یەکە دابنیشـــێ. بەپێی بەراوردو لێکدانەوەی خۆی، هێندە تاوانبار نەبوو،و تەنیا نیگابانی بەردەرگای ڕێســتوورانەکە ببوو،و ســەرپێچیی لە کوشـتنی خەڵک کردبوو. بۆیە نەی‌دەویست دەگەڵ پیاوکوژەکان ســـواری ترومبێل بێ. ترومبێلی گۆرین بەخێرایی وەڕێ‌کەوتو بی‌ئەوەی گوێ بداتە نیشـــانەکانی جادە، گازی دەدایەو تورمزی دەگرتو بەدەگمەن لە وەرگەڕان دەترسـا. شۆفیرەکە بۆئەوەی خەیاڵی یووسف ئاسوودە بکا، سەرەنجام ترومبێلەکەی بەرەو شەقامی سەرەکی لێ‌خوڕی. بەڵام زۆر زوو لە شوێنی دەرچوون هاتە دەرێ‌و دووبارە ترومبێلی هێنایەوە شەقامەکانی نێو شارو بەم‌جۆرە ڕەفتاری شێتانەی خۆی دەست پێ‌کردەوە.

فەرماندەری دەســـتەکە لە ڕیزی پێشـــەوەڕا بەســـەر یووســـفیدا نەڕاندو گوتی: "دەمانچەکە دەکیفەکەت هاوێ. دەی، هەرئێستا!"

دووەمین پیاوکوژ بەپەلەیەکی زۆر بۆ ڕاکردن، دەمانچەکەی فڕێ دابووە نێو ترومبێلەکەو هەموو ڕێبوارێکی سەر پیادەڕێیەکە بە ئاشکرا دەیدی. یووسف هەڵی‌گرتەوەو دەگەڵ دەمامکێکی خلیسکێن هاویشتیە نێو جانتای وەرزشی. ترومبێل گەیشتە مەیدانێکی پڕحەشیمەت. لە نیزیک نیشـــانەیەکی هاتوچۆ، دووکەس لە پیاوکوژەکان دابەزین. یووســـفیش دوای وان دابەزی. پاش ئەوەی هەموو ڕۆیشتن، شۆفیر لەپشت فەرمانی ترومبێلێک دانیشتبوو کە هەم ترومبێلەکەو هەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەو جانتایەی تێیدا بوو، سیمبوولی تاوان بوون. بەرنامەی ئەم ئۆپێراسیۆنە هەتا دەستپێکردنی تەقەکە -بەڵام نەک دواتر- بە شێوەیەکی بێ کەموکوڕی داڕژابوو. شۆفیری ترومبێلەکە بەرەو ناوچەیەکی دیاریکراو نەدەچوو، بەڵکوو هەوڵی دەدا جێیەک پەیدا بکا ترومبێلەکەی لێ ڕابگرێ. پاش ماوەیەک چووە نێو شەقامی سیسرۆ، ڕۆیشتە قەراغ شەقامو ترومبێلەکەی ڕاگرتو کووژاندیەوە. جانتا وەرزشیی یەکەی هەڵگرتو ڕایکرد، بێ خەبەر لەوەی ڕێگایەکی دەرچوونی تایبەتیی بەستوە. جانتاکە پڕ بوو لە شتی وا کە دەبوو لەدەستیان ڕزگاری بێ. پارکینگێکی دۆزیەوە کە پڕ لە ترومبێل بوو، جانتاکەی هاویشتە بن یەکێکیان. سەرەنجام لەدەست ئەو کارە پڕژانەسەرە ڕزگاریی هاتو ئەو شەوە بەئاسوودەیی خەوت.

لە یەکێک لە ژوورە چکۆڵەکانی ئیدارەی ناوەندیی پۆلیسی بێرلیندا، پەرویز لە پەنجەرەوە دەیڕوانیو چاوەڕێی ئەفسەری لێپرسینەوەی پۆلیس بوو کە چووبوو تەلەفونێک بکا. وەختێک گەڕایەوە بە پەرویزی گوت کە نووری، خاوەنی ڕێستوورانەکە، لە نەخۆشخانە مردوە.

پەرویز بۆ ڕاستکردنەوەی باوەڕی وی خێرا دەستبەکار بوو،گوتی: "جەناب! دەزانی دەڵێی چی! خاوەنی ڕێستوورانەکە ناوی عەزیزە، دەتەوێ بڵێی عەزیز مردوە. عەزیز، نەک نووری. دووکەسی جیاوازن."

ئەفسەر بە یادداشتەکانیدا چۆوەو دوایە پرسی: "نووریی دێهکوردی کێیە". ئەمجا پەرویز بەدڵنیایی وەڵامی دایەوە،گوتی: "خاوەنڕێستووران نەبووە. نەخەیر. کارێکی دیکەی هەبووە."

"بەڵێ، ئەوە ئەو کەسەیە کە مردوە."

پەرویز تەماشای ئەفسەرەکەی کردو بەری چاوانی تاریک بوو،و فرمێسک بە ڕوخساریدا لووزەویان بەست. گریانەکەی، بەتایبەتی لەبەرچاوی خەڵک، ئارامو بێ هاتوهاوار بوو. بەڵام سەعاتی ٣ی دوانیوەڕۆی هەژدەی سێپتامبری١٩٩٢، ئیدی ئەوپیاوە نەبوو کە جاران بوو.

ئەفسەرەکە پەرداخێک ئاوو دوو دەنک حەبی بۆ هێنانو ئەمجا بە ئارامی داوای لێ کرد بیانخوا. ئەویش بێ نیگەرانی ئەو کارەی کرد. ژووری پۆلیسەکان، لە مێزێکی نووسین، قەوەزەیەکی پەروەندەکان، چەند کورسیو تیشکی سەرسوڕهێنی چرا شەونوێنەکانی سەر دیوار بەولاوە شتێکی لێ نەبوو. پەرویز هەوڵی دەدا دەفکرەوە بچێ، بەڵام ترسو تووڕەیی لەئەندازەبەدەری نەی دەهێشت.

بۆ پەرویزی دەستمالچی، ئەو کوڕیژگەیە کە باوکی مردبوو،و خەڵکی بەشی هەژارنشینی تاران بوو، هیچ گیروگرفتێک نەبوو نەتوانێ چارەسەری بکاو هیچ نەگبەتیو چارەڕەشی‌یەک نەبوو کە نەتوانێ بەکۆمەگی بیرو هزری بەهێزی بەسەریدا زاڵ بێ. ئەو هەمیشە ئەهلی کردەوە بوو،و دەی‌توانی ماناو نێوەرۆکی هەموو مەسەلەیەکی ناڕوونیش ڕوون بکاتەوە. ئەوکاتەی پووڵ گیرفانی دەورانی منداڵی‌یەی زۆر کەم بوو، بەگوتنەوەی دەرسی تایبەتیی ماتماتیک بە هاوپۆلەکانی دراوێکی زیاتری پەیدا دەکرد. پێش چاردەساڵی لە کارگەیەکی بەستەبەندیی چایدا، قوتووە چایەکانی دە وەرەقی کاغەزی وەردەپێچا. جگە لەوە پیوازی بۆ پیوازفرۆشی سەری کۆڵانێ پاک دەکردنو وردی دەکردنو بۆ هەرکیلۆیەک پووڵێکی وەردەگرتو بە سازکردنی پاکەتی کاغەزی لە پەڕەکانی دەفتەری یادداشتەکانیو فرۆشتنیان بە فرۆشیارە دەستگێڕەکانی گەڕەک، بە "کارخولقێنی تازەپێگەیشتوو" ناوبانگی دەرکردبوو -هەرپاکەتێکی لە دە کوتەکاغەز دروست دەکردو دەیدا بە قرانێک.

ترسی وی لەمردن نەبوو. هەشت مانگ بوو لەزگی دایکیدا بوو کە مردن هەڕەشەی لێ‌کردبوو. (دایکی کە هەر لە ڕۆژی لەدایک‌بوونیەوە ناوی شیرنی "نەبەز"ی لێ‌نابوو، پێش ئەوەی بیبێ ویستبووی کووڕتاژ بکا (لەبەر خۆی بەرێ)، بەڵام پەرویز کە هەشت مانگە بوو ژیابوو. ئەوەی ئەو لێی‌دەترسا زاڵ‌بوونی یەکی دیکە بەسەر هەلومەرجی ژیانیداو بێ‌ڕێزیو بەکەم‌گرتن بوو. بۆئەوەش کە وەک پیاوێکی ئازاد بژی، وازی لە زۆر ئیمکانات هێنابوو. بەڵام ئەو چارەنووسەی دەیەویست خۆی لێ‌لابدا، بەرۆکیی گرتبوو. ئەو شەوە توانیبووی هەرچەند بەزەحمەتیش ، ڕابکا. ئەگەر ورد قسە بکەین شێستوپێنجەمین کەس بوو کە کەوتبووە بەر مەترسیی مردن.

ناوی پێنسەد ئێرانی لە لیستێکدا بوو کە دەبوو بکوژرێن؛ هەرنەبێ شێست کەسیان (ڕەنگە پتریش) پێشتر لە پاریس، میریلەند، مانیللا، بەمبەیی، کەراچی، ئەستەمبووڵ، ڤییەن، ویمبڵی، لارناکا، ستۆکهۆڵم، سولەیمانی، تۆکیۆ، نیووجەرسیو پێنج حەوتوو پێشتریش لە دەوروبەری شاری بۆن تەقەیان لێ‌کرابوو، یان بەر چەقۆ درابوون یان سەریان بڕیبوون. تاقمێکی بەدکارو تاوانبار ناوی چوارکەسیان دیاری کردبوو: شێستویەکەمین کەس نووریی دێهکوردی؛ شێستودووەم؛ دوکتۆر سادق شەرەفکەندی؛ شێستوسێیەم، هومایوون ئەردەلان؛ شێستوچوارەم، فەتاح عەبدوولی.

ئەم لیستە ئایەتوڵڵا خومەینی ساڵی ١٩٨٠و ساڵێک دوای بەدەسەڵاتگەیشتن، ڕێکی خستبوو. ناوەکان کەسانێک بوون کە ئەو بە "دوژمنانی ئیسلام"ی ناو بردبوون. سێ ساڵ پاش مەرگی وی، جێنشینەکانی ئەو فەرمانەیان پشتڕاست کردەوە، فەرمانێک کە یەکەمین حوکمی ئیعدام بوو کە پێش ئەوەی زاراوەی فتوا بچێتە نێو وشەنامەی ڕۆژئاوا، یان پێش ئەوەی سەلمان ڕوشدی ببێتە ناوێکی هەرڕۆژە، ئایەتوڵڵا دەری کردبوو. دستوپێوەندەکانی ئایەتوڵڵا لە سەرانسەری جیهاندا بەدوای ڕاوی ئەو کەسانەوە بوون کە ناویان لە لیستەکەدا هاتبوو: نووسەران، هونەرمەندان، شاعیران، بژاردەکان،و تەنانەت تەنزنووسان. ژمارەیەکی زۆر لەو جیابیرانەی لە ئێران دەژیان ماوەیەکی زۆر بوو ناچار کرابوون بێدەنگ بن یان ئیعدام بکرێنو کەسانێکی لە دەرەوەی وڵاتیش بوون دەیانزانی کە ئەگەر بشتوانن لە دەستی ئایەتوڵڵا ڕابکەن، ناتوانن لەو چارەنووسە ڕزگار بن کە ئەو بۆی دیاری کردوون.

لیستی ناوبراو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، بۆ وێنە چەند کەس لە کوردەکانی تێدا بوون. ڕقو بێزاریی ئایەتوڵڵا لە کوردان شتێکی زۆر کۆن بوو. ئەم بێزارییە بەڕادەیەک قووڵ بوو کە تەنانەت ئەو کاتەی بەدڵنیاییەوە پاڵی بە کورسیی دەسەڵاتیشەوە دابوو، نەیدەتوانی لێی دەرباز بێ. پاش شۆرشی ساڵی١٩٧٩و کاتێک پێشنووسی قانوونێکی بنەڕەتیی تازە ئامادە دەکرا، پێشگیریی لە بەشداربوونی زۆربەی نوێنەرانی کوردی سوننی لەو بابەتەدا کرد. ئەو قانوونە بنەڕەتییەی سەرەنجام پەسند کرا، بە سوودی ئەو شیعەمەزەبانە بوو کە لە ئێران زۆرایەتی بوون. پاش ڕووخانی شا، ئۆگرییەکی توند بە هاوپێوەندی، تەواوی میللەتی گرتبۆوەو ئایەتوڵڵا بە زاڵبوون بەسەر بیروڕای گشتیدا، داوای لە هەموو کەمایەتییەکان کرد دەست لە داخوازە نەتەوایەتییەکانیان هەڵگرنو لەجیاتی ئەوە ببنە یەک نەتەوەی موسوڵمان. بەڵام کوردان قبووڵیان نەکردو پێیان لەسەر ئاواتی خۆیان بۆ گەیشتن بە خودموختاری داگرت. چەند ساڵ بەرلەوەی دووەمین وشە: جیهاد، بێتە نێو وشەنامەی وڵاتانی ڕۆژئاواوە، ئایەتوڵڵا بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ دژی کوردەکان کەلکی لێوەرگرت.

ئێران پێشتر لە سنووری ڕۆژئاوای خۆی شەڕ لەگەڵ عێراقی دەست پێ کردبوو. بۆیە ئەو شەڕەی دیکە بەدژی پێنسەد نەفەر ناموسوڵمان دەبوو بەنهێنی وەڕێ بخرێ. بەڵێنیی بە خەڵک دەداو دەیگوت: "شۆرش دەنێرینە دەرەوە." ئەو کۆمەگانەی ئەو دەیناردن، لە ڕۆخەکانی لوبنانەوە دەگەیشتنە ناوچە هەژارنشینەکانی ئەلجەزایر، بەڵام خزمەتەکانی وی بۆ ئەو هاونیشتمانانە کە

وڵاتیان بەجێ هێشتبوو، تەنیا تیرۆرو پیاوکوژی بوون. پرۆژەو بەرنامەکانی بە دەستی هێندێ پیاوکوژی پیشەیی بەڕێوە دەچوون کە لە سەرانسەری جیهان بەکرێی دەگرتن. لە بێرلین بوودجەکەی دەنێردرایە مزگەوتی گەورەی شیعەکان کە لەوێ دەستوپێوەندەکانی هێندێ مەسیحیی جێی متمانەیان پەیدا دەکردنو ئەوانیان لەو خواردەمەنی فرۆشی یانە یان ئەو فرۆشگا چووکەڵانە دادەمەزراند کە وەک ناوەندێک بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپێراسیۆنە شەیتانی یەکانیان کەلکیان لێ وەردەگیرا. چەند ساڵێکی پێوە خرا تا ڕایەڵکەکانی پیاوکوژی بۆ زەبروەشاندن لە نیشانە ڕۆژئاوایی یەکان دەستبەکار بوون. بەڵام شانە نهێنیو تازەکارەکانی ئایەتوڵڵا کە لە ئورووپای بێموبالات بەوجۆرە مەسەلانە پەیدایان کردبوون، قۆڵیان بۆ لەنێوبردنی کەسانی دووروڵات هەڵ ماڵیبوو،و هێندێ پرۆژەیان بۆ بەرەی داهاتوو کە لە پیاوکوژیدا زۆر توندوتیژتر بوون، ئامادە کردبوو.

پەرویز بە داماوی لەبەردەم لێکۆڵەرەکەی دانیشتبوو،و بەڕوونی -هەرچەند بەڵگەی نەبوو- دەی زانی کێ پیاوکوژەکانی ناردۆتە ڕیستووران، چەندکەس لە سیاسەتمەدارانی زۆر بەدەسەڵاتی ئورووپاش دەیانزانی. بەهەرحاڵ ئەو تاوانبارانە ناسراو بوون، تاوانبارانێک کە کادری فێرکردنی پیاوکوژەکان بوون. ساڵی ١٩٨٩ فڕۆکەوانێکی سوپای پادشایەتیی ئێران هەر بەدەستی ئەو پیاوکوژە لەنێو چوو کە ساڵێک دواتر بۆ کوشتنی باڵیۆزی عەرەبستانی سعوودی لە سوئێد دەستبەکار ببوو. ئەو بە زیرەکی دەرباز بوو یان هەردووجار بەزوویی ئازادیان کرد! لێکۆڵەرەکان سەرەنجام ئەویان ناسی، چونکە کارەکەی خۆی هەر درێژە دەداو سەرەنجامیش لە میکۆنووس ڕۆڵی ڕێبەری پیاوکوژانی بەئەستۆوە گرت.

ئەو، (پیاوکوژی ناوبراو) بەتەنیا نەبوو، بەڵکوو چەند پیاوکوژی دیکەش لە سەرانسەری ئورووپا هەبوون کە هێرشیان کردبووە سەر کەسانی دوورخراوەی دوورەوڵاتو ئەمەش لەحاڵێکدا بوو کە کاربەدەستانی دەوڵەتەکان تەنیا تەماشاچی بوونو کارێکیان بەکاری وان نەبوو. چەندکەسێک بۆ ماوەیەکی کورت گیران، بەڵام بەخاتری "قازانجی نیشتمانی" ناردیاننەوە [وڵاتی خۆیان]. لە ئوتریشو فەڕانسە، پاش ئەوەی ساڵی ١٩٨٠ دووجار ئەو جۆرە پیاوکوژی یە ڕووی دا، هەردوو وڵات بە پشتبەستن بە "قازانجی نیشتمانی" پیاوکوژەکانیان هەتا بەردەرکی ئەو فڕۆکەیە کە دەچووە ئێران بەڕێ کردنو بەمجۆرە هەر پیاوکوژێک بە سەلامەتی چۆوە وڵاتی خۆی، تاران بە ڕێکخستنی بەرنامە بۆ ئازادکردنی کەسێکی ئورووپایی کە لە شوێنێکی دوور

لە قانوونە مەدەنی یەکانی جیهان بەبارمتە گیرابوو، پاداشـــێکی دابوو بە ئورووپا. ئورووپا حیســـابگەرییەکەی ئێرانی قبوول کردبوو: [خوێنی] دەیان کوژراوی دوورولاتی ئێرانی بەرامبەر بوو بە ئازادکردنی کەسێکی ئورووپایی!

ئەو پیاوکوژییانە تەنیا ژانەسـەرێک بوون بۆ ئەو سـیاسـەتمەدارانە کە لە رێگای وتووێژو کارئاسانی لە کاروباری بازرگانی دەگەڵ تاراندا دەیانەویست پلەوپایەی خۆیان بەرەژوور بەرن؛ لە خاڵی ســـنووری بازرگانی دەگەڵ تاراندا دەیانەویســـت پلەوپایەی خۆیان بەرەژوور بەرن؛ لە خاڵە ســنووری‌یەکانی وڵاتانی خۆیان مافی پەنابەرییان بە جیابیرانی ئێران دەداو ئەو بۆچوونەیان تێدا پێک‌دێنان کە گۆیا گەیشـــتوونە پەناگایەکی بێ‌خەتەر، بەڵام هەر لەوکاتەدا، چاویان لەو پیاوکوژانە دەنووقاند کە هەر لەو سنوورانە دەپەڕینەوە.

پەرویز وردەکاری‌یەکانی ئەو مێژوولکە لێڵ‌و ناڕوونەی نەدەزانی، بەڵام لە بنج‌وبناوانەکەی باش ورد دەبۆوەو کاتێک لێکۆڵەری پۆلیس لێی‌پرســـی کێ لەپشـــت ئەم تاوانەوەیە، پەرویز بۆچوونی خۆی دەربڕی. ئەفسەری پۆلیس قسەکانی وی لە دۆسیەکەدا یادداشت کردن بەڵام وا دیار بوو بەگومانە.

پێش‌ئـەوەی لێکۆڵینـەوەکـە تـەواو بێ، ڕۆژ ببۆوەو ڕێگـایـان دا پـەرویز بڕوا. چووە داڵانی ســاڵۆنەکەو چاوی بۆ مەهدی یان کەســانێکی دیکە دەگێڕا، لەجیاتی وان تووشی شــۆهرە بوو. هەردووکیان بەپەلە بۆلای یەکتر چوون‌و ئامێزیان بە یەکتردا کرد.

پەرویز بە ناڵاندنەوە گوتی: "شۆهرە، کوشتیانن، بەڵێ کوشتیانن." شۆهرەش بە خەفەتباری‌یەوە گوتی: "نووری چۆنە؟"

پەرویز لـەحاڵێکدا گوێی لـە قســـەکانی وی نـەبوو، لـەســـەری ڕۆیشـــتو گوتی: " خۆشـەویسـتانمان... هەموو کوژران. کوردەکان، وەک بەردێکی بێ‌گیان کەوتبوونە سـەر زەوی‌و نوقمی خوێن بوون. ئای، شۆهرە. عەزیز! عەزیزی بەستەزمان.."

بە لەرزینەوە دەگریان‌و بێ‌ئەوەی گوێ لە یەکتر بگرن قســـەیان دەکرد. شـــۆهرە بەبەر فرمێسک‌ڕشتنەوە دووبارە پرسی: "پەرویز، نووری، نووری! نووری چیی بەسەر هاتوە؟"

بەڵام پەرویز هەر دەگریا. شۆهرە خۆی لە باوەشی هێنایە دەر، دەچاوانیەوە ڕاماو پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. ئەمجارە پەرویز گوێی لە قســـەکانی بوو،و پێی ســـەیر بوو کە شـــۆهرە هێشـــتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نەیبیستبوو کە مێردەکەی مردوە. بە سەرسامی‌یەوە پرسیارەکەی شۆهرەی دووپاتە کردەوەو گوتی: "نووری؟"و دووبارە دەستی بە شیوەنو ناڵین کردەوە.

شۆهرە بە پێداگرتنەوە گوتی: "بەڵی، نووری، پێم بڵێ چیی بەسەر هاتوە؟ چاک دەبێتەوە، ئەگەر شتێکی لێبێ ئەمن چبکەم؟"

پەرویز ڕوخساری سەرسامی خۆی لە شۆهرە وەرگێڕا. پاشان لەحاڵێکدا لەبەر دەمی ڕاوەستابوو،و بەحاڵەتی هاودەردی‌یەوە سەیری دەکرد، بە مینگەمینگ گوتی: "وەختێک دیتم دواهەناسەکانی دەدان."

ئەمجا بێهیچ ڕامانێک، سووڕێکی داو بەپەلە بە دالانی سالۆنەکەدا ڕۆیشتە خوار؛ دەیەویست ڕێگای چوونەدەر بدۆزێتەوە.

***

## -٥-

**پاش ئەو شەوە لە ڕێستووڕانی میکۆنووس، پەرویزی دەستمالچی، لەژێر مێز نەبایە، هەرگیز شێوی نەدەخوارد.**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی

برونۆ یۆست(Bruno Jost) لە ژووری کارگێڕانی ئیدارەکەیدا، کە ناوەندی فەرماندەریی بەدواداچوونی قانوونی لە کارلسروهە (Karlsruhe) بوو،و چوارسەد مایل لە بێرلین دوور بوو، بۆ یەکەمجار هەواڵی کەتنەکەی میکۆنووسی وەرگرت. دادئەستێن لەپشت دەرگای کیووسکەوە

هەواڵێکی کورتی لە دادئەستێنی گەورەتری خۆی وەرگرت: "کوژرانی چوار کەس لە کوردە ئێرانیەکان لە مەیدانێکی یۆنانیی شاری بێرلین، لە دەوروبەری سەعات یازدەی دوێ شەوێدا، هەڵلایەکی سەیر بوو جەنابی یۆست،و دەتوانین بڵێین پێوەندیی بەو بەڵگە باوەڕپێکراوانەوە هەیە کە کاری پێوەندیدار بە ئەنجامدەرانیەوە لەلای ئێوەیە؛ دادئەستێنی گەورەتر ئەسڵی مەبەستەکەی کە لە ڕێگای تەلەفونەوە لە ئاژانسی هەواڵگریی نهێنیی ئەڵمانی وەرگرتبوو، بەڕێ کرد.

لەکاتی هەڵەڕژانی توندی ئاوو فشەفشی مەکینەی جلوشک کردنەوەدا، قسەو وتووێژەکانیان هەروا درێژەی هەبوو،و بەدەم قسەکردنەوە بەدالانە درێژەکەدا بەرەو ئیدارەکەی بەڕێز یۆست دەڕۆیشتن. ناوبراو بەتوندی خەریکی لێکۆڵینەوەی دۆسیەیەکی پەکەکە بوو کە ڕێکخراوێکی جیاوازیخوازی کوردی تورکیەیە. نەیدەتوانی قبووڵ نەکا کە پێوەندییەک لەنێوان ئەو دۆسیەیەو پیاوکوژانی بێرلیندا هەیە. بۆ تاقمێکی خەباتگێڕو شەڕکەر، کوشتنی خەڵکی دیکە دەتوانێ نیزیکترین ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن بێ.

یۆست زۆر بەقووڵیو نەک بەشێوەی پرسیارکردن دەیگوت: "کوژراوەکان لە تیپی تێکۆشەرانێکی بەرابردووی سیاسی بوون، زۆر وێدەچێ ئەوانەی کوشتوویانن، بەکرێگیراوی بێگانە بووبن. ئەمە دەبێ بناخەی کاری ئێمە بێ. ئەتۆش دەگەڵم نی؟"

ناوبراو هیوادار بوو ڕێگایەک بگرێتە بەر کە پێیوابوو ڕێگەچارەی مەتەڵۆکەیەکە کە تێدەکۆشا هەڵیهێنێ.

بەرپرسی بەرەژوورتر لەخۆی، سەرۆکی بەشی تێرۆریزم، دەگەڵ بۆچوونەکەی مووافیق بوو، داوای لێکرد بۆ چەند لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی دەستبەکار بێ.

بڕوونۆ یۆست دوو تەلەفونی کردن - یەک بۆ پۆلیسی بێرلینو یەکێک بۆ پۆلیسی فیدڕاڵ- بۆئەوەی چوارچێوەی مەسەلەکە هەڵسەنگێنێو ئەگەر ئەوەندە بەربڵاو بێ کە بە هەڕەشەیەک لەسەر ئەمنیەتی نیشتمانی بژمێردرێ، ئیدارەکەی لێکۆڵینەوەی ئەوکارە بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

بڕوونۆ یۆست لە تەمەنی چلودووساڵیدا گەیشتبووە قۆناغی پێداچوونەوەی کارو پیشەکەیو بەڵگەو نیشانەی جێی باوەڕی دەویست تا بتوانێ کارامەییو تواناکانی تاقی بکاتەوە. بەڵام لەوباوەڕەدا بوو کە ئەوجۆرە بەڵگەو نیشانانە بەدەگمەن دەکەونە دەستی ئەوکەسەی وەدوایان

دەکەویو چاوەڕوانی‌یەکی وا بەدەگمەن دێتە دیو کارو چالاکی‌یە پیشەیی‌یەکانی، تێکەڵاوێکی جۆراوجۆر لە مەسەلەی کەرەسە هۆشبەرەکانو تیرۆریزم بوون. بەڵام یەکێک لە دژوارترینیان، هەنگاوێک بەدژی کاربەدەستە دەوڵەتی‌یەکانی ئەڵمانی ڕۆژئاوا پاش دووبارە یەک گرتنەوە بوو -کارێکی تاقەتپرووکێن کە ئەوی ناچار کردبوو بۆماوەی شەشمانگ بەدوور لە بنەماڵەکەی لە لایپزیک بمێنێتەوە- کارێک کە ئەوی نە خۆشحاڵ کردبوو، نە لەپێ خستبوو، بەڵکوو تەنیا بۆ بەشداری لە پێشبڕکێیەکانی ئولەمپیکدا ئامادەی کردبوو.

خۆپەرستیی دادئەستێن نیشانەیەک لە هەلپەرستیو تامەزرۆیی بۆ نیشاندانی کارامەیی خۆی لە دادگادا بوو، بەو ئاواتە کە سیاسەتمەداران سەرنجی بدەنیو لەئاکامدا پلەی بەرز بکرێتەوە. بەڵام لە ئەڵمان دادئەستێنێک تەنیا بە لێوەشاوەیی خۆی بەرز دەکرێتەوە -زنجیرە تاقی کردنەوەیەکی سەختو پێداچوونەوەیەکی زۆر توند- ڕووداوەکانی ژووری دادگا بە دەگمەن لەجیهاندا ڕەنگ دەدەنەوە، چونکە لەوێ دادئەستێن نە نەیارو دوژمنی تۆمەتبارکراوەو نە پارێزەریەتی. بەڵکوو نوێنەرێکی بێلایەنە کە هەوڵ دەدا ڕاستی‌یەکان وەدەست بێنێ. ئەو لایەنگری حیزبێکی سیاسی نیە کە بیهەوێ هەموو مەسەلەکان بەزیان یان بەقازانجی لایەنێک بێنێتە گۆڕێ. سەرکەوتن یان تێشکانی بەهیچ جۆر نیشانەی قسەزانی یان خۆنواندنی وی نیەو زۆر پێش پێک هاتنی کۆبوونەوەکانی دادگاو لەماوەی چەند ڕۆژو چەند حەوتوو،و تەنانەت چەندمانگ لێکۆڵینەوەی سەختو دژواردا کە لە باسی تۆمەتەکانی تۆمەتباردا ڕەنگ دەدەنەوە، ڕادەی لێوەشاوەیی وی ڕوون دەبێتەوە. مەسەلەی شەڕو تێکهەڵچوونی نێوان دوو حیزبی دژبەر نیە، بەڵکوو تاقیکردنەوەیەکی پڕبەپێست لە مافی دادخوازی‌یە،و لەجێدا، دوایین بۆچوونو دۆزینەوەو داوەریی ئەوە دەربارەی ئەو مەبەستانە کە دادوەرەکان بۆ لێکۆڵینەوە دەی خەنە بەردەستی.

شانسی سەرکەوتنی لێکۆڵینەوەیەکی لەو بابەتە لەسەردەمی منداڵی‌یەوە کە کتێبە دڵخوازەکانی خۆی دەخوێندنەوە، زەینی وی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، ئەو بەرهەمانەی حەزی لە خوێندنەوەیان دەکرد هی ئەم نووسەرانە بوون: چارلز دیکێنز (بەتایبەتی ئۆلیوێر تویست)، کارل مەی (Karl May)، ئالبێرت شوێتزێر (کە بۆ یۆستیش بوو بەمایەی ئۆگری‌یەکی زۆر بە دیتنی وڵاتە دوورەکان)، ڕابین کرۆسۆی (دانیەل دوفۆ) -ئەم بەرهەمەی دوایی بۆهەمیشە ئەوی هان دابوو بیر لەو سیناریۆیانە بکاتەوە کە بەتەنیاییو لە هەلومەرجی زۆر سەختدا دەگەڵیان

بەرەوڕوو ببوو. ڕوخساری ڕەنگ‌خورمایی یۆست، دەستە چکۆڵەکانی، مووە خۆڵەمێشی‌یەکانی (کە لەساڵی ١٩٩٢دا پتر ماش‌وبرنجی بوون، نەک‌هەر سپی)و چاوە هەستبزوێنە ڕەنگ‌یاسی‌یەکانی، دڕندە پیشەیی‌یەکەی ئەویان داپۆشیبوو. دێکۆری ئیدارەکەی ئەوەندە خەڵەتێنەر بوو کە پتر وەک ژووری لاوێکی ئاشق دەچوو تا شوێنی کاری پارێزەرێکی وەنێوکەوتووی دادگا. بەدیوارەکەیەوە پۆستەرێکی گۆستاف کلیم بە ناوی "ماچ"و وێنەیەکی بیابانیی بەبەفرداپۆشراو هەڵاوەسرابوون. دوو نەمامی زۆر فراژووش کە دەبوو دەگوڵدان بخرێن لەسەر قەوەزەیەک دانرابوون. چەند کارتۆنی شەقوشڕ لەسەر مێزەکەی‌و لە تەنیشت کاونتەرێک دانرابوون کە وێنەگەلی بنەماڵەکەی پێ هەڵواسیبوون. ئەو نیشانانە باری توندوتیژیی خووی دەروونیی ئەویان دەشاردەوە. قانوون دیاردەیەک بوو کە پتر لە هەر شتێک خەم‌وخەفەتی ژیانی وی لەنێو دەبردو ئیمکاناتی دارایی تەنیا بۆ دابین‌کردنی جوانکاری‌یەکانی زەماوەندو پێویستیی منداڵەکانی هەبوو. بەڵام هاوسەرەکەی، ئەنجیلا، زۆروەخت لە بەرامبەر دژواری‌و گیروگرفتەکاندا داهێنەرو کارساز بوو. بابی لە نەخۆشخانەیەک پەرستار ببوو،و دایکی کەبانووی ماڵ بوو. قانوون چارەسەری هەموو گرفتاری‌یەکانی سەردەمی لاوەتی‌یەی بوو -چارەسازی سەرپێچی‌یەکانی لە ڕەفتارێکی نەشیاو بەرامبەر بەمنداڵەکانی دواڕۆژی. جگە لە خوێندنەوەی چەند بڕووشووری قورس لە وەختی کارەکەی لە قوتابخانەیەکی ناوەندیدا کە بتوانێ داهاتووی خۆی دیاری بکا گیروگرفتێکی دیکە لەگۆڕێدا نەبوو. لە سەردەمی هەرزەکاری‌یەیدا بەدەستهێنانی پلەی دادئەستێنێک بۆ وی کارێکی زۆر دڵخواز بوو.کاتێک سەرەنجام لە یەکێک لەگرنگترین ئیدارەکانی ئەڵماندا دامەزرا، یۆست بلیمەتێکی تەواو بوو،و بۆ چوونەسەری پلەوپایە پێویستیی بە هیچ شتێک نەبوو.

پاش ئەو تەلەفونانەی بۆیان کردن، یۆست دەفکرەوە چوو. دوومەسەلەی لە مەسەلەکانی دیکە ترسناکتر دەهاتنە بەرچاو. یەکەم ئەوە کە پیاوکوژەکان بە زمانی فارسی، نەک زمانی کوردی جنێویان بە قوربانی‌یەکانی خۆیان دابوو، کە ئەمە مانای ئەوە بوو پیاوکوژەکان کورد نەبوون. دووەمیش ئەوە کە ئەوتاوانەی لەبێرلین کرابوو پەیامی تاوانەکەی ڤیەنی پێ‌بوو. سێ‌ساڵ پێشتر یەکێکی دیکە لە ڕێبەرانی کورد، بەرپرسی پێشووی پۆستی کوژراوی گەورەتری

میکۆنووسیش کوژرابوو. هەرچەند پیاوکوژەکان هێشتا نەگیرابوون، لەئاکامی سێ ساڵ لێکۆڵینەوەی فەرمانبەرانی لێکۆڵینەوەدا، باڵیۆزخانەی ئێران لە ڤیەن بە خەتابار ناسرابوو.

تەلەفون زەنگی لێدا. دادئەستێنی بەرزی فیدراڵ ئەلیکساندر وەن ئیستاهێل، لەکاتی چوونەسەرکاردا، خەبەرەکانی لە ڕێگەی تەلەفونەوە وەرگرتبوو، دەسبەجێ تەلەفونی بۆ ئیدارەکەی کردو فەرمانی دا کاری لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕووداوەکە دەست پێبکەن.

"هەرئێستا لێی دەکۆڵینەوە. نیگەرانی ئەوەین کە دوایە چۆن ئیسبات بکەین ئەوکارە بۆ بەئێمە سپێردراوە." ئەمە قسەی وەن ئیستاهێل بوو کە دەنگی پیاوانەو دڵگری لەسەر تەلەفونە مۆبایلەکە باش نەدەهات.

تەلەفونی دواتری وەن ئیستاهێل بۆ بەرپرسی هەواڵگرییەکەی بوو. ئەویش بە پێداگرتنەوە داوای لە یۆست کرد سەری نیوەڕۆیە کۆنفرانسێک بۆ هەواڵنووسان پێکبێنێ. دەستووریشی پێدا کە بەرپرسایەتیی لێکۆڵینەوەی بێرلین وەئەستۆ بگرێ.

بروونۆ یۆست وەختی چوون بۆ فرۆکەخانە بەیاننامەیەکی نووسی کە نموونەیەک لەکاری هەمیشەیی ئەو بوو، ئەوی بە شیکردنەوەی ڕووداوەکە دەست پێکردبوو. دوایە لە پاراگرافێکی دیکەدا بەکورتی بۆچوونی خۆی دەربارەی تاوانبارەکان دەربڕیبوو.

داڕشتنو نەخشەی ئیعدامەکان - بەتایبەتی بەسەرهاتی قوربانییەکان کە هەموویان لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن بوون- نیشان دەدا کە ئامانجێکی سیاسی لەپشت ئەوتاوانەوە هەیە. بەپێی بەڵگەو نیشانەکان، ئەوکەسانەی ناویان دێ وێدەچێ تاوانباری ئەو کەتنە بن.

١- پەکەکە وەک ڕەقیبی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ڕێی تێدەچێ دەلیلەکەی ئەمە بێ: پەکەکە پێشتر بە شێوەیەکی بەربڵاوو ڕۆژانە پەلاماری بزووتنەوە ڕەقیبەکانی داوە،و لەوبارەیەوە باکی لە کوشتنی خەڵکی دیکە نەبووە. دەلیلی دیکە دەتوانێ ئەوە بێ کە تاوانباران هەرچەند پێشتر بە تیربار تەقەیان لە سادقی شەرەفکەندی کردبوو، کەچی بە دەمانچەش لەسەریان دابوو.

٢- دەکرێ دەستەیەکی نوێنەرایەتیی ئێرانیش تۆمەتبار بکرێ. چونکە کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کۆبوونەوەکەیان پێکهێنابوو. جگە لەوە، یەکێک لە تاوانبارەکان

بەدەنگی بەرز بەفارسی جنێوی دابوو کە نیشانەی تۆڵەئەستاندنەوەو سزادان بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوە دەوڵەتی‌یەکان بوو.

بۆ دروستنیشاندانی بۆچوونی دادئەستێنی فیدراڵ، چەند دانە ئاگادارکردنەوە (احضاریە)ی قانوونییشی لەو بابەتانەی سەرەوە زیاد کردو لەکۆتاییدا خۆی لە نووسینی هەرچەشنە تیترو لەقەبێک بواردو تەنیا نووسی: پۆست.

دەوڵەتی بێرلین ئەوی بانگ کردو دادئەستێن داوای لێبووردنی کرد. وێدەچوو لە شەوی بیستودووەمین ساڵوەگەڕی زەماوەندیاندا، هاوسەرەکەی لێی جیا بێتەوە، گیروگرفتێک کە هیوادار بوو بە تەلەفونێکی ئاشقانە چارەسەری بکا. چاوەڕوان بوو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بچێتەوە ماڵەکەی. نە بۆخۆیو نە ئانجێلای هاوسەری نەیاندەزانی کە دەبێ ماوەی شەش حەوتوو لێک‌دوور بمێننەوەو ١٨ی سێپتامبر ڕۆژێک نابێ کە تەنیا بیرخەرەوەی زەماوەندیان بێ، بەڵکوو ڕۆژێک دەبێ کە ئەو یەکیەتیو هاوژینی‌یە بەرەو نالەبارترین دادگاییکردن ڕابکێشێ.

سارا دێهکوردی کاتێک لەخەو هەستاو دیتی دایک‌وبابی دەرکەوتوونو پووری لە پەنای دانیشتوە، پێی وابوو شتێکی ناخۆش ڕووی داوە. وەختێک تێگەیشت دەبێ بچێتە قوتابخانە، بەیانیی ئەوڕۆژەی زۆر سەیرتر هاتە بەرچاو. لەجیاتیی ئەوە، هەردووکیان چوونە دەرێو لە شەقامەکاندا دەستیان کرد بەگەڕان، کاتێکیش پووری کۆڵێک شتی کەم‌بایەخی کڕین کە سارا لە پە نجەرەی دوکانەکەوە ئاماژەی بۆ کردبوون -شتی کەم‌بایەخی وا کە دایک‌وبابی هەرگیز ڕێگایان نەدەدا بیان‌کڕێ- هەستی نیگەرانی‌یەکەی خەراپتر بوو. هیچ‌کاتێک بەئاواتنەگەیشتن ئەوی ئەوەندە پەرێشان نەکردبوو.

سارا تەنیا کیژۆڵە نەبوو کە ئەوڕۆژە بچێتە قوتابخانە. یەکەمین تەلەفون کە پەرویز کردی بۆ کۆنەهاوسەرەکەی بوو، بەبیستنی دەنگی لەبەردڵانی کچەکەی لەسەر تەلەفون، بە بۆڵەبۆڵەوە گوتی: "سالوومە، ئەوە بۆ لەماڵێی؟" لەبەر ئەوەی زۆرتر بە زمانی ئەڵمانی پێکەوە دەدوان، قسەکانیان بەم‌زمانە دەست پێ‌کرد. بە چەند زمانی تێکەڵ پێکەوە قسەیان دەکردو ئەم‌جارەش وەک زۆرجاری دیکە وایان دەکرد، دەستیان کرد بە قسەکردن بە ئەڵمانیو تێکەڵەیەک لە چەند زمانی دیکە، کارێک کە لەسەرەتاوە زۆرخۆش نەبوو بەڵام دوایە دەرکەوت شێوەیەکی باشە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ســـالوومە گوتی دایکی ڕۆژێکی مۆڵەت داوەتێ. پاشـــان تەلەفونەکەی دایە دایکی تا قسەکەی پشتڕاست بێتەوە. کۆنەهاوسەرەکەی پەرویز هاتە سەرخەت، پەرویز بەسپایی گوتی: "گوێت لێبێ، ئێستا ناتوانم زۆر قسە بکەم بەڵام ئەمڕۆ سالوومەی لە تەلەڤزیۆن دوور بخەنەوە."

تەلەفونەکان! بۆ هەرکەس دەیەویست تەلەفون بکا کردبووی. لە ئاپارتمانەکەدا دەهاتو دەچوو -لە ژوورەکەی خۆیەوە بە تەنیشـــت تەلەڤزیۆندا کە خەریکی بڵاوکردنەوەی دەنگ‌وباس بوو تێپەری، بۆئەوەی بایەکی لێبدا بۆلای بەرهەیوانەکە چوو،و لە ئاشـــپەزخانە چووە نیزیک فێرەکە کە ئاوی چاســـازکردنی تێدا دەکوڵی- ئەم دەورلێدانەی چەندین‌جار دووپاتە کردەوە. بەرنامەی کاری بەیانیانی تەواو ببوو. بەمێشـــکیدا نەدەهات بچێ نان بخوا یان بخەوێ. هەر تەلەفونو تەلەفون! زەنگی بۆ دەفتەردارەکەی لێدا، کە لە خاچی سووری بێڕلین سەرپەرستی کارمەندانی کاروباری کۆمەڵایەتی بوو،و کاروباری پەنابەرانی ڕایی دەکرد.

دەفتەردار بە شـــڵەژانەوە پرســـی: "چ بووە؟ گیرفانیان بڕیوی؟ دایکت مردوە؟ کچەکەت ون بووە؟"

تەنیا شت کە دەیتوانی بیڵێ ئەوە بوو کە: "گوێ لە دەنگ‌وباس بگرە!"

پەرویز خەریکی خۆشـــوتن بوو،و لەژێر چۆڕەچۆڕی ئاودا بەچاوی دەرپەڕیوەوە ڕاوەســـتابوو، ئەگەر چاوی لێک‌نابان، ئەو باسکەی وەبیر دەهاتەوە کە قۆڵی بە چەرم داپۆشرابوو. لەوانە بوو نارەحەتی بکا. کاتێک لووزەوی ئاو لە ئەندامانی لەشـــی درا، لە گۆنای ڕاســـتو پشـــتەچاویدا هەستی بەئازار کردو زەبرێکی وەبیر هاتەوە کە کاتێک لەسەر کورسیی ڕێستووران کەوتبووە خوار، وەلای ڕاستی لەشی کەوتبوو.

هێشتا قۆناغی وەرگرتنی دەنگ‌وباسی ڕاستەقینە نەهاتبوو. ڕاپۆرت‌نووسان هێشتا بەدوای ئەودا نەدەگەڕان. لە بەیانی‌یەکی ئاســـاییدا چێژی لەو ئارامی‌یە وەردەگرت کە لەئارادا بوو. بەڵام لەبەرامبەر ئەو جۆش‌وخرۆشەی لە هەناویدا هەبوو، دڵئاسوودەیی شتێکی جوان نەبوو. "دیسان تەلەفون!"و زەنگی بۆ ژمارەیەکی دیکە لێدا. تەلەفون بۆ یەکێک لە دۆستانی بوو کە سەروتارنووسی ڕۆژنامەی پێشکەوتن‌خوازی بێڕلینێر زەیتوونگ (Berliner Zeitung) بوو. "سڵاو. پەرویزم."

دەنگی لایەنی ئەوبەر هات کە بە ڕاوەستان لەسەر بەشی کۆتایی ناوەکەی بەڕوونی گوتی:
"ئای،پەرویسسس!"

(لەسەر ئامۆژگاریی پێشووی پەرویز بوو کە بە ئەڵمانی‌یەکانی گوتبوو بۆئەوەی ناوی ئەویان لەبیر بمێنێ، ناوی "پاریس" بەدڵ بسپێرن‌و دوای پیتی "ر" پیتی "و" زیاد بکەن، بەوجۆرە ناوەکەی باش فێر دەبن.) ئەو پێی‌وا بوو هەڵەیەکی کەم لە گوتنی وشەکاندا زیان بە لەبیرمان دەگەیەنێ.

بۆئەوەی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو بارودۆخە سامناکەی بۆی هاتۆتە پێش، لە یەک‌ڕستەدا کاکڵی مەبەستەکە بە ڕاپۆرتنووسێکی پڕکارو هەمیشە سەرقاڵ بڵێ، ئاوای مەبەستەکەی دەربڕی "ئەمن دەگەڵ ئەو چوار کەسەی دوێنێ شەوێ مردن لەو ڕێستوورانە بووم، لە میکۆنووس."

"ئەوەم بیستوە، ڕیگا بدە قاوەیەک پێکەوە بخۆینەوەو لە یەکێک لەم ڕۆژانەدا قسەی لێ‌دەکەین. ئەمڕۆ ڕۆژی شێتی‌و نامەبارەکی‌یە."

پەرویز کە لەوپێشوازی‌یە ساردو بێ‌شەوقە تێک‌ڕا ببوو، خەریک بوو خۆی بۆ دەربڕینی ڕستەی دواتر ئامادە دەکرد کە هەواڵنووسەکە بەپەلە وەدەر کەوت.

پەرویز لەوە کە کابرا بەجێی هێشتبوو سەری سوڕمابوو. لەمێژساڵ بوو بەوردی‌و بەشێوەیەکی زۆر ڕێزدارانە هەواڵنووسانی لە دەوری خۆی خڕ دەکردەوەو هونەرمەندانە هەڵی‌دەسووڕاندن. یەکێک لە پیاوە قسەخۆشەکان پەرویزی بە گوێگرێکی بێ‌موبالات دادەنا. سازکردن‌و گێڕانەوەی هێندێ داستانی خۆکرد جۆرە توانایەک بوو کە لە سەردەمی منداڵی‌یەوە تا ئەوکاتە هەمیشە هەوڵی دابوو بەهێزتری بکا. ئەوو هاوڕێکانی بەمنداڵی کە پووڵی ئەوەیان نەبوو پێکەوە بچنە سینەما، بە وەسەریەک‌خستنی خەرجی ڕۆژانەی گیرفانیان بلێتی دیتنی نوێنەرێکی تایبەتیی دەوڵەتیان دەکڕی‌و پاشان داستانی ئەو نەوەد دەقیقە دیدارەیان چەند سەعاتی لەسەریەک ئەوەندە بەکارامەیی دەگێڕایەوە کە ئەگەر کەسانێکی دیکە ئەو دیدارەیان کردبایە قەت نەیان‌دەتوانی ئاوای بگێڕنەوە.

هەواڵنووسان هەمیشە هاوپەیمانێکی بەهەیبەتی پەرویز بوون. چەندساڵ پێشتر کاتێک ڤیزایەکەی تەواو ببوو، هەرئەو سەروتارنووسە کە پێشتر قسەی دەگەڵ کردبوو، بە نووسینی نامەیەکی توندوتیژ دژی سیاسەتی دەوڵەتی ئەڵمان کە دژی وەرگرتنی کۆچبەران بوو، ئەوی لە دیپۆرت‌کرانەوە ڕزگار کردو ئێستا دەبوو پەنا بۆ کێ بەرێ؟

لەکاتێکدا دەفکرەوە چووبوو، تەلەفون زەنگی لێ دا. هەرئەو دەنگی پێشـــوو گوێچکەی پڕکرد: "بەداخم پەرویس! بەیانییەکی زۆر ناخۆشو شــێتکەرە. گوتت دوێشــەوێ بۆخۆت لە میکۆنووس بووی؟"

"بەڵێ، وام گوت."

"کەوایە دەبێ دەسبەجێ پێکەوە قسە بکەین."

قاوەخانەی کرانتســلێر(Kranzler) ڕاســت وەک ٢٠٠ســاڵی کارکردنی لە زۆربەی چێشــتەنگاواندا پڕلە موشــتەری بوو. یەک لە خزمەتکارەکان کە جلوبەرگێکی ســووری بەڵاڵووکیی بە مارکی بازرگانیی قاوەخانەکەوە دەبەردا بوو، پەرویزی لەپشت مێزێکی دووکەسی داناو کورســیی دووەم ماوەیەکی کورت بەچۆڵی مایەوەو بەوپەڕی خۆشــحاڵییەوە هاوڕێی لەمێژینەی کە دەکرێ بڵێین ئەوی وەلا نابوو پەیدا بوو، بەوجۆرە کە پەرویز هەستی پێ کرد کابرا خەمۆکو حاڵپەرێشان دیار بوو. ئەوکوردانەی مردبوون میوانی پارتی سۆسیال دێموکرات بوون کە ســیاســەتەکەی ڕۆژنامەکەی ئەوان بڵاوی دەکردەوە. ئەوە کە حیزبی ناوبراو نەیتوانیبوو پاراســتنی میوانەکانی دابین بکا، بەتایبەتی بۆ ئەو نوســەرەی ڕۆژنامە کە یەکێک لە لایەنگرانی خۆولاتیی ئەم حیزبە بوو، شتێکی زۆر ناخۆشو زیانبار بوو.

هیچکام لەو دووپیاوە -لەترسان- باسێکیان لەو بابەتانە نەکرد کە بێگومان بەبیریاندا دەهاتن. پەرویز دڵنیا بوو کە پیاوکوژەکان بەزوویی بۆ کوشــتنی دێنەوە، بەڵام لەوبارەیەوە هیچی نەدەگوت. لایەنەکەی دیکەش بەڕوونی دیار بوو هەستێکی وای هەیە کە پێی وابوو پێویست نیە دەریببڕێ. پەرویزی بێباکو قســەلەڕوو هیچکاتێک وەک ئەو بەیانییە خەمهێنەرو هەورە، لەحاڵێکدا لە ژووری باڵەخانەکە چاویلکەی هەتاویی لەچاودا بوون، داوای نەکردبوو ناوی لە وتارێکدا نەنووسن. پەرویز دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی وردەکاریی ڕووداوەکانی شەوی ڕابردوو. ئەمە دووەمین جار لەو سەدانجارە بوو کە دواتر ئەوباسەی دێنایە گۆڕێ. لەبیرمانی ڕووداوەکە خەموخەفەتی وی ئارام نەدەکردەوە چونکە هێشــتا دەبوو لەئازاردا بێ، لەبەرئەوەی دڵنیا بوو پیاوکوژەکان دەیانەوێ ئەویش بکوژن.

چەند پرسیاری یەکەم، ئامانجی دوکتۆری لە کۆنفرانسی بێرلینو دواتریش وەختی نانخواردن دەگەڵ هاونیشــتمانە دوورولاتەکانی بەتەواوی ڕوون کردەوە. کاتێک پەرویز لەبارەی ناڕوونیی

کاتی دیدارەکەو تەلەفونکردنی نووری‌یەوە قسەی دەکرد، تاقەتی لەبەر بڕابوو،و تاوەختێک لێیان پرسی: "ئەتۆ چۆن بە زیندوویی دەرچووی؟" بە پشتبەستن بە بیرەوەری‌یەکانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە لێیان دەکردن.

نەختێک ڕاوەستاو دەفکرەوە چوو. داخوا بە زیندوویی دەرچووبوو؟ بەوجۆرە کە ڕۆژێک پێشتر هەستی دەکرد ئەو ڕۆژە وای بیر نەدەکردەوە. دەتگوت ئەویان هاویشتۆتە پەراوێزی ژیانەوە. لەنێو دووحاڵەتی لێکجیادا گیری کردبوو: هەم وشیاری‌و ژیری‌و هەم گێژی‌و داماوی. دووبارە دەستی بەقسە کردەوەو ئەمجارە بە شێوەیەکی ئاگایانە مەبەستەکانیی دەربڕین:

"دەوری سەعات یازدە لە نانخواردن ببووینەوە خەریکی قسان بووین. یەکێک لە بەشداران لە دوکتۆر شەرەفکەندیی پرسی داخوا کوردەکان خوازیاری جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی خۆن! ئەو ڕەخنەی توندی لەو پرسیارە گرت‌و گوتی گەلی وی جیاوازی‌خواز نین‌و بە پێ‌داگرتنەوە گوتی کوردەکان زۆر لە فارسان ئێرانیترن‌و خوازیاری سەربەخۆیی نین‌و خوازیاری خودموختارین. دەیگوت مەسەلەی گرنگ ئەوەیە بە چ‌شێوەیەک ئۆپۆزیسیۆن بەدژی ئەم ڕێژیمە یەک بخەن. ئەمن پشت لە دەرگای چوونەژوورو ڕووبەڕووی دوکتۆر دانیشتبووم‌و لەنەکاو لەنێو هەموو ئەو وتووێژانەدا هەستم کرد کەسێک لە نیزیک من ڕاوەستاوەو ئاوڕێکم وی‌دا. وا دەهاتە بەرچاو کە تەمەنی سی یان سی‌وپێنج ساڵ بێ‌و دەمامکی کردبوو. پاشماوەی مەسەلەکان وەک بریسکە ڕوویاندا. کابرا تیربارێکی بەدەستەوە بوو بەڵام ئەمن نەمدەتوانی بی‌بینم، چونکە لەبن شتێکدا، وەک دەسرۆکەیەکی شین، یان لەنێو شتێکی دیکەدا شاردبوویەوە، نازانم. جنێوی پێ‌داین، بەڵام دەبێ ببوورن چونکە ناتوانم قسەکانی وی دووپاتە بکەمەوە. پاشان ڕووداوەکە هاتە پێش: چل‌گوللە - لەوانەشە زیاتر- تەقێندران. ئەمن بە خۆ فڕێدان بۆ بن مێزەکە گیانی سلامەتم بەدەر برد."

پرسیاری دواتر کە دواپرسیاری ڕاپۆرتنووسەکە بوو،و پەرویزیش هاتبوو وەڵامی بداتەوە، ئەوە بوو کە:

"پێت‌وایە کێ لەپشت ئەم ڕووداوەوەیە؟"

ئەو لە وەڵامدا گوتی: "بێگومان ڕێژیم لە تاران."

پیاوکوژان زۆرجار سەری شوێنی تاوانەکە دەدەنەوە. ئەوانەی دەبوو بش‌کوژرێن، بەحاڵەتێکی تێکەڵ بەترس‌و خۆف دەچنە ئەوێ. دەوری نیوەڕۆیە، پەرویز لە شەقامی پڕاگەر(prager) بوو، لە دوورەوە حەشیمەتێکی زۆری لەوسەری شەقامەکە بەرچاو کەوت. هێندێ ئەفسەرو نەفەراتی پۆلیس بە جلوبەرگی ڕەسمی‌یەوە لەپێش ڕیستوورانەکە کە لەسەر ڕێگای شارەوانی هەڵکەوتبوو، دەهاتن‌و دەچوون. هێندێ کەسی دیکە کە دەستەوانەیان دەدەست کردبوو، خەریکی کاری خۆیان بوون‌و ئەو جانتایانەیان دەپشکنی کە گومانیان لێ‌دەکرا. چەند کەسی دیکەش کەلکیان لە شریتی ڤیدیۆ وەردەگرت‌و وەک زاناکان هەموو شتێکیان چاو لێ‌دەکرد. یەکێکیان بەتەواوی وا دەهاتە بەرچاو کە تووشی بەدگومانی بووەو لە تەنیشت کەپری هەمیشە سەرسەوزی ئیدارەی پۆلیس لەپەستا هاتوچۆی دەکردو چەندین جار دەچووە چوارڕێیانی شەقامەکەو دەگەڕایەوە.

لە دەرەوەی ڕێبەندانەکە، دەیان میکرۆفۆن دەنگیان لە هەواداو لەسەر سەری تەماشاچی‌یەکان دەزرینگایەوە. هەواڵنووسان بێ‌وەستان وەدوا لێکۆڵەرەکان دەکەوتن‌و بەدەنگی بەرز پرسیاریان لێ‌دەکردن. کارمەندانی ڕووگرژی تەلەڤزیۆنەکان بەپێش کامێراکاندا دەهاتن‌و دەچوون‌و بەجۆرێکی پڕجۆش‌وخرۆش قسەیان دەکرد. وێنەی دروستکراوی سێ کەس لە تۆمەتبارکراوەکانیان، کە زۆرکەم وەک پیاوکوژەکان دەچوون، بەنێو خەڵکدا دەگێڕا. تیتری ڕۆژنامەکانی سبەینێ خەریک‌بوو ئامادە دەکران:

**"سەددام فەرمانی دابوو پیاوکوژی‌یەکەی بێڕلین وەڕێ بخرێ: بۆکوشتنی هەرکوردێک پێنسەدهەزار مارکی ئەڵمانی دەستخۆشانە دراوە."**

**"کوژران لە کاتی شێوخواردندا: چوار پیاو لەئاکامی خەبات بۆ وەدەستهێانی دەسەڵات لەنێو حیزبێکی کوردیدا گیانیان لەدەست دا."**

وەختێک پەرویز منداڵ بوو، جارێکیان دایکی داوای لێ‌کرد هێندێ جلکی شۆراو بەرێتە سەربانی‌و بەتەنافیاندا بدا. ئەو کە هێشتا شەش‌ساڵەبوو، قبووڵی نەکرد. دایکی دووبارە تکای لێ‌کردەوە. دیسان لەجێی خۆی نەبزووت. دایکی بەڵێنی دا نوقڵانی بداتێ بەڵام ئەو تەماع نەیگرت. لێی‌دا، ئەویش لەگریان بەولاوە کارێکی نەکرد. ئەمجار زۆر توندی لێ‌دا، ئەویش توندتر

www.rabari.org

گریا. سەرەنجام دایکی دەستی هەڵێناو بە دەنگێکی توندوتیژ کوڕەکەی بەناوی "فەنەر" بانگ کرد. چونکە هەرچی زیاتر تینی بۆ دێنا، ئەو دووبارە خڕ دەبۆوەو هەرچەندی پتر خڕ دەبۆوە، شەڕانی‌تر دەبوو،و بەتوندی بەرگریی لەخۆی دەکرد.

لەشەوی ڕابردووەوە تائەودەم بەتوندی کەوتبووە ژێر پاڵەپەستۆ. گوێڕاگرتن بۆ درۆو دەلەسە دوازەبر بوو کە وێی دەکەوت. بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک دەفکرەوە چووبوو. دەی‌توانی بچێتەوە ماڵێ... "بێدەنگ بمو لە هەر گومانو خەیاڵێک بترسم؟"

بەباوەڕی وی لەمەیداندەرچوون ڕاست وەک مردنی ئەوانی دیکە دەبوو. چەند ئابڕووچوونێکی گەورەیە کە ئەمن بە زیندوویی دەرچووم. بەڵام بەخۆی دەگوت: ئێستا قسە بکە، قسە بکە!

بەنێو حەشیمەتەکەدا تێ‌پەڕی‌و لەڕاست ڕێبەندانی ئیدارەی پۆلیس لەحاڵێکدا تەماشای هەمووانی دەکرد، ڕاوەستا، ترس‌و ڕقهەستاوی جارێکی دیکە بەسەریدا زاڵ بوون. چونکە بۆ بیرکردنەوە لەو بگرەوبەردەیەی دەوری دابوو، زەحمەتێکی بەخۆی نەدابوو، بەجارێک دەمارەکانی (اعصاب)ی تێک‌چووبوون. هەرکەسێکی سەرڕەشی لەنێو حەشامات چاو پێ‌کەوتبا سەروکەللەی دوکتۆری وەبیر دەهاتەوەو زەبرێکی توند لە ئەعسابی دەدرا. بەوحاڵەش، بەلاڵەپەتە هەمووی بێدەنگ دەکردن.

"تکایە هەمووتان گوێ بگرن. ئەمن لەم ڕێستوورانە بوومو دەگەڵ ئەو چوارکەسەی گیانیان دانا لەسەر ئەمێزە دانیشتبووم. دەتوانم بەوردی پێتان بڵێم چی ڕووی‌دا."

بێ‌سەرەوبەرەیی‌و شێواوی ڕووی‌کردە ڕێک‌وپێکی. دووربینو میکرۆفۆنەکان لەبەر دەمی پەرویز بەڕیز بوون.

پێش نیوەشەوی نۆزدەی سێپتامبری ١٩٩٢، بڕوونۆ یۆست بەوردی لەو هەڵلاو هەنگامەیەی دەکۆڵیەوە، بارودۆخێکی هەژێنەرو سامناک کە هەرگیز لە ژیانیدا نەی‌دیبوو. قسەی دەگەڵ هاوکارانو پۆلیسی ناوچەیی‌و فیدراڵ کردبوو،و نووسراوی پێوەندیدار بە قسەی شایەتەکانی خوێندبۆوەو لەو ڕاپۆرتانە ورد دەبۆوە کە بەدەستی دەگەیشتنو ڕەخنەیان تێدابوو. زۆری نرخ بۆ ئەو زانیاری‌و ئاگاداری‌یانە دادەنا، دیارە نەک‌هەر لەبەر ئەوە کە زانیاریی ئەویان لەبارەی ڕووداوەکەوە زیاد دەکرد، بەڵکوو چونکە دەبوونە پێوانەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی‌و ناڕاستیی زانیاری‌یەکانی دواتریش.

لەنێو زۆربەی ئەو شـــتە هەژێنەرانەدا کە بۆی دەردەکەوتن، بابەتێک هەبوو کە بەفکری هیچ کەس، تەنانەت ئەوانەش کە بەزیندوویی نەجاتیان ببوو، نەگەیشـــتبوو: کەتنێکی وا گەورە بەبێ کۆمەگ‌و دەسکیسیی مەحرەمێکی خۆیی بەو ئاسانی‌یە جێبەجێ نەدەکرا. کەسێک لە ڕێســـتووران هاوکاریی پیاوکوژەکانی کردبوو. داخوا ئەو هێشـــتا ئاوارە بوو یان یەکێک لە کوژراوەکان بووو؟ ئەم مەسـەلەیە یەکێک لە یەکەمین پرسیارگەلێک دەبێ کە لە حەوتووەکانی داهاتوودا دەبێ لێی‌بپرسرێن.

زیاتر لە زۆربەی لێکۆڵەران توانای دۆزینەوەی شتە نهێنی‌یەکانی هەبوو، بەڵام خەڵکی دیکە ئەوەیان نەدەدی. یەکەم چونکە، یۆست خۆی بە خزمەتکاری سەروەرو باڵادەستێک دەزانی کە ناوی قانوون بوو. ئەو هیچ‌کات تەنەخیی لە قبووڵی ڕەنج‌و ماندووبوونی لێکۆڵینەوە نەدەکرد. ئەو ڕێزی بۆ ڕاسپاردان (واسیتەکان) دادەنا بەڵام متمانەی پێ‌نەدەکردن‌و ئەمە شێوەکارێک بوو کە دەرهەق هەموو ئەوکەســـانەی ڕاپۆرتیان پێ‌دەدا لەبەر چاوی دەگرت. ئەو بەدەگمەن چووکترین کارەکانی بە یاریدەرەکانی دەســـپارد. ئەو پێی وابوو کارامەیی لە کۆکردنەوەی زانیاریدا دەبێتە مایەی ڕوونیی ئەو وردەکاری‌یانەی لە ڕاپۆرتدا ڕەنگ دەدەنەوەو لەوە دەترســـا کە کارمەندێکی دەوڵەت مەبەستێک کە لە زمانی شایەتێکی ڕووداوێکەوە دەی‌بیسێ ڕاست بەپێچەوانە یادداشت بکا.

جگە لەوە، ئەو هەرگیز ئیددیعای نەدەکرد لەوکەســـانەی دیداری لەگەڵ کردبوون، یان ئەوکەســـانەی وتووێژی دەگەڵ دەکردن یان ئەوانە کە مەودای نێوان چەند جێگایان بڕیبوو،و ئەو هەرگیز نەی‌دیبوو، بەتواناترو ئاقڵترە. بۆ ڕاکێشـــانی ڕێزی هاوکارەکانی‌و بۆ خۆپاراســـتن لەوەی هەرگیز پێی‌بلێن دوچاری هەڵە بووە چونکە لەشـــوێنی ڕووداوەکە ئامادە نەبووە، هەمیشـــە بۆچوونەکانی ئەوانەی قبووڵ دەکرد کە لە نەبوونی خۆیدا کاری زۆر گرنگ‌و سەختیان وەئەستۆ دەگرتن‌و بەکارامەیی تەواوەوە ئەنجامیان دەدان.

پاشـــان، یۆســـت پیاوێکی خۆبەکەمگر بوو،و ڕەفتاری خۆبەکەمگرانەی دەبووە هۆی ئەوەی خەڵک زۆر بایەخی پێ‌نەدەن‌و تەنیا شتی بەقیمەت کە بووی ئەڵقەیەکی زێڕ لە قامکی دووەمیدا بوو، ئەوەندە هەمووجارێ لەبەرامبەر هاوکارەکانیدا ســـەری دادەنواندو ئەوەندە بەڕێزەوە گوێی بۆ قســـەی هەمووان ڕادەگرت کە تەماشـــاکەران، پســـپۆڕان، یان ئەفســـەرانی پۆلیس بێ‌هیچ لەڕوودامانێک‌و بەجۆرێک لەلای وی قسەیان دەکرد کە دەتگوت بۆخۆی دەیەوێ گوێ هەڵخا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بۆئەوەی دڵئارامی بدا بە ژێردەستەکانی، هەروەک لە ڕوخساریشیدا دیار بوو، زەردەخەنەیەکی دەکرد. ئەگەر کەموکوڕی‌یەک لە تایبەتمەندی‌یەکانی یۆستدا هەبووایە، نەدەبووە کۆسپی سەر ڕێگای لەسەرەخۆیی‌یەکەی. لەڕاستیدا هیچ مەسەلەیەک نەی‌دەتوانی سەبرو سیکەدانەو هاوسەنگی لەو بستێنی‌و هیچ‌شتێک نەدەبووە هۆی ئەوەی یۆست دەست لە کارە بەسوودو باشەکانی بکێشێتەوە: نە خەفەتخولقێنیی مەئمورانی پارێزەری خۆی، نە سیمای ساردو بێ‌گیانی ئەو تەرمانە کە بەوردی لێی‌کۆڵینەوە، نە ناڕەحەتی‌و گریان‌و شیوەنی ئەو تەماشاکەرانەی سام گرتبوونی‌و نە تەڵەکەبازیی ئەو گیراوانەی داستان لەسەر داستان هەڵیاندەبەست تا خۆ لە وەڵامی پرسیارەکانی بدزنەوە، هیچ‌شتێک نەی‌دەتوانی ئەو ئارامی‌یەی لێ‌بستێنێتەوە. چونکە هیچ ڕووداوێک نەی‌دەتوانی بەئەندازەی ئەو پێشهاتانە سەیرو سەمەرە بێ کە لەسەردەمی منداڵیدا بەچاوی خۆی دیتبوونی.

هەتا ئەوساڵەی چووە زانکۆ، لە بەشێکی شێتخانەدا دەژیا، بابی سەرپەرستی وێ بوو،و لە نیزیک شێتخانە ئاپارتمانێکی هەبوو. گەورەبوون لە دراوسێیەتیی شێتاندا یۆستی دەگەڵ شتی سەیروسەمەرە ڕاهێنابوو. نەڕاندنی لەنەکاو، روخسارە خەمهێنەکان، پەلاماری شێتانە، ڕێ‌وشوێنی سەیروسەمەرەو هەڕەشەی توندوتیژ ئەویان نەدەترساند. زۆرلەوەپێش فێر ببوو چۆن بڕوانێتە بێ‌سەرەوبەرەیی توندو سامناک‌و لێی تێ‌پەڕێ.

دواتەلەفون کە ئەوشەوە بۆ یۆستیان کرد لەلایەن یەکێک لە ڕێبەرانی کوردی عێڕاقەوە بوو کە ئەویش بۆ بەشداری لە کۆنفڕانسی پارتی سۆسیالدێموکڕاتدا[1] هاتبووە بێرلین. جەلال تاڵەبانی دەیەویست چاوی بە یۆست بکەوێ چونکە بەشی زۆری کاتەکانی ڕۆژی پێشتری دەگەڵ دوکتۆر بەسەر بردبوو. ترس لە پیاوکوژەکان، وای لە تاڵەبانی کرد لە ئاپارتمانی یەکێک لە دۆستانی وەمێنی‌و لەئاکامدا تکای لە یۆست کرد بچێتە سەردانی.

تاڵەبانی قسەکانیی دەست پێ‌کردو گوتی: "چەند مانگ لەمەوبەر، لەپاریس‌و دوایە لە کۆنگرەش، پێم‌گوتبوو کە پیلانێک بۆ کوشتنی لەئارادایە."

---

[1] -کۆنفڕانسی پارتی سۆسیالدێموکڕات نەبوو، کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بوو.-وەرگێڕ-

برادەرانی من لە شیمالی عێراق[1] هێندێ زانیاری‌یان لە بەکرێگیراوێکی ئێرانی کە لە شیمالی عێراق گیرابوو بەدەست هێنابوو. لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، ئەو بەکرێگیراوە هێندێ زانیاریی دەربارەی پیلانێکی تاران درکاندبوو کە ئامانج لە جێبەجێ‌کردنی ئەوە بوو بەکوشتنی ڕێبەرەکەیان، هەموو کوردەکان بەچۆکدا بێنن. بەڵام کاتێک ئەو مەسەلەیەم بە دوکتۆر گوت، هیچ‌کاری تێ‌نەکردو گوتی: "ئەتۆ شتێکی تازەم پێ‌ناڵێی. دیارە دەیانەوێ بم‌کوژن. سەددامیش دەیەوێ تۆ بکوژێ. شتێکم پێ‌بڵێ کە ئەمن نەی‌زانم. پێم وابوو دەوڵەتی ڤیەن هۆشیاریان دەکاتەوەو هانیان دەدا کە پاراستنی خۆیان بەهێزتر بکەن. بەڵام وادیارە ئەو کارەی نەکردوە."

دیسان ڤیەن. بۆ دووەمین‌جار لەماوەی سی‌وشەش سەعاتدا ناوی ئەو شارە کەوتبووە سەر زاروزمانانو پێش ئەوەی وتووێژەکە تەواو بێ یۆست لە دەفتەری یادداشتەکەیدا بەخەتی درشت نووسی: ڤیەنو جغزێکی بە دەوردا کێشا- وەبیرهێنانەوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆژەکانی دواتردا.

یۆست لەپشت هۆتێلەکە بیری لەو شتانە دەکردەوە کە لە تالەبانیی بیستبوون. سیاسەتمەداران کەسانێکی سەرسەخت بوون کە دەبوو متمانەیان پێ‌بکرێ، بەتایبەتی کەسانی بەئاواتو ئارەزوو کە لە تاراوگە دەژیان. یۆست لەوە خۆشحاڵ بوو کە بێ‌ئەوەی داوا بکا ئەو مەسەلانەیان دەگەڵ هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام بێجگە لە چەند دەنگۆیەک هیچی دیکەیان نەدەدایە. ئەوەی لە هەمووانی پتر گومان لێ‌دەکرد، هێشتا هەر تاقمی چەکداری پەکەکە بوو.

کاتێک گەیشتە ئەوهوتێلەی لێی دەمایەوە، سەعات ٣ی بەیانی بوو،و قەرار بوو ڕۆژی دواتر سەعات هەشتی پێش‌نیوەڕۆ دەست پێ‌بکا. لەنێو مەلافەکاندا ڕاکشاو خەو وەک بێهۆشی خێرا دایگرتو خەوی لێ‌کەوت.

یووسف ئەمین بە بێداری لەنێو قەتارێکدا دانیشتبوو کە دەچووە شاری ڕاین (Rhine) لە نۆردرهەین وێستفالێن (Nordrhein-Westfalen) کە چوارسەد مایل لە بێرلین دوورە. بە وشیاری دانیشتبوو چاوی لە دیمەنەکان دەکرد کە بەخێرایی تێ‌دەپەڕین، دەتگوت لێبووردن شتێکە بە تەماشای ئەو دیمەنانە بۆی دێتە خوارێ. پاش تێپەڕین لە تونێلێک کە دیوارەکانی بە

---

[1] -بەدوور دەزانرێ مام جەلال باسی شیمالی عێراقی کردبێ. ئەمە زیاتر وەک قسەی نووسەر دەچێ.-وەرگێڕ-

دروشمی جۆراوجۆر داپۆشرابوون، بە تەنیشت زۆر مەزرا، گاراژی گەورە، پرد، ڕووبارو ماتۆڕی ئاویدا تێ‌پەڕی. دیمەنەکان تەواو بوون بەڵام بیرو ئەندێشـــەی وی تەواو نەدەبوو. ئەو هەر بیری لەوە دەکردەوە کە لە بێرلین چی ڕووی دابوو. پێی وابوو لە ژیانیدا هیچ کەموکورتی‌یەک نیە بەومەرجە بتوانێ ڕۆژی حەڤدەی سێپتامبر، یان چەند سەعاتێک، تەنانەت پێنج دەقیقە لەو ڕۆژە لە یادی خۆی بسـڕێتەوە. پێنج دەقیقە ئاواتێکی ئاقڵانەو مەنتیقی‌و بۆ گەیشـتن بە ڕاسـتی ماوەیەکی زۆر کورت بوو.

چوونەوەماڵ بۆئەو شتێکی ئارامبەخش بوو، نەک‌هەر لەبەر ئەوەی لە مەترسیی گیران ڕزگار ببوو، بەڵکوو چونکە لەدەستی کەسانێک ئاسوودە ببوو کە ڕۆژگارێک ئەوانی بە دۆستی خۆی دەزانی. چوار ڕۆژ پێشتر گیروگرفتەکانی دەگەڵ وان دەستیان پێ‌کرد، ئەویش کاتێک بوو کە هەموو پێکەوە لەپشت مێزی قاوەخانەیەک لەسەر پیادەڕێ دانیشتبوون. سەردەستەی تاقمەکە بە بێ‌موبالاتی‌و بەسـەری زمانی لێی‌پرسـی: "ئەگەر داوات لێ‌بکەم کەسـێک بکوژی، داخوا ئەوکارەم بۆ دەکەی؟"

سـەردەسـتەی تاقمەکە کە پیاوێکی زۆر ڕەزاگران بوو، کەسێک نەبوو کە یووسف حەز بکا بی‌بینێ. لە قسـەکردندا لەپەسـتا مینگەمینگی دەکردو زمانی هەڵدەنگووت: "دەزانی ئمممم، بەڵام براگیان ئاخخخ، پێم‌خۆش بوو بتوانم، ئاا بەڵام ئێسـتا بەرپرسـایەتیم هەیە، بەرپرسـایەتیی بنەماڵە، دەزانی."

سەردەستەی تاقمەکە دەستی هەڵێناو ڕای‌وەشاندو گوتی: "ئەگەر شتێکم گوتوە، بم‌بوورە، تەنیا گاڵتە بوو دەمکرد."

ئەندامانی دیکەی تاقمەکە سەرکۆنەی یووسفیان دەکردو بە پیاوێکی ترسەنۆکیان ناو دەبرد. بەڵام ئەو تەسلیم نەدەبوو. لەحاڵێکدا یووسـف لە بنەماڵەکەی دوور کەوتبۆوە باش تێ‌گەیشـتبوو کە ژیانێکی پڕ مەترسیی هەیە، بەڵام سەرەنجام سەردەمێکی خۆش لەژیانی بۆ ڕەخسا. لاو بوو (بیسـتوپێنج‌سـاڵە). کچێکی هەبوو،و پێش مانگی نۆڤەمبر، یەکەمین سـاڵوەگەڕی زەماوەندی، لەوانە بوو کوڕێکیشی ببێ.[1]

---

[1] - مەنتیقی نیە لە یەکەم سـاڵوەگەڕی زەماوەندا دایکێک دووجار منداڵی ببێ، بەڵام چونکە لە دەقی نووسـراوەکەدا وابوو دەسـتمان لێ‌نەدا. -وەرگێڕ-

خۆبواردن لە پیاوکوشتنی زۆرگران بۆ تەواو بوو. تاقمی ناوبراو ئیدی متمانەیان بە یووسف نەبوو. ڕەفتاری بێتێبینیی‌و سەربەخۆیانەی ناوبراو کە زیاتر ڕەفتارێکی بێزەرەروزیان بوو، ئێستا تاقمی ناوبراو بەنیشانەی لاوازی‌و بێتواناییی‌یان دەزانی. ئەوان چاویان لەسەر هەڵنەدەگرت‌و لە ڕۆژەکانی پێش حەڤدەی سێپتامبردا ئیزنیان دا چەند دەقیقەیەک ئەوان بەتەنیا جێبهێڵێ‌و تەنیا تەلەفون بۆماڵێ بکا. هاوسەرەکەی داوای لێدەکرد بچێتەوە ماڵێ، بەڵام ئەو گوتی: "ناتوانم، ئیزنم نادەن." وەختێک بۆی دەرکەوت ئەوان بەجارێک دژی وی هەڵوێستیان گرتوە کە لە ئاخر نیوەڕۆدا، بە تاقیتەنیا لە ئاپارتمانەکەدا مابۆوە. کاتێک هەموو ئەندامانی تاقمەکە چوونە مەئموورییەت، بڕیاریدا خێرا بچێتە دیسکی تەلەفون کە لە سووچێکی ئاپارتمانەکە بوو تا تەلەفون لە هاوسەرەکەی بکا. بەڵام دەرگا نەکرایەوە. دەرگاکەیان داخستبوو، نەشیتوانی کلیلەکە بدۆزێتەوە.

ئەو پێوەبوونە بۆ یووسف ئەزموونێکی بەنرخ بوو. ئەو پازدەیەمین منداڵی بنەماڵەیەکی هەژاری خەڵکی لوبنان بوو. باوەڕی وابوو کە بۆخۆی نوسخەیەک بێ لە یووسفی کوڕی یەعقووب کە لە ئینجیلدا باسی هاتوە. ئەویش لە تەمەنی لاوەتیدا لە بنەماڵەکەی جیا بۆوەو بەدوای بێگانەگەلێکدا دەگەڕا کە هێندێ خوو و خدەو تایبەتمەندییان تێدا بدۆزێتەوە کە ئەندامانی بنەماڵەکەی نەیانبوو.[1]

یووسف سەرەنجام چاوی بە عەبباس ڕایل (Abbas Rhayel) کەوت. هەرچەند ناوبراو سێسال لە یووسف چووکتر بوو، بەوحاڵە بە براچووکی خۆی قبووڵ کرد. کاتێک عەبباس بڕیاری دا بچێتە بەیرووت، یووسفیش دەگەڵی چوو. وەختێک عەبباس دەگەڵ ڕێکخراوی حیزبوڵڵا کەوت، یووسفیش چاوی لەو کردو کاتێک بۆ فێربوونی ڕێوشوێنی خەبات، چووە ئۆردووگایەکی نهێنی لە ئێران، یووسفیش ڕەگەڵی کەوت‌و سەرەنجام ڕۆژگارێک کە عەبباس لە ساڵی١٩٨٩دا ڕووی کردە ئورووپا، یووسفیشی دەگەڵ بوو. هەردووکیان چوونە مەجارستان‌و لەوێڕا قاچاخچییان بەنهێنی بردیاننە ئەڵمان. عەبباس ڕێنوێنی یووسف‌و کەسێک بوو کە دەبوو کارێکی بۆ بدۆزێتەوە، با کارێکی خەراپکارانەش بێ‌و بۆئەوەی بیباتە کۆمەڵگایەکی دیکە،

[1] - بەپێی کتێبە ئاسمانییەکان یووسف بەخۆشیی خۆی لە بنەماڵەکەی دانەبڕاوەو بەویستی خۆشی نەچۆتە نێو بێگانان لە وڵاتی میسر. -وەرگێڕ-

با کۆمەڵگایەکی خەتەرناکیش بێ، ڕۆڵی پردو بوارێکی پەڕینەوەی یاری دەکرد. ئەویش یەکێک لەوکەسانە بوو کە ئەوشەوە چوونە ڕێستوورانەکەو چوار فیشەکی دوایی ئەو تەقاندنی.

کاتێک قەتار گەیشتە شاری ڕاین، یووسف تەواو خۆشحاڵ بوو، کەوتە یادی هاوسەرەکەیو دڵی پڕ بوو لە هومێد. ئیدی بیری لە هیچ شـــتێکی ناخۆش نەدەکردەوە کە لە وڵاتێکی ئەمینو ئاسوودەدا ژیانی لێ تێک‌بدا. تەنیا شت کە دەبوو کەمێک لێی‌بترسێ سەرمای سەختی ئەو وڵاتە بوو. بەهەرحاڵ داهاتوو بەڵێنی خۆشی پێ‌بوو، بەڵێنێک کە یەکەمین نیشانەی -بە نەزەری زاوزێ‌ناسان- دوای شەش حەوتوو دەهاتە دی. ئەو ڕێگا نادا چەند دەقیقە ڕاوەستان لەبەر دەرکی ڕێستووڕانێک دواڕۆژی ڕەشو تاریک بکا. هەرچی بێ، ئەو خۆی لەپیاوکوشتن بواردبوو.

***

## -٦-

**چەند ڕۆژێکی بەدوای‌یەکدا، تارمایی گیانی دوکتۆر شـــەڕەفکەندیی خوالێخۆشبوو بەمێشکمدا ڕادەبرد هەتا سەرەنجام غیرەتم وەبەر خۆم‌ناو لێم‌پرسی چیی لەمن دەوێ. تارمایی گیانی وی بەخۆشـــحاڵی گوتی: "حاجی‌گیان، ئەمن کە پیاوێکی بەڕێز بووم، هەتا دڵنیا نەبم کە دراوی شێوەکەمان دراوە، هەرگیز دڵم ناحەسێتەوە."**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی

ڕۆژی هەینی، ٢٥ی سێپتامبر کە ڕۆژێکی خۆشو تاووساو بوو، هەموو نیشانەکانی ڕۆژێکی خۆشگوزەرانی کۆتایی هاوینی پێوە دیار بوون. بەڵام بۆ سەدانکەس لە تازیەداران لە گۆڕستانی سۆسیالیستەکانی بێڕلین کە بەری چاوی فرمێسکاویان تاریک ببوو، شانوشکۆی خۆی لەدەست دابوو.

ئەمنیەتێکی توند دابین کرابوو، ڕۆژی پێشتر، پیاوانی پۆلیس حەوشەکانو ناوچەی دەوروبەریان پشکنیبوو،و دەیانکەس لە ئەفسەرانی پۆلیس هاتوچۆی دیدارکەرانیان کۆنترۆڵ دەکرد. سالۆنی یادکردنەوە پڕلە حەشیمەت بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکیش لە دەرەوەی سالۆن چاوەڕێ بوون. کۆمەڵێک بەبێ هیچ ئامانجو مەبەستێک پیاسەیان دەکردو چەند کۆمەڵی چوارکەسیو پێنجکەسییش پێکەوە ڕاوەستابوون. وتووێژێک لەگۆڕێدا نەبوو، لەجیاتی ئەوە هەموویان بەتوندی جگەرەیان دەکێشاو دووکەڵەکەیان خێرا بەرەو یەکتر دەردەدا.

کاتێک دەرگای سالۆنی یادکردنەوەی کۆچکردووەکانیان کردەوە، پیاوێکی سەنگین کە یەکێک لە هاوکارانی نووری بوو، سەبەتەیەکی پڕلە گوڵی زەردو سووری پێبوو لەپێش هەمووانەوە دەڕۆیشت. ئەوانەی تابووتەکەیان هەڵدەگرت بەحاڵەتێکی خەفەتبزوێن، تابووتەکەیان هەڵگرتو وەڕێ کەوتن. هەموو ئەوانەی دەگەڵی بوون بێدەنگ بوون، چونکە وەختێک تابووتەکەیان دەبردە پێشەوە، قەلافەتی ئەو کەسانەی چاوەڕێیان بوون دەرکەوت: شۆهرە کە بەرگێکی ڕەشی دەبەردابوو، بەشێوەیەکی ئارامو سەنگین، بەدوای تابووتەکەدا کەوتە ڕێ. ساراش کە بنێشتی دەجوی لە تەنیشتیەوە بوو. لەکاتێکدا چاکەتێکی پەمەیی لەڕەنگی تەوێڵبەندەکەی دەبەردا بوو،و زەنگاڵێکی گوڵداریش بەلەکیی داپۆشیبوو، پێستە کەروێشکێکی بەدەستێکیەوە دەگوشیو دەستەکەی دیکەی بە دەستی مامۆستای هەرە خۆشەویستیەوە بوو. وا دەهاتە بەرچاو کە لەوهەموو خەفەتو ئازارە زیاتر توانای هەڵگرتنی هیچشتێکی دیکەی نیە. لە قەلافەتیڕا دیار بوو کە بۆ پیاسەکردن لە مەیدانێکی وەرزشدا ئامادەیە، نەک بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی پڕلە غەموخەفەتی بەخاکسپاردنی باوکیدا. لەسەر گۆناکانی هیچ دڵۆپە فرمێسکێک نەدەبینراو کاتێک بە چیمەنێکی بەریندا تێدەپەڕی، لە هەنگاوەکانیدا هیچ لەرزینێک نەبوو. هەنگاونانەکەی وەک ڕێزدانەنان لەلایەن کچێکی نەبالغ دەچوو. تەنیا مۆڕبوونەوەکەی ڕقوتووڕەیییەکی تێدا دەدرەوشایەوە کە بە هیچجۆر دەگەڵ پەیکەرە چکۆڵەکەی نەدەهاتەوە.

خزم‌ودۆستانی نیزیکیان دەگەڵ دایک‌وکچەکە دەڕۆیشتن. پەرویز چاوە هەڵگیرساوەکانیی لەپشت چاویلکە هەتاوی‌یەکەیەوە شاردبۆوەو وێنەیەکی نووریی بەدەستەوەو لاگووپێکی هەڵدابوو بەدڵسۆزی‌یەوە زەردەی دەهاتێ. لە تەنیشت پەرویز، مەهدی بوو کە پێڵووی چاوەکانیی هەڵدەگوشین تاپێشی هەڵەڕژانی فرمێسکەکانی بگرێ‌و لەحاڵێکدا زۆر نارەحەت بوو لەپەستا هەڵدەنگووت. هەودایەکی ناسکی دەملدا بوو کە چوار وێنەی شەهیدانی پێوە هەڵاوەسرابوو.

گەیشتنە ڕیزە پلیکانێکی بەردین کە هەردووبەریان بە چەپکە گوڵ‌و هێندێ وێنە ڕازاندبوونەوە. کاتێک لە پلیکانەکان هاتنەخوار، براکەی نووری لەپشت میکرۆفۆن ڕاوەستا. کەسێکی وەرگێڕ لەپەنای ڕاوەستابوو تا قسەکانی بۆ ئەو ئەڵمانی‌یانەی لەنێو حەشیمەتەکەدا بوون وەربگێڕێ -ڕاپۆرتنووسان، دۆستان‌و هاوکارانی شۆهرەو نووری‌و کادرێک لە نوێنەرانی پارتی سۆسیال دێموکرات.

"بەنوێنەرایەتیی بنەماڵەی نووری، سوپاسی هەمووانتان دەکەم کە هاتوونە ئێرە. داوایان لێ کردووم لەبارەی نووری‌یەوە قسە بکەم. لە هەلومەرجێکی دیکەدا، دەم‌توانی چەند سەعات، تەنانەت چەندڕۆژ قسەی لەسەر بکەم. بەڵام دەگەڵ ئەو زەبرە گیانی‌یە! ناتوانم تەنانەت یەک‌ڕستەی هەستبزوێنیش بەیان بکەم؛ بۆخۆتان دەبینن. تەنیا دەتوانم شێعرێک بخوێنمەوە کە بۆخۆی ساڵی ١٩٧٨ کاتێک لەئێران گەڕایەوە بۆی خوێندمەوە. ئەمرۆ دەرکەوتوە کە ئەم شێعرە داستانی ژیانی خۆی بووە."

ئەوانەی نوری‌یان دەناسی، چاوەڕوان بوون پێهەڵلاگوتنی نووری لە شێعرەکان، بەتایبەتی لەچەند بەیتێکی شاعیری نوێ‌پەسندو گرانقەدر ئەحمەدی شاملوودا، ڕەنگ بداتەوە. شێعرەکانی وی جۆرە هۆنراوەیەک بوون کە مەشخەڵی ئاوری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩یان لە دڵی ئەوشارنشینە لاوانەدا هەڵگیرساند کە ئێستا وەنێو کەوتوون. ئەم چەند دێڕە شێعرە سەرەنجام لەسەر بەردی گڵکۆکەی نووری هەڵکەندران:

**نەداستانێک بۆ گێڕانەوە**
**نەئاوازێک بۆ هەڵدان**
**نەدەنگێک بۆ بیستن**
**نەشتێک بۆ دیتن**

**یان بابەتێک بۆ زانین**
**ئەمن هاوبەشی ئەو ژانو ڕەنجەم**
**دە بۆم بناڵێنن**

شۆهرە لەسەر پلیکانە بەردینەکان دانیشتبوو. جارجار خەفەتبار دەهاتە بەرچاو؛ خۆی لەوانی دیکە دوور ڕاگرتبوو، نوقمی تۆفانێک فکر بوو. لەپڕ سەری کە بەپارچەیەکی تەنک داپۆشرابوو، لەبەرامبەر وێنەی نووریدا دانواند؛ بەدەستی کە هێشتا ئەڵقەی زەماوەندی تێدابوو زەبرێکی نەرمی لە قاپی وێنەکە داو پاشان لە دووری ڕاما. دەتگوت لە خەونێکدا نوقم دەبێ. ساتێکی پێنەچوو کە هاتەوە سەر خۆی، هەم خۆیو هەم گوڵەکانی ڕێکوپێک کرد. قامکی شادەی بەسەر شووشەکەدا خزاند. هەروا بزانە کاری نێوماڵ نابێ وەلا بنێو دەبێ تۆزوخۆڵ پاک بکاتەوە. لێوەکانی بە دووپاتەکردنەوەی وشەکانی ئەم شێعرانە بزووتن:

**لەفەزایەکی ئارامو ڕووناکدا، دەگەڵت گریاوم**
**لەبەر خاتری ژیانو**
**لە گۆڕستانێکی تاریکدا پێکەوە ئاوازێکمان گوتوە**
**جوانترین ئاوازەکان**
**چونکە مردووەکانی ئەمساڵ**
**گەورەترین ئازیزانی ژیان بوون**

سەدانکەس هاتبوون کە زۆربەیان ئەو ئاوارانە بوون کە نووری‌یان ڕاستەوخۆ، یان لەڕێگای ڕادیۆو تەلەڤزیۆنو وتووێژە تەلەڤزیۆنی‌یەکانەوە دیبوو، یان ناویان لە سەروتاری ڕۆژنامەکاندا دیتبوو. کەسانێکیش هەبوون کە هەرنەیاندەناسی. هەتا ساڵی ١٩٩٢و پاش گەورەترین کۆچی مێژووی مرۆڤایەتی، نیزیکەی یەک میلیۆن کەسی ئێرانی دوور لە نیشتمان دەژیانو زۆربەیان پەنابەر بوونو دەوری شەشهەزار کەسیان لە بێرلین نیشتەجێ بوون. بەیانیی ئەوڕۆژە، هەموو هاتبوونە گۆڕستان چونکە لە سەربردەیەکی پڕلە ڕەنجوئازاردا شەریک بوونو ئەو ڕەوتە بەئازارەیان بڕیبوو. چارەنووسی نووری ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ژیانیان بوو. دوای کۆدیتای ١٩٥٣و

لەسەرکارلابرانی سەرۆکوەزیری لایەنگرزۆر، موسەددیق، زۆر لە خوێندکارانی زانکۆکان چوونە وڵاتانی ڕۆژئاواو لەوێ کۆنفیدڕاسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی‌یان دامەزراند. بەو دەفتەرانە کە کۆنفیدڕاسیۆن لە ئورووپاو ئەمریکا کردبوونیەوە، کۆنفیدڕاسیۆن ببووە سیمبولی خەون و ئاواتێکی دیموکراتیک کە کۆدیتای ناوبراو لەنێوی بردبوو. دەیان‌کەس لە لاوانی سیکوولار یان مەزهەبی، لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوە. ئەوان گەلاڵەی کۆمارێکیان داڕشتبوو کە لەودا هەر وەرزێک دەورەیەکی هەڵبژاردن بوو. چەند نوێنەریان لەنێو خوێندکاران هەڵبژاردن تا نوێنەرانی شارەکان هەڵبژێرن، ئەوان نوێنەرانی وڵات هەڵبژێرن و نوێنەرانی وڵاتیش ئەندامانی کۆمیتەی ئیجرایی نێونەتەوەیی دیاری بکەن. بوودجەی خۆیان لەڕێگای وەرگرتنی هەقی ئەندامەتی‌یەوە دابین دەکردو بوودجەی ساڵانەی خۆیان چاپ و بڵاو دەکردەوەو هەموو ئەوکارانەشیان بەپێی ئایین‌نامەی یەکسانی‌خوازانەی خۆیان ئەنجام دەدان، ئایین‌نامەیەک کە پێشتر چاپیان کردبوو. کۆنفیدڕاسیۆن هەتا پێش کۆتایی‌هاتنی تێکۆشانی لەساڵی ١٩٧٠دا وەچەیەکی لەلاوان پێ‌گەیاندبوو کە هێندێ بژاردەی سیاسیی نوێ‌یان تێدا هەڵکەوتبوون.

دەیان‌کەس لە ئەندامانی نێوچاوان‌تێکناوی کۆنفیدڕاسۆنی پێشوو، هەرئەو ئیدئالیستانە بوون کە بەدژی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ ڕاپەڕیبوون هەتا ڕێگای هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی زۆر بەدفەڕو خەتەرناکتر تەخت بکەن، لەخوار پلیکانەکان ڕاوەستابوون و بەئارامی گوێیان ڕاداشتبوو. مەسەلەیەک کە ئەوانی زۆرتر ئازار دەدا هەر ئەوە نەبوو کە ببوونە قوربانی، بەڵکوو ئەوە بوو کە بۆخۆیان جەللادەکانیان فێر کردبوو،و پێیان‌گەیاندبوون و مردنی نووریش باری ئەوانی قورستر دەکردو لەکاتی بەخاک‌سپاردنی ویدا بەشێک لە ڕابردووی خۆشیانیان کە لەتێک بوو لەبوونیان، بەخاک دەسپارد.

نووری هەموو ئەوشتانە نەبوو کە لەدەستیان دابوون بەڵکوو هیواداریش بەشێک لەوان بوو. لەماوەی حەوتوویەکدا کە بیریان لە وردەکاری‌یەکانی تاوانەکەی ئەوشەوە کردبۆوە، گومانیان نەمابوو کە تاوانبارەکان دزەیان کردۆتە نێو ڕیزەکانیان؛ یەکێک لە نیزیکانی خۆیان خەیانەتی پێ‌کردبوون و لەبارەی نووری‌و کوردەکان و لەبارەی ئەو هەڵانەوە کە لەسەردەمی لاوەتیدا تووشیان هاتبوون بەتوندی لە رەنج و ئازاردا بوون. جگە لەوە لەپێوەندی دەگەڵ کۆمەڵی خۆشیاندا کە وەختێک یەکپارچەو لێک گرێدراو ببوو،و ئێستا لەبەریەک هەڵوەشابوو، بەسەختی لە ئازاردا

بوون. ترسو دڵەڕاوکێ لە دەرەوەی ئێرانیش بەدوایانەوە ببوو،و لەبێرلین ئەوانی دیتبۆوە. پەناگاکەیان ئێستا ئیدی ئەمنو ئەمان نەبوو.

کۆمەڵی بەخاکسپێران لەچەند ڕیزدا وەڕێ کەوتن. تازیەباران وێنەو ئاڵاو پۆستەرگەلێکیان بەدەستەوە بوونو بە ئاهەنگێکی ڕێک دەچوونە پێش تا سەرەنجام گەیشتنە شوێنێکی بەتاڵو چۆڵو بەئەڵقە لەدەوری یەکتر ڕاوەستان. بێدەنگی بەرقەرار بوو. ژنێکی قەڵەوە کە دەگەڵ شۆهرە بوو، ئاڵای ئێرانی لە جانتایەک دەرهێناو هەڵیدا. کارێک کە ئەوژنەو زۆرکەسی دیکە دەیانکرد لەڕووی خۆڕانانەوە نەبوو بەڵکوو لەهەستی دەروونییانەوە دەهات. چەندکەسێک خیرا لەپشت ئاڵا ڕەنگ سەوزو سپیو سوورەکە ڕاوەستان. هەموویان لەپەنای ئەوو ئاڵایەکە ڕاوەستانو ئاڵاکەیان بەدرێژایی شوێنەکە هەڵکرد. هەموو ئامادەبووان غەمو خەفەت دای گرتبوون، بەڵام بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە شانازی. چونکە نووری دەبوو لە گۆڕستانی سۆسیالیستەکانی بێرلینو لە تەنیشت بەناوبانگترین شۆڕشگێڕانی ئورووپا بەخاک بسپێردرێ. دەنگی شەیپوورێک لە باغەکانی نیزیک وێ بەرز بۆوە. ئەوە کە شەیپوورژەنەکە دیار نەبوو هەیبەتێکی پتری بە دەنگی شەیپوورەکە دەداو ئاوازەکەی بۆ زۆربەی ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە ئاوازێکی ناسراوی سەردەمی لاوەتییان بوو. بەهۆی ئاوازی پڕهەستی "ئینتەڕناسیۆناڵ"ەوە لێوی هەموو بەشداران کەوتبووە جموجۆڵ:

"ڕاپەڕن ئەی ئازارچێشتووانی جیهان، ڕاپەڕن، ئەی ئەوانەی تووشی برسیەتی بوون..."

دوای تەواوبوونی ئاوازەکە، شەش پیاوی بەخۆوە کە جلوبەرگی ڕەشیان دەبەردا بوو، سندووقێکی داری سووروزەردیان دەقووڵکەکە هاویشت. شۆهرە بەسپایی هاتە پێشەوەو تەماشای ژووری قووڵکەکەی کرد. ئەو قووڵکە تازەهەڵکەندراوە سیمبولی نوێنگەی ڕێزگرتن لە کەسانێک بوو کە نەیاندەتوانی پارێزگاری لە خۆیان بکەن. شۆهرە لەنێو ئەو قووڵکەیەدا بارودۆخی ڕۆژانی داهاتووی خۆی بەدی کردو ئۆگرییەکەی بە خۆشیو ناخۆشییەکانی ژیان کۆتایی هات. لەسەر لێوی قووڵکەکە چۆکی دادا، بەرگێکی ڕەشی دەبەردا بوو، دەستەکانیی بەدەوری بەشی سەر بەلەکی داوێنەکەیدا لێک گرێدا. وەک قاڵاوێکی داماوو تەنیا دەچوو،و لەپەستا خۆی ڕادەژاند.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لەبن لێوانەوە دەیگوت: "ئای، خومەینی... ئای، خومەینی..." دەتگوت ئەو ڕێبەرە هێشتا زیندوویەو دەتگوت هێندە لەنیزیکەوە ناسیویەتی کە لە بەکارهێنانی هەموو ناوونیشانو لەقەبێکی خۆببوێرێ.

بۆ بێزاریدەربڕین دژی دوژمنێکی لەمێژینە، بە ئاوازێکی هەقبەدەستانە پەیتاپەیتا "ئای، خومەینی... ئای، خومەینی..."ی دووپاتە دەکردەوەو خۆی ڕادەژاند. بە هەردوو دەستانی دەموچاوی خۆیداپۆشی. پاشان دەستی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە. ئەمجار چنگی لەگڵی نەرم گیر کرد. حەشیمەت بەزەحمەت هەناسەیان دەداو فرمێسکەکانیان هەڵدەڕژان. چەندکەس لە خزمەکانی خێرا هاتنە پێشەوەو سارایان دەگەڵخۆیان برد. شۆهرە دەگەڵ گریانو شیوەن لاقی بە زەویدا دەداو جارێک سەری بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوەو جارێک چنگی لە زەوی دادەگرتەوە.

ڕاپۆرتنووسەکان خۆیان گەیاندە پێشەوەی حەشیمەت. ڕۆژنامەنووسێک -نۆربێرت سیگمووند- کە تازە لەخوێندن ببۆوەو یەکەمجاربوو مەئمووریەتی وەرگرتبوو، لە دیتنی ئەو بێوەژنە سەری سوڕما. هەموو ئەوانەی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەدا دیتبوونی، تازیەدارانێک بوون کە هیچکاتێک کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست نەدەدا یان لە بەجێهێنانی ڕێوشوێنی دروستو تێکەڵ بەڕێز غافڵ نەدەبوون. بەڵام ئەو ژنە باریکەڵەو گێژە کە شەڕی دەگەڵ عەرزو عاسمان هەبوو، بەتوندی ئەوی هەژاندبوو. لەحاڵێکدا بەتوندی کەوتبووە ژێر کاریگەری‌یەوە، بۆ ڕێزگرتن لە ڕێوڕەسمەکە، شریتی تۆمارکەرەکەی ڕاگرتو میکرۆفۆنەکەی دەجانتاکەی هاویشتەوە.

شۆهرە لەحاڵێکدا دەستو ئەژنۆی دەگڵەکە ڕاکردبوون، دووبارە کارەکەی دەست پێ‌کردەوە. ئاخر ئەو خانەخوێ بوو،و دەبوو میواندای لە میوانەکانی بکا، هەرچەند جگە لە ڕەنجوئازار چیی دیکەی لەدەست نەدەهات. لەنێو پەردەیەک لە فرمێسکەکانیدا، زۆرگوتنەکەی دەست پێ‌کردەوە. قسەکانی تێکەڵێک لە مەسەلە جۆراوجۆرەکان بوون. هێندێ‌کەس بەزمانی فارسیو بەمینگەمینگ قسەیان دەگەڵ دەکردو ئەوانی دیکە بەئەڵمانی‌یەکی پڕلەڕەنجو ئازار قسەیان بۆ تەماشاچی‌یەکان دەکرد.

"دەزانم کێ ئەوکارەی کردوە... ئای، خومەینی. دەزانم ئەتۆ ئەوکارەت کردوە. ئای، خومەینی... ئێمە ئیدی هیچکاتێک دیلی دەستی تۆ نابین. ئێمە بۆخۆمان تۆڵە لەتۆ دەستێنینەوە. ئای، خومەینی. نووری گیان، سوێند دەخۆم لەسەر گڵکۆکەت تۆڵەی خوێنی ئێوە وەردەگرینەوە."

لەکاتێکدا ئاماژەی بۆ وێنەی چوار مردووەکە دەکرد، نەڕاندیو گوتی: "کوشتنی ئەوان سەرەتای کارە. دەزانم وا دەبێ."

پاشان ڕووی بۆلای حەشیمەت وەرگێراو بەتووڕەیی گوتی: "بۆ هەمووتان قڕوقەپتان کردوە؟ ئێمە ناتوانین بێدەنگ بین. دەزانن کە ناتوانین؟"

مەهدی چاوەکانی لێکنابوونو رووی دەئاسمان کردبوو. پەرویز قاپی وێنەکەی لەسەر لاقی دانابوو، پشتی کردبووە حەشیمەتەکەو شانی هەڵدابوونەوە.

شۆهرە درێژەی بەقسەکانی داو گوتی: "لە دوورولات... لە دوورولات، خەریکم بەخاکی دەسپێرم. لە دوورولات، جێیەک کە هەرگیز نەیدەویست لێیبێ. دەزانم کێ ئەوانی کوشتو هەرگیز ناتوانن خوێنەکەی بدەن. ژیانی وی شتێک نەبوو بفرۆشرێ. ئەوان هەرگیز ناتوانن خۆیان لەوچارەنووسەی بۆیان دێتە خوار دەرباز بکەن. خۆدەربازکردن لەچی، ئەمن، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوان بدەینە دەستی عەدالەت. مامەڵەیەک لەگۆڕێدا نابێ. لێرە دەمێنمەوەو تارۆژی قیامەت ئەو تاوانو ڕاستییانە لەقاو دەدەم. دەزانم کێ ئەوانی کوشت. خومەینی. بەڵێ ئەو! خومەینی ئەوانی کوشت."

پەرویز ئیدی نەیدەتوانی لەوە زیاتر تەماشای بکاو لەوە دەترسا کەسانێکی نەناسیاو کە قسە ناتەواوەکانی ئەویان دەبیست، خۆی یان ئەو ڕووداوە کارەساتبارە بەکەم بگرن. ئەوان تووشی غەموخەفەت ببوون، شێت نەبوونو باشیان ئاگا لە ڕووداوەکە هەبوو. پەرویز چووە پشتەوەی شۆهرە دەستی بردە بن قۆڵی هەڵیئەستاندو دەئامێزی گرتو شۆهرە کە وەک بووکەڵەیەکی لێهاتبوو، بێدەنگ بوو.

تازیەداران بەرەو قووڵکەکە چوونە پێشو هەریەکەی مستێک گڵیان بە تابووتەکەدا کرد. پەرویز نەیدەتوانی تەماشایان بکا، ڕووی کردە مەهدیو ئامێزی پێدا کردو بەدەنگی بەرزو دوور لە هەرچەشنە شەرمکردنێک لەبانگی گریانێی دا. مەهدییش پەرویزی دەباوەش گرتو دەستی کرد بەگریانو لەحاڵێکدا یەکتریان لەئامێز گرتبوو هەرکامیان لەفکری ئەوەدا بوون کە داخۆ ئەوکەسەی ئەوانی پێوە کردوە لە ڕێستوورانەکە بووە یان نا.

لەپاش ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن ڕۆژنامەنووسەکە لەوێ مایەوە، چونکە نەیدەتوانی بڕوا. نۆربێرت سیگموند(Norbert Siegmund)، کەسی لەنێو حەشیمەتەکە نەدەناسیو لە زمانی فارسییش حاڵی نەدەبوو. بەڵام ئەو شتانەی دیتبوونی ئەوەندەیان پێویستی بە وەرگێڕان نەبوو. هاتە

لای پەرویز. ئەوی لەوتووێژە تەلەڤزیۆنی‌یەکانیدا دیتبوو. لێی‌پرسی داخوا دەتوانن پێکەوە قسە بکەن. گریانو شیوەنی شۆهرە لەگوێیدا دەزرینگایەوە. نۆربێرت لە پەرویزی دەویست پێی‌بڵێ لەبارەی ئەوکەسانەی تاوانەکەیان ئەنجام داوە گومانی بۆ کێ دەچێ.

"ئەوانەی تاوانەکەیان کردوە؟ ئەتۆ دەتەوێ ئەوان بەتۆمەتبار ناو بەری؟ بەڵێ، ئەگەر پێت‌خۆشە دەتوانی، بەڵام لەبارەی ئەم کەتنەوە کار لە تۆمەتباران ترازاوە. ئەم کەتنە کاری ڕێژیمی ئێران بووە. هیچ گومانلێکراوێکی دیکە لەئارادا نیەو بێ هیچ شکوگومانێک کەسانی سەربەڕێژیم ئەو کەتنەیان ئەنجام داوە. تەنانەت زیاتر لەوڕاستی‌یە کە ئەمن لێرە لەپێش ئێوە ڕاوەستاوم، لەم ڕاستی‌یە دڵنیام."

دڵنیابوونەکەی کاری لە نۆربێرت کرد، دەیەویست وتووێژەکەی لەگەڵ ئەو درێژە پێ‌بداو نەخشی پارێزەری تاوانبارەکانی دەگێڕا:

"بەڵام دادئەستێنی فیدراڵ گومانی لە گرووپی کوردی پەکەکە کردوە."

"دادئەستێنی فیدراڵ دەتوانێ بۆ هەرلایەک پێی‌خۆشە بڕوانێ، بەڵام ئەم‌کارە ناتوانێ ڕاستی‌یەکە بگۆڕێ. ئەو پیاوانەی کوژراون ئەندامانی مافیا یان سەوداگەرانی مادده هۆشبەرەکان نەبوون، بەڵکوو دووربینانی پایەبەرزو وڵاتپارێزانی ڕاستەقینە بوونو دوای مەرگی ئەوانە ئەو دەوڵەتانەی دێنە سەرکار، هەموو ساڵێ ڕێز لە یادیان دەگرن. دادئەستێنی فیدراڵ چئاگایەکی لەو قیمەتە گرانە هەیە کە ئێمە لە سێزدە ساڵی رابردوودا بەشێوەی خوێنو فرمێسک داومانە؟"

وەک هەموو ئاوارە دوورولاتەکان، ئەویش پێی وابوو چارەنووسی هەمووان لەساڵی ١٩٧٩دا دیاری کراوە. نۆربێرت لە وەڵامدا گوتی: "ئەتۆ بە پێ‌داگرتنەوە دەدوێی. داخوا ناترسی کە لەوانەیە بەهەڵە چووبی؟"

"ئەمن پێ‌داگرم چونکە ئاگام لە رابردوو و مێژووی خۆم هەیە. ئەمە یەکەم‌جار نیە کە ئاوارەیەکی دوورولات دەکوژرێ. زۆر کەس بەم‌شێوەیە کوژراون. داخوا ئەمن دەترسم؟ دیارە کە دەترسمو ترسەکەشم لەوەیە کە ئەوکەسانەی مێژوو نازانن، لەوانەیە فریو بدرێن. لەوڕاستی‌یە زۆربەداخم کە هەرگیز نەم‌توانیوە ڕووداوە ڕوونەکانی ڕۆژانە تێ‌بگەمو هەتا ئەوکاتەی هەموومان لەنێو دەچین ئەم بارودۆخە نالەبارە درێژەی دەبێ."

نۆربێرت نەیدەزانی مەبەستی پەرویز لەبارەی مێژووەوە چیە، بەڵام نەیدەویست ئەوی لەو گۆڕستانە ڕابگرێ هەتا ڕوونکردنەوەی پێویستی لێبپیسێ. کارتی کاریی خۆی دا بە پەرویزو داوای لێکرد لە داهاتوویەکی نیزیکدا یەکتر ببیننەوە. پەرویز کارتەکەی لەگیرفانی ناو بەڵێنی دا تەلەفونی بۆ بکا.

پاش تەواوبوونی ناشتنەکە، تازیەباران لە بەشی باری فڕۆکەخانەی تێگڵ (Tegel)ی بێرلین ڕاوەستان بۆئەوەی تابووتی سێ کەسی کورد بنێرنە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس تا لەوێ ڕێوڕەسمێکی وا بەشکۆی ناشتنیان بۆ بگیرێ کە تەنانەت لە وڵاتی خۆشیاندا بەوشکۆیە نەدەگیرا.[1] کاتێک فڕۆکەکە هەڵفڕی، حەشیمەت کە زۆربەیان کورد بوون، لەپێش کۆنسوولگەریی ئێران کۆبوونەوە کە باڵەخانەیەکی سێنهۆمی ڕەشو تاریک لە شەقامی ستاڤەنگەر (Stavanger) بوو. کارمەندەکانی نێوی کە نیگەرانی هاتنی ناڕازییەکان بوون دەرگاکانی پێشی باڵەخانەکەیان داخستبوونو پەردەکرکرەی پەنجەرەکانیان دادابوونەوە. لە چەند جێگای باڵەخانەکە بەدزیەوە دووربینی وێنەگرتنیان دابەستبوونو هێندێ ڕستەی پرهەڕەشەیان لەسەر دیوارەکانی دەرەوەی باڵەخانەکە نووسیبوون.

پۆلیسی دژەشۆرش پێشتر باڵەخانەکەیان گەمارۆ دابوو. هێندێ یۆنیفۆرمپۆشیش باتوومەکانیان ڕادەوەشاندو بەرامبەر بە خۆپێشاندەرانی ناڕازی دەموچاوی خۆیان بەکڵاوخوودو سپەر داپۆشیبوو. پێشتر وەک تازیەدارەکان گریابوون بەڵام ئێستا تۆزی غەموخەفەت لە ڕوخساریان سڕابۆوەو ڕقوقین لە قەڵافەتیاندا دەرکەوتبوو. ئاوارەکان جێیەکی دیکەیان نەبوو پەنای بۆ بەرن. ئەوجێیە کە وەک قەڵایەک ئەمنو ئەمان بوو سەرمەنزڵیان بوو. لەحاڵێکدا ڕووبەڕووی پۆلیسە چەکدارەکان وێستابوون، ئەوانیش قۆڵدەقۆڵی یەکتردا وەک زنجیر ڕیزیان بەست. فەرماندەری پۆلیسەکان کە تەماشای ڕیزی وانی کرد ئاماژەیەکی دایە نەفەرەکانی خۆی. سپەرەکانیان لە ڕوخساریان هێنایە خوارێو لەسەر سینگی خۆیانیان دانان. داڵانێکیان دروست کرد کە پۆلیسەکان کەوتنە لایەکو ناڕازی یەکان کەوتنە لایەکەی دیکە. ئەوانەی

[1] -هەر لە باشووری کوردستان لە چەند شار ڕێوڕەسمی زۆر بەشکۆتر لەوەی پاریس بۆ یادی ئەو شەهیدانە گیراو بێگومان ئەگەر لە نێوخۆی وڵات دەرەتان هەبایە زۆر لەوەش بەشکۆتر دەبوو. نووسەری بەڕێز ئەو داوەرییەی لەکوێ هێناوە نازانم.-وەرگێڕ-

بەڕێز ڕاوەستابوون تەماشای یەکتریان دەکردو هەرلایەکیان چاوەڕێ بوو لایەکەی دیکە ماندوو بێ.

پاشان دەنگی هاوارێک بەزمانی کوردی بەرز بۆوە. حەشیمەت جوولاو هەرکام لە ناڕازی‌یەکان پێ‌یەکیان هێنایە پێشەوە. پۆلیسەکان دەستیان لە باتوومەکانیان توند کرد. بەڵام هاوارەکە هێرشی پیاوێکی ڕقهەستاوی بەدوادا نەهات. پۆلیسەکان لەحاڵێکدا چەکەکانیان بەملیانەوە هەڵاوەسیبوو، شانیان هەڵتەکاندو پاشان داهاتنەوە. چەند لەحزە بێدەنگی بەرقەرار بوو. دیسان هاوارێکی دیکە هەستاو ئەوان جموجۆڵەکەیان ڕاگرتو لەسەر لاقەکەی دیکەیان کشانەوەو شانیان داخستن. لەکاتێکدا دەنگی تەپڵێکیان لە ژووری باڵەخانەکەوە دەبیست، هەڵپەڕینێکی بەشێوەی کۆنیان دەست پێ‌کرد. پێ‌یەک بۆ پێشەوەو یەک بۆ دواوەو بەردەوامیش شانیان دەبزاوتن‌و پاشان لێکڕا سروودی لەمێژینەی خۆیان دەست پێ‌کرد:

**"کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندووە**
**زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان"**

ئەویان بە ئاوازێکی ڕێک دەخوێندەوە، ئەگەرچی هیچ هیوایەکیان نەبوو بتوانن حوکمێکی دادپەروەرانە بۆ کوژراوەکانیان بەدەست بێنن، هیچ دەلیلێکیان بۆئەوە نەبوو داخوازێک لە ئەڵمان بکەن کە وڵاتانی دیکەی ئورووپا قبووڵیان نەکردبوو. جگە لەوە هیچ نیشانەیەک نەبوو کە متمانەی تەواویان بە دادئەستێنەکان، قازی‌یەکان‌و سیستمی دادپەروەریی ئەڵمان هەبێ‌و دڵنیا بوون کە هەلپەرستیی سیاسەتمەدارەکان دەبێتە هۆی ئەوەی حوکمێکی پێچەوانە بەدژی وان دەربچێ. وڵاتانێک کە زۆرکەمتر لە ئەڵمان لەلایەن ئێرانەوە دەمەترسیدا بوون بەرامبەر بە ئێران بەنەرمی دەجوولانەوەو دەوڵەتی ئەڵمان هێندێ دەلیلی هەبوون بۆئەوەی زۆر نەرمتر دەگەڵ ئێران ڕەفتار بکا.

هەتا پێش ساڵی ١٩٩٢، ڕەقەمی حیسابەکانی نێوان دوو میللەت گەیشتبووە پێنج میلیارد دۆلارو لەئاکامدا ئەڵمان ببوو بە شەریکێکی بەدەسەڵاتی ئابووری لە ئێراندا. سەرمایەی ئێران لە بەشەکان (سهام)ی ئەڵماندا لە ٢٠٠ میلیۆن تێ‌پەڕیبوو. ئەم دوو دەوڵەتە پتر لە سێسەد نوێنەری خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی‌و قانوونیدا ناردبووە وڵاتی یەکتر کە نیوەیان

www.rabari.org

ئەندامی پارلمانی ئەو دوولایەنە بوون. لە هەموو کۆبوونەوە نێونەتەوەیی‌یەکاندا، ئەڵمان پێشنیارەکانی ئەمریکا دژی ئێرانی ڕەت دەکردنەوە یان هەرنەبا دەسکاریی دەکردن. لە دەورانی پچڕانی پێوەندیی نێوان ئێرانو وڵاتە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٧٩دا، ئوروپا هەوڵی دابوو ئەوکەلێنە کە ئەمریکا لە ئێران بەجێی هێشتبوو، پڕ بکاتەوە. سەرەنجام، ئەڵمان دەیەویست پێ بخاتە ئەوکەلێنەوە کە بەدڵ‌وگیان خوازیاری بوو.

پێوەندیی نیزیکی ئەڵمان دەگەڵ ئێران وەک نێوبژیوانێکی جیهانی لەنێوان ئێران، ئیسراییلو وڵاتە یەکگرتووەکاندا، جێگەوپێگەی ئەڵمانی بەرەژوور بردبوو. کاربەدەستانی ڕەسمیی ئەڵمان کە پارێزەری بارودۆخی ئێران بوون، هەوڵ‌وتەقەلایەکیان لەڕادەی قارڕەی ئورووپادا دەست پێ‌کردبوو تا بیروڕای دەوڵەتانی دیکە لەبارەی ئێرانەوە بگۆڕن، ئێرانێک کە دەوڵەتێکی دێموکڕات -بەڵام نە تەواو دێموکرات-ی هەبوو! ئەم هەوڵ‌وتەقەلایەیان مانگی ژووئیەو چەندحەوتوو پێش تاوانەکان دەست پێ‌کردبوو، ناویشیان نابوو "دیالۆگی ڕەخنەگرانە"و دانیشتن لەسەر مێزێکی سیاسی لە نێوان کاربەدەستانی ئێرانی‌و ئورووپاییدا. کۆبوونەوەی دواتریش بۆ مانگی دیسامبری داهاتوو هەڵ‌گیرابوو.

خۆپێشاندەران بەلێبڕاوی‌یەکەوە کە لە ڕوخسارياندا دیار بوو، دروشمەکانی خۆیان دەدان. بەڵام لێبڕاوی‌یەکە لە سێمبولێکی ڕواڵەتی زیاتر نەبوو،و لەوباوەڕەدا بوون کە سەرمایەدانانی ئەڵمان لە ئێران زۆرلەوە هەورازترە کە ڕێگا بدا دادپەروەریی پێویست لەبارەی شەهیدەکانیانەوە جێبەجێ بکرێ. ئەوان هاواریان دەکرد تا بەیەکتری نیشان بدەن هێشتا زیندوونو چالاکن، لە ڕاستی‌یەکان ئاگادارنو لەوە ناترسن ببینرێن، یان دەنگی پیاوەتی‌و خۆڕاگریی خۆیان بەرز بکەنەوە. ئەوان باشیان دەزانی چ‌کەسانێک لەپشت ئەوتاوانانەوە بوون، بەڵام ئەو زانیاری‌یە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە سەرگەردانو بێ‌دەسەڵات بوون. هەرچەند زۆر لە ڕەنجو ئازاردا بوونو تووشی ناهومێدی هاتبوون، بەوحاڵە تاڕادەیەک سەرکەوتبوونو داخوازەکانی خۆیان دەهێنایە گۆڕێ.

دوو کەسایەتیی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی پارتی سۆسیالدێموکڕات ئامادە ببوون وەکیلایەتیی بنەماڵەی قوربانی‌یەکان وەئەستۆ بگرن. کۆمپانیا تایبەتی‌یەکانی بەڕێز ئۆتۆ شیلی (Otto Schily) کە قەرار بوو ببێتە وەزیری نێوخۆو وۆڵفگانگ ویلاند (Wolfgang Wieland) کە دەبووە ئەندامی بۆندستاگ (پارلمانی ئەڵمان) بەخۆڕایی بەرپرسایەتیی ئەوکارەیان وەئەستۆ دەگرت. ناوی ئەو دوو کەسایەتی‌یە ئیعتیبارێکی زیاتری دایە دۆسیەی

کوژراوەکان، بەڵام تەنیا ئەوانیش نەبوون. کۆمپانیای دووەمیش کارامەترین ڕاوێژکاری کاروباری کەتنکاری (جنائی)ی خۆی، هانز یواخیم ئێریگ (Hans Joachim Ehrig)ی دەگەڵ خستن.

ئێریگ لەنێو ڕاوێژکاراندا هێندە بەناوبانگ نەبوو، بەڵام لەباری لێزانیو ئاگاییەوە دەگەڵیان هاوتا بوو. ئەو یەکێک لە ئەندامانی کەموێنەو هەڵکەوتووی دەورەی دەیەی ١٩٦٠ بوو کە بە شێوەیەکی شیاوی ئافەرین خۆی دەگەڵ هەلومەرجی دەیەی ١٩٩٠ ڕێکخستبوو. لەپشت عەدەسیەی خڕەکانی چاویلکە بێقاپەکەیەوە، مۆڕبوونەوەی ڕوانینەکەی هێشتا زۆر کاریگەر بوو. ڕیشە زبرەکەی تانیزیک سمێڵە سافوسادەکەی تاشرابوو. لە هەناویدا هێشتا ئامانجە نەریتشکێنەکانی سەردەمی لاوەتی بەتەواوی مابوون بێئەوەی لە پێوەندی دەگەڵ شتە لووکسەکان بۆوێنە کراواتە ئاوریشمییەکان یان لۆتکەلێخوڕیندا تۆسقاڵێک زەوقو سەلیقەی ئەویان تێکدابێ. (لۆتکە بادبانییەکەی لە دەریاچەیەکی نیزیک ڤیلایەکەی لە باکووری ئەڵمان ڕاگیرابوو) بەڵام بڕیاردانی لەبارەی هەڵبژاردنی نێوان مەسەلە ئامانجییەکانو لووکسبازیدا زۆر بۆ ئاسانو سادە بوو. خەریک بوو خۆی بۆ تێپەڕاندنی پشوویەکی درێژی کۆتایی حەوتوو لە فستیڤاڵێکی هونەری لە دەرەوەی شار ئامادە دەکرد کە لەنەکاو پیاوە یاریدەرەکەی دۆسیەی میکۆنووسی فڕێ دایە سەر مێزەکەی. ئێریک پاش چاولێکردنی، جانتایەکەی هاویشتە وچخانی ژووری کارەکەیو وەڕێکەوت بۆ دیتنی قوربانییەکان.

***

## -۷-

چەند ڕۆژ دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی فتوایەکی بۆ کوشتنی من دەرکرد، مەئموورێک بەستەیەکی هێنایە پێش دەرگای من. چونکە ئادرەسی ئەو کەسەم لەبیر نەبوو کە بۆی ناردبووم، نەمدەوێرا بیکەمەوە. سەرەنجام بیرم کردەوەو لەدڵی خۆمدا گوتم: "ئەتۆ ناتوانی هەمیشە بەترسەوە بژی. ئەتۆ ناچاری درێژە بەژیانت بدەی." بۆیە، کردمەوە، دەزانن چ شتێکم تێدا دی؟ نەک بۆمبێک، ئۆی، نەخەیر! بەستەیەک تریاک،و چەند تریاکێکی باشیش بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هادی خورسەندی تەنزنوسی دوورولاتی ئێرانی

یووسف ئەمین غەمی ئەوشتەی بوو کە لەدەستی چووبوو. هەتا پێش کۆتایی مانگی سێپتامبر، ڕایلی دۆستی هاتبوو لە شاری ڕاین بیبینێ و داوای لێبکا بنەماڵەکەی لە ئەڵمان بەجێ بهێڵێ. جانتا سپۆرتینۆ (Sportino)کەیان کە هیوادار بوون باشیان شاردبێتەوە، لەژێر ئادی (Audi)یەکی سپیدا لە نوێنەرایەتی‌یەکی شەقامی سیسرۆ دۆزرابۆوە. ئیدارەی دادئەستێنی فیدراڵ بەیاننامەیەکی بڵاو کردبۆوەو لەوێدا دۆزرانەوەی چەکەکانی ئەو پیاوکوژی‌یەی ڕاگەیاندبوو کە ئەوە یەکەمین دۆزینەوەی گرنگ دەربارەی ڕووداوەکە بوو. تەنیا ماوەیەک وەختی پێویست بوو تا دەستیان گەیشتە ڕایل. ئەو شەوە لە ڕێستووران لە ساتە سامناکەکاندا، ئەو لەبیری چووبوو دەستەوانەکانی دەدەستی بکاو لەئاکامدا شوێن‌پەنجەی لەسەر تفەنگەکە مابوو.

هەموو ئەندامانی تاقمەکە لەو وڵاتە دەرکەوتبوون. تەقەکەری سەرەکی، دوای ئۆپێراسیۆنەکە، لەماوەی چل‌وهەشت سەعاتدا چووبۆوە تاران. پشتیوانەکەیان، بەقاڵێک بوو بەناوی کازمی دارابی کە بەڕواڵەت ئەوانی بەکار هێنابوو، بەڵام لەڕاستیدا بۆخۆی عەمەلیاتەکەی ڕێک‌خستبوو،و خەرجەکەی دابوو. ئەویش ڕای کردبوو بۆ تاران. شۆفیرەکە ڕۆژێک پێشتر، لەسەر ڕێگای خۆی بۆ فرۆکەخانە، هێندێ دراوی نەغدی دابوو بە ڕایل‌و ئامۆژگاریی کردبوو کە دەسبەجێ ئەوێ بەجێ بهێڵێ.

لوبنان جێیەکی باش بوو. بەڵام بۆ ڕایل ڕێگای چوونەوەبەیرووت بە شاری ڕایندا دەچوو. بەبێ یووسف نەی‌دەتوانی ڕابکا. خۆڕاگری‌و بەسەرخۆدازاڵ‌بوون لەنێو سروشتە باشەکانی یووسفدا نەبوو. ئەو تایبەتمەندی‌یانەی ئەویان زۆر خۆشەویست کردبوو، گەپ‌وگاڵتەی دۆستانەو شۆروشەوقی بێ‌زەرەروزیانی بوون. بەوحاڵە، ئەم تایبەتمەندی‌یانەی ئەو لەژێر دەستی لێکۆڵەراندا شتێکی خەتەرناک بوون. رایل دەبوو یووسفی چۆن هێنابووە ئەڵمان، ئاواش بۆ دەرچوون لەوێ ڕێنوێنیی بکا. ڕازی‌کردنی یووسف بە دەرچوون لەوێ کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ڕایل لە هاوناوبوونی دەگەڵ یووسفی ئینجیل بەباشی کەلکی وەرگرت: یووسفی ئینجیل چاوپۆشیی لە ئیمکاناتی خۆشگوزەرانی لە میسر،کردبوو،و گەڕابۆوە وڵاتی خۆی. یووسفیش دەبێ وا بکا. یووسف لەحاڵێکدا زۆر خەمبارو ناهومێد بوو، لە دوکانێکی وێنەگری لەسەر کورسی‌یەکی

تایبەتی دانیشـتبوو تا وێنەیەکی ڕەشوسـپی بگرێ کە بۆ پاسـپۆرتێکی سـاختە بەکار ببرێ. ئەویش وەک ڕایل دەیەویست چەندی بکرێ زووتر وەریبگرێ،و پاشان لە ئەڵمان ڕابکا.

بەزوویی دەرکەوت کە ئەوکارە چەند ڕۆژێکی پێدەچێ. هەتا ڕۆژی چواری ئۆکتۆبر تەنیا یەک پاسـپۆرتیان بۆ ناردبوونو قەرار بوو دووەمین پاسـپۆرتیان ڕۆژی دواتر بۆ بنێرن. ئەو دوو دۆسـتە ڕۆژی دوایییان بەشـێوەیەکی زۆر خەمناک پێکەوە بەسـەر برد. ئەمینو خێزانەکەیو میوانەکانیان سەرەتای شەو چوونە خانووی ژمارە ١٧ی شەقامی هێریبوورگ (Heriburg).

چەند سـعات پێش دادرانەوەی پەردەکرکرەی پەنجەرەکانو پێش ئەوەی چراکانی ئاپارتمان بکووژێنەوە، هێزەکانی پۆلیسـی فیدراڵی ئەلمان باڵەخانەکەیان گەمارۆ دابوو. دوو زانیاریی نهێنی لەوێدا هەبوون. یەکیان بەڵگەیەک بوو لە بەشـی زانیاریی ئیدارەی فیدراڵ بۆ پارێزگاری لە قانوونی بنەڕەتی کە بۆ بروونۆ یۆسـت ناردرابوو. ئەگەرچی تەنیا بەشـێک لە تاوانەکە لەودا ڕوون کرابۆوە، بەوحاڵە وردەکاریی ڕووداوی ڕێسـتوورانەکەی لەسـەر بناخەی ڕاپۆرتی سەرچاوەیەکی نەناسراو بەڵام تەواو باوەڕپێکراو ڕوون کردبۆوە.

دووەمین زانیاریی نهێنی، لەلایەن دەزگای جاسـووسـیی بریتانیاوە ناردرابوو کە لەودا ناوونیشانو شوێنی دانیشتنی دووکەسی گومانلێکراوو دارابی کە پشتو پشتیوانیان بوو،و هێشتا لە ئەڵمان بوون دیاری کرابوو. لە سـەردەمی ڕووخانی دیواری بێرلینەوە، هێشـتا بریتانیاییەکانو ئەمریکاییەکان شـارەکەیان بەتەواوی نەدابووە دەسـتی هاوکارە ئەڵمانییەکانی خۆیانو هێشـتا پۆسـتەکانی نیگابانییان خەریکی کاری خۆیان بوون. بریتانیاییەکان لەمێژسـاڵ بوو دارابییان خستبووە ژێر چاوەدێریو بەتەواوی ئاگایان لە پێوەندییەکانی دەگەڵ حیزبوڵڵاو سەردانەکانی لە لوبنانو چۆنیەتیی چالاکییە جۆراوجۆرە گومانلێکراوەکانی هەبوو.

ڕاست پاش نیوەشەوێ، پیاوانی پۆلیسی فیدراڵی ئەڵمان هێرشیان کردە سەر شوێنی دانیشتنی یووسفو ئەگەرچی چەند سەعات پێشتر لەوێ بوون، چاوەڕێ بوون سەعاتە دیوارییەکە زەنگی سـەعات دوازدە لێبداو ئەمجار بیگرنو بەمجۆرە بە پەیڕەوی لە قانوونی وڵاتەکەیان، ڕۆژێکی تەواو کاتیان هەبوو تا لە تۆمەتی ڕەسمی دژی ئەوکەسانە بکۆڵنەوە کە دەیانەویست بیانگرن.

ڕایل بۆ ڕاکردن چووە سـەربانی بەڵام دیتی کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوە. هەموو ئەوانەی لە ئاپارتمانەکە بوون گیران: ڕایل، یووسف، برایەکەیو هاوسەرە دووگیانەکەی یووسف. دارابی لە تاران کە دڵنیا بوو هەموو ژێردەسـتەکانی ڕایانکردوە، خۆشـحاڵیی خۆی بەکرینی

سەعاتێکی ژنانەی ڕۆلێکس لە دوکانی جەواهێرفرۆشێکی سەر ڕێگای فڕۆکەخانە دەربڕی. ئەمە دوادەرفەتی وی دەبوو پێش گەڕانەوە بۆلای خێزانیو کچە دەردەدارو زەلیلەکەیان کەپشتی بەسەخاوەتی ئەڵمان لە چاوەدێریی دەرمانیو پزیشکیدا بەستبوو. هەتا فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانەی هامبوورگ نیشتەوە، پیاوانی هاوکاری زیندانی کرابوون. چەندسەعات دواتر دارابییش گیرا.

دانیشتووانی ئاسایی بێرلین بە بیستنی خەبەری ئەو گیرانە هەستیان بە ئاسوودەیی کرد، بەڵام ئێرانییە ئاوارەکان ئیدی هەستیان بە ئەمنیەت نەدەکرد. هێشتا ژمارەیەک لە تاوانباران ئازاد بوونو بەشێك لەوان دەستیان کردبوو بە ئازاردانی شۆهرە. زۆرجار تەلەفونەکەی زەنگی لێدەداو دەنگێکی سەیری گوێ لێدەبوو کە دەیگوت: "دەتوانم قسە دەگەڵ نووری بکەم؟"

شۆهرە عادەتەن تەلەفونەکەی دادەنایەوەو ئەگەر وای نەدەکرد کابرای پشتی خەت بە گاڵتەپێکردنەوە دەیگوت: "ئا، کەوایە نووری لەوێ نیە؟ باشە دەتوانم دەگەڵ دوکتۆری دۆستی قسە بکەم؟"

"ئەتۆ کێی؟"

تەلەفونکەر لەجیاتی وەڵامدانەوە، پێشئەوەی قسەکانی ببڕێ قاقایەکی پڕسووکایەتیو ئازاردەری لێدەدا. هێندێک جار، شۆهرە گوێی بۆ تەلەفونەکە ڕادەگرتو گوێی لە دەنگی تۆمارکەرێک دەبوو کە سوورەیەکی قورئانی بڵاو دەکردەوە.

کچەکەی هێندێوەختان دەبووە مایەی ترسانی. جارێکیان لەکاتی بڵاوکردنەوەی بەشێک لە ئاوازێکی مۆسیقادا، سارا بە هاوارکردن ڕای کردە ژووری دایکیو گوتی: "ئەمە بۆمبێکە!"

بۆمبەکە لەڕاستیدا کاتپێوی هێلکەمریشک بوو کە دەنێو لینگە پۆتینێکیان هاویشتبوو،و لە دالانی چوونەژووری ئاپارتمانەکە لەسەر تاقەی کەوشانیان دانابوو.

براکەی شۆهرە ئامۆژگاریی کردبوو،و گوتبووی: "قسە دەگەڵ سارا بکەو لێیبپرسە بۆ ئەوکارەی کردوە. ئەتۆ نابێ لە قسەکردن دەگەڵ کچەکەت بترسی."

بەڵام شتێک کە ئەو دەیەویست بیکا ئەوە بوو کە سارایە لەسەر مێزی نانخواردن دابنێو لێیبپرسێ پێیخۆشە چیی بۆ ساز بکا. پێیدەگوت: "ئێمە دەبێ بخۆین. دەبێ بخۆین تا بتوانین بەهێز بینو دەبێ بەقووەت بین."

شـــۆهرە لەوە نیگەران بوو کە خەریکە ســـارای کچی ئازار بدا. هیچ بۆی گرنگ نەبوو کە کچەکەی دەیەوێ چ بکا، چونکە لە ڕەفتاری خۆیدا زێدەڕۆیی دەکرد. ئەگەر ســـارا نێوچاوانی تێک دەنا، شـۆهرە نیگەران دەبوو کە منداڵەکەی ناڕەحەتەو ئەگەر سارا پێ دەکەنی، شـۆهرە پێی وابوو جۆرێک ڕواڵەتبازی‌یەو هەرلەبەر خۆیەتی. غەمو خەفەتەکەی بەدەگمەن دەنیشـتەوەو ئەگەر وا دەبوو پەرێشـانیو سـەرلێ شـێوان دای دەگرت. ئەو خەڵکە ئازاردەرەی هەمیشـە تەلەفونیان بۆ دەکرد، ئەویان هێنابووە سەر ئەوباوەڕە کە دەتوانن بچن هەم خۆیو هەم سارایە بکوژن.

غەموخە فەتڕا ماڵین بەدەگمەن ڕووی تێ دەکرد، بەڵام ئەوەی لە جێ‌وبانەکەیدا بەدی‌دەکرد. مەلافەکانی نەدەشـوتن چونکە هێشـتا بۆنی لەشـی نووری‌یان لێ دەهات. مەلافەکانی بەسـەر دەموچاوی هەڵدەکێشـــانو هەوای خەفەتبزوێنی وانی هەڵدەمژیو بەســـپایی قامکی بۆ پەراسووەکانی دەبردو بۆ وەبیرهێنانەوەی زیاتری نووری دەستی بەسەر باڵنجو دۆشەگەکەدا دێنا. چاوی لێک دەنانو هەوڵی‌دەدا نووری بە پڕهەژانترین شـــێوە لە بیرەوەریی خۆیدا زیندوو بکاتەوەو تێ دەکۆشـــا یادی تەرمەکەی کە پۆلیس داوای لێ کردبوو بی‌ناســـێتەوە، لەبیرخۆی بەرێتەوە. کاتێک قامکەکانی بەسـەر مەلافەکاندا دەخزین، مێشـکی بەرەو خەونوخەیاڵ دەڕۆیشـتو وای دەهاتە بەرچاو کە نووری زیندوو بۆتەوەو پێی‌دەڵێ: "خانمە چکۆڵە، با بسـەکانت بێنە سـەر ڕوومەتم، چونکە لە ئاوریشم زۆر خۆشترن."

نووری غیرەتی دەربڕینی هێندێ مەبەسـتی هەبوو کە زۆربەی پیاوان نەیاندەوێرا دەریان ببڕن: "بۆچی مەمک بەند لێ دەدەی؟ نابێ خەڵکی دیکە لە دیتنی جوانیی مەمکەکانت بێ بەش بکەی."

جارێکیان ئەو بەدیتنی ڕوخسـاری نازەنینی نوقمی شـادیو خۆشـحاڵی ببوو، سـیگارەکەی داگیرساندو لەبارەی دواڕۆژیانەوە دەفکرەوە چوو،و گوتی: "خانمە نیوەڕووتەکەم، با لێرە بڕۆین، با بچینە جێیەکی هەتاوگر، جێیەک لە ئەمریکای لاتین، پشـــت لەکەنارو هەرگیز ئاوڕ وەدوای خۆمان نەدەینەوە."

بەپێچەوانەی شـۆهرە، پەرویز نەدەچووە نێو جێ‌وبانەکەی؛ چونکە لە خەوتن بێزار بوو،و ئەگەر وێژینگێکی دەدا مۆتەکە ئاسوودەیی خەوی لێ دەستاندو لەحاڵێکدا هەمـــوو لەشی شەڵاڵی ئارەق بوو لە خەو هەڵدەستا. هەرجۆرە فکروخەیاڵێک ئەوی تاسنووری مەرگ دەبردە پێش: دەتگوت لە ترومبێلێکی خێرادا لەسەر کورسی‌یەک گیری کردوەو تەنافێکی گرێ دراو لە ملی هاڵاوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ڕۆژبوونەوە هیچ ئاسوودەیی و ئارامی یەکی بۆ وی بەدواوە نەبوو. کاتێک لە ئاپارتمانەکەی دەچووە دەرو بە دالانی باڵەخانەکەدا تێدەپەڕی، لێی سوور بوو کە لە کۆتایی دالانەکەدا پیاوێکی چەکدار بەنهێنی چاوەڕێیەتی. ئەگەر ڕێگەڕۆیشتن زۆریی بۆ دێنا، ترومبێلی لێدەخوڕی. بەڵام سویچی ترومبێلەکە لەدەستیدا وەک چڵەشەمچەو ترومبێلەکە وەک کۆمەڵێک پووشوپەڵاش دەچوون کە ئامادەی ئاورگرتن بوون. لە شەقام، لە نیزیک هەرچرایەکی هاتوچۆ بەدیتنی هەر ماتۆڕسوارێک کە بەپەنایدا دەڕۆیشت، لێدانی دڵی توندتر دەبوو.

ئەویش وەک شۆهرە تووشی غەموخەفەت دەبوو،و لەوە دەترسا کە دۆستانی پیاوکوژەکان جاروبار سەریان دەدا. کەمکەس هەبوون غیرەتی ئەوەیان هەبێ بانگهێشتنی بکەن. لە ڕۆژانی پاش تێرۆرەکاندا ئەو تەنیا جارێک بانگهێشتنێکی بۆ شێوخواردن قبووڵ کردبوو، ئەوشەوە کاتێک گەیشتە ماڵی خانەخوێیەکەی، کە ئامادی نانخواردن بوون . تەلەفون زەنگی لێدا. ئەوەی تەلەفونی کردبوو داوای پەرویزی کردو بە خاوەنماڵەکەی گوت دەبێ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ پەرویزو بەڕێز چەنگیزی دەستمالچی - باوکی پەرویز کە لەمێژساڵ بوو مردبوو- ڕێکبخرێ. ئەم تەلەفونە تەنیا وەبیرهێنانەوەی ئەوە بوو کە پیاوکوژەکان هێشتا دەستیان لێهەڵنەگرتوە. کاتێک خانەخوێ پەیامەکەی لەسەر تەلەفون گوتەوە، پەرویز لەسەر مێزەکە هەستا، خواحافزیی کردو ئیدی هەرگیز بانگهێشتنێکی دیکەی قبووڵ نەکرد. حەزی نەدەکرد دۆستەکانی بخاتە بەر مەترسی یەکانی ژیانی خۆی.

جگە لەوە، ئەو ئیدی نەیدەتوانی دڵنیابێ لەوەی چ کەسانێک دۆستی وین. نە ئەو متمانەی بەدۆستەکانی هەبوو، نە ئەوان بەو. هیچ کامیان نەیاندەزانی لەوشەوەی مانگی سێپتامبردا کێ لە ڕێستوورانەکە جاسووسیی لەسەر وان کردبوو. لەو ڕووەوە یەکتریان وەک مرۆڤگەلی گومانلێکراو سەیر دەکرد. پەرویز بەرپرسایەتیی چارەسەری ئەو کارە نهێنی یەی وەئەستۆ گرت. پرسیاری لە ئاشنا دێرینەکانی دەکرد، بۆخۆی پێی وابوو تەواو خۆپارێزو دووربینە. بەڵام ئەوان پێیان وابوو لێکۆڵینەوەیان لێدەکا. پرسیارەکانی ساتبەسات بارودۆخی وانی توندتر دەکرد. بەشێک لەوان بەزەیی یان پێیدا دەهات و هێندێ کەسی دیکە بە خەتاباریان دەزانی. شەوێکیان کە چووە کۆبوونەوەی ئاشنا دێرینەکانی و گوێی لە بۆڵەبۆڵی یەکێکیان بوو کە دەیگوت: "ئەها، بڕوانن، سەروان کۆلۆمبۆ لێرەیە". باش لە بیروڕای ئەوانی دیکە دەرهەق بەخۆی تێگەیشت.

دەسـبەجێ لەوێ وەدەرکەوت. لەو ڕۆژانەدا، بەئاسـانی دەیتوانی بەتەنیا لە ماڵەکەی خۆی بمێنێتەوە.

ڕووداوەکانی مانگی سێپتامبر ببوونە هۆی ئەوەی پەرویز زۆر لە دۆستەکانی لەدەست بدا، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبردا چەند دۆستی تازەی پەیدا کردن. نۆربێرت سیگموندی هەواڵنووس، ئێسـتا بەجۆرێک لە هەوڵو تەقەلادا بوو بۆئەوەی ڕاسـتیی ڕووداوەکەی بۆ دەرکەوێ کە هیچ کەس لەدەسـتی نەدەهات. دەفتەری کاری نۆربێرت لە ئیزگەی Z DF بوو،و دەگەڵ دەفتەری کاری پەرویز لە خاچی سـوور، چەند دەقیقە زیاتریان بەین نەبوو. بۆیە، بەڕێکوپێکی یەکتریان دەدی.

ڕووداوەکە بۆوان ببووە هۆی پەیدابوونی کەڵکەڵەیەکی هاوبەشـی فکری. پەرویز ئەغڵەب وردەکاریی کەمبایەخی ڕووداوی ئەوشـەوەی لێکدەدانەوە، کە دەکرا وەک کلیلی چارەسـەری مەتەڵۆکەیەک کەلکیان لێوەربگیرێ کە بەهۆیەوە چەندکەس کوژرابوون. پەرویز پێویسـتیی بە نۆربێرت هەبوو، چونکە ئەو کە لە تەلەڤزیۆن قسـەی دەکرد، بەمیلیۆن کەس گوێیان بۆ باسو بەڵگەکانی ڕادەگرتو بێدەنگی‌یەکی لەنێو دەبرد کە ئەو زۆری لێبێزار بوو،و ئەمکارە تاڕادەیەک ئەوی ئارام دەکردەوە. نۆربێرتیش پێویسـتیی بە پەرویز هەبوو، چونکە ئەو کەسایەتیی سـەرەکیی ڕاپۆرتەکانی بوو. کاتێک بۆ یەکەمجار ڕێی کەوتە نێو کۆمەڵی ئێرانی‌یە دوورولاتەکان، بۆی دەرکەوت کە لەو کۆمەڵەدا پەرویز لە هەمووان پتر جێی متمانەیە.

بێجگە لەوەش، نۆربێرت پێویسـتیی بەو زانیاری‌یانە هەبوو کە لە وتووێژەکانی خۆی دەسـتی دەکەوتن. لەمێژسـاڵ بوو بەدوای کارێکی دژواردا عەوداڵ بوو کە ئامانجی ژیانی بوو، بەڵام لە وەدەسـتهێنانیدا سـەرکەوتنێکی بەدەسـت نەدەهێنا. لە تەمەنی شـازدەساڵیدا وەک کارمەندی کاروباری قازانجی گشـتی دامەزرا هەتا کۆمەگ بە کەسـانی بێکار بکا، لە هەژدەسـاڵیدا دەسـتی لەوکارە هەڵگرت، تاوی دایە گیتارەکەیو ڕۆیی بۆ هیندسـتان بۆئەوەی بارودۆخی دەروونیی خۆی بەهێزتر بکا. کاتێک دوای چەند حەوتوو سـەرگەردانی گەڕایەوە، بۆ فێربوونی مێژووی مۆسـیقا لەلای مامۆستایانی گەورەساڵان دەستبەکار بوو. بەڵام پارچەمۆسـیقایەکی عامیانەی ئۆکڕایینی کە لەلایەن مامۆستایەکی ڕووگرژەوە پێیسپێردرابوو، ئەوی لە گەیشتن بە پلەی هونەرناسـێکی مێژووی مۆسـیقا نائومێد کردو لەئاکامدا کارەکەی گۆڕیو ڕووی کردە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کاری ڕۆژنامەنووسی. لەوەدا توانی ئەرکی بەڕێوەبەری بەرنامە وەئەستۆ بگرێ‌و ڕۆژەکانی کاری بە بڵاوکردنەوەی دەنگی خۆی لە ڕادیۆدا بەسەر دەبرد.

یەکەمڕۆژی کاری لەو پیشەیەدا هاوکات بوو لەگەڵ بەشی تاقەتپڕووکێنی بڵاوکردنەوەی دەنگ‌وباس: مەسەلەی هاتنەخواری نرخی دراوی وڵات‌و ترسی بانکی ناوەندی لە ئاوسانی دراوی کە دوو برگەی ئاکامی یەکگرتنەوەی دووبارەی ئەڵمان‌و زیادبوونی ڕۆژلەڕۆژپتری کۆچکردن بوو کە ساڵی ١٩٩٢ ژمارەی ئەوکەسانەی ببوونە پەنابەری ئەو وڵاتە گەیشتبووە چوارهەزار کەس. ڕاپۆرتنووسانی کارامەی ناوەندی ڕادیۆ لەکاتی ڕوودانی تاوانەکە (تیرۆری میکۆنووس)دا، لەو مەسەلەیەیان دەکۆڵیەوە. لەئاکامدا بەرپرسی ڕادیۆ ناچار بوو پسپۆڕی دیسکی خەبەری بنێرێتە بەشی لێکدانەوەی ڕووداوەکان‌و ئەو لە یەکەمین مەئمووریەتی خۆیدا، لە نیزیک گڵکۆی نووری، ڕێوڕەسمێکی چاوەڕواننەکراوی تازیەباری کە دیتی‌و نۆربێرت پێی‌وابوو تەنیا ئاوازی ڕاک‌ئەندڕۆڵ وەجموجۆڵی دەخا، ئەوی بەتوندی هەژاند.

ئەوو پەرویز بە ترومبێل بەگەڕەکێکدا ڕۆیشتن کە پیاوکوژەکان زۆرجار هاتوچۆیان پێدا کردبوو. لەوێ زۆریان ساندویچی کەباب خواردو ژمارەیەکی زۆر فنجانە قاوەیان خواردنەوە بەوهیوایە کە بەوە ئامادەیی خۆیان لە پاتووقی شیعەمەزەبەکاندا داپۆشن. لەو گەڕەکە بێمەترسی‌یە هیچ گیروگرفتێک نەبوو بۆئەوەی هەرکەس مەبەستەکانی خۆی بەسەر زماندا بێنێ. بەڵام ڕۆیشتن بەو شەقامانەدا کە پیاوکوژەکان ڕمبازێنیان تێدا کردبوون، هێندێ گۆت‌وبێژی لەنێودا ساز کردن کە هەرگیز لە ئیدارە بەبیریاندا نەهاتبوو؛ دەستیان بەهاتوچۆ کردو بەدوای بەڵگەیەکدا دەگەڕان کە ئیددیعاکەی پەرویز دەربخا کە دەیگوت بەرپرسی ئەم‌کارە، دارابی، یەکێک لە جاسووسە چالاکەکان بوو کە لە تاران کاری دەکرد.

"گۆپاڵ‌بەدەستی وانە. هەموو ئاوارەکانی دانیشتووی ئەم‌شارە ئەوەی دەزانن. هەرکەس جارێک لە خۆپێشاندان دژی ئاخوندەکاندا بەشدار بووبێ، زەبری گۆپاڵی وی لەسەر لەشی خۆی هەست پێ کردوە.

پەرویز وا بەجۆش‌وخرۆشەوە دەدوا دەتگوت دەیەوێ نۆربێرت هەموو ئەڵمانی‌یەکان تێبگەیەنێ. پەنجەرە تێک‌وپێک‌شکاوەکانی دوکانی دانەوێڵەفرۆشی‌یەکەی دارابی‌و دوکانە وشک‌و خاوێنەکان بە هێندێ نیشانەوە کە لەسەریان نووسرابوو "داخرانی کاتی"و بەقفڵی دەرگاکانیانەوە هەڵاوەسرابوون، هەمیشە ئەویان بەتوندی توورە دەکرد.

"خزمەتی جلشوشتن؟ ماشەڵڵا! ئەوەی ئەو شوتوویەتی تەنیا دراوەکانی ڕێژیم بووە.[١] دڵنیات دەکەم ئەو گوزەرانی خۆی لە ڕێگای فرۆشتنی سەعاتی باغەڵیەوە دابین ناکا."

لە یەکێک لە پیاسەکردنەکاندا ڕووداوێکی ساڵانی ڕابردووی وەبیر هاتەوە. ئەویش ئەوە بوو کە لەکاتی بەرپاکردنی ڕێورەسمی ساڵانەی "حەوتووی سەوز"دا، دارابی چەند کەسێکی لە بەشی ئێراندا وەکار خستبوون. لە کۆتایی دەیەی ١٩٢٠ەوە، ڕێورەسمی "حەوتووی سەوز" باشترین جێژنی نێونەتەوەیی لە شاری بێرلینو دەرفەتێکی زۆر گەورە بۆ بازاڕی وەرزێران بوو. کاتێک پەرویز هەوڵی دەدا ناوی خەڵکی وێی وەبیر بێتەوە، نۆربێرت لەحاڵێکدا مێشکی بە هێندێ شتەوە خەریک بوو، ناوێکی یادداشت کرد. ئەو دڵنیا بوو کە لە یەکێک لە ساڵانی ڕابردوودا، دارابی نوێنەری ڕەسمیی ئێران لەو پێشانگایەدا بووە، بەڵام دروست لەبیری نەبوو کامساڵ بوو.

-یەکێک لە کاربەدەستان دەبێ دۆسیەی ئەوەی لە ئارشیڤی خۆیدا هەبێ- ئەگەر بتوانی چاوی لێبکەی. ئەگەر بتوانی دارابی بە ئێرانەوە گرێ بدەی بۆچوونەکەی خۆت ئیسبات دەکەی!

پەرویز ئەگەر دەگەڵ نۆربێرت نەبووایە، ئەغڵەب دەچوو کارێک بکا کە پتر وەک پێلێنانی گوناحێک دەچوو: سەردانی عەزیز کە هێشتا لە نەخۆشخانە بوو. عەزیز لە هاوسەرەکەی جیا ببۆوەو هیچکەسی دیکەی نەبوو ئاگای لێبێ. بەمردنی نووری، پەرویز بۆ سەرپەرستیی عەزیز لەخۆیدا هەستی بە لێپرساوی دەکرد، هەستێک کە پێشتر هەرگیز بۆی نەهاتبووە پێش. کاتێک نووری بۆ یەکەمجار عەزیزی وەک دۆستی خۆی هەڵبژارد، پەرویز ناوی نابوون "جووتەبرای ئەلکولی"، چونکە ئەغڵەب پێکەوە دەیانخواردەوە. بەڵام دوای ماوەیەک بۆی دەرکەوت کە عەزیز نووریی خۆشدەوێ. هەموو شەوان نووری دەچووە ڕێستووران‌و عەزیز دەستەکانی لێکدەکردنەوەو بەدەنگی بەرز دەیگوت: "مەولای من هات!"

قۆڵی دەقۆڵی نووری دەکردو لە مێزێکەوە دەیبردە سەر مێزێک‌و دەیگوت: "تکایە، پێشوازی لە مەولای من بکەن. ئەم پیاوە لێرە، مەولای منە." مەولا لە غەزەلە ئاشقانە ڕۆمی‌یەکاندا بە مانای کەسی خۆشەویست‌و بەڕێز هاتوە. نووری لەجیاتی ئەوەی خۆی لە عەیبو هەڵەکانی

١- وادیارە مەبەستی نووسەر شوشتنەوەی دراوی قاچاغە.-وەرگێڕ.

خەڵکی دیکە دوور ڕابگرێ، تێ‌دەکۆشا فێریان بکاو بیانهێنێتە سەر ڕێگای ڕاست. ئەمە یەکێک لە سروشتە بەنرخەکان بوو کە پەرویز خێرا بەدەستی هێناو ئەوی زیاتر بەڕێز دەکرد. چەندساڵ پێشترو ڕۆژێک کە عەزیزو هاوسەرەکەی گەیشتنە ئەڵمان، عەزیز بەوی گوتبوو بەهیچ‌جۆر حەز ناکا هیچیان زمانی ئەڵمانی فێر بن:

"ئێمە پێویستی‌یەکمان بە فێربوونی زمانی وان نیە. دابوشوێنی ڕۆژئاوایی وان ئێمە لەڕێ دەردەکاو لێکمان جیا دەکاتەوە." ئەمە وەڵامێک بوو بە پێشنیاری هاوسەرەکەی کە گوتبووی با بەنۆرە ئاگامان لە منداڵەکەمان بێ‌و بچینە پۆلی فێربوونی زمان.

نووری چەندین سەعات لە وەختی خۆی هەم بە تەنیایی‌و هەم دەگەڵ بنەماڵە بەڕێزەکانیان بەسەر دەبردو هەوڵی دەدا عزیزی بکاتە مێردێکی ڕەوشت‌بەرز. گۆڕانی ڕەفتارو کرداری ئەوەندە خێرا نەبوو کە بتوانێ پێشی جیابوونەوەی هاوسەرەکەی لەخۆی بگرێ‌و سەرەنجام، پێش هەمووشتێک لەبارەی ئاقڵانەبوونی گۆڕانی ڕەفتارو کرداریەوە، بەتەواوی کەوتە گومان.

لەحاڵێکدا بیری لە دوازدەساڵ ژن‌ومێردایەتی‌یان دەکردەوە، دەستەکانیی هەڵ‌دێناو جنێوی دەدان: لەوڕۆژەوە هاتینە ئەم وڵاتە، نازانم خێزانم چیی دیکەی دەوێ، کەوش؟ بۆی دەکڕم. جلوبەرگ؟ باشترین‌جۆری بۆدەکڕم. بەڵام ئەم دووە..." مەبەستی پەرویزو نووری بوو، دەیگوت: "هەمیشە دەهاتنە ئێرەو دەخولانەوەو بەدرۆ باسی ئازادکردنی ئەم‌وئەویان دەکرد تا سەرەنجام هاوسەرەکەم بەتوندی ناڕەحەت بوو،و ئاخرەکەشی لێی‌دا ڕۆیشت."

عەزیز خۆشحاڵیی دەردەبڕی، بەڵام ئەو قسانەی دەی‌کردن پەرویزیان هان دەدا کە لەسەر ئەوەی لێک جیا بوونەوە بەتوندی سەرکۆنەیان بکا. ئەو پێی وا نەبوو تەڵاقدانی ژنەکەی لەلایەن عەزیزەوە، جگە لەخۆی خەتای کەسی تێدابێ. بەڵام بەهۆی ئەو دووگوللەیەی لە عەزیز درابوون، نووری‌و خۆی بەخەتابار دەزانی. لەڕاستیدا ئەگەر لەبەر وان نەبایە، عەزیز هیچ‌کات پێوەندیی دەگەڵ کەسانی وەک دوکتۆر نەدەگرت. پێوەندیی دۆستانەی وان عەزیزی خستبووە بەر مەترسیی برینداربوون. کەمترین‌کار کە پەرویز بۆ کەم‌کردنەوەی گوناحی خۆی دەی‌توانی بیکا ئەوە بوو کە لە نەخۆشخانە سەری بدا.

پۆلیسەکانیش دەهاتنە سەردانی عەزیزو پەرویز ئەغڵەب دوای ڕۆیشتنی مەئموورانی لێکۆڵینەوە دەهاتە وێ. لێکۆڵینەوەی یەک لەدوای یەک تەنانەت ئەوکەسانەشی ناڕەحەت کردبوو کە دەهاتنە نەخۆشخانە، چونکە پێیان وابوو کابرای نەخۆش ماندووترو بێ‌تواناتر لەوەیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ. عەزیز لەماوەی چەندحەوتوویەکدا وا دەهاتە بەرچاو کە چەندین‌ساڵ پیر بووە. پەرویز هەروەخت ئەوی دەدی، فرمێسکەکانیی دەسڕینو تێ‌دەکۆشا خۆی بەکەیفو خۆشحاڵ نیشان بدا. بەڵام عەزیز هەر دەی‌ناڵاند.

پەرویز بەزمانی فارسی لێی‌دەپرسی: "عەزیزگیان، چ کارێک هەیە بتوانم بۆتی بکەم؟"

هەمیشە پەرداخێکی خاوێنو پڕلەئاو هەبوو کە هەڵی گرێ، مەلافە چرچ‌ولۆچەکان هەبوون کە دەبوو ڕێک‌وپێک‌و قەدیان بکا، پەرستارەکان هەبوون کە دەبوو ڕێنوێنی‌یان بکا، کەسانی بێ‌موبالات هاتبوونە سەردانی کە دەبوو یان وا بکا بە نەزم‌وتەرتیب بن یان دەریان بکا. پەرویز باوەڕی وابوو زۆربەی ئەوانەی دەچوونە سەردانی بۆیە دەچوون بزانن چ‌باسەو لەجیاتی ئەوەی سەری نەخۆشەکە بدەن، زیاتر هەوڵیان دەدا هەستی کونپشکنی‌و سەردەرهێنان لە کاری خەڵکی دیکە دامرکێنن. بەتایبەتی ژن‌ومێردێک بەقەستی عەزیزیان ئازار دەدا -ئەوان خاوەنی ئەو دانەوێڵەفرۆشی‌یە بوون کە پێویستی‌یەکانی بە ڕێستوورانی میکۆنووس فرۆشتبوون. ئەوان دوانیوەڕۆیەک هاتن. مێردەکە بێ‌ڕاوەستان قسەی دەکردو سەریی ڕادەوەشاندو قسەکانی پێش ئەو شەوە سامناکەی خۆی دەگەڵ *عەزیز* وەبیر خۆی دێنانەوەو دووپاتەی دەکردنەوە.

"عەزیزگیان، دەبینی چارەنووس ئێمە بەرەو کوێ دەبا؟ دەنگی تۆ هێشتا لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە دەتگوت شەوی پێنجشەممە وەرە یارمەتیم بدە، چەند نەفەر میوانمان دێن. چۆنت تکا لەمن دەکرد.. بەڵام ڕۆژانی پێنجشەممە لە هەموو ڕۆژان پڕکارترم. ئەو شتوومەکانەی داوایان دەکەم لەورۆژەدا بۆم دێن. هیچ دەرفەتم نەبوو بێم کۆمەگت بکەم. بەڕاستی زۆر ناڕەحەت بووم کە داواکەتم ڕەت کردەوەو ئەگەرنا، ڕاست دەگەڵ تۆ لەوێ دەبووم."

عەزیز بە بۆڵەبۆڵەوە گوتی ئەوەی باسی دەکەی شەوی هەینی بوو.

کابرای سەردانی کردبوو بە پێ‌داگرتنەوە گوتی: "باوەڕ بکە. خوای بەشایەت دەگرم، ئەتۆ وات گوت. سێ‌شەممەی پێشتر ئەتۆ گوتت پێنجشەممە بۆشەوێ وەرەو کۆمەگم بکە. چارەنووس! بنیادەم دەتوانێ لە هەموو شتێک ڕزگاری بێ جگە لە چارەنووسی خۆی."

عەزیز بە نیشانەی پشتڕاست‌کردنەوە سەری بۆ لەقاند.

مێردەکە بە ئۆگری‌یەوە ڕووی کردە هاوسەرەکەی‌و گوتی: خۆشەویستەکەم، لەبیرتە؟ ئەو بەمنی نەگوت شەوی پێنجشەممە بچمە وێ؟"

خێزانی بەچاوی فرمێسکاوی‌یەوەو بە سەرلەقاندن قسەکانی بۆ سەلماند.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەوهەستە بۆ پەرویز دروست بوو کە پێویستە هاوڕێ نەخۆشەکەی لە دەستی ئەو کەسانە ڕزگار بکا کە بەوجۆرە پرسیارکوتی دەکەن. قسەکانیانی دەبڕی‌و باسەکانی بۆ لایەکی دیکە ڕادەکێشا.

"زانیوتە دایک‌وبابی نووری لە ئێرانڕا هاتوون؟"

کابرای هاتبووە سەردان پرسی: "ئەوان ئێستا لێرەن؟ ئای، هیچ دایک‌وبابێک ڕۆژی وا نەبینن. ئای، لەو چارەنووسە سامناکە!"

عەزیز بەسوپاسەوە چاوێکی لە پەرویز کردو خزایە نێو دۆشەگەکەی.

***

## -٨-

**ئەو پیاوەیان گرت کە "ئایەتە شەیتانی‌یەکان"ی کردبووە عەرەبی. ئەوانەی گرتبوویان پێیان‌گوت ئەگەر ئەوکتێبە بکاتە ئینگلیسی گوناحەکانی دەسڕێنەوەو ئایەتوڵڵا دەی‌بەخشێ. ئەمڕۆ چەندکەس لە زانایان لەو باوەڕەدان کە ئەو وەرگێڕانە کەسایەتیی سەلمان ڕوشدیی زۆر بردۆتە سەرێ.**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی

چەند ڕۆژی لەسەریەک، بڕوونۆ یۆست بەوردی سەیری ئەو لێکۆڵینەوانەی دەکرد کە پێوەندی‌یان بە گیراوەکانەوە هەبوو. دووکەس لە گومانلێکراوەکان، ڕایل‌و دارابی، هەر بێدەنگ بوون. بەڵام یووسف بەدرێژی قسەی کردبوو. یۆست پەڕە کاغەزەکانی لە پەنای یەک دادەنان تا ئەو لەت‌وکوتانەی لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی درۆ ئاشکراکان‌و ئیددیعا باوەڕپێ‌نەکراوەکان‌و ناتەباویژی‌یەکانەوە خڕی کردبوونەوە، ڕێک‌وپێک بکا. بەو هیوایە کە پەی بەو نهێنی‌یانە بەرێ کە بێگومان کابرای زیندانی ئاشکرای نەکردوون.

هێندێک درۆو قسەی دوور لەڕاستی دەگوتران، ئەوڕاستی‌یەی هەر لە سەرەتای کارەوە لەسەر بناخەی زانیاریگەلێک بەدەست هاتبوو:

-ئایا ئەتۆ سەربە هیچ‌کام لە ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان هەی یان نا؟
-ماوەی دووساڵ لە سوپادا خزمەتم کردوەو ئیدی هیچ.
-هیچ پێوەندی‌یەکت بە دەوڵەتی ئێرانەوە یان بە ڕێکخراوەکانی سەربەو دەوڵەتەوە هەبووە؟
-نەخەیر. ئەمن شـیعەمەزەبێکم کە تەنیا لەخوا دەترسـم. هەروەخت دەچوومە ئێران، تەنیا بۆ سەردانی شوێنە پیرۆزەکان بوو.

هێندێک لە درۆکان کە زۆر ڕوون نەبوون لەئاکامی بەدرۆخستنەوەو پەردەپۆشیدا پتریش لێڵ دەبوون.

-بەڕێز ئەمین، باسی عەبباس ڕایلمان بۆ بکە.
-هیچ‌کەس بەو ناوە ناناسم.
-کاتێک گیرای ئەو پیاوە لە ئاپارتمانەکەی ئێوە بوو.
-ها، ئەو! ئەوی بەناوی عیماد عەمماش دەناسم.

عیماد عەمماش یەکەمین‌کەس لە تاقمێک بە ناوی خوازراوەوە بوو کە یۆسـت لەکاتی لێکۆڵینەوە لەو زیندانی‌یانە کە ناوی خوازراوی تازەیان بۆخۆیان دادەناو عادەتەن لە سـەرەتای هەر وەرزێکی ساڵدا بەرگی خۆیان دەگۆڕی، ناسیبوونی.

-لە کەنگێوە ناسیوتە؟
-ماوەیەکی زۆر نیە. لە بێڕلین کەمێک پێش ئەوەی بگەڕێمەوە دیتم.
-دەتوانی بێ‌زەحمەت تەماشـای ئەم پاسـپۆرتە بکەی‌و پێمانبڵێی بۆچی وێنەی ئەو پیاوە کە ئەتۆ بە عەمماشی دەناسی لە پاسپۆرتی کەسێکی دیکە دراوە؟

ئەمە پاسپۆرتێکی ساختە بوو کە پیاوانی پۆلیس لە ئاپارتمانەکەی ئەمیندا دۆزیبوویانەوە، پاسپۆرتێک کە دەبوو وێنەی ڕایلی لێ‌بدرێ.

یووسف حاشای کرد کە دیتبێتی.

-باشە، دەتوانی پێمان‌بڵێی بۆچی وێنەو مێژووی لەدایک‌بوونی تۆ لەنێو پاسپۆرتی بەڕێز عەمماشدا بوون؟

-تێیدا بوون؟

-ئێمە ئاگادارین کە ئەتۆ ئەم وێنانەت گرتوون بۆئەوەی لە پاسپۆرتێکی ساختەیان بدەی.

-زانیاری‌یەکانتان دروست نین. ئەم وێنانەم بۆ بڕوانامەی ئاژۆتن گرتوونو یەکی دیکەشم بۆ دۆستێکم گرتوە کە لەکانادا دەژی. لێی داواکردم بۆئەوەی لە ئالْبۆمەکەیدا دایبنێ.

بۆ دادئەستێنی کارامەو بەئەزموون، درۆبیستن لە خەڵکی دیکە شتێکی تازە نەبوو. بەڵام درۆکانی یووسف نیشانەیەکیان لە هیوادارکردن پێوە دیار بوو —نیشانەیەک لە بێلایەنیی ئەو بوو. ئەگەر بەپێچەوانەی ویستی خۆی تووشی درۆکردن دەبوو لەبەر ئەوە بوو کە بەپێچەوانەی هاوکارەکانی، هەوڵی دەدا ئەوان پێوە نەکا. یۆست هەمیشە زیندانی‌یەکی زۆربڵێی -تەنانەت ئەگەر درۆشی کردبان- زۆر پێ لەو زیندانی‌یانە باشتر بوو کە قسەیان نەدەکرد.

-بەڕێز ئەمین، ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر لەکوێ بووی؟

-لەڕاین بووم. حەوتوویەک پێشتر، ماوەیەکی کورت لە بێرلین بووم، سەرپەرستیی هێندێ کاروباری کۆچبەریم دەکردو لەبیرم نیە یازدە بوو یان دوازدە یان سێزدە کە هاتمەوە ڕاین.

-کێ دەتوانێ بۆت پشتڕاست بکاتەوە کە ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر لە ڕاین بووی؟

-دەتوانن لە خێزانمو ژنخوشکمو براکەم بپرسن. ئەوڕۆژە براکەم لە نەخۆشخانە بوو، چووم سەرم دا. دوو یان سێ‌ڕۆژ دوای ئەوەی هاتمەوە ماڵێ، لەکاتی دووچەرخەلێخوڕیندا تووشی ڕووداو هاتبوو.

-بەڕێز ئەمین، کەوایە ئەتۆ ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر لە ڕاین بووی.

-کەوایە، لەوانەیە ڕووداوەکە ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر ڕووی‌دابێتو ئەمن لە بێرلین بیستبێتم.

-بەوپێیە ١٧ی سێپتامبر لە بێرلین بووی؟
-هەروەک گوتم چەند کارێکی پێوەندیدار بە کۆچبەریم لە بێڕلین هەبوون. چوومە وێ و دەسبەجێ گەڕامەوە. شۆفێرتاکسی‌یەکی ژن منی گەیاندە هێری‌بوورگ ١٧ (Heriburg١٧). ترومبێلێکی فۆلکس ڤاگۆنی پاساتی سووری پێبوو. بەڕاستی ئەمن ئەوڕۆژە لە ڕاین بووم.

ئەو هەمیشە لەبارەی وردەکاریی نامەنتیقی‌و ناڕوونەوە زۆر ڕادەما، بەوئاواتە کە بیروڕای لێکۆڵەرەکان بگۆڕێ.

-بەڵام بەڕێز ئەمین! برایەکەت بە ئێمەی گوت کە ڕۆژێک دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە، واتە ڕۆژی ١٩ی سێپتامبرو ڕۆژێک دوای هاتنت بۆ ڕاین سەرت داوە.

بەڵام ئەگەر دەگەڵ قسەی خێزانی‌و براکەی‌و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی ناتەبا هاتبانە بەرچاو، یووسف درێژەی بە درۆکانی نەدەدا.

-ئۆی؟ کەوابێ هەرچی براکەم بیڵێ ئەو ڕاستە.
سەرەنجام کاتێک لێیانپرسی کە چەندی دراو لە کیسەباغەڵەکەیدا هەیە، تێگەیشت کە پێویستیی بە یارمەتی هەیە.

-خێزانم دراوی بۆ بنەماڵەکەمان پاشەکەوت کردوە. بەڵام، بەڕاستی دەمەوێ هەرئێستا دەگەڵ پارێزەرێک قسە بکەم.

لە کۆتایی یەکێک لەو جۆرە دانیشتنانەدا، دەقی ئەو قسانەیان بە یووسف نیشان دا کە بۆخۆی لە دادگا کردبوونی. وەرگێڕەکەی شوێنێکی نوختەچین‌کراوی نیشان دا کە دەبوو یووسف ئیمزای بکا. وا دەهاتە بەرچاو کە قسەکردن بۆ یووسف زۆر ئاسانتر بێ لەوەی ئیمزایان بکا. تاوێک ڕاوەستاو پاشان چەندجار سەرسەرەکی‌و بێوردبوونەوە بەڵگەکەی خوێندەوەو دوایە داوای لە وەرگێڕەکەی کرد لەجیاتی وی ئیمزای بکا:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- بەمنیان گوتوە بەتەواوی ڕوونە کە ئەمن ڕاستی‌یەکان نالێم. دەبێ لەبارەی هەموو ئەو مەسەلانەوە دووبارە بیر بکەمەوە.

یۆست زۆرباشی دەزانی کە یووسف هەست بە ڕەنجو ئازار دەکا. بەڵام ئەوە هاوکارەکەی بوو کە بەشداری لێکۆڵینەوەی ئەم ڕووداوە بوو،و یەکێک لە سەرپەرستانی گەورەتری مەسەلە کەتنی‌یەکان بەناوی تۆنی ڤان ترەک (Tony Van Trek) بوو کە دەی‌توانی هۆیەکەی تێبگا. تۆنی ڤان ترەک لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لە تەنیشت یووسف دادەنیشتو لە چوونو هاتنەوەی کۆبوونەوەکاندا هەمیشە دەگەڵی بوو. ڤان ترەک جاروبار وەک پۆلیسێکی توند یاریی دەکرد، وەک پۆلیسێک کە ئەرکە سەرەکی‌یەکەی بردنی مەحکوومان بۆ زیندان بێ، زۆربەی وەخت لە دالانی نێوان گرتووخانەو ژووری لێکۆڵینەوە دادەنیشت. لەوانە بوو کەسانی دیکە لەبارەی جێبەجێ‌کردنی ئەرکێکی ئەوتۆوە بکەونە لافلێدانو شاتوشووت، بەڵام ڤان ترەک هەرگیز -بەتایبەتی دەگەڵ یۆست- شتی وای نەدەکرد چونکە نرخو ڕێزێکی زۆری بۆ دادەنا. ڕۆژێکیان یووسف لەکاتی گەڕانەوە بۆ زینداندا، بێ‌ئەوەی گوێ بداتە وەختناسین، دەستی کرد بە باسی بوونەباوکو ئارەزووی ئەوە کە لە مانگی نۆڤەمبردا کوڕەکەی ببینێ، بێ‌ڕاوەستانو بەدرێژی قسەی دەکرد. ئەو مەئموورەی دەگەڵی بوو نەک‌هەر کاری تێ‌نەکرابوو، بەڵکوو بیری لەو گیروگرفتانە دەکردەوە کە لەسەر ڕێگای ئاواتەکەی یووسف بوون مەگەر بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هێندێ بەڵگەی باوەڕپێ‌کراو بۆ وەدی‌هاتنی ویستەکەی بێنە پێش. یووسف گوێی دابووە قسەکانی مەئموورەکەو هیچی نەدەگوت. کاتێک گەیشتنە زیندان، مەئموورەکە کارتی تەلەفونی خۆی دایەو گوتی ئەگەر دەتەوێ ڕاستی‌یەکان بدرکێنی دەتوانی تەلەفونم بۆ بکەی‌و بەگوتنی دواقسەی خۆی: "ئەوە ئەتۆی کە دەتوانی ئەو مەتەڵۆکەیە هەڵێنی" لە یووسف جیا بۆوە.

یووسف ئەمین، لە قاوشی زیندان لەپشتی ئایین‌نامەی زیندان کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، هێندێ شتی بەجۆرێکی لێڵو تێکەڵ‌پێکەڵ دەنووسین: ١٣ ٤٠٤ H.

؟هـ م ؟ ی ن آ ف ک ؟ ؟ ل ؟ ن ؟...... ی ف ن ؟ ی ن آ ف

مانای ئەڤین... یووسف دارابی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەم شـــتانەی بە خەتێکی زۆر ناخۆش‌و بەجۆرێک کە بەزەحمەت دەخوێندرانەوە، نووســـیببوون. نوێژیشی دەکردن. بەڵام نوێژکردن نەی‌دەتوانی باری قورسی زیندانی‌بوونی لەسەر سووک بکا. بەجۆرێکی لێڵ‌و ناڕوون هێندێ‌جار بەشێوەی ڕەمزو یاری بە پیتەکان، شتگەلێکی دەنووسی کە ئامانجی ئاوەژووکردنەوەی وشــــەکان بوو. -چەند پیت لێرەو ناوی چەندکەس بەپێچەوانە لە جێیەکی دیکەو ڕســـــتەیەکی ناڕوون- کە هەرکامەی ئاماژە بە بڕیارێک لەبارەی خەوتنیەوە بوون: "ڕەباقەب، دارایی... ئۆی، ئەتۆی ڕەباقەب! ئەمن یووســـف ئەمینم. توندتر قســـە بکە... بێدەنگی، بێدەنگی."

یووسف دەترسا ناوی هاودەستەکانی بنووسێ. ڕایل یەکێک لە دۆستانی لەمێژینەی بوو، دارابییش پشت‌وپشتیوانی بوو کە ڕایل کارێکی پێ‌دابوو. یووسف نە دەوڵەمەند بوو نە پیاوێکی بەتوانا، بەڵام هاوپێوەندی دەگەڵ دارابی بۆ گەیشـــــتن بە بەختەوەری یارمەتیدەری بوو. بە هەڵواسینی چەند وێنەی خۆی لەسەر دیوار بەتەنیشت وێنەی دارابی‌یەوە خۆی وەک پیاوێکی گرنگ نیشــــان دەدا. یەکی دیکە وێنەی ڕایل بوو کە چاکەتێکی چەرمی ڕەش‌و پانتۆڵێکی جینی دەبەردا بوو،و بەشـێوەی ئاوڕدانەوە ڕووبەڕووی قەوەزە پڕمیوەکانی دانەوێلەفرۆشـی‌یەکەی دارابی ڕاوەســـتابوو. ڕایل بە قەڵافەتێکەوە وەک منداڵێکی قەڵەوە، تەماشـــای سـندووقێکی پڕلەپیوازی دەکرد کە ئەو خەریک بوو دەکیســـەیەکی گەورەی زبڵ‌وزاڵی دەکردن. دارابی کیســـەکەی بەدەســـتەوە گرتبوو، بەجۆرێک لەخۆڕازی‌بوونەوە تەماشـــای دەکرد. لە وێنەیەکی دیکەدا هەرسـێکیان، بە ڕیشـی نەتاشـراوەوە، لەپەنای یەک ڕاوەســتابوون. یووسـفی بەخۆوەو مل‌ئەستوور کە چاکەتێکی زستانیی دەبەردا بوو، بە بەدفەڕی‌یەوە پێ‌دەکەنی‌و سەریی بۆ لای ڕاســـت وەرگێرابوو، ئەو جێیەی خاوەن‌دوکانەکەی لێ‌ڕاوەســـتابوو کە پیاوێکی کورتەباڵای سەرڕووتاوەی سەروڕووخۆش بوو. لە تەنیشت ڕایل ڕاوەستابوو کە لە هەردووکیان کەڵەگەتتر بوو.

ئەگەر مەبەســـتێکی زیاد لە ئەندازە دووورودرێژی دەنووســـی، پەڕەکەی دەدڕاند چونکە لەوە دەترسا کە نەکا نهێنی‌یەکی درکاندبێ. تەنیا جارێک تەسلیمی شـۆرو تامەزرۆیی خۆی بوو، ئەوجارە قەڵەمەکەی هێندە توند بەســەر کاغەزدا دێنا کە وشـەکان لەســـەر پەڕی دواتریش دیار دەبوون: بمبوورە. ئەمن پەژیوانم. هاوسەری خۆشەویستم، لەمن ببوورە! ئەمن پەژیوانم.

زیاتر لە مانگێک بەسـەر تیرۆرەکاندا تێپەڕیبوو کە نامەیەکیان لەپێش پەرویز دانا. ئەم نامەیە بەجۆرێک ورەی وی بردە سـەرێ کە لە حەوتووەکانی ڕابردوودا، هیچ شـتێکی خۆش ئەوەندەی نەهێنابۆوە سەرخۆ:

**بەڕێز دەستمالچیی خۆشەویست!**

**ئیدارەی پۆلیسی ئەڵمانی فیدراڵ داواتان لێدەکا نیوەڕۆی ڕۆژی دوازدەی نۆڤەمبری ١٩٩٢ بێنە میکین هایم (Mecken heim) تا کەسانی گومانبار بە دەستهەبوون لە کوشتنی ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا ئاشکرا بکرێن. بۆ ئاسوودەیی ئێوە ئەم شتانەتان بۆ ئامادە دەکرێ:**

**١-لە فڕۆکەخانەی کۆلن-بۆن، یەکێک لە مەئموورانی وەرتان دەگرێو هەر بەوشـێوەیە دەتانهێنێتەوە فڕۆکەخانە.**

**٢-ئامادەبوونی ئێوە زۆر،زۆر گرنگە. تکاتان لێدەکەین ئەم داخوازە قبووڵ بکەنو ئەو ڕێنوێنییانەی دەگەڵ ئەم نامەیەن لەبەرچاو بگرن.**

**٣-ئەگەر پرسیارێکتان هەیە، تکایە بۆ ڕوونکردنەوە پێوەندیمان پێوە بکە.**

**بەحورمەتەوە گاربووتز، سەرۆکی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی کەتنەکان (K H K)**

پەرویز دەگەڵ مەهدی کە ئەویش نامەیەکی لەو بابەتەی بۆ هاتبوو وەڕێکەوتن بۆ میکینهایم. کاتێک لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی فڕین بوون، مەهدی لەنێو ئەو موسافیرانەدا کە پیاسەیان دەکرد، یەکێک لە ئەندامانی بۆندستاگی ناسیەوەو گوتی: "ئەوکابرایەی لە هۆوێ ڕاوەستاوە گریگۆرجیسی نیە؟"

پەرویز خێرا چووە لای جیسی. ناوبراو یەکێک لە قسەڕۆیشتووترین سیاسەتمەدارانی ئەڵمانی پاش یەکگرتنەوە بوو. پەرویز ڕاست وەک موسافیرێکی کاسبکار هەمیشە چەند پاکەت زانیاریی لەبارەی ئەوجێگایەوە کە بۆی دەچوو، لە کیفە دەستییەکەیدا ڕادەگرت. سڵاوی لە جیسی کردو یەکێک لە پاکەتەکانی دەدەستی ناو داوای لێکرد وەک ئەندامی پارلمان ڕێگا

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نەدا کارمەندانی گەندەڵ بە ناوی پاراســـتنی قازانجی نیشـــتمانی دادپەروەری لەژێر پێ بنێن. جیســـی کە هەنگاوەکانی کەمێک شـــل کردبوونەوە، گوتی دادگاکانو دادوەرەکانی ئەڵمان لە باشـترین بەرپرسـانی سـەرانسـەری جیهانن‌و کاتێک لێی دوور کەوتەوە، پەرویز بە دەنگێکی زۆر بەرز گوتی: "ئەوە دادگاکانی ئێوە نین کە ئەمن لێیان نیگەرانم. ئەوە سـیاسـەتمەدارەکانتانن کە بەرلەوەی دادوەرەکانتان بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن، بەرتیل وەردەگرن‌و بەدقەولی دەکەن.

لە ئیدارەی ناوەندیی پۆلیسـی ئەڵمانی فیدراڵ، تۆمەتبارەکانیان ناردە نێو هێندێ کیۆسـکی چووکەڵەو لێک‌جیاو داوایان لە مەهدی‌و پەرویزیش کە لە نەفەری حەوتەمی ئەودیو شووشەکەوە ڕامابوون، کرد ئەو کەسـانەی دەیانناسـن دەسـتنیشـان بکەن. سـەرەتا هەموو گومانلێکراوەکان چاکەتی ئەسـتووریان دەبەردا بوو، دەسـتەوانەیان دەدەست کردبوو، کڵاوی شـەویان لەسـەر نابوو،و بەشـێک لە دەموچاویان بە دەسـرۆکەیەکی گوڵدار داپۆشـیبوو. پەرویز تەماشـای چاووبرۆیانی دەکرد. ئەو پەلاماردەرەی شەوی تاوانەکە دیتبووی جووتەچاوێکی ڕەش‌و سەرنجڕاکێشی هەبوون. لە یەکەمڕیزدا پیاوێکی بەرچاو کەوت کە تەواو وەک ئەوکەســـە دەچوو کە لە مێشـــکیدا نەخشابوو. بە مەئموورەکەی پەنا دەستی خۆی گوت: "ژمارە حەوت."

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەدا، تۆمەتبارەکان چاکەت‌و دەسـتەوانەکانیان دانا. پەرویز ئەمجار بۆ هەڵسەنگاندن دەستی بەسەر باسک‌و نێوقەدیاندا هێنا، چونکە پەلاماردەرەکە باڵابەرزو بەهێز دیار بوو.

جارێکی دیکە پەرویز بەدەنگی بەرز گوتی: ژمارە حەوت."

لە دوادەوری لێکۆڵینەوەدا، تۆمەتباران قۆڵەکانیان تا ئەنیشـــکیان هەڵکردن‌و دەســـرۆکە گوڵدارەکان‌و کڵاوەکانیشـــیان لابردن تا دەموچاویان بەباشـــی نیشـــان بدەن. پەرویز دیســـان هەر ئەوکەسەی هەڵبژاردەوە.

مەئموورەکە لە پەرویزی پرسـی بەباوەڕی وی پیاوی ژمارە حەوت لەو شـەوەدا چ‌نەخشـێکی هەبووە. پەرویز بێ‌ئەوەی هیچ بیر بکاتەوە وەڵامی دایەوە: "ئەو تیربارێکی بەدەســـتەوە بوو، لەپشتەوەی من ڕاوەستابوو. تاوانباری سەرەکی‌یە.

پەرویز ئەگەرچی تـاڕادەیـەک بـەگومـان بوو، هـەوڵی دەدا خۆی خاترجەم نیشـــان بدا. شک‌وگومان یەکێک لە سروشتەکانی بوو، چونکە شک‌وگومان هەمووکەس هان دەدا لەبارەی

هەر بابەتێکەوە بیر بکاتەوە. بەڵام ئێستا وەختی شک‌وگومان نەبوو، ئەو لە حاڵی شەڕدا بوو، شەڕیش باوەڕو دڵنیایی دەوێ نەک شک‌وگومان.

مەئموورەکە داوای لێ‌کرد وەڵامەکەی پشتڕاست بکاتەوە،و پەرویز دووبارە گوتی: "بەڵێ، زۆرچاک دەزانم پیاوی ژمارە حەوت بوو کە شەوی ١٧ی سێپتامبر لە ڕێستووران تەقەی کرد."

ئەوە تەنیا پەرویز نەبوو، بەڵکوو مەهدییش، -هەرچەند زۆر دڵنیا نەبوو- هەر ئەوپیاوەی لەنێو ڕیزەکەدا هەڵبژاردبوو. ژمارە حەوت یووسف ئەمین بوو.

یووسف ڕاست وەک سەردەستەی چەکدارەکان، باڵابەرز، سینگ‌پان، ڕیشدارو مووی سەری زۆر ڕەش‌و تاریک‌و پڕپشت‌و چاوەکانیشی ڕەش بوون. قەت بیری لەوە نەکردبۆوە کەسانێک ئەو دوانەیان لێ تێک بچێ‌و کاتێک ئەمەی بیست بەتوندی تووڕە بوو. بەوەی کە حازر نەبوو تەقە بکاو دەستووری فەرماندەری پیاوکوژەکانی بۆ کوشتنی قوربانی‌یەکان قبووڵ نەکردبوو، ڕەنج‌و ئازارێکی زۆری لە ڕەخنەو قسەی سووکی وان چێشتبوو. هەر لەسەر ئەوەی نەی‌ویستبوو دەستڕێژ بکا لە ئاپارتمانەکەدا زیندانی کرابوو، بەڵام هەمووی ئەوانە بەقەد ئەم مەسەلەیە ئەویان ناڕەحەت نەکردبوو. چونکە دەگەڵ ئەوەی حازر بە پیاوکوژی نەببوو بەهەڵە ئەویان بە پیاوکوژ دادەنا. لەحاڵێکدا یەکجار ناڕەحەت بوو، بانگی نیگابانەکەی کردو داوای لێ‌کرد تەلەفونێک بکا. لە ماوەی چەند دەقیقەدا، تەلەفونی دەفتەری کاری تۆنی ڤان ترەک زەنگی لێدا:

**"ناتوانم بخەوم. زۆر ناڕەحەتم. خێزانم لەسەر مانگ‌ورۆژی خۆیەتی‌و ئەمن زۆربەداخم کە بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانم ئەو یان منداڵەکەم ببینم. دەمەوێ ڕاستی‌یەکان بڵێم، بەڵام ئەگەر هەرچی دەیڵێم بچێتە دەرێ، دەبێتە هۆی مردنی خۆم‌و بنەماڵەکەم."**

ئەمانە یەکەمین قسەگەلێک بوون کە یووسف بە چەندکەس لە ئامادەبووان بۆوێنە دادئەستێن‌و ئەندامی دەستەی لێکۆڵینەوەی گوتن. تەنانەت وەختێک لە زیندانیش بوو چەندجار هەڕەشەی کوشتنیان لێ‌کردبوو -ئەویش بەڵێنی دابوو ئەگەر قسەیەک بدرکێنێ ئامادەیە هەرگیز کوڕەکەی نەبینێ. یووسف پێی دادەگرت کە دانپێدانانەکەی نابێ یادداشت‌و تۆمار بکرێ، یان هەرنەبێ، دەبێ بەنهێنی ڕابگیرێ. ئەمە داخوازێک بوو کە زۆر لە لێکۆڵەران لەبەر ئەو زانیاری‌یە گرنگانە کە لەویان وەرگرتبوون، ڕێزیان بۆ دادەنا. بەڵام قانوونی ئەڵمان هەرجۆرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ســاتوســەودایەکی لەو بابەتەی قەدەغە کردبوو،و بڕوونۆ یۆســتیش نەیدەتوانی قبووڵی بکا. یووسف لەپەستا قسەی دەکردو قسەکردن تەنیا ئامراز بوو بۆ بزواندنی ئومێدەواری لە هەناوی خۆیدا.

دانپێدانانەکەی وەک گێژەڵووکەیەک هەڵی کرد. لەپێشدا، هەر هێندێ وردەکاریی باس کردو هەوڵی دەدا ڕایلو دارابی بەوە تۆمەتبار نەکا کە لە کەتنەکەدا بەشدار بوون، تەنانەت حاشای لە ناسینیشیان کرد. پاش ئەوەش کە تێگەیشت ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە پێوەندییەکی نیزیکی دەگەڵیان هەبووە، تێدەکۆشا لە ڕادەی دۆستایەتیی خۆی دەگەڵ وان کەم بکاتەوە. بەپێی قسە سەرەتاییەکانی یووسف، تۆمەتباری ڕاستەقینە لەو وڵاتە ڕای کردبوو،و ئەوانەی گیرابوون وەک دارابی کە خاوەنی ئاپارتمانێک بوو کە تاقمەکە کەلکیان لێوەرگرتبوو، هەموویان تۆمەتبارانێک بوون کە ئاگایان لە بەرنامەی کەتنەکە نەبوو.

بەڵام هەر دانپێدانانێک ڕیزە دانپێدانانێکی دیکەی بەدوادا دێ. هەتا زیاتری قسە دەکرد، ناچار بوو بە باسوخواسێکی زیاتر درێژەی پێبدا. لە جەنگەی بیست جار کۆبوونەوەدا، یووسف هەم ڕووداوەکەی دەگێڕایەوەو هەم نەخشی ڕێنوێنی وەئەستۆ گرتبوو، ئەوەی دیتبووی پێیدەگوتنو بەشدارانی کۆبوونەوەکەی بردە سەر ئەو ڕێبازە کە بۆخۆی لە مانگی سێپتامبردا پێیدا ڕۆیشتبوو: لە باڵەخانەی ژمارە ٦٤ی شەقامی دیتمۆڵدرHB کە ئاپارتمانی یەکژوورەی دارابیی تێدابوو، بەرەو باڵەخانەی ژمارە ٧ی شەقامی سێفتینبێرگر ڕینگ (Ring Seftenberger) وەڕێ کەوتن کە ئاپارتمانی دۆستەکەی دارابیی تێدا بوو،و تاقمی تاوانباران هەتا ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر چەندین ڕۆژیان لەوێ بەسەر بردبوو؛ لەوێڕا چوونە ئەو کافەیە کە ڕێبەری تاقمەکە لەوێ لە یووسفی پرسیبوو دەتوانێ کەسێک بکوژێ. لەوێوە چوونە تێرمیناڵی قەتاری ژێرزەوی کە ئەوشەوە بەوێدا ڕۆیشتبوو. ناوونیشانی یووسف بۆ ئەو ترومبێلە بی ئێم وێ یە کە تاوانبارەکانی بردبووە پارکینگی پۆلیسەکان لە ناوەندی شار، ئەوانی هان دا سەرێکی وێ بدەنو ترومبێلەکە ببینن کە ڕاکێشرابووە ئەوێو شوێنپەنجەی خەڵکێکی زۆری بەسەرەوە مابوو. پێلێنان لەخۆیدا نەخشی سەرەتایی خۆی دەگێڕێو پێلێنان بەکۆمەگی بەڵگەی بەردەست: دۆزینەوەی ئەو ترومبێلە کە تاوانبارەکان پێیهەڵاتبوونو هەروەها دۆزینەوەی ئەو ئاپارتمانە کە تاقمەکەی تێدا ژیابوون، گەورەترین سەرکەوتنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کەتنەکە تا ئەوکاتەی بەدواوە بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

***

## -٩-

**لەپەستا هەڕەشەی مەرگمان لیٚدەکرا. تەلەفون زەنگی لیٚدەداو ئەمن وەڵامم دەدایەوەو کابرا دەیگوت: "دەمەویٚ بتکوژم، دەمەویٚ سەرت ببڕم!" ویٚدەچوو بۆخۆشم بیٚ، بەڵام گوتم "بابە پیٚمwایە ئەوە بۆتۆیە."**

شاپی، کچی تەنزنووسی دووروڵاتی ئیٚرانی هادی خورسەندی

هەتا نیٚوەڕاستی مانگی نۆڤەمبرو دوو مانگ دوای ئەو پیاوکوژی‌یانە وەرزی پاییز گەیشتبووە لووتکە. دارەکان ڕووتابوونەوە. ڕەشەبا خشتوخاڵی سەر جادە قیرتاوەکانی بەملاولادا بڵاو دەکردەوە. سەرمای توند کە تەنانەت بیٚرلینی‌یە سەرسەختەکانیشی دەناردەوە ژووری ماڵەکانیان خەریک بوو دەستی پیٚدەکرد. ڕاست لەوکاتەدا بوو کە نۆربیٚرت زیگموند وەدوا جیٚ‌پیٚی پیاوکوژەکان کەوت.

گرنگترینو ناسکترین بەڵگە دەربارەی ڕووداوەکە دۆزرابۆوەو سیٚ کەس وەک تۆمەتباری پلە یەک ناسرابوون، دووکەس لە هاوکارانیان بە تۆمەتی سووکتر لە گرتووخانەدا بوونو لیٚکۆڵەرانو پشکنەرانی تاوانەکە سەرکەوتنی خۆیان ڕاگەیاندبوو. بەڵام ئەو سەرکەوتنانە هیچ جۆرە خۆشیو

شـــادمانی یەکیان لەنێو ئاوارە دووروڵاتەکاندا نەدەبزاوت. ئومێدەواری بەهیچ‌جۆرێک بەدڵی کەســانی وەک پەرویزو شـۆهرەو مەهدیدا نەدەهات. سـەرکەوتنی وان بەمانای ئاشـکرابوونی دووڕوویی‌و دەغەڵکاریی ئەو سـیاسـەتمەدارانە بوو کە ڕاسـتی‌یەکانیان لە خەڵک دەشـاردەوە. دادئەسـتێنی فیدڕاڵ هێشـتا هەر تاقمی چەکداری کورد، یەکەکەی بە تۆمەتباری سـەرەکی دەناســـی‌و ئەمە ببووە مایەی ترس‌و نیگەرانیی یەکێک لە پەنابەرانی بێ‌ناو لەنێو ئاوارە دووروڵاتەکاندا. نۆربێرت لە نێوان دوو شـتی دژبەیەکدا گیری کردبوو -یەکیان بەدەسـتهێنانی سەرکەوتن‌و ئەوی دیکە دووڕوویی‌و جامەلووسکەیی‌و لەوباوەڕەدا بوو کە هەڵوێست‌گرتن کارێکی بێ‌سوودەو بۆیە هەرجۆرە هەڵوێست‌گرتنێکی وەلانا.

بیووگرافیی دارابی بۆ نۆربێرت بووە ڕێ‌پێشاندەرێک. دارابی ساڵی ١٩٨٢، بەهۆی بەشداری لەکوشتنی خوێندکارێکی ئێرانی لە خەوگەی خوێندکارانی شاری ماینزدا، گیرابوو،و ماوەیەکی کورت لە زینداندا ببوو، ســاڵی ١٩٨٣، یەکیەتیی خوێندکارانی موســوڵمانی ئێرانی لە بێرلینی دامەزراندبوو کە دواتر ناوەندەکەی بوو بە مزگەوتی گەورەی شیعەمەزەبەکان. ساڵی ١٩٨٧، پاش شــەش‌مانگ خوێندن لە زانکۆو ڕەدبوونەوە لە ئەزموونی کۆتاییداو دەرکرانی لە زانکۆ دەسـتی بەکارو کاسبی کرد.

ڕێگایەک کە نۆربێرت گرتبوویە بەر دەچۆوە باڵەخانەی ئیدارەی ناوەندیی "حەوتووی ســەوز" کە باڵەخانەیەکی گەورەو بەشکۆ بوو بە بەرینایی ١١٥٠٠٠ فووتی چوارگۆشە دروست کرابوو، تابتوانێ هەموو ساڵێک لە مانگی ژانویەدا هەزاران‌سەر ئاژەڵی ماڵی‌و ژمارەیەکی زۆر گەڕیدە لەخۆیدا جێ‌بکاتەوە. بەڵام لەکۆتایی مانگی نۆڤەمبردا ئارامی‌یەکی گوماناوی باڵی بەسەر ئەو فەزا بەتاڵەدا کێشابوو. نۆربێرت ڕێگای خۆی بەرەو ئیدارەی ناوەندی گرتە بەرو لەوێ بەرپرسی وەرگرتن کە ژنێکی زۆر چووکەڵە بوو، پێشـــوازیی لێ‌کردو نۆربێرت داوای لێ‌کرد بی‌باتە لای بەرپرسی شوێنەکە. بەڵام بەرپرسی وەرگرتن پێی‌گوت کەسی لێ‌نیە.

ژنەکە لەوی پرسی: "ئەتۆ پێویستیت بەچی هەیە؟"

نۆربێرت بە بێ‌وازی‌یەوە ڕوونی کردەوە کە دەیەوێ هێندێ زانیاری لەســەر ئێرانی‌یەک کە گیراوە بەدەســت بێنێ، کەســێک کە لەم پێشــانگایە دوکانێکی تەختەی هەبووەو ئەگەر ڕاســتی‌یەکان لەبارەی وی‌یەوە ڕوون ببنەوە، لەوانەیە ئازادی بکەن. کارتی پێناســی خۆی بە بەرپرسەکە نیشان داو داوای لێ‌کرد دیدارێکی دەگەڵ بەرپرسی سەرەوەی خۆی بۆ پێک‌بێنێ.

خانمەکە گوتی: "بێزەحمەت لێرە چاوەڕێ بە!"و دوایە چووە نێو ژوورێک‌و لەحاڵێکدا دۆسیەیەکی بەدەستەوە بوو، خێرا گەڕایەوەو سەری بردە بن گوێی‌و بەسپایی پێی‌گوت: "ئەمە ئەو شتەیە کە ئەتۆ لێی‌دەگەڕێی. مەئموورانی پۆلیس پێشتر هاتبوون وەریان‌گرتبوو. نوسخەیەکم لێ هەڵگرت گوتم نەوەکا پێویست بێ."

دوو پەڕە کاغەزی دانە نۆربێرت. یەکەمیان داخوازێک بوو دەربارەی ئەو دوکانە تەختەیەی لە پێشانگایەکە هەبوو، ئەوی دیکەش نامەیەکی ڕەسمی بوو:

**لە: سەرکۆنسوولی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە**

**سەرنج بدەن: کۆنگرەی ئاستیلانگز (Asstelungs)GmbH**
**بێرلین AMK**
**ئیدارەی پۆست ١٩١٧٤٠**
**مێسێدام ٢٢**
**١٠٠٠ بێرلین ١٩**
**وێرای پێشکەش‌کردنی ڕێز بۆ خوشک‌وبرایان**

**بەرپرسی کۆنسوولگەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بێرلین بەم هۆیەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەڕێز کازم دارابی لەلایەن ئێمەوە دەسەڵاتی پێدراوە هەموو مەسەلەیەکی جێگەی باس ڕوون بکاتەوە یان وەڵامی هەرپرسیارێک بداتەوە کە ڕەنگە لە پێوەندی دەگەڵ بەشداریی کۆماری ئیسلامی لە ڕێوڕەسمی "حەوتووی سەوز"ی بێرلین لە٢٢ی ژانویە تا٣ی فێوریەی ١٩٩١دا بێنە پێش.**

**بەوپەڕی ڕێزەوە**
**م. ئەمانی -فارانی[١] کۆنسوول**

---

١-ڕەنگە فەراهانی بێ. بەڵام لە ئەسڵەکەدا وا نووسرابوو ئێمەش دەسکاریمان نەکرد.

لەحاڵێکدا بەرپرسـی وەرگرتن تێیەوە ڕامابوو، نۆربێرت نامەکەی دەخوێندەوەو نەک هەر لەبەر ئەوەی بەڵگەیەکی دەسـت کەوتبوو کە هەرگیز چاوەڕوانی نەبوو، بەڵکوو بەهۆی ئازایەتیی دەفتەردارێک کە بە دەمەترسی‌هاویشتنی کاروپیشەکەی کۆمەگی بەو کردبوو بەتوندی سەری سوڕمابوو. کاغەزەکانی هەڵگرتن‌و بەنیشانەی سوپاس‌و پێزانین دەستی ژنەکەی گوشی.

کاتێک هاتەوە بێرلین بیری لەو ئەزموونانە دەکردەوە کە لەو سـەفەرەدا بەدەسـتی هێنابوون‌و هەڵەی خۆشـی بۆ دەرکەوت. لەوکاتەوە کە کاری ڕاپۆرتدانی ڕووداوەکەی دەست پێ کردبوو، هەمیشـە چاوەڕێی ڕێنوێنێکی ئازا بوو کە ڕێنوێنیی بکا. بەڵام لەجیاتی ئەوە وەدوای خەڵکی ئاسایی کەوتبوو - هاوسەرە خەمگین‌و خەفەتخۆرەکەی کە تووشی ئازاری منداڵبوون هاتبوو،و یەکێک لەکارمەندانی پلەنزم- کەسـانێک کە ناسـراو نەبوون، بەڵام هەرکامەیان کارێکی ئازایانەیان ئەنجام دابوو، دەیەویست ئەوانە دەگەڵ خۆی هاوهەنگاو بکا. لەئاکامدا، تەواو هەستی بەخۆشحاڵی دەکرد. دە نیازی هاوسەرەکەی گەیشتبوو، دروست دەی‌زانی ئەو چ‌چاوەڕوانی‌یەکی لێی هەیە: ڕاسـت کەسـایەتی‌یەک بەو تایبەتمەندی‌یانەوە کە پێشـتر بووە - ڕاپۆرتنووسـێکی شێلگیر کە لە ئاشکراکردنی ڕاستی‌یەکاندا بەتەواوی لێبڕاو بێ.

نۆربێرت بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونی بڕوونۆ یۆسـت تـەلـەفونی بۆ ئیدارەکـەی وی کرد. بەرپرسی میدیاو چاپەمەنی وەڵامێکی کورتی دایەوە، بەڵام هیچ بابەتێکی تازەی نەخستە سەر قسـەکانی دادئەسـتێنی فیدڕاڵ: "ئێمە ئێسـتاش لەو باوەڕەداین کە تاوانی میکۆنووس کاری تاقمێکی چەکداری کورد، واتە پەکەکە بووە.

بە تێپەڕینی هەرحەوتوویەک بێدەنگیی دادئەسـتێنی فیدڕال خەراپتر دەبوو. بەرپرسـێکی پایەبەرزی B K A (ئیدارەی ناوەندیی پۆلیسـی فیدڕاڵ) وێنەیەکی تازەی بەڵگەیەکی لە ئیزگەی قەتار دابوو بە دۆستی نۆربێرت.

لەکاتێکدا نۆربێرت تەماشـای ڕوخسـاری پڕشۆری پەرویزی دەکرد پێی گوت: "تاقیکردنەوەی بالیسـتیکی نیشـان دەدا کە ئەو دەمانچەیەی لە سـپۆرتینۆ دۆزیویانەتەوە لە دەیەی ١٩٧٠دا لە ئیسپانیا دروست کراوە."

پەرویز لەحاڵێکدا سەری سوڕمابوو، دەیەویست بزانێ بە چ‌هۆیەک دەکرێ ئیسپانیا تۆمەتبار بکرێ کە دەستی لە کارێکی وادا هەبووەو ئەم‌کارە چ پێوەندی‌یەکی بەوێوە هەیە؟

ڕاپۆرتنووسەکە وەڵامی دایەوە گوتی: "ئیسپانیا دەستی تێدا نەبووە. بەڵام ئێران دەستی تێدا هەبووە."

ئاکامی لێکۆڵینەوەکان ئەو ڕاستی‌یەی ئاشکرا کردوە کە ژمارەی ئەو دەمانچەیەی لە جانتایەکی وەرزشیدا دۆزرابۆوە دەگەڵ دەمانچەیەک کە لەنێو چەکوچۆڵەی ئیسپانیادا هەبووە تەواو وەک‌یەک بووە، چەکوچۆڵەیەک کە ساڵی ۱۹۷۲ ئەم وڵاتە بە گەمی‌یەک بۆ سوپای شاهەنشاهیی ئێرانی ناردوە. ئەو چەکوچۆڵانە لە عەمباری چەکەکانی ئێراندا ماون‌و پاش شۆرشی ۱۹۷۹ کەوتوونە دەستی ڕێژیمی تازە. کەوایە، زۆر وێدەچێ ئەندامانی ڕێبەریی ڕێژیمی نوێ کە دەستیان بە عەمبارەکانی چەک ڕاگەیشتوە تاوانبارەکانیان چەکدار کردبێ.

جۆی (Joy) روخسارو سیمای پەرویزی گەشاندەوە. پەرویز بەرەدەستی ڕێک‌خشاندن‌و وەک ئەوەی سەرەنجام مۆتەگەلێکی سامناکی بەدیل گرتبێ، مۆتەگەلێک کە لەوترس‌و شک‌وگومانانە پەیدا ببوون کە چەند حەوتوو بوو ئەویان ئازار دەدا، چەندین جاری گوت: "ئەمانە خەبەری خۆشن. باشترین خەبەرەکانن!"

بەوحاڵە نۆربێرت هێشتا لە نهێنی‌کاری‌یەکان نارەحەت بوو. چونکە ڕاپۆرتەکە هێشتا بەڕەسمی بڵاو نەکرابۆوە. پەرویز کەمتر لەوی نیگەران بوو. کابرای لەتاواندەربازبوو دەیگوت: تەنانەت ئەگەر سیاسەتمەدارانیش ئەوەیان بەنهێنی ڕاگرتبایە، نۆربێرت‌و هاوکارەکانی ئەوکارەیان نەدەکرد.

هەرچۆنی بێ، ڕاگەیاندنی ئەم‌خەبەرە تایبەتی‌یە کارێکی پێچەڵپووچ‌و دژوار بوو. نۆربێرت لەو باوەڕەدا بوو کە هێشتا لەبارەی ئەو ڕووداوەوە زۆرکاری نیوەچڵ ماون کە دەبێ تەواو بکرێن. بێجگە لەوەش، بەرنامەیەکی وەک ئەوەی فکری وی بەخۆیەوە خەریک کردبوو، مەترسیدار بوو،و دەبوو -نەک لە بەرنامە خەبەری‌یە ناوچەیی‌یەکاندا، بەڵکوو لە ڕادەی نیشتمانی‌و لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بکرێتەوەو بۆ بڵاوکردنەوەی دواتریش گۆڤاری خەبەریی نیشتمانی،کۆنتراست، کە مانگانە دەردەچوو، هێشتا چەند ڕۆژێکی مابوون. پەرویز ناچار بوو کارێکی ناخۆش تەحەممول بکا کە زۆری لێ‌بێزار بوو: چاوەڕێ بە.

چاوی بە مێزێکی سپی کەوت کە ڕێکەوتی ڕوودانی کەتنەکەو هەموو ئەوشتانەی دوایە دۆزرابوونەوە لەسەر چەند پارچەکاغەزێک بە نیشانەگەلی ڕەنگاوڕەنگ نیشان درابوون‌و دوایین بابەتی بەوردی دایە بەر سەرنج:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

تیربار: دروســـتكراوی كار**خانەی ئای.ئیم.ئای (IMI)، مۆدێلی یووزی(UZI)، ژمارەی سێڕیاڵ ٠٧٥٨٨٤ ، كالیبر ٩میلیمیتری دەگەڵ خەشابێكی ٣٢فیشەكی.**

**دەمانچە: دروستكراوی كارخانەی لاما (Lama)، مۆدێلیXAو كالیبر ٧/٦میلی میتری، ژمارەی سێڕیاڵ ٥١٧٠٧٠، بەخەشابێكی ٨فیشەكیيەوە لە١٥ی ژوئەنی ساڵی ١٩٧٢دا بە سوپای شاهەنشاهیی ئێران فرۆشراوە.**

چەند دەقیقەیەک بە بێدەنگی دانیشـــتبوو،و ئاوڕەكەی لەســـەر مێزەكەوە وەرســـووڕاند بۆلای ڕاپۆرتنووســـەكەو كاتێک دووبارە دەســـتی بە قســـە كردەوە، جۆشوخرۆشـــێک لە دەنگیدا دیار نەبوو:

"ئێمە هەموومان لەبیری بیرەوەرییەكی ســـــامناكداین. ئەمن وەدوای بیرەوەریی ســـــامناكی دۆســـتێكم كەوتوومو ئێوە بەدوای دەســـتخستنی ڕاستیگەلێكدا دەگەڕێن كە كارمەندە گەندەڵو بەدكارەكان تێدەكۆشـــن بیانشـــارنەوە. ئێوە دەڵێن چەند ڕۆژێک دەســـت ڕاگرم. ماشـــەڵڵا! وەختی ئەوەیە حەرامزادەكان بنێرنەوە ئێران یان لوبنانو هەموو شتێک تەواو بكەن."

نۆربێرت ئەوی دڵنیا كرد كە خەریكن بەوردی لە بەشێک لە ڕووداوەكان دەكۆڵنەوەو هیوادارن ئەوەی لە بەرنامەی دواتری تەلەڤزیۆندا بڵاو بكەنەوەو لەوە بەدوا پێشـــــی هەرجۆرە ڕووداوێكی كارەســـاتخوڵقێن یان بڵاوكردنەوەی دەنگوباســـی بەئێشوئازار بگرن. پەرویز ســـەری ڕاوەشـــاند. بە بۆچوونی وی تەنیا یەک كارەســـــات لەئارادا هەبوو، ئەویش ڕاپۆرتێک بوو كە نەدەبوو وەدوا بكەوێ. جارێكی دیكە لە مێزە سپییەكەوە ڕاما. بە داماوییەوە، ناوونیشانی چەكەكانی لەسەر كوتەكاغەزێک یادداشـــــت كردو كوتەكاغەزەكەی خســـــتە نێو پاكەتێک. ئەمبەشـــــە لە زانیارییەكانی ئەوەندەی بۆخۆی بوو، ئەوەندەش بۆ نۆربێرتو ناوەندە پۆلیســـــییەكانی ئامادە كردبوو. ئەم دۆزینەوەیە هی وان بوو،و داشـــــیەوە بەوان. بەڵام زۆربەی ئەو زەحمەتانەی بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕاستییانە كێشابوویان لەسەر شانی وی بوون.

هێندێ كەسی دیكەش هەبوون كە نۆربێرت هەوڵی دەدا دەستیكەون هێشتا نەدۆزرابوونەوە.

کابرای ڕاپۆرتنووس کە هیوادار بوو هاوکارەکەی خۆی قانیع بکا دەیگوت: "ئێمە دەڵێین دەزگای پۆلیس پێنج کەسی لە گرتووخانەدا ڕاگرتوون، بەڵام ئێمە جگە لە چەند وێنەیەکی ناڕوون شتێکمان بەدەستەوە نیە کە نیشانی بدەین، چەند وێنەیەک کە بەهەرحاڵ ئێوە بە سوودمەندیان نازانن. ئێمە تەلەڤزیۆنێکی بێ وێنەینو خەڵک بەوە قانیع نابن."

"وتوویژ دەگەڵ من بکەن! چونکە دەتوانم ئەو شتانەی ئەوشەوە لە ڕێستووران دیومنو ئەوانەش کە دوای ئەوشەوە لە ڕیزی تاوانبارەکاندا دیتوومن بۆتان بگێڕمەوە."

نۆربێرت بە پێداگرتنەوە گوتی: "خەڵک دەبێ ئەوشتانەی ئەتۆ دیوتن ببینن. ئێمە وێنەکانمان دەوێن. یەک وێنە."

تەنیا یەک وێنە؟"

بەشەڕەفم سوێند دەخۆم، پەرویز! تەنانەت تاقە یەک وێنەش دەبێتە مایەی باسوخواسێکی زۆر لەنێو خەڵکدا."

نووری دەیەوێ چبکا؟ کاتێک پەرویز بەرەوماڵ دەچۆوە، بیری لە ڕۆژە ناخۆشەکانی ڕابردوو دەکردەوە. لەوکاتەوە کە تێرۆرەکە ڕووی‌دابوو، لەجیاتی ئەوەی خەفەتی مەرگی نووری بخوا هەمیشە ئارەزووی دەکرد لەپەنای خۆی بی‌بینێ. ئەگەر نووری لێی نیزیک بایە، دەی‌زانی دەبێ چبکا. نووری پیاوێکی بیرمەندو تەنانەت لەوەش زیاتر پیاوی کردەوە بوو. تەنیا سێ‌ساڵ لە پەرویز بەتەمەنتر بوو، بەوحاڵە کاتێک پەرویز لەساڵی ١٩٧٠دا هاتە بێرلین، نووری باڵی بەسەردا کێشاو سەرپەرستیی دەکرد. نووری کەسێک بوو کە هەرکەس تازە هاتبا دەی‌بردە باشترین گەڕەکی شارو بە هاونیشتمانە دوورولاتەکانی دیکەی دەناساندو ئەوانیش کۆمەگیان دەکرد تا لە کەسێکی هەژدەساڵەی تەنیا ئەهلی خوێندنەوەڕا بیکەنە پیاوێکی بیرمەندو ئەهلی کار.

با، سەرگۆناو گووپەکانی پەرویزی چرچو سڕکردبوون، بەڵام بەئارامیو بێ‌پەلەپەل بەڕێدا دەڕۆیشتو سەرنجی هەر لەسەر ئەو کاغەزە بوو کە دەگیرفانی نابوو. سەرەنجام، ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی ڕووداوەکەوە دەست کەوتبوو. هەرچەند هەستی دەکرد تاڕادەیەکی زۆر خۆی بەقەرزداری نۆربێرت دەزانێ، بەوحاڵە، ئەمەگداری بەرامبەر بەدۆستە لەمێژینەکەی هەروا لەهەناویدا مابوو. بەهەمووتوانای خۆی تێ‌دەکۆشا چۆن بتوانێ ئەو وێنەیە پەیدا بکا کە

نۆربێرت داوای لێدەکرد، بەڵام لەوبارەیەوە لە دەرفەتێک دەگەڕا کە بیروهۆشی کۆمەگی بکەن بۆ بەدەستهێنانیو پێویستیی بەهیچ شتێکو هیچ کەسی دیکە نەبوو.

لەماڵێ لە پشت مێزەکەی دانیشتو دەستی بە تەلەفونکردن کرد. یەکەم تەلەفونی بۆ ئاشنایەکی دێرین لە ئیدارەی کاروباری دەرەوەی بێرلین بوو کە قەرزداری پشتیوانیو پارێزگاری یەکەی بوو. ئەگەر هەرجۆرە وێنەگەلێکی لە یووسف، ڕایل یان دارابی هەبایە، هەرنەبێ دەبوو یەکێک لەوان لە دۆسیەکەی بەردەستی ئەودا بێ. بەڵام بەویانگوت کە دەزگای پۆلیس چەند ڕۆژ پێشتر دەستی بەسەردا گرتوون.

پەرویز لەبەر ئەوەی دەیزانی یووسف وەختێک خوازیاری پەنابەری بووە، چووە لای یەکێک لە ئاشناکانی لە خاچی سوور کە سەروکاری دەگەڵ عەرەبزمانەکان هەبوو، ئەویش دۆسیەیەکی لەبارەی یووسفەوە دۆزیەوەکە وێنەیەکی پێوە لکێندرابوو، بەڵام کاتێک لێی ورد بوونەوە، دەرکەوت کە بەڵگەکان ساختەنو وێنەی نێو دۆسیەکەش وێنەی یووسف نیە.

بەوحاڵەش، پەرویز دەستبەردار نەبوو،و ئەوەی لەبارەی دارابییەوە دەیزانی دەیخستە بەر لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە. دارابی بەرپرسی یەکیەتیی خوێندکارانی موسوڵمانی ئێرانی بوو، یەکیەتییەک کە چەندینجار لەبەریەک هەڵوەشابوو،و دروست کرابۆوە. تەلەفونی بۆ یەکیەتی کردو گوتی بەدوای هێندێ زانیاری لەبارەی دارابیدا دەگەڕێ کە بەتۆمەتی کەتن زیندانی کراوە.

پیاوێک کە وەڵامی دایەوە شتێکی سەرسوڕهێنەری بەدەمدا هاتو گوتی: "دارابی، ئەو کوڕێژگە جلفو هەوەسبازە؟"

پەرویز پرسیاری کردو گوتی: "کوڕێژگەی جلفو هەوەسباز؟!"

کابرا لەحاڵێکدا قژقژ پێدەکەنی گوتی: چەنەگەی وەک چەنەگەی وی باریکەو لووتی قەپۆزبەرانییە... چناونیشانێکی دیکەی دەتوانێ هەبێ؟ ئەتۆ دەڵێی ئەو بەرنامەی کەتنەکەی ڕێکخستوە؟ ڕێی تێناچێ. ئەو ئەوەندە زرینگ نەبوو. ڕێکخستن؟ ئەو تەنانەت نەیدەتوانی کەوشەکانیشی لەجێیەکی دیاریکراو دابنێ. کەسێکی دیکە ئەوکارەی پێدەکرد.

پەرویز ناوی ئێرانی هێنا، کابرای بەرامبەری لە قاقای پێکەنینی داو گوتی: "بەبێ وان، تەنانەت قۆرییەکی چکۆلەشی نەبوو میزی تێ بکا."

دوای چەند دەقیقەیەک ئاوا لەسەر قسەکانی ڕۆیشت: "بەڵام ئەتۆ هەرگیز ناتوانی ئەڵمانی‌یەکان قانیع بکەی ئەوەت لێ‌قبووڵ بکەن."

پەرویز زۆری گوێ نەدەدایە ئەو بۆچوونە ناخۆشانەو لەجیاتی ئەوە پرسیاری کرد داخوا دەتوانێ وێنەیەکی سەرەتای یەکترناسینیان بەو نیشان بدا. لایەنی بەرامبەر وەڵامی دایەوە: "نا. تەنانەت ئەگەر هەشم‌بایە، هەتا ئێستا لەتوپەتم کردبوو. پێشتر بەتۆم گوت، هیچ کارێکم بەکاری وی نیە."

پێش‌ئەوەی سەرەنجام پەرویز واز لە داخوازی‌یەکەی بێنێ، چەند جاری دیکە لەو بارەیەوە تکای لێ‌کردو ئاخرەکەی شکانی خۆی لە بەرامبەر نۆربێرتدا قبووڵ کردو پاشان جانتایەکەی بەستو بۆئەوەی مەسەلەکە لەبیر خۆی بەرێتەوە، ڕۆژی کۆتایی حەوتوو لەماڵ وەدەر کەوت.

بەڵام شەوی یەکشەممە کە هاتەوە ماڵێ، شانسو ئیقباڵ ڕووی تێ‌کرد. لەسەر دەزگای پەیامگیری تەلەفونەکەی دەدوازدە پەیام دانرابوون کە هێندێکیان هی پۆلیسی فیدراڵ بوونو بەتوندی داوایان لێ‌کردبوو دەسبەجێ پێوەندی‌یان پێوە بگرێ. دەگەڵ گرتنی هەرکەسو دۆزینەوەی هەر شتێکی تازە، بەرپرسانی پۆلیس داوایان لە شایەتە زیندووەکان دەکرد بیروڕای خۆیان دەرببڕن. پەرویز تەلەفونی بۆ مەهدی کرد. هەر خەبەرێک هەبووایە، مەهدی دەبوو بی‌بیستێ.

مەهدی دەیگوت: "چەند ئالبۆمێکیان بە دەوروبەری سەد وێنەوە دۆزیوەتەوە."

پەرویز لە مەهدیی پرسی کە داخۆ وێنەی هیچ‌کەسی ناسیاوی لەنێو واندا دیوە؟

"بەدڵنیایی، وێنەی چەندکەس لە هاوکارانی دارابی‌یان دەنێودا هەیە. یەکێکیان دەگەڵ وی لەنێوەڕاستێ ڕاوەستاوەو ئەوانی دیکەش لە تەنیشت وی. پێم‌وایە ئەوانن."

پەرویز ئەوشەوە تەلەفونی بۆ پۆلیسی فیدراڵ نەکرد، چونکە لەپێشەوە دەی‌زانی چی‌یان لێی دەوێ. دەیانەویست بچێتە لایان، لە ژوورێک دانیشێ‌و چاو لە هەموو ئەو وێنانە بکا کە هەوڵی دەدا پەیدایان بکا، وێنەگەلێک ڕاست وەک ژمارەیەکی زۆر زانیاری کە لەوانە بوو بڵاو نەکرێنەوە. ئەویان وەک شایەتێکی گوێ‌ڕایەڵی خۆیان سەیر دەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

پێشئەوەی شـەوێ لەنێو نوێندا چاوان لێک نێ، جارێکی دیکە لە خۆی پرسـی: "نووری دەیەوێ چ بکا؟"

ڕۆژی دووشـەممە بە بەرنامەیەکی کاری لە مێشـکی پەرویزدا کۆتایی هات. تەلەفونی بۆ کەسـێک کرد کە ژمارەکەی کەوتبووە سـەر دەزگایەکەی‌و کاتێک خۆی ناسـاند، لە دەنگی پیاوەکەی پۆلیسدا کە سەلامی کرد، جۆرێک خۆشحاڵی هەست پێ‌دەکرا.

پەرویز کە هەوڵی دەدا خۆی بێ‌خەبەر نیشان بدا لێی‌پرسی: "چ کارێکم لەدەست دێ کە **بۆتان** ئەنجام بدەم؟"

هـەروەک بۆخۆی چاوەڕوان بوو، کـابرای پۆلیس داوای لێ‌کرد بۆ لێکۆڵینـەوەی هێنـدێ مەسەلەی پێوەندیدار بە میکۆنووسەوە بچێتە ئیدارەکەیان.

پەرویزیش بێ هیچ بیرکردنەوەو ڕامانێک گوتی: "بەداخەوە ناتوانم. دەزانی لەو وەختەوە کە ئەم کارەسـاتە ڕووی داوە، زۆر ڕۆژەکارم لەدەسـت چوونو ئەگەر داوای یەک سـەعاتی دیکە ئیجازە لە خاوەن‌کارەکەم بکەم دەگەڵ مەترسیی لەدەستدانی کارەکەم بەرەوڕوو دەبم."

ئەمجار پێشـنیاری کرد لە جیاتی ئەوەی بچێتە ئیدارەکەیان، لە شـوێنی کاری خۆی بیانبینیو لە ئاکامدا ناچار نابێ جارێکی دیکە لە شوێنی کارەکەی وەدەر بکەوێ.

بەیانیی ئەو ڕۆژە تەنیا دەرفەتێک بوو کە پڕۆژەو بەرنامەی خۆی تێدا جێبەجێ بکا. بە دەفتەردارەکەی گوت لەپشـت مێزی کارەکەی وەمێنێ چونکە چەند کەس "میوانی بەڕێز" بۆ ماوەیەکی کورت دێنە سـەردانیانو دەسـتووریشـی بە دەفتەردارەکەی دا چەند بەش لە وێنەکان فۆتۆکۆپی بکا -یەک‌یان دووئاڵبۆمی لەسەر مێزی نووسینەکەی دانانو ئەو لاپەڕانەی پێویست بوون لێکی کردبوونەوە تابتوانن پێش ڕۆیشتنی میوانەکان فۆتۆکۆپی‌یان بکەن.

سـەری سـەعاتی دووی دوانیوەڕۆ دووکەس لە مەئموورەکان هاتنو جانتایەکی چەرمیی زۆرگەورەیان بە دووکەسـان هەڵ‌گرتبوو. لە تەنیشـت مێزەکەی پەرویز هەردووکیان لەسـەر نیوتەختێک دانیشـتنو یەکەمین ئاڵبۆمیان لەپێشـی داناو ئەویش بەوردی سـەرنجی دایە لاپەڕەکانی. لە یەکەم ئاڵبۆمدا هیچ‌کام لە وێنەکانی نەناسی. ئاڵبۆمی دووەمیان هێنایە دەر. لە نیوەی ئاڵبۆمی دووەمدا، وێنەی کەسـێکی ئاشـنای نیشـاندا کە سـەرێکی ڕووتاوەو لووتێکی قەپۆزبەرانیو چاوێکی دەقووڵ‌کەوتووی هەبوون. دارابی پێ‌دەکەنیو لەنێوان دووکەسی ڕیشداری

زۆر لەخۆی کەڵەگەتتردا ڕاوەســـتابوو. نەفەری لای ڕاســـتی وەک ئەوکەســـە دەچوو کە لە ڕیزەکەدا دیتبووی. لەسەر پشتی بەرگەکەش وێنەی چەندکەس هەرلەوکەسانە هەبوو کە پێشتر لە جلوبەرگێکی دیکەدا دیتبوونی.

بە دەنگێکی بەرز گوتی: "ئەمانە خۆیانن."و پاشـــان دەســـتێکی لەســـەر نێوچاوانی داناو چاوەکانیی لێکنان.

پەرویز بەمیوانەکانی گوت: "زۆر دژوارە. هەروەخت ڕووداوێکی وا بێتە پێش بنیادەم ناچار بێ تەماشای ئەم وێنانە بکاتو بیرەوەریی ئەوشەوە لە مێشکی خۆیدا زیندوو بکاتەوە، شتێکی زۆر ناخۆشە."

بەدیتنی حاڵەتێکی هاودەردی لە ڕوخســاریاندا، لێیپرســین دەتوانن کەمێک دەســت ڕاگرن. مەئموورەکان ڕازی بوون. دوانیوەڕۆیەکی خۆش بوو، میوانەکان پێشنیاری ئەویان بۆ خواردنەوەی قاوەی تازەدێم قبووڵ کرد.

چوون بۆلای ژووری ئاســـایی کارمەندەکان کە لەوســـەری هاڵەکە بوو. پەرویز لە دەرفەت کەلکی وەرگرت، دۆلکەی قاوەکەی شـــوتو ئاوی تێکردو لەســـەر قاوەجۆشـــەکەی دانا. بەبەر قوڵتەقوڵتی دەزگاکەوە مەئموورەکان باسی ئەو زەحمەتانەیان دەکرد کە لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوەی تاوانەکاندا تووشیان دەبنو بە هەستێکی دۆستانەوە دەپەرویزەوە ڕامابوون.

کاتێک ئەو خەریک بوو قاوەی دەفنجانەکان دەکرد، لێیپرســین پێیان وایە چ کەسێک ئەو کەتنەی کردوە. مەئموورەکان ســـەریان ڕاوەشـــاندو بێدەنگ بوون. پەرویز دوای ئەوەی بە بێوازی چەند قومێکی لە قاوەکە خواردەوە گوتی کافێئین مۆجیزەی خۆی نیشـــان داوە، لەجێی خۆی هەستاو لەپێش وان چووە سەر مێزەکە تا بۆ دواجار لە ئاڵبۆمەکە وردبێتەوە.

پاشئەوەی مەئموورەکان ڕۆیشـــتن، پەرویز کە تەواو شـــادو بەکەیف بوو، تەلەفونەکەی هەڵگرتو بە دەنگێکی نزم گوتی:

"نۆربێرت، شـتێکم هەیە کە ئەتۆ بەڕاسـتی پێویستیت پێی هەیە. شـتێک کە وات لێدەکا چاوپۆشی لە هاتن بۆ دەفتەری کارەکەم بکەی."

نۆربێرت لێیپرسی: "وێنەی دارابیت پەیدا کردوە؟"

پەرویز لە وەڵامدا پێیگوت کاری زۆر لەوە باشتری ئەنجام داوە.

"وێنەی یووسفت دەست کەوتوە؟"

لەحاڵێکدا دەنگی پەرویز جۆرێک خۆڕاانانی پێوە دیار بوو، گوتی تەنانەت لەوەش باشتر.

نۆربێرت هەرچەند شادو بەدەماغ بوو، بەڵام خەریک بوو حەوسەلەی بەسەر بچێ، دیسان پرسی: "وێنەی ڕایلت دەست کەوتوە؟"

پەرویز لە قاقای پێکەنینی داو گوتی: "وێنەیەکی هەرسێکیان!"

نۆربێرت گوتی: "ئەوکارە من نیگەران دەکا." هەرچەند دەنگەکەی جۆرێک شادیو خۆشحاڵیی پێوە دیار بوو نەک دڵەخورپەو نیگەرانی.

"با پێکەوە دوعا بۆ لەشساغیی سکرتێرە بێناوەکەمان بکەین کە لە زنجیرەی کلیلەکانی بۆ چارەسەری مەسەلەکاندا، هەمیشە کلیلێکی زۆرباش هەیەو دەستەکانی وەک تیشکی زیراکس دۆزینەوەکان هەڵدەسووڕێنن."

" هەرلەوێ بە. هەرئێستا دێم."

***

ئەوشەوە، یەکەمینوێنەکانی ئەوپیاوانەی دەستیان لە تاوانەکەی میکۆنووسدا هەبوو لە تەلەڤزیۆنی ناوچەیی بێرلینێر ئەبێندشاو نیشان دران. نۆربێرت بەکەلکوەرگرتن لە کۆمەڵە وێنەیەک کە دیمەنی سەرەتای تاوانەکە بوون، بەشی سەرنجڕاکێشی ڕوداوەکەی ڕوون دەکردەوە.

"ئەمشەو، ئێمە باسی لێکۆڵینەوەیەک دەکەین کە دەگەڵ بوونی هەموو بەڵگەو نیشانەیەک، چەند بەشی جێگای قبوڵی کاربەدەستانی بەرپرسی لێڕاگەیەندراوە. دادئەستێنی فیدڕاڵ باوەڕی وایە کە تاقمە کوردەکانی خەنیمی یەکتر لەوانەیە لە ١٧ی سێپتامبردا دەستووریان دابێ ئەوکەتنە لە ڕێستوورانی میکۆنووس ئەنجام بدرێ. بەڵام ڕێژیمی ئێران خەریکە بەرەبەرە وەک تاوانباری سەرەکی دەناسرێ. زۆر لە خەڵکی لەسەر ئەوباوەڕەن کە ئەڵمانو کۆمەڵگەی جیهانی نایانەوێ ئەو تاوانە بەڕوونی نیشان بدەن."

مۆنتاژی وێنەکان سـەرنجی پەرویزو مەهدیی کە پێکەوە لەسـەر نیوتەختێکی مۆبڵ دانیشـتبوون، ڕاکێشـا. نۆربێرت ڕووی دەوان‌کردو ئەوان لەسـەرەخۆو لەحاڵێکدا قسـەی یەکتریان دەبڕی، وەڵامیان دەدایەوە.

"بەڵێ، چوومە ئیدارەی ناوەندیی پۆلیسی فیدڕاڵ لە میکین هایمو تەماشای ڕیزەکەم کرد."

"ئەمنیش هەروا."

ئەمن ئەو پیاوە پیاوکوژەم دی کە ئەوشـەوە بە تیربارێک تەقەی لە ئێمە کرد." ئەگەر یەکێکیان قسەی دەکرد، ئەوی دیکە بە سەرلەقاندن، قسەکانی وی پشتڕاست دەکردنەوە.

مەهدی لێی زیاد کردو گوتی: "پێم‌وایە -هەرچەند دڵنیا نیم- ئەوپیاوەی لەوڕیزەدا بوو ناسیمەوە. ئەوم دەرکێشاو یەکێک لە مەئموورەکان دوایە پێی گوتم ئەم‌کارە هەنگاوێکی گەورە لە لێکۆڵینەوەکاندا بووە. بەڵام تائێستا کەس ئامادە نەبووە بەهیچ‌جۆر ڕای‌بگەیەنێ."

وەختێک ڕسـتە ڕوونەکانی نامەی کۆنسـوول لەسـەر تەلەڤزیۆن دەرکەوتن، گوڕڕەی دەنگی نۆربێرت جارێکی دیکە بەرز بۆوە.

"بەڵام باش دەزانین کە ئێران دەستی لەو کەتنەدا هەبووە چونکە کازمی دارابی لە سەردەمی پێشانگای حەوتووی سەوزدا نوێنەرایەتیی ئێرانی بەئەستۆوە بوو."

ئەمجار قەڵافەتی یەکی دیکە لە کۆچبەرە چاویلکەلەچاوەکان دەرکەوت:

" نامەیەکم بۆ وەزیری دەرەوەی ئەڵمان نووسـیو لەوێدا داوام لێ‌کرد زانیاریی پێوەندیدار بە لێکۆڵینەوەکانی میکۆنووسـم بداتێ. لە وەڵامی نامەکەمدا نامەیەکیان بۆ ناردم. ئەمەش ئەو بابەتانە کە لەنامەکەدا نووسـرابوون: "ئێمە هێشـتا هیچ‌جۆرە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەمان دەست نەکەوتوەو هیچ جۆرە نیشانەیەک لەدەستدا نیە کە چ کەسێک —بەهەر شێوەیەک- لەپشتی ئەو تاوانەوە بووە."

کاتێک کابرای وتووێژکەر لەکامێراکەوە ڕامابوو، ڕقەوتووڕەیی ڕوخسـاری وی داگرتبوو، پاش ڕاوەسـتانێکی چاک، دەسـتی کرد بە خوێندنەوەی پاڕاگڕافێکی دیکە هەرلەو نامەیە: "بەپێچەوانەی..." مسـتێکی توندی لە سـینگی خۆی داو گوتی: "بەپێچەوانەی ئیددیعاو تۆمەتگەلێک کە سەبارەت بە دەستتێدابوونی کۆماری ئیسلامی دەری دەبڕن."

سەری بەرز کردەوەو بێ‌ئەوەی قسەیەک بکا، جارێکی دیکە تەماشای کامێراکەی کردەوەو دوا هۆشداری خۆی داو گوتی: "ئێمە ئێرانی‌یانی دانیشتووی بێرلین داوا دەکەین هەموو بەڵگەکانی پێوەندیدار بەو مەسەلەیەوە دەسبەجێ بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی خەڵک بگەیەنن."

ئەوبەشە، تەنانەت بێ‌ئەوەش‌کە ئاکامی تەقەکردن بە چەکەکانی ڕوون کردبێتەوە، لەنێو خەڵکدا ببووە مایەی جۆش‌وخرۆشێک. خەڵکی بێرلین کە تائەودەم تەنیا وێنەی سامناکیان لە تۆمەتبارەکان دیتبوو، کاتێک وێنەی ڕاستەقینەی وانیان دیت، بەتوندی تێک‌ڕابوون، وێنەکان بەتوندی ڕقی خەڵکیان بزواند، بەڵام ئەمجار کاتێک پێشنیاری بەنهێنی‌هێشتنەوەی ڕاستی‌یەکان هاتە گۆڕێ بوو بەهۆی ڕقێکی شێتانە لەنێو خەڵکدا.

بەیانیی زوو نۆربێرت تەلەفونی بۆ پەرویز کرد تا هۆشیاری بکاتەوە کە پۆلیسی فیدراڵ پێوەندیی بە ناوەندی پۆستخانەوە گرتوەو مەئموورەکانیان بەرەو دامەزراوەی سینەما وەڕێ کەوتوون.

"دڵنیام دەیانەوێ دوایە تۆ ببینن. خۆت بشارەوە! وەک شێتان توورە بوون!"

پاش‌نیوەڕۆی ئەوڕۆژە بەڕێوەبەری بەشی لێکۆڵینەوەی کەتنەکان پەرویزی بانگ کردە ئیدارەکەی خۆی‌و پەرویز بەبێ‌وازی‌و ناڕەحەتی چوو. بەڕێوەبەری بەش بێ‌ئەوەی لەسەر کورسی‌یەکەی هەستێ بە مۆڕەیەکی ڕقاوی‌یەوە ئاماژەی بۆکرد لەسەر کورسیی بەرامبەری دانیشێ.

"بەڵام جانتایەکەت لە نیزیک دەرگای ژوورەکە دابنێ!"

ئەم داخوازە بۆ پەرویز زۆر سەیر بوو،و لەئاکامدا لە هۆیەکەی پرسی.

بەڕێوەبەری بەش بە نیشانەی سووکایەتی‌و بە غڵدەغڵدەوە گوتی: "بۆخۆت هۆیەکەی دەزانی! ئەتۆ دەتوانی بەدزی‌یەوە کوتە بنێشتێک لە زاری کەسێک دەرکێشی بێ‌ئەوەی کابرا بەخۆی بزانێ. ڕاستم پێ‌بڵێ وێنەکانت چۆن دزین."

پەرویز کە لە ڕقوقینی وی سەری سوڕمابوو، خەریک بوو فکرەکانی خڕ بکاتەوەو هەوڵی دەدا وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی وەدرەنگ بخا، گوتی: "ئەوانەی دوێنێ شەوێ لە تەلەڤزیۆن نیشان دران؟"

بەڕێوەبەری بەش بەبێدەنگی تێیەوە ڕامابوو، پاشان ڕووی کردە سکرتێرەکەی و گوتی: "بێزەحمەت ناچیەوە سەر مێزەکەی خۆت؟ پێمانخۆشە چەند ساتێک بەتەنیا بەجێمان بێڵی."

وەختێک سکرتێرەکە چووە دەرێ و دەرگای پێوە دا، بەڕێوەبەری بەش دیسان دەمیوانەکەوە ڕاما. پەرویزیش، شانی هەڵتەکاندن و خۆی بێباک نیشان دا.

بەڕێوەبەری بەش بە دەنگێکی بەرز گوتی: "هیچ شتێکت بۆ دەربڕین نیە؟"

پەرویز لەجێی خۆی هەستاو بۆلای دەرگا چوو. بەڕێوەبەری بەش شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕی و بەدەنگێکی ئارام گوتی: "ڕێگا بدە هەتا ئاسانسۆرەکە دەگەڵت بێم."

لە دالانەکەدا دووبارە بە پێداگرتنەوە گوتی: "دەبینی کە هیچ کەس لێرە نیە؟ ئەمن هەربۆخۆم دەمەوێ بزانم ئەتۆ ئەوکارەت چۆن کردوە."

پەرویز لەحالێکدا چاوی لە فلیشەکانی سەر ئاسانسۆر دەکردو خۆی لە چاولێکردنی پرسیارکەرەکە دەدزیەوە، گوتی: "کاکە، ئەمن هیچم نەکردوە."

کاتێک دەرگایان کردەوە، بەڕێوەبەری بەش دواداخوازی خۆی دەربڕی و گوتی: "بۆ بەپێیان نەچینە خوارێ؟"

پێکەوە بە پلیکانەکاندا هاتنە خوارێ و بەڕێوەبەری بەش پێی گوت کە گەیشتوونە شەقام و پشت دیواری ڕێکخراوەکەیان و کامێراکانی کۆنترۆڵ. لەحالێکدا لە ڕاوێژی قسەکردنیدا دیار بوو لە کارەکەیدا سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە، جارێکی دیکە پرسیاری کردو گوتی: "مەردومەردانە پێم بڵێ: ئەوکارەت چۆن کرد؟"

"کامە کار؟"

"ئەو وێنانەت دزین و ئەمن دەبێ بزانم چۆنت دزین."

پەرویز وەڵامی دایەوە، گوتی: "کاکە، ئەمن دز نیم، بەڵام چونکە مکوڕی، پێت دەڵێم کێ ئەوکارەی کردوە.

"کێ؟ چ کەسێک؟"

"ئەتۆ کردووتە."

بەڕێوەبەری بەش کە زۆر تووڕە ببوو، بەجۆرێکی هەڵنەسەنگاو گوتی: "ئەمن؟ چۆن قسەی وا نەفامانە دەکەی؟"

"دیارە دەیکەم. چونکە ئەمن یەکێک لە قوربانی‌یەکانمو ئەتۆ شەریکە تاوانی. هەرچی ئەمن لەبارەی قسەکانی کاربەدەستێکی ئیداری‌یەوە بیلێم خەڵک قبووڵیانەو باوەڕی پێ‌دەکەنو بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەتۆ بۆ ئەوکارەت کردوە -ململانە، بەدکاری، خەڵک‌تووش‌کردن. وشیاریی خەڵک هیچ سنوورێکی نیە."

بەڕێوەبەری بەش بێدەنگ بوو، پەرویز ماڵئاوایی لێ‌خواستو وەرسووڕاو ڕۆیشتو بەتوندی هەوڵی دەدا وا نیشان بدا کە حەزی لە چارەی کابرا نیە.

***

## -۱۰-

**بەپێچەوانەی باوەڕی زۆرکەسی جۆراوجۆر، لە ئێران ئازادیی ڕادەربڕین هەیە. بەڵام دوای ڕادەربڕین هیچ‌جۆرە ئازادی‌یەک نیە.**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دوورولاتی ئێرانی

هەرکاتێک لێکۆڵینەوەی ڕووداوێک دەهاتە پێش، بڕوونۆ یۆست حەوسەلەی خوێندنەوەی نووسراوگەلی سادەو هەڵنەسەنگاوی نەبوو. ئەو بابەتەی مەبەستی بووایە، کە ئێستا ئێران بوو، نەک‌هەر لەباری سیاسی‌یەوە، بەڵکوو لە بواری هونەرو فەرهەنگیشدا بەوردی دەی‌خستە بەر توێژینەوە. ڕێنوێنو وەرگێڕی فارسی بە ئەڵمانی‌یەکەی، زەمان خان، لیستێکی کتێبانی بۆ ئامادە کردبوو کە بیان‌خوێنێتەوەو جارێکیش بە مەبەستی جۆرێک دەرس‌دادان، یۆستی بردبووە ڕێستوورانێکی ئێرانی. وەرگێڕەکەی کەبابی بۆ داوا کرد: گۆشتی برژاو دەگەڵ ئیشتیای ئورووپایی‌یان بەتەواوی سازگار بوو، بەڵام چونکە بەرپرسایەتیی ئەو بانگ‌هێشتنە کەوتبووە سەر شانی وی، داوای پێرستی خواردنەکانی کردو "یەکێک لە خواردنە ڕەسەنە ئێرانی‌یەکان"ی بۆ داوا کرد -قاپێکی پڕلە قۆرمەسەوزی، دەگەڵ گیایەکی بۆنخۆش کە لەسەرەخۆ کوڵیبوو.

وەرگێڕەکە گوتی: "ئەم خۆرشتە برنجی زەعفەرانیی دەگەڵە."و پێی‌گوت کە بە چ‌شێوەیەک دەبێ لیمۆ بگوشێ هەتا تامەکەی بچێتە نێو تێکەڵێک لە کەوەری فەرەنگی، جەعفەری، سیر، کەوەر، پیوازی شین، گژنیژو شمڵ. پاشان بەئارامی کەوچکێکی لە خواردنە کوڵیوەکە هەڵێنجاو بەسەر کەمێک پڵاویدا کرد. پیاوێکی زۆر کارامە بوو،و لە کارەکانیدا بێ‌ئەندازە ورد بوو. (ئەو هەمیشە بەڕاوەستان لەسەر بەشەکانی ناوەکەی ناوی خۆی بەیان دەکرد: زە- مان-خان). یۆست تەماشای دەکردو پاشان قاپە چکۆڵەکەی خۆی بەسەر دەوریی پڵاوەکەدا کردو تێکی‌وەردا؛ پیاوێکی پڕهەست بوو، زۆرزوو خۆی دەگەڵ مەسەلەو کارە تازەکاندا ئاشنا دەکردو فێریان دەبوو.

ئەگەر دیمەنی ناڕێکی خواردنەکە یۆستی ناڕەحەت کردبایە، ناڕازی‌بوونەکەی لە ڕوخساریدا دەرنەدەکەوت. پاش یەکەمین پاروو کەوتە فکرەوە. خواردنەکە زۆر بەتام بوو. کەمێک ترشو هەرلەوکاتەدا ناسکو بۆن‌خۆش. زۆریی تامەکان نیشاندەری ڕووەکی جۆراوجۆر بوو کە بەسەر یەکەوە تام‌وچێژێکی سەرسوڕهێنو کەم‌وێنەیان پێک‌هێنابوو. یۆست هەتا نوسخەیەک لە ڕێنوێنی چێشت‌لێنانەکەی وەرنەگرت لە ڕێستووران نەچووە دەر. تامەزرۆیی بۆ ئەم خواردنە هەموو ئەقڵو هۆشی وی داگرتبوو. بۆنی چەندگیای بۆن‌خۆش لەنێو خواردنەکەدا کە ئەو پێشتر تەنیا بۆ تام‌کردن کەلکی لێ‌وەرگرتبوون، خواردنێکی ئەوەندە بەتامی پێک‌هێنابوو کە هەرگیز نەی‌دیتبوو، چونکە "خواردنێکی وا خۆشی ئێرانی" لەنێو عەرەباندا نەبوو. ئەم خواردنە کە شتێکی کەم‌وێنەو عالی بوو سەرسوڕمانی بێ‌ئەندازەی میوانەکەی بزواندبوو.

برِوونۆ یۆست، وەک زۆربەی دەرسخوێندووە رۆژئاواییەکان، دوو بۆچوونی ناتەباو ناجۆری لەبارەی ئێرانەوە هەبوون: شارستانەتییەکی لەمێژینەو دەوڵەمەندو ئاخوندسالاریەکی سەرەتاییو ناپێگەیشتوو. تەنیا دوای دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی ڕووداوی میکۆنووس ئەو ناتەباییو جیاوازییەی هەست پێ کرد. یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان پێوەندیی بە ئێرانێکی سەرسوڕهێنەوە بوو- شانازییەکانی ڕابردوو،و ئیمپەڕاتۆرییەکانی، وێرانییەکانی لە مێژوودا، شاعیرەکانیو دەستنووسەکانی سەدەکانی نێوەڕاستیو مافوورچنینەکانی. لێکۆڵینەوەی دیکەش کوانووی نەڕاندنە دوژمنانەکانیان بەدژی ڕۆژئاواو وەرێخرانی توندوتیژی لەلایەن فەرمانڕەوا ئابوورییەکانەوە. ڕێزی پێشووی وی بۆ ئێران شیاوی ئەو وڵاتە بوو، بەڵام ئێستا کە دەبوو مەسەلەی کەتنێک چارەسەر بکا، ئیدی ئەو ڕێزگرتنە جێگایەکی نەبوو.

ناسینی دەوڵەتی تاران وەک ڕێکخەرو جێبەجێکەری تاوانی میکۆنووس ، بۆ یۆست شتێکی ناخۆش بوو، چونکە بە پێچەوانەی هەڵوێستی دەوڵەتی ئەڵمان بوو. ساڵی ١٩٨٨و چوارمانگ دوای کۆتایی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق، هانس دیتریش گینشێر ( Hans-Dietrich Genscher ) وەزیری دەرەوەی ئەڵمان، کە یەکەمین بەرپرسی ڕەسمیی ئورووپایی بوو کە پاش چەندین ساڵ سەفەری ئێرانی کرد، ئەوکارەی وەک ڕووداوێکی مێژوویی تۆمار کرابوو. ناوبراو بە دوودڵیو گومانەوە چووبووە ئەم سەفەرە، بەڵام بەشێوەیەکی گەشبینانە گەڕابۆوە. ئێران لەژێر ڕێبەریی سەرکۆمارە تازەکەی، ڕەفسەنجانیدا، ئامادە بوو ڕێگای دۆستایەتی دەگەڵ ئورووپا بکاتەوە. گینشێر وای بەراورد کردبوو: سەردەمی ڕادیکاڵیزمو گرتنەبەری ڕەفتاری توندوتیژ بەسەر چووەو ئەو دەرفەتەی داوە بە ئورووپا کە لە ڕێگای کۆمەگی ماڵی بە ئێرانی دوای شەڕەوە، یارمەتیی هێزە میانڕەوو ڕێفۆرمخوازەکان بداو بەهێزیان بکا. بازرگانانی ئەڵمانو زۆربەی خەڵکی ئەووڵاتەش بە خۆشحاڵییەوە ئەو بۆچوونەیان قبووڵ کرد.

میکۆنووس یەکەمڕووداوی تیرۆریستی نەبوو کە یۆست لێی کۆڵیبۆوەو نەخشی خۆی لە تەماشاکردنی ئەو تەرمانەدا کە لەنێو گۆمی خوێندا کەوتبوون بەجێ‌هێنابوو. ئەمە یەکەمینجاریش نەبوو کە سەروکاری دەگەڵ پیاوکوژانی دوور لە وڵاتی خۆیان پەیدا دەکرد: ئەو لە چەند ڕووداوی سامناکی کۆڵیبۆوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا تورکەکان، یۆگۆسلاڤییەکانو لوبنانییەکان خولقاندبوویان. بەڵام هەرچەندی لەبارەی ئەم ڕووداوەوە زانیارییەکی پتری -لەسەر

ئێران- دەست دەکەوت، ئۆگریی بە وەدواکەوتنی زیاتر دەبوو. نەخشەو بەرنامە نهێنییەکەی سنوورێکی نەبوو. بۆوێنە، دەرکەوتنی ئەو ڕاستییە کە ئەندامانی گرووپە پیاوکوژەکە خەڵکی ئێرانو لوبنان بوونو هەموویان بە یەکزمانیان قسە نەدەکرد، ئەوی بەتوندی سەرسوڕماو کردبوو. ئەوان بە زمانی عەرەبی پێکەوە دەدوان، بەڵام بۆ فارسیزمانانی ئەندامی گرووپەکە زمانی دووەم بوو. ئەو ئیدی چاوی لە وردەکاریی ڕووداوەکە نەدەپۆشی.

لە زەمانخانی وەرگێڕی پرسی: "بۆچی مێزەرەکان هێندێکیان ڕەشنو ئەوانی دیکە سپین؟" ئەویش پێیگوت ئەوانە مێزەری ڕەش لەسەر دەنێن کە ئیددیعا دەکەن لە تۆرەمەی حەزرەتی موحەممەدن.

مزگەوتەکان تەنیا شوێنی خواپەرستی نەبوون، بەڵکوو وەک زەمانخان بەوی گوت، تێگەیشت کە مزگەوتی ئیمام سادق لە بێرلین کە لەوێ دارابی گەورە بەرپرسی کاروباری خێرخوازی بوو، ڕێگای نەدەدا پەیڕەوانی مەزهەبەکانی دیکەی دینی ئیسلام ڕووی تێکەن، چونکە ئەوێ مەڵبەندو کوانووی شیعە دەمارگرژەکان بوو کە دەوڵەتی ئێران دروستی کردبوو.

ئەگەرچی ئەوتۆمەتانەی لە دەوڵەتی ئێران دەدران بەخێرایی لە تۆمەتەکانی پەکەکەی کەم دەکردەوە، بەوحاڵە ئەوکەسەی بەدوای ڕووداوەکەدا دەچوو نەیدەویست واز لە نەخشی گرووپەکانی خەڵکی تورکیە بێنێ - دیارە نە بەئاشکرا. ئەو نەیدەتوانی ئەوکارە بکا. دەوڵەتی بۆن زۆر بەوردی لە ڕووداوەکەی دەکۆڵیەوە. هەژدەی سێپتامبر، گەورەلێکۆڵەری فیدراڵ یادداشتەکانی یۆستی بڵاو کردنەوە کە لەودا دەوڵەتی ئێران وەک تۆمەتباری وێچوو ناوی هاتبوو. پاش بڵاوبوونەوەیان دەسبەجێ، گەورەلێکۆڵەری فیدراڵ ئەلیکساندر ڤان ستاهێل لەلایەن وەزیری دادەوە بەتوندی کەوتە بەر لێپرسینەوەو لەوەودوا، ئەو ئیدارەیە بەهیچجۆر هەقی نەبوو بێ پشتگیریی وەزارەتی داد هیچ بەیاننامەیەک بڵاو بکاتەوە.

"هاوکارانی پێوەندیدار" هێندێ تەلەفونیان بۆ یۆست کردبوون هەتا وا بکا قانوون لە بەرامبەر سیاسەتدا تەسلیم بێ. ئەوان ئامۆژگارییان کردبوو کە لە بابەتگەلی گرنگی وەک ڕووداوی میکۆنووسدا، باشترینکار بۆ مافناسان ئەوەیە کە سیاسەتمەدارەکان وەک بەرپرسانی خاوەنسەلاحیەت قبووڵ بکەنو ڕادەی وەدواکەوتنو لێکۆڵینەوەی خۆیان بەرتەسک بکەنەوەو کارێکی وا "بێگومان لە داڕۆژدا بەقازانجی وان دەبێ". ئەویش بەئەدەبەوە گوێی بۆ ڕێنوێنییەکانیان ڕاداشتو لەوە بەدوا ئەو کارانەی دەکردن کە لە توانایدا بوون -تەنیا لێکۆڵینەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لەولاشـــەوە ئێرانی‌یانی دووروڵات بەناردنی پەیامگەلێک بۆ ئیدارەکەی، داوایان لێ‌دەکرد ڕادەی لێکۆڵینەوەکانی بۆ ئەولاتر لەوکەســانەی لە گرتووخانەدا بوون پەرە پێ‌بدا بۆئەوەی خاوەن‌کارەکانو ڕێبەرەکانیشیان بگرێتەوە. بەڵام چونکە دۆسیەی ڕووداوەکەی بەتوندی لەچاوی ئەو کەسانە دوور ڕادەگرت کە دەیانەویست شوێنەواری لەسەر دابنێن، خۆی لە دوورخراوەکانیش دوور دەگرت. ئەو لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی نیگەران بوو، لەوەش دەترسا کە ببێتە قوربانیی پیلانی ڕێبەرانێکی پێشوو کە لەوانە بوو بۆ نوێ‌کردنەوەی پڕۆژەی پڕمەترسی‌و ناسەرکەوتووی خۆیان کەلکی لێ‌وەرگرن.

مەسەلەیەک کە ئەوی ناڕەحەتو نیگەران دەکرد نە دوورەدیمەنی بارودۆخی دواڕۆژی خۆی بوو، نە پاڵەپەستۆیەک کە لەلایەن حیزبە بەدەسەڵاتەکانەوە دەهاتە سەری، بەڵکوو مەسەلەیەکی دیکە بوو کە بیری وی بەخۆیەوە خەریک کردبوو: ئەوە کە دەوڵەتی تاران حکوومەتی بەســەر میللەتێکی شەســت میلیۆنی‌یەوە دەکردو لەلایەن چوار میلیۆن نەیارەوە کەوتبووە بەر هەڕەشــە. بەباوەڕی وی شــتێکی ناماقووڵ بوو. جگە لەوە، مێژوونووســانێک کە ئەو دیبوونی بەتێکڕا لەوباوەڕەدا بوون کە کوردەکانی ئێران بە بەراورد دەگەڵ کوردی وڵاتەکانی دیکە، هەمیشــە ئیمکاناتی ژیانێکی باشــتریان لەبەردەســتدا بووە.[1] بە ســەرنجدان بە مێژووی دۆســتانەی نێوان ئێرانی‌یانو کوردەکان، دەبێ بپرســـێ دەوڵەتی تاران بەچ‌هۆیەک شــەڕی بەدژی کوردەکان ڕادەگەیاند.

ڤیەن. یۆست جارێکی دیکە کەوتەوە یادی پەیامو هۆشدارێک کە شەوی یەکەمی ڕووداوەکە لەوبارەیەوە نووسیبووی. هەر لە سەرەتای نامەدا، یادی یەکی دیکە لە ڕێبەرانی کورد، ڕێبەری پێش دوکتۆر، عەبدوڕڕەحمانی قاســملوو، مێشــکوبیری ویی لەکاتی لێکۆڵینەوەی ڕوداوەکەدا داگرتبوو. قاســـملوو دەگەڵ دووکەس لە یاریدەرەکانی، ژووئیەی ١٩٨٩ لە ئاپارتمانێکی ڤیەندا کوژرابوون. وێکچوونی نێوان ئەو دووکەتنە -لەماوەی سێ ساڵدا، سێ‌کەس لە ڕێبەرانی کورد لە دوو وڵاتی دراوســـێدا کوژرابوون- بەڕادەی پێویســـت گرنگ بوو کە [هەردووکیان] لەلایەن

[1] -ئەو مێژوونووســـانە کێ بوون کە پێیان وا بووە کوردی ئێران ئیمکاناتی ژیانێکی باشـــتر لە کوردی عێراقیان لەبەردەســـتدا بووە؟- وەرگێڕ-

چەندكەس لە هاوكارانو بەرپرسـانەوە بكەونە بەر لێكۆڵینەوە. بۆیە، یۆسـت فرێ بۆ ڤیەن تا دەگەڵ هاوكارەكانی لەودیوی سنووری وڵاتەكەی ڕاوێژ بكا.

یۆسـت لە دیدارەكانیو لە لێكۆڵینەوەی سـەرلەنوێی ئەوشـتانەدا كە كارناسـانو مەئموورانی لێكۆڵینەوەی ئوتریشـی دۆزیبوویاننەوە بەخێرایی پەی بە راسـتی‌یە بنچینەیی‌یەكانی ڕووداوەكە برد. قاسـملوو كەسـایەتی‌یەكی ناسـراو بوو،و هیچ گومانێک لەوەدا نەبوو كە بكوژەكانی كورد نەبوون چونكە لە دەیەی ٨٠دا تەنانەت ڕەقیبە سـەرسـەختەكانیشـی نەیاندەتوانی لەدەسـتی كوشتوكوشتاری ڕێژیـم ڕزگاریان بێو بەبێ ڕێبەریی وی درێژە بە خەبات بدەن. بەپێچەوانەی تاوانبارانی بێرلین، پیاوكوژانی ڤیەن شـوێنپێیەكی ڕوونیان لەپاش خۆیان بەجێهێشـتبوو كە دەچۆوە باڵیۆزخانەی ئێران. یەكێک لە تاوانبارەكان گیرابوو، بەڵام كاتێک دەركەوت پێوەندیی بە باڵیۆزخانەی ئێرانەوە هەیە، دەوڵەتی ئوتریش كەوتە نێوانو لەماوەی دوو حەوتوودا، كابرای گیراویان بەرەو فڕۆكەیەک ئیسـكۆرت كرد كە دەچووە تاران. چەندكەس لە ئەندامانی ڕقهەسـتاوی پارلمان راسـتەوخۆ لێكۆڵینەوەیەكیان دەسـت پێكردو تێگەیشـتن كە ئازادكردنیان لەئاكامی سەودایەكی قورسی فرۆشتنی چەک بە ئێراندا بووە.

بەباوەڕی ئوتریشـی‌یەكان ئەم ڕووداوە تاوانبارانەیە كارێكی پڕنهێنی نەبووە: دەوڵەتی تاران لە قاسملوو دەترسا.

قاسـملوو بۆیەكەمجار لە سـەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا هاتبۆ نێو مەیدانی سـیاسـەت[١]و تاكۆتاییەكانی دەیەی ١٩٨٠ ببووە كەسایەتی‌یەكی پایەبەرزی نیشتمانیو هەم كوردەكانو هەم غەیرە كوردەكان خۆشیان دەویست. بەپێچەوانەی دوكتۆر [شەرەفكەندی]،[٢] قاسـملووی گەڕیدە كەسـێكی لێوەشـاوەو لەبەردڵان بوو -هەر بەوڕادەیە كە لە پیادەڕێیەكانی ئورووپادا هەسـتی بە ئارامی دەكرد، لەچیاكانی كوردسـتانیش شـادو خۆشـحاڵ بوو، لەپەنا هاوسـەرە چێكی‌یەكەی قاوەی ئێسپریسـۆی دەخواردەوە. قاسـملوو كە لە فەڕانسـەی خوێندبوو، هەروەک بەڕەوانی بە دوو زمانی فەڕانسـەییو چێكی قسـەی دەكرد بەرێکوپێكییش سـەری پاریسو پراگی دەدا. پاش

---

[١] -د.قاسملوو لە نێوەڕاستەكانی دەیەی ١٩٤٠ەوە چۆتە نێو دنیای سیاسەتو تا شەهیدبوونی لە ١٩٨٩دا هەرگیز لەسیاسەت دانەبڕاوە.-وەرگێڕ-

[٢] -بەپێچەوانەی نەزەری نووسـەر دوكتۆر شـەرەفكەندییش مرۆڤێكی لێوەشـاوەو بە توانا بوو،و ئەگەر دەسـتی ڕەشـی تاوان لە باوەشـی كوردستانی نەڕفاندبایە لە دواڕۆژێكی نیزیكدا جێگای شیاوی خۆی دەگرتەوە.-وەرگێڕ-

ئەوەی ساڵی ١٩٧٩ ئایەتوڵڵا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، قاسملوو بۆ هەموو ئەو ئێرانی‌یانەی دەکەوتنە بەر هێرشی ڕاونانو پەنایان بۆ کوردستان دێنا، نەخشی سەروەرێکی بەنرخو دڵفرەوانی وەئەستۆ گرتو خۆشەویستی‌یەکەی زۆر بەولاوەتر لە ناوچەکەی خۆی بڵاو بۆوەو لەحاڵێکدا نە شکابوو، نە لە وڵات دەرکرابوو، لە ئێران مایەوەو بوو بە سیمبولی خۆڕاگری‌و ئومێدی خەڵک. ساڵی ١٩٨٩، دەوڵەتی تاران کە لە ئاکامی شەڕدا پتر لە هەمیشە لاواز ببوو،و شکانی لەو شەڕەدا ببووە هۆی وێرانیی وڵاتو بەمیلیۆن کەس کوژرابوون یان کەمئەندام ببوون، بەتوندی لە هەڵوەشانو لەنێوچوونی خۆی ترسابوو، هەڵوەشانو لەنێوچوونێک کە قاسملوو دەی‌توانی وەدی‌هێنەری بێ.

ئەوەی یۆست لەبارەی مێژووی ڕووداوی دوای تاوانەکانەوە لە ئوتریشی‌یەکانی دەست‌کەوتبوو، زانیاری‌یەکانی ویی زۆر زیاد کردبوو. تاران زۆر کەمتر لە دوکتۆر [شەڕەفکەندی] دەترسا، چونکە ئەو نە بەقەد بەرپرسی پێش خۆی لەنێو خەڵکدا خۆشەویست بوو، نە هێندەی وی کاریزماتیک بوو. هەتا ساڵی ١٩٩٢ ئاڵوگۆڕێک لەناوچەدا ڕووی داو ترس‌وخۆفێکی زیاتری بزواند -لە کووەیت، کە ئەمریکا هێرشی بۆ کردبوو،و لە باکووری عێراق کوردەکان سەرەنجام بە خودموختاری گەیشتبوون. هەتا ئەودەم کە یۆست پێی وابوو کوردەکان خەڵکێکی بێ‌پشت‌وپەناو بێ‌توانان، ئامانجو مەبەستەکانی تاران شتێکی پڕنهێنی بوون. بەڵام لە سەردەمی شەڕی خەلیج بەدواوە، کوردەکان ئیدی تەنیاو بێ‌پشت‌وپشتیوان نەبوون. ئەوان کەمایەتی‌یەک بوون کە ئەمریکا پشتیوانیی لێ‌دەکردنو بە دوژمنی سەرەکیی ئێران دەژمێردرانو ترسی ئەوە هەبوو کە دەسەڵاتو نفووزیان لەنێو کوردەکانی دراوسێ‌یاندا پەرە بستێنێ.

یۆست بە بەراوردو لێکدانەوەیەکی جیاواز لە بۆچوونەکانی گینشێر وەزیری دەرەوە دەربارەی ئێرانەوە گەڕایەوە ماڵێ. بەباوەڕی ئەو سیاسەتمەدارە وا دەهاتە بەرچاو کە دەوڵەتی ئێران کەوتۆتە دەروازەی نوێ‌خوازی‌و مۆدێرنیزم. بەڵام بە بۆچوونی لێکۆڵەری ئەڵمانی، ئەوەی لەبارەی ئێرانەوە هەبوو شتێک نەبوو جگە لە خۆڕانان بە نوێ‌خوازی‌یەوەو لە ئاکامدا هیچ‌کات لەوبارەیەوە تووشی گومانو دوودڵی نەدەبوو، باش لە ئامانجەکانی ئێران حاڵی ببوو،و هۆیەکانی ڕووداوی ناوبراویش بەباشی تێ‌گەیشتبوو. بەوحاڵە لە دەست‌کەوتنی ئەوهەموو زانیاری‌یە هەستی بەئارامی نەدەکردو لە جیاتی شک‌وگومان تووشی نیگەرانی هاتبوو؛ چاوەڕوانی داهاتوویەکی نیزیک بوو،

داهاتوویەک کە لەودا ئەوشـــتانەی دەســـتی کەوتبوون بە ئاگاداریی کۆمەڵ بگەیەنێو داخۆ تارانی ڕقهەستاو توانای ئەوەی هەبوو زەبرێک لە بنەماڵەکەی بوەشێنێ؟ بیری لەو مەترسی‌یانە دەکردەوە کە لەوانە بوو تووشی منداڵەکانی ببن. بەنهێنی‌هێشتنەوەی ئاکامەکانی دادگا هەرلەنێو دادگادا، کارێکی زۆر دژوار بوو،و خەریک بوو بنەماڵەکەیشـــی دەگرتەوە. بۆیە پێویســـتیی بە ڕەزامەندیی ئانجێلا (Angela) هەبوو تابتوانێ درێژە بەکارەکەی بدا.

ئەنجێلا بەڕاشکاویو سادەو خێرا پێی‌گوت: "بڕوونۆ، کاری دروستو بەجێی خۆت ئەنجام بدەو هەرچی ویژدانت داوات لێدەکا بیکە."

وەڵامی ڕاشکاوانەی وی یۆستی هەژاندو هانی دا باسێک بکاتەوە کە لە خێزانی چاوەڕوان بوو ئەنجامی بدا. خۆشـــاردنەوەو لەئەماندابوونی وان ئیدی کۆتایی دەهاتو بۆ دابین‌کردنی ئەمنیەتی خۆیان، چووبانە هەرکوێیەک، نیگابانانی تایبەتی ئەوانیان دەپاراســـت. دەرەتان هەبوو خۆیان بشـارنەوە. بەڵام هاوســەرەکەی قبووڵی نەکردو بە بێ‌موبالاتی شـانی هەڵتەکاندو گوتی هەرگیز ڕازی نابێ دەســت لەو مەســـەلەیە هەڵگرێ یان بەکەســێکی دیکەی بســپێرێو باش دەی‌زانی کە ژیان لەبن باری ترس‌وخۆفدا ڕاست بە ئەندازەی مەترسیی بێباکیو سەرسەختی، گیانیان دەمەترسی داوێ.

ئانجێلا کەســـێک بوو کە منداڵەکانیانی بۆ ئاڵوگۆڕێک کە لە ماڵەکەیاندا ڕووی دەدا پەوەردە دەکرد. پۆســـتێکی نیگابانی لەبەر دەرکی ماڵەکەیان دانراو لە هەموو کاتەکانی شـــەوو ڕۆژدا دوو نیگابان ئێشکیان تێدا دەگرت. دوو نیگابانی دیکە بە جلوبەرگی سیڤیلەوە لە دەرەوەی ماڵێ بەدوای یۆســـتەوە بوون. بوونی هێزی نیگابان بۆ ماڵەکەی یۆســـت قسـەوباسـێکی لەنێو دراوســـێکاندا هەڵایســـاندو دەربارەی کامێڕایەکی وێنەگرتن بۆ چاوەدێری کە لە ســـندووقی پۆستەکەیاندا دانرابوو، هەروەها باڵەخانەکەیان کە تەنیا ڕواڵەتێک بوو، ئەگینا هەموو ئەندامانی خێزانەکە لە ژوورێکی ژێرزەوی‌یەکەیدا دەژیان، دەنگۆیەکی بەربڵاو ســـاز ببوو. ئالێکس (Alex)ی هەشـتســـاڵە شـــانازیی بە نەخشـــەی تازەو نهێنیی بابیەوە دەکرد، بەڵام باربارا (Barbara)ی چووکەڵە پێی قەڵس بوو. ئانجێلا کە ژنێکی خەفەتخۆرو نیگەران نەبوو، دڵخۆشیی کچەکەی دەدایەوەو دەیگوت ئەوکارە تەنیا بۆ دڵخۆشیی یۆستە نەک بۆ پاراستنی لە

مەترسی‌یەک: "ئەگەر بابت بتوانێ ئەوکارانەی پێی‌خۆشن ئەنجامیان بدا بۆ ئێوەش بابێکی زۆر باشتر دەبێ."

نارەحەتی‌یەکانی بڕوونۆ لە ژیانیدا ڕیشەیان لەو تایبەتمەندی‌یانەدا بوو کە ئانجێلا زۆری کەیف پێ‌دەهاتن - لەسەرووی هەموویان ئۆگریی لێبڕاوانەی بەو مەسەلانەوە کە حەزی لێ دەکردن. ئانجێلا لە ڕوونبوونی مەبەستەکانی وی زۆر دڵگەرم بوو، وا دیار بوو هیچ شتێک ناتوانێ بۆچوونی وی لەبارەی ڕاستی‌یەکانەوە لێڵ‌و ناڕوون بکا. بۆچوونەکانی هەمیشە ڕوون‌و ئاشکرا بوون. هەمیشە قووڵی بیر دەکردەوە بەڵام هیچ‌وەخت قسەی ناڕوون‌و بەتوێکڵی نەدەکرد. هاوسەرەکەی ئەو تایبەتمەندی‌یانەی وی لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا لە سەفەرێکی کورت دەگەڵیدا بۆ دەرکەوتبوون. دووڕۆژ دوای ئەوەی ئاشقبوونی خۆیان بۆ یەکتری ئاشکرا کرد، یۆست تێ‌گەیشت کە ئانجێلا دەبێ خەبەری پێوەندی‌یەکەیان بە ئاگاداریی لاوێکی فەڕانسەیی بگەیەنێ کە قەرار بوو بی‌بینن‌و زوو فەرهەنگە ئەڵمانی - فەڕانسەیی‌یەکەی چاو لێ‌کردو چەند وشەیەکی لەسەر کوتە کاغەزێک نووسین. پاشان چوو خەنیمەکەی وەبینێ‌و کاتێک دیتیەوە، یۆست ئاماژەی بە ئانجێلا کردو گوتی: "C'est finis" ئەوە تەواو بوو.

کاتێک لاوەکە سەری سوڕما، یۆست دەستی ئانجێلای گرت‌و بە ئەڵمانی بەکابرای گوت: "ئەو ئێستا دەگەڵ منە. نابینی؟ ئەتۆش دەتوانی بەڕێی خۆتدا بڕۆی! یاڵڵا بڕۆ!"

پاش چوارساڵ‌و دوای ئەوەی یۆست لە بەشی ئەدەبیاتی فەڕانسەدا بڕوانامەی زانکۆی وەرگرت‌و لە کۆلێژی ماف دامەزرا، زەماوەندیان کرد.

سەرباری دڵنیایی‌یەک کە بەتازەیی لەبارەی ڕووداوەکەوە پێی‌دابوو، یۆست، قەت لەبەرچاوی خەڵک دەرنەدەکەوت. ئیدارەی گەورەلێکۆڵەری فیدڕاڵ لەبەر دەستی بۆندا بوو،و ڕێگا بە هیچ وتووێژێک نەدەدراو هیچ بەیاننامەیەک پێش‌ئەوەی بۆ لێ‌وردبوونەوە بدرێ بە وەزیری دادو نێوەرۆکەکەی ڕوون بێتەوە نەدەبوو بڵاو بکرێتەوە. یۆست لەوکاتەدا بایەخێکی زۆری بەوملهوڕییە نەدەداو ئیددیعانامەیەکی بەدەستەوە بوو کە دەبووایە پێش‌نووسەکەی ئامادە بکا. نیگەرانی لە لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوە بێگومان بە دەستپێکردنی دادگا، لە توانای دەخا. تائەودەم بەو بێدەنگی‌یەی بەرپا ببوو بە تەواوی کەیف‌خۆش بوو چونکە ئەو هەمیشە لە فەزای بێ‌دەنگ‌و بێ‌هەراوزەنادا کارەکانیی باش ئەنجام دەدان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەڵام بەباوەڕی پەرویز، بێدەنگی جۆرێک سووکایەتی بوو. ئەگەر هەموو ڕۆژێ لە دەنگوباسی ڕادیۆوتەلەڤزیۆندا باسێکی هاوڕێ کوژراوەکانی نەهاتبایە گۆڕێ، ئەو وەک بزمارێکی دیکەی چاولێدەکرد کە لە تابووتی ئەوانیان دەدا. تێپەڕینی چەند حەوتوو، ئەویش بێدەرچوونی بەیاننامەیەک لەلایەن لێکۆڵەری فیدراڵەوە، ببووە هۆی نیگەرانیی وی. پەرویز پاش چەندین ساڵ تێکۆشان ئەزموونێکی زۆری بەدەست هێنابوو -لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە دادپەروەری پێویستییەک بوو کە دەبووایە لە دەستی پیاوانێکی بەدەسەڵات دەرکێشرێ کە هەمیشە شانازییان بە بێدەنگیی خۆیانەوە دەکرد. ئاشکراکردنی ڕاستییەکان کارێکی پێویست، کاریگەرو لە هەمووی گرنگتر بێخەرجیش بوو،و تاکاتێک گەورەترین لەقاودانی لەژیانی خۆیدا ئەنجام دا، هەمیشە لەو باوەڕەدا بوو.

لە یەکەمڕۆژانی دوای تاوانەکەدا، ڕاپۆرتنووسێکی کەمئەزموونی بیلد (Bild) کە بڵاوکراوەیەکی پڕلەوێنەو بابەتی پڕچاووڕاوە، هاتبۆ لای پەرویز. پەرویز لە بیستنی ناوی ئەو بڵاکراوەیە ترسابوو، بەڵام چاوی ڕاپۆرتنووسەکە لەئاکامی شۆروشەوقی دەروونیی خۆیدا دەدرەوشانەوەو نیشاندەری ئەوە بوون کە خوازیاری بیستنی داستانێکی گرنگەو لە ئاکامدا پەرویزیان هێنایەوە سەرەخۆ. بڵاوکراوەی بیلد پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی ئورووپا بوو،و لە سەرانسەری جیهانیشدا کڕیاری هەبوو. هەربابەتو مەبەستێک لە سەروتاری بیلددا لێی کۆڵرابایەوە، ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەخوێنانی بۆلای ئەو بڵاوکراوەیە ڕادەکێشا. بۆیە، بیرو هەستی پێشووی پەرویز گۆڕاو لەئاکامدا بەڕێزێکی زۆرەوە دەگەڵ ڕاپۆرتنووسەکە بەرەوڕوو بوو.

بەڵام دیدار دەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵک بۆ وی زۆر گرنگتر بوو لەوەی دەگەڵ ڕاپۆرتنووسی بڵاوکراوەیەک وتووێژ بکا. ئەمکارە بەهۆی نائومێدیی ویەوە سەری گرتبوو. بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەک لەڕادەی سەرانسەریدا کە نۆربێرت بەڵێنی پێدابوو، چەند ڕۆژی دیکە سەری دەگرتو چاوەڕوانیی ئەوە حەوسەلەی لێبڕیبوو، لەوە نیگەران بوو کە لەوانەیە خەبەری ناخۆش ناخۆش ببیسێ. دەورێکی تازەی دەنگۆ دەربارەی ئەوەی چ کەسانێک بەدزیو بێئەوەی بانگ کرابن بۆ نانی نیوەڕۆ چوونە میکۆنووس، ئێستا ڕووی دەو کردبوو، ئەمەش نیگەرانییەکەی وی زۆر زیاتر کردبوو. ئەویش ناچار بوو، ئەگەر پێویست بێ، پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە بەرێو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو ڕووداوە خەمهێنەی ڕووی دابوو، ئەوەندە قووڵو

ناخۆش بوو کە لەوانە بوو هەموو ڕووداوە بەژانەکانی پێشـــترو ئەوکردەوە خەراپانە کە ئەو لێیان بێزار بوو، بەجارێک دابپۆشێ.

لە دیدارێک کە دەگەڵ نوێنەرانی (BKA) پۆلیســـی بەربەرەکانی دەگەڵ تاوان ئەنجامی دابوو، پەرویز هێشـــتا نۆ پەردە وێنەی چاپ‌نەکراوی ســـێ‌کەس لە گەورە تۆمەتبارەکانی لە جانتاکەیدا هەبوون. بەو نۆ پەردە وێنە تایبەتی‌یە دەی‌توانی دەگەڵ هەر ڕاپۆرتنووســـێک بەتایبەتی دەگەڵ ڕاپۆرتنووســـێکی تازەکار کە کاری بۆ ڕۆژنامەیەک دەکردو شـــارەزایی پێویســـتی لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا نەبوو، بکەوێتە ســـاتوســـەودا. لە ئاکامدا تەلەفونی بۆ ڕاپۆرتنووسی ناوبراو کردو یەکێک لە وێنەکانی دایە.

کارەکان بەخێرایی دەچوونە پێش. وێنەکەیان دەگەڵ وتارێک‌و وتووێژەکەی ئەویان لە ژمارەی دواتری بیلْد دا چاپ کرد. ڕاپۆرتنووســـی ناوبراو دەگەڵ دەســـتخۆش‌و پیرۆزبایی‌یەکی زۆرپتر لەوەی تا ئەوکاتە لێی‌کرابوو بەرەوڕوو بوو. ئەوکارە بۆ خۆی‌و ڕۆژنامەکەی شـــاکارێکی تەواو بوو،و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوکارانی ئەهلی هونەری ڕاکێشـــایە ماڵی ئەو ڕاپۆرتنووسەو لێیان‌پرسی ئەو زانیاری‌یانەی لە چ‌سەرچاوەیەک دەست کەوتوە.

بە هەمووکەس‌و یەک‌لەوان پەرویزی گوت: "پەرویزی دەســـتمالچیم هەیە کە دەبێ ســـوپاســـی بکەم."

ســـەرکەوتنی وتاری ناوبراو دەســـبەجێ وتاری دووەم‌و دوایە وتاری ســـێیەمی لەبارەی تاوانی میکۆنووســـەوە بەدوای خۆیدا هێنا کە دەگەڵ هەرکامێکیشـــیان وێنەی دیکە بڵاو کرانەوە، کە تائەودەم "هەرگیز نەبینرابوون." پەرویز بۆ وتاری چوارەم دیســـان چەند وێنەی تایبەتی‌و دەگمەنی بۆ ناردن.

پەرویز گوتی: "شـــتێکی گرنگی دیکەم بۆتۆ هەیە کە تائێســـتا هیچ‌کەس ڕاپۆرتی نەداوە." پاشـــان پرســـی داخۆ ڕاپۆرتنووس کە پەرویز ئەوەندە متمانەی پێی هەبوو دەتوانێ لە لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکراوەکەدا چاپی بکا.

ڕاپۆرت نووس پەرویزی چاوەڕێ هێشتەوەو دوای چەند ساتێک هاتەوەو لەلایەن بڵاوکەرەکەوە داوای لێبووردنی لێ‌کرد. پەرویز کە لە ئاکامی ئەوبەڵێنەدا کە پێیاندابوو دڵگەرم ببوو، پەڕەکاغەزێکی کە لەگیرفانیدا شـــاردبوویەوە لێک کردەوەو گوتی: "ئەمەیە ئاکامی ئەو

تاقی‌كردنەوانەی لەسەر چەكەكانی تاوانەكە ئەنجام دراونو لەمانگی سێپتامبردا لە بنكەی ترومبێل‌فرۆشی دۆزراونەوە، چەك‌وچۆڵەیەك كە دەزگای پۆلیس هەرگیز ئاشكرایان ناكا."

ئەو ڕاپۆرتنووسی كەم‌ئەزموونو تازەكاری بۆ ئەو دیدارە هەڵبژاردبوو،و ئەوەی سەرەنجام كردی پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێنوێنی‌یانە بوو كە دابوونیە كچەكەی. بەوحاڵە هەستی بە نیگەرانی نەدەكرد. لەكۆتاییدا گوتی: "چەكەكان دەوڵەتی ئەڵمان بە ئێرانی فرۆشتبوون."

پەرویز لەوباوەڕەدا بوو كە بۆئەوەی پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر كاربەدەستانی ڕەسمیی ئەڵمان دەبێ بەتاوانباریان ناوبەرن. ناوهێنانی دەوڵەتی ئەڵمان لە جیاتی دەوڵەتی ئیسپانیا كە چەكەكانی بە ئێران فرۆشتبوون، زۆر وێ‌دەچوو كاربەدەستانی ڕەسمیی ئەڵمان بۆ حاشاكردن لەو تۆمەتەو ڕاگەیاندنی ڕاستی‌یەكە وەزمان بێنێ.

ڕاپۆرتنووسەكە بە هەناسەبڕكە گوتی: "ئەڵمان؟ ئەی‌خوایە، ئاغای دەستمالچی، چ‌بەڵگەیەكت بۆ ئیسباتی ئەوە لەدەستدایە؟"

پەرویز ناوی یەكێك لە بەرپرسانی پایەبەرز، بەڵام نەناسراوی پۆلیسی دژەتاوان (BKA)ی هێنا. لەپاشان ژمارەی سێریاڵی چەكەكانو مۆدێلو ساڵی دروست‌كردنیانی بۆ یادداشت كردو لە خوارەوەشی نووسی: "لەلایەن ئەڵمانەوە بە ئێران فرۆشران." بەڵگە دەستنووسەكەشی بە فاكس بۆبیلد (Bild) نارد.

بەیانیی ڕۆژی دواتر نەڕەیەكی توندو هەژێنەرو بەردرێژ ئاپارتمانەكەی نۆربێرتی لەرزاندەوە: "ئای ئای ئای."

رادیۆی سەعاتدار كووژابۆوەو نۆربێرت بە خەواڵوویی پچڕانی خەبەری بارودۆخی هەوای بیست كە لەبەر بڵاوبوونەوەی هەواڵی پێوەندیدار بە تاوانی میكۆنووسەوە پچڕێبوویان. لە جێ‌وبانەكەی دەرپەڕی‌و تەلەڤزیۆنی هەڵكرد. دەنگ‌وباسی پێوەندیدار بە تاقی‌كردنەوەی بالستیكی لە هەموو ڕادیۆو تەلەڤزیۆنەكان بڵاو دەكرایەوە، دەنگ‌وباسێك كە لەسەر بناخەی دوانووسراوی بیلد ڕێك‌خرابوو، ئەوە نەبێ كە ئەڵمانو نەك ئیسپانیا وەك ئامادەكەری سەرەكی ناو دەبرا.

كاتێك نۆربێرت زەنگی بۆ ژمارە تەلەفونی پەرویز لێ‌دا، بە دەنگێكی زۆربەرزو بە ناڵاندنەوە گوتی: "ئای!" نەڕاندنەكەی نیشانەی متمانەنەمانی [بە پەرویز] بوو.

پەرویز یەکەمین سەعاتەکانی بەیانیی ئەورۆژەی لە ئیدارەکەی بردە سەریو نەیدەتوانی زۆر کار بکا. قســـە ڕقاوی‌یەکانی نۆربێرت هێشـــتا لە هەناویدا دەنگیان دەدایەوە. ڕەنگە هەموو هەوڵەکانی بێ‌جێو ناواقیع‌بینانە بووبن‌و لەوانەیە هیچ ئاکامێکیان نەبووبێ. ڕەنگە هەموو هەوڵو تێکۆشـــانەکەی دڵۆپێک لە ئوقیانووســـێک بووبێ کە شـــەپۆلەکانی نیشـــتوونەوەو چوونە نێو هەوەســـبازیی ســـیاســـەتمەدارەکان. لەوانەیە، هەروەک نۆربێرت بە هات‌وهاوارەکەی، پەرویزیش بە کارە هەڵنەســـەنگاوەکانی زیانی بە ڕووداوەکە گەیاندبێ، یان هەروەک ژمارەیەک لە دوورخراوەکان بڵاویان کردبۆوە ئەو دەیەویست بە کەلک‌وەرگرتن لە مەسەلەی کوشتنەکان، پلەی خۆی بەرز بکاتەوە. بەڵام هەر هۆیەک پاڵی پێوە دەنا لەژێر دەســـتی خۆیدا نەبوو،و نەیدەتوانی دەست لەو ڕەوشتە کە گرتبوویە پێشێ هەڵبگرێ. پێویستیی وی بۆ شەڕهەڵایساندن ڕاست وەک پێویســـتیی وی بەنان‌خواردن‌و خۆگەرم‌ڕاگرتن بوو. ئەو لە بەرامبەر ترس‌وخۆف، بێ‌خەویو نائومێدیدا یان دەبوو خۆڕاگر بێ یان دەبوو خۆبەدەســـتەوە بدا. کێشـــەکێش‌و ململانە کارێک بوو کە بە مەبەستی نیشاندانی بێ‌گوناحی‌و زیندوومان ئەنجامی دەداو هیچی دی.

٭٭٭

# -١١-

**هالیوود خەریکە فیلمێک لەبارەی کوورشەوە ساز دەکا بۆئەوەی ڕۆژئاواییەکان تێبگەن کە چۆن بوو ٢٥٠٠ ساڵی پێوە خرا تا ئێمە توانیمان لە پادشایەکی گەورەوە بگەینە ئاخوندەکانی ئەمڕۆ.**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی

ئەمە یەکێک لە تانووتە گەورەکانی مێژووی سیاسەت بوو: لەبارەی ڕووداوێکەوە کە ئورووپا هەوڵی دەدا بێشارێتەوە یان بە قازانجی خۆی دەسکاریی بکا. دەوڵەتی تاران بە ئاشکرا دەستی کردبوو بە خۆڕانانو بەخۆهەڵگوتن. لە مانگی نۆڤەمبری ١٩٩٢دا ڕێبەری ئێران پاداشی کوشتنی سەلمان ڕوشدیی دووچەندان زیاد کردبوو. لە مانگی دیسامبردا یەکی دیکە لە

ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئیستانبووڵ کوژرا. زۆری نەخایاند کە وەزیری نێوخۆ لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا گوتی نەیارانی دەرەوەی وڵات خەریکن سزای خۆیان وەردەگرنو دەبێ تەنیا خۆیان بە خەتابار بزانن. بەڵام ئەم ڕووداوە نە بازرگانانی شادو خۆشحاڵی ئورووپایی لە "معامەلەی قانوونیی ساڵی ١٩٩٢ دەگەڵ تاران" گێڕایەوەو نە بووە هۆی ئەوە کە کاربەدەستە لەخۆڕازییەکانی دەوڵەت لە کۆبوونەوەی وتووێژی گرنگ دەگەڵ ئێراندا کە مانگی دیسامبر لە شاری ئێدینبۆرگ گیرا بەشدار نەبن.

مانگی ژانویەی دواتر دووکەسی دیکە لە نەیارانی ڕێژیم کوژران- یەکیان بە تەقینەوەی ترومبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە ئەنکەرەو ئەوی دیکەش بەگوللەی تفەنگ لە عێراق. لە مانگی مارسدا بڕوونۆ یۆست سێ شوێنی لە نەخشەی جیهان بە خەتی سوور نیشانە کردن -دووجێ لە پاکستانو سێیەمیش لە ئیتالیاو هەرسێ شوێنیش بۆکوشتنی کەسانێک دیاری کرابوون.

لە واشنگتۆن وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی کلینتۆن دەوڵەتی تارانی بە "دەوڵەتێکی ناقانوونیی نێونەتەوەیی" ناو بردبوو. بەڵام تامەزرۆیی ئورووپا [بۆ بازرگانی دەگەڵ ئێران] دامرکانەوەی نەبوو. لە بەرامبەر ئەو ڕووداوەدا، یۆست تاقە مەئمووری لێکۆڵینەوە بوو کە وەدوای ئەو مەسەلە گرنگو خەتەرناکە دەکەوت، بەڵام هاونیشتمانەکانی دژایەتییان دەگەڵ دەکرد. کاتێک ڕادەی دەرچووی ئورووپا بۆ ئێران گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی، هەواڵو بۆچوونە ناخۆشەکانی ناوبراو قبووڵ نەدەکران.

حاشاکردنو بەدرۆخستنەوە، وەک غەموخەفەتێکی ڕووحی، قاوشی H٤٠٤ی مۆبیت (Moabit) لە زیندانی داگرتبوو. یووسف ئەمینیش زۆر مەسەلەی هەبوون کە دەیەویست لە بارەیانەوە داوای لێبووردن بکا. دەنگۆیەک لە بارەی هاوکاریی وی دەگەڵ پۆلیس لە نێو هاوژوورەکانیدا بڵاو ببۆوەو ئەوان بەتوندی نارەحەتیان دەکرد. چەند تەلەفونێکی کە بۆی هاتبوون، یان هەڕەشە لەو بوون یان ڕاپۆرتی هەڕەشەگەلێک بوون کە بنەماڵەکەی وەریانگرتبوون. یووسف چەندجار لە لوبنان چووبووە زیندانو بەکۆمەگی کاربەدەستانی بەرپرسی کۆچبەریی ئورووپایی بە شێوەیەکی زیرەکانە لە زیندان ئازاد کرابوو. بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا کەوتبووە بەر پەلاماری توندی زمانیو هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونی لێی نەبوو. پاش بیست جار لێپرسینەوە، لێکۆڵەرەکانی ون ببوون. هەتا پێش مارسی ١٩٩٣، ئەوە یووسف بوو کە داوای کردبوو بیانبینێو

بەڵێنی پێ‌دابوون هێندێ مەسـەلەی تازەیان بۆ ئاشـکرا بکا. ئەو مەسـەلانە، ڕاسـت وەک دانپێدانانەکانی پێشوو، لە چەندین بەشدا نووسران.

یووسـف بە ئامادەبووانی گوت: "ئەمن لێرە پێتان دەڵێم هەرچی تائێسـتا گوتوومە، درۆ بووەو ڕاسـتی شـتێکە کە بۆ دادگا، تەنیا بۆدادگام ڕاگرتوە."و ئەوان لە ئاکامی ئەو گۆڕانە سـەیرەدا کە لە قسـەکانیدا پێک‌هاتبوو بە توندی هەژان. کاتێک یۆسـت لێی‌پرسـی بۆچی ئەوەندە ناڕەحەت دیارە، یووسف بە وتەیەکی دوورو درێژ دەستی بە دەردی‌دڵ کرد:

"دەمەوێ بزانم دەزگای پۆلیسی ئێوە بۆچی بنەماڵەکەمی ناردەوە لوبنان؟"

یۆسـتو ئەندامی کۆمیسـیۆن، ڤان ترەک (Van Trek)، بەنۆرە بۆیان ڕوون کردەوە کە بۆ پارێزگاری لە بنەماڵەکەی ئەوەندەی لە توانایاندا بووە هەوڵیان داوە. سـەرەنجام، بنەماڵەکەی بەویسـتی خۆیان چوونەوەی وێیان هەڵبژاردوە. بەوحاڵە هیچ‌کام لەو دووکەسـە نەیانتوانی دڵی یووسف هێور بکەنەوەو بەپێچەوانەی هەوڵی وان کە دەیانەویست ئارامی بکەنەوە ناڕەحەتی‌و ڕەنجو ئازارەکەی زیادی دەکرد:

"تکام لێ‌کردن ئاپارتمانێک بدەن بە بنەماڵەکەم. شـەش‌کەس دەژوورێک پەسـتێورابوونو پۆلیسی ئێوە ئەوانیان وەک‌سەگ خستبووە ژێر کۆنترۆڵ. مەگەر کوردەکانو ئێرانی‌یەکان بەس نەبوون؟ بنەماڵەکەم دەبوو لە پۆلیسـەکانیش بترسـن؟ ئەوە ئێوە بوون کە بوونە هۆی گەڕانەوەیان. ئەگەر ئێوە ئەوندە فیت‌فیتەتان لێ‌نەدابایە، بنەماڵەکەم لەوێ ژیانێکی خۆشـیان هەبوو. بەمنیان گوت کە خەبەرم دەدەنێ، بەڵام تائێستا ئاگاداریان نەکردوومو لە هیچ‌کەسیشـم نەبیستوە. نە لەئێوە. نە لەوان. نە لەهیچ‌کەسـی دیکە. ئەگەر بەخاکیان سـپاردبام خەلکێکی زۆرتر دەهاتنە سـەردانم. نامەیەکم بۆ باڵیۆزخانەی لوبنان نووسـی‌و داوام لە باڵیۆز خۆی کرد لێرە سـەرێکم بداو ئیدی هیچ! پارێزەرەکەم نەهاتۆتە ئێرەو دەڵێ خەریکی خوێندنەوەی ئەو شـتانەیە کە ئێوە بۆتان ناردوون."

بەهۆی ساویلکەیی ڕابردووی، گرفتاریی یووسف یەکجار بەژان بوو. پێش تاوانەکان، باوەڕی بە قسـەی دۆسـتەکانی کردبوو کە دڵنیایان کردبوو ئەگەر بگیرێن دەوڵەتی ئێران دەسـبەجێ بۆ بەردانیان دەگەڵ دەوڵەتی ئەڵمان دەکەوێتە وتووێژ. پاش گیران، هیوادار بوو بتوانێ بە دەربڕینی ڕاسـتی‌یەکان بۆ یۆسـت، دەگەڵ وی بکەوێتە ساتوسـەوداو متمانەی بە ئەقڵو شعووری خۆی

هەبوو کە سەرەنجام سەردەکەوێ. بەسەربردنی شەش‌مانگ لە زیندان، لە بارەی لێبڕاوبوونی قانوونەکانی ئەڵمانو بێ‌توانایی پشتیوانەکانیو بەرتەسکیی سەرنجڕاکێشیی خۆیەوە دەرسی زۆر بەنرخی پێ‌دابوو.

ئاماژەیەکی کردو گوتی: "ئەمەیە ئەوکارەی ئێوە بۆمنتان ئەنجام دا." دەزگای خێرانووس تۆماری کرد.

**یادداشت بۆ دۆسیە:** زیندانی لەپی دەستی ڕاستی لەسەر نێوانی ئانیشکو قۆڵی داناو قۆڵی بەسەردا کێشا. بەقسەی وەرگێڕەکە، ئەمە کارێکی بێ‌ئەدەبانەیە، بەڵام مانای کارێکی وا ئەوەیە کە زیندانی لە ڕەنجو ئازاردایە.

"هەموو شتێک تەواو بووە. ئەتۆ خەراپترین کاری خۆت ئەنجام دا. بەڵام ئێستا پێت دەڵێم هەرچی پێشتر پێم‌گوتووی ناڕاست بووە. ئەم قسانە یادداشت دەکەی؟ درۆیەکان! ڕاستی‌یەکان بۆ دادوەرەکانو دادگا هەڵدەگرم. ئای چ‌ژانەسەرێک!"

**یادداشت بۆ دۆسیە:** ئەندامی کۆمیسیۆن زیندانی‌یەکەی بردە ئاوڕێژگە تا لێی‌بخواتەوە. وەختێک هاتنەوە، زیندانی ئامادە نەبوو درێژە بە قسەکانی بداو داوای وەرگێڕێکی دیکەی کرد. ئەو پێی‌وایە وەرگێڕەکەی ئێستای، بە زاراوەیەکی جیاوازی عەرەبی قسە دەکا.

کاتێک یۆست کۆبوونەوەکەی بۆ دوایە هەڵگرت، یووسف ئاماژەی بۆ وەرگێڕەکە کردو هاواری کرد: "ئەو کار بۆ ئیدارەی پۆلیس دەکا. ئەو بەرازێکی پیسە."

**یادداشت بۆ دۆسیە:** قسە پڕسووکایەتی‌یەکانی دیکەی زیندانی لە یادداشتەکە لابران.

یووسف دوای حاشا لە دانپێدانانەکانی ڕابردووی، هەوڵی دەدا ئەوقسانەی پێشتر لە بارەی دۆستانێک گوتبوونیو ئەوانی پێوە کردبوو دەسکاری بکاو پێیاندا بچێتەوە:

"ئەمەش بابەتێکی دیکەیە. لە بەرگەکانی خۆتاندا بی‌نووســـن! هەر ڕووداوێک بووە، دارابی پێوەندیی پێوە نەبووە. هیچ ئاگای لێ‌نەبوو. دارابی پیاوێکی باشـــەو هیچ وەخت کاری خەراپ ناکا. جگە لەوە، ئەمنیش ئەندامی حیزبوڵڵا نیم.

یۆست دژی قسەکانی وێستایەوەو گوتی: "بەڕێز ئەمین، ئەتۆ بۆخۆت گوتت کە لە لوبنان چوویە پاڵ حیزبوڵڵا."

"ئەمن قەتم نەگوتوە کارم بەکاری وان هەبووە، ئەتۆ بۆخۆت دەم‌کێشیە نێو حیزبوڵڵا."

ئەندامی کۆمیسیۆن نووسراوی چەندکەس لە شایەتەکانی خوێندەوە کە لە بارەی ئەندامەتیی یووسف لە گرووپی ناوبراوداو سەفەرکردنی دەگەڵ ڕایلی دۆستی بۆ ئێران بە مەبەستی فێربوونی هونەری شەڕەوە نووسرابوون.

یووســف هاواری کردو گوتی: "باشــە، دەی‌چی؟ هەرچی بیانەوێ دەیڵێن. ئەمنیش هەرچی بمەوێ دەیڵێم. هەرئەوەندە. هیچ کارم بەکاری حیزبوڵڵا نەبووە، هیچ دەورەیەکی شـــەڕم نەدیوە، تەنانەت نەچوومە قوتابخانەش. پێتان‌وایە ئەمن چ‌دەزانم؟ هیچ! ئەمن هیچ‌کارەم. لە منتان دەوێ شـتێک ئیمزا بکەم، زۆرباشــە، دەیکەم. دەتانەوێ بڵێن ئەمن خومەینیم، زۆرباشــە! بەرگەکانتان ئیمزا دەکەم‌و هەرچی بتانەوێ دەیکەم. پێویســتی‌یەکم بەوە نیە. پێویســتیم بە ئاشــتی‌و ئارامی هەیە. ئەمن نەخۆشم. چما نابینن؟ تەماشام کەن! داوام کردوە بمبەنە دەرمانگە، بەڵام هیچ‌کەس کارێکم بۆ ناکا... ئێران! لەپەستا بڵێن ئێران. ئەمن لوبنانیم‌و هیچ‌کارێکم بە ئێران نیە."

"ئەدی بۆچی لە دەفتەری ئادرەســەکانتدا ژمارە تەلەفونی کۆنســوولگەریی ئێران لە بێڕلینت هەیە؟"

"لەوانەیە کەسێک ئەو ژمارەیەی دابێ بە من بەڵکوو کەسێک لەوێ هەبێ بتوانێ یارمەتیم بدا. داخۆ ژمارەیەکی وا لە دەفتەری مندا هەیە؟ داخۆ ئەو ژمارەیە بەکەلکی هیچ دێ؟ تاقیتان کردۆتەوە بزانن بەڕاســـتی ئەو ژمارەیە ژمارەی تەلەفونی کۆنســـوولگەری‌یە؟ دەبێ بیکەی، دەزانی."

یۆســت تاوێک ڕاوەســتاو لە جیاتی ئەوەی پێ لەســەر ئەو مەســەلەیە دابگرێ، لە یووسـفی پرسی داخۆ هەڕەشەیان لێ‌کردوە یان نا.

"ئەمە دەزگای پۆلیسە کە هەڕەشە لە من دەکا. هەرچی پێم خۆش بێ بە دادوەری دادگای دەڵێم. ئەمن کەسێکی موسوڵمانم‌و باکم لە هەڕەشە نیە. ئەمن تەنیا لەخوا دەترسم.

"بەڕێز ئەمین، بەڕاستی دەزانی لە بەکاربردنی وشەی پاڵەپەستۆ یان هەڕەشە، مەبەستمان چیە؟ لەوانەیە بنەماڵەی ئێوە لە لوبنان هەڕەشەیان لێ کرابێ."

یووسف بەتووڕەیی قسەکانی پێبڕینو گوتی: "قسەکردنەکەت بەمشێوەیە دەست پێمەکە."

**یادداشت بۆ دۆسیە:** لەکاتی هێنانەگۆڕی دوا دووپرسیاردا، تۆمەتبار گوتی مەسەلەی هەڕەشە لە بنەماڵەکەی، لە نوسخەی ئەسڵی بێننە دەر. کاتێک بۆچوونو داوای وی‌یان قبوڵ نەکرد، لەکورسی‌یەکەی دەرپەڕیو دەستی بەگریان کردو گوتی ئەم مەسەلەیە نابێ لە ڕوونووسی پڕۆتۆکۆڵەکەدا هەبێ، تکای لە هەموو ئەوانەی لە ژووری چاوپێکەوتندا بوون کردو گوتی:

"ئەمن مرۆڤمو ئێوە خەریکن هەموو شتێکم لێ‌وێران دەکەن. ئیدی ئەمن هەرگیز ناتوانم کوڕەکەم ببینم. لەوەتا لەدایک بووە تائێستا، نەمدیوەو ئەگەر ئەوەم دەگەڵ بکەن، هەرگیز نای‌بینم."

یووسف حازر نەبوو دووبارە قسە دەگەڵ مەئمووری لێکۆڵینەوە بکاو ڕاست هەروەک لێپرسینەکە تەواو بوو، ئەویش کۆتایی بەهاوکاریی خۆی دەگەڵ وان هێنا. هەتا مانگی مارت، یۆست یەکەمین سزاخوازیی دا بەگەورە دادئەستێنی فیدڕاڵ. پتر لە شەش‌مانگ دوای ئەوەی ئەلیکساندر ڤان ستاهێل یۆستی بۆ ئەوکارە دیاری کردبوو، ئەوەی شوێن دۆسیەکە کەوتبوو بە بەڵگەگەلێکەوە کە دەستی کەوتبوون گەڕایەوە. پێرستی مەبەستە کۆکراوەکان کە ١٨٧ بەشی لاپەڕبەندی‌کراو بوو، نیشاندەری لێکۆڵینەوەیەکی بێ‌کەموکوڕی بوو کە لە دووقاڕڕەدا ئامادە کرابوو،و دۆزینەوەی باشو بێ‌وێنەی تێدابوو: دۆسیەکانی ئیدارەی پۆلیس کە لەساڵی ١٩٨٠ بەدواوە ئامادە کرابوون، نامەگەلێک لە باڵیۆزخانەی ئێرانو بەشی کۆنسوولگەری‌یەکەی بۆ پشتیوانی لە دارابی لە چەند جاردا،و بەیاننامەگەلێک لەلایەن ئاژانسەکانی کاروباری پەنابەرانەوە لە سەرانسەری ئورووپاو ناوی شەست‌وهەشت‌کەس شایەتو هەژدەکەس لە پسپۆڕانو لێکۆڵەران.

گەورە دادئەستێنی فیدراڵ دەسبەجێ هۆشداری دا بە وەزارەتی دادو دەسبەجێ ئەم فەرمانە دەرچوو کە تاکاتێک وەزیری دادو ئەفسەری پێوەندی‌یەکەی لەکۆشکی سەرۆکی حکوومەت (صدر أعظم)و وەزارەتی دەرەوە پشتڕاستی نەکەنەوە، ئەو دەبێ نە دەری‌بکاو نە بڵاوی بکاتەوە. قبووڵ‌کردنی فەرمانی وەزیری داد شتێکی بەجێ بوو، بەڵام تەسلیم‌بوون لە بەرامبەر کۆشکی سەرۆکی حکوومەتو وەزیری دەرەوەدا، کارێکی پێچەوانەی ئوسوول بوو،و گەورەدادئەستێنی بەتوندی ناڕەحەت کرد چونکە ئەو بڕیارەی بە لەژێرپێ‌نانو دەستدرێژی بۆسەر سەربەخۆیی وەزارەتەکەی خۆی دانا.

ئەگەر کەسێک ئەو مافەی هەبایە کە مەیدانی دەسەڵاتی بڕوونۆ یۆست بەرتەسک بکاتەوە، ئەوە تەنیا گەورە دادئەستێنی فیدراڵ بوو. بەڵام بە پێچەوانەی مەبەستگەلێک کە زۆرکەس، دواڕۆژدیتنو پێش‌گوتنەکانی‌یان بە مەیل‌وئیزنی وی دەزانی، ئەلیکساندر ڤان ستاهێل کە سیاسەتمەدارێکی خۆپارێز بوو، بەڕوونی نیشانی دەدا کە بەشێوەیەکی تەواو سەرسوڕهێن داهێنەرو نوێ‌خوازەو هەرچەند حیزبەکەی لەبەر پێوەندیی بازرگانیی ئەڵمان هیچ‌کات هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر بە ئێران نەدەگرت، بەوحاڵە ڤان ستاهێل حازر نەبوو هیچ قازانجێک وەپێش قانوونەکانی وڵات بخاو بەتوندی پشتیوانیی لە یۆستو کارمەندەکانی دەکرد. بەباوەڕی ڤان ستاهێل، ئەمنیەتی وڵاتەکەی لەپێش هەموو شتێکەوە بوو،و هیچ بایەخێکی بۆ ئاکامە سیاسی‌یەکان دانەدەنا. لەژێر چاوەدێریی ویدا، شەقامەکانی وڵات نەدەبوونە شوێنی کاری خەتەرناکی بنیادەمە نزمو دەغەڵبازەکان چ‌ئەڵمانی‌و چ‌هی دیکە.

سزاخوازی‌یەکانی یۆست، دوور لە هەرچەشنە ترس‌وخۆفێک بەشێوەیەکی ڕوونو ڕەوان بە وشەگەلێکی لەم‌چەشنە دەست پێ‌دەکران:

**"ئەمن یووسف ئەمین، کازم دارابی‌و عەبباس ڕایل تۆمەتبار دەکەم کە لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا، بە ئامانجێکی شەرماوی‌و ناڕەوا لە شاری بێرلین بە دژی چوار کەس دەستیان داوەتە دزێوترین کردەوە."**

سزاخوازی‌یەکە ئەگەر تەنیا یەکێک لە ڕستەکانی لەبەرچاو بگرین کە هیچ‌کەس لە سەرانسەری قاڕەکەدا غیرەتی نووسینی وی نەبوو، بۆخۆی بڕیارنامەیەکی مێژوویی بوو: "کازم دارابی، ئەوکەسەی بەرنامەی بۆ تاوانەکان دانابوو، بە دەستووری وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ئێران، دەستی دابووە کارەساتێکی ئاوا."

ئێران، ئەم ناوە قەدەغەکراوە، سەرەنجام هاتبووە نێو وتووێژەکانەوە.

ئەگەرچی دەستوورەکەی وەزارەتی داد نامەنتیقیو ناقانوونی بوو، بەوحاڵە، ڤان ستاهێل ملی بۆ ڕاکێشاو نوسخەی بۆ هەرسێ ئیدارەی پێوەندیدار نارد. هێنانە نێوی ناوی ئێران پێچەوانەی مەیلی زۆربەی ئەندامانی بەرچاوی حیزبی خۆی، یەکلەوان وەزیری کاروباری دەرەوەو جێگری وەزیری داد بوو. تۆمەتبارکردنی ئێران بە کەتنکردن، تەنیا زەبر لەو دەوڵەتە نەبوو، بەڵکوو زەبرێک بوو لە پارێزەرەکەشی لە ڕۆژئاوا کە بێگومان شاری بۆنە.
مانگی ئاوریل داهات بەڵام وەزیرەکان هیچقسەیەکیان نەکردو گەورەدادئەستێنی فیدراڵ هەروا چاوەڕێ بوو.

لەنێو درەوشانەوەی چرا پرشۆقەکانی ژووری ویزیتدا، پەرویز لە گۆشەیەک ڕاوەستابوو، جارجارە سالوومەی کچی ماچ دەکرد یان دەستیی دەگوشی. سالوومە لە جلوبەرگی نەخۆشخانەدا زۆر لاوازتر دیار بوو. پەرویزیش لە بارەی کچە دوازدەساڵە ئارەزوومەندەکەیەوە کە پێیانگوتبوو هەتا دوکتۆر دێ لەوێ وەمێنێ، هەستی بە نارەحەتی دەکرد. لاوازیو لەهۆشچوونو خەمبارییی وان چەند کەس لە پسپۆڕانی نەخۆشی دەروونیو نەخۆشییەکانی منداڵانی بەتەواوی سەرسوڕماو کردبوو. لە ئاکامدا باوکو کچیان هان دان بچنە لای پسپۆڕێکی دڵ. لاوازیو لەهۆشچوون کچەکەو خەمخەفەتێکی قورس باوکەکەیان داگرتبوو.
لە بەیانیی دوای کەتنەکانەوە، پەرویز هەوڵی دەدا سالوومەی لە حاڵەتی لاوازیو خەفەت ڕزگار بکاو نەهێڵێ گوێ بۆ دەنگوباسی تاوانەکە بگرێ. پێش ئەوەی ڕۆژی سێشەممە کە ڕۆژی کارە، دەگەڵ خۆی بەرێ هەموو جێیەکی ئاپارتمانەکەی پشکنیبوو تا هەموو بەڵگەو نیشانەیەکی کەتنەکە بشارێتەوە: وێنەکان، نامەکان، پەیامە تەلەفونییەکانو لاپەڕە ڕۆژنامەکان. بەڵام هەرچەندی ئەو هەوڵی دەدا، سالوومە دەیەویست زۆرتر بزانێ.
"بابەگیان، چۆن بوو؟ چەندکەسی لێبوون؟کەس تەقەی لە تۆ کرد؟"
ئەویش کە نەیدەویست لەسەری بڕوا لە وەڵامدا پێیگوت: "هاتن. تەقەیان کردو ڕۆیشتن. ئەمن هیچم لێنەهات."

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەڵام پرسیارکردنی سالوومە درێژەی هەبوو:

"بریندار بووی؟ هاوارت کرد؟ دوایە چی، هاوارت کرد؟ ئێستا دەترسی؟"

ئەوهەموو پرسیارکردنەی سالوومە ئەوی بەتەواوی سەرسوڕماو کردبوو، لەپڕ گوتی "بەسە، ئیدی!" ئەویش دەستی لە پرسیارکردن هەڵگرت، بەڵام پەرویز باشی دەزانی کە ئەو دەست لە فکرە ترسناکەکانی هەڵناگرێ.

ئارەزووی ئەوە کە ببێتە سەماکەر ئەوی لە نانخواردن دەپرینگاندەوە. بۆیە پەرویز بەرنامەی وردو ناسکی بۆ خواردنی وی دادەڕشتو لەجیاتی دروستکردنی شێوێکی تێروتەسەل هێندێ خواردنی کەمو ئیشتیابزوێنی ئامادە دەکردنو ماوەماوە لەپێش سەماکەرە دڵناسکەکەی دادەنان. لە ئاپارتمانە چووکو خاوێنەکەیان، کە هەمیشە مۆسیقا دەنگی تێدا دەدایەوە، باوک (پەرویز) کە تەسلیمی ویستەکانی کچەکەی ببوو، قبووڵی کردبوو کە لەژێر سەرپەرستیی ڕاهێنەرە چکۆڵەکەی (کچەکەی)دا فێری سەماکردن بێو ئەگەرچی حەزی لە وردەکاریی مۆسیقا نەبوو،و بەداخەوە دەگەڵی ڕێک نەدەکەوت، بەوحاڵە کارلێهاتوویی‌یەکەی جێی سەرنج بوو، ئەوەی ئامادەیی بۆی نەبوو بە پشتیوانیی فکرو شعووری خۆی قەرەبووی دەکردەوە. هەروەخت دەبوو کارێک بکا دەستی بەگاڵتە دەکردو بە چاوخێلکردنو شەلەشەل لە ژوورەکەدا وەڕێ دەکەوتو بە زمانی ئەڵمانی بە کەسێکی خەیاڵیی نەدەگوت گووهێن تاگ (guhen Tag) کە بەمانای "ڕۆژباش"ە، بەڵکوو [بەتێکەڵێک لە فارسیو ئەڵمانی] دەیگوت گوز بەتاگ (gooz-beTag) واتە "گوو بەڕۆژت". هیچ کارێک بە ئەندازەی ئەو قسە گەپجاڕانەی باوکە نیوەوەختەکە نەیدەتوانی کچەکەی شادو خۆشحاڵ بکا.

بابەتێک کە پەرویز هەرگیز نەیدەتوانی تێیبگا شادیو خۆشحاڵی‌یەک بوو کە هەرچەند زۆر بەنرخ بوو بەڵام نەیدەتوانی جێگای ئەمنیەتێک بگرێتەوە کە سالوومە هیچکاتێک لەلای وی هەستی پێنەدەکرد. جگە لەوە، پەرویز نەیدەتوانی ئەو ڕۆژانە لە مێشکی خۆیدا لێکبداتەوە کە سالوومە لە قوتابخانەو لەنێو هاوپۆلەکانیدا بوو، ئەو هاوپۆلانە کە ئەویان بە مرۆڤێکی باسخوڵقێن دەزانی. تەنیا هێندێک لەو پرسیارانەی لە باوکی دەکردن هی خۆی بوون، ئەوانی دیکە منداڵە هاوپۆلەکانی بەویان دەگوتنو ناویان لە بابی نابوو "قارەمانی باڵادەستی دەنگوباسی شەوانە"

کاتێک بۆیەکەمجار سالوومە تووشی دەورەیەکی پڕ لەبێهێزیو بێوازی هات، بابی پێیوابوو بۆخۆی خۆی تووشی برسیەتی کردوە، بەڵام، وەختێک دوای زۆرخۆرییەک بەلادا هات، پەرویز خۆیو ژیانی پرژانەسەری خۆی لە ڕەنجوئازاری کچەکەیدا بەختابار زانی، ڕەنجوئازارێک کە تا ئەودەم هیچ کەس نەیتوانیبوو هۆیەکەی وەبینێ. پەرویز بەتوندی هەوڵی دەدا کچەکەی لە دنیای پر لە نائومێدیو دڵتەنگی ڕزگار بکا مەگەر ئەوە کە پیاوکوژەکان، یان نیازی خەراپی وان ئەوی لە دەورانی پڕ لە شادیو شادمانیی منداڵی بێبەش بکەن. کەچی ئێستا وا دیار بوو بەتاڵاییەک کە دەوری (سالوومە)ی داوە خەریکە بڕستی لێببڕێ.

بە پێچەوانەی سالوومە، سارا نەیدەویست لە هیچشتێک ئاگادار بێ. لە مانگی نۆڤەمبردا لە شۆهرەی پرسیبوو بابی لەکوێیەو تووشی دەردو ئازارێک بووە یان نا، لە مانگی دیسامبردا لێیپرسیبوو داخۆ دەتوانێ هێندێک دیاریی کریسمەس بۆ بابی بکڕێو هەتا دێتەوە بۆی لەبن دارێک دابنێ. لە مانگی فێوریەشدا پرسیبووی داخۆ شۆهرە دەیەوێ مێرد بە پیاوێکی دیکە بکاو ئەگەر وابێ، بابیشی هەر دەگەڵ وان دەبێ. لە مانگی مارتدا، ئیدی هیچ پرسیارێکی نەکردو ئەگەر ناوی میکۆنووسی لە ڕادیۆ دەبیست، بە پەلە ڕادیۆکەی دەکووژاندەوەو ئەگەر وێنەی ئەندامانی بنەماڵە یان دۆستەکانیی لە تەلەڤزیۆندا دەدیت، لە ژووری دانیشتن دەچۆ دەرێ.

دایکوبابی شۆهرە بۆئەوەی کۆمەگ بە ساراو دایکی بکەن کە لە نەبوونی نووریدا تووشی گیروگرفتێک نەبن، دەگەڵ کچەکەیان زوو چوونە ماڵەکەیان. ئامادەبوونی وان بووە مایەی بەهێزبوونی ورەی وی -هەرچەند نەیدەتوانی ئەوڕاستییەیان دەگەڵ باس بکا. قسەی باش بۆنەدەکرانو ئەوەی زۆری هەبوو فرمێسک بوو. دایکوبابی لە وەختی قاوڵتیخواردندا تێیەوە ڕادەمانو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە هەر نەبێ ئەوەندەی بەزماندا بێ بڵێ: "چۆن خەوتن؟"

هەستوسۆز بڕستی لێبڕیبوو. بەدەگمەن هەستی بە برسیەتی دەکردو بۆئەوەی ئیشتیای خۆی بەوان نیشان بدا بە بێوازی چەند پاروویەکی دەخواردن، بابی دەفتەرداری دەوڵەت بوو، دایکیشی کەبانووی ماڵ بوو، ژیانێکی ئارامو خۆشیان هەبوو. ئەمنیەتو ئارامیی ژیانەکەیان شۆهرەی هێندە ئازا پێگەیاندبوو کە دژی وان سەرپێچیو سەرکێشی بنوێنێ. دەیتوانی سەفەری ئورووپا بکاو دەیزانی هەرچی ڕوو بدا گرنگ نیە. هەمووکاتێک دەیتوانی بچێتەوە

ماڵیو دایکوبابی بۆ هەمیشـــە هی وی دەبن. بیری لەوە دەکردەوەو لەخۆی دەپرســـی داخۆ سارا[ی کچی] دەگەڵ دایکوبابێکی ئاسایی کە سەرانسەری ژیانی دەگەڵی دەبن، وەزعێکی لەو باشتری نابێ کە دایکوبابێکی نائاســاییو بەڕێزی هەبوون، بەڵام تەنیا ماوەیەکی کەم لە ژیانی خۆیان دەگەڵ وی دەگوزەراند؟ سەرانسەری ڕۆژ ئەو فکرانە لە مێشکیدا شەپۆلیان دەداو ئاگری ڕقی بڵێسەی دەدا.

زۆرجار لەبن لێوانەوە [لەبارەی بابییەوە] دەیگوت: "بەرچاویو ناسراوییەکەیو هەرتۆسقاڵێک لە درەوشانەوەو ناوو ناوبانگەکەی بەدەرەک، سەری بخوا."

نووری ئەوی تووڕە کرد.

یەکەمین شـــەوی دیدار لەگەڵ نووریی وەبیر هاتەوە کە گفتی پێدابوو، گوتبووی: "ئەگەر دەگەڵ من بی تا ئەوجێیەی لێوەشاوەییت هەبێ ناوو ناوبانگ پەیدا دەکەی."

ئەم فکرە بەتوندی دەمێشـــکی دەگەڕاو لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "داخۆ مەرگی وی ڕێگا بۆ ناوبانگو ئیعتیباری من تەخت دەکا!" [وەبیری هاتەوەکە] جارێکی دیکە نووری ئەوانی بەتەنیا بەجێهێشـتبوو،و لەسـەرانسـەری ماوەی دووگیانیو منداڵبوونیدا بەتەنیا مابۆوەو ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە نووری لە کوردســتان خۆی شــاردبۆوە. کاتێک ســاتەوەختی لیکجیابوونەوەیانی وەبیر دەهاتەوە، پتر تووڕە دەبوو، بیری دەکردەوە کە ئایا ڕۆیشـتنو بەتەنیابەجێهێشـتنی وان بەو مانایە بووە کە ئەو دەبێ بەتەنیا منداڵەکەیان گەورە بکاو پێیبگەیەنێ. ئەقڵوهۆشـی لەدەسـت دابوو،و ئیدی ونبوونی نووریی بە شتێکی نائاگایانە نەدەزانی. دیسان بە دەلیلو هۆیەکی تایبەتی ئەوانی بەجێ هێشـــتبوو. ئەم فکرەی وەختێک بەدڵدا هات کە چاوی لە فیلمێکی کۆنی بنەماڵەکەیان دەکرد. شـەوێکی تەواوی بە تەماشـای بەشـە جۆراوجۆرەکانی ئەوفیلمە بەسـەر برد. بەڵام تەنیا یەکجار، ئەویش بۆ چەند ســـانیە وێنەی نووریی چاو پێکەوت: دەگەڵ وی لە مەیدانێکی پێشبڕکەدا پیاسەی دەکرد کە سارا لە یەکەمین پێشبڕکەیدا لەوێدا غاری دابوو. بیری دەکردەوە کە وا دیارە مێردەکەی چارەنووســی وانی دیاری کردوە. هەموو وەڕێ دەکەوتن، رادەوەســتانو بە ڕێنوێنییەکانی نووری پێدەکەنین، بەڵام ڕێنوێنەکەیان (نووری) ڕاست وەک ئێستا نادیار بوو. جلوبەرگە وەرزشـــییە درێژو چەندگیرفانییەکەی بە جێلیباســـەکەوە هەڵاوەســـرابوو. چەقۆ سەربازییە سویسییەکەی لەسەر شنێلەکەی کەوتبوو. مۆرە دارینەکانی تاوڵەکەی کە بۆخۆی دروستی کردبوون دەگەڵ ئەو لەتکە مەڕمەڕانە کە بە ئەسکەنە تاشیبوونی لەسەر تەپڵەکێک

(مێزیکی بەردەســـتان) دانرابوون کە ئەویش بۆخۆی ســـازی کردبوو. کۆمەڵێک ڕێنوێنیی تەلەڤزیۆن لە شوێنی دانانی گۆڤارەکان بەشە سەرنجڕاکێشەکانی نووسینەکانی وی نیشان دەدان کە سارای هان دەدا هەموو حەوتوویەک بەسەریان بکاتەوە. کاتێک سەرەنجام شەوێ چوونەوە ماڵێ ئەو تەختانەی لەسەریان نووستن هەموو ئەو دروستی کردبوون. بەیانی، ئەو مرەبایەی لەسەر نانی برژاویان ڕۆکرد ناوەکەی بەختەتی وی لەسـەر قوتووەکەی نووسـرابوو. بەڵێ، ئەو لە هەموو جێیەک ئامادە بوو، لە هیچ کوێیش نەبوو.

***

بۆ شـــۆهرەو پەرویز، ئەوە کە جاروبار چایەک یان نیوڕۆژێکیان پێکەوە دەخوارد ئەوندەی خۆشو ژیانەکی بوو ئەوەندەش پڕژانەسەر بوو. کاتێک بۆقسەکردن لەپەنای یەک دادەنیشتن، ســـاراو ســـالوومە، کە هاوەڵو هاویاریی لەمێژینە بوون، بۆ یاری‌کردن لەماڵ وەدەر دەکەوتنو هەردووکیان دەربارەی حینجەکردنی وشەکان، خواردنەوەکان، گەسکە چووکەڵەکانو ئەو کتێبانەوە دەدوان کە چیرۆکە دڵخوازەکانیان، بی‌بی بلاکســـبێرگ (Bibi Blocksberg)یان تێدا بوون. جلوبەرگی سەوزیان دەبەر دەکردو مووی ڕەشی سەریان بە چەند تۆپەڵە بە شریتێکی سوور لەپشت سەریان دەبەست. کاسێتێکی بی‌بی بلاکسبێرگیان دەگوێ دەکردو لە ژوورەخەوێکی زۆر خۆشدا خەمو خەفەتی خۆیان لەبیر دەبردەوە. جاروبار ســـارا زێدەڕۆیی دەکردو ئەگەر دایکی ئاگای لێ‌نەبایە، بەپێخواسیو لەحاڵێکدا گەسکێکی بەدەستەوە بوو لەماڵێ وەدەر دەکەوتو غیرەتی وەبەر خۆی دەنا چۆنی پێ‌خۆشـــە وا بژی. بەڵام ســـالوومە دوودڵ بوو. ڕۆژگارێک ژیانیان ئەوەندە وەک‌یەک بوو کە دەکرا بیان‌گۆڕیەوە. بەڵام ئێســـتا ئۆگریی یەکێکیان دەگەڵ ئەوی دیکە بەتەواوی لێک جیا بوو.

ئەمجار دایک‌وبابیان باسی بابەتگەلێکیان دەکرد کە ژیانی وانی دەمەترسی خستبوو. ئەوە کە چ کەسێک لەوشەوەدا جاسووسیی لەسەر کردبوون، هێشتا بۆوان ڕوون نەببۆوەو هەتاکاتێک مەئمووری لیکۆڵینەوەی کەتنەکە فیداکاریی پەرویزی بۆ ســـاغ نەببۆوە، شـــکیان لەوی بوو. شێوەی برینەکانی نووریو ئەوشوێنانەی لەشی کە گوللەیان لێ‌درابوو، نیشانەدەری ئەوە بوون کە ئەویان لە خەتی تەقەکردنەکە دەرکێشاوە. مەهدی ئەوکارەی کردبوو. ئەو سەری لەوە سوڕمابوو کە بۆچی تەنانەت ئەوکاتەی ئامبوولانســـەکانیش هاتن نووری هەروا هەناســـەی دەهات.

دووکەسی دیکەشیان لەبیر بوون کە ئەوشەوە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە نانخواردنەکەدا بەشدار بوون. بەڵام ئەو خەیاڵەش بێ‌جێ بوو. چونکە ئەو دووکەسە تەنیا لەسەر پێداگرتنی عەزیز هاتبوونە سەر مێزی نانخواردن. ئەوان تەنانەت سەریان لە کوژرانی کوردەکانیش دەرنەدەکرد، بەتایبەتی ئەو دوو یاریدەرە بێدەنگەی دوکتۆر. داخۆ لەنێو کوژراوەکاندا جاسووس هەبووە. پێکەوە باسیان دەکرد. فنجان لەسەر فنجان چایان دەخواردەوە، بەڵام نهێنی‌یەکە هێشتا ئاشکرا نەببوو.

خەریک بوو مانگی مەی دادەهات، بێ‌ئەوەی تەنانەت وشەیەکیش لە زمانی وەزیرەکان ببیسرێ. سەبرو سیکەدانەی گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵ خەریک بوو تەواو دەبوو. کاتێک پرسیاری کرد ئەو ڕووداوە بۆ ئەوەندە دوا کەوتوە، پێیان‌گوت ئەو داوانامەیەی ئەو ناردوویە ، ون بووە. "ونبوون" ئەوی یەکجار تووڕە کردو بۆیە چەند نوسخەی دیکەی لە داوانامەکە بۆ وەزارەتەکان ناردو دیسان چاوەڕێ ما. چەند ڕۆژی دیکە تێ‌پەڕین‌و هیچ خەبەرێک نەبوو. بە تەواوی دیار بوو ئەو دواخستنە بۆ ئەوەیە ڕاگەیاندنی داوانامەکە ئەوەندە وەدوا بخەن هەتا سەرنجی گشتی لەسەر ڕووداوەکە لادەچێ.

لەکاتی بڵاوبوونەوەی وتارەکەی بیلْد (Bild)ەوە تۆمەتلێدان بەدژی گەورەدادئەستێنی فیدڕال بە تەواوی زیادی کردبوو. ئەوبەشەی نۆربێتو هاوکارەکانی ئامادەیان کردبوو لە بەرنامەی دەنگ‌وباسی نیشتمانیی کۆنتراست (Kotraste)دا بڵاو کرایەوەو ڕاپۆرت‌نووسە حەفتاساڵەکەی بە سەری ڕووتاوەو تروسکەداری‌یەوە سەعاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکەی بەوە دەست‌پێکرد کە بەڵێنی دا "بێدەنگی"ی لەسەر ڕووداوی میکۆنووس بشکێنێ. ئەوەی کۆنتراست دەیەویست ڕەخنەی لێ‌بگرێ گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵ بوو.

ئەو ڕاپۆرتانە ڤان ستاهێلیان تووڕە کرد چونکە ڕەفتارو دروست‌کاری‌یەکەی خرابووە بەر تانەو تەشەر. دەگەڵ پۆست کەوتنە وردبوونەوە لە گرفتاری‌یەکانیان. بە لێکدانەوەی ئەوەی تاوانبارەکان چ‌ماوەیەک لە زیندان ماونەوە بەڵگەیەکی لێزانانە بەمێشکی پۆستدا هات کە بە کەلک‌لێوەرگرتنی دەبوو سزاخوازی‌یەکە بنێرنە دادگای بەرزی بێرلین‌و داوای دیاری‌کردنی رێکەوتی دادگایی تۆمەتبارەکان بکەن: هەرجۆرە وەدواخستنێکی زیاتر لەلایەن گەورەدادئەستێنی

فیدڕاڵەوە، بەمانای لەژێرپێنانی مافی زیندانی‌یەکان دەبێ. لەباری قانوونی‌یەوە ئەوان دەبوو یان دادگایەک پێک‌بێنن یان تۆمەتبارەکان ئازاد بکەن.

جارێکی دیکە ڤان ستاهێل پێوەندیی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە گرت، ئەمجارە بە هۆشیارکردنەوەیەکەوە بەناوی حوکمێکی قانوونی. هیچ وەڵامێک نەهاتەوە. بۆیە لە١٧ی مانگی مەی (ئەیار)دا، سزاخوازی‌یەکەی ئیمزا کردو ناردی بۆ کامێرگریشت (Kammergericht) کە دادگای بەرزی بێرلین بوو. هیچ‌کات نووسینێکی ئەوەندە بەرهەڵستی لێ ڕاست نەکردبوونەوە.

دوای مانگێک، دادگا داخوازی گەورە دادئەستێنی فیدڕاڵ بۆ دادگایەکەی قبووڵ کردبوو. دەسبەجێ مەئمووریەت درا بە دادوەر فریتیۆف کووبش (Frithjof Kubsch) گەورەدادوەری بەشی یەکەم کە ڕێبەرایەتیی چوار دادوەری دیکە وەئەستۆ بگرێو دەبوو ڕێکەوتێکیش بۆدادگایەکە ڕابگەیەندرێ. دادگا بە دانی مەئمووریەت بە بەرزترین دادوەرەکان بۆ پێکهێنانی دادگایەکە، بایەخی ئەو شتەی بەڕوونی نیشان دا.

بروونۆ یۆست بۆ چاوپێکەوتن دەگەڵ ئەو دادوەرانەو دیاری‌کردنی پرۆژەو پرۆتۆکۆلێک بۆ دادگایەکە بە فرۆکە چووە بێرلینو ئەوان ڕازی بوون کە ڕۆژانی پێنجشەممەو هەینی هەموو حەوتوویەک دادگا کۆبوونەوەی هەبێ. دوو دادوەری دیکەش ئامادە دەبن تا ئەگەر هەرکام لە دادوەرە ئەسڵی‌یەکان ئامادە نەبوون ئەوان جێیان بگرنەوەو دوو دەستە وەرگێڕیش بۆ کۆمەگ بە شایەتە عەرەبو فارسەکان کە بەزمانی خۆیان دەدوان لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدار دەبوونو کۆبوونەوەکان زۆرتر بە چاوپێداخشاندنەوەی سزاخوازی‌یەکەوە خەریک دەبوون، بێ‌ئەوەی باسێک لە بایەخە مێژوویی‌یەکەی بێتە گۆڕێ. پاش دووەم‌شەڕی جیهانی، ئەمە یەکەم‌جار بوو کە دادگایەکی ئەڵمانی لە تاوانی دەوڵەتێکی بێگانەی دەکۆڵیەوە. یووسف لە بایەخدانی دادوەرەکان بە چۆنیەتیی کارەکەی دڵنیا بوو،و هیچ‌کام لە دادوەرەکان گۆمانیان لە ئیعتیباری قسەکانیدا نەبوو،و پرسیارێکیان لێ نەکردو بێ ماتڵ‌بوون، ناکۆکی‌یەکی بەدوور لە هەرجۆرە بارێکی دوژمنانەی بیروبۆچوون کە لەنێو دادئەستێنو دادگا بەتایبەتی دادوەر کووبش (Kubsh)دا هەبوو، دەست‌نیشان کرا.

لە کالسڕووهە (Karlsruhe)و لە ئیدارەی ناوەندیی گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵدا، شۆرو هەڕانێکی بەربڵاو لەبارەی ئاکامەکانی ئەو دادگایەوە لەنێو کارمەندانو ئیشکەرانی ئیدارەی

ناوەندیی گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵدا دەستی پێ کردبوو. سەرکەوتنی دادگاکە پتر بە غیرەتو ئیرادەی ئەلیکساندر ڤان ستاهێلەوە بەسترابۆوە. بەڵام ئەو بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک زۆر لەوشتانەی لەژێر پێ‌نان کە لە ئەستۆی خۆی بوونو لە ئاکامدا لە هەموو لایەکەوە کەوتە ژێر پاڵەپەستۆ. ڕووداوێکی تەقەکردن لە ناوچەیەکی دوورکەوتووی ئەڵماندا ببوو بە شتێکی پڕلە ڕیسواییو ئابڕووبەرو هەتا مانگی ژوئیە ئەوی تووشی ناڕەحەتی کردو لەو مانگەدا، وەزیری داد داوای لێ کرد دەست لەکار بکێشێتەوە. دوومانگ دوای ئەوەی ئەلیکساندر ڤان ستاهێل سزاخوازی‌یەکەی ئیمزا کردبوو، ئەویان ناچار کرد دەست لەکارەکەی بکێشێتەوەو بەمجۆرە کۆتایی بەو پیشەیە هێنا کە ئومێدی پێی‌هەبوو.

چەندساڵ دواتر، نۆربێرت لە بارودۆخێکی ئارامترو مەیلەو لێبووردەییدا، لە بارەی ڕووداوەکانی بەهاری ١٩٩٣وە دەفکرەوە چووبوو. پاش چەندساڵ، خەیانەتی پەرویز فکرو ئەقڵی وی بزواند کە لەو وەختدا زۆر لەوە تووڕەتر بوو بتوانێ لێکی بکاتەوەو گەورەدادئەستێنی فیدڕال کە هەم پەرویزو هەم ئەوانی دیکە ئەویان تۆمەتبار دەکرد کە نەی‌هێشتوە ڕاستی‌یەکان ڕوون ببنەوە، سابیتی کرد کە گیرۆدەی دەستی دەسەڵاتگەلی زۆر گەورەترەو ئەم بابەتانەی نووسین:

بە گرتنی دوو لوبنانیی شەریکەتاوان لە مانگی سێپتامبری ١٩٩٢داو هەروەها گرتنی ئێرانی‌یەکی داڕێژەری نەخشەی کەتنەکە، کازمی دارابی، لە سەرەتاکانی مانگی ئۆکتۆبردا، لێکۆڵەرانو توێژەران دەبوو تەواوی بەدگومانی‌یەکانیان دەربارەی پەکەکە، یان ئۆپۆزیسیۆن وەلا بنێن. بەوحاڵە، گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵ هەرگیز بەیاننامەیەکی لەبارەی تارانەوە بڵاو نەکردەوە کە نەخشی ڕێبەریی ئەنجامدانی کەتنەکەی لەئەستۆ بوو. جگە لەوە، ناوبراو خۆی لە بڵاوکردنەوەی هەرجۆرە زانیاری‌یەکیش کە زۆرجار ئاماژەی پێ کردبوون، پاراست. لە ڕاستیدا دوای شەش‌مانگو کاتێک ژمارەیەکی زۆر بەڵگەو نیشانە بەڕوونی ئاماژەیان بۆ ئێران کرد وتەبێژی ئیدارەی گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵ لە وتووێژێکی ڕادیۆییدا گوتی: "ئەمن تەنیا دەتوانم لەبارەی ڕاستی‌یەکانو دۆزراوەکانەوە قسە بکەم، نەک زێدەڕۆییو کورتبینی. ئێمە ئێستاش هەر لەوباوەڕەداین کە پەکەکە، یان ئۆپۆزیسیۆن لە پشت کارێکی ئەوتۆوە بوون." هەتا مانگی مەی (ئەیار)ی ١٩٩٣، دادئەستێنی فیدڕاڵ بەڕەسمی هەڵوێستێکی جیاوازی نەگرتبوو، بەڵام یازدەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

مانگی "مەی"ی ١٩٩٣، لە ئاکامی زانیاری‌یەکی غەڵەتدا کە لەلایەن ئەندامێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی‌یەوە لەگۆڤاری (Bild)دا بڵاو کرایەوە، گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵ بەتوندی دەستبەکار بوو. ئەمبەشە لە زانیاری‌یە غەڵەتەکە کە بەئەنقەست بەومەبەستە دارِژابوو تا لێکۆڵەران زووتر وەقسە بێنن ئاکامبەخش بوو. لە بەیاننامەیەکدا کە دوای تێپەڕبوونی چەندین مانگ، هەرلەو ڕۆژەدا بڵاو بۆوە دادئەستێنی فیدڕاڵ ئاخرەکەی ناچار بوو باسی ئەو جێگایە بکا کە چەکەکانی لێوە ڕۆیشتبوونو حەوتوویەک دواتر داوانامەکەشی بڵاو کردەوە. وەک دەرکەوت، دادئەستێنی فیدڕاڵیش ناچار بوو خۆی لەوکەسانە جیا بکاتەوە کە سەرانسەری ئەو ماوەیە شوێنکەوتووی ئەو بوون. بەڵام سەرەنجام دەورانی دووروودرێژی زاڵبوونی بێدەنگی کۆتایی هات.

***

## -١٢-

**کاتێک بە ئایەتوڵڵا خومەینی‌یان گوت وێدەچێ سەلمان ڕوشدی بۆ گۆڕینی سەروسیمای خۆی بکەوێتە بەر نەشتەرگەریی پلاستیکی، ئەو فەرمانی دا "هەرکەس وەک وی نەچوو بی‌کوژن.**

هادی خورسەندی، تەنزنووسی دوورولاتی ئێرانی

دادئەستێنی فیدڕاڵ تۆمەت بەدژی ئێرانی لە مانگی مەی (ئەیار)ی ١٩٩٣دا هێنایە گۆڕێ. بەڵام گۆڤاری دیبە فۆکووس (Die focus) هەر ئەوتۆمەتانەی لە مانگی ژانوییەی ڕابردوودا چاپ کردبوون. نەیاندەتوانی گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵ دادگایی بکەن، بەڵام ئەو

گۆڤارە ڕەخنەی لێدەگیرا. باڵیۆزخانەی ئێران لە بۆن بەدژی دییەفۆکووس‌و ڕاپۆرتنووسەکەی جۆزێف هووفیل‌شوولت (Josef Hufilschulte) بەتۆمەتی بوختان‌هەڵبەستن لە بارەی پێنسەد مارکی ئەڵمانی‌یەوە داوای تۆمار کرد. هەرچەند دادگای سەرەتایی شکایەتەکەی وەلا نا، بەڵام باڵیۆزخانەی ناوبراو داوای کرد لەوبارەیە بڕیار بدرێ. بۆجاری دووەم، ڕاپۆرتنووس چووە لای دادوەری دادگا تا دیفاع لە نووسراوەکەی خۆی بکا. بەڵام وەک هەموو ڕاپۆرت نووسانی کارامەو بەتوانا خۆی لە ئاشکراکردنی سەرچاوەکان بواردو تەنیا ئامادە بوو لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا زانیاری‌یەکانی بدا بە دادوەری دادگا.

بەڵگەو نیشانەکان دواپوختەی کاری کۆمیسیۆنی فیدڕاڵ دەربارەی ڕووداوی میکۆنووس بوون. ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی دادئەستێنی فیدڕاڵ ئەوکارەی وەئەستۆ گرت، ئەودەسەڵاتە درا بە کۆمیسیۆنی ناوبراو -گرووپێک کە لە نوێنەرانی پارلمان‌و نوێنەرانی هەموو ئەو ئاژانسانەی دەستیان لەکاری لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەدا هەبوو- کە چاو لەکارەکەی یۆست بکاو دووبارە ئاکامگیری‌یەکانی هەڵسەنگێنێتەوە. لەڕاستیدا ئەوە گرووپێکی چاوەدێر بوو کە زیاتر بۆ کەم‌کردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانە پێک‌هاتبوو کە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەو کەندوکۆژی سیاسیدا دێنە پێش. پاش چەندحەوتوو، کۆمیسیۆنی میکۆنووس بە بڵاوکردنەوەی بابەتێکی کورت کە لە یەک‌ڕستەدا جێ کرابۆوە، کۆتایی بەکارەکەی هێنا: "هێندێ کەسایەتیی بەدەسەڵات لەنێو ڕێژیمی ئێراندا دەستووریان دابوو ئەو تاوانانە لە ڕێستورانی میکۆنووس ئەنجام بدرێن."

لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆن ئاکامگیری‌یەکانی خۆی، ڕاست وەک سزاخوازی‌یەکە، لە خەڵك شاردبۆوە، یەکێک لە ئەندامانی ناڕازی‌و تووڕەی، بەدزی‌یەوە نوسخەیەکی بۆ هووفیل‌شوولت (Hufilschulte) ناردبوو. ئەمە ڕاست ئەو شتەبوو کە ڕاپۆرتنووس دابووی بە دادوەرێک کە ئەویش دوای پێداچوونەوەی بەوی گوتبوو کە کارێکی زۆر سەرکەوتووی ئەنجام داوە. ئەو نوسخەیە شاردرایەوە!

کاربەدەستانی باڵیۆزخانە لەکردەوەی خۆیان پەژیوان نەدەبوونەوەو بە ناردنی داوەتنامەیەکی تایبەتی بۆ ڕاپۆرتنووسی ناوبراو داوایان لێ‌کرد چەند سەعاتێک دەگەڵ باڵیۆزو کارمەندەکانی لە بێرلین بەسەر بەرێ، دەیانەویست پێ لەسەر بێ‌تاوانیی خۆیان دابگرن. باڵیۆزخانە پێشنیاری ڤیزایەکیان پێ‌کرد تا سەفەرێکی ئێرانی پێ‌بکا، بەڵام هووفیل‌شوولت تەنیا هاتە بۆن. لە باڵیۆزخانە چای خواردەوە، باڵیۆزخانەیەک کە وەک ناوەندی چالاکی‌یە جاسووسی‌یەکانی ئێران

لە ئورووپای ڕۆژئاوا ناوبانگی دەرکردبوو. ئەومیوانداری‌یەی لێیان‌کرد بوو بە هۆی بزواندنی ڕق‌و بێزاریی زیاتری وی دژی کارمەندانێک کە پێشتر بەتوندی ئەوانی بە تۆمەتبار ناساندبوو. پێش هێنانەگۆڕی داواکە لە دادگاو دیداری دەگەڵ وان لە بۆن، هووفیل‌شوولت لە ئاکامی ڕووداوی میکۆنووسدا بەجارێک گێژوویژو سەرسوڕماو بوو. دوای ماوەیەک، بەپرسیاری‌یەکەی لە بارەی ئەو ڕووداوەوە ڕووی کردە فیداکاری‌و لەخۆبووردوویی‌و سەرەنجام هانی دا بۆئەوەی دیدارێک دەگەڵ پەرویز بکا.

هووفیل‌شوولت سەرێکی پەرویزی دا، بەومەبەستە کە بەڵکوو وێنەگەلێک یان بابەتگەلێکی هەبێ کە بۆ بڵاوکردنەوە گونجاو بن.

ڕاپۆرت‌نووس دوای ئەوەی لە دەفتەری کاری پەرویز لەسەر نیوتەختێک دانیشت، لێی‌پرسی: "بۆ وێنەیەک چەندت دەوێ، بەومەرجە شتێکی دەگمەن بێ؟" - ئەونیوتەختەی لەسەری دانیشتبوو دەتگوت لەبن قورسایی قەڵافەت‌و پەیکەری گەورەی ویدا ڕێک‌هاتوە.

پەرویز بە ڕەفتارو حاڵەتێکی نائاسایی‌و دوارۆژبینانەوە گوتی: "ئەمن پیاوێکی کاسبکار نیم، دەزانی. ئەوە دراو نیە کە بەدوایدا دەگەڕێم. ئەمن خوازیاری دادخوازی‌یەکی سزاییم."

کابرای ڕاپۆرت‌نووس چەند ساتێک ڕاما تا هەرچی دەیەویست پێشنیاری بکا، لە مێشکی خۆیدا هەڵسەنگێنێ‌و دوایە گوتی: "ئەوشەوە لە ڕێستووران جاسووسێک هەبوو. ئێوە ئەوە دەزانن، وانیە؟"

پەرویز سەری بەلاوە ناو بە هاتنەگۆڕی ئەو مەسەلەیە لێدانی دڵی بەتەواوی خێراتر بوو.

کابرای ڕاپۆرت‌نووس بە بێ‌موبالاتی لێی‌پرسی: "لەبارەی ڕووداوەکەوە شتێکم پێیە. داخۆ وێنەیەکی چاپ‌نەکراو بۆ ئێوە گرنگە؟"

پەرویز کە هەوڵی دەدا بەئارامی دەگەڵ خەمساردی‌یەکەی وی بەرەوڕوو بێتەوە، گوتی زانیاری لەوبارەیەوە، ئەگەر متمانەی پێ‌بکرێ، زۆر لە وێنەیەک بەنرختر دەبێ. هووفیل‌شوولت گوتی سەرچاوەی ئەم زانیاری‌یانە پیاوێک بوو کە لە کۆمیسیۆنی فیدڕاڵی پێوەندیدار بە ڕووداوی میکۆنووسەوە کاری کردبوو. ئەم وتەیە کاری کردە سەر پەرویز. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ڕوون‌کردنەوەیەکی دیکەی داو گوتی یەکێک لەو شتە گرنگ‌و کلیلی‌یانەی دەست کەوتوون ئەوە بووە کە لە دانپێدانانی یەکێک لە زیندانی‌یەکان بەدەست هاتوەو ئاماژەی بە بوونی جاسووسێک لە ڕێستوورانیش کرد.

سەعات ٩ی شەو پیاوکوژەکان دێنە ژووریّ بەڵام دەستبەکار نابن. چونکە دڵنیا بوون کە ئەو پیاوەی لە ڕێستووران بووە هەتا سەعات ١٠/٤٥ی شەو قوربانی‌یەکان لەوێ ڕادەگریّ.

بیستنی قسەکانی هووفیل‌شوولْت کە پێداچوونەوەیان پێوە دیار بوو بەتوندی خوێنی پەرویزی وەکوڵ هێناو چاوەکانیی بڕینە ڕوخساری پانو برۆ گەورەو کەوانی‌یەکانی- ڕاست وەک ساتەکانی پێش هاتنەژووری پیاوکوژەکان قەلاّفەتی وی لەمێشکیدا نەخشا. بۆنی خواردنی پڕچەوری کە لەسەر مێزی نانخواردن هەڵدەستاو لە هەوادا دەگەڵ دووکەڵی جگەرەکان تێکەڵ دەبوو؛ نەرمایی پەرداخی پلاستیکی لە دەستێکیدا بوو، بەری دەقاقداری گیرفانی پانتۆڵەکەی دەستەکەی دیکەی گرتبوو؛ لەرزینی شۆقی مۆمەکان کە فەزای نیوەتاریکی دەوروبەریانی نوختەچین دەکرد؛ بەرزونزمیی دەنگی ئەوانەی قسەیان دەکرد؛ پاشان چەند سانیە تەماشاکردنی وێنەیەکی هەستبزوێنی دیکە، دەنگی خوڕەخوڕی شلەمەنی‌یەک کە هەڵدەڕژا، مافوورێکی زبرو خەراپ کە پاڵی بە گۆنایەوە دەنا، بۆنێکی جیاواز کە بەرز دەبۆوە. ئەو دەمەساتانەی کوشتنەکانیان پێکەوە گریّ دەدا - هەمیشە ئامادە بوون بانگهێشتنی بکەن- هیچ‌کاتێک لە مێشکی نەدەسڕانەوە.

ڕاپۆرتنووس درێژەی بە قسەکانی دا:

"...کاتێکیش وەختی دیاری‌کراو گەیشت، جاسووس نیشانەی دا بە پیاوکوژەکان کە بێنە ژووریّ."

پەرویز بە نەقایلی‌یەوە گوتی: "نا، نەخەیر! هیچ‌کەس ئاماژەیەکی بە کەسێک نەکرد. ئێمە لەویّ دانیشتبووینو لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا قسەمان دەکرد. هیچ‌کەس لەسەر کورسی‌یەکەی نەبزووت. ئەتۆ لە هەڵەدای."

"لەوشەوەدا، دەبیّ کەسێک لەوێدا هاتوچۆی کردبیّ."

"هیچ‌کەس. دەبیّ بڵێم ئەوەی بەتۆیان گوتوە درۆ بووە. ئێستا زۆر باشم لەبیرە. لەویّ دانیشتووم. هەمووومان لە سەرانسەری ئەوماوەیەدا لەسەر ئەو مێزە دانیشتووین."

ڕاپۆرتنووس وەک لێکۆڵینەوە پرسی: "هەمووتان؟ ئەدی میواندارەکەتان، خاوەنی ڕێستوورانەکە؟"

پەرویز بۆ ڕەتکردنەوەی قسەکانی وی، دەستی هەڵێناو بەتوندی گوتی: "چی؟ ئەو. تکا دەکەم! ئایا نازانی کە ئەو گوللەشی وێ کەوت؟ بەستەزمانی ماڵوێران پتر لە هەموومان تووشی ڕەنجوئازار بووە."

"بەڵام ئەو کەسێکە کە دەزگای پۆلیس لێی بەگومانە."

پەرویز خۆی کێشایەوەو پشتی بە کورسی‌یەکەیەوە داو لەپڕ بێدەنگ بوو. هووفیلشووڵت، کە تێکڕابوونی پەرویزی لە سیمایدا بەدی کرد لێی‌پرسی داخۆ پێی‌خۆشە بچێتە دەرێ بایەکی لێبدا. بەڵام پەرویز گوێی لێنەبوو، چونکە فکری لەجێیەکی دیکە بوو -لەسەر مێزی ئەوشەوەی سێپتامبر. پرسیارێک کە لەپەستا لە مێشکیدا دەنگی دەدایەوە، دواپرسیار بوو کە ئەوشەوە بیستبووی. بیرەوەریی دەورانی سەرکوتکرانی هەمیشە بیروهۆشی وی داگرتبوو- لەبارەی عەزیزەوە کە لەپەنای دانەنیشتبوو، بەڵام داهاتبۆوە سەر مێزی تەنیشتی‌و ئاماژەی بۆ دوکتۆر دەکرد. وەک‌ئەوەی بیهەوێ پێی‌بڵێ بڕۆ دەرێ، دیارە داوای لێنەدەکرد، بەڵکوو وشیاری دەکردەوەو دەیگوت: داخۆ دوکتۆر بیرەیەکی دیکەی دەوێ؟

ڕەنگە عەزیز هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو کە تەقەکردن دەستی پێ‌کرد.

کاتێک پەرویز هاتەوە سەرەخۆ، کابرای ڕاپۆرتنووس هێندێ وردەکاریی زیاتری دەربڕی. وەک ناتەبایی لە شایەتی‌دانی عەزیز بۆ پۆلیسدا. عەزیز ئیددیعای دەکرد کە لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا لە ژووری ڕێستووران بووە، بەڵام یەکێک لە شایەتەکان ئەوی دیبوو کە پێش هاتنی پیاوکوژەکان لە شەقام پیاسەی کردوە.

پەرویز وەک‌ئەوەی دڵنیایی خۆی نیشان بدا، لە بەرگری لە عەزیزدا گوتی: "ئای! بەڵام ئەو شایەتە کێیە؟ یەکێک لە دوژمنانی عەزیز دەتوانێ تۆمەتێکی وای لێبدا. دەزانی چیە، ئێمەی ئێرانی دەتوانین بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژ دوژمنی یەکتر بین."

"نەخەیر، ئەو ئەڵمانی‌یەو هیچ قازانجو زەرەرێکی لەوکارەدا نەبووە."

ئەوشەوە پەرویز خزایە نێو نوێنەکەی، بەڵام دەی‌زانی خەوی لێناکەوێ. دەچوو شەوێکی دیکە لە ئامێزی هەڤاڵی بەئەمەگ‌و پڕئیرادەی خۆیدا بەسەر بەرێ کە بێخەوی بوو. بۆ پیاوێک کە ئەوهەموو ڕووداوە هەژێنەرە لەدڵیدا دەجووڵێن، حەسانەوەیەک ناتوانێ لە ئارادابێ. هەرشتێک یان بابەتێک کە بە ناواریدی زانیبوو یان بە هەڵەی زەقی پیاوێکی گەمژەو نەفامی دانابوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئێستا پێویستیی بە چاوپێداخشاندنەوە هەبوو. وەختێک شۆهرە چووبوو [لە نەخۆشخانە] سەری عەزیز بدا، عەزیز چاوی لە چاوانی نەکردبوو. کاتێکیش میوانەکانی بیروڕای خۆیان دەربارەی ڕووداوەکانی ئەو دوانیوەڕۆیەی نەخۆشخانە دەردەبڕی عزیز بەتوندی تووڕە دەبوو. بیری لە سەرلێشێواویی خۆی دەربارەی ڕێکەوتی کۆبوونەوەکە دەکردەوە. پێش هەموو شتێک پەیامی عەزیز لەسەر دەزگای پەیامگیرەکەی بووکە ئەوی بۆ شەوی هەینی بانگهێشتن کردبوو، پاش وی تەلەفونی نووری بوو کە ئێوارەی پێنجشەممە کردبووی. ئەگەر عەزیز جاسووس بایە، داخۆ هیچ هەوڵێکی دابوو بۆئەوەی ڕێکەوتی میوانداری‌یەکەی ئەوشەوە بگۆڕیٚو ژمارەی میوانەکان کەم بکاتەوەو وابکا مەیدان بۆ پیاوکوژەکان ئاسانتر کۆنترۆڵ بکریٚ؟ میکۆنووس هەرگیز ڕێستوورانێکی قەڵەباڵغ نەبووە، بەڵام ئەوشەوە لە ڕادەی ئاسایی خۆی ئارامترو چۆڵتر بوو. چێشتلێنەرەکە نەخۆش بوو، باشی لەبیر بوو کاتێک عەزیز موشتەری‌یەکانی جواب دەکرد سەری بە نیشانەی بەداخبوون ڕادەوەشاند. داخۆ بەڕاست چێشتلێنەرەکە نەخۆش بووە؟

عەزیز وەک جاسووس! ئەم بڕوایە لە سەرانسەری شەودا پەرویزی ژاکاندبوو. مەسەلەیەک کە ئەوی بەتوندی ئازار دەدا، پێوەکردنی نەک لەلایەن عەزیز بەڵکوو لەلایەن نووری‌یەوە بوو. داخۆ عەزیز جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بەخەتای نفووزی نووری دەزانی؟ "ئەمە مەولای منە." ئەموتەیەی عەزیز هێشتا لەگوێیدا دەزرینگایەوە. ئەم دیمەنە کە عەزیز دەستی دەقەدی نووری وەردێناو بەخۆیەوە دەگوشی هێشتا لە مێشکی پەرویزدا مابوو. عەزیز نووریی بە جۆرێک لە ئامێز گرتبوو دەتگوت ئەو پیاوێکی جێگای ڕێزو سیمبولێکی پیرۆز بوو کە دەیپەرست. ئەو بە ڕادەیەک بۆ نووری ئەمەگدارو دەروەست بوو کە پەرویز-کە هیندیٚ مەسەلەی دوور لە تەحەممولی لەبارەی نووری‌یەوە بۆ دەرکەوتبوون (بەتایبەتی بۆنی ناخۆشی ئەلکول لە هەناسەیدا)- نەدەبووە کۆسپی پێوەندیی دۆستانەی نووری دەگەڵ خاوەنی ڕێستووران کە پێیدەگوت داوەڵ.

ئەدی بۆچی هیچکامێکیان لە خۆیان نەپرسیبوو چۆنە کەسێکی پەنابەری بیٚپووڵ دەتوانیٚ ملکێکی وا پڕداهات ڕاست ساڵێک پێش ئەوکەتنە بکڕیٚ. سەرانسەری ئەوشەوە شەپۆلی لەقاودان بیرەوەری‌یەکانی وی داگرتبوو: "ئێستا کیٚ داوەڵە؟"

گۆڕســـتانی ناوەندیی بێڕلین ژمارەیەکی کەم تازیەبارو ژمارەیەکی کەمتر چەپکەگوڵی لێبوون. ســاڵێک تێپەڕیبوو. شــۆهرە کە هێشــتا ڕەشــپۆش بوو چوو بۆلای گڵکۆی نووریو پەرویزو مەهدی لەملاو لەولای دەڕۆیشــتن. سـارا چووبووە قوتابخانە. ڕێوڕەسمێکی ئارامتر بوو، بەڵام کەمتر خەفەتهێنو داخبزوێن نەبوو. غەموخەفەت تا ڕادەیەک کەمی کردبوو. ئەو سامەی ئەوێی داگرتبوو کەمتر لە ئامادەبووانی دیکە شــوێنی لەســەر ڕاپۆرتنووســەکان دانەنابوو، ئەو ڕاپۆرتنووســانەی لە ســووچێکی گۆڕســـتانەکە لێك کۆببوونەوەو دەنگتۆمارکەرەکانی خۆیان دەسووڕاندن.

شــۆهرە کە لەو بەشــە ڕاوەســتابوو، لەنەکاو لە دوورەوە چاوی بە ئاژاوەگێڕێک کەوت. دڵی بەتوندی ڕاچڵەکی. ڕووی کردە پەرویزو پێی‌گوت: "خەریکە واوە دێ."

پەرویز پرســی: "کێ؟" لەپاشــان ڕووی کردە ئەولایە کە شــۆهرە چاوی تێوە بڕیبوو. عەزیز خەریک بوو لێیان نیزیک دەبۆوە.

بێوەژنی تووڕە گوتی: "خائینی حەرامزادە! بابێ. بەچنگو ددان لەبەریەکی هەڵدەدڕم.

پەرویز دڵخۆشیی دایەوەو گوتی: "ئەتۆ نابێ وا بکەی. دەست ڕاگرە. با ئەمن ئەوکارە بکەم."

عەزیز بە دەوری حەشیمەتەکەدا سووڕایەوە بۆئەوەی لە تەنیشت شۆهرە ڕاوەستێ. پرتەوبۆڵەکە دامرکایەوە. حەشــیمەت ڕاســت وەک چیمەنی بن پێیان بێدەنگو وەک دارەکانی دەوروبەریان بێجووڵە مانەوە. هیچ‌کەس نەیدەویســت دەنگی کەســێک لەدەســت خۆی بدا کە لە ماوەی یەک‌ساڵی ڕابردوودا بەدەگمەن قسەی کردبوو.

عەزیز بە شــەرمەوە بەشۆهرەی گوت: "سـڵاو." شــۆهرە بەتەوســەوە گوتی "سـڵاو"و لێی دوور کەوتەوە.

پەرویز لەحاڵێکدا دەکەوتە نێوانیان گوتی: "عەزیز، وەزعت باش دیارە."

عەزیز بەنیشــانەی ڕێز ســەری بۆ چەندکەسێک دانواندو بەوی گوت: "ئای! ئەمن هەرگیز لەسەداسەد نابم. بەڵام چ‌دەکرێ؟ هەروا هەناسەم دێ."

کاتێک دەیەویســـت بڕوا پەرویز قۆڵی گرتو بەگوێیدا چپاند: "عەزیز، مەڕۆ. با پێش ڕۆیشتنت پێکەوە قسە بکەین."

"دەربارەی چی؟"

"بۆخۆت دەزانی دەربارەی چی."

عەزیز بەرلەوەی لەنێو حەشیمەتدا ون بێ ڕەزامەندیی نیشان داو گوتی: "زۆر باشە. دەزانم." شۆهرە لە پەرویزی پرسی دوایە دەیەوێ چبکا.

پەرویز وەڵامی دایەوە گوتی: "تەنیا لێی دەپرسم داخۆ ئەو ئەم‌کارەی کردوە. هەرئەوەندە. دەبێ ئەو دەرفەتەی بدەینێ کە نەخشی خۆی دەرببڕێ."

بەڵام دوای ئەوەی وتارەکان دراو چەند شێعرو قەسیدەی خەمبزوێن خوێندرانەوە، پەرویزو شۆهرە چاویان لە حەشیمەتەکە کردو تەماشایان کرد عەزیز ڕۆیشتوە.

دووحەوتوو دواتر لە یەکەمسەعاتەکانی بەیانیدا، تەلەفونی ئاپارتمانی پەرویز زەنگی لێدا. عەزیز لە حاڵەتی خوماریی دوای مەستیدا زەنگی بۆ ژمارەی پەرویز لێدابوو. چەند ساتێکی خایاند تا پەرویز توانی لە خەواڵوویی بێتە دەرو گوتی: "لەگۆڕستان داوام لێ‌کردی ڕاوەستی، بەڵام ڕانەوەستای."

عەزیز گوتی: "نەخێر، لەوێ ڕانەوەستام"و دەسبەجێ دەستی کرد بە گریان، یان نزگەرەی مەستی. بەڵام پەرویز نەی‌دەزانی کام لەو دووحاڵەتەیە.

عەزیز داوای لێ‌کردوگوتی: "کەوایە، قسەکردن دەگەڵ منت بۆچیە؟"

"یانی نازانی؟"

لەوبەری تەلەفونەکە تەنیا دەنگی نزگەرە دەهات.

پەرویز لەدین دەرچوو،و گوتی: "چوارکەس مردوون، عەزیز، خەڵکیش دەڵێن ئەتۆ، بەڵێ ئەتۆ سەبەبکار بووی‌و دەڵێن ئەتۆ پیاوی ڕێژیمی.

عەزیز لە وەڵامدا گوتی: "مێژوو بێ‌گوناحیی من دەردەخا."

"مێژوو؟ کام مێژوو؟ ئەمە بۆخۆی مێژوویە. قسەکردنی نێوان من‌وتۆ. شەرم ناکەی؟"

عەزیز بە تووڕەیی‌و ددانەدەچیرەوەبردنەوە گوتی: "ئەمن هیچ کارێکی هەڵەم نەکردوە."

"ئەمە شی بکەوەو ڕوونتر بدوێ."

"ناچار نیم هیچ ڕوون‌کردنەوەیەک بدەم."

"هەرگیز تەلەفون بۆ ئێرە مەکە، مەگەر ئەوکاتە کە ئامادە بی وەڵامی پرسیاری من بدەیەوە تا بتوانی سابیت بکەی کە بێ‌گوناحی."

عەزیز نزگەرەیەکی هاتێ‌و گوتی: "چۆنت پێ‌خۆشە وا بکە!"و تەلەفونەکەی بڕی.

***

## -١٣-

**ســــــندووقەکانی دەنگدان بۆ مرۆڤ شـــــتی چاکن، بەومەرجە بنیادەم دارتاش بیٚ‌و بۆ سازکردنیان‌و شێوەی دروستکردنیان دەستوور لە بەرپرسی هەرەگەورە وەر بگریٚ.**

تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی، هادی خورسەندی

ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣، بەیانی، ڤان ترەک، ئەندامی کۆمیســـــیۆن تەلەفونی بۆ بڕوونۆ یۆست کرد. ناوبراو گەورەترین کەسایەتی لە پێوەندی دەگەڵ ڕووداوی جێی باسدا بوو،و بە زمانی ناوچەیی پێیاندەگوت "سەرچاوەی سەرەکی"، لە بیرڕلین دەژیاو لەمێژ بوو دەیانەویست

قسـەی دەگەڵ بکەن. ناوبراو بۆسـەردانێکی دووڕۆژەی تایبەتی بەنهێنی سـەفەری بێرلینی کردبوو. چونکە لەوانە بوو هاوکاری‌یان دەگەڵ نەکا، ئەندامی کۆمیسـیۆن داوای لە سەرۆکەکەی کردبوو، ڕێگای بدا ناوبراو بگرێ. دانی ئیزنی گرتنی وی، لەباری سیاسی‌یەوە خەرجێکی زۆری هەڵدەگرت. یۆسـتو ڤان ترەکیش ئەوەیان باش دەزانی. بەڵام هاوکارە بەساڵداچووەکانیان، بە پێچەوانەی مووی ماش‌وبرنجی‌و سپیی خۆیان پێیان لەسەر سروشتی سەردەمی لاوەتی، بەتایبەتی ژانەسەردروستکردن‌و سەربەگێچەڵی دادەگرت. تەنانەت ئەگەر دەستیشیان وە "سەرچاوەی سەرەکی" ڕانەگەیشتبایە، لانی‌کەمی کارێک کە لە دەستیان دەهات ئەوە بوو کە دەیانتوانی -ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ- بە ڕاونان، ئازاری بدەن

یۆست بەرنامەی ئەوڕۆژەی دارشت‌و لەپشت مێزەکەی دانیشت. ئەو دووپیاوە کە بەڵێنیان بە یەکتر دابوو لە دەورانی خانەنشـینییشـدا هەروا دۆسـتو هەڤاڵی یەکتر بمێننەوە، بۆ وەرگرتنی داخوازەکەیان کە ڕێی تێ‌نەدەچوو، تا نیوەڕۆیە چاوەڕێ دەبوون‌و ئەگەر کەمترین بێ‌متمانەیی لە نێویاندا هەبایە، هەرگیز هەنگاوێکی وا ئازایانەیان بە مێشـکدا نەدەهات. بەڵام هیممەت‌بەرزی کە دیارە سروشتێکی باشە، لە ئاکامی خۆشەویستیی دوولایەنەدا، زیاتر پەرە دەگرێ،و ئەمە ڕاستی‌یەک بوو کە بە بەربڵاوی لە نێویاندا هەبوو.

ئەوڕۆژە بەیانی جۆزێف هووفیل‌شـووڵتی ڕاپۆرت‌نووس فاکسێکی وەرگرت کە نێوەرۆکەکەی تەنیا خەبەرێکی تایبەتی بوو. لە بەڵگەکەی ورد بۆوەو ئەمجار کەوتە کاری ئەنجامدانی کردەوەیەک کە عادەتەن ڕاپۆرت‌نووسـانی باڵادەسـت ئەنجامی دەدەن: تەلەفونی بۆ سـەرچاوە پێوەندیدارەکان کرد تا لە دەسکەوتە زانیاری‌یەکەی ورد ببنەوە.

ڕاپۆرت‌نووسی ناوبراو تەلەفونی بۆ پەرویز کردو گوتی: "بەڕێز پەرویز ئەمن هووفیل‌شـووڵتم"و پاشـان خێرا خۆشـحاڵی‌یەکەی خۆی وەلا ناو زیادی کرد: "لەبارەی هاتنی فەللاحیانەوە دەبێ چ بکەم؟"

پەرویز کە بەتوندی تێک‌ڕاببوو، لێی‌پرسی: "فەللاحیان! وەک وەزیری ئیتتیلاعات؟"

هووفیل‌شووڵت ڕوونی‌کردەوەو گوتی: "عەلی فەللاحیان، کە ناوی وەزارەتەکەی لە سزاخوازیی دادئەسـتێنی فیدراڵدا هاتوە، لە ئەڵمان بوو،و ئەگەر نوسـخەی پێوەندیدار بە وەزیرەکەی بەدەسـتی من نەگەیشتایە، سەفەرەکەی بۆ ئەڵمان ئاشکرا نەدەبوو. بەرنامەی سەفەرەکەی کە بە تێلێکس بۆ چەند ئیدارەی دەوڵەتی نێردرابوو-بۆوێنە وەزیری نێوخۆو دەزگای پۆلیسـی سـنوورو چەند

ئیدارەی دیکە- لەلایەن یەکێک لە هاوکارانی ڕاپۆرتنووســـەوە لە یەکێک لە ئیدارە دەوڵەتی‌یەکاندا لێی کۆڵرابۆوە.

هووفیلشوولّت ڕاستی‌یە پێوەندیدارەکانی بەم شێوەیە ڕاپۆرت دابوو: "بە فڕۆکەی کۆمپانیی هەوایی ئێران، ژمارە٧٣١ ســـەعات یازدەونیوی بەیانی هاتبۆ فڕانکفۆرت. چووە ناوەندی شـــارو پاشان هەرئەو ڕۆژە ئێوارەکەی سەعات ٧ی دوانیوەڕۆ بۆ شێوخواردن چووەتە کۆشکی سرویسی باڵیۆزخانە لەشاری بۆن. ئەمڕۆ بەیانی، ســەعات١١ سەری هاوتا ئەڵمانی‌یەکەی، بیرند شمید باوێر (Bernd schmidbauer) دەدا.

پیاوی دوورخراوە لەژێر کاریگەریی بیرو خەیاڵاتی خۆیدا دەیەوێ بەرپرســی بەڵگەنامەکان بە قازانجی خۆی بەکار بێنێ. لەکاتی ڕوودانی کەتنەکان بەدواوە، عیشـــقو ئۆگریی پەرویز بە توندی پەرەی گرتبوو. یەکەمین ئاواتی ئەوە بوو نوسـخەیەکی بەرنامەی ئەو سـەفەرەی دەست کەوێو هووفیلشوولّتیش گفتی پێدابوو بۆی بنێرێ.

ڕاپۆرتنووسەکە پرسی: "ئەو بۆ لێرەیە؟ داخۆ دەیەوێ چاوی بە دوورخراوەکان بکەوێ؟"

"بێگومان ئەو دیدار لەگەڵ ئێمە دەکا، بەومەرجە دیدارەکە لە ســـاردخانەی تەرمەکان بێو تەنیا دەگەڵ تەرمەکان دیدار بکا. پەحا! ئەگەر ئەو سێ حەوتوو پێش دەستپێکردنی دادگا بێتە ئێرە، تەنیا بۆ یەک‌مەبەســت، بەڵێ، بۆ یەک‌مەبەســت دێ ئەویش ئەوەیە پێشـی بەڕێوەچوونی دادگاکە بگرێ."

وەختێک نیازخراپی‌یەکەی پشتڕاست کرایەوە، بڕیاری ڕاپۆرتنووسەکەی بەهێزترو لێبڕاوانەتر کرد. تەلەفونی دواتری بۆ ئیدارەی گەورەدادئەســتێن، بێرند شـمید باوێر، بوو. خۆی بەو یاریدەرە کە تەلەفونەکەی هەڵگرت ناســاندو بە ڕاشــکاوی داوای لێکرد کە داخۆ دەتوانێ وتووێژێکی دەگەڵ فەللاحیانی وەزیر بۆ پێک‌بێنێ، پێش‌ئەوەی ناوبراو بگەڕێتەوە ئێران. یاریدەر کە غافڵگیر کرابوو، حاشـــای لەوە کرد کە ناوبراو لە دەفتەری ســـیاســـیی باڵیۆزخانە بێو ئەم وەڵامە هووفیلشـۆڵتی ناچار کرد بەرنامەی سـەفەرەکەی بۆ باس بکا. یاریدەر کە یەکجار تووڕە ببوو پێی‌گوت چاوەڕێ بەو، کـاتێـک گـەڕایـەوە پێی‌گوت نـاتوانێ لـەوبـارەیـەوە نـەزەرێـک بـداو تەلەفونەکەی دانایەوە.

سەعات یازدەی بەیانی، بێرند شمید باوێر پێشوازیی لە وەزیر فەللاحیان کرد بۆئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی بەرتەسکدا بە ئامادەیی چەند کەسێک بەشدار بێ. ئەویش بەومەرجە قبووڵی کرد کە بە نهێنی بمێنێتەوە. شمید باوێر لە بەشداریی فەللاحیان لەو کۆبوونەوەیەدا بەتەواوی بەگومان بوو، زۆر لەوەپێش ڕۆژێکی وای پێشبینی کردبوو،و هەوڵی دەدا پێشی پێکهاتنی بگرێ. ئەویش یەکێک لە لایەنگرانی باشبوونی پێوەندیی نێوان ئەڵمانو ئێران بوو. بەڵام چونکە بەرپرسی کاروباری جاسووسی بوو، لە هەموو کارە دزێوەکانی دەوڵەتی تاران ئاگادار بوو. ژووئیەی ١٩٩٢، دوای کۆبوونەوە دەگەڵ بەرپرسە پایەبەرزەکانی ئێران، ئەم وشیارکردنەوەیەی نووسی:

"ئێوە دەبێ قەولو بەڵێنێک بەمن بدەن! ئێران ناتوانێ لەخاکی ئەڵماندا کردەوەی پیاوکوژی ئەنجام بدا. کارێکی وا، لەسەر ڕێگای هەوڵەکانمان بۆ دابینکردنی قازانجی وڵاتەکەتان، بەتایبەتی لەپێوەندی دەگەڵ وتووێژی ناسکو ڕەخنەگرانەماندا، کۆسپی وا دروست دەکا کە لێ تێپەربوونی ناکرێ."

ئەندامانی بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕیبوو. بەڵام، بەڵێنی ناوبراو هەروەک هەموو ئەو مەسەلانەی لە کەسێکەوە بە کەسێکی دیکە دەگوترێن، دەگەڵ گەیشتنەوە بە تاران بە یەکجاری لەبەین چوون.

بابەتگەلێک کە ئەو بەیانی‌یە لە نێوان شمید باوێرو عەلی فەللاحیاندا باسیان لێ کرا، هەتا چەندین مانگ وەک شتێکی نهێنی مانەوەو دوای پێداچوونەوەیەکی توندوتیژ، گرتنی هەڵوێستێکی نەشیاوو گوماناوی دەرباری شمید باوێر تەنیا شت بوو کە لەبارەی ئەو دیدارەوە بڵاویان کردەوە کە لەودا شمید باوێر، فەللاحیان بە شێوەیەکی زۆر ناڕوون تەنیا بە "ف" ناو دەباو دەڵێ ناوبراو بۆ معامەلەیەک دەگەڵ دەوڵەتی بۆن هاتبۆ ئەوێ:

...ف دەیگوت ئێران زۆری کۆمەگ بە ئەڵمان کردوە. بۆ وێنە ئێران پاڵەپەستۆی خستە سەر تاقمی حەماس هەتا بارمتە ئەڵمانی‌یەکان لە لوبنان ئازاد بکا. لە بەرامبەر کۆمەگێکی وا بەنرخدا، وەزیری ڕاوێژکار (بێرند شمید باوێر) دەبێ پێش بە پێکهاتنی دادگایەکی کەتن لە

بێرلین بگرێ کە لەودا ئێران بەناحەق تۆمەتبار کراوە. ف پرسیاری کرد: بۆ پێشگرتن بەو دادگایە چ نەخشەیەکت هەیە؟

وەزیری ڕاوێژکار داخوازی دەستتێوەردان لە ڕەوتی قانوونیدا ڕەت کردەوەو گوتی: دادگاکانی بێرلین لەژێر دەسەڵاتی وەزیری دادداو بەشێوەیەکی سەربەخۆو دوور لە هەرچەشنە دەستتێوەردانێکی دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت کاری خۆیان ئەنجام دەدەنو هیچ دەرەتانێک بۆ سەودایەکی لەوچەشنە لەئارادا نیە. ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕێگای کەمکردنەوەی خەرجی لێپرسینەوەکەوە کۆمەگ بە ئێوە بکەینو باشترین ئارەزووی ئێمە ئەوەیە کە ئێران ئیدی هەرگیز لە ئەڵمان یان لە ئورووپا دەست بۆ ئەوجۆرە کارانە نەبا.

لایەنی ئێرانی بەتوندی هەوڵی دەدا دادگای بێرلین وەدوا بخرێ. بەڵام هەم وەزیری ڕاوێژکارو هەم ڕاوێژکارەکەی هەمووجارێ ئەو پێشنیارەیان ڕەت دەکردەوە. داخوازی "ف"شیان بۆئەوەی دەرەتان بە تۆمەتبارەکان بدرێ تا لە پارێزراویی سیاسی کەلک وەربگرن ڕەت کردەوە. پاش چەندینجار ئاماژەکردن بە کۆمەگەکانی پێشووی ئێران بە ئەڵمان، ف ڕیزە پێشنیارێکی دیکەی هێنایە گۆڕێ کە لەواندا داوا کرابوو دادگای پێوەندیدار بە ڕووداوی میکۆنووسەوە بۆ وەختێکی دیکە هەڵبگرن. وەزیری ڕاوێژکار جارێکی دیکە هەرجۆرە ساتوسەوداو گۆڕینێک لەبارەی دادگاکەیەوە ڕەت کردەوەو گوتی ئەو دەسەڵاتێکی لەو بابەتەی نیە کە وەزیر چاوەڕوانیی لێی هەیە.

وشەگەلی "دەسەڵاتی ئەوەی نیە" وەزیریان بە توندی تووڕە کردبوو، وەزیرێک کە چاوەڕوان بوو کارمەندێکی پایەبەرزی ئیتتیلاعات ئەگەر بیهەوێ دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ کۆتایی بە هەرجۆرە دادگایەک بێنێ. عەلی فەللاحیان چەندین جار سنووری نێوان مەسەلە سیاسییەکانو کاروباری شارستانیو ژیانی مەزهەبیو سیاسیی لەژێر پێ نابوو،و هێندێجار هەموو ئەو مەسەلانەی تێکەڵ کردبوون. بۆیە، پێیوابوو لە ئورووپاش دەتوانرێ کاری وا بکرێ. عەلی فەللاحیان کە لە ئیسفەهان، شارێک کە بە بوونی کاسبکارانی بەتوانا بەناوبانگە، هاتبووە دونیاو گەورە ببوو، دەیەویست باسو هێنانوبردنەکە درێژە بدا تا سەرەنجام دەستی بگاتە ڕێککەوتنێک. پاش ئەوەی بۆ دواجار داخوازەکەی ڕەت کرایەوە، وەزیر، بەوقەڵافەتی مێرمنداڵانەو زەردەخەنەی منداڵانەیەوە کە لەودا مەودای نێوان ددانەکانی وەک ددانی منداڵانی کەمتەمەن دەهاتە بەر

چاوو بەڕیشە پڕپشتەکەیەوە کە گەیشتبووە پەنا پێڵووی چاوەکانی، ئیدی نەیدەتوانی ڕقهەستاویی خۆی بشارێتەوە. وەزیر کە پیاوێکی دەستەپیاوی ڕەفتارسەنگین بوو لەجێی خۆی هەستاو لەحاڵێکدا ڕقو تووڕەیی بەڕوونی لەسیمایدا دیار بوو لەوێ چووە دەرو بەهۆی هەنگاونانی خێرایەوە عەبا گوشادەکەی ڕادەژا.

برِوونۆ یۆست بەشێك لە بەیانیی ئەوڕۆژەی بە چاولێکردنەوەی دۆسیەی پێوەندیدار بە فەللاحیانی وەزیرەوە بەسەربرد. فەللاحیان وەک قازییەک، بەرپرسایەتیی دادگاییەکی سەرسەرەکیو دوور لە هەموو پەسندکراوێکی قانوونیی وەئەستۆ گرتبوو،و حوکمی ئیعدامی سەدانکەس لە زیندانییە سیاسییەکانی دەرکردبوو کە کەوتبوونە بەر پەسندکراوەکانی شەریعەتو لە ئاکامی ئەو کردەوانەدا ناسناوی "قەساب"یان لەسەر دانابوو. مەسەلەیەک کە ئەوی تۆمەتبار دەکرد کە شەریکەتاوانی کەتنی ١٧ی سێپتامبرە، قسەیەک بوو کە نۆ ڕۆژ پێش کەتنەکانی بێرلین لە وتووێژێکی تەلەڤزیۆنیدا کردبووی. جگە لەوە، ژمارەیەکی زۆر لەکەسانی هاوبیری خۆی، یەک لەوان دارابیی بۆ وەزارەتخانەکەی خۆی دامەزراندبوو.

"بۆ لەنێوبردنی ئۆپۆزیسیۆن، گرووپێکی تایبەتیمان هەیەو کۆمیتە ناوەندیی وانمان ناسیوەو پووچەڵمان کردوونەوەو گرتوومانن. ئێستا لە نێوخۆی وڵات هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکمان نیە. هەموویان ناچار بوون ڕابکەن. بەڵام لە دەرەوەی وڵاتیش دەیانگرینە ژێر چاوەدێری. نفووزمان کردۆتە نێو ئۆرگانەکانیانو هەمیشە لەژێر چاوەدێریماندان. لە ژوورەوەو دەرەوەی وڵات زەبری گەورەمان لێداونو ئەمکارە هەروا درێژە دەدەین. بۆنموونە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانمان لە پەلوپۆ خستوە."

هێندێک لە وردەکارییەکان زیاد لە ڕادەی تۆمەتبارکردنی خەڵکی دیکە بە شانازییەوە لەلایەن وەزیر خۆیەوە دەربڕابوون. هێندێ بەشی ژیاننامەی فەللاحیان بابەتگەلێکیان تێدا بوو کە بۆخۆی بەشانازییەوە نووسیبوونی، بەڵام کەسانی دیکە هەوڵیان دەدا لەبیر خۆیانیان بەرنەوە. لە نووسراوێکی پڕچاوڕاودا فەللاحیان وەک لاوێکی کەمئەزموون، سەرچاوەی کردەوە توندوتیژو دڕندانەکانی خۆی باس کردبوو. فەللاحیانی وەزیر کەساڵی ١٩٤٩ لەدایک بووەو لە

بنەماڵەیەکی مەزهەبیدا پەروەردە بووە، لەحاڵێکدا خۆی وەک نەفەری سێیەم ناو دەبا، دەربارەی یەکەمین ئاشنایی خۆی دەگەڵ ئایینی ئیسلام دەنووسێ:

"کەندوکۆژو ئیمانوباوەڕ ئاگرێکیان لە دەروونیدا هەڵاییساند کە بەزوویی لە پەلوپۆی خستو بەناچار وەدوای ڕێگەچارەیەک کەوت، ڕێگەچارەیەک کە ئەو لەپێوەندی‌یەکی پڕخۆشەویستی دەگەڵ مورشیدانی وەک نەووابی سەفەویدا بەدەستی هێنا."

درۆبوونی ڕواڵەتی ئاشقانەو بێ‌گوناحی وی کاتێک ئاشکرا بوو کە یۆست تێ‌گەیشت نەووابی سەفەوی بناخەدانەری "فیدایی‌یانی ئیسلام" بووە، گرووپێک کە لە دەیەی ۱۹۵۰دا چەندین جار دەستی دایە پیاوکوژی.

ناوبردنی فەللاحیان بە ناوی هاوتای شمید باوێر یان سەرۆکانی دیکەی دەزگا ئیتتیلاعاتی‌یەکان کارێکی هەڵە نەبوو، بەڵام ڕێ‌ونکەر بوو. لە یەکەمین ساڵەکانی دوای شۆرشی ۱۹۷۹دا، ببوو بە قوڵەچۆماغی دەستی ئایەتوڵڵاو هەرچی ئەو لێی‌ویستبا ئەنجامی دەدا.

پاش ئەوەی لەسەر کاری خۆی وەک سەرپەرستی ماڵی ئایەتوڵڵا وەلا کەوتو گەیشتە پلەی دادئەستێن، ڕەوتی ژیانەکەی گەیشتە پلەی هەرەبەرزی خۆی. ئایەتوڵڵا لە نامەی دانانی لەو پۆستەدا نووسی: "لەبەر ئەوەی جەنابت لەکاروباری دژی شۆرش -لەهەر بەرگێکدا- شارەزایی باشت هەیە، تەنیا شیاوی بەڕێزتە کە ئەو بەرپرسایەتی‌یەت پێ‌بسپێرن تا بە کەلکوەرگرتن لە ڕێوشوێنو قانوونە ئیسلامی‌یەکان، هەر شەیتانێک بە سزای شیاوی خۆی بگەیەنی." ئایەتوڵڵا زۆرجار ڕێزێکی زۆری بۆ دادەنا کە یەکێکیان لەبارەی هێرش بۆسەر ناوەندێکی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لەماوەی بیستوچوار سەعاتدا چل ماڵی وانیان وێران کرد.

دەوروبەری نیوەڕۆ بوو کە یۆست باڵتۆیەکەی دەبەر کردو خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. توونی ڤان ترەکیش لە ئیدارەکەی خۆی هەر ئەوکارەی کردو قایشی دەمانچەکەی لە قەدی بەست. هەموو ئەوکارانە بۆ ئەوە بوون کە لەلایەکەوە ڕەقەڵەیی‌و لەلای دیکەوە ڕەفتاری نەرمونیانی خۆی لەبەر چاوی خەڵک بشارێتەوە. جووتێک دەستبەندی لەگیرفانی باڵتۆ

سەربازی‌یەکەی هاویشتبوون. تا ئەوکاتە هیچ کام لە بەرپرسانی سەرەوەتری تەلەفونێکیان بۆ نەکردبوو، بۆیە تا ئەودەم هیچ دژایەتی‌و ناڕەزامەندی‌یەک لەلایەن کەسانی سەرەوەتر لە خۆیەوە بۆ پێشگیری لەوگرتنەی جێگای باس بوو، بەو ڕانەگەیەندرابوو. بەڵام تەلەفون زەنگی لیدا‌و بۆن بەتوندی دژی بۆچوونەکەی ڕاوەستا. چونکە وەزیری ناوبراو میوانی دەوڵەت بوو.

عەلی فەللاحیان لە چنگی پۆست ڕزگار بوو، بەڵام سەردانەکەی بۆلای ئەو شاراوە نەما. تەلەفون‌کردنی هووفیل‌شوولت ئارامیی دەفتەری سیاسیی باڵیۆزخانەی تێک‌دا کە لەوێ هەوڵی بەنهێنی‌ڕاگرتنی خەبەرەکان خێرا گۆڕاو جێی خۆی دا بە هەوڵی کەم‌کردنەوەی زەرەرو زیانەکانی. هەتا دوانیوەڕۆی ئەوڕۆژە، بێرند شمید باوێریان ناچار کرد کۆنفرانسێکی خەبەری پێک‌بێنێ. هەموو ڕاپۆرت‌نووسەکان یەک پرسیاریان بە چەند جیاوازی‌یەوە هێنایە گۆڕێ - بابەتی وتووێژ دەگەڵ فەللاحیان. شمید باوێر لە حاڵێکدا زەردەخەنەیەکی ڕیاکارانەی سیاسیی بە ڕوخسارەوە دیار بوو، گوتی کە ئەوکۆبوونەوەیە "نێوەرۆکێکی تەواو مرۆڤایەتیی" هەبووە.

پرسیاریان لێ‌کرد داخۆ وەک دادئەستێنی فیدراڵ دەیگوت، دەوڵەتی تاران لەو کەتنانەدا تۆمەتبار نیە. بەڵام ئەو، ئەم ئیددیعایەی ڕەت کردەوەو‌گوتی: "کەسانێک کە ئاگایان لە ڕاستی‌یەکان هەبێ دەگەنە ئاکام‌گەلێکی زۆر جیاواز."

زۆربەی خەڵک شمید باوێریان، پێش هەموو شتێک لەسەر میوانداری لە میوانەکانی بەتوندی مەحکووم کرد، ئەگەرچی ئەوکارە چەندین مانگ پێشتر بەهۆی دەرکەوتنی هێندێ بەڵگە بۆ بەمەحکوومناسینی وی، ئەنجام درابوو. چاپەمەنی ئەوی بەهۆی شلوشەویێقی‌و دەستوپێ‌سپیلکەیی بەگاڵتەپێکردن ناو نابوو "وەزیری٠٠٨" (Minister ٠٠٨) چونکە ئەو گەورەبەرپرسی کاروباری نهێنی بوو، کەچی نەی‌توانیبوو تەنانەت دیدارێکیش بەنهێنی ڕابگرێ. ساڵی ١٩٩٢ڕوخساری پڕڕەنج‌وئازاری پاشماوەکان [ی قوربانی‌یەکان] ڕۆژنامەکانی هان دابوو بابەت‌گەلێک لەسەر ڕووداوی ناوبراو بنووسن. هەتا پێش ساڵی ١٩٩٣، مەسەلەیەک کە ئەوانی تووڕە کرد دووڕوویی‌و دەغەڵبازیی سیاسەتمەدارەکانی خۆیان بوو. شمید باوێر پێشەنگی "وتووێژێکی گرنگ" دەگەڵ ئێران بوو،و خەڵکی ئەڵمان کە لە هەستی دەروونیی نەتەوەی خۆیان دەربارەی ئەو کەتنانە باش ئاگادار بوون، هەم ئەوو هەم ئەوکارە پڕمەترسی‌یەیان خستە ژێر پرسیار. دادگای ناوبراو ڕۆژلەڕۆژ پتر وەک تاقی‌کردنەوەیەک دەربارەی هاوپێوەندیی نەتەوەیی خۆی دەنواندو سەردێڕو تیتری بڵاوکراوەکان ئەوەیان نیشان دەدا:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## دادگای میکۆنووس، تاقی‌کردنەوەی سیستمی دادخوازیی ئەڵمانە
## داخۆ دەزگای قەزایی ئێمە سەربەخۆیە؟
## داخۆ قانوون‌و قازی‌یەکانی ئەڵمان دەفرۆشرێن؟

هات‌وهاواری نێوخۆ بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی ڕەخنەی نێو نەتەوەییش، بۆ وێنە داخوازی ئەمریکاو بریتانیا بۆ کەندوکۆژێکی زیاتر لەو بارەیەوە. بۆ لێکۆڵینەوەی "تاوانە چارەسەنەکراوەکان" سەرلەنوێ دیداریان دەگەڵ چەندکەس لە ئێرانی‌یە دوورخراوەکانی سەرانسەری ئورووپا پێک‌هێنا. هەتا کۆتایی مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٣، تەنانەت خەڵکی نیۆیۆرکیش دەنگ‌وباسی پێوەندیدار بە دیداری "نهێنی"ی وەزیری ناوبراویان لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێندەوە:

"بەڕێز فەللاحیان‌و بەڕێز شمید باوێر ڕەنگە باسی بابەتێکیان کردبێ کە بەپێی ئەو تۆمەتبارانی پیاوکوژی کە ئێستا لە بێرلین لەژێر دادگاییدان، ئازاد دەکرێن یان موداراریان دەگەڵ دەکرێ. لەبەرامبەردا، دەڵێن ئێرانی‌یەکان پێشنیاریان کردوە چەند کەسی ئەڵمانی کە ئێستا لە ئێران گیراون ئازاد بکەن. لە بەشێکی لێکۆڵینەوەکاندا نووسراوە بەڕێز فەللاحیان ئیمکانی ئازادکردنی ڕۆن ئاراد (Ron Arad)یشی هێناوەتە گۆڕێ کە ڕێنوێنی هێزی هەوایی ئیسرائیلەو دەڵێن هێزەکانی لایەنگری ئێران لە لوبنان گرتوویانە.[1] هەروەها بەڵێنیان داوە سزای ئیعدامی دەرچوو لەلایەن ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینی کە لەلایەن دەوڵەتی ئێستای ئێرانیشەوە دژی سەلمان ڕوشدیی ڕۆماننووس دەرچووە هەڵ‌وەشێننەوە."

لەسەر مێزی هانز یوواخیم ئێریگ (Hans Joachim Ehrig) کۆمەڵێک کاغەزی پەمەیی‌ڕەنگ کەڵەکە ببوون. گەورە پارێزەری قوربانی‌یەکان لە پێوەندی دەگەڵ دادگایەکدا کە هێشتا دەستی پێ‌نەکردبوو تووشی دڵەڕاوکێ‌یەکی زۆر ببوو. لە ڕفتاری ئێریگدا وەک

[1] -ڕۆن ئاراد ساڵی ٢٠١١ لەبەرامبەر ئازادکردنی هەزار زیندانیی فەلەستینیدا ئازاد کرا.-وەرگێڕ-

پارێزەرێکی دادگا، یان لە بنیاتی ئیدارە تارادەیەک پێشکەوتووەکەیدا هیچ شتێکی ناواقیعی نەدەبینرا. تەنیا ئەو کەسانەی ئەویان لە دەیەی ١٩٦٠دا لە زانکۆ وەک خوێندکارێکی خەیاڵپەرست ناسیبوو، تێ‌گەیشتبوون کە ئێریگ لە پێوەندی دەگەڵ ڕووداوی میکۆنووسدا هێندێ ڕاستیی بۆ دەرکەوتوون کە پتر لە هەرشتێکی دیکە، ئەویان بۆ خوێندنی قانوون هان دابوو.

لە بەرامبەر ئەو ڕاپۆرت‌نووسانەدا کە بە داخوازی زۆر سەریان لەو شێواندبوو، ئەوندە حاڵەتێکی ساردو بێ‌موبالاتانەی لەخۆی نیشان دا کە ناچاری کرد هێندێ‌جار زۆر بەتووڕەیی قسە بکا: "ئەم دیدارە ڕاست شەپلاغەوەشاندن لە ڕوومەتی مەئمورێکی لێکۆڵینەوەیە. ئابڕووی ئەڵمان لەبەر چاوی خەڵکی جیهان خەوشدار دەکا." ئەم قسانەی دوای ئەوەی دیدارە نهێنی‌یەکە ئاشکرابوو، ڕۆژێک لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا بە هەواڵنووسێک گوتن‌و لە درێژەدا گوتی: "وا دیارە قازانجی ئابووری دەگەڵ ئێران، نیگەرانی‌یەکانی دیکەی پێوەندیدار بە بایەخە ئەخلاقی‌یەکانمانەوەی وەبن خۆی داوە."

"بۆن دەبوو چۆن وەڵام بداتەوە؟"

چەند ڕستەیەک کە ئێریگ پێشنیاری کردن نەک‌هەر زۆر توند بەڵکوو ناکردەییش بوون. ئەو لەو چەند ڕستەیەدا، نەک‌هەر هەڵەکانی ڕابردوو بەڵکوو هێندێ هەڵەی ڕێ‌تێچووی دوارۆژیشی بەکورتی باس کردن‌و گوتی کەسانێک کە ئەم هەلانەیان کردوون، ڕەنگە لە داهاتوودا کردەوەی لەو چەشنە زیاتریش بکەن. جگە لەوە، شێوەی پێک‌هێنانی دادگاو هەنگاوەکانی دوارۆژیشی گەلاڵەڕێژی کردبوو:

"گرتنی بەڕێز فەللاحیان کارێکی زۆر نائاسایی‌یەو ناتوانین هومێدمان پێی هەبێ، بەلام دەتوانین بی‌خەینە ژێر پاڵەپەستۆ. نەدەبوو بۆن دیدار لەگەڵ ئەوی قبووڵ بکردایە. ئەگەر دەرکەوێ کە ئەم کەتنە بەڕاستی لەلایەن دەوڵەتەوە دەستوور دراوە، پێوەندیی سیاسی دەبێ بە تەواوی بپچڕێ. هیوادارم هەموو ئەوکەسانەی کار لەسەر ئەم ڕووداوە دەکەن بتوانن سەربەخۆ بن‌و هەرگیز ڕێگە نەدەن وتەکانی "بەڕێزانی بەرەژوور" لە مێشکیاندا ڕەنگ بداتەوە. ئەگەر ئەم دادگایە بەوجۆرەی دەبێ بچێتە پێش، دەبێتە کۆسپی سەر ڕێگای ڕوودانی کەتنێکی دیکەی لەو بابەتە."

دوورخراوەکان کە لە چاوەڕوانیدا یەکدڵو یەکزمان بوون، ناڕەزایی خۆیان بەجۆرێک دەردەبڕی کە پێیان باشترین شێوە بوو. داخوازێکی توندوتیژیان چاپ کردو لەودا خوازیاری خۆپێشاندان بوونو چەند دانە لەویان لە دەروازەی ناوەندە بازرگانی‌یەکانی بێرلین دا -کافەکان، دوکانەکانی خواردەمەنی فرۆشی، ڕێستوورانەکانو کۆمپانی‌یەکانی موسافیرگوازتنەوە. شێوەو تایبەتمەندی‌یەکەی، هەستی ئەو خەڵکانەی بزواند کە خوازیاری دەنگێکی ناڕەزایەتی بوون:

**ڕوو بە هەمووان**

**هاوڕێیانی ئازادبیری ئێرانی**

**پتر لەساڵێک دوای ئەوەی چوارکەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن، لە ڕێستورانی میکۆنووس بەدەستی پیاوەکانی ڕێژیم کوژران، تۆمەتبارانی ئەو ڕووداوە سەرەنجام سەعات ٩ی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٨ی ئۆکتۆبر، دادگایی دەکرێن. بە سەرنجدان بە هێندێک دیدار کە ئەم دوایی‌یانە کراون، ئەرکی هەمووانمانە هەوڵوتەقەلای هێندێ لە سیاسەتمەدارانی ئەڵمانی مەحکووم بکەین کە ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەیانەوێ کار بکەنە سەر ئاکامەکانی کاری دادگا. لەبەردەم ئەو باڵەخانەیە کە دادگاکەی تێدا بەڕێوە دەچێ، ڕێپێوانێکی ناڕەزایەتی ئەنجام دەدرێ.**

**وریاکردنەوە: بەپێی دەستووری ئیدارەی گەورەدادئەستێنی فیدڕاڵ، هەرکەس بیەوێ لە کۆبوونەوەکانی دادگاییدا بەشدار بێ دەبێ کارتی پێناسی جێ‌متمانەی خۆی یان پاسپۆرتەکەی پێ بێ.**

**لەلایەن: ڕێکخراوی بەرگری لە پەنابەرانەوە ڕێکخراوە**

**جێگا: سووچ باکووریی تووڕ (Turm)، لەنێوان ڕاسبێناوەر (Rathbenauer)و ویلسناکەر (Wilsnaker)، چاوەدێری لەلایەن ٩ # UBaban: ئیزگەی شەقامی توورم (Turm)**

**کاتی دەستپێکردن: سەعات ٨ی بەیانی، ٢٨ ئۆکتۆبەری ١٩٩٣"**

بەیانیی ئەوڕۆژە، سستیو داهێزاویی سێزدە مانگەی شۆهرە، تەواو بوو. لەخەو هەستاو تێگەیشت کە چاوەڕێی ڕۆژێکی خۆشە. وزەو توانایەکی سەیر ڕژایە دەمارەکانیەوە. پێشتر ترس، چاوەڕوانیو هەژانی تێکەڵ ببوونو دەمارەکانییان هاڕیبوو، بەڵام لەو دنیا تاریکەی لەمێژ بوو تێیدا سەرگەردان بوو، سەرەنجامترووسکەیەکی سووکەڵە دەرکەوتبوو.

بە پێچەوانەی هەرچەشنە مەنتیقێک، ئەو دڵنیا بوو ئەوکەسانەی مێردی ویان کوشتوە ئەوەندە دەستڕۆیشتوون کە دەتوانن دادگایەکە بە هەموو ئەوانەوە کە تێیدانو یەک لەوان خۆی، بتەقێننەو. ئەوەی ئەو بەتوندی دەیەویست پێشی پێبگرێ ئیمکانی وەدیهاتنی هەبوو: سارا هەتیو دەکەوێ. بەڵام، تەنانەت لەبەر خاتری سارایەش، نەیدەتوانی واز لە چوونی دادگا بێنێو نەیدەتوانی چاوەڕوانیی لەکەس هەبێ دەگەڵ شتێک بەرەوڕوو بێ کە ئەو خۆی نەیدەوێرا خۆی لێبدا. بۆیە شەوی پێشتر سەری دووکەس لە هاوکارانی پێشووی نووریی داو بە نووسین مافی سەرپەرستیی سارایەی دانێو ئیمزای کرد - ئەی، نەوەکا.

بەڵێنی پێکهێنانی دادگا، هەرچەند هیچ هیوایەکی بە سەرکەوتنی نەبوو، ئەوی بووژاندبۆوە. بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بکوژانی مێردەکەی شەرمەزار بکا،و خۆی لە جێگەوپێگەی خۆیدا نیشان بدا - چاونەترسو باوەڕبەخۆ- بەرلەوەی ساتوسەودایەکی مسۆگەر لەنێوان ئێرانو ئەڵماندا ببێتە هۆی ئەوەی لە شوێنی شایەتەکان دەری بکەن. چاوەڕوانییەکانی لە دادگاکە نائومێدییان پێوە دیار بوو. هەرگیز دیمەنی دادگایەکی نەدیبوو. ئەوەی دەیزانی هێندێ شت بوو کە لە فیلمەکاندا دیتبوونی- هەمووی فۆڕمالیتەو دوور لە شەوقوزەوق. چاوەڕوانی ئەوە بوو پیاوێکی گەندەڵ، قەڵەو، کلاوێکی دادوەری بەسەرەوە، تاوێکناتاوێک چەکوچێکی دارین لە مێزەکە ڕاکێشێ. دەنگۆیەک کە گۆیا دارابی بە دانی پێشەکییەکی باش، یەکێک لە باشترین دادئەستێنەکانی بێرلینی بەکرێ گرتوە، ئەوی تۆقاندبوو، جگە لەوە، سەری لەوە دەرنەدەکرد کە فەللاحیان بەبێ خەرجییەک توانیبێتی لە ئەڵمان دەرباز بێو لەوڵاتی خۆی دەست بکا بە خۆڕانان. پێشتر ساتوسەودایەک کرابوو،و ئەو هەرئەو ڕۆژە کە خەبەری دیدارەکە بڵاو بۆوە، ئەوەی بە ئێریگ (Ehrig) گوتبوو.

ئێریگ بە دڵنیاییەوە پێی گوت: "ئەڵمان دێموکراسییە. لێرە هیچکەس، هەرچەندی زۆریش دەستڕۆیشتوو بێ لە سەرووی قانوونەوە نیە." شۆهرەش گومانی لە قسەکانی نیشان نەداو

پرسیاری لێنەکردو تەنیا بەحورمەتەوە زەردەخەنەیەکی کرد. بەڵام لە دڵنیابوونی ساویلکانەی وی بەداخ بوو.

بەباوەڕی سارا هەموو ڕەشبینییەکانی دایکی هەروا درێژەیان هەبوو. کاتێک شۆهرە باسی ئەودادگایەی بۆ کچەکەی دەکرد کە قەرار بوو پێک بێ، تەواو بە دڵگەرمییەوە دەدوا. خەریک بوو دەنگۆیەکی دڵخۆشکەر ئاشکرا دەبوو. تۆمەتبارەکان کە خەڵکێکی بێزراو، شەڕەپۆشو بێگومان شەرمەزار بوون، تەنیا دەیانتوانی داوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نەرم بۆخۆیان بکەن. چونکە تاوانباربوونەکەیان بەدڵنیایی دەردەکەوت. قازیی بێبەزەو قینلەزگ سۆلۆمۆن (Solomon) کە سیماو قەلافەتی ئەڵمانییەکی وەنێوکەوتووی هەبوو، خێرا لەو تاوانانە دەکۆڵێتەوە کە ئەوان کردوویانن. پارێزەرانی دادگاش کە کەسانێکی لەخۆباییو هەروەها بەتەماعن، هەر بەوخێراییە بێزار دەبن. لەکاتێکدا پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانییەکان پیاوی بەڕێزو لەسەرەخۆن، هەموویان پێکەوە، ئەگەر لە ماوەی چەند ڕۆژیشدا نەبێ، لانیکەم لە ماوەی چەند حەوتوودا، سەردەکەونو دەگەڵیان سواری کالیسکەیەک دەبنو لای خۆرئاوا وەدەر دەکەون. سارا بە قسەکانی دایکی خۆشحاڵ بوو،و بەهیچجۆر لەبارەی بوونی کالیسکەیەک لە شەقامەکانی بێرلیندا یان دەربارەی گرنگیی کاتی خۆرئاوا گومانێکی نەبوو، خۆرئاوایەک کە نیشاندەری کاتی خەوتنی بوو. ئەو ڕۆژە بەیانی بەرەو قوتابخانە وەڕێ کەوتو هەوای وێ دەگەڵ لەشی زۆر سازگار نەبوو.

شۆهرە دەنێو کۆمۆدی جلەکانیەوە ڕاما. نەیدەویست وەک تەماشاچییەکی ئاسایی دەرکەوێ. دادگا بۆ وی مەیدانی شەڕێک دەبوو. بۆیە خەریک بوو جلکی شەڕی دەبەر دەکردنو پێویستیی بە بەرگێک هەبوو بیپارێزێ نەک بە جلکی زۆرتر. داوێنە ڕەشەکەیو بلووزەکەی دووبارە لەسەر جێلیباسەکە دانانەوە. ڕەشپۆش، تەواو ڕەش، لە تەپڵی سەر تا نووکی لاقی یۆنیفۆڕمێکی ڕەشی دەبەر کردو هەتا کۆتایی دادگا دەبەریدا دەبوو. ڕەنگی ڕەش بەمانای نوێنگەیەک لە غەموخەفەتەکەی نەبوو، بەڵکوو ڕەمزو نیشانەیەکی گرنگو تەواو بۆ ئەوە بوو کە خوازیاری دادپەروەرییە.

شۆهرە بەرەو باڵەخانەی دادگا وەڕێ کەوت. بۆ ڕۆژی دادگایییەکە، تێبینییەکی توندی ئەمنیەتی لەبەرچاو گیرابوو. لە بەیانیی زووەوە، هەموو ئامرازەکانی گوازتنەوەی موسافیران هەر

تا مەودای یەک‌مایلیی باڵەخانەکە هەقی هاتوچۆیان هەبوو. ڕاوەستانی هەموو ئامرازەکانی گوازتنەوە، تەنانەت دووچەرخەش قەدەغە کرابوو. تریلی‌یەکانی دژی ئاژاوە لەو نیزیکانە ڕاگیرابوون. ئەفسەرانی پۆلیس، کە نارنجۆکیان بە پشتێنیانەوە بەستبوو، پاراستنی ئەو ناوچەیەیان وەئەستۆ گرتبوو. دوکانداره‌کان- خاوەنانی دەفتەری کارڕاپەڕاندن، خاوەنانی ڕێستوورانە تورکی‌یەکان، کتێبفرۆشە قانوونی‌یەکان- دەرگای دوکانەکانیان داخستبوو، لە ژووری دوکانەکانەوە تەماشای بارودۆخی ئاڵۆزی دەوروبەریان دەکرد. بەڵام دەرگا سەرەکی‌یەکانی چوونەژووریان نەدەدی، چونکە هەموویان کەوتبوونە پشتەوەی ئەو حەشیمەتە کە دەیانەویست بەواندا بچنە ژووری باڵەخانەکە. ڕیزی خەڵک لە دەوروبەری باڵەخانەکە هەمیشە لە جموجۆڵدا بوو. دەیان‌کەس لە ڕاپۆرتنووسان لەسەر پلیکانەکان ڕاوەستابوونو میکرۆفۆنەکانیان بۆ ئەو پارێزەرانە ڕاداشتبوو کە بە بێشیاندا تێ‌دەپەڕین. چەند کەس لە ڕاپۆرتنووسان دەگەڵ چەندکەسی دەرکراو لە وڵاتی خۆیان لەنێو ڕیزەکەدا وتوویژیان دەکرد.

شۆهرە، لەحاڵێکدا دووکەس لە پارێزەرانی دادگا لەملاولەولای دەڕۆیشتن نەوەک بەئەنقەست ئازارێکی پێ‌بگەیەنن، هاتە وێ.

ڕێژەڕۆیشتن [مەسیرە] سەعات هەشتی بەیانی دەستی پێ‌کرد. نیزیکەی ٢٠٠کەس لە دوورخراوەکان تێکیانەوە داویشتو چاوەڕێی دەستپێکردنی بەرنامەکە بوونو بەوردی تەماشای هەنگاوی خێرای پیاوێکی کزەڵەی ماسوولکەداریان دەکرد کە فەرماندەریی وانی وەئەستۆ گرتبوو. پلاکاردێکی زۆریان پێ‌بوون کە دەبوو بەدەست بەرزیان بکەنەوەو ئاڵایەکی زۆریان پێ‌بوون کە دەبوو هەڵیانبدەنو دەستوور بە ڕیزی نارێک‌وپێکی وان درا ڕیزەکانیان ڕێک‌بخەن.

دەمەساتێک پێش سەعات ٨، خەڵکێکی زۆر وەدوای کەوتبوون تا لە دوادەقیقەکانی پێش ئەو ڕووداوەدا پرسیارەکانی خۆیانی لێ‌بکەن. بەڵام حەمید نەوزەری کە ڕێکخەرێکی کارامە بوو، بە ئاسانی بەرزەوێژە دەستی‌یەکەی خۆی هێنایە دەرێ، بە دەمیەوە ناو هاواری کرد:

**"شمید باوێر، شمید باوێر دەست لە دادگاکەمان هەڵ‌گرە!"**

مستی دەستی چەپی چەندین‌جار لە هەوادا سووڕاندو خۆپێشاندەران وەک ئەڵقەیەک بەخێرایی لە نێوەڕاستی شەقامی تووڕم (Turm) خڕ بوونەوە. پاشان دەستیان کرد بە ڕێپێوانو بە

دەنگێکی شــۆرشــگێڕانەو ڕێک‌وپێک هاواریان دەکرد. شــۆهرە لە دەروازەی باڵەخانەکەدا ڕاوەستابوو، دەستی بۆلای خۆپێشاندەرەکان ڕادەوەشاندو دەگەڵ حەمید بە شێوەیەکی تێکەڵ بە ڕێز تەماشــای یەکتریان دەکرد. چەندین ســاڵ پێشــتر، ئەوو حەمید گرووپێکی چووکەڵەیان پێک‌هێنابوو تا لە چارەســەری گیروگرفتەکاندا کۆمەگ بە پەنابەرانی تازەهاتوو بکەن‌و ئێستا ئەو گرووپە هاتبوون لە بارودۆخی ناخۆش‌و دژواریدا چاویان پێی‌بکەوێ.

کاتێک نیگای پارێزەرەکان پلەکانەکانی پێشەوەی دیاری کرد، ڕاپۆرت‌نووسەکان تێکەڵ بە خۆپێشاندەران بوون. پێشەنگ‌و ڕێنوێنی وشیارو زانا کە بەوەی زانی خێرا دروشمەکەی خۆی گۆڕی‌و دەســتی ڕاســتی هەڵێناو نیزیک بەنیوەی حەشــیمەت هاواریان کرد: "پیاوکوژەکان لەکوێن؟"

دوایە ئاوڕی دایەوە لای ڕاستو ئەوان خێرا وەڵامیان دایەوە، گوتیان: "لەتاران خۆیان حەشار داوە." ڕاپۆرت‌نووســان خێرا بە قەڵەمەکانی خۆیان بابەتەکانیان لە دەفتەری یادداشــتەکانیان دەنووســین. تیشــکی ســووری کامێرا وێنەگرە گەڕۆکەکان بەدایم بڵێســەی دەدا. لە ژووری باڵەخانەدا، دادگایەکە خەریک بوو دەســتی پێ‌دەکردو لە دەرێ‌و لە شــەقام، حوکمی لیژنەی ئینساف (هیأت منصفه) پێشتر ڕاگەیەندرابوو.

***

## -١٤-

**ئێران میللەتێکە بە مێژوویەکی ٢٥٠٠ ساڵەو نەخۆشییەکی بێچارەسەری چلو پێنجدەقیقەییەوە.**

**هادی خورسەندی، تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی**

ئەگەر شوێنی دادگا نیشاندەری شتێک بوو، دادگایی میکۆنووس خەریک بوو دەبووە یەکێک لە گرنگترین دادگاییەکانی ئەو قاڕڕەیە. چونکە قەرار بوو لە گەورەترین سالۆنی چەشنی خۆی لە ئورووپا، واتە لە سالۆنی دادگای بەرزی بێرلیندا بەڕێوە بچێ. لەژێر میچی زێڕکفتی تاقی چوونەژووردا، سالۆنی دادگا کۆڵەکەی مەڕمەڕی سپیی هەن کە لە تەختی سەنگفەڕشیرا تێ هەڵچوونو پلیکانێکی ڕازاوەیان لە دەورە هالاون. تیشکی هەتاو لە پەنجەرەیەکی هێلکەییشکڵەوە کە کەوتۆتە نێوەڕاستی پلیکانەکان، لە ژووری دەداو ڕەنگە ئەمە

ڕەمزێکی بیناسازی بێ- چاوێک کە کۆنترۆڵی بەسەر هەمووشتێکی قانوونی نەک خودابیدا هەیە.

دیمەنی ژوورەوەی سالۆنی دادگا ڕاست بەشێوەی کلیسا گەورەکان شوێنی لەسەر کەسی تەماشاچی دادەنا- دەبووە مایەی ڕێزو حورمەت. بەڵام لە دادگای مۆبیت (Moabit)، سەرسامیو ڕێز تایبەتی دادپەروەری بوو. میچی ڕازاوەو کەوانەییو پەیکەری شەڕکەرە شمشێربەدەستەکان لە پەنا دیوارەکاندا، قاپی شووشەیی دەرگاکان لەکۆتایی داڵانەکانو ئەو هەموو کۆڵەکەیە کە لە دوولای ژوورەکانی کەوشداکەندن هەبوونو لەو ژوورانەوە حەوشەی باڵەخانەکە بەباشی دیار بوو، بەتێکڕا دیمەنێکی ئەوەندە جوانیان پێکهێنابوو کە شانۆشەوکەتەکەی بینەرانی بەتوندی دەخستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەوەی ئیمپەڕاتۆر ویلهێلمی دووەم لەکۆتایی دەیەی ١٨٠٠دا ناوی "کۆشکی دادپەروەری"ی لەسەر دانابوو باڵەخانەیەک بوو کە دەیتوانی نوێنگەو نیشاندەری دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی بێ. دوای سەدەیەک، ئەو ئێرانییە دوورولاتانە کە چوونە سالۆنی دادگا بەرامبەر بە ڕواڵەتو دیمەنی بەشانۆشکۆی وی - لەبەرامبەر شەوکەتو درەوشاوەیییەکی نەریتیدا کە شارەزای نەبوون یان متمانەیان پێی نەبوو سەرسام ببوون.

بەسەرهاتی ڕۆژانەی نێو باڵەخانەکە دەگەڵ سیمای باڵەخانەکە دەهاتەوە. پێنج میلیۆن دۆسیە لە سالۆنەکاندا دەستاودەستیان دەکرد. سێسەد دادوەر خەریکی کار بوونو سەرپەرستیی سەدان کارمەندیان دەکرد کە لە خزمەتی واندا بوون. بەشی زۆرتری کارەکان هێشتا هەر بەشێوەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئەنجام دەدران. پاکەتگەلێکی گەورە لە نامە پۆستییەکان هەموو ڕۆژێ بەیانی دەچوونە ژووری نامەگۆڕینەوەو لەوێ مونشییەکان هەموویان مۆر دەکردنو ئەوانیان لەنێو ژوورە چکۆڵەکانی باڵەخانەکەدا دابەش دەکرد. نامە گەورەترەکانیان لە قوتووان داویشتنو بەداڵانە کاشیکراوەکاندا دەیانناردنە بەشە پێوەندیدارەکانی باڵەخانە. لەژێر باڵەخانەکەدا عەمبارێک هەبوو کە لەڕاستیدا بازاڕێک بوو لە چەندین جۆر شتی قانوونی کە لەوێ دادەنران. لە مەودای ١٤٠٠ میتری چوارگۆشەیی وێدا چەقۆو تفەنگەکان لە پەنا گیرەی مووی سەرو دەسرۆکەی چڵکنی مێزپاککردنەوە، کۆمەڵە بەڵگەیەک بوون کە لە دادگاییەکانی ساڵانی دوورودرێژی ڕابردوو مابوونەوە: ١٩٠٦ -دادگایی پیاوێکی خەڵکی بێرلین، کە جلوبەرگی پۆلیسی کردبووە بەرو هەموو دانیشتووانی گەڕەکێکی کوشتبوون؛ ١٩٦٧

-دادگایی ئەفسەرانی پۆلیسی شار کە تۆمەتبار کرابوون بەوەی تەقەیان لە بێنۆ ئۆنیسۆرگ (Benno Ohnesorg) کردوە. ناوبراو خوێندکارێکی ئەڵمانی بوو کە وەختی خۆپێشاندان بەدژی حەمەڕەزاشای پەهلەوی، شای ئێران لە پەنایەک ڕاوەستابوو، کوشتبوویان؛ ١٩٧٧ -دادگایی ئەندامانی تاقمێکی تیرۆریستیی سەربە سوپای سوور؛ ١٩٩٢ -دادگایی ڕێبەرانی کۆمۆنیستی ئەڵمانی ڕۆژهەلاتی پێشوو. ئاگاداربوون لەمێژوولکەی دادگای مۆبیت (Moabit) بەمانای ئاگاداربوون لە مێژووی خەباتی میللەتێک لەپێناوی گەیشتن بە شارستانەتیدا بوو.

دەرگای سەرەکیی چوونەژوور بۆ کارمەندان، پارێزەران، ڕاپۆرتنووسان، شایەتەکانو ئەندامانی بنەماڵەی کوژراوەکان تەرخان کرابوو. تەماشاچی‌یەکان ئەگەر ویستبایان بێنە وێ، دەبوو لە دەرگایەکی ئاساییەوە وەژوورکەون کە لەپشتەوەی باڵەخانەکە بوو،و دەگەیشتە ڕیزە پلیکانێکی بەقۆرتوپێچی خاکیڕەنگ کە خەتێکی ئەو پلیکانانە دەچووە ژوورێکی جیاوازی دادگا. کۆنترۆڵو پشکنین لە ژووری باڵەخانەکە شتێکی ناخۆشو تاقەتپڕووکێن بوو، کە بۆ پێشگیری لەو تەماشاچی‌یانەی بانگهێشتن نەکرابوون کەلکی لێوەردەگیرا. ئەفسەرە ئەمنیەتی‌یەکان شتەکانی نێوگیرفانی تەماشاچی‌یانیان وەردەگرتو لە قوتوویەکی قفڵداریان دەخستن. بە وەکازێکی دارین ئەندامانی لەشی هاتووەژوورەکانیان دەپشکنیو دوایە دەستیشیان بەوردی بەسەر ئەو شوێنانەدا دێنایەوە کە زۆربەی جار هاتووەژوورەکان ڕەنگیان دەگۆڕا. پاشان نۆرە دەگەیشتە کەوشو گۆرەوی‌یە کورتەکانیان کە جاری وابوو تەماشاچی‌یەکان قەڵەمێکو کوتەکاغەزێکیان تێدا دەشاردنەوە بەو هیوایە کە قەدەغەی یادداشتهەڵگرتن لە ڕەوتی دادگایی‌یەکان بشکێنن. ئەوکەسانەی دەیانەویست سەرانسەری ڕۆژی دادگایی‌یەکە لەوێ بن، خۆیان لە خواردنەوەی هەرجۆرە شلەمەنی‌یەک دەپاراست، چونکە ئەگەر چووبانە ئاودەستخانە هەموو داستانە تاقەتپڕووکێنەکەی هاتنەژوور دووپاتە دەکرایەوە.

دادگایی میکۆنووس لە سالۆنی ٧٠٠دا بەڕێوە دەچوو کە گەورەترین سالۆن بوو،و بۆ گرنگترین ڕووداوە کەتنی‌یەکان کەلکی لێوەردەگیرا. لەڕۆژدا نوقمی تیشکی ڕەنگاوڕەنگ دەکرا کە لە ڕێگای دیوارە شووشەیی‌یە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە دەهاتنە ژووریو تەنانەت شەوانەو لەکاتی چۆڵبوونیشدا، سالۆنی ٧٠٠ ژوورێکی بێدەنگ نەبوو چونکە دەنگی شەقامە قەرەباڵغەکانی خوارەوەی لە ڕێگای دیوارە شووشەیی‌یەکانەوە لە ژووری دەبیسرا. دوو دەستە

چلچرای زۆرگەورەی لێبوون کە هەرکامیان هەژدە لامپی زێڕینو کەمێک لێڵی بەشێوەی ئەستوونی پێکەوەبەستراویان هەبوو،و سالۆنەکەیان ڕوون دەکردەوە. بەڵام مێزە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژێر خۆیانیان زۆر زیاتر ڕوون دەکردەوە. مێزەکان کە بە تەنیشت یەکەوە دانرابوونو هەرکامیان چەند میکرۆفۆنی لەسەر دانرابوون، بۆ دەستەیەکی شەشکەسی وەرگێڕی عەرەبیو فارسی ئامادە کرابون. لەپشتەوەو لە هەردوولای وان دوو قەوەزی شووشەیی دژی گوللە بۆ تۆمەتبارەکان ساز کرابوون. ئەم قەوەزانە یەکەمین شتی نوێ بوون کە لە چەندین دەیەدا بۆ سالۆنی ٧٠٠ دروست کرابوون.

بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٣ دادوەرەکانی دادگا بە ڕێگای ژووری جلگۆڕیندا هاتنە شانۆی دادگا. هەموو لەبەریان هەستان. گەورەدادوەر کووبش (Kubsch) لە جێگەی نێوەڕاستو یاریدەرو ڕاپۆرتنووسەکەی لەملاو لەولای دانیشتن.

دەسەڵاتی قەزایی ئەڵمان بنیاتێکی ورد بوو کە خۆی لە جوانکاریو خۆنواندن دەپاراستو ئەو کەسانەی نائومێد دەکرد کە بەدوای شانوشکۆدا دەگەڕانو ڕێزیان تەنیا بۆ خۆبەکەمگرتنو زەحمەتکێشانی کەسەکان دادەنا. دادوەرانی دادگا دانراوی سیاسی نەبوونو سەریان بۆ کەسانی دەرەوە دانەدەنواند. هەموویان پسپۆڕانی پیشەیی بوون، پسپۆڕانێک کە هەر لە سەردەمی دەرستەواوکردن لەکولێژی مافەوە، بڕیاریان دابوو پیشەی دادوەری هەڵبژێرنو بەپێی ئەو ئیستانداردانە کە لەلایەن دادوەرە هەڵکەوتووەکانەوە پەسند کرابوون، هەڵبژێرابوونو ئەو دادوەرانە خۆشیان ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنان. لەباری وێچوونەوە، بوونەدادوەر وەک هەڵبژاردنی کارێکی شەریعەتی دەچوو،و بۆ سەختیو قورسییش ئەرکە پێوەندیدارەکان وەک کارکردن لە سوپادا بوون.

لە دادگای دادوەر کووبشدا هیچ لێژنەیەکی ئینساف نەبوو. ئاکامی دادگایی پشتی بە ڕیزبەندییەکی نایەکدەستو تێکەڵپێکەڵ نەدەبەست. جگە لەوە، ئەو نیگەرانییەش نەبوو کە ئەو کەسانەی لەبارەی بابەتی دادگاییەکەوە بڕیار دەدەن، بەوجۆرەی پێویستە توانای تێگەیشتنو هەڵسەنگاندنی ڕاستییەکانیان نەبێ. بۆ گرووپێکی پسپۆڕو کارامە هیچ مەسەلەیەک نەبوو نەتوانن تێیبگەن. بۆیە، نەدەبوو هیچ بەڵگەو شایەتییەک پشتگوێ بخرێ. پێنج دادوەر کە ئەو ڕۆژە هاتنە دادگا داوەرییان لە شەڕی تەنبەتەنی نێوان دووکەسدا نەدەکرد. وەختێک دادئەستێن لێکۆڵەرو دادپرسێکی بێلایەنە، کێشەو بەربەرەکانیی نێوان دوولایەنی ناکۆکیش لەئارادا نییە. ئەم دادوەرانە، ماوەی چەند حەوتوو، داوانامەی جێی باسیان بەوردی دابووە بەر لێکۆڵینەوەو بۆ

هێنانەگۆڕی پرسیارەکانیانو دانی بڕیارەکانی خۆیان هاتبوونە وێو ڕەوتی دادگاکەیان نەک بە تەشریفاتی ڕواڵەتیی دادگاکانی دیکە، بەڵکوو بە قبووڵکردنی ئاڵوگۆڕی باسەکان، ڕێبەریو ڕێنوێنی دەکرد. بڕینی قسەی خەڵکی دیکە، تەنانەت لەلایەن تۆمەتبارەکانیشەوە، کە لە دادگاکانی دیکەدا وەک بێڕێزی بە دادگا چاو لێدەکرا، لە دادگایەکدا کە دادوەر کووبشو گرووپەکەی بەڕێوەیان دەبرد، زۆربەی جارەکان تەحەممول دەکرا.

کاتێک هەموو ئامادەبووان لەجێی خۆیان دانیشتن، گەورەدادوەر بەرنامەیەکی ڕاگەیاند کە لە سەرەتای هەر کۆبوونەوەیەکدا ڕەچاوی دەکا. داهاتەوە سەر میکرۆفۆنەکەیو ڕای گەیاند: "کاری ئەمرۆمان بە لێکۆڵینەوەی داوانامەی ژمارە٢٥tE٢/٩٣ دەست پێدەکەین."

پاشان تەماشای لای ڕاستی خۆی کرد کە بڕوونۆ یۆستو یاریدەرەکەی لەوێ دانیشتبوونو جلوبەرگی ڕەسمیو ئەرغەوانیڕەنگی دادوەرییان دەبەرکردبوو، ڕێزی لە یۆست گرتو گوتی: "دادئەستێن ئامادەیە."

دوایە چاوێکی لە تۆمەتباران کە لە قەوەزی شووشەییدا دانیشتبوون کردو گوتی: "تۆمەتباران ئامادەن."

ئەمجار تەماشای پارێزەرانی تۆمەتبارەکانی کردو گوتی: "پارێزەرانی دادگا ئامادەن."

دواتر سەری بۆلای وەرگێڕەکان کە لەبەردەم شوێنی دادوەرییەکەی دانیشتبوون وەرسووڕاندو گوتی: "وەرگێڕەکانیش ئامادەنو بە سوێندەکانیان پابەند دەبنو بەوردیو زۆر وردو بەدروستی بابەتەکان وەردەگێڕن."

شۆهرە لە تەنیشت ئێریگ دانیشتو ڕووبەڕووی وی دوازدە پارێزەر بە جلوبەگی ڕەسمیی دادپەروەرییەوە دانیشتبوون کە پارێزەری تۆمەتبارەکان بوون. یووسفو دووکەسی دیکە لە هاودەستانی تاوان کە لەوانی دیکە بەکەیفوەدەماغتر بوون، لە قەوەزێکی شووشەییدا پشتبەدیوار دانیشتبوونو شۆهرە دەیدیتن. لەپشت وی، دارابیو ڕایل لە قەوەزێکی شووشەیی دیکەدا دانیشتبوون. لەسەری ساڵۆنەکەو لەپشت میلەیەکی پاراستن، چەند ڕیز نیوتەخت بۆ ڕاپۆرتنووسانوتەماشاچییان دانرابوون. باڵکۆنی چووکەڵەی ژوور سەریان کە ڕۆژگارێک ئیمپەڕاتۆر بۆ دیتنی هێندێک دادگایی لێی دادەنیشت، ئێستا داخرابوو.

یەکەمڕۆژ، بەشی تەماشاچییەکان بەتەواوی پڕ ببوو. حەفتا تەماشاچیی ئێرانی، لایەنگر یان دژبەر کە کوژراوەکانیان دەناسین لە تەنیشت خزمە لوبنانییەکانی تۆمەتباران دانیشتبوون. بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

باوەڕی ئێرانی یەکان، دادگایی ڕووداوێکی خۆشـــیشو ناخۆشـــیش بوو چونکە هەم مایەی ســـەرشـــۆڕیو هەم هۆی خۆشـــحاڵیو ئاســـوودەیی بوو. شـــتێک کە بەڕوونی لەبەر چاوی تەماشـــاچی یەکان دیار بوو، ڕەنجو ئازارێک بوو کە ئەوانی لەوڵاتی خۆیان دەرکردبوو. لە هەمووی ئەو مەســـەلانەدا کە پاش لێکۆڵینەوەکان ڕوون ببوونەوە جۆرێک شـــەرمەزاری هەبوو، بەڵام ئامادەبوونیان لەو کۆبوونەوەیەدا بۆوان خۆشو ئارامبەخش بوو. ئەوان بەو مەبەستە نەهاتبوونە وێ کە ببەنەوە یان بدۆڕێننو چاوەڕێی هیچ ئاکامێکیش نەبوون. بوونیان لەوێ نیشـــانەی لەسەرهەقبوونیان بوو،و هەم ئەوانی دێنایەوە سەرەخۆو هەم ورەیانی دەبردە سەر. هاتبوونە وێندەرێ بەڵام نەیاندەزانی سـبەینەی ئەورۆژە چ‌ئاکامێکی بەدواوە دەبێ. ئەوەی دەیانزانی ئەوندە بوو کە ڕۆژی یەکەم دواڕۆژی دادگا دەبێو شتێکی بۆیان گرنگ بوو ئەوە بوو کە ڕۆژێکی وا هاتۆتە پێش.

پارێزەرەکان ڕەوتی ئەورۆژەی دادگایی یەکەیان بەڕێوە دەبردو ڕیزە پێشـــنیارێکیان هێنایە گۆڕێو داوایان کرد دادگایی یەکە وەدوا بخەنو ئیددیعایان دەکرد کە وەختی پێویســـتیان بۆ لێکۆڵینەوەی تەواوی بابەتی دادگایی‌یەکە نەبووەو داواکاریان تۆمەتبار دەکرد کە هەموو بەڵگەکانی نەداوە بە دادگاو هەروەها ئیددیعایان دەکرد کە دادگایی یەکە لەســـەر بناخەی تۆمەت‌گەلێکی هەڵە ڕێک خراوە کە لە سزاخوازی‌یەکی ڕێ‌ونکەردا هاتووەو لە حاڵێکدا قسەی "زاناترین کەســـی کۆماری ئەڵمان"یان دەگێڕایەوە، وتەکانی بێرند شـــمید باوێریان دەگوتەوە کە گوتبووی: "ئەوکەسانەی لە ڕاستی‌یەکان ئاگادارن، دەگەنە ئاکام‌گیری‌یەکی زۆر جیاواز."

پارێزەرەکان دەیانگوت هەتا کاتێک دادگا قســـەکانی بێرند شـــمید باوێری نەبیســـتبێ، دادگایی یەکە دەســـت پێ‌ناکرێ. دادوەرانی دادگا بە دەرکردنی بانگەوازێکی ڕەســـمی بۆ ســـەرۆکایەتیی ئیدارەی ئیتتیلاعات، داخوازی پارێزەرەکانیان قبووڵ کرد. بەڵام دادگا کاری خۆی لەبەر خاتری تاقەشـــایەتێک ڕاناگرێ. دادپرســـی کاری خۆی دەســـت پێ‌کردەوەو پاشـــان جارێکی دیکە ملی بۆ پێشنیارگەلێک کە هاتنە گۆڕێ ڕاکێشاو قبووڵی کردن. دادوەر کووبش داوای پشـــوویەکی کردو پێنج دادوەر لەجێی خۆیان هەڵســـتانو کورســـی‌یەکانیان لە ئاکامی هەســـتانیاندا ســـووڕان. هەر پێنج‌کەســـیان چوونە تەلاری ســـپارتان تا لەوێ پێکەوە ڕاوێژ بکەن. شـــتێک کە ئەو ڕۆژە ماندوویی‌و وەڕەزیی ئامادەبووانی کەم دەکردەوەو دەبووە هۆی ئەوەی

وردەکاری‌یە قانوونی‌یەکان باش تێ‌نەگەن، دەنگی ناڵەی جاربەجاری یووسف بوو کە لەپەستا لەتاوی ژانی دەدانی لێی بەرز دەبۆوە. سەرەنجام، گەورەدادوەر، کووبش، کۆبوونەوەکەی بەشێوەی کاتی ڕاگرت تا یووسف بتوانێ بچێتە دەرمانگاو بەمجۆرە ڕۆژێکی ماندووکەر کە بەو هەموو وادەو هەڕەشەیە دەستی پێ‌کردبوو، کۆتایی هات.

پچڕانی کاری دادگا ڕۆژی دووەمیش درێژەی هەبوو. هەرکات گەورەدادوەر داوای لە یۆست دەکرد سزاخوازی‌یەکە شی بکاتەوە، پاریزەرانی تۆمەتبارەکان پێشنیارێکی دیکەیان دێنایە گۆڕێ تا دەستپێکردنی کاری دادگا وەدوا بخەن. جارێکیان تەنانەت یۆستیش ئامادە نەبوو بەرنامەکە دەست پێ‌بکا.

لە سووچێکی سالۆنی دادگاوە، دادئەستێن پەرویزی لەنێو ئامادەبواندا دیت کە یەکێک لە شایەتە سەرەکی‌یەکان بوو،و ئەگەر پێشتر شایەتیی نەدابایە لەوانە بوو دادئەستێن وەک یەکێک لە ئامادەبووانی بژمێرێ نەک وەک شایەتێک کە کلیلی چارەسەری مەسەلەکان بوو. یۆست بە دادوەری گوت کە ئەگەر یەکێک لە ئامادەبووان لە سالۆنی دادگا بێ ناتوانێ کارەکەی ئەنجام بداو پێش ئەوەی دادوەر ناوی ئەوکەسەی لێ‌بپرسێ، پەرویز لە سالۆنەکە چووە دەرێ.

هەتا دوانیوەڕۆیە دادوەر کووبش بەجارێک تاقەتی بەسەر چووبوو، بە ڕەفتارێکی هێدی‌و هەرلەوکاتەدا جیددی هەموو پێشنیارو داخوازەکانی ڕەت کردەوە. دەستووری بە یۆست دا دەستبەکار بێ. کاتێک دادئەستێن سەرەنجام سزاخوازی‌یەکەی خوێندەوە، دادگایی بەکردەوە دەستی پێ‌کردبوو.

شایەتی یەکەم هەروەک دواجار بەڵێنی دابوو، ڕاست بۆوەو گوتی: "ئەوەی تائێستا دەرمبڕیوە، درۆ بووە. بەڵام ئەمڕۆ دەمەوێ ڕاستی‌یەکە باس بکەم." یووسف لەجێی تەماشاچی‌یانەوە بە دەنگێکی بەرز ڕووی کردە دادوەر کووبش‌وگوتی: "ڕاستی یەکەم بۆ ئێوە هەڵگرتوە جەنابی دادوەر."

ناوبراو ئاماژەی بۆ قەوەزی شووشەیی دژی گوللە کرد کە ڕایل‌و دارابیی تێدا بوون‌و هاواری کرد. وەرگێڕەکانیش بەدەنگی بەرز ڕەگەڵی کەوتن. پاشان گوتی: "ئەمانە پیاوکوژەکان نین. پیاوکوژە ڕاستەقینەکان کۆمەڵێک کوردی عێراقین کە هێشتا ئازادن‌و خەریکی عەیش‌و نۆشن."

کاتێک دادوەر لێی‌پرسی بۆچی پێشان درۆی کردوە، یووسف لێکۆڵەرەکانی بە خەتابار دانا:

"ئەوان هەوڵیان دەدا من فریو بدەن. بە لەبەرچاوگرتنی شێوەیەک کە لە سەرەتادا ڕەفتاریان دەگەڵ من دەکرد، لەوانەیە جەنابت پێت وابێ کە ئەمن باڵیۆز بووم. پووڵوپارەیان دەدامێو لە هوتێلێکیان داناموو بەڵێنی دابینکردنی هەموو پێویستی‌یەکیان پێدام." ئەمجار بە شۆرو هەژانەوە ڕووی کردە دۆستە دێرینەکانیو درێژەی بەقسەکانی دا گوتی: "بریا ناوی ئەو پیاوە باشانەم بردبایە کە لەوێن."

دوانیوەڕۆی ئەوڕۆژە، شایەتی ناوبراو داستانێکی گێڕایەوە کە پتر لەوەی تەڕدەستانە بێ پێکەنیناوی بوو، بۆخۆی قارەمانی ئەو داستانەو قوربانیی لێکۆڵەرانی فێڵباز بوو،و تائەوکاتەی تووڕەی کردن، ئازایانە بەربەرەکانیی کردو کاتێک ئومێدی هەرجۆرە چاوپۆشی‌یەکی وانی لەدەست دا، دەمامکی ڕووخۆشیی لەسەر ڕوخساری وان لادراو لێکرا دەستیان کرد بە جنێوپێدانی. هەرجۆرە تەنەخیو هەڵخلیسکانێک کە مابوو، هەمووی هاویشتە ئەستۆی وەرگێرەکان، ئەو وەرگێڕانەی نە عەرەبی‌یان باش دەزانیو نە لە زاراوەو شێوەی قسەکردنی وی حاڵی دەبوون یان لەجێدا جاسووس بوون.

یەکێک لە دادوەرەکان لێی‌پرسی: "دەڵێی جاسووسەکان بەڕێز ئەمین؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە گوتی: "بەڵێ! سەدی دووسەد جاسووس لێرەن بە بەڵگەی ناسنامەو هەموو شتێکەوە. بەچاوی خۆم دیتم، پلەکانیانم دیتن."

ڕۆژی دووەمی شایەتی‌دانیان، یووسف داستانی ناوبراوی پتر هەڵکێشاو چۆوە شوێنی شایەتەکانو پارێزەرەکەی جگە لە بێ‌توانایی بە جاسووسی بۆ چەند دەزگای جاسووسیی ڕۆژئاوا تۆمەتبار کرد. ئەگەرچی ناتەبایی نێو ئیددیعاکانی وی بۆ یۆست بە تەواوی ئاشکراو ڕوون بوو، هیچ نیشانەیەکی ئەوەی لەخۆی نیشان نەدا. هەتا ئەوکاتەی پارێزەرەکەی لە سالۆنی دادگا مابوو، خۆی لە قسەکردن پاراست.

گەورە ڕاوێژکاری یووسف خێرا دەستی لەکار کێشایەوە. بەڵام بە پێچەوانەی چەند کەسی دیکە لە پارێزەران کە هەڵدەبژێرێنو بەخێرایی وەلا دەنرێن، ئەو بەسادەیی لە ئەنجامی ئەرکەکەی نەکشایەوەو زانیاری‌یەکانی خۆی لەبارەی یووسفەوەو گرفتاریی توندی خۆی لەبەر دەمی کۆمەڵێک لە ڕاپۆرتنووسەکان بەکورتی دەربڕیوگوتی:

**"لە دەربڕینی بابەتگەلێک کە دەمەوێ لەبارەی متمانەنەکردنی یووسف بەخۆمەوە بەیانیان بکەم دەترسێم. بەوحاڵە ناچارم بیانڵێم. ناتوانم ڕێگا بە تاوانباران بدەم کە بەگێڕانەوەم لە گوتنی ڕاستی‌یەکان سووکم بکەن. زەرەرو زیانی ئەو ڕاستی‌یانە هەرچی دەبێ بڵا ببێ. ئێستا ئیدی نوێنەرایەتیی یووسفم لە ئەستۆ نیە، دەتوانم هەڵسەنگاندنی وردی خۆم دەربارەی خۆیو ئەو گرفتاری‌یەی بەرۆکی وی گرتوە، دەرببڕم. بەڕێز ئەمین دیلی دەستی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێرانە، ڕێژیمێک کە تەنانەت لە زیندانو لە ساڵۆنی دادگاش، کۆنترۆڵی توندی خۆی بەسەر ویدا بەکار دەبا. ئەمن باش دەزانم بەم شێوە قسەکردنەم متمانەی وەکیلگرەکەم لەدەست دەدەم. بەڵام ئەرکی گرنگتری من ڕاستوێژی‌یە.**

**بەڕێزەوە لووتبێر بوونیگارت (Lutber Bunigart)**

ڕاوێژکارێکی تازەیان بۆ یووسف دیاری کرد بەڵام ڕەفتارو کرداری یووسف نەگۆڕا. پارێزەرەکانی لەسەر نیوتەختێک دانەنیشتبوون بەڵکوو لە قەوەزی دژی گوللەداو ڕووبەڕووی وی بوون. تۆمەتێک کە ئەو بەتوندی ڕەتی دەکردەوە کوشتنی چوار کەسەکە نەبوو، بەڵکوو هاوکاری دەگەڵ بەرپرسانی لێکۆڵینەوەکە بوو.

پێنج ڕۆژ دوای شایەتیدانەکەو کاتێک دەرکەوت کە ئەو ناتوانێ دانپێدانانەکانی پێشووی خۆی لەنێو بەرێ، بە حاڵەتێکی خەماوی‌یەوە گەڕایەوە جێیەکەی خۆی.

دارابی‌و ڕایل لەسەر سەکۆی تەنیشت وی دانیشتن، بەڵام خۆیان لە وەڵامدانەوەی هەرجۆرە پرسیارێک بواردو لەماوەی چەند دەقیقەدا کردیاننە دەرەوە.

شۆهرە بەسرتە بە ئێریگی گوت: "دەیانەوێ بەمکارە خۆیان ڕزگار بکەن." ئەویش بە سەرلەقاندن قسەکەی وی پشتڕاست کردەوە. هەرچەندی تۆمەتبارەکان کەمتریان قسە دەکرد، شۆهرە پتر دەترسا. هەستی دەکرد لە هەمووﻻیەکەوە گەمارۆ دراوە. لە هەردووﻻی چەپو ڕاستی چەند پارێزەرێک هەبوون کە بەزەحمەت دەی‌ناسین. لەپشتەوەی‌و لەپێشەوەی چەند پیاوێک لە قەوەزی شووشەییدا دانیشتبوونو شۆهرە هەم لێیان دەترساو هەم ڕقی لێیان بوو. بێدەنگیی وانی بە نیشانەی بەهێزبوونی وان دەزانی‌و زۆر زیاتر دڵنیا بوو کە بەزوویی ڕووداوێک کۆتایی بە دادگایی‌یەکە دێنێ، ئەویش لەوانەیە ساتوسەودایەک بێو لەوانەشە تەقینەوەیەک بێ.

بەشێلگیری وردەکاری‌یەکانی ڕەوتی دادگای یادداشت دەکردن، هەروا بزانە یادداشتەکانی تەنیا

شتن کە لەبارەی دادگاییەکەوە دەمێننەوە. سەرانسەری ڕۆژێ دەستەکانی لەکاردا بوونو لەپەستا بە لاپەڕەکانی دەفتەری یادداشتەکانیدا دەچۆوەو بەدەگمەن جێیەکی بۆ نیشانەی سەرسوڕمان یان نیشانەی پرسیارێکی ڕستەو دەستەواژەکانی بە بەتاڵی دەهێشتەوە- ئەو نیشانکردانە کە نیشاندەری قووڵبوونەوەو بیرکردنەوەی وی بوون. لە ساتەکانی بێدەنگی لەکاتی دادگادا ئەو دەرفەتەی وەدەست هێنا تا یەکدوو پرسیاری سەرسوڕهێن بنووسێو نیشانەی پرسیاریان لەپێش دابنێ-نیشانەگەلێک کە پێشاندەری بێباوەڕیی وی بەو شتانە بوون. سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانەی لەپێشدا بوون باوەڕی هەر وابوو، بەوردی نوختەی بۆ ڕستەکانی خۆی دادەنا، کاتی شایەتییەکانی بەوردی یادداشت دەکردو لەسەر شانی وەرگێڕەکانڕا چاوی لە نووسینەکانیان دەکرد تا ڕێنووسی ئەو ناوە نەناسراوانە کە ئەوان دەیاننووسین بەوردی یادداشت بکا. بە پێچەوانەی دادوەرەکان، ئەو ئەم نووسراوانەی بۆ ئەنجامی مەبەستگەلێک لە دوارۆژدا یادداشت نەدەکردنو ئەوەی دەیەویست هەر ئەوە بوو کە سەر لە وردەکارییەکانی ڕووداوی کوژرانی مێردەکەی دەربکاو دەیەویست مێژووی ژیانی وی بەدڵ بسپێرێ، مێژوویەک کە لەودا منداڵەکەی ئەوی هێنایە سەر دنیا.

ڕۆژێک کە شۆهرە سەرگەرمی نووسین بوو، گوێی لە دەنگی گەورەدادوەر بوو کە بانگی وی کرد. سەری هەڵێناو سەری سوڕما. ئێریگ داهاتەوە سەریو گوتی: "نۆرەی ئێوەیە."

نۆرەی شایەتیدانی هاتبوو، هەرچەند لەمێژ بوو تێگەیشتبوو کە کارێکی وا دێتە پێش، بەوحاڵە سەری سوڕماو بەدەنگێکی نزم گوتی: "ئەمن؟ بەڵام.. ئەمن بڵێم چی؟ ئامادە نیم."

دادوەرەکە بە بۆڵەبۆڵەوە بەسپایی باسکیی گرتو ڕایکێشایە لای خۆیو گوتی: "تەنیا وەڵامی پرسیاران بدەوە. ئەوەی دەبێ بیکەی هەر ئەوەیە."

لە شوێنی شایەتەکان شۆهرە بەتەواوی هەوڵی دا شایەتێکی باش بێو هەروەک پارێزەرەکانی دادگا پێیان گوتبوو، ڕاستییەکانی گێڕایەوە. جارجارە چاوی لێکدەنان تا مێشکی خۆی لەسەر وردەکاریی ئەو بیرەوەرییانە ساغ بکاتەوە کە داوایان لێکردبوو بیانگێڕێتەوە. تەنانەت کاتێک پرسیاری وایان لێدەکرد کە هەستی هاودەردیی لەنێو تەماشاچییەکاندا دەبزاوت، نەدەگریا.

"ئەو شەوە مێردەکەت پێش ئەوەی بڕوا چیی گوت؟"

کەمێک ڕاوەستا تابتوانێ پێشی فرمێسکەکانی بگرێو پاشان بە فەسیحی وەڵامی دایەوە گوتی:

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

"جەناب، ئەو گوتی قاپەکان نەشۆم چونکە دەیەویست ئەگەر هاتەوە بیانشوا."

"هەر ئەوەندە؟"

"دوایە ماچی کردمو گوتی بەئاواتی دیدار خانمە چکۆڵە؛"

هەتا ئەوکاتە کارەکانیی بەباشی ئەنجام دابوون، بەڵام کاتێک لەسەر کورسی‌یەکەی سووڕا چاوی بە دارابی کەوتو لەسەر لێوەکانی نیشانەیەکی گاڵتەپێکردنی بەدی کرد، ئەم پێکەنینە تێکەڵبەگاڵتەیە دەسبەجێ حاڵی وی تێکدا. گوێی گیرانو بەجۆرێک تووڕە بوو کە ژوورەکە لەبەر چاوانی تاریک بوو، هیچ‌کەسی نەدەدی جگە لەوکابرا لووتقولاپی‌یە سەرڕووتاوە چاوقووڵە ڕیش‌کۆرپەیە کە سەرکەوتووانە پێ‌دەکەنی.

ڕووبەڕووی دارابی ڕاوەستاو هەروا بزانە لە هەموو ژیانیاندا قسەیان پێکەوە کردوە، ڕووی تێ‌کردو گوتی: "ئاغای دارابی، بەچۆکتدا دێنم. ڕەنگە پێت وابێ موسوڵمانی، بەڵام ئەتۆ جگە لە بێ‌ڕێزی بە مەزهەبمان، چیی دیکەت نەکردوە. پێت نیشان دەدەم کە لە تۆ موسوڵمانترمو تا ئەوڕۆژەی ماوم بەدژی تۆو ئاغاکانت شەڕ دەکەم.

دادوەر کووبش قسەکانی پێ‌بڕینو گوتی: "ئێوە ناتوانن لەم دادگایەدا بەم شێوەیە بدوێن خانمی دێهکوردی! تائێستا هیچ‌کەس وەک تاوانبار یان بێ‌گوناح نەناسراوە. دەکرێ بێنە خوار!"

شۆهرە پتر لە هەموو شتێک، بە شێوەی توندی دەنگدانەکەی دادوەر ڕاچڵەکی. ئەوە چ‌مرۆڤێکی شنێل‌پۆش بوو کە بایەخێکی بە بارودۆخی پڕخەموخەفەتی وی نەداو بەو شێوە توندە فەرمانی پێ‌دا؟ لێوی تێک‌قرماندن تاڵەو ڕێگەیەوە خەموخەفەتی خۆی نیشان بدا. پارێزەرەکەی پێی‌گوتبوو کە متمانەی بەو دادوەرە هەبێ. کووبش پیاوێکی جێی ڕێز بوو کە لەو ساڵانەی دواییدا سەرۆکایەتیی بەشێک لە دژوارترین دادگایی‌یەکانی پێوەندیدار بە تاوانی سیاسی‌یەوەی وەئەستۆ گرتبوو،و کاتێک سەرانو ڕێبەرانی پێشووی ئەڵمانی ڕۆژهەڵات بە تۆمەتی خەیانەت لەبەردەمی ئامادە بوون، دادوەر کووبش پاش چەند حەوتوو لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لە مەسەلەکان ڕای‌گەیاند کە ئەو دادگایە لەجێدا پێچەوانەی قانوونە. ئەم بڕیارە بووە هۆی بزواندنی شۆرو هەژانو وەڕێکەوتنی باس‌ومناقەشەیەکی زۆر لەڕادەی نیشتمانیدا. ئەو دۆسیەیەیان ناردە دادگای قانوونی بنەڕەتی‌و لەوێ ڕایانگرت بۆئەوەی ڕێزیان بۆ نەزەری پێشوو دانابێ. سەرکەوتنێکی وا

گەورە، بوو بەهۆی هەڵبەزینەوەی زۆربەی خەڵکی وشیارو زاناو گەڕانەوەی وی بۆسەر مێزی دادوەری لە ڕۆژی دواتردا، ڕێزێکی زیاتری بەو وەرچەرخانە گرنگە بەخشی.

ئەوکەسانەی دیکە کە لەوێ مابوون چوونە شوێنی قسەکردنو هەروا هەستیان بە سەرلێشێواوی دەکرد. بەباوەڕی مەهدی ئەو هەستە وەختێک بزووت کە یاریدەری کووبش پرسیاری کردو گوتی: "لێرە، لەم یادداشتەی قسەکانی تۆ بۆ کاربەدەستانی پۆلیسدا، دەربارەی شەوی ١٧ی سێپتامبر، ئێوە گوتووتانە پیاوکوژەکان ئەندامانی پاسدارانی شۆرشی ئیسلامیی ئێران بوون. داخۆ هیچ بەڵگەو نیشانەیەکت هەیە کە دادگا نەیدیبێ؟"

"دەڵێم ئەم شتە لەسەر بناخەی چەندساڵ لێکۆڵینەوە دانراوەو هیچ گومانم نیە کە ڕێژیم لەپشت ئەو کارەوە بووە. پاسداران یان وەزارەتی ئیتتیلاعات، یان هەردووکیان ئەو کەتنەیان کردوە."

دادوەر کووبش هاتە نێو قسەکانیو گوتی: "ڕێگا بدە، وەبیرت بێنمەوە کە ئێرە دادگای قانوونە. لێکدانەوەکانی تۆ بۆئێمە جێی سەرنج نین. تکایە پێمان بڵێ چ ڕاستیو شایەتگەلێکت بۆ ئیسباتی ئیددیعاکانت هەن؟"

سروشتی خۆبەکەمگرتن نەیهێشت مەهدی بڵێ ئەمن ئەندازیارێکی بەتواناو بەتەربیەتو قارەمانێکی خۆشەویستم. بۆیە بەسادەیی گوتی: "دەزانی چیە، ئەمن هیچ دوژمنێکی دیکەم نیە. هیچ کەسی دیکە نیە بیەوێ من بکوژێ."

"داخۆ هیچ دەلیلو بەڵگەیەکت هەیە دەری بخا کە ڕێژیمی ئێران خەریکی کوشتنی تۆیە؟ ئەگەر نیتە تکایە دەست لە گومانبردن هەڵگرە."

بۆئەوەی داوا لە مەهدی بکەن بەڵگە لەسەر ئەو هەڕەشەیە نیشان بدا کە ئەوی ناچار کردوە نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێو ئێستاش ئەو مەترسییەی لەسەرە، داوایان لێکرد باسی ئەو شوێنەیان بۆ بکا کە ئێستا لێیدەژی. ئەو لەو پرسیارە بەتەواوی نارەحەت بوو، بەڵام دەنگی نەکردو هیچی نەگوت. ئەمە شێوەی ئەو گیروگرفتانە بوو کە هەموو دوورولاتەکان لە شوێنی شایەتەکان دەگەڵیان بەرەوڕوو دەبوون کە چۆن لەبارەی بارودۆخی دژواری خۆیانەوە بابەتێکی وا بێننە بەرباس کە بەردەنگەکان لێیان حاڵی بن. ئەوە ڕەنجو ئازارێکی سێزدە ساڵەیە کە ئەوانەی دەگەڵ ژیانی ناخۆشو پڕێشو ئازاریان ئاشنا نین ناتوانن تێیبگەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کاتێک نۆرەی پەرویز هات، ئەویش هەر بەوڕادەیە ناڕەحەت بوو. چونکە وابزانە هەر هەڵەکانی وین لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ:

"چەند مانگ لەمەوبەر چوویە ئیدارەی ناوەندیی پۆلیسی دژەتاوان لە میکین هایم و لەوێ یووسف ڕێبەری تەقەکەرانی ئەوشەوەی ڕێستوورانت ناسیەوە. چۆن دەتوانی بەدڵنیایی بڵێی کە بەڕێز ئەمین ئەو کەسە بووە کە تەقەی لە گرووپەکەی ئێوە کردوە؟"

ئەویش بە لێبڕاوی‌یەوە وەڵامی دایەوەو گوتی: "هەرکارێک یووسف ئەمین ئەنجامی دابێ و هەرکارەیەک بووبێ، لە ژووری یان لە دەرێ، دەستوورەکانی کۆماری ئیسلامیی بەجێ دەگەیاندن."

"ئێوە ئەم بابەتەش بە دڵنیایی‌یەوە دەردەبڕن. داخۆ دەتوانن بە دادگا بڵێن بۆچی ئەوەندە دڵنیان؟"

"ئێمە لەنێو ئێرانی‌یانی ئەندامی ئۆپۆزیسیۆندا بەجۆرێک و بۆماوەیەکی ئەوەندە درێژ لەلایەن ڕێژیمەوە کەوتووینە ژێر پاڵەپەستۆ و ئەزیەت و ئازار کە بارودۆخەکە جۆرێک دەبینین کە ناتوانین بە زمان دەری‌بڕین."

دادوەر، کە دیار بوو قانیع نەبووە، چەند ساتێک بەبێدەنگی دەپەرویزەوە ڕاما.

پەرویز دووبارە هەوڵی داو گوتی: "چونکە زۆر لە ئێرانی‌یانی پەرشوبڵاو لەجیهاندا کوژراون و هەرکات ڕووداوێکی لەمچەشنە بەتەواوی بکەوێتە بەر تۆژینەوە، دەردەکەوێ تاران دەستی تێی‌دا هەبووە. زۆرسادە! تاوانی ساڵی ١٩٨٩ی ڤیەن لەبەرچاو بگرن..."

دادوەر دەستی هەڵێناو لە نێوەڕاستی قسەکانیدا پێشی پێ‌گرت تا پرسیارێکی تەواو جیاوازی لێ‌بکا: "بەباوەڕی ئێوە، پیاوکوژەکان چۆن لەکۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممە ئاگادار بوون؟"

"پێم وایە جاسووسێکیان هەبووە."

"یانی دەزانی کە وابووە یان هەروای بۆدەچی؟"

"هەروای بۆ دەچم. هیچ بەڵگەو نیشانەیەکم نیە."

"پێشتر ئەتۆ گوتت پیاوکوژەکان سەعات ٩/٥ لەنیزیک ڕێستوورانەکە بوون. ئەمەی لەکوێ دەزانی؟"

"لە ڕاپۆرتەکانی دەزگای پۆلیس کە لە بەڵگەکاندا هەبوون."

"داخۆ هەموو دۆزراوەکانی پۆلیست خوێندۆتەوە؟"

"ئەوەی بەچاپ گەیشـــتوە، بەڵێ. ئەوی دیکە نا. هەرچەند خوا دەزانێ لەبەر هەوڵنەدان نەبووە."

لەنەکاو یووسف لەجێی خۆی هەستاو هاواری کرد: "ئەوەی دەمەوێ بیزانم ئەوەیە کە وێنەی من چۆن گەیشتۆتە دەستی ئێوە. ئەمە بابەتێکە کە دەمەوێ بیزانم. دەزگای پۆلیس وێنەی من بڵاو دەکاتەوە. دڵنیام،"

پەرویز لە ڕاوەســـتانی کورتی کاری دادگا خۆشـــحاڵ بوو، قۆڵەکانی هەڵماڵینو دەمیچی سالۆنەکەوە ڕاماو گوتی: "ئێوە دەبێ لەخوا بپرسن کە ئەمکارە چۆن ڕووی داوە."

ڕۆژێکی درێژو تاقەتپڕووکێنی شایەتیدان خەریک بوو تەواو دەبوو،و دادوەری دادگا هێشتا پرسیاری زۆری مابوون کە لە شایەتەکانیان بپرسێو بە پەرویزی گوت سبەینێ وەرەوە بۆ دادگا.

پەرویز گوتی: "بەداخەوە، ناتوانم."و بەوقسەیەی دادوەرەکانی سەرسوڕماو کرد.

دادوەر کووبش نێوچاوانی تێکناو لەوی پرســـی: "بۆچی؟" پەرویزیش ڕوونی کردەوە گوتی: "چونکە کچەکەم پێویستیی پێم هەیە، بەڕێز گیان."

بەیانیی ڕۆژی پێشـــتر، پەرویز گوێی لە تەپەتەپێکی توند لە ژووری خەوی ســـالوومە بوو. دووبارە لەهۆشخۆی چووبوو. لێدانی دڵی هاتبووە خوار. ئەویان بەپەلە ناردە دەرمانگاو ســـەرەنجام پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ دەستووری دا دەزگایەکی ڕێکخستنی لێدانی دڵی پێوە بلکێنن.

پەرویز درێژەی بەقســەکانی داو گوتی: "لەوانەیە ســبەینێ دڵی عەمەلیات بکەنو ئەمن دەبێ لە پەنای بم."

گەورەدادوەر بێنیشـــاندانی هەســـتێک، بە پێداگرتنەوە پرســـی: "داخۆ کەســـی دیکەت نیە لەجیاتی تۆ دەگەڵی بچێ؟"

پەرویز کە ناچار بوو لەنێو کۆمەڵێکدا باســـی شـــتێکی تایبەتیی خۆی بکا هەســـتی بە ناڕەحەتی دەکردو گوتی: "بەڵێ، دیارە هەمە. دەدوازدە کەســـم هەن کە دەتوانن لەکنی بن. بەڵام ئەمن بابی ویم، دەمەوێ لەلای بم."

بێدەنگی ژوورەکەی داگرت. دادوەر کووبش، دوای ڕاوەســـتانێکی کورت گوتی: "کەوایە، تکایە، پاشئەوەی زانیت عەمەلیاتەکە ســـبەینێ دەکرێ یان نا، تەلەفونم بۆ بکە. ئەگەر نەبێ، دەمەوێ سبەینێ ئەتۆ لێرە بی."

ئەوشـــــەوە پەرویز تەلەفونی بۆ دادوەر كرد. عەمەلیاتەكە وەدوا خرابوو. ئەو دەیتوانی بۆ شـــایەتیدان ڕۆژێكی دیكەش ئامادە بێ. لەبەر نەبوونی میكرۆفۆنەكانو پاراســـتنی ئەدەبو نەزاكەت لە ســـالۆنی دادگادا، دەنگی دادوەر كووبش لە تەلەفونەكەدا زۆر نەرم بوو: "ئاكامی دیدارەكەتان دەگەڵ پزیشك چۆن بوو؟ كچەكەتان باشتر بووە؟"

بۆ چەند ساتێك، كاری دادگایی پاڵەپەستۆی نەخستە سەر هیچ كام لەودووكەسە كە وەك دوو باوك پێكەوە دەدوان. دادوەر كووبش لە دانبەخۆداگرتنی پەرویز حاڵی نەدەبوو، ســالانێكی زۆر بوو خانمی كووبش زۆرجار تكای لە مێردەكەی كردبوو بۆئەوەی پشـــوویەكی چەندڕۆژە دەگەڵ بنەماڵەكەی بگوزەرێنێ، نەچێتە سەركار، بەڵام كووبش لە وەڵامدا پێی گوتبوو پاش خانەنشـینبوون وەختێكی زۆری بۆ ئەوكارانە دەبێ. كارو پیشـەكەی لەلایەن بنەماڵەكەیەوە وەك شتێكی پیرۆز سەیر دەكرا. هەركات كچەكەیو كوڕەكەی ئەویان لەپشت مێزی ژووری موتالاكەی دەدی، بە خۆشحاڵییەوە لێیان دەڕوانی. تەنیا ئەوكاتەی لە خوێندنی زمانی لاتینیو یۆنانیدا گیروگرفتێكیان دەبوو، باوكیان كۆمەگی دەكردنو بۆ هەموو مەسەلەو گیروگرفتەكانی دیكە، ئەوانی دەنارده لای خێزانی كە وەختی خۆی بۆ "۳k" :Kuche,Kirche,Kinder- (مندالان، كلیسـاو ئاشـپەزخانە) تەرخان كردبوو. كووبشـیش ئەركی خۆی بەجێدەگەیاند، ئەركێك كە ئۆگریی پێی هەبوو. ئەوە شــتێك بوو كە پێش ئەوەی پەرویز قســەكانی ڕەت بكاتەوە چاوەڕوانیی لە هەمووان هەبوو كاری خۆیان بەوشێوەیە ئەنجام بدەن.

قســەو وتووێژەكان چونكە گەرمو بیرمەندانە بوون، پەرویزیان وا لێكرد كە دادوەری خۆش بوێو ئیدی ناڕەحەتیو نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بەكووبش، لەلای هیچكەس، تەنانەت لەدڵی خۆشـیدا دەرنەدەبڕی. ئەو هێشـتا لە هەوڵو خەباتدا بوو،و نەیدەتوانی كۆسـپەكانی نێوان خۆیان لەنێو بەرێ.

لە دواحەوتووەكانی سـاڵی ۱۹۹۳دا، دۆسـتانی نووری كە زۆرجار چووبوونە ئەوڕێسـتوورانە، هاتنە شوێنی شایەتەكان.

كتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دادوەر كووبش لە شایەتەكانی پرسی: "دەتانەوێ سوێندی مەزهەبی بخۆن یان غەیری مەزهەبی؟" ئەوشایەتانە عادەتەن سوێندی غەیری مەزهەبی‌یان دەخواردو پارێزەرەكانیش هەموو سوێندیان بە خوا خواردبوو.

"سوێند دەخۆم ڕاستی بڵێمو بەس."

هاتبوونو چاوەڕوان بوون نەزەری لەباری دادگا بۆلای خۆیان ڕابكێشنو دڵنیا بوون كە شایەتیدانەكەیان زەبرێك لە تۆمەتبارەكان دەدا. بەڵام سەرنجیان دا كە بەوردی تێیانەوە ڕاماونو ئیدی دادوەرەكان پرسیاریان لێ‌نەدەكردن كە پێیان وایە چ كەسانێك لەپشت ئەو پیاوكوژی‌یانەوەن. بۆیە شایەتەكان بە هێنانەگۆڕی مەسەلەیەك دادگایان سەرسوڕماو كرد، مەسەلەیەك كە هیوادار بوون دەگەڵ كوژراوەكان بەخاك بسپێردرێ. ناوی دووكەس لەوانەی ئاوارە دووروڵاتەكان لێیان بێزار بوون لە میكرۆفۆنی دادوەرەوە بڵاو بۆوە: "داخۆ ئەم ناوانەتان بیستوە: نەجاتی‌وسەدیقی؟

تاساڵی ١٩٩١- دوازدەساڵ دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی ئایەتوڵڵا خومەینی- ئێرانی‌یانی ئەندامی ئۆپۆزیسیۆن، بەپێچەوانەی ئەو ناكۆكی‌یەی لەنێو خۆیاندا بوویان، بەدژی ڕێژیم یەكدەنگو هاوئاواز قسەیان دەكرد. بەڵام ئەوساڵە پەیدابوونی لەنەكاوی دوو پیاو، ئەو خەڵكەی لێك بڵاو كرد. ڕاست ئەوكاتەی وەزیری دەرەوەی ئەڵمان لە سەفەری خۆی بۆ تاران گەڕابۆوەو سوێندی خواردبوو پێوەندی‌یەكانی ئورووپاو ئێران باشتر بكا، نەجاتی‌و سەدیقی بە كەلكوەرگرتن لە دوو ناوی خوازراوی "جەزبە"و "تەقوا"، بەناوی نوێنەرانی سەركۆماری ئێران دانرابوون، هەتا پێوەندی‌یەكانی نێوان ئێرانی‌یانی دووروڵاتو وڵاتەكەیان باشتر بكەن. لە ناوەندی لیكۆڵینەوەی ستراتیژیی كۆشكی سەركۆماری‌یەوە، ئەو دوو گەورە مەئموورە پێیان سپێردرابوو پەیامی ئاشتیی سەرۆككۆمار، ڕەفسەنجانی، بە پەرشو بڵاوانی دەرەوە ڕابگەیەنن.

بێرلین یەكەمین شار بوو كە لێی مانەوە. پێوەندی‌یان دەگەڵ چەندكەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن گرتو بۆ وتووێژ بانگهێشتنیان كردن. ئەوە كە بابەتی وتووێژ چ‌دەبێ یان بە چ‌شێوەیەك بەڕێوە دەچێ، ڕوون نەبوو. بەوحاڵە، پێشنیارەكە زۆربەی دوورخراوەكانی هەژاندبوو. نووری ئەوەی بە كرانەوەیەكی مێژوویی ناو بردبوو كە هەمووان چاوەڕێ‌یان دەكردو هەموو شەوانی چوارشەممە دۆستەكانیی لە میكۆنووس خڕ دەكردەوە بۆئەوەی لەسەر مەرجەكانی وتووێژ بڕیار بدەن. چەندكەس لەوان بە تەلەفون دەگەڵ نوێنەرەكان دوابوونو باوەڕیان وابوو كە

دیتنیان مەترسـیـــی یەکی بە دواوە نابێ، بەڵام ژمارەیەکی دیکە لەو باوەڕەدا بوون کە دیدارەکە دەبێ بە ئاشکرا بێ.

ژمارەیەکی کەم لە ئاوارەکانیش پێیان وابوو ئەمە دوا نەخشـــەی ڕێژیم بۆ دزەکردن بۆنێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنو لەبەریەک هەڵوەشاندنی وان لەنێو خۆیاندایە. ئەوە کە داخۆ ئەمە ئامانجو مەبەســـتی نوێنەرەکان بوو یان نا، ئامادەبوونیان لە کۆبوونەوەدا بەکردەوە ئەوەی دەرخســـتو دووبەرەکی‌یەکی توندی خستە نێو ئۆپۆزیسیۆنەوە. چونکە هەردوو کەسەکە پاش سێپتامبری ١٩٩٢ ون ببوونو دەنگۆیەک داکەوتبوو کە ئەم دووکەســـە یەکەمین گەڵاڵەڕێژانی پیلانی ئەو کەتنە بوون. ژمارەیەکی زۆرکەم لەوان گەشبینیی خۆیان بەرامبەر ئەو دووکەســـە لەبیر بوو،و ژمارەیەکی کەمتریش پێیان لێ‌دەنا کە چاویان پێیان‌کەوتوە.

پێداچوونەوەی ڕووداوە پێوەندیدارەکان دەری‌دەخا کە چەندکەس لە دوورخراوەکان کە بۆ شایەتیدان چووبوونە شوێنی شایەتەکان قسەی ناڕوونو ناڕێکو بێسەروبەریان کردوون.

یەکەمین شایەتی دوورخراوە گوتی: "بەڵێ، جەناب، ئەمن بۆخۆم لێم بیستن. خەڵکێکی زۆر دەناسم کە تەلەفونیان بۆکراوەو چەندکەسێکیش ئەوانیان دیوە."

"تەلەفونیان بۆ کێ کردوە؟"

"کەســێک دەناســـم کە تەلەفونیان بۆ کردوە، چونکە بۆخۆی پێی‌گوتم کە تەلەفونیان بۆ کردوە."

"داخۆ ئەو پیاوە کەسێکی سیاسەتمەدارو ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنو دژبەری ڕێژیمە؟"

"ئەوووو چالاکێکە."

لە وشەی "سیاسەتمەدار" ڕاچڵەکین. ئەوان بەوجۆرە کە دادوەرەکان سیاسەتمەدارانیان دەناسی، سیاسەتمەدار نەبوون. ئەوان هاونیشتمانانی ناڕازی بوونو هیچ‌کەس ئەوانی بەکرێ نەگرتبوو،و لە وەدەستهێنانی ناوبانگو سەرکەوتنیش نەدەگەڕانو تەنیا ئاواتەخواز بوون خۆیان لەدەست زۆرداران ڕزگار بکەن. بەو جۆرەی ئەوان تێی‌گەیشـــتبوون، ســـیاســـەت شـــتێک نەبوو جگە لە ســـزادانی خەتاکاران.

" بابەتی جێی باسی ئەم کۆبوونەوەو تەلەفون‌کردنانە چ‌بوو؟"

دووەمین شـــایەتی دوورخراوە گوتی: "ئەوان دەیانگوت دەیانەوێ لەبارەی ڕێگاچارەســەرێکەوە وتوویژ بکەن کە بتوانن دەرسخوێندووەکان بەرنەوە ئێران."

"بابەتی قســەکانی تۆ دەگەڵ یەکێک لە دۆســتە تایبەتی‌یەکانت چبوو کە گوتت بۆخۆی پێی گوتووی کە پێوەندیی دەگەڵ گرتوون؟"

"باشــە، پێم وایە نەجاتی دەیەویســت وا نیشــان بدا کە نیازێکی باشــی هەیە. ئەو ئاگای لە هەموو وردەکاری‌یەکانی پێوەندیدار بە ڕابردووی مەمانانەوە هەبوو. ئەو دەی‌زانی کە ئەم‌پیاوە دەگەڵ ژنەکەی چەندین ســاڵ پێشــتر بەپێیانو بەبێ کچە کەم‌تەمەنەکەیان لە ئێران ڕایان‌کردوە. ئەو دەی‌زانی کە منداڵەکەیان هێشتا لە ئێرانو لەلای نەنکو باپیرەتی‌و پێشنیاری کرد کە بێتە لای خۆیان."

"داخۆ منداڵەکە هاتە لای ئەوان؟"

شایەت کە وا دیار بوو خەجاڵەت بۆتەوە، سەری داخست.

"ئێستا کچەکە لەکوێیە؟"

"نەجاتی بەرنامەی داڕشتو لەماوەی چەند ڕۆژدا کچەکە بەفڕۆکە هاتە بێڕلین."

"باوکەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی زەحمەتی ئەوکەسەی کۆمەگی کردبوو چ کارێکی کرد؟"

"جەناب، ئەوەندەی ئەمن ئاگادارم، هیچ."

"هیچ؟ مەبەســتت ئەوەیە بڵێی بەرزترین کاربەدەســتانی ڕێژیم کە بە بێ‌بەزەیی‌یان ناو دەبەی بەسادەیی‌و بەخشندەیی ڕەفتاریان کردوە؟"

کەسی ژمارە١: "پێم‌وایە... نازانم... ناتوانم بڵێم، جەناب."

شـایەتی دواتر چووە شـوێنی شـایەتەکانو لێیان پرسـی: "ئەتۆ بەتەنیایی ئەوانت دیت یان ئەوە دیدارێکی ئاشکراو دەگەڵ کەسانێکی دیکە بوو؟"

دوورخراوەی سێیەم گوتی: "ئمم... بەتەنیا ئەوانم دیت، لە هوتێلێک."

"داخوازیان لەتۆ چبوو؟"

"داوایان لێ‌کردم بچمەوە ئێرانو دوای تەواوبوونی شەڕ لە نوێ‌کردنەوەی ئێراندا یاریدەیان بدەم."

"ئەتۆ پسپۆڕیت چیە؟"

"داخۆ بارودۆخی لەشســـاغیی گاوگۆلو مەڕوبزنەکانت ئەوەندە خەراپ بووکە ناچار بی دەگەڵ دوژمنی قەستەسەرت دیدار بکەی؟"

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

"ئمم... پێم وابوو... باشە، بەلێکدانەوەی خۆم."

"تکایە واز لە بەراورد بێنە! ڕاستی‌یەکەی بڵێ."

یووسف کە بەشێوەیەکی دوور لە دیسیپلین دەچووە نێو قسەکانی ئەم شایەتەوە، ناچاری کرد ئیدی قسە نەکا.

"ئای! ئەمە چیە؟ هەموو دەڵێن ناتوانین. بۆچی هەموو ئەم پرسیارو وەلامانە نەپچڕێنینو نەچینەوە لوبنان؟"

دوورخراوەکان ئارامو سەنگین دەهاتنە بەرچاو. چاکەتو پانتۆڵیان دەبەردابوونو ملپێچی ئاوریشمیان لەمل بەستبوو، سەرگۆنایان دەگەڵ خەتی ڕیشی زیوینیان دەدرەوشایەوە. بەڵام دادگایی‌یەکە پەرێشانیی دەروونیی وانی دەردەخستو ئەوانی دەگەڵ ڕیزەخەتایەک بەرەوڕوو دەکرد کە هەوڵیان دابوو لە دادگایان بشارنەوە. ئەوان دەبوو قبووڵیان کردبایە کە ئێستا ڕێژیمێک تۆمەتبار دەکەن کە بۆخۆیان کۆمەگیان بە هاتنەسەرکاری کردبوو. جاروبار لێکۆڵینەوەی مووقەڵێشانەیان ئەوەندە بۆ دژوارو بەژان بوو کە دەتگوت ئەوان بە تۆمەتی کارگەلێک دادگایی دەکەن کە سێزدە ساڵ لە ڕێگای شۆرشدا ئەنجامیان دابوون. تەنیا لە شوێنی شایەتیدانو لە پێوەندی دەگەڵ دیداری دووکەسەکەدا نەیانتوانی دادوەرەکان قانیع بکەن کە ئەوان مرۆڤی خۆڕاگرو بەشەرەفن. داخۆ بەرەبەرە گەمژەیی خۆیان لە پێوەندی دەگەڵ دیتنی واندا بۆ دەرکەوت؟ تێگەیشتن کە ئیدی ناتوانن چاوەڕوانی‌یان لە دادوەرەکان هەبێ ئەقڵو شوعووریان پشتراست بکەنەوە، یان داوایان لێبکەن پەی بەئەقڵو شوعووریان بەرنو هیوادار بن بتوانن ئەو بابەتانەیان پێبسەلمێنن کە بۆخۆیان دەیانزانین. جارێکیش ڕوخساری دەسەڵاتدارانی ئێرانیان لە شوێنێکی تاریکو ناڕوون نیشان دابوون کە لەوێ دەسەڵاتیان هەبوو،و دوورەدیمەنی شکستی بێئەملاو ئەولای ئەوانیشیان نیشان دا.

هەتا پێش کۆتایی ساڵ، شۆرو شەوقی ڕۆژانی کار دامرکابوو. زەحمەتو ژانەسەری ڕووداوەکانی چەندین ڕۆژە ببووە هۆی ماندوویی‌و داهێزانو چۆڵبوونی نیوتەختو کورسی‌یەکانی ژووری چاوەڕوانی. لەنێو ساڵۆنی دادگا هەرکەسە لە شوێنی خۆی دادەنیشت. لە هەموو ئەو پارێزەرانەی نوێنەرایەتیی قوربانی‌یەکانیان لەئەستۆ بوو، ئێریگ تەنیا کەس بوو کە هەموو ڕۆژێ لە دادگا ئامادە بوو. ڕایلو دارابی لە دووقەوزی جیادا، وەک هەموو خەڵکی ژووری

سالۆنی دادگا خوویان بە بێدەنگیی خۆیان گرتبوو. چەندین سەعات بە کاری بێماناو ڕەشکەو پێشکەی سەرکاغەز، یان دڕاندنی نامەو وێنەگەلێک کە بۆخۆیان دەیانکێشانەوەو دوایە لەکونو کەلەبەری کورسییەکانیان دەئاخنین، پێشی وێژینگدانی خۆیان دەگرت.

بڕوونۆ یۆست، بەهەرحاڵ گوێی بۆ دەگرتن. ئەوە کە چۆنیەتیی لێپرسینەوەکانی یان شایەتیدانەکە بەقازانجی وی چەندە باشو کاریگەر بوو بۆ وی گرنگ نەبوو، چونکە دەیزانی ئەگەر باسەکانی نێو دادگا دەگەڵ شکست بەرەوڕوو بن، دادپرسییەکەش تووشی شکست دەبێ. ڕووداوەکانی بەوردی کۆنترۆڵ دەکرد. بە تەواوی ئاگای لە بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە١٨٧ قەرارداد هەبوو کە لەسەر قەوەزەکانی ژوور سەری دانرابوون. هەتا پێش ساڵی ١٩٩٤ هەموو وردەکارییەکانی دەزانیو هەموو ناوە فارسیو عەرەبییەکانی بەوردیو بە زاراوەی خۆیان بەیان دەکردن.

کاتێک دادگا دەستی پێکرد، بە هەموو توانای خۆیەوە بەوردی گوێی دەدایە تەواوی ئەو قسانەی دەکران. بڕوونۆ یۆست کە دادئەستێنی فیدراڵو لێکۆڵەرێکی بێلایەن بوو، هەموو کارەکانی خۆی ئەنجام دابوون. داوانامەکەی لەوێ بوو. پاشماوەی کارەکان لە ئەستۆی دادوەرێک بوون کە دەبوو بیانکا. لە سالۆنی دادگادا، ئەمە کاری دادوەرەکانی دادگا بوو کە پرسیار بکەنو ڕادەی دروستیو مەنتیقیبوونی قسەکانی پشتڕاست بکەنەوە. ئەو دەیتوانی جارجار لەجێی خۆی هەستێو پرسیارێک لە شایەتێک بکا یان مەبەستێک دەربڕێ. بەڵام ڕیزە گیروگرفتێک لەسەر ڕێی دادوەرەکان هەبوون کە دەبوو بۆخۆیان چارەسەریان بکەن. یۆست کە پیاوێکی ڕێنیشاندەر بوو، ڕاستییەکانی دابوو بە گەورەدادوەر.

لێوەشاوەیی دادوەر کووبش بێئەملاو ئەولا بوو، هەرلەوکاتەدا خۆبەکەمگرو بەئەدەب بوو. ناسکیو وردەکارییەکانی، ئەویان وەک باوکێکی دلۆڤانو مەشرەفخۆش نیشان دەداو هەمووکەس خوازیاری نەزەری مووافیقی وی بوون. شایەتەکان تەنانەت ئەوکاتەش کە لە وردبینییەکانی قەڵس دەبوون، هیچکات گومانیان لە ڕاستوێژیی ویدا نەبوو. کاتێک هاوسەرەکەی لە ڕەنجو ئازاری وی ترسابوو، پێشنیاری پێکرد، ئادرەسەکەیان لە دەفتەری تەلەفون لابەرن. ئەو کە ئاگای لە ئیعتیبارو کەسایەتیی خۆیان هەبوو، پێشنیارەکەی قبووڵ نەکردو گوتی:

"ئەگەر تیرۆریستەکان بەڕاستی بەدوای مندا بگەڕێن، بۆ دیتنەوەم پێویستی‌یان بە دەفتەری تەلەفون نابێ. بەڵام بە لابردنی ناوەکانمان لەو دەفتەرە دۆستانێک لەدەست دەدەین کە خوازیاری دۆزینەوەمانن."

ئەو پیاوە ئارامو دووربینە کە هەمیشە لەماڵێو لەپشت مێزەکەی دەفکرەوە دەچوو یان سەیری گوڵدانەکانی دەکردو تەنیا ئەوکاتەی شتێکیان لێ‌دەپرسی وەڵامی دەدایەوە، لە دەفتەری دادوەری‌یەکەیدا بەتەواوی دەهاتەوە سەرەخۆ. کوڕەکەی خۆی کە خوێندکاری بەشی قانوونو هەر لەو دادگایەشدا نووسەر (منشی) بوو، زۆرجار لەکاتی نیورۆژخواردندا دەچووە بەشی تەماشاچی‌یەکان هەتا وەکەیفهاتنی باوکە گۆشەنشینەکەی ببینێ. سەبرو سیکەدانەی بێ‌ئەندازەی کووبش تەماشاچیو ڕاپۆرتنووسە شلوشەوێقو بێ‌موبالاتەکانی لەو دوور دەخستەوە. هیچ‌وەخت بە دەنگی بەرز قسەی نەدەکردو مەبەستەکانی خۆی بەکورتی بەیان دەکردن. حاڵەتو قەڵافەتو چاوەکانی کە بە چاویلکەوە گەورەتر دیار بوون، زۆر پتر لە فەرمانەکانی، دەستووریان بە شایەتەکانی دادگا دەدا. ڕۆژێکیان لەکاتێکدا یەکێک لە شایەتەکان زۆربڵێیی دەکردو قسەی بێ‌سەروبەری دەکردن، ئەو ڕاوەستا هەتا شایەتەکە کەمێک بێدەنگ بوو تا بێتەوە سەرەخۆ، پاشان دەستی وی هێنایە خوارو بەتوندی مستێکی لە دەستی دا، ڕاست وەک ڕێبەرێک کە سەمفۆنی‌یەک ڕێبەری دەکاو شایەتەکە شڵپ لەسەر کورسی‌یەکەی دانیشتەوە. تەنانەت ڕایلو دارابییش بێ‌ئەوەی قسەیەکیان کردبێ بەڕێزەوە سەیریان کردو بێ هیچ‌چەشنە جووڵە یان ڕەفتارێکی ناشایست لەجێی خۆیان بێدەنگ بوون.

یووسف کە ڕێگای ڕزگاریی خۆی تەنیا لە وەڕێ‌خستنی بێ‌سەرەوبەرەییدا دەدی،و هەرلەوکاتەدا هیچ‌کەس بەقەد وی کارامەییو لێوەشاوەیی دادوەر کووبشی بۆ دەرنەکەوتبوو، بە کەلک‌وەرگرتن لە تەڕدەستیی فیزیکیو توانای دەربڕینی خۆی، زۆرجار ڕەوتی دادگای ڕادەگرت بەو هیوایە کە هاوپەیمانانی پێشووی لێی خۆش بن. جاری وابوو سەری وەسەر نیوتەختەکەی دەکردو وای نیشان دەدا کە دەیەوێ بخەوێ. جاری واش بوو بە جلوبەرگی ژێرەوە دەهاتە ساڵۆنی دادگا بۆئەوەی بی‌گێڕنەوەو بچێ جلکەکانی دەبەر بکا. واش هەبوو دەستی دەکرد بەگۆرانی‌گوتن یان بەدەنگی بەرز دەردی‌دڵ‌کردن لە وەزعی خواردنەکانی زیندان یان دژی هات‌وهاوارێک کە وەختی نووستنی لە زینداندا وەڕێ دەکەوت. هێندێک جار خۆی شێت دەکردو باسی ئەو خێوو دێوانەی دەکرد کە گۆیا بەدەوری لۆستەرەکانی ساڵۆنی دادگادا دەسووڕان یان

دەگەڵ دەنکە کرێژەکانی سەری کە کەوتبوونە سەر کراواتەکەی بەسرتە قسەیان دەکرد. خەڵکی ژووری ساڵۆنەکە بەتوندی بە قسەکانی یووسف پێ‌دەکەنین، بەڵام گەورەدادوەر هەموو جارێ بە سەرداخستن یان دەستڕاوەشاندن ئارامی دەکردەوە.

دیارە تەنانەت لەژێر فەرمانڕەوایی شارستانی‌یانەی دادوەر کووبشیشدا ئارامڕاگرتنی دوژمنانی لەمێژینە کارێکی دژوار بوو. جاروبار دارابی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەردەچوو. بەیانی‌یەکیان، لەکاتێکدا دادوەرەکان لە تەلاری تایبەت بەخۆیان بوون، ئەو یەکێک لە دوژمنانی لەمێژینەی خۆی بەدی کرد کە لەنێو ئامادەبووەکانەوە تێیەوە ڕاماوە. کابرا کەسێک بوو کە دارابی ساڵەکانی پێشتر، لە چەند کۆبوونەوەی گەورەدا دەگەڵی بەرەوڕوو ببوو. لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستپێکردنی دادگاوە قەڵافەتی ئەو تەماشاچی‌یە ئەوی ڕاچڵەکاندبوو. وەختێک ژمارەی ئامادەبووان کەم دەبۆوە، دارابی چاوەڕێ بوو لەدەستی ڕزگار بێ. بەڵام تەنانەت کاتێکیش کە باسی دوورودرێژی قانوونی بووە هۆی ئەوە خەڵکەکە بچنە دەرێ‌و سەهۆڵ شووشەی پیس‌و چڵکنی دەرگاو پەنجەرەکانی داپۆشی، ئەو تەماشاچی‌یە هەروا لەوێ مایەوە. ئەوو دووکەس لە دۆستانی کە لەسەرمان هاتنە ژووری ساڵۆن، پاڵیان بە شۆفاژەکەوە داو دەدارابی‌یەوە ڕامان، کە لەنێو قەوەزێکی شووشەییدا زیندانی بوو. زیندانی‌بوون‌و کەوتنەبەردادگایی شتێکی زۆر بەژان بوو. ئەشکەنجەو مەحکوومبوونی زۆر توندتر دەکرد.

دارابی لەجێگاکەی خۆی‌ڕا بەئەسپایی گوتی: "حەمیدی نەوزەری، ئەتۆ کابرایەکی مردووی."

کابرای تەماشاچی‌و ڕێکخەری ئامادەبووان کە پیاوێکی دلۆڤان‌و ڕووخۆش بوو لە وەڵامدا پێی‌گوت: "بێدەنگ بە!"

حەمید پاش ڕێبەریی خۆپێشاندان لە دەرەوەی ساڵۆنی دادگاو لە ڕۆژی دەستپێکردنی دادگاییدا، چاوەڕوانی ئەوە بوو کە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەست پێ‌بکاتەوە. بەڵام شادی‌و خۆشحاڵی لەوە کە دارابیی بەدیلی دەدی، ئەوی ڕاکێشابووە ژووری دادگا. ئەم خۆشی‌یە زوو تەواو بوو، بەوحاڵە، هەموو ڕۆژێ دەچۆوە وێ. لەبارەی ساڵۆنی ٧٠٠ەوە هێندێ مەسەلە هەبوون کە نەدەکرا خۆیان لێ دوور بگرێ، هەرچەند نەی‌دەزانی چ مەسەلەگەلێکن. لەسەرەتادا هێندێ ڕوونکردنەوەی زۆر سەرنجڕاکێشی بیستن. دادگایی‌یەکە شتێکی مێژوویی بوو، ئەو بەو مەبەستە

دەچووە وێ تا بە ئامادەبوونی خۆی پشـــتی دادگاکە بگرێ. یان ئەوە دادگا بوو کە ئەوی هان دەدا ئەو کارە دروسـتە ئەنجام بدا. دەهاتە وێندەرێ هەتا لە ڕوانگەکانو داوەریی خۆی هەسـت بە شـــــادمانی بکا. حەمیدو تاقمی بچووکی دۆســــتەکانی لەو باوەڕەدا بوون کە بەڵێنەکانی ڕەفسەنجانی بۆ چاکسازی شتێک نین جگە لەفێڵو تەڵەکەو بۆیە دوورخراوەکانی دیکە ئەوانیان بەناوی کەسـانێکی خەیاڵپەرست کە نەیاندەتوانی دەرفەتە سیاسـییەکان تێبگەن لەنێو خۆیان دەرکردبوو. ئەوانیان بە دایناســـۆرگەلێک دانابوو کە بەخێرایی بەرەو لەنێوچوون دەچن. پاش ماوەیەک پیاوکوژیوکەتنەکان دەستیان پێکرد. خەباتگێڕانی ڕێگای چاکسازیو ئاشتی لەنێو چوونو "دایناسۆرەکان" ئەوەندە دوور بوون کە دەستی تاوان نەیانگەیشتیو لەئاکامدا زیندوو مان.

بەڵام ساڵی٣٦[1] و دەساڵ دوای دوورخرانەوە، کوشتنی ئەوانە وەک چەند ساڵ پێشتر خۆشو ئارامبەخش نەبوو.

ماوەیەک لەوباوەڕەدا بوو کە لەبەر پێوەندیی دۆســـتانە دەچێتە وێو دەگەڵ شـــۆهرە ڕێکخراوێکی پەنابەرانی دروســـت کردبوو کە لەماوەی چەندین ســـاڵدا ببووە ماڵی خۆیانو پێی وابوو بەبوونی لەوێ، شـۆهرە تاکوتەنیا نامێنێتەوە. بەوحاڵە ئەو خۆی باش دەناسـیو دەیزانی کە وەفاداریی‌یەکەی بەو کارە ئەوپەڕەکەی تامانگی نۆڤەمبر درێژەی دەبێو ئەگەر شـانسـێکی زیاتری هەبێ دەگاتە ڕۆژەکانی سەرەتای دیسامبر. کاتێک ساڵی ١٩٩٤ دەستی پێکردو ئەو هێشـتا دەچۆوە پشـت نیوتەختەکەی، تێگەیشـت کە هیچ دەلیلێک بۆئەوە نیە لەخۆی بپرسـێ بۆچی هێشتا لەوێیە. دەسـتی لەکاری ڕۆژێ کێشایەوەو کارێکی شەوانەی پەیدا کرد بۆئەوەی تاقەڕۆژێکیش لە چوون بۆ دادگا دوا نەکەوێ. چوون بۆ دادگا کارێک بوو کە حەتمەن دەبوو بیکاو دەلیلەکەشی ڕۆژێک بۆوی ڕوون دەبۆوە.

بەمجۆرە ژیانی چلووکێشـانەی حەمیدی نەوزەری دەسـتی پێکرد کە لە دەرەوەی وڵات نەبێ هەرگیز نەدەچووە کلیسـا. هەمیشـە دووربینێکی وێنەگرتنیشی بەشانەوە هەڵاوەسرابوو. پیاوێکی بەتوانا بوو. وەرێخسـتنی نارەزایەتییەکان، ڕێبەریی خۆپێشـاندانەکان، لاقبەزەویدادان بەئاهەنگی دروشـمەکانی خۆپێشـاندەران هەموویان دەگەڵ زەوقو ئۆگریی وی دەهاتنەوە. بەڵام بەسـوودبوونی

---

[1] - چ مەبەست ساڵی١٣٣٦ی هەتاوی بێو چساڵی ١٩٣٦ی زایینی مانایەک نادا، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) هاتۆتە سەرکار. بەوپێیە دەبێ هەڵەی چاپی بێتو بۆ وێنە ساڵی ٨٦ مەبەست بێ.-وەرگێڕ-

مانەوە لە ساڵۆنی دادگادا شتێک بوو کە دەبووایە فێری بێ. چەندساڵی دەویست تا تێبگا دادگاییو دادپەروەریی ڕاستەقینە ئەو شتە بوو کە لە هەموو ڕێپێوانەکانی ژیانیدا داوای کردبوو. دادگایی‌یەک هەرگیز لە سەعاتێکی پتر نەدەخایاندو ئەمە بابەتێک بوو کە زۆر لە زیندانی‌یانی سیاسی لە ئێران بۆیان باس کردبوو. دادوەری دادگاش بەباوەڕی فەللاحیانی وەزیر ئاخوندێکی مێزەربەسەر بوو،و بەبۆچوونی وی ئەو تاوانانەی بۆخۆیان دەیانکەن لە دژکردەوەیەک زیاتر نین. لە ساڵۆنی ٧٠٠دا تەماشای دادوەر کووبشو گرووپەکەی وی دەکردو چاوی لە برۆونۆ یۆست دەکردو گوێی بۆ هەموو قسەکانی ئێریگ ڕادەگرتو لە هەموو ئەوماوەیەدا بیری دەکردەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمەیە سیمای دادگایەکو قەڵافەتی دادوەرێکو دەنگی کەسێکی ڕاستی‌بیست."

لەڕەوتی دادگایی‌یەکەدا، ئەو بە شێوەیەکی کاتی خۆی کردبووە دادوەرێک کە لەوێ هەموو ڕووداوەکان بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵ. لەوساڵۆنەدا هیچ کەس وەک وی دارابیو ئێرانی نەدەناسین. بڵاوکراوەیەکی سەربەدوورخراوەکان ڕێگای پێدابوو نوێنەرایەتی‌یان بکاو دادگاش کارتێکی چوونەژووری دایە کە بەکەلکوەرگرتن لەو دووکەس لە هاوڕێکانی بردنە ژووری ڕاپۆرتنووسان کە پێشتر یەکێک لە هاوڕێکانی لەوێ بوو. ئەوو نەفەری سێیەم گوێیان لە قسەی خەڵکی دیکە دەگرت. هێندێجار ئەو تاقمە سێکەسی‌یە کارتێکی تایبەتیی ڕۆژنامەنووسی‌یان دەنووسی. دوای وشەکانی "بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پێوەندی بگرن" هەمیشە ناوی حەمیدیان لە خوارەوەی کارتەکە دەنووسی. ئەوشەوە چەند لاپەڕەیەکیان کە بەشێوەی تێکەڵپێکەڵ نووسیبوویانن هێنانەوە ماڵێو تایپیان کردن. دوایە پوختەیەک لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەیان نووسیو شتە گرنگەکانی جێی باس بۆ سبەینێیان بە نووسین پێشنیار کردو پێش ئەوەی بچنە شوێنی کاریان، ڕاپۆرتی خۆیان لەنێو ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوەکاندا دابەش کرد. هیچ‌کامێکیان لەکاری زۆر دژواری خۆیان سکاڵایەکیان دەرنەدەبڕی. ڕێوڕەسمی خواپەرستی بۆوان کارێکی ئاشقانە بوو،و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن ئەوانی دێنایەوە سەرەخۆ.

کاتێک دادوەرەکان گەڕانەوە سەر نیوتەختەکانی خۆیان، دارابی دەحەمیدەوە ڕاماو جارێکی دیکە هاواری کردو گوتی: "هاوسەرەکەت جندەیە."

ئەم جنێوە حەمیدی کە پیاوێکی ڕەبەن بوو، سەرسوڕماو کرد. بەڵام دارابی کە لەبن لێوانەوە قسەی دەکرد، دووبارە هاواری کردو گوتی: "دایک‌حیز! دایکیشت جندەیە."

بەبیستنی ئەم قسانە، حەمید خۆی کێشایە دوایە. لە سەرانسەری تەمەنی هەتیوکەوتنیدا کە لە تەمەنی پێنج‌ساڵیدا بەهۆی ئەوەی دایک‌و بابی بەماوەی چەند مانگ بە نەخۆشیی شێرپەنجە مردن، ڕووی دابوو، هەرگیز بارودۆخێکی وای بۆ نەهاتبووە پێش‌و بە هەرچەشـــنە بەدگۆیی‌و ســووکایەتی‌یەکی لەو بابەتە بەتوندی ناڕەحەت دەبوو. ئیدی هیچی نەگوت‌و تەنیا دەســتەکانی بەشـێوەیەک بەرز کردەوە وەک ئەوەی پاڵی پێوە بنێ. دارابی بەگاڵتەپێکردن‌و ســووکایەتی‌یەوە تەماشــای وی دەکرد. شـانەکانیی با دەدان‌و پشـتەدەسـتی لەنێوچاوانی خۆی دەداو قەڵافەتی نێربازانەی لە خۆی نیشان دەدا. دوایە دووبارە هاواری بەرز کردەوەو گوتی: "هۆی، بێدەنگ بە!"

شـــۆهرە وەک ژنێکی تاک‌وتەنیا لە دادگا، زۆرجار دەکەوتە ئەو فکرەوە کە ئەگەر بەبێ ئامادەیی کەسێک لە هاونیشـتمانەکانی لەوێ بمێنێتەوە، کێ دەتوانێ بارودۆخی وی تێبگا - بەو ئەڵمانی‌یە کەم‌توانایە کە تازە فێری بووەو بەو فارســـی‌یە ســـەرەتایی‌یەوە؟ ئەگەر جگە لە ئەڵمانی‌یەکان کەســـی دیکەی لێ‌نەبێ، کێ کۆمەگی دەکا، بەتایبەتی کە ئێســـتا بارودۆخی سالوومە وای کردوە پەرویزیش لەلای نەبێ؟

بەڵام بارودۆخێکی وا هەرگیز نەهاتە پێش، چونکە حەمید هەمیشـــە لەوێ بوو. ڕۆژەکانی ســـەرەتای دادگا، حەمید بەدزی‌یەوە چووبووە ئەوێ‌و بە پەیکەری باریکەڵەو ســـەروســـیمای زەیتوونیی خۆیەوە، لەنێو کۆمەڵێکی زۆری ئامادەبوواندا کە کەم‌وزۆر وەک خۆی دەچوون هێندە دیار نەبوو. پاشـــان بەیانی‌یەک، پارێزەرانی تۆمەتبارەکان بەناســـاندنی دوو شـــایەتی تازە کە دەیانەویست وەسبەینێ‌ڕا بێنە کۆبوونەوە، دادگایان تووشی سـەرسوڕمان کرد. ئەم‌کارە ئێریگی ناڕەحەت کردو لەئاکامدا داوای کرد شایەتیدانەکانی دیکە وەدوا بخرێن تا ئەو بتوانێ لەوشایەتانە بکۆڵێتەوە. داخوازەکەی قبووڵ نەکرا. ئەوشەوە، کابرای تەماشاچی وەک لێکۆڵەرێکی خۆبەخش قبووڵ کرا. ناوی تەماشـــاچی‌یەکان کەمیان بۆ وی ئاشـــنا بوون. ئەوشـــەوەی بە خوێندنەوەی گۆڤارەکانی ڕابردوو بەســـەر بردو تەلەفونی بۆ دوورخراوانی دانیشـــتووی بێرلین کرد بەڵکوو زانیاریی پێوەندیدار بەوانی بدەنێ. بەیانیی ئەوڕۆژە یاریدەرەکانی ئێریگ بەدەســـتی بەتاڵ گەڕابوونەوە. بەڵام حەمید دۆسیەیەکی دایە شۆهرە کە ڕابردووی شایەتە تازەکانی بەدرێژی تێدا

نووسرابوو. ئەو دۆسیەیە ئێریگی زۆر خۆشحاڵ کردو بە ڕوانینێکی پڕلە خۆشحاڵی ئەوی بەرەو نیوتەختەکان ڕادەوەشاند.

لەوڕۆژە بەدواوە، ئامادەبوونی حەمید، وەک کەسانی دیکەی نێو سالۆنەکە بوو بە شتێکی سروشتیو تەنانەت گرنگیش. وەرگێڕەکان بەخێراتنیان دەکردو نیگابانەکانی سالۆنی دادگا ئەویان وەک سەرۆکی ئامادەبووان چاو لێدەکرد. ئەگەر هەراوهۆریایەک دروست بایە، ئەوان لەجێی خۆیان نەدەبزووتنو بۆحەمیدیان بەجێ دەهێشت کە بە کەلکوەرگرتن لە نفووزی خۆی وەزعەکە ئارام بکاتەوە.

ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆیە سەرەنجام ئێریگ بێدەنگیی نێوان خۆیو حەمیدی شکاند. لە ژووری نانخواردنی خۆڕایی هەڵکەوتوو لە ژێرەوەی باڵەخانە، کە وەکیلەکان، شایەتەکانو ڕاپۆرتنووسەکان نانیان لێ دەخوارد، ئێریگ حەمیدی لەپشت مێزێک ڕەچاو کرد کە هەمیشە لەوێ دادەنیشت. سەردانکەری بەویقاری سالۆنی دادگا، لە ژووری نانخواردن زۆر خۆشحاڵ بوو. کاتێک ئەو وەژوور کەوت، خزمەتچی‌یەکان کە هەمیشە بە هاتنی خۆشحاڵ دەبوون، ڕێنوێنی‌یان کرد بۆلای "سووچی میکۆنووس". کارکەرانی ژووری نانخواردن کە بە شێوەی نهێنی سوێندی وەفاداری بەویان خواردبوو، شایەتەکانی پێوەندیدار بە تاوانبارەکانیان هەروا لە چاوەڕوانیی میوانداریدا ڕاگرتو لەئاکامدا ئەوانیان نارەحەت کرد. هەموویان بە شێوەیەکی لێکنزیک، لەدەوری وی خڕبوونەوە هەتا لەبارەی دوابەرنامەی دادگاوە پرسیاری لێبکەن، بەرنامەیەک کە هەمیشە لە وەختی خواردنی دێسێر (پاشخۆراک)دا بەشۆروشەوقەوە باسی دەکرد، پاشخۆراکەکەی هەمیشە قاپێکی پڕلە ژێلە بوو.

ئێریگ سینیی خواردنەکەی هەڵگرتو ڕۆیی بۆلای مێزی میکۆنووسو لێی‌پرسی کە ڕێگا دەدا لەلای دانیشێ. حەمید سەری لەسەر ڕۆژنامەیەک کە دەی‌خویندەوە، بەرز کردەوە، چاویلکەکەی خستە سەر نێوچاوانی، پێکەنینێکی سەرنجڕاکێشی کردو گوتی: "بەوپەڕی پێخۆشبوونەوە!"

زۆرلەمێژ بوو حەزی دەکرد چاوی بە ئێریگ بکەوێ، بەڵام لەوە دەترسا کە لەوانەیە پێی‌وابێ کە ئەو، یەکی دیکە لە پڕوپاگەندەچی‌یە دژی مەزهەبی‌یەکانی ئێرانە.

ئێریگ دەسبەجێ پەی بەو مەسەلەیە بردو گوتی: "ئەتۆ کێی؟"

حەمید پوختەیەکی لە ژیانی خۆی بۆ باس کرد. بۆ ئێریگ کە لەکۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠داو زەمانێک کە زانکۆکانی ئەڵمان بەهۆی چالاکیی خوێندکارانی ئێرانییەوە زۆر پڕ جموجۆڵ بوون، خوێندکار ببوو، قسەکانی حەمیدی ئاشنا دەهاتنە بەرچاو.

ئێریگ لە ئاشـــنا تازەکەی پرســـی: "پێم بڵێ هەتا کەنگێ درێژە بەمکارەت دەدەی؟ هەتا کەنگێ دێیە ئێرە؟"

"بۆماوەیەکی درێژ نا، چونکە ئەمکارە زۆر ناخایەنێ."

ئێریگ کە سەری لە وەڵامەکەی سوڕمابوو پرسی: "بۆچی؟"

حەمید بە دڵنیایی وەڵامی دایەوە کە: "ئێران کەسێک بەکرێ دەگرێ کە بەڕادەی پێویست دەستی بڕوا، ئیدی تەواو."

ئێریگ بەرامبەر بە بەدگومانی تەحەمولێکی زۆری نەبوو،و قبووڵی کرد کە ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندان پیاوی خۆفرۆشـــن -لەنەکاو شـــێوەی قســـەکردنەکەی ڕاشـــکاوانەتر بوو- بەڵام هەموو خەڵکی ئەڵمان ئەهلی خۆفرۆشتن نینو بێگومان خۆشی لەوجۆرە کەسانە نیە.

حەمید تاوێک ڕاوەســـتاو بەســـپایی دەســـتی لە پشـــتەدەســـتی پارێزەر داو گوتی: "ئەتۆ!" خۆشیرنکردن لەلای خەڵک بۆئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێ، هونەرێک بوو کە دەگەڵی لەدایک ببوو یان چەندین ساڵ پێشتر، لە ئاکامی خۆشەویستینواندنی گەورەکاندا فێری ببوو؟ بناخەی ئەو تایبەتمەندییە هەرچی بووبێ، حەمید بە ڕووخۆشـــــیو خوێنگەرمی هەموو لایەکی قانیع دەکرد.

بەگوتنی ئەمڕستەیە: "ئەوە تۆ نی، بەڕێز ئێریگ. ئەتۆ پیاوێکی نەجیبو سەنگینی"، ئەوی وەک پارێزەرێک بە تەواوی ئارام کردەوە. بەڵام حەمید دڵنیا بوو کە هێندێ هاندەری گرنگتری سیاسی، بۆ وێنە قازانجی بازرگانی، هەن کە دادگاییەکە تەواو دەکەن. ئێران پێشنیارێکی وای دەکرد کە ئەڵمان نەتوانێ ڕەتی بکاتەوە، شـــتێک کە بۆ وەدەســـتهێنانی، قوربانیکردنی دادپەروەری قیمەتێکی زۆر نابێ.

"ناتوانم تۆ بە ئاکامێک قانیع بکەم کە بۆخۆشم لێی دڵنیا نیم. بەڵام دەزگای دادوەریی ئێمە یەکێک لە باشترین دەزگا دادوەرییەکانی جیهانە."

"بۆخۆتان بەڵێ، بەڵام نەک بۆ بێگانانی وەک مەمانان. فەللاحیان پێشتر سەودایەکی ڕێک خستوەو ئێستا مەسەلە تەنیا وەختەکەیەتی تا هەموو کارە پێوەندیدارەکان وەلا بنێن."

ئێریگ بەگاڵتەوە گوتی: "ئەگەر هەموو ڕۆژێ زەحمەت بکێشی بێیە ئێرە، هەستێکی سووکەڵەی هیواداری لە هەناوتدا دروست دەبێ."

حەمید گوتی: "هیواداری هیچ کاریگەریی لەسەر ئەمکارە نیە مەسەلەی ئەرک لەگۆڕێدایە. کەسێک دەبێ نەخشی شایەت بگرێتە ئەستۆ."

"ئای... بەڵام هیواداری توانای ئەنجامدانی هەرکارێک بە مرۆڤ دەبەخشێ. ئەگینا وەک ئەوەیە بچیە مووزەو سەیری شتە کۆنەکان بکەی. بەڵام ئەگەر لە ژیاندا بە هەرهۆیەک تووشی نیگەرانی بووی، تەنیا هیواو باوڕبەخۆبوونە کە دەتوانێ ڕێگای ژیانت بۆ تەخت بکا."

حەمید سەریی ڕاوەشاندو پێ کەنی. ئێریگ کە بۆیدەرکەوتبوو باسەکەیان نەگەیوەتە ئاکامێک گوتی: "گرنگ نیە! ئەمە شتێکە کە تەنیا تێپەڕینی ڕۆژگار ڕوونی دەکاتەوە. ئێستا بابەتی زۆر لەبارەی ئەم کارەوە هەن کە ئەمن ئاگام لێیان نیەو ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی گیروگرفتگەلێک لەسەر ڕێگای کارەکەم. دەکرێ زانیاریی پترم بدەیەی؟"

لەوڕۆژە بەدواوە قاپە ژێلەکەی حەمید هەمیشە کەوچکێکی زیادیی تێدابوو - کەوچکی دووەم بۆ دۆستە تازەکەی بوو.

***

## -١٥-

**لە: وەزیری ئیرشادی ئیسلامی‌یەوە**
**بۆ کارمەندەکان**

**لەبەر ئەوەی ئیمزاکردن کارێکی گوناحبارانەیە کە لە دەورانی شـــای لێکەوتوو ماوەتەوە، کۆمیتەی تەڕویجو تەقواو پێشـــگیری لە گوناحکاری بەمهۆیەوە دەستوور بە خوشک‌و برا شۆرشگێڕەکان دەدا کە خۆیان لەکاری ئیمزاکردن ببوێرنو لەجیاتیی ئەوە لە شێوەی ئیسلامیی پەنجەمۆر کەلک وەرگرن. تێبینی: خوشـــکە بەڕێزەکان دەبێ قامکی شـــادەی خۆیان لە سـووچی سـەرپۆشـەکەیاندا بشارنەوە بۆئەوەی جێ‌پەنجەی ڕاسـتەوخۆیان نەبێتە هۆی بزواندنی هەســـتی برا داوێن‌پاکەکانیان. (پەنجەمۆر: وەزیری ئیرشادی ئیسلامی)**

هادی خورسەندی، تەنزنووسی دوورولاتی ئێرانی

دادوەر کووبش بەیانیی ڕۆژی ١٦ی ژانویەی١٩٩٤ ڕای گەیاند: "دادگا داوا لە بەڕێز عەزیزی غەففاری دەکا بێتە شوێنی شایەتەکان."

عەزیز کە باڵتۆیەکی چەرمی کورتی دەبەردا بوو هاتە ژووری ساڵۆن. چەند ڕۆژێک بوو هەواڵی شایەتیدانەکەی بڵاو ببۆوەو دوورخراوەکان بۆ بیستنی قسەکانی وی هاتبوونە دادگا. جارێکی دیکە هەموو نیوتەختەکان پڕ ببوون. خەڵکێکی زۆریش لەوێ ڕۆیشتبوون. حەمید لە ڕۆژەکانی دیکە زووتر هاتبوو بۆئەوەی لە دەروازەی ساڵۆن ڕێنوێنیی مەزهەبیی ئەو میوانانە بکا کە بۆ یەکەمجار دەهاتنە وێ‌و دڵنیاش بێ کە شوێنەواری باشیان لەسەر خەڵکی دیکە دەبێ. لە دادگا پێی گوتن، دوورخراوەکان لە مردوویەک زیاتر نین: هەرچەندی ئێوە شارستانی‌یانەتر ڕەفتار بکەن، شوێنەواری مەرگ لەسەر وان پتر دەبێ.

سەردێڕی داوانامە قانوونی‌یەکە هەرجۆرێک بایە، لەو ڕۆژەدا داوانامەی "دوورخراوەکان لەبەرامبەر خاوەنڕێستووران"ەکەدا بوو. زۆربەی ئەوانە دۆستی لەمێژینەی عەزیز بوون‌و بەوهیوایە هاتبوون کە ببینن ئەو بەدانی پوولێک خۆی ئازاد دەکا تا لە ئاکامدا هەر بەو شۆروشەوقەوە بگەڕێنەوە کە لە ڕێستورانی میکۆنووسدا بەحورمەتەوە هاوڕێیەتی‌یان کردبوو. لەوانەیە دەنگۆی پێوەندیدار بە خەیانەت‌کردنیەوە بێ‌بناخە بووبێ‌و ئەمە بابەتێک بوو کە ئەوکاتەی لەجێی خۆیان دانیشتبوون باسیان دەکرد. عەزیز یەکێک لە هاوکارانیان بوو. بۆیە حەزیان دەکرد هەموویان باوەڕیان بە بێ‌گوناحیی یەکتر هەبێ.

کاتێک عەزیز بەپەنای تەماشاچی‌یەکاندا تێ‌پەڕی، بێدەنگی‌یەکی خنکێنەر ئەوانی داگرت. ئەو بەتەنیا نەهاتبوو. پارێزەرێکیشی دەگەڵ بوو. ئەمەش بەنۆرەی خۆی تاوانباری‌یەکی دیکە بوو. شۆهرە، کە قەڵەم‌وکاغەزێکی بەدەستەوە بوون، تێیەوە ڕاما. عەزیز تەماشای دادوەرەکانی دەکردو خۆی لە ئامادەبووانی دیکە دەپاراست. جۆری ڕۆیشتنەکەی نیشانەی ئەوە بوو کە[لە برینداری‌یەکەی] چاک بۆتەوەو بەبێ‌خەم بەڕێدا دەڕۆیشت. ژوورەکە بە شێوەیەکی نائاسایی بێدەنگ بوو، جگە لە دەنگی پێی ئەو پیاوانەی بەسەرمۆکێتدا دەڕۆیشتن، هەستێک نەدەهات. یووسف هەمیشە حەزی بە بێدەنگی دەکرد. کاتێک دوای چەند حەوتوو پەرویزی لەنێو ئامادەبووواندا دی، بەرەو ئەو پیاوە ساغ‌و بەڕاپەڕە کە گیانی سالمی لەو ڕووداوە بردبووە دەر هاواری کرد:

"ئۆی، بڕوانن! ڕامبۆ لێرەیە!"

وەختێک لە شوێنی شایەتەکان لە عەزیزیان پرسی دەیەوێ بە زمانی ئەڵمانی شایەتی بدا یان بەزمانی فارســـــی، چاوێکی لە ئامادەبووان کردو فارســـــیی هەڵبژارد. دەیزانی دادوەرانی ڕاستەقینەی وی چ کەسانێکن.

لێپرســـین دەســـتی پێکرد. نەخەیر، ئەو نەیتوانیبوو هێرشـــبەرەکان لەنێو ڕیزەکانی پۆلیســـدا بناسێ. ئاشپەزەکە بێسەروشوێن کراوە؟ کەمێک ڕاوەستا، لەبنەوە تەماشای دەکرد هەروابزانە دەیەوێ وەبیری بێتەوە. بەڵام، بەداخەوە. نا. نەیدەتوانی. داخۆ داوای لە هەمووان کردبوو لە ئاشـــپەزیدا یارمەتیی بدەن؟ نا. لە هیچ کەس. "بەڵام یەکێک لە دوورخراوەکان ئیددیعای دەکرد کە ماوەیەک پێشـــتر داوای لێکردوە کۆمەگی بکا تابتوانێ شـــێو بداتە میوانەکانی." (پیاوە دوورخراوەکەو خێزانی، کە لە نەخۆشخانە سەری عەزیزیان دابوو، لەنێو ئاپۆراکەدا بوونو بەتوندی تووڕە بوون.) ئەوو هەموو ئەوانی دیکە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە دەیانتوانی بڵێن چییان پێخۆش بوو. ئەو باش ئاگادار بوو چدەزانێ. نووری شەوی هەینیو لەسەرەتای کاردا پێی گوتبوو.

دادوەر کووبش لە عەزیزی پرسی: "دەزانی ئەتۆ لێرە تۆمەتباری."

عەزیز سەری داخستو بێئەوەی لەبن خەتای خۆی دەرچێ، گوتی: "بەڵێ، دەزانم."

دادوەر پێی داگرتو گوتی: "دەتوانی پێمان بڵێی ئەتۆ بۆ دەبێ تۆمەتبار بی؟"

"باشە، دەبێ لەو کۆمەڵە بپرسی کە بۆچی من بە تۆمەتبار دەزانن." عەزیز ئەم وەڵامەی بە بێموبالاتی دایەوە. ئەم وەڵامە خۆبەزلزانانەیە نارحەتییەکی دیکەی لەنێو تەماشـــاچییەکاندا بەرز کردەوە.

"باشــــە، بەچهۆیەک دەزگای پۆلیس بەتۆیگوت کە لێت بەگومانە؟ ئەتۆ دەبێ بابایەکی بەپرسیار بووبی کە ئەو شتانە بزانی." دادوەر کووبش ئەم قسانەی بە لەسەرەخۆییەکی باوکانەوە کردنو لەدرێژەدا گوتی: "بۆنموونە ئەتۆ ڕادەیەکی زۆر دراوی نەغدت بەنهێنیو لە جانتایەکدا لە ژێرزەمینی ماڵەکەتدا هەبووە، دەوروبەری پێنجهەزار مارک..."

عەزیز وەڵامی لێکۆڵەری دایەوەو گوتی: "شەشهەزار."

"کەوایە دەبێ ئەو پرســـیارەت لێبکەم، ئەگەرچی ئەتۆ دەترســـیو لەوانەیە تاڕادەیەک خۆت بەخەتابار دابنێی، دەتوانی وەڵام نەدەیەوە. ئەم دراوە لەکوێڕا هاتبوو؟"

عەزیز هێندێ قسەی کردن کە وادیار بوو دووپاتەن: "پێشترو ئەوکاتەی لە نەخۆشخانە بووم، ئەم زانیارییانەم داوە بە پۆلیسخانە (شارەبانی)و ئەوان بەڵێنیان دامێ کە بەنهێنی ڕایبگرن."

"داخۆ لە پۆلیسخانە بەتۆیان گوت کە پێیان وایە ئەو دراوە ڕەنگە پاداشی تۆ بێ بۆ ئەو زانیارییانەی بۆ پیاوکوژەکانت ئامادە کردوون؟"

ئەویش بەتوندی گوتی: "بەڵێ."

"ئەتۆ گوتت چی؟"

"ئەم پرسیارە منی نیگەران کرد. ئەوان دەیانتوانی نیگەرانیی من لەو پرسیارە تێبگەن."

"یەکێک لە پارێزەران لێرەو لەساڵۆنی دادگا بە پۆلیسەکانی گوت کە ئەو یەکێک لە هاودەستانی تاوانبارەکانەو چەند ڕۆژ پێش کەتنەکە بیستوویەتی کە گوتوویە، هەرکات هەموو کارەکان ئەنجام بدرێنو تەواو بێ، ئەو ئەم خانووە دەفرۆشێ. بەباوەڕی من بەکارهێنانی وشەی "ئەو" لەمڕستەیەدا، ئاماژە بە خودی تۆ بووە. لەبارەی ئەو بۆچوونەوە چدەزانی؟"

"بیستوومە کە یووسف ئەمین ئەم بابەتەی بە پۆلیسخانە ڕاگەیاندوە، بەڵام تێناگەم بۆچی. لەمێژ بوو دەمەویست ئەم جێیە بفرۆشم."

یووسف کە گوێی لە ناوی خۆی بوو، دەستی لەسەر سنگی دانا، ئیکلامێکی کێشاو هاواری کرد: "ئەتۆ دەبێ ڕاستییەکان بە دادگا بڵێی. پێت دەڵێم ڕاستییەکان!"

تەنیا چەند کەسێک پێکەنین چونکە هەمووان تینیان بۆ عەزیز دێنا تا وردتر گوێ لە قسەکانی یووسف ڕابگرێ. پرسیارگەلێکی دیکە هاتنە گۆڕێ.

"داخۆ ناوی نەجاتیت بیستوە؟"

"بەڵێ."

لەبارەی ویەوە چدەزانی؟"

عەزیز وەڵامی دایەوەو گوتی: "هیچ، هەرهیچ."

"زۆرباشە. بالەو بابەتە گەڕێین. تکایە چاوێک لە پارێزەرەکان بکە. داخۆ هیچکام لەوانە بۆتۆ ناسیاو دێنە بەرچاو؟" چەند دەنگێکی تەوساوی لە تەماشاچییەکان بیستران: "هەستە سەرپێ!" "باش بڕوانە!" "دۆستێک ببینە!"

عەزیز دوای ئەوەی دووسێجار تەماشای ڕاستوچەپی خۆی کرد تا لەو دوو قەوەزە ورد بێتەوە، گوتی: "بەڵێ پیاوەکەی لای ڕاست دەناسم. کازمی دارابییە."

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

"ئەوت لەکوێ دیوە؟"

"وەختی حەوتووی سەوز لە ژوورەکەی خۆی. ئەمن و چەندکەسی دیکە باس و وتووێژمان دەگەڵ کرد.

"داخۆ دەتزانی خەریکی چیە؟"

"نەخەیر ئەسڵەن نەمدەناسی. تەنانەت ناویشیم نەدەزانی."

چەند کەسێک لە ئامادەبووان پێ کەنین.

"باشە، یەکێک لێرەیەو دەڵێ بەڕێز دارابی سەوزی و میوەی هێناوەتە دوکانی تۆ."

عەزیز بەبێ‌خەمی‌یەوە گوتی: "خەڵک چ دەڵێن بابڵێن. ئەمنیش قسەی خۆم دەکەم."

شۆهرە بێ‌ئەوەی سەر لەسەر دەفتەری یادداشتەکەی هەڵبگرێ، لەپەستا دەی‌نووسی. پەرویز دەموچاوی سوور داگیرسابوو، حەمیدیش لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە عەزیز قسەی دەکرد، چاوی بڕیبووە شاقەلی باڵتۆیەکەی.

"ئەتۆ لە یەکەمین حەوتووەکانی ساڵی ١٩٩١دا، ڕێستووانەکەت کڕی و لەوکاتەدا بوو کە بڕیارت دا دوکانەکە نەفرۆشی، وانیە؟"

"هێندێکم دراو دەست کەوتبوو کە دەرەتانی درێژەدانی کارەکەمی بۆ ڕەخساندبووم."

"ئەم دراوەت چۆن بەدەست هێنا؟"

عەزیز سەری بۆلای ئامادەبووان وەرسووڕاندو گوتی: "ناتوانم ئەمەی بڵێم، بەڵام هەمووتان دەزانن کە ئەمن چۆنم ئەودراوە دەست کەوتوە. دراوێکی حەڵاڵ نەبوو بەڵام کرێی پیاوکوژیی پیشەییش نەبوو."

پارێزەری عەزیز داوای کرد کە دەگەڵ وەکیل‌گرەکەی بیروڕا بگۆڕنەوەو لەئاکامدا هەردووکیان چەند دەقیقەیەک لە ساڵۆن چوونەدەر. ئامادەبووان ناکۆکیی بیروبۆچوونیان هەبوو. زۆربەیان لەوکارانەی عەزیز دای‌ڕشتبوون هەستیان بە تووڕەیی دەکرد. بەڵام چەند کەسێکیش هێشتا لەگوماندا بوون و پێیان وابوو ڕەنگە لە ڕۆژەکانی دوای ڕووخانی دیواری بێرلیندا، ئەو دراوەی لەڕێگای گۆڕینەوەی ناقانوونی‌یەوە بەدەست هێنابێ.

کاتێک عەزیزو پارێزەرەکەی هاتنەوەو داوایان‌کرد کە بەشێوەی خۆبەخۆ قسە دەگەڵ دادوەر کووبش بکەن و هەردووکیان دەگەڵ وی چوونە ژوورە چکۆڵەکەی، بەناچار هاتوهاواری

ئامادەبووان تەواو بوو،و کاتێک هاتنەوە دادوەر کووبش ڕای گەیاند کە ڕوونکردنەوەیەکی جێی باوەڕی لەبارەی سەرچاوەی دراوە نەغدەکە وەرگرتوەو بابەتەکە کۆتایی هات.

بابەتەکە دووبارە دەست پێ کرایەوە.

"کاتێک ڕێکلامت لەبارەی فرۆشتنی ڕێستوورانەکەوە بڵاو کردەوە، هیچ کڕیارێک هات تەماشای ڕێستوورانەکە بکا؟"

"کۆمەڵێک کڕیاری لوبنانی بەوردی سەیری ڕێستوورانەکەیان کرد. پێشتر ئەم بابەتەم بە پۆلیسخانە ڕاگەیاندوە."

"گوتت لوبنانی یەکان، وایە؟ داخۆ هیچ بەڵگەیەکت بۆ ئەوە هەیە کە ئەم کەسانە لە تەماشاکردنی شتەکانی نێو ڕێستووران ئامانجێکی نهێنییان بووبێ؟"

"لەپەستا دەهاتنو دەچوونو لە هەموو شوێنێکی ورد دەبوونەوە. ئەوکاتە هیچ فکرێکم دەربارەی ئەوکارەیان بە مێشکدا نەدەهات. بەڵام ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، دەڵێم ڕەنگە ئەوکارە زۆر بێ فرتوفێڵ نەبووبێ. کێ دەزانێ، لەوانەشە قیمەتی ئەوشتانەیان لێک دابێتەوە کە بۆوێ کڕرابوون."

ئامادەبووان بە نارەحەتی یەوە سەرسوڕماو بوون. دووبارە دەستیان کرد بەتێکەوەهاویشتنو جموجۆڵ.

"گوتت لە سەرانسەری شەوی حەڤدەی سێپتامبردا، تاوناتاوێک لە ڕێستووران چوویە دەرێ بۆئەوەی با لێت بدا."

"ئەگەر ئەمە شتێکە کە بە پۆلیسەکانم گوتوە، ڕاستە."

"گوتت دواجار کە بۆ بالێدان چوویە دەرێ، نیوسەعات پێش تەقەکردنەکە بووە."

"پێموا نیە شتی وام کردبێ. ئێستا هیچم لەبیر نیە."

"داخۆ دە دەقیقە پێش تەقەکردنەکە چوویە دەرێ؟"

" مەنتیقی نایەتە بەرچاو. نەخەیر نەچوومە دەرێ."

"دوای ئەوەی میوانەکان هاتنە ژوور، ئەتۆ ئەسڵەن لە ڕێستووران چوویە دەر؟"

"چۆن دەمتوانی؟ ئەوە جێیەک بوو کە لێیدەژیامو کارم لێدەکرد. دەبوو بچمە کوێ؟"

دەگەڵ هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی وتووێژەکان توندیو گرژی سەری هەڵدەدا. پەرویز لەڕیزی پێشەوە دانیشتبوو، پاڵی بە لەمپەرەکەوە دابوو،و زۆر بەوردی گوێی دەدایە قسەی ئەوانی دیکە.

"جۆرێکی دیکە بلێین، لەبەر دەرگای ڕێستوورانەکەش ڕانەوەستای؟"

"بۆئەوەی بام لیٚبدا دەچوومە دەریٚو تەواو."

"پێشتر گوتت، نیوسەعات پێش تەقەکە چوویە دەریٚ هەتا بایەکت لیٚبدا."

"ئەگەر بلێین لەو وەختەدا چوومە دەریٚ، ئەمن گومانم هەیە کاری وام کردبیٚ."

"لێرە شـــــایەتێک هەیە کە چەند دەقیقە پێش تەقەکە تۆی لە دەریٚ دیوە کە نیگەران دیار بووی."

"نیگەران؟ وەبیرم نایە ئەوشەوە دەگەڵ پزیشکی دەروونناس بەرەوڕوو بووبم."

"ئەوژنە دەڵیٚ لەوســـــاتەوە کە تۆی دیوە تا ئەووەختەی دەنگی تەقەی بیســـــتوە، چەند دەقیقەیەک پتری نەکێشاوە."

دادوەر کووبش جارێکی دیکە وەبیر شـــــایەتەکەی هێنایەوە کە: "ناچار نی وەڵامی پرســـــیار بدەیەوە. بەڵام ئەگەر ناچار بی، دەبیٚ ڕاستی بلێی."

عەزیز شانی هەڵتەکاندو درێژەی بە ڕەفتاری هێورانەی خۆی داو گوتی: "ئەم شایەتە کێیە. دەمەویٚ بی‌بینم. بەهەرحاڵ، لێرە کەسـانێک هەن کە ئەوشـەوە لەویٚ بوونو دەزانن ئەمن لەکویٚ بووم. بۆچی لەوانناپرسی؟"

"داخۆ حاشا لەوە دەکەی کە چەند دەقیقە پێش تەقەکە لە ڕێستووران چوویە دەریٚ؟"

"بەڵیٚ."

دادوەر کووبش کۆتایی بە بەشی شایەتیدان هێنا.

"بەڕێز غەففاری، تکایە وەرە خواریٚ، بەڵام شـــــایەتیدانەکەت تەواو نەبووە. پێم‌خۆشـــــە پێش درێژەدانی کارەکەمان، گویٚ لەقسەی شایەتی دواتر بگری."

دادوەری ناوبراو هیچ‌کاتێک قسەی بە شایەتێک نەبڕیبوو بۆئەوەی قسەی کەسێکی دیکە ببیسیٚو کاتێک ڕای‌گەیاند: "دادگا داوا لە خاتو ڕەناتا کاکەر دەکا هەستێتە سەرپیٚ."، هەموو لایەکی تووشی سەرسوڕمان کرد.

ژنێکی گەنج لە دەرگای دیکەی سـالۆنی ٧٠٠وە هاتە ژووریٚ. چاکەت‌وپانتۆڵێکی سـپیی ژنانەو یۆنیفۆڕمێکی دەبەردا بوو،و کەزی‌یە قاوەیی‌یە مەیلەوسـوورەکانیی بە شـێوەی ئەڵقەیەک

لە پشتەسەری بەستبوو. ئەو شایەتێک بوو کە لە ئیزگەی قەتاری ژێرزەمینی‌یەوە سواری پاسکیلەکەی ببوو،و بەرەومالەکەی چووبۆوە. لە شەقامی پراگەر (Prager)و لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەیەک دەژیا کە بەسەر ڕێستورانی عەزیزیدا دەڕوانی. هەرچەند ئەو هەرگیز نانی لە میکۆنووس نەخواردبوو، بەڵام هەمیشە سیگاری لەوێ دەکڕی‌و وەک ئەو دراوسێیانە کە جاروبار پێکەوە قسە دەکەن، ئەویش زۆرکورت قسەی دەگەڵ دەکرد. ئەوشەوە، وەک هەموو شەوەکانی حەوتوو، سەعات دەی شەو سواری قەتار بوو،و سەعات دەونیو گەیشتە وێستگەو لەکاتێکدا پاسکیلەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا لە ژێرزەمینەکە هاتە دەرێ‌و تاگەیشتە باڵەخانەی ماڵەکەی، پازدە دەقیقە لەوەختی جاران دواکەوتبوو. کاتێک گەیشتە نیزیک ماڵەکەیان دیتی عەزیز بە ناڕەحەتی لە پیادەڕێیەکەدا پیاسە دەکا. هەدووکیان ئەحواڵپرسی‌یان لەیەکتر کرد. پاشان ڕەناتا دەرگای کردەوە، دوگمەی ئاسانسۆرەکەی داگرت‌و پێی‌چۆوە نهۆمەکەی خۆی‌و پاسکیلەکەی لە هەیوانێ ڕاگرت. لەبن هەیوانەکە چەند سێبەرێکی دیتن کە لەو دەوروبەرە غاریان دەداو کاتێک چووە ژووری دانیشتن، لەژێرەوە گوێی لە دەنگێکی گەورەو گوێ‌کرێن بوو. ئەمدەنگە بەڕادەیەک توند بوو کە ئەو پێی‌وابوو قەوەزەی دەفرە چینی‌یەکانی ڕیستووران بەلادا کەوتوەو هەموو دەفرە چینی‌یەکان بەربوونەوەو وردوخاش بوون. بەپەلە بەرەو بەرهەیوانەکە چوو،و سەیری پیادەڕێیەکەی کرد. بەڵام هیچی نەدی. دوایە دەنگی شەیپووری مەترسی بەرز بۆوە.

ڕۆژی دواتر، مەئموورانی پۆلیس شایەتیی (ڕەناتا)یان وەرگرت‌و دەگەڵ وی کە پاسکیلەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، هەتا سەعات١٠/٤٨ ئەوکاتەی [ڕۆژی پێشتر] چوارکەسەکەی تێدا کوژرابوون لە پیادەڕێیەکەدا پیاسەیان کرد.

دادوەر کووبش پرسی: "دراوسێیەکەت لێرە، حاشا لەوە دەکا کە ئەوشەوە تۆی دیبێ."

"نازانم بۆ حاشا دەکا. بەڵام ئەوشتەی بە ئێوەی دەڵێم، لێی دڵنیام."

"سوپاست دەکەم خاتو کاکەر. دەتوانی بڕۆی."

عەزیز چۆوە شوێنی شایەتەکان، بەڵام بە لێبڕاوی‌یەوە حاشای لەوە کرد کە ئەوشەوە (ڕەناتا)ی دیبێ. سێ‌ڕۆژی خایاند تا سەرەنجام ڕێگایان دا بڕوا. دادگا لەبارەی تاوانباربوون یان بێگوناحیی ویەوە گەیبووە بنبەست.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

له حەوتووەکانی دواتردا، شایەتەکانی تۆمەتباران وەک تاقمە موسافیری سیرک، له شوێنی شایەتەکان ئامادە دەبوون. هێندێکیان بە جموجۆڵی سەیروسەمەرەو ئەوانی دیکە بە دەرکەوتنی شوێنەواری ترسوخۆف لەسەر سیمایان، دادگایان سەرسوڕماو دەکرد. ئەوانی پێشوو گوێیان لە پرسیارەکان دەگرتو دەسبەجێ وەڵامیان دەدایەوە. ئەمان هەر وابزانە هیچیان گوێ لێنەبووەو لەجیاتی ئەوە قسەکانی پێشووی خۆیان دووپاتە دەکردنەوە.

"بەڕێز دارابی چۆن دەناسن؟"

یەکێک لە تۆمەتبارانی ئامادە لە دادگادا گوتی: "بەڕێز دارابی هەمیشە خوێندکارێکی بەتەماع بوو."

"بەتەماع لەچیدا؟"

"بەدڵنیایی نازانم، بەڵام هەمیشە موتاڵا دەکا."

"موتاڵاکردنو ئەنجامدانی چەند ئەرک لە یەککاتدا؟"

"مرۆڤەکان دەبێ کە لەدایک دەبن تادەمرن بەدوای فێربووندا بگەڕێن. قورئانی پیرۆز وا دەڵێ"

"ئەگەر ئامادەی، ڕێگا بدە لەسەر مرۆڤێک کە لێرەیە بدوێین، لەسەر بەڕێز دارابی. ئەو ڕێگای بەتۆ دا لەماڵەکەی بژی، ڕاستە؟"

"هەرگیز دراوێکی لەمن وەرنەگرت. پیاوێکی زۆرزۆر باشە. موسوڵمانێکی بەڕاستییە. زمانی ئەڵمانییش باش دەزانێ. ئەو کۆمەگی کردم چونکە مووچەی مانگانەی پەنابەریم زۆرکەم بوو. ئەو پیاوێکی زۆر دڵاوایە."

"ئەو دراوی دەدا بەتۆ؟"

"نەک بۆکارەکەم. ئەو تەنیا لەبەر دڵچاکیی خۆی دراوی دەدایە من."

"داخوا دوایە دراوەکانت وێدایەوە؟"

شایەت سەری ڕاوەشاند.

"لەو ماوەیەدا کە دەگەڵی دەژیای، داخۆ هیچکام لەو تۆمەتبارانەت دەدی کە ئێستا لێرەن؟"

"نازانم. بەڵام پێت دەڵێم هەموو ئەو لوبنانییانەی لە بێرلینن، بەڕێز دارابی دەناسنو خۆشیان دەوێ. ئەو پیاوێکی باشە."

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

"ئەمن داوات لێناکەم داوەری لەسەر بەڕێز دارابی بکەی. لە وەڵامەکانت بەڕوونی دەردەکەوێ کە هەوڵ دەدەی هێندێ بابەت بشاریەوە. داخۆ پاڵەپەستۆت لەسەرە؟ لە شتێک دەترسی؟"

"تەنیا لەخوا دەترسم."

"داخۆ بەڕێز دارابی هەرگیز لە مزگەوت لەبارەی سەلمان ڕوشدی‌یەوە قسەی کردوە؟"

شایەتەکە جارێکی دی سەری ڕاوەشاند.

"لە مزگەوتێ خۆپێشاندانێک دژی سەلمان ڕوشدی کرا. داخۆ بەڕێز ڕوشدی لەوێ بوو؟"

لەوماوەیەدا شایەتەکە کەمتر قسەی دەکردو زۆرتر بەدەستو سەر ئاماژەی دەکرد. شانی هەڵتەکاند.

"ئەتۆ دوێنێ گوتت بەڕێز دارابی لە خۆپێشاندانێکی دژی سەلمان ڕوشدیدا قسەی کردوەو ئەمڕۆ دەڵێی شتی وام لەبیر نیە؟"

دارابی لە قەوەزەکەی خۆیڕا هاتە نێو قسەکانی دادوەرەوەو گوتی"ئێمە هەموومان دژی سەلمان ڕوشدیین. ئەمە شتێکی نهێنی نیە."

دادگا قسەکەی دارابیی پێخۆش بوو. ناوبراو لە شوێنی شایەتەکان بێدەنگ مابۆوە.

"پرسیارەکەمان ئەوەیە، داخۆ تۆمەتبار لە مزگەوت لەبارەی فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی‌یەوە قسەی کرد؟ بەڵام ڕەنگە بەڕێز دارابی، کە وا دیارە بیری زۆر تیژە، بۆخۆی بتوانێ وەڵام بداتەوە."

لە بەرامبەردا دارابی تەنیا ئەوەندەی گوت: " دوایە، دوایە قسان دەکەین. ئەگەر بۆتان دەرنەکەوتبێ، دەبێ بڵێم ئێمە ماوەیەک لێرە دەمێنینەوە. هەرنەبێ بۆماوەی دووساڵی دیکە."

وا دەهاتە بەرچاو کە کوێرزەینی وەک نەخۆشی‌یەکی گشتی، تووشی هەموو شایەتەکانی لایەنگری تۆمەتباران بووبێ، لەکاتێکدا کوێرزەینی ناتوانێ ڕەخنەی لێبگیرێ، بەوحاڵە وەرگێڕەکان لێپرسینەوەیان لێکرا. لە یەکێک لە حەوتووەکاندا شایەتێک گوتی ئەویش وەک یووسف لە شارێکی لوبنان لەدایکبووەو پێگەیشتوە. هەروەها گوتی لە سەرانسەری ژیانیدا دەگەڵی ئاشنا بووەو تەنانەت بۆ فێربوونی سەربازی دەگەڵی چۆتە ئێرانیش. حەوتوویەک دواتر، لە شوێنی شایەتەکانەوە تێیەوە ڕامابوو. وەک‌ئەوەی بیهەوێ بیبینێو گوتی حەوتووی ڕابردوو

لێی گۆڕاوەو ئەم یووسفە ئەو پیاوە نیە کە پێشتر ناسیویەتی. کاتێک دادوەرەکان تینیان بۆ هێنا، ئەو شـایەتە پڕهەسـتە داوای کرد وازی لێبێنن: "تکا دەکەم، تکا دەکەم. ئیدی ناچارم مەکەن جارێکی دیکە بچمە وێ."

دادوەر کووبش لێی‌پرسی: "بۆچی؟ دەترسی؟"

شایەتەکە تەنیا پاڕایەوە.

"داخۆ هەڕەشەت لێ کراوە؟"

زۆر توندتر پاڕایەوەو جارێکی دیکە گوتی: "ئەگەر لێم‌نەگەڕێن بڕۆم، هەرگیز بنەماڵەکەم نابینمەوە. دەسـتوورم پێدراوە هەرزانیاری‌یەکی هەمە لەبیر خۆمی بەرمەوە، ئەگینا لەوانەیە تووشـی ڕووداوێکی ترومبێل بم. باوەڕ بکەن، ئەوکەسـەی لەبارەی ڕووداوی ترومبێلەوە قسـەی دەگەڵ کردم، هیچ شعوورێکی نەبوو."

دەسـتپێکردنی شـایەتیی ئەوانەی پارێزگاری‌یان لە تۆمەتباران دەکرد هاوکات بوو دەگەڵ ئامادەبوونی قەڵافەتێکی تازە لەنێو ڕاپۆرتنووسـەکاندا. کابرای تازەهاتوو کە ڕەقەڵەیەک بوو، وەک ئەڵمانی دەهاتە بەرچاو. بەڵام سـەروسـەکوتی نائاسایی‌و ڕیشی نەتاشراوی، ئەویان وەک موسـوڵمانێکی دەمارگرژ نیشـان دەداو هەر لەڕۆژی یەکەمەوە یادداشـتگەلێکی دەنووسـین. بۆ حەمید ئاشـنا دیار بوو، هەرچەند وەبیری نەدەهاتەوە کە لەکوێی دیوە. دوانیوەڕۆیەک، چاوی بە شایەتێک کەوت کە قەرار بوو شایەتیدانەکەی ڕۆژی دواتریش درێژەی هەبێ. سواری ترومبێلی ڕاپۆرتنووسـەکان بوو. قەڵافەتی ئەو دوو پیاوە یادی دارابی لەپەنا ڕاپۆرتنووسـەکەی لە زەینی حەمیددا بزواند. ئەمە ئۆسـکار برێسـتریش (Oscar Brestrich) بوو کە موسـوڵمان ببوو،و لە باسـێکی تەلەڤزیۆنیدا دیفاعی لە فتوای دژی سـەلمان ڕوشـدی کردبوو،و کەلکی لە کتێبی "ڕۆژگاری نوێ" وەرگرتبوو تا سـابیت بکا کە مەسـیحییەتیش، وەک ئیسـلام، چاو لەکوشـتنی کەسانی لەدین‌وەرگەڕاو دەپۆشێ.

وەختی نیوڕۆژێ حەمید لەجیاتی ئەوەی بچێتە خواردنگەی خۆڕایی، چووە کیۆسـکێکی تەلەفون هەتا تەلەفون بۆ ناوەندی ئەو تەلەڤزیۆنە بکا کە باسـەکەی بڵاو کردبۆوە، داوای لە بەڕێوەبەرەکە کرد ژمارەتەلەفونەکەی بە ئامادەکار، نۆربێرت سـیگموونددەوە گرێ بدا. حەمیدو نۆربێرت لەشـوێنی دانیشـتنیان لە سـاڵۆنی دادگادا زۆرجار یەکتریان دەدواند بۆئەوەی بتوانن

پێوەندی‌یەکی دۆستانە لەنێو خۆیاندا دامەزرێنن. حەمید داوای کۆپی‌یەکی باسەکەی لیّ کرد کە قەرار بوو ئەوشەوە ئێریگ دووبارە لێی ورد بێتەوە.

ڕۆژی دواتر، شایەتێکی دیکە هاتە شوێنی شایەتیدانو ڕاست وەک ئەوانی دیکە بەزیرەکی‌و تیّ‌بینی‌یەوە قسەی دەکرد. ئەم‌کارە ڕقهەستێنانە شتێک بوون کە شۆهرە پێویستیی پێیان هەبوو. ئەو لەبارەی پێوەندیی برێستریش بە ڕێژیمی ئێرانەوە هێندیّ شتی بیستبوونو بەڵێنی بە ئێریگ دابوو ئەو شتانە لە دادگادا بڵیّ. بەڵام کە دیتی برێستریش لە شوێنەکەی جارانی خەریکی یادداشت‌نووسینە چوو بۆلای میلەکانی پاراستن کە لە سەرانسەری بەشی ڕاپۆرت‌نووسان هەبوون. ئاماژەی بۆکرد. برۆکانیی ویّک‌هێنابوونو کاتێک لەنێوان دادوەرەکانو ڕاپۆرت‌نووسدا کە بەگاڵتەوە زەردەی دەهاتیّ، خێراخێرا دەهاتو دەچوو، قژە ڕەشو ڕێکەکانی لە هەوادا شەپۆلیان دەداو دەنگی لە ڕوخساری دڵڕفێنی کە سەرنجی تەماشاچی‌یەکانی ڕادەکێشا زۆر دڵگرتر بوو.

"ئەمە خۆیەتی! ئەم‌پیاوە! لێرە دادگایی‌یەکی ڕاستەقینە دەرهەقی وی ناتوانریّ ئەنجام بدریّ."

حەمید کە دەترسا، سەرنجی ویی بۆلای خۆی ڕاکێشاو گوتی: "ئارام بە!"

دادوەر کووبش بەپیّ‌داگرتنەوە بە شۆهرەی گوت: "خانم دێهکوردی، خەریکی ڕێک‌وپێکیی دادگا تێک‌دەدەی."

بەڵام شۆهرە هەروا ئاماژەی دەکردو درێژەی بە قسەکانی دەداو دەیگوت: "ئەمە یەکێک لەوانەو ڕاپۆرت‌نووسیانە. پرسیاری لیّ‌بکەن. ئەو بۆتە هۆی ئەوەی هیچیان قسە نەکەن. جەنابی دادوەر، ئەتۆ چۆنیان تەماشا دەکەی لەحاڵێکدا یەک لەدوای یەک دێنو یەک قسە ناکەن؟ ئەتۆ بۆچی ڕێگا دەدەی ئەو هەموو سەعاتە بەخۆڕایی تیّ‌پەڕنو هەمیشە گویّ بۆ قسە پڕوپووچەکانیان ڕادەگری؟"

دادوەر کووبش وەڵامی دایەوە گوتی: "ڕاپۆرت‌نووسان لەم دادگایەدا، ڕێزی تەواویان هەیەو هەقیانە لێرە بن."

بەڵام ئەم قسەیە بەزەحمەت نەختێک شۆهرەی ئارام کردەوە.

"چەند حەوتوو تیّ‌پەڕیون. ئەوانە هەر دێنو هیچ ناڵێن. ئەمە خەتای ئەوە. لەم دادگایە ئەگەر دەگەڵ وی بم هەست بە ئەمنیەت ناکەم."

"خانم دێهکوردی، تکات لیّ‌دەکەم برۆ پشوویەک بدە با بێیەوە سەرەخۆ."

یەکێک لە نیگابانەکان بەرلەوەی پەرداخێک ئاوی بۆ بێنێ، شـــۆهرەی لە ســـاڵۆنی دادگا بردە دەرێو بردیە دالآنێک تا لەســـــەر نیوتەختێک دانیشـــێ. لەکاتێکدا خەریک بوو دەگریا، نیگابانێکی دیکە تەماشـــای دەکرد. چەند ســـاتێک تێپەڕینو دەرگاکانی ســـاڵۆنی دادگا کرانەوە. گەورەوەرگێڕی عەرەب هاتە دەرێو لە شـــۆهرە نیزیک بۆوە. چەند مانگ تەماشـــای حاڵەتی ناهومێدیی ویی کردبوو. بەڵام ئەمجارە نەیدەتوانی چاوی لێبکاو دەبوو قســـەی دەگەڵ بکا.

"ها! ئەم فرمێســـکە مرواریيانەت بەخۆڕایی بەفیرۆ دەدەی. چەند جێی داخە. ئەتۆ ناتوانی دڵی وی لەنێو ســـنگیدا ببینی، بەڵام خوا دەزانێ، دڵی وی لە دڵی هەموو ئەوانەی دەیانناســـم باشتر لێدەدا. ئەوەی دەتەوێ بەدەستی دێنی."

ئەوەی شـــۆهرە دەیەویســـت لەنێو چووبوو،و هیچ کەس، تەنانەت دادوەر کووبشـــیش نەیدەتوانی وێی داتەوە. جارێکی دیکە فرمێسـک بەلاچاویدا هاتنە خوارێ. دەینالآندو دەیگوت: "ئەو ڕقی لەمنە. جۆرێکم ڕەفتار دەگەڵ دەکا هەروا بزانە شێتم. ئەویان بە بەرتیل کڕیوە."

وەرگێڕ کە لە مێشـــــکی خۆیدا بۆ تەعبیرێک دەگەڕا، دەســـــتی لە دیواری مەڕمەڕینی پشـــتەوەیان ڕاکێشـــاو بەســـپایی بەگوێیدا چپاند: "ئەم دادوەرە؟ ئای خاتون! ئەم دادوەرە... ئەو گابەردێکەو هیچ شتێک، جگە لەڕاستی ناتوانێ بچێتە نێو دڵی. ئێستا وەرە! خەریکی سۆمای چاوەکانت هەڵدەڕێژیو ئیدی ناتوانی ئەو ڕۆژە پڕشـــانازیيە ببینی کە خەریکە دێتە پێشـــت. وەرەو بەقسەی ئەم عەرەبە پیرە بکە! متمانەم پێبکە!"

باسکی دە قەدی وی وەرێناو شۆهرەی دەباوەش گرتو دوایە چۆوە ساڵۆنی دادگا.

بەر لە ســـــبەینەکەی، کاتێک ئێریگ چەند دانە [لەڕاپۆرتەکەی] دەدا بەدادوەرەکان، پۆلیســـەکانیش شـــایەتەکانیان دیتبوون کە خەریکن ســـواری ترومبێلی برێســـتریش دەبن. دادوەر کووبش لە شایەتەکەی پرسی پاش دواجار کە لە دادگا ئامادە بووە، چۆن چۆتەوە ماڵەکەی.

شایەتەکە لە وەڵامدا گوتی: "کەسێک سواری ترومبێلی خۆی کردم."

کاتێک دادوەر لێیپرسی ئەو کێ بوو، شایەتەکە ئاماژەی بۆ ئۆسکار برێستریش کرد.

ئەو کە خەریک بوو ناڕەحەتتر دەبوو، دادوەر لێی‌پرسی: "ئەو لە ترومبێلەکەدا چیی پێ گوتی؟"

"شریتی مۆسیقای وەکار خستو بەمنی گوت کە دەبێ لە شوێنی شایەتەکان چۆن ڕەفتار بکەمو گوتی مەیەڵە تووڕەت بکەن. لێم‌پرسی دەنگی مۆسیقایەکەت بۆ هێندە بەرزەو ئەویش گوتی لەوانەیە پۆلیسەکان میکرۆفۆنی شاراوەیان لە ترومبێلەکەم هاویشتبێ."

چیی دیکە؟"

شایەت بێدەنگ بوو، خۆی لە قسەکردنی زیاتر پاراست.

برێستریشیان نارده شوێنی شایەتەکانو ئەو خۆی وەک ڕاپۆرتنووسی ئاژانسی هەواڵنووسیی ڕەسمیی ئێران (Irna) ناساند.

دادوەر لێی‌پرسی: "بەڕێز برێستریش، وتارەکانی تۆ لە چ ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەبنەوە. بڵاوکەرەوەی تۆ کێیە؟"

"ئەمن بڵاوکەرەوەیەکم نیەو ڕاپۆرت دەدەمەوە بە باڵیۆزخانەی ئێران لە بۆن."

"هەواڵنووسێک بۆچی ڕاپۆرت دەداتەوە بە باڵیۆزخانەیەک؟"

برێستریش بەبێخەمی وەڵامی دایەوەوگوتی: "بۆچی نا؟"

"ئەتۆ بۆ ئەوکارە کرێیەک وەردەگری؟"

"دڵاوایانە!"

"باڵیۆزخانەش راپۆرتەکانی تۆ لەنێو تاقمە جاسووسی‌یەکانی ئێراندا بڵاو دەکاتەوە؟"

"بەڵێ،دیارە! ئەگەر وا نەکەن مرۆڤگەلێکی بێ شعوور دەبن. ئەمە ئەرکی هەردەوڵەتێکە کە زانیاریی پێوەندیدار بە جاسووسی‌یەوە کۆ بکاتەوە. ئێران بۆ وانەکا؟"

"ئەتۆ پێوەندیت دەگەڵ شایەتەکانیش هەبووە. بۆچی؟"

"کۆمەگیان دەکەم تا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تۆ ئامادە بن."

دادوەر کووبش بە برێستریشی گوت ڕاپۆرتنووسان هەرگیز نە ڕاپۆرتیان داوەتە باڵیۆزخانەکانو نە شایەتەکانی دادگاشیان فێری وەڵامدانەوە کردوە. برێستریش ئەم تیۆری‌یەی وەک باوەڕێکی دەمارگرژانەی مەزهەبی ڕەت کردەوەو گوتی شایەتەکان کەسانێکی بێگانە بوون کە شارەزای ڕێوشوێنی دادگا ئورووپایی‌یەکان نەبوونو پێویستی‌یان بە ڕێنوێنیی شارەزایەکی نێوخۆیی وەک

ئەو هەبووە: کەسێکی ئەڵمانی کە شارەزای سیستم بوو،و ئێرانیشی دەناسی. ئەو سەفەری ئێرانی کردبوو،و چاوی بە ئایەتوڵڵا خومەینییش کەوتبوو،و چەند دەرسێکیشی لەبارەی شیعەگەری‌یەوە لەلای کازمی دارابی خوێندبوون. بەبێ کەسێکی وەک وی شایەتە تازەکارو نەشارەزاکان، لە دادگا سەریان لێ‌دەشێوێ.

دادوەر گوێی بۆ هەموو چەنەدرێژی‌یەکانی برێستریش ڕاگرتو پاشان گوتی: "بەڕێز برێستریش، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیاری‌یانە کە دادگا لەسەر تۆ وەدەستی هێناون، ئیعتیبارنامەی تۆ هەرئەمرۆ هەڵدەوەشێنمەوە. دەتوانی لە دادگایی‌یەکە ئامادە بی، بەڵام تەنیا وەک تەماشاچی نەوەک ڕاپۆرتنووسێک."

وەرگێڕە عەرەبەکە سەری بۆلای شۆهرە وەرگێڕا کە لەپشتەوەی دانیشتبوو،و زەردەخەنەیەکی سەرکەوتنی هاتە سەرلێوان. شۆهرەش بە هەناسەهەڵکێشانێکو زەردەخەنەیەک سوپاسی هاوپەیمانی تازەی خۆی کردو دوایە چاوی لە حەمید کردو لێوەکانیی بزاوتن تا ڕستەی "سوپاست دەکەم" دەرببڕێ. ئەو دووانە پێکەوە سەرکەوتنێکی چووکەڵەیان بەدەست هێنابوو.

هێندێ سەرکەوتنی دیکەش بەدەست هاتن. ئۆسکار برێستریش ئیدی هەرگیز نەچۆوە دادگا. گەورەلێکۆڵەری ئوتریشی بە فرۆکە چووە بێڕلین تا دەربارەی وردەکاری‌یەکانی کوژرانی عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو لەساڵی ١٩٨٩دا شایەتی بدا، تاوانێک کە هێشتا هەر پەردەپۆش کرابوو. ئامادەبوونی وی لە دادگادا کورت، بەڵام ناخۆش بوو. ئاکامی چوارساڵ کەندوکۆژو لێکۆڵینەوەی ئەم کەتنە ڕووی دەئێران کردبوو. دوا قسەکانی ئەو لێکۆڵەرە دادگایان هەژاند.

"ڕێبەریی ئێران بۆ لەنێوبردنی ڕێبەرانی کورد سیاسەتێکی نهێنیی بەڕێوە دەبرد. ئەمە بۆمن بەتەواوی ڕوونە. ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێ‌هێنا، بابەتی کەتنەکەمان بە تەواوی خستە بەر لێکۆڵینەوە. بۆ دۆزینەوەی پیاوکوژەکان دەستبەکار بووین‌و ئەوانەمان دۆزیەوە کە بەرپرسی ئەو کەتنە بوون. گیروگرفتێک کە هاتە پێش نە خەتای ئێمە، نە هی پۆلیسخانەو نە گوناحی مەئموورانی لێکۆڵینەوە بوو. بەڵکوو گوناحی سیاسەتمەدارەکانمان بوو کە تاوانباریان ئازاد کرد."

سەرۆکی ئیدارەی زانیاریی فیدراڵ، بێرند شمید باوێریان ناچار کرد جارێکی دیکە شایەتی بدا. لەسەرەتادا تێ‌دەکۆشا دیداری خۆی دەگەڵ وەزیر فەللاحیان لە ئۆکتۆبری ١٩٩٣دا وەک کارێکی ئینسانی دابنێ‌و دیفاعی لێ‌بکا. بەڵام وەختێک بەڵگەیەکی نهێنی -بەڵگەی پێوەندیدار بە دەقیقەکانی ئەودیدارەوە- درا بەدادگا، وشەی "ئینسانی" بۆئەوانەی ڕەخنەیان

لێدەگرت ببووە نوکتەیەکی پێکەنیناوی. گەورەجاسووس کە ناسناوی "نۆکەری٠٠٨"یان دابوویە، لەبەر بێتوانایی خۆی کە تەنانەت نەیدەتوانی درۆیەکی ڕێکوپێکیش ساز بکا، بەجارێک ببوو بە گاڵتەجاڕ. شایەتیدانەکەی زیاتر ئەوی وەک سیاسەتمەدارێکی کەڵەکباز نیشان داو ڕیزە لێکۆڵینەوەیەکی کۆنگرەی هێنایە گۆڕێ کە بووە نیشانەدری دابەزینو بەدناوبوونی لە ڕەوتی ژیانیدا.

شایەتیدانی شمید باوێر میللەتی ناهومێدو دڵسارد کرد. بەڵام ڕەفتاری دادوەر کووبش لە بەرامبەریدا، هیواو شانازیی لەواندا زیندوو کردەوە. لە بەرامبەر هەڵەکانی شمید باوێردا، ڕەفتاری وردبینانەو پڕزانایی ئەو دادوەرە بە تەواوی درەوشایەوە. ڕاپۆرتنووسان هێندێ یادداشتیان دەنووسین:

"ئەگەر شتێکی سەرسوڕهێن یان جێی ئافەرین لە دادگایی میکۆنووسدا بووبێ، ئەوە فریدیۆف کووبشە. ئەو تاڕادەیەکی لەتوانابەدەر دەچێتە نێو وردەکارییەکانەوەو هیچ ڕێگایەک بۆ تێهەڵچوونەوەو داوای لێکۆڵینەوە ناهێڵێتەوە. بەم چۆنیەتییەوەیە کە ئەو دادگاییەکە دەباتە پێش. ئەمەیە شێوەیکاری وی بۆ دەرخستنی مەبەستو ئامانجگەلێک کە لەپشت ئەوکەتنەوە بوون کە لە وڵاتی ئێمەدا ڕووی داوە. هەتا ئێستا، ئەمدادوەرە کە پیاوێکی جیددیو هەرلەوکاتەدا بێفیزەو مەبەستەکانی لە ڕستەگەلێکی زۆر درێژدا دەردەبڕێو زۆر پرسیار دەکا، ئەرکی دادئەستێنو پارێزەرانی دادگای هاوکات ئەنجام داوە. ئەو بە شێوەیەکی لێزانانە لە بەرامبەر هەموو ئەو هەوڵانەدا ڕاوەستاوە کە ئامانجیان تێکدانی دادگاییەکە بووە. لە دوادەوری شایەتیدانی شمید باوێردا کووبش داوای لێکرد ڕوونی بکاتەوە کاتێک دەڵێ ئەوانەی شارەزای وردەکارییەکانن دەگەنە ئاکامگەلێکی جیاواز، مەبەستی چیە. کووبش ماوەیەکی ئەوەندە درێژ ٠٠٨ی هەڵپێچا تا سەرەنجام شمیدباوێر ڕێگایەکی بۆنەمایەوە جگە لەوە کە قبووڵ بکا درۆی کردوە.

***

## -١٦-

**ئێمە حەز ناکەین بچینە ئەو ڕێســـتوورانە ئێرانی‌یانە کە قەڵەباڵغ نین. ئەو ڕێســـتوورانانەمان پێ‌باشـــە کە دەتوانین لەواندا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک پشت گوێ بخەین.**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دووروڵاتی ئێرانی

چەند ئینچ لەژێر ئێسکی پەراسـووی چەپی سـالوومەدا کوانێکی ناحەزو ڕەزاگران دروسـت ببوو کە لەسەر تەقین بوو. سالوومە بەڕوونی نیشانی دابوو کە زۆر لەوە لاوازترە بتوانێ دەزگای لێدانی دڵ تەحەممول بکا. ئەم‌دەزگایە ئەوندەی تین بۆ پێستی لەشی هێنابوو کە پزیشکەکەی، کە دەترسا پێستی بتەقێ، باوەڕی وابوو دەبێ لەجیاتی ئەوە لە ماسوولکەی ببەسترێ. هەرچەند پەرویز زۆری تکا لێ‌کرد، ئەو[ســـالوومە] ئامادەی قبووڵ‌کردنی نەشـــتەرگەریی دووەم نەبوو. دەترســاو بابیشــی کە ئەوی لە مەترسـیی مەرگدا دەدی، بەزەحمەت دەی‌توانی لەبارەی ژیانەوە ڕێنوێنیی بکا.

پەرویز دەلیلی دێنایەوەو دەیگوت لەوانەیە کاتێک نە خۆی‌و نەدایکی لەماڵێ نین یارمەتیی بدەن، پێســـتی بتەقێ. دەی‌توانی بە ئاماژە باســـی‌مردن بکا بەڵام نەی‌دەتوانی ئەم‌وشـــەیە بەکار بەرێ. سالوومە بە وەڵامێکی توندو پڕڕوویانە ئەوی هەژاند:

"بەڵام بابە، ئەتۆ وتوویژ دەکەی برۆ بۆ تەلەڤزیۆن، وتار بنووسە. جگە لەوە، دەتوانی بمری. ناکرێ نەشتەرگەری‌یەکت بۆبکەن‌و بۆ ماوەیەک زارت بدروون؟"

سالوومە شێوەیەکی لە توندوتیژی بەکار هێنا کە پەرویز لە هیچ کەس جگە لەکچە سێزدەساڵەو نەخۆشەکەی خۆی قبووڵ نەدەکردو هەوڵی دەدا شادی‌و دڵخۆشیی خۆی بشارێتەوە.

"بەقورئان سوێند دەخۆم، ئەگەر درێژە بەم شێوە ڕەفتارەت بدەی ئاکامێکی خراپی دەبێ"

"بابە، دەمزانی ئەتۆ پیاوێکی دەمارگرژی."

وشەو زاراوەکانی باوکی بەکار دەبردن کە بەرەژوورتر لەو زانیاری‌یانە نەبوون کە کچە کەمتەمەنەکەی فێریان ببوو. بەڵام شێلگیری‌و سەرسەختیی پەرویز شتێکی دیکە بوو.

"ئەتۆ داوام لێدەکەی بۆ ئەوەی بمێنم، بچمە ژێر ئۆپێراسیۆنی نەشتەرگەری‌یەوەو ئەمنیش داوات لێدەکەم دەست لە باڵیۆزبوونی میکۆنووس هەڵبگری. خەڵکی دیکە ماون کە دەتوانن بۆ پێک‌هێنانی ئاڵوگۆڕێک قسە بکەن.

لەکۆتاییدا ئەو کەسێک بوو کە دەستی لە بەڵگەو دەلیل هەڵدەگرتو دەکەوتە ساتوسەودا. پەرویز گوتی: "ئەگەر نەشتەرگەریت بۆ بکرێ، لە هەموو هەنگاوەکاندا دەگەڵت دەبم‌و هەرکارێکم لەدەست بێ بۆتی دەکەم، هەرچی بتەوێ. تەنانەت زاریشم دەبەستم." پەرویز کاتێک ئەم قسانەی تەواو کرد، دەستی لەسەر دەمی داناو وای نیشان دا کە بێدەنگ بووە.

چەندین‌ڕۆژ باس‌و کێشەیان درێژە پێدا. سالوومە کە دیتی بابی تەسلیم بووە، دەستی کردە بیرکردنەوە لە ئارەزووەکانی. ئەوڕۆژەی سەرەنجام ڕازی بوو نەشتەرگەریی بۆ بکرێ، دایک‌وبابیی زۆر خۆشحاڵ کردن. ئەوان لیستێکی داخوازەکانی‌یان پێ‌نیشان دا تابۆی ئەنجام بدەن. تەنیا هێندێ مەسەلەی خاوەن‌بایەخی مەعنەوی مابوون کە دەبوو قسەیان لەسەر بکەن."

"بەڵێن دەدەن هەموو ڕۆژێ بۆم بکەن؟"

پەرویز ئەژنۆکانیی لێک‌دان‌و ئیکلامی بۆ کێشاو بۆئەوەی نیازپاکیی خۆی نیشان بدا، نیوەپەژیوانی‌یەکی هیوابەخشی دەربڕی‌و لەکاتێکدا بەرەدەستەکانیی ڕێک‌دەخشاندن، تا ئەوان بۆ لێوی بەرێ وەختێک بەتوندی فووی دەنێوان هەردوو قامکە شادەی دەکرد،گووپی هەڵمساندن‌و دەنگێکی وەک دەنگی کوندو هۆڕنی لۆکۆمۆتیو لە هەوادا دەنگی دایەوە: جارێک، دووجارو سێ‌جار.

سالوومە بەخۆشحاڵی‌یەکی یەکجار زۆرەوە هاواری کرد: "سوار بن!"

لەکاتێکدا پەرویز قامکەکانیی لەسەر زاری دادەگرت، جارێکی دیکە گووپەکانی پڕ کردن لە باو دەنگی فیتوولێدان لەهەوادا بەرز بۆوەو پاش فیتوویەکی درێژ، ئەمجار فیتوویەکی کورتی لێدا کە لەڕاستیدا دەنگی ترێن (قەتار)ێکی نادیار بوو کە لەپێشدا توند بوو،و دوایە کەوتە پتەپتو سەرەنجام کووژایەوە. سالوومە خۆی ڕادەژاندو بەدەست ماچی بۆ بابی بەڕێ دەکردن. کارامەیی بابی لە سازکردنی یاریی خۆشو پێکەنیناویدا ئەوی وەکەیف دەخستو دەیهێنایە پێکەنین؛ لووتی خۆی دەسووڕاندو چاوەکانیی دەگێڕاو زمانی دەردەکێشا. هەرجارێک بابی جموجۆڵی خۆی لە چالاکێکی سیاسییەوە دەگۆڕی بۆ ئەکتەرێک، سالومە زیاتر هیوادار دەبوو کە ئەگەر بەڕادەی پێویست خۆ ڕابگرێ دەتوانێ باوکی لەو ڕێبازە پڕمەترسییە بگێڕێتەوە کە بە پێداگرتنەوە دەیەویست درێژەی پێبدا.

پاش نەشتەرگەرییەکەی وی، پەرویز سواری فرۆکە بوو. لەکاتی دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانەوە، هەموو بەڵگەکانی کۆ کردبوونەوە -ئەوانی ڕێکوپێک کردبوو، ڕێنوێنییەکانی خۆی نووسیبوونو خەرجی چاپکردنیانی دابوو کە لە دووبەرگو لەژێر ناوی "داوانامەی میکۆنووس"دا چاپ بکرێنو ئەوانی وەک کتێبی خۆی ناو دەبردن، ئەگەرچی لە هێندێ بارەوە کەموکورییشیان هەبوو —لە هێندێکجێ ژمارەی لاپەڕەکان نەنووسرابوو، تێبینییەک نووسرابوو،و لەدوایەدا چەند لاپەڕەیەک زیاد کرابوون- بەگشتی ئەم نووسراوانە وەک کاری ڕۆژنامەنووسێک دەچوون کە زۆر بەهۆشە بەڵام لە دەروازەی شێتبووندایە. سەرەنجام ناچار بوو ئەو بابەتانەی مەبەستی بوون بەجۆرێک بڵاو بکاتەوە کە شۆهرە بابەتگەلێکیان لەسەر بنووسێو حەمیدیش بەناچار پشتڕاستیان بکاتەوە. ڕووکارو شێوەی ناشییانەی بەرگەکانی کتێبەکەی کە بەرگێکی مقەبای سپییان تێگیرابوو هەستی دەستبەکاربوونێکی توندو خێرای لەنێو ئێرانییە دووروڵاتەکاندا بزواندو پەرویزیان بردە ئەو شوێنانەی ئورووپاو ئەمریکا کە لەواندا هەقی هاتوچۆیان هەبوو.

کاتێک سواری ترومبێل ببوو، بۆی دەرکەوت کە ورەی، ڕاست وەک قەوەزەی سنگی کچەکەی، خەریکە بتەقێ. ترسو بێمتمانەیی بەجۆرێک هەموو گیانیی داگرتبوو کە بەزەحمەت دەیتوانی لە دیداری ئەوکەسانەی لەدەوری کۆ ببوونەوە تاگوێ لە قسەکانی بگرن، خۆشحاڵ بێ. ئەو هەمیشە ئەوکاتانەی توانای خۆی لەدەست دەدا، دەستی لە خوێندنەوەی

بابەتەکان هەڵدەگرت. لە شـاری نیۆیۆرک، ژنێکی خوێنشـیرنو بەئەدەب کە چەند کتێبێکی وی بەباوەشەوە بوون تا بۆی ئیمزا بکا، بەپارێزەوە لێیپرسی پێیخۆشە بۆ گەڕانی نێوشار دەگەڵی بچێ. دەگەڵ ئەوەی زۆری کەیف بە جوانیيەکەی هاتبوو، پێشـنیارەکەی ڕەت کردەوە، چونکە دڵنیا بوو ماتا هاری (Mata Hari)یە.[١] لەشـاری لۆس ئەنجلیس، خانەخوێکانی کە نیگەرانی ئەمنیەتی وی بوون، سەگێکی ئەڵمانیيان لەبەر دەرکی ژوورەکەی لە هوتێل دانا. بەڵام سەگەکە هەمیشە بە ڕووگرژی تەماشای دەکردو هەموو جارێ کە پەرویز لە دەرگای ژوورەکەی نیزیک دەبۆوە، دەدانی لێدەچیرەوە دەبردنو ئەمە بەتوندی ئەوی نیگەران دەکرد. لە شـــاری مەیامی، خانەخوێیەکی دیکە ئەوی بردە قەراغ دەریا. پاش ئەوەی چوونە نێو ئاوی دەریا، هەورەکان بەری هەتاویان گرتو خانەخوێ کە نیگەران بوو تۆفانێک دەســت پێبکا، بە مەلەکردن لێی نیزیک بۆوە تا ئاگای لێیبێ. بەڵام پەرویز کە لێی بەگومان بوو کە لەحاڵی هەسـتانی شـەپۆلەکاندا لێی نیزیک دەبۆوە، بە مەلەکردن لێی دوور کەوتەوە. ســەرەنجام خانەخوێ کە نیگەران ببوو، بە مەلەکردن چۆوە قەراغ دەریاو بەرزەوێژەکەی لە نیگابان وەرگرتو داوای لە پەرویز کرد لە ئاوەکە بێتەدەر.

پەرویز ئەوەشـــی بۆ دەرکەوت کە زۆر لە قســـەو ڕێنوێنیيەکانی نووریی لەبیر چوونەوە. دەوروبەرە دلۆڤانەکەی بەو پرسـیارە ماندووکەرانەی لێیان دەکردو بەو لێکدانەوە پترماندووکەرانەی دەریاندەبڕین، ئەویان دەخسـتەوە یادی تێگەیشـتوویيو زانایی دۆسـتە کۆنەکەی. دوای ئەوەی هاتەوە بێرلین، ڕۆژێک چووە گۆڕسـتان. ئەوپارچە زەویيەی گڵکۆی نووریی تیدا بوو یەکجار ناڕێکوپێک بوو. چەپکەگوڵە وشـکبووەکانو ئەو نەوارە ڕەشـانەی تازیەداران لە باسـکی خۆیانیان دەبەسـتن، بەدەوروبەری گڵکۆکەدا بڵاو ببوونەوە. لەسـەر گۆڕی دۆسـتەکەی چۆکی داداو دەسـتی کرد بەگریان. جاران، هەروەخت دەگەڵ شـکانێک بەرەوڕوو دەبوو، بیری ساڵەکانی دواتر بۆ ڕاستکردنەوەی کارەکان، ئەوی دێنایەوە سەرەخۆ. بەڵام ئێستا، تەنیامانەوەی لە هەموو کاتێک بەژانترو شکانی لە هەموو دواکەوتنەکانی ژیانی ناخۆشتر بوو. خەریک بوو لە تەمەنی

---

[١] -ماتا هاری ١٩١٧-١٨٧٦ ناوی هونەریی مارگریتا زیلی بەناوبانگترین جاسـووسـی مێژووی نوێیە کە سـەماکەر بووە. لەگۆگل وەرگیرا. —وەرگێڕ-

پەنجاسـالّی نیزیک دەبۆوە. لەپەسـتا دەگریاو کاتێک فرمێسـکەکانی تەواو بوون، هەتا شـەو داهات، بەبێدنگی لەسەر زەویی ڕەقوتەقی تەنیشت گڵکۆی نووری دانیشت.

وەختێک شـــۆهرە دەگەڵ کچە بێدەنگەکەی نیوڕۆژیان دەخوارد گوتی: "دەزانی ئەمڕۆ لە دادگا چ‌پێشهاتێک ڕووی‌دا؟"

سارا بەدەگمەن قسەی دەکرد. هەروەخت تووشی غەم‌وخەفەت دەهات - ئەمە زیاتر ئەو وەختانە بوو کە دایکی لەلا نەدەبوو- شـۆهرە بۆئەوەی وتووێژی دەگەڵ دەسـت پێ‌بکا، ڕاپۆرتگەلێکی لەبارەی دادگاوە بۆ باس دەکردو هەردووکیان هەمیشـــە بە حاڵەتێکی یەکجار ئەرێنی‌یەوە پێکەوە دەدوان. بڕوونۆ یۆست پیاوێکی هەڵکەوتوو بوو، هانس یوواخیم بە زمانی یۆنانی وتاربێژێکی‌بەتوانا بوو،و دادوەر کووبش ، کە کەسـایەتی‌یەکی بەرزو جێگەی متمانە بوو، بەنهێنی لایەنگریی لەوان دەکرد، بەڵام لە دادگا بۆئەوەی ئەوە دەرنەکەوێ بەڕواڵەت بە توندی دەگەڵی دەجووڵایەوە. هەموو شـــایەتەکانیان نەخشـــی خۆیان زۆرباش بەجێ دێنا، لەحاڵێکدا یەک‌بەیەکی شـــایەتەکانی تۆمەتباران کەسانێکی بێ‌مایە بوون.

لە بەرامبەردا، ئەوەی لە سارا دەبیسرا تەقەتەقی ئیستیکانو ژێرپیاڵەکانی چاخواردنەوە بوو،و ئەگەر شۆهرە تینێکی بۆ هێنابا، بەسادەیی دەی‌پرسی: "ئەرێ، کەنگێ تەواو دەبێ؟"

ئەم پرســیارە هەمیشـــە دایکیی لە بەرامبەر زیرەکیی ویدا ســەرســام دەکرد. لە درێژەی دادگایی‌یەکەدا چەند سەرکەوتنێک بەدەست هاتبوون، بەڵام هەرکام لەو سەرکەوتنانە بەقیمەتی چەند حەوتوو و مانگ کارو تێکۆشـــان وەدەســـت کەوتبوون، دادگایی هەر بەوجۆرە کە دارابی بەڵێنی دابوو، کەوتبووە سێیەمین ساڵی خۆی‌و کۆتایی‌یەکەشی بەهیچ‌جۆر پێش‌بینی نەدەکرا.

بابەتێک کە سـارا نەی‌دەتوانی دەری‌بڕێ ئەوە بوو کە هەروەخت دایکی دەچووە دادگا، سـام دەیگرت. ئەو لەوە دەترسـا کە نەکا ئەو پیاوانەی بابی‌یان لێ‌سـتاندبوو، دایکیشـی بکوژن. پتر لە هەرحوکمێکی دادگاو هەرسـەرکەوتنێک لە دادگایی‌یەکەدا، خوازیاری ئەوە بوو ئەو ڕەنج‌و ئازارە کۆتایی بێ. ئەو خوازیاری ئەوە بوو ژیانێکی ئاسـایی بۆ پێک‌بێ کە دوور بێ لە زەنگ‌لێدانی بەردەوامی تەلەفون، پچڕانی بەردەوامی دەزگای فاکســەکەیانو قەڵافەتی نیگەرانی دایکی کە زۆربەی کات هەوڵی دەدا نامەیەکی دیکە بۆ نوێنەرێکی دیکەی کۆنگرە بنێرێ یان وەڵامێکی گونجاوو بێ‌کەموکوڕی بۆ راپۆرتنووسـێکی دیکە بنووسـێ. خوازیاری ئاشتی‌و ئارامی بوو تا

بتوانێ بە ئاسوودەیی و بە شادی و ئارامی بخەوێ. بەڵام بەیانیی هەموو ڕۆژەکان، لەو گوێبەزەنگییە نیگەران بوو،و شتێکی سەیری بەمێشکدا دەهات کە بە ماتەماتە لە ژوورەکەیدا دێتەوەچێ، هەرچەند کاتێک وەخەبەر دەهاتو چاوی هەڵدێنان ئەوشتە هەمووجارێ ون دەبوو.

دایکی وەڵامی دایەوەو گوتی: "ئۆی! لەهەڵەدای، مشکۆڵە. ئێمە خەریکین سەردەکەوین." بەڵام ئەو جلکە ڕەشانەی هێشتا دەبەریدا بوون، نە نیشانەی سەرکەوتنو نە مایەی خۆشحاڵیی کچە دوازدە ساڵەکەی بوون. سارا لەوی دەپرسی کە کەنگێ ئەوجلە ڕەشانە وەلا دەنێ، بەڵام شۆهرە حاشای لە تازیەداربوونی خۆی دەکرد.

"بۆیە وا دەکەم تا بەخەڵکی دیکە نیشان بدەم ئێمە چ ئازارێک دەچێژین. ئەمە هەر بۆ ماوەیەکی کورتە "

"دایە، ئەمە دووساڵی کێشاوە. ئەمە هیچ کاریگەرییەکی نیە."

دەنگی سارایە جۆرە ئاوازێکی بێبەزەییانەی تیدابوو، ئەوەی شۆهرە لەناخی دڵەوە دەیەویست دادپەروەری، دادپەروەریی ڕاستەقینە بوو کە زۆر بەسپایی و لەسەرەخۆ دەچووە پێش. بەڵام نەبوونی بەزەیی خراپترین شت نەبوو کە شۆهرە لەکچەکەیدا بەدیی دەکرد.

"ئەوەی بەڕاستی بەکار دێ، پارچەچەکێکە کە ئەو پیاوانەی پێبکوژن، ئەمە خێراترینو باشترین شتە." هەرکات شۆهرە دەرکەوتنی ڕقی لەڕادەبەدەری سارایەی دەدی، لێدانی دڵی خێراتر دەبوو. بەڵام هەوڵی دەدا هێمنییەک لەخۆی نیشان بدا کە زۆرجار لە سالۆنی دادگادا نەیدەتوانی لەبەرچاوی بگرێ. تەقەکردن شتێک بوو کە پیاوکوژانی بێبەزەیی (کە ئێستا دادگایی دەکران) ئەنجامیان دابوو. شۆهرە زۆربەی کات دەیگوت: "بێڕەحمی و پیاوکوشتن ڕێبازی ئەوانە بوو،و شارستانەتی و ڕەفتاری باش خووخدەی ئێمەیە."

هێندێ بابەت دەربارەی دڵگەورەیی و دڵنیاییەک کە دایکی مەبەستەکانی خۆی پێدەردەبڕینو شێوەیەک کە مەبەستەکانی خۆی لەبارەی "ئێمە"و "ئەوان"و "ڕەفتارنەرمی"و "دڕندەیی"یەوە پێ بەیان دەکردن، جۆرێک ئارامیی دەروونییان بە سارا دەبەخشی و بەشێک لەو ڕێکوپێکییەی لە ژیانیاندا هەبوو، وەبیر دێنایەوە کە لەو شەوەی مانگی سێپتامبردا لە دەستیان چووبوو.

شۆهرە باسی شارستانەتیی دەکرد، بەڵام ئەوە دروستیی ئەقڵو شعووری بوو کە پتر مێشکو زەینی وی بەخۆیەوە خەریک دەکرد. ئەو ڕۆژانەی لە دادگا بوو، لەباری دەروونییەوە هەستی بە ساغی دەکرد. جگە لەوە، کاتێک دەگەڵ سارا خەریکی ئاشپەزییش دەبوو هەستی بە ژیریی خۆی دەکرد. وەختێک راپۆرتنووسەکانیش دەهاتنە لایو دەزگای تایپەکەیان وەگەڕ دەکەوت هەستی بە ساغیی ئەقڵی خۆی دەکرد. بەڵام هەرکە بەتەنیا دەمایەوە، ساغیی ئەقڵو شعوور لێی دوور دەکەوتەوەو بێدەنگی زەندەقیی دەبرد. هەورێکی خەموخەفەت، وەک بنیادەمێکی ناجسن، شەوو ڕۆژ دڵو هۆشی وی دادەگرتو کاتێک تەنیا بوو سەرتاپای گیانی وی دەگرتەوەو ئەو وشانەی بەسرتە بەگوێدا دەچپاند کە سارا گوتبوونی: "تەماشای کە! ئەمکارە بە هیچئاکامێک ناگا."

تەنیا دایکی نووری دەیتوانی دڵخۆشیی بداتەوە. کاتێک بە تەلەفون قسەیان پێکەوە دەکرد، لە دەنگی ویدا هەستی بە ڕەنجو پەرێشانییەکی توند دەکرد کە وەک بارودۆخی خۆی دەچوو. پاشان لە وتووێژێکی دیکەدا، هێندێ نیشانەی شوومی ناماقووڵیی لە قسەکانیدا بەدی کردو ئیدی نەیدەوێرا دووبارە قسەی دەگەڵ بکاتەوە. پیرەژنی ناوبراو لە دواتەلەفوندا کە بەهۆی سەرمابوونەوە تای هەبوو، بەشۆهرەی گوت کە داوای لێبووردنێکی پێ قەرزدارە.

"ئەگەر ئەوماسییەم نەخواردبایە، هیچکام لەو مەسەلانە نەدەهاتنە پێش. بووکە بەستەزمانەکەم، تووشی ناڕەحەتیم کردی."

دایکی بێکەسی نووری کە لە تاران دەژیاو بەهۆی پیریو دوورکەوتوویی، بەزەحمەت دەیتوانی لە ئێشو ئازاری خۆی بدوێ، خەموخەفەتە قەدەغەکراوەکەی کە دەهەناویدا شارابۆوە، ڕەنجو ئازارێکی زۆرتری بۆوی پێکهێنابوو.

پیرەژن لەحاڵێکدا دەگریا، گوتی: "ئەمە هەر ئەوماسییە بوو. وەختێکی قووتم دا، شتێک وەزعی گەدەمی بەجارێک خەراپ کرد. ئای لەمکەتنە! هەر لەبەر ئەوە بوو کە ئەویان کوشتبوو."

شۆهرە لەحاڵێکدا وشەی "کەتن"ی لە قسەکانی وی لابردبوو چونکە دڵنیابوو کە تەلەفونەکەیان کۆنترۆڵ دەکرێ، گوتی: "دایە گیان، هەرچیت خواردوە یان نەخواردوە نەیدەتوانی پێشی ئەو ڕووداوە بگرێ کە هاتۆتە پێشت."

"کەسانێک بەمنیان گوت ماسی‌یەکی زیندوو بە تەواوی قووت بدەم. بە منیان گوت ئەگەر وەختێک دووگیان بووم ئەوکارە بکەم، منداڵەکەم زۆر زرینگ‌و بەهۆش دەبێ. تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو،و ئەوم زۆر خۆشدەویست. بابی دەگەڵ سوپاو دوور لەماڵێ بوو. ئەمن تەنیا بووم. گەیشتمە حەوزی حەوشەی‌و ماسی‌یەکم لەلای کلکی‌ڕا گرت‌و هاویشتمە زارم، ڕۆیشتە خواری‌و سەرانسەری ئەو ماوەیە لەنێو گەدەمدا دەجوولا. هەڵسووڕانەکەی هەروا درێژەی کێشاو کاتێک لە جوولە وێستا، زانیم ئاڵوگۆڕێک ڕووی داوە. ئەوکارەم بۆ کوڕەکەم کردو ئەگەر ئەوماسی‌یەم نەخواردبایە، ئێستا ئەو کوڕێکی ئاسایی‌و زیندوو بوو..."

خەڵکی دێوسروشت‌و جۆراوجۆر بڕوونۆ یۆستیان ئازار دەدا. هەر ناوەکەی ڕقی زۆرکەسی هەڵدەستاند. لە دادگا تەنانەت بەشێک لە دادوەرەکانیش بە بوونی لەوێ ناڕەحەت دەبوون. دوانیوەڕۆیەک، لە ژووری کاری خۆیاندا، یەکێک لە دادوەرەکان لەئاکامی خۆبواردنی دادئەستێندا کە دەیەویست لە ڕادەی تۆمەتەکانی کەم بکاتەوە، بەتوندی تووڕە بوو. ئەوان کۆ ببوونەوە تا لەبارەی خۆبواردنی یۆست لەکەم‌کردنەوەی تۆمەتەکانی وەزیری ئیتتیلاعاتی ئێرانەوە باس بکەن. کۆمەگ‌دادوەرەکە بەسەر دادئەستێنە سەرسەختەکەیدا نەڕاندو گوتی:

"ئەتۆ چت دەوێ، جەنابی یۆست؟ داخۆ ئەتۆ بەهیچ ڕازی دەبی؟ ئێوە پێنج‌کەستان لە گرتووخانە [بازداشتگاه، الموقف]دا هەن. بیاننێرە زیندان [السجن]و تەواوی کە. بۆ ناتوانی؟"

جگە لە گاردەکان، ناوی لەسەر زاری هەموو پێش‌نوێژەکانی ڕۆژی هەینی بوو، چونکە یووسف بەدەگمەن کەسێک هەبوو بەرگریی لێ بکا. لە شاری پیرۆزی قوم، شەپۆلێک لە ناڕازی‌یانی تووڕە لە ڕیزی نوێژکەران هاتبوونە دەرێ‌و بەتوندی دژی وی دروشمیان دەدا. بەڵام، سەردەبیری باڵیۆزخانە (کۆل) لەجیاتی ئەوەی بەیاننامەیەک بە پشتیوانی لە دادئەستێن بڵاو بکاتەوە، نامەیەکی ئاشتی‌خوازانەی بۆتاران ناردو لەودا لەوە کە لە لێکۆڵینەوەکاندا سووکایەتی بە هەستی مەزهەبی کرابوو، داوای لێبووردنی کرد.

گاردەکان هەرگیز دەستیان لە پشتیوانیی یۆست هەڵنەگرت، تەنانەت ئەوکاتانەش کە لە ماڵەکەی خۆی بوو، ئەوەندەش دەگەڵی گەرم بوون کە لە ڕۆژی کریسمەسدا، یۆست دیاری‌گەلێکی بۆ لەبن دارێک دانان‌و نانی جەژنی دەگەڵ هەموو ئەو پیاوە بەهەیکەلانە خوارد کە هەروەخت لە ژوورەکەدا بێدەنگی‌یەک ڕووی دەدا، تەنیا لەبیری تفەنگەکانی خۆیاندا بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکان لەبارەی سکاڵای قانوونی‌یەوە بەتوندی تێ‌دەکۆشان. کوژرانی چوار پیاو لە رێستورانی بێرلین لە رۆژێکی مانگی سێپتامبردا لە هەموو تەلەفاتێک زیاتر باس دەکراو زۆر شتی دیکەی خستبووە سێبەرەوەو لە ئەڵمان ببوو بە گرنگترین مەسەلە لە پێوەندی دەگەڵ ئێراندا. حیزبەکان لە درێژەی رەوتی دادگادا هەموو جۆرە نهێنی کاری یەکیان دژی خەنیمەکانی خۆیان کە پێشترو ئێستاش لەو ئیدارەیە کاریان دەکرد، بۆ بێ‌ئابڕووکردنی وان بەکار دێنا. لە بێرلین، گوێ‌گرتن لە قسەو لێکۆڵینەوەکان لەبارەی رەفتارو کرداری نوێنەرانی لۆکاڵەوە هەروا درێژەی هەبوو،و لەنێوان چەندین کەس لە کەسایەتی‌یەکاندا، بەرۆکی سکرتێری کاروباری نێوخۆی بێرلینیان گرتبوو. کەندوکۆژو لێکۆڵینەوەی دیکەی فیدراڵ بۆ بردنەپێشی بابەتی دادگا لەلایەن نوێنەرانی جۆراوجۆرەوەو نوێنەرانی ئەوانەوە بۆوێنە برێند شمید باوێر، راست وەک دادگایی‌یەکە خۆی ببووە کارێکی بێ‌کۆتایی.

بۆ هەموو گیروگرفتەکان -دەنگۆکان، پرسیارەکانو سووکایەتی‌یەکان-ی پێوەندیدار بەو زیانانە کە لە قازانجە سیاسی‌یەکان -دەگەڵ ئێرانو بەشەکانی دیکەی ئورووپاو وڵاتە یەکگرتووەکان-سەرچاوەیان دەگرت، سیاسەتمەدارە تووڕەکان رقو تووڕەیی خۆیان بەسەر یۆستدا رشتو بە ئاشکراکردنی دەنگۆگەلێک بۆ لەنێوبردنی رێزو ئیعتیباری دادئەستێن کەوتنە فکری تۆڵەکردنەوە.

شەوێکیان یەکێک لەکارمەندانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوە، لەحاڵێکدا پێکێک ویسکیی دەخواردەوە بە هووفیل شۆلتی گوت: "ئای لەو بڕوونۆ یۆستە نەفرەتی‌یە، دەسەڵاتێکی نەفرین‌خوڵقێنی لە کارلسڕووهە (Karlsruhe) دروست کردوەو هەموو ئەوکارانە لە بایەخو ئیعتیبار دەخا کە ئێمە لەو ساڵانەدا بۆمان کردوون. ئەو نەفرەتی‌یە تازەکارە لە کاروباری دادوەریدا، ڕووداوی میکۆنووسی بۆ دەستپێکردنی کارە تازە نەفرەتی‌یەکەی بەدەستەوە گرتو نازانێ کەنگێ دەبێ دەستی لێ‌هەڵگرێو بیداتە دەستی ئێمە. بەڕاستی دەزانن کە ئەو ئەقڵو شعووری خۆی لەدەست داوە؟ ئەو ئێستا دوای خواردنەوەی ئەلکول کۆمەڵێک دەرمانی هێدی‌کەرەوەی پزیشکی دەخوا. زۆر ناخایەنێ کە دادوەرەکان لە وەزعی وی ئاگادار دەبن."

ئەم دەنگۆیانە گەیشتنەوە سەرۆکەکەی یۆستو داوای لێ‌کرد بچێتە ئیدارەکەی.

"تووشی گیروگرفتێک بووی جەنابی یۆست؟ هیچ شتێکی نائاسایی هاتۆتە پێش کە بتەوێ بەمنی بڵێی؟"

یۆست کە هەمیشە پیاوێکی سەنگین بوو، شانی هەڵتەکاندو گوتی بەهیچ‌جۆر."

بەڵام بەتەواوی هەستی بە بێتواناییو داماوی دەکرد. دادگایی‌یەکە ڕاست وەک ئەو ڕۆژەی دەستی پێکردبوو، بێکۆتایی دەهاتە بەرچاو. هەرکاتێک یۆست پێی وا دەبوو ئەمە دواشایەتیدان دەبێ، تاقمێک کە نوێنەرایەتیی تۆمەتبارەکانیان وەئەستۆ گرتبوو، شایەتێکی دیکەیان دێنایە پێشێو هەروەخت خۆی ئامادە دەکرد دواباسی خۆی پێشکەش بکا، ئەوان بەڵگەیەکی دیکەیان نیشان دەدا. نەیدەتوانی کارێک دژی فرت‌وفێڵەکانی وان بۆ درێژکردنەوەی کاری دادگایی‌یەکە ئەنجام بدا. جگە لەوە، دادوەر کووبش بەدەگمەن دەرفەتی بیستنی مەسەلەگەلێک لە شایەتێکی تازە یان سەرنجدان لە شتێکی تازەدەرکەوتووی لەدەست خۆی دەدا. کووبش کە بەئاسانی داخوازی نامەنتیقیی تۆمەتبارەکانی قبوول دەکرد، بۆ زۆرکەس لەوانەی لەدادگا ئامادە بوون ببووە مەتەڵۆکەیەکو بۆ یۆستیش هەروا.

بەڵام بۆ گەورەوەرگێڕی زمانی فارسی لە دادگاو ڕێنوێنی جێی متمانەی یووسف کە زەمان‌خان بوو جۆرێکی دیکە بوو. ئەو لەبارەی دادوەر کووبشەوە هێندێ بابەت فێر ببوو کە کەسی دیکە لەدادگا نەیدەزانی -وردەکاری‌یەک کە لەدەستی ناحەزانی دادگادابوو،و دەشیتوانی مەترسیدار بێ. پاش‌نیوەڕۆیەک ئارام فۆریە کە زەنگی دەرگای ماڵەکەی‌یان لێدا، ئەو مەسەلەیەی بۆ دەرکەوت.

ژنێکی گەنجی ناسک‌ئەندامو مووزەرد لەپێش دەرکی ماڵەکەی ڕاوەستابوو. وردی‌و وشیاری‌یەک لەسیمایدا دیار بوو کە وەک سروشتە تایبەتی‌یەکانی خۆی دەچوو، دڵنیای کردو بردیە ژووری ماڵەکەی. ئەو هاتبوو تا لە کاروبارەکانیدا یارمەتیی بدا. ئەوژنە داوای لێدەکرد دۆسیەیەکی بۆ وەرگێڕێو تکای لێکرد ئەوەی بەتەواوی بەنهێنی ڕابگرێ. پێداگرتنەکەی سەیر دەهاتە بەرچاو چونکە ئەمە کاری ڕۆژانەی وی بوو.

لێی‌پرسی: "ئەتۆ کێی؟"

ژنە، کە شڵەژابوو، خۆی ناساندو گوتی: "ئەمن... ئای ئازیزەکەم! ئەمن خاتو کووبشم." ئەم ناوە، وەرگێڕەکەی هەژاندو ساتێکی کورت تێیەوە ڕاماو ڕاست بەوجۆرە کە تەماشای دادوەری دەکرد، بەوردی سەرنجی دایە ڕوخسارو سیمای ژنە گەنجەکە. بێدەنگی بەسەر هەردووکیاندا زاڵ بوو تا سەرەنجام خاتو کووبش بێدەنگیی شکاندو گوتی: "بابم باوەڕی وایە ئەتۆ باشترین کەسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کە ئەوکارە دەکەی‌و داوای لێ‌کردم نەچمە لای کەسی دیکەو گوتی دەبێ تۆ ببینم. ئەو کەمێک -چۆن بڵێم- نیگەرانە. دەزانی مێردەکەشم وەک تۆ ئێرانی‌یە."

ئەو جارێکی دیکە خێرا سەرنجی دایە دۆسیەکە. لەنێو لاپەڕەکانیدا بیرەوەریی ڕابردووی ماڵەکەیان لە تاران‌و پێداویستی‌یەکانی ماڵ، بڕوانامەیەکی لەدایک‌بوون‌و چەند بڕوانامەی دیپلۆم هەبوون. کاتێک ئەوانی هەڵدەدایەوە، پەی بەگرنگیی ئەو شتانە برد کە لەبەر دەستیدا بوون. زاوای گەورەدادوەر، وەک فریودراوەکانی ئامادە لە ژووری دادوەر لە ئێران ڕای‌کردبوو. ناڕەحەتیی وی ئەویشی گرتبۆوە. ئەگەر خەبەری پێوەندیی کووبش دەگەڵ ئێرانی‌یەکان، بەتایبەتی کەسێک کە دژی ڕێژیمی ئێران بوو، گەیشتبا، پارێزەرانی تۆمەتبارەکان ڕاست ئەو شتەیان دەست دەکەوت کە لێی‌دەگەڕان -بەڵگەیەک بۆ نەبوونی سەلاحیەتی دادگاو داوای وەدواخستنی.

ئەو دوانیوەڕۆیە بوو بە ڕاگری نهێنی‌یەکانی دادوەر کووبش. گەورەدادوەر ئیدی کەسایەتی‌یەک نەبوو نهێنی‌کارو دەستوێڕانەگەیشتوو، بەڵکوو کەسێک بوو گرفتاری گیروگرفت‌و ژانەسەرێکی وەک گیروگرفتە هەمیشەیی‌یەکانی خۆی. زەمان‌خان زۆر لەمێژ بوو دەگەڵی ئاشناو دۆست بوو، بەڵام کاتی دەستپێکردنی دادگایی‌یەکە، هەموو پێوەندی‌یەکی خۆی دەگەڵ بنەماڵەی نووری‌و هەموو دوورخراوەو دوورولاتەکان پچڕی نەوەکا بێ‌لایەن‌بوونەکەی لەلایەن دادگاوە بکەوێتە ژێر گومان‌و بۆئەوەی ببێتە وردترین وەرگێڕیش، ئەمە باشترین کار بوو کە دەی‌توانی بۆ نووریی بکا. بۆ کۆمەگ بە بێوەژنەکەی، خۆی لەوو لە هەموو ئەو کەسانە دوور ڕاگرت کە هەوڵیان دەدا لە ڕێگای ویەوە سەر لەکاری دادگا دەربکەن بەوهیوایە کە متمانەی دەزگای پۆلیس‌و لێکۆڵەران‌و دادئەستێن بۆلای خۆی ڕاکێشی‌و وای دەهاتە بەرچاو کە دادوەر کووبشیش هەر ڕێگایەکی وای گرتۆتە پێش‌و بۆ پارێزگاری‌و پاراستنی کەسانێک کە خۆشی دەویستن، بەشێوەیەکی جێی متمانە خزمەتی دادگای دەکرد تا متمانەی کەسانێک بەدەست بێنێ کە ڕەنگ بوو گومانیان لە بێلایەن‌بوونی ویدا هەبێ.

ئەو دادگا درێژە بێ‌سوودیش نەبوو. پارێزەری تۆمەتبارەکان کەلکی لە دەرفەت وەرگرت بۆ ئەوەی هێندێ کۆسپ بخاتە سەر ڕێگای سکالاکەران. بەڵام، ڕۆژگار هێندێ دیاریی

پێشبینی‌نەکراوی بۆ یۆست پێ‌بوون. یەکەم دیاری، ئەگەرچی هێشتا گەورەترینیان نەبوو، لە مانگی ژانویەی ١٩٩٦دا بۆ وی هاتە خوار.

حەمید لەسەر ڕێگای خۆی بەرەو خواردنگەی خۆڕایی لەکاتی پشووی نانی نیوەڕۆیەدا، بەخێرایی چووە لای دادئەستێنو سلاووئەحواڵپرسی‌یان لە یەکتر کرد. یۆست بێ‌ئەوەی هەنگاوەکانی شل بکاتەوە، بەخۆشحاڵی‌یەوە گوتی: "ئێرانی‌یەکانی نێو تەماشاچی‌یەکان، دەتوانن ئەمرۆ دوانیوەڕۆیە چاوەڕوانیی وەرگرتنی شۆکۆلاتێک لەدەستی منیان هەبێ."

حەمید کە پێی‌خۆش بوو یۆستی بە ئەندازەی پێویست ڕابگرێو بابەتگەلێکی زیاتری لێ‌ببیسێ، بە دەنگێکی بەرز گوتی: "بەڕاستی، جەنابی یۆست زۆرخۆشحاڵت کردم. دەتوانی وەمێنی..." بەڵام ئەو هەر زەردەخەنەیەکی کردو خێرا تێ‌پەڕی.

وەختی نیوڕۆژخواردن ئێریگ خەبەرەکانی پشتڕاست کردنەوە. هەرچەند ئەویش شتێکی زیاتری نەدەزانی. هەردووکیان بەپەلە نیوڕۆژەکەیانیان خواردو خێرا لە شوێنی نانخواردن وەدەر کەوتنو بە بەرپرسانی خواردنگەیان گوت کە چوەختێک بۆ نانخواردنێکی دیکە دێنەوە. ئێریگ چەند ڕێنوێنی‌یەکی قانوونیی بەو گوتن:

"بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا، بەرگری‌کردن بێ‌ئەندازە درێژ دەبێتەوەو ئەوان ئەوکارە دەکەن، بەڵام، وێ‌دەچی ئەوکارە ئاکامی پێچەوانەی هەبێ. لە دادپرسی‌یەکی وا گەورەدا، هەمیشە چاوەڕوانیی شتی سەیروسەمەرە دەکرێ. تێپەڕینی ڕۆژگار هەر بەوڕادەیە کە وێ‌دەچێ بە زیانی وان تەواو بێ، لەوانەیە بەقازانجیشیان بشکێتەوەو ڕێی تێ‌دەچێ ئەوان پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە قسەکانی خۆیان بکەن."

دوانیوەڕۆی ئەوڕۆژە، برونۆ یۆست داوای کرد ڕێگای بدەن بەڵگەیەک لە بەشی دژی تێرۆریزمی Bfv (ئیدارەی فیدراڵ بۆ بەرگری لە قانوونی بنەڕەتی) نیشان بدا. پاش ئەوەی ناوبراو لە سێپتامبری ١٩٩٢دا بەرپرسایەتیی ئەو بەشەی وەئەستۆ گرت، هێندێ پرسیاری پێوەندیدار بە کەندوکۆژی بۆ هەموو ئاژانسە پێوەندیدارەکان بەرێ کرد. لە ئاکامدا ڕاست ئەوکاتە،Bfv بەڵگەیەکی ڕێ‌نیشاندەری خستە بەرچاو.

ڕێگایان بە یۆست دا لەوێ ئامادە بێ.

"دەمەوێ ئەم بەڵگەیە وەک شایەتی‌یەک بخەمە دۆسیەکەوە. چونکە ئەم بەڵگەیە کۆمەگ بە ڕوونکردنەوەو ڕاشکاوبوونی نێوەرۆکی ئەو شتە دەکا کە لەبارەی تیرۆریزمی دەوڵەتی‌یەوە لە سزاخوازی‌یەکەدا هاتوەو هەروەها نەخشی بەڕێز دارابی وەک ڕێکخەری ئۆپێراسیۆنەکە ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر ڕێگام بدەن چەند دێڕێکی لێ‌دەخوێنمەوە:

"تاقمێکی تایبەتی بەناوی کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی بەهاوکاریی وەزارەتی ئیتتیلاعات دەستیان لە کوشتنی ڕێبەرانی کورد لە بێرلین لە ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا، هەبووە. تاقمی ناوبراو لەمێژە کە بەدووای ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوەن‌و لە کوشتنی عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو لە ڤییەنیشدا ڕاستەوخۆ بەرپرسن."

دادوەرەکان حوکمێکی ڕەسمی‌یان بۆ بەرپرسی Bfv بەڕێ‌کرد کە دەبێ بێتە بەردەم دادگاو کاتێک هاتە شوێنی شایەتەکان دارابیی بەتوندی تووڕە کرد.

دارابی بەزمانی ئەڵمانی‌و بەدەنگی بەرز گوتی: "هیچ. ئەتۆ هیچ شتێکت لەسەر من نیە. هەمووی تۆمەت! هەمووی سکاڵا! ئەگەر شتێکت هەبایە، تەنانەت یەک شت، هەرلێرە نیشانت دابایە. بەڵام ئەتۆ هیچت نیە!"

یەکێک لەنێو تەماشاچی‌یەکانەوە بە هاوارکردن گوتی: "دەمت داخە!"

ئەویش بەزمانی فارسی هاواری کرد: "دایک‌حیزینە دیسان لێرەن. چەپەڵینە، چما نازانن کە ئێوە ناتوانن خەنیمی من بن؟"

هیچ وەڵامێک نەدرایەوە. بێدەنگی، هەروەک لە هەموو کۆبوونەوەکانی دادگادا هاتبووە پێش، غیرەتێکی پتری دا بە دارابی‌و ئەوان هیچ‌وەخت نەیانتوانی لەبەرامبەر شەڕانی‌بوونی ویدا ململانە بکەن‌و ئەویش جاربەجار دەمشەڕتر دەبوو: "هەتیوینە بێ‌غیرەتینە! خەڵکی گەمژەو ترسەنۆکی وەک ئێوە دەگرم. دەی‌بینن!"

دادوەر کووبش داوای کرد نەزمی دادگا بپارێزن‌و شایەتی ناوبراو قسەکانی خۆی دەست پێ‌کرد. دارابی، هەروەک بەڵێنی دابوو زۆرکورتی قسە کردو بە لەبەرچاوگرتنی قازانجی نیشتمانیی ئەڵمان، خۆی لە وەڵامدانەوەی پڕڕەخنەترین پرسیارەکانی دادگا بوارد. بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەڵگەیەک کە ئەو پشتڕاستی کردەوە، هەموو جۆرەگومانو دوودڵییەکی دەربارەی نەخشی فەللاحیان لە کەتنەکاندا کە لەمێژ بوو لەگۆڕێدا بوو ڕەواندەوە.

بەڵگەی Bfv ڕێگای بۆ بروونۆ یۆست خۆش کرد کە دەمێک بوو بەئاواتەوە بوو: لەو مەسەلانە کە پێوەندییان بەکەسانی پلەنزمەوە هەیە بگوزەرێو بەرۆکی داڕێژەرانی کەتنەکان بگرێ. وەزیری ناوبراوی بە کەتنکردن تۆمەتبار کرد. لە دۆسیەیەکی جیا لە دادگای فیدڕاڵدا، ئەو داوای کرد فەرمانێکی قانوونی بۆ گرتنی فەللاحیان دەربکرێ. هەتا ئەودەم هیچ دادئەستێنێکی ئورووپایی نەیوێرابوو ئەوندە بچێتە پێش.

وەرگرتنی بەڵگەیەکی قانوونی لە Bfv سەرکەوتنێک بوو. بەڵام ئەو نیعمەتە خواداوە بۆ شۆهرە بایەخێکی جیاوازی هەبوو. ئەوەی دەرخستبوو کە لەکاتی ناشتنی نووریدا لێی ئاگادار بوو: دەسەڵاتە گەورەکان دەستووری ئەو پیاوکوژییانەیان دابوو. ئەم بەڵگەیە ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە چەندین ساڵ بوو چاوەڕێی دەکرد.

بەڵام ئەم بەڵگەیە دەنگۆی پێوەندیدار بە جاسووسیشی برەو پێدابوو، جاسووسێک کە ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی میکۆنووسی دابوو. لەقاودانی ئەوە "بۆ یەکێک لە بەرپرسانی پایەبەرز کە پێوەندیی دەگەڵی هەبووەو ئەو شەوە لە ڕێستووران ئامادە بووە ببوو بە مایەی شانازیو سەربەرزی."

شایەتیدانی عەزیز هەرچەند مەحکوومبوونی لایەنی پێوەندیداری تێدا بوو، بەوحاڵە، تاوانو گوناحی ویی ساغ نەکردبۆوەو لە ئاکامدا نهێنییەکە هەروا بە نەدۆزراوەیی مابۆوە. بەدگومانییەکانی پێشوو دووبارە هاتنەوە پێشو ئەمجارە نوورییان گرتەوەو پەرشوبڵاویو دووبەرەکی دەگەڵ تاقمی ناوبراو قووڵتر بوونو تەنیامانەوەکەی چەندی بڵێی توندتر بوو. حەوت گوللە کە لە نووری درابوون بوونە هۆی دروستبوونی بەدگومانیی زیاتر لە هاودەردی دەگەڵ وی. "پیاوکوژەکان دەبێ بڕیاریان دابێ بێدەنگی بکەن تا دڵنیا بن کە ناتوانێ بە زیندوویی لەوێ بڕواتە دەرو قسە دەگەڵ خەڵکی بکا، ئەگینا بۆچی ئەوهەموو گوللانەیان لە کوشتنی وی خەسار دەکرد؟

بەڵام پێشتر، پێوەندیی دەگەڵ خەڵکە دوورولاتەکە خەریک بوو تەواو بێو بوونی لە کۆڕەکاندا بۆ زۆربەیان مایەی ناڕەحەتی بوو. ئەو کە هەمیشە جلی ڕەشی دەبەر دەکردن، قەت نەیدەهێشت کەسانی دیکە غەموخەفەتەکانیان لەبیر بەرنەوە- چارەنووسی هاوبەشی خۆیانو وڵاتەکەیان پڕ لەو گیروگرفتانە بوو کە پێیاندا تێپەڕیبوون. هیچکامیان نەیاندەهێشت ئەو

ئاسـوودە بێ. بەڵام بەدەگمەن بۆ کۆبوونەوەکانی خۆیان بانگهێشتنیان دەکرد. ئەگەر بەدەگمەن هەڵدەکەوت کە ڕێبازی وان دەگەڵ هەڵوێستەکانی وی ڕێک نەیەتەوە، بە بەزەیی‌یەوە چاویان لێ‌دەکرد، یان ئەو وای بیر دەکردەوە. ئەو هەمیشە غەمو‌خەفەتێکی وای لە سیمادا دەردەکەوت کە دۆستە کۆنەکانی هەرگیز چاوەڕێیان نەدەکردو بۆیە لە هاونشینی دەگەڵ ئەڵمانی‌یەکاندا پتر هەستی بە ئاسـوودەیی دەکرد. لەوجێی کاری لێ‌دەکرد، بەرپرسەکانی مۆڵەتی زیاتری حەسانەوەیان دەدایەو هاوکارەکانی، کە هیچ‌کات بیری لەوە نەکردبۆوە پێویستی‌یەکی پێیان دەبێ، ئەو ئەرکانەیان بۆ بەجێ دێنا کە نەی‌دەتوانی جێبەجێیان بکا.

سـەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، ئەوینی نووری هێشتا لەدڵیدا دەکوڵی‌و دەگەڵ ئەوەی بڕیاری دابوو لەبیر خۆی بەرێتەوە،، بەوحاڵە هەمیشە لە ڕەنجو ئازاردا بوو. ئەقڵو زانستی نووری شتێکی پایەدار بوو،و قووڵبیرکردنەوەو دووربینی‌یەکەی لە هەمووکەسانی دەوروبەری وردتر بوو. پاش تەواوبوونی شەڕی کەنداو، ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین لە شیمالی عێراق پێشبینی‌یەکانی نووریی وەڕاست گێڕا. ئەو کە باوەڕی بە دروست‌کردنی وڵاتێک بۆ کوردان هەبوو، دەکرێ بڵێین [ئارەزووەکەی] وەدی هاتبوو. وردبینیی وی دەربارەی گیروگرفتی کوردان، ئەوی پتر لە هەمیشە وەک کەسایەتی‌یەکی ئاگادار بە خەڵک ناساندبوو. شۆهرە تێ‌مابوو داخۆ ئەو مەسەلانە بۆ سارا -کە بەدەگمەن قسەی دەگەڵ وی دەکرد- باس بکا یان لێی‌گەڕێ بۆخۆی ئەوەی پێوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە لەمێشکیدا ڕابگرێ، یان لەبیر خۆی بەرێتەوە.

سـارا هەمیشـە بیرەوەری‌یەکانی باوکیی لە زەینیدا ڕاگرتبوو. دایکی نەی‌دەتوانی تێ‌بگا ئەوەی کچەکەی وی شیفتەی خۆی دەکرد، ئەوینو ئۆگری‌یە توندەکەی بوو. سارا نەی‌دەتوانی دەورەی بێدەنگیی نێوان خۆیان تەواو بکاو بەدایکی بڵێ کە چ‌شتێک دەتوانێ نیگەرانی‌و دڵەڕاوکەکەی ئارام بکاتەوەو ئاواتی دەخواست بتوانێ دووبارە بە نەرمی بجووڵێتەوە، بەڵام نەی‌دەتوانی بە دایکی بڵێ چ‌مەسەلەیەک لە مێشکی پڕهەستو خرۆشی ویدا هەیە. ئەو زۆرجار ئەو پرسیارەی بەشێوەی نزاو پاڕانەوە لەدایکی دەکرد: "دایە، هیچ‌وەخت بابم دەبینی؟"

ئەم پرسیارە، هەستی دایکیی دەبزاوت. بەڵام مەسەلە ئەوە بوو کە ئەم قسە خەیاڵاوی‌یانە چۆن دەهاتنە گۆڕێ. هەرچەند سارا باشی دەزانی کە دایکی لێی‌دەپرسێ مەبەستی لە بەکاربردنی وشەی "دەبینی" چیە. ئەو دەیەویست شۆهرەی ناچار بکا کە بڵێ بابی مردووەو کەس ناتوانێ بی‌بینێ. قسەیەکی واش بەنۆرەی خۆی سارای ناڕەحەت دەکرد. ئەوان بەدەگمەن قسەیان

پێکەوە دەکردو ئەگەر قسەشیان دەکرد، هەردووکیان وەک دوو پڵینگ بەرامبەر یەکتر ڕادەوەستانو خەریک بوون پەلاماری یەکتر بدەن -یەکیان بە ڕقوتووڕەیی و ئەوی دیکە بەنیگەرانی یەوە.

نە دایکو نە کچ ئاگایان لە ئەوینو خۆشەویستیی یەکتر بۆ نووری نەبوو. ئەگەر بەباشی لەوە ئاگادار بایەن، پێوەندیی یان ڕۆژبەڕۆژ باشتر دەبوو،و هاوپێوەندی یەکەیان پتەوتر دەبوو. سارا کە نەیدەویست زۆر قسە دەگەڵ دایکی بکا، قسەکانی هەمیشە بەم وتانە تەواو دەکرد: "بەیانیی زوو، کەسێک دێتە ژوورەکەم، دیارە هەموو ڕۆژێک نا، بەڵام زۆر زوو دێ. پێموایە باوکمە. جاران دەترسام، بەڵام ئێستا ئیدی ناترسم. کەچی هەرکە چاوان هەڵدێنم، ون دەبێ. دەزانم هەوە. چونکە پاش وی بارودۆخێکی سەیر ژوورەکەم دادەگرێ."

دەنگوباسی دادگایی یەکە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەسەردا هاتبوو. سەرنجی چاپەمەنی لە تۆمەتبارەکانی بێرلینەوە پەڕیبووە سەر فەرماندەرە گومانلێکراوەکانو وتارەکان یەک لەدوای یەک بەجۆرێک ڕەفتاری پیاوکوژانیان لە سەرانسەری جیهاندا خستبووە بەر تۆژینەوە تا سەرەنجام گەیشتبوونە تاران کە لەوێ نەزەری یۆست لەسەر فەللاحیان ساغ ببۆوە.

لە چارەی مارسدا، دیوانی بەرزی فیدراڵ داخوازی دادئەستێنی قبووڵ کرد. فەرمانی قانوونیی پێوەندیدار بە گرتن لە بەرزترینو گرنگترین چاوەڕوانی یەکانی خەڵکی دووروڵات بەولاوەتر ڕۆیشت. ئەو قوربانی یانەی پتر لە هەمووان چاوەڕوانی ئاکامی دادگا بوون -پەرویزو شۆهرە- لەو کارە ڕازی بوونو وردبینترین شایەتەکانی وەک حەمیدیش هەر بەوڕادەیە ڕازی بوون. دادوەر کووبش داوای لە بڕوونۆ یۆست کرد هەموو ئەو زانیاری یانەی دابوونی بە دادگای فیدراڵ بدا بە دادگاکەی ویشو کاتێکی دیاری کراویش بۆ دادگایی یەکە ڕابگەیەنێ: ٢٥ی ژوئەنی ١٩٩٦. ئەو ڕێنوێنیی دا بە دادئەستێنو پارێزەرانی هەردوو لا کە خۆیان بۆ دواباسەکان ئامادە بکەن.

هەر دەگەڵکوو دادوەری ناوبراو ئەو بابەتەی ڕاگەیاند، برێند شمید باوێر پەیامێکی بۆ ناردو داوای لێ کرد، ڕێکەوتی کۆتایی وەدوا بخا. نامەیەک لە تارانەوە هاتبووە ئیدارەکەیو لەودا دوو شایەتی تازەیان ناساندبوون. بڕوونۆ یۆست بەوکارە تووڕە بوو،و ڕای گەیاند کە ئەمە کارشکێنی یەکی ئاشکراو بێپەردەیە. ئێریگ لەوەش زیاتر ڕۆیشتو ئەوەی بە خەراپکاری یەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ڕێکخراو لە قانووندا دانا. دەگەڵ ئەوەشـــدا، دادوەر کووبش ئەوداخوازە قانوونی‌یەی قبووڵ کردو داوای کرد مەسەلەکە دوا بکەوێ تا ئەوکاتەی دادگا بیروبۆچوونی ئەو شایەتانە دەبیسێ.

جارێکی دیکە کۆتایی کارەکە وەدوا کەوت. شـــایەتەکان هەموو لە تاران بوون. دۆزینەوەو ڕاهێنانو ناردنی گرووپێکی تایبەتی بۆ ئەوان کارێکی یەکجار دژوار بوو. تاران، جارێکی دیکە، کارشکێنیی دادگای کردو خەڵکە دووروڵاتەکە تێی گەیشتنو دادوەر کووبشیش شکستی خۆی قبووڵ کرد. دەرکو تێگەیشتنی دادوەر کووبش هەموو بێئومێدەکانی خستبووە مەترسی‌یەوە. لە سکاڵایەکی قانوونیی بەوگەورەیی‌یەدا، سەرسوڕمانی هێندێ‌کەس جێگای پێشبینی‌یە. ڕۆژگار هەروەک دەتوانێ بەقازانجی وان بێ، دەتوانێ بەزیانی وانیش بێ.

***

## -١٧-

**قسە بەناوبانگەکەی نیچە (Nietzche) کە دەیگوت: "زاراتووسترا (Zarathustra) وای دەفەرموو"، سەرەنجام لە وەزارەتی فەرهەنگدا بەمجۆرە گۆڕا: "ئایەتوڵڵا وای دەفەرموو".**

هادی خورسەندی تەنزنووسی دوورولاتی ئێرانی

زۆر دوور لە بێرلین، لە ڕۆژێکی مارسی ١٩٩٦دا، تاران وەک هەمیشە لە نەورۆز نیزیک بۆتەوە کە ساڵی تازەی ئێرانی‌یانو ڕۆژی ڕێزگرتن لە هاتنی وەرزی بەهارە. دەنگوباس -چ‌چاک‌و چ‌خەراپ- زۆری گوێ پێ‌نادرێو ڕۆژنامەکانیش لێک‌ناکرێنەوە. شەقامەکان پڕ دەبن لەو ڕێبوارانە کە جانتای پڕ لەو شتانەیان هەڵگرتوە کە بۆ ڕۆژانی پشوویان کڕیون. کاتێک دەستفرۆشەکان چەوەندەری کوڵیو لە پاکەتی کەللەقەندی داوێنو هاوار دەکەن، شادیو خۆشحاڵی‌یەکەیان دەنگەکەیان زۆر خۆشترو دڵگرتر دەکا. پیاوانی پۆلیس زۆر بەکەیفو دەماغنو چاوپۆشی لەو فرۆشیارانە دەکەن کە مۆڵەتی ڕەسمی‌یان نیەو کارێکیان بەکاریان نەداوە. پیادەڕێیەکان دەبنە بازارێک بۆ فرۆشتنی شتوومەکی تایبەتیی ڕۆژانی پشوو -کۆمەڵە ئاجیلو کاکڵەگوێزەکان، زەیتوونی ڕووسی، سەبەتە سەمەنی‌یەکانو ماسی‌یە زەردو سوورەکان لە تونگەی شووشەییدا. ژنانی کەیبانوو بۆن بەو مەنجەڵە گەنمانەوە دەکەن کە هێشتا وەکوڵ نەهاتوونو دەبێ لەسەر ئەو سفرە نەریتی‌یانە دابنرێن کە پێیان دەگوترێ حەوت‌سین، گۆشتی بەرچەنەی ماسی‌یە

سپی‌یەکان لێدەکەنەوە تا بەتامترینیان بۆ خواردنی نیورۆژ کە گۆشتماسیو برنجە ئامادە بکەن. مێردەکان قوتووە بنەوشەی فەرەنگیو چەپکە گوڵی بۆنخۆشی داری بیدموشک دەسندووقی پشت ماشێنەکانیان دەپەستێون. "حاجی فیروز" کە لەلای فارسەکان پیرۆزە، جلوبەرگی سوور دەکاتە بەرو دەموچاوی خۆی ڕەش دەکاو گۆرانی دەڵێو لە چوارڕێیانەکان دایەرەکەی لێدەدا. حەشیمەت هەتا لای نیوەشەوێ دەمێننەوە بۆئەوەی شتوومەکە نەفرۆشراوەکان بە نیوەقیمەت بکڕن. هەتا پێش تاوهەڵات لەبەر هاتوچووی دوکانداران زبڵوزاڵ هەموو جێیەک دادەگرێ. بەرەبەیانی‌یان گەڵای خونچەکان کە لەژێر ئاونگدا نەختێک لار بوونەوە وەک زمرووت بەسەر لکی دارەکانەوە دەدرەوشێنەوەو لووتکە سەربەبەفرەکانی چیای ئەلبورز لە شیمالی شار بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن دەدرەوشێنەوە. بۆنی سەرخۆشکەری بەهار کە تارانی‌یە گەڕۆکەکان بە "باشترین هەوای سەرانسەری جیهان"ی دەزانن، ئارامی‌یەک دەدا بەشار.

ڕاست لە ڕۆژێکی وادا، ترومبێلێکی مارسیدیس لەبەردەم باڵەخانەیەکی دوونهۆمی "کوهستان" ژمارە ٩ کە خۆشترین گەڕەکی شارە ڕای‌گرت. ئەو ڕاگرتنە کورتە کە تەنیا چەند دەقیقە درێژەی کێشا، بەجۆرێک ئاکامی دادگایی‌یەکەی میکۆنووسی گۆڕی کە بەفکری کەسدا نەدەهات.

یارمەتیدەری فەللاحیانی وەزیر لە ترومبێلەکە دابەزی. کابرایەکی گووپنە بوو بە ڕیشێکی ناڕێکو چەند مووی سەر نێوچاوانەوە، زەنگی ئاپارتمان (شقە)ی H١٠ی لێداو بە دەنگێکی نزم ناوی خۆی لە پەیامگرەکەی ژوورێدا گوت. دەروازەکە بەگیزەگیز کرایەوە، بەڵام یارمەتیدەری وەزیر لاقی دەنێو دەرگاکە نا تا ڕای‌گرێو دووبارە زەنگی لێدایەوە:

"ناتوانم بێمە سەرێ. دەقیقەیەک تەشریف بێنە خوارێ."

چەند ساتێک دواتر کەسێکی هاوقەڵافەت، بەڵام لەخۆی کورتەباڵاترو بەخۆوەتر، لەبەردەم ئاپارتمانەکە ڕاوەستا. خۆشحاڵیو شادمانی‌یەک کە لەسیمای کابرای کورتەباڵادا هەبوو هەرکە سەروسەکوتی ژاکاوی یارمەتیدەرەکەی بینی لەبەین چوو.

یارمەتیدەر گوتی: "کاتێکی زۆرم نیەو ئەتۆش نیتە. دەبێ خۆت خڕ کەیەوەو هەرئێستا بچیە دەرێ."

"بچمە دەرێ؟ لەکوێ بچمە دەرێ؟ بۆچی؟"

"لە وڵات برۆ دەرێ! دەیانەوێ لاتبەرن. ئەمە فەرمانی فەللاحیانە! ناتوانم پێتبڵێم چۆنم ئەمە زانیوە. ئەمکارە هەر بۆ کوشتنی تۆیە. دەسبەجێ برۆ! ڕێگایەک بۆ تێپەڕین لە سنوور بدۆزەوە. پرسیارەکانت بۆ دوایە هەڵگرە. بەکەس مەڵێ، بە هیچ کەس، کە خەریکی لێرە بڕۆی! فەرمان بە پاسەوانانی سنوور دراوە بتگرن. چۆن دەڕۆی، ئەمن نازانم. بەڵام برۆ، ئەگینا ئەوان بەڕێی خۆیاندا دەتنێرنە دەرێ. بۆ ئەوەندە هاتمە ئێرە."

یارمەتیدەری وەزیر شانی ئەو پیاوەی لەباوەش گرتو ڕیشەکانیان بە جووڵەیەکی خێرا ڕێکخشاند. پاشان یارمەتیدەری وەزیر لە ڕیزی پشتەوەی مارسیدیسەکەدا خۆی شاردەوەو لەوێ ڕۆیشت.

کابرا لەبەر پلیکانەکانو لەپشت دەرگا ڕەقڕامابوو. بەپێی پێخواسیو کراسێکی سپیو پانتۆلێکی ڕەشەوە ڕاوەستابوو، چاوی دەعەرزیەوە بڕیبوون. ئەو نوێنگەو سێمبولی پیاوێک بوو کە لەشانوشکۆ کەوتبوو.

میراتگرانی شۆرشی ١٩٧٩، هاتبوون، ئەوی کە یەکێک لە ناودارترین ڕۆڵەکانی شۆرش بوو، لەنێو بەرن. ئەبولقاسم (فەرهاد)ی میسباحی، لەدایکبووی ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٥٧،و کوڕی خاوەنی بەناوبانگی کارخانەیەک، سێیەمین منداڵ لە پێنج منداڵی بنەماڵەیەکی موسوڵمانو دیندار بوو. لە تەمەنی چوارساڵیدا فێری کتێبخوێندنەوە ببوو،و زۆرتر لە ڕێگای پەنجەرەی کراوەی حەوشەی قوتابخانەوە، گوێی بۆ دەرسەکانی براکەی هەڵدەخست. لە ساڵانی مێرمنداڵیدا، هەموو شەوێ چاوی دەبڕیە گومبەزی پیرۆزەڕەنگی مزگەوتی گەڕەکی خۆیانو نوێژی دەکردو هاوینان بۆ بەشداری لە هێندێ سیمیناردا دەچووە قومو لەلای بژاردەترین ئاخوندەکان دەرسی دەخوێند. ئەو لاوترین کەس بوو کە چووە زانکۆی تارانو لە پۆلی یەکەمدا پێوەندیی دەگەڵ بیرمەندانی ڕووناکبیر پەیدا کرد. ساڵی ١٩٧٧، قەراردادی پێویستی بۆ خزمەتی سەربازی ئیمزا کرد، بەڵام دوای ساڵێکو کاتێک ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی بە هەموو ئەرتەشییەکان دا دەست لە بەرپرسایەتییەکانیان هەڵبگرن، ئەویش دەستی لەکارەکەی کێشایەوە. دەستلەکارهەڵگرتنی بۆ جاری دووەم بەدەست خۆی نەبوو،و تەنیا ئامانجو مەبەستی لاوێکی بیستویەکساڵەی بەهۆشو مەزهەبی لە ساڵی ١٩٧٨دا مەدرەسەی "رفاە" بوو کە ئیدارەی ناوەندیی ئایەتوڵڵا خومەینی بوو،و لەوێ چووە گەڵ گرووپی نهێنیکاران.

ڕۆژی یەكەمی فێوریەی ١٩٧٩. میسباحی لەحاڵێكدا سواری ماتۆڕسیكلیتێك ببوو، فرمێسكی شادیو خۆشحاڵی لەچاوانی دەڕژا. ئایەتوڵلا لە تاراوگە گەڕابۆوەو ئەویش یەكێك لەو گاردانە بوو كە لە زنجیرەی ترومبێلەكاندا ماشێنی لێدەخوڕی. پێش خۆرئاوابوون ئەو لەبەردەم ڕێبەر چۆكی دادابوو تا دەستی ماچ بكاو یەكەمین مەئموورییەتی خۆی وەربگرێ. بەرزبوونەوەی پلەوپایەی میسباحی زۆر خێرا بوو: بەرپرسی یەكەمی گەورەترین پێگەی سەربازیی تاراںو دوایە گەورەڕاوێژكاری سیاسی كە پێش كۆتایی ساڵ نێردرایە فەڕانسە. لەژێر پەردەی ڕاوێژكاریدا، دەبوو پێگەیەكی تازەی جاسووسی لە ئورووپا دامەزرێنێو كەسانێكی خائینی لەنێو ئۆپۆزیسیۆن بەكرێ گرتو ڕادەیەكی زۆر پووڵوپارەی بەنهێنی بۆ برینەوەو بۆی ناردنە حەشارگەكانی هامبوورگ، لەندەن، لیسبۆن، ڕۆم، ژێنێڤ یان برووكسێل. هەڵسووڕانی بەردەوامی وی لە سەرانسەری قاڕڕەی ئورووپادا، فەڕانسەیییەكانی نیگەران كردو لە ئاكامدا ساڵی ١٩٨٢، ئەوو هاوسەرەكەییان لەو وڵاتە دەركرد.

پاش گەڕانەوەی بۆ تاران لەماوەی چەند ڕۆژدا، كرا بە گەورەبەرپرسی ئیدارەی ئیتتیلاعاتو جاسووسی لە ئورووپای ڕۆژئاواو بەفرۆكە چووە برووكسێل. دەركرانی لە وڵاتی خانەخوێ بووە هۆی ئەوەی ئەوو هاوسەرەكەی پێوەندییەكی زۆر نیزیكیان پێكەوە هەبێ. ئەویش چووە وەزارەتی ناوبراو تا لەكاروباری مێردەكەیدا كۆمەكی بكا. پێكەوە كچۆڵە چووكەڵەكەیانیان پەروەردە دەكردو شۆڕشە نوێیەكەیان زیاتر بەرەوپێش دەبرد. وەك ڕاوێژكارو كەسێكی بەڕاپەڕ، لەپلەی گەورەتوێژكەریشدا هەوڵێكی زۆری بۆ ئازادكردنی بارمتە ڕۆژئاواییەكان لە ئێراںو لوبنان دەداو پەیامی ئایەتوڵلای بۆ ڕێبەرانی جیهان دەنارد.

بەڵام هەرجارێك دەهاتەوە تاران، بۆئەوەی زانیاریی پێویست بدا بە هاوكارانی، یەك لەوان فەللاحیان، بۆی دەردەكەوت كە كێشەو ناكۆكی لەنێوانیاندا خەریكە زۆرترو زۆرتر دەبێ. ئەوو هاوڕێیەكەی، ئیمامی، لەوباوەڕەدا بوون كە چار نیە دەبێ دوژمنانی خۆیان لە ڕێگای زانیاریی جاسووسییەوە تێكبشكێنن. ئەوان دەیانەویست لە شەڕی ئیدئۆلۆژیدا سەر كەون. فەللاحیانو تاقمەكەی باسی پیاوكوشتنیان دێنایە گۆڕێ. ئەوان دەیانەویست دوژمنانی خۆیان لەنێو بەرن.

ساڵی١٩٨٧، میسباحی كاتێك دەگەڕایەوە تاران بۆئەوەی نامەیەكی جیمی كارتەر سەركۆماری پێشووی ئەمریكا بدا بە ئایەتوڵلا خومەینی كە لەودا داوای ئازادكردنی فڕۆكەوانێكی بەبارمتەگیراوی ئەمریكایی كرابوو، دوو كەس لە باندی فڕۆكەخانە دەوریان دا.

یەکێک لەو دووکەسە بەسپایی پێی گوت: "ئەتۆ دەگەڵ مە دێی."و دوایە دەترومبێلێکیان پەستاوت.

کاتێک چاویان بەستنو چەند زەبرێکیان لە دەموچاوو بەرزگی سرەواندن، ئەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت گرتنی کارێکی بێهوودەو هەڵەیەو لەسەر ئەوە بەتوندی داوای لێبووردنی لێ‌دەکەنو تەنانەت لەوانەیە پلەوپایەشی بەرز بکەنەوە. کاتێک هاویشتیانە ژوورێکی تاکەکەسی‌یەوە، پێی وابوو بەزوویی یەکێک دێ ئازادی دەکا. بەڵام ئەوکەسەی هات تەنیا بردیە ژوورێک کە لەوێ سێ‌کەسی دیکە لەپشت مێزێک دانیشتبوونو بەنۆرە لێکۆڵینەوەیان دەگەڵ دەکردو لێیان دەخواست جاسووس‌بوونی خۆی قبووڵ بکا.

لێکۆڵەر بەمێهرەبانی‌یەوە گوتی: "میسباحی! ئێستا ئیدی سەردەمی شا نیە. ئێستا ئیدی ناتوانی کەس هەڵخەڵەتێنی. ڕوون قسە بکە."

لێکۆڵەری توندەتەبیات کە قامکەکانیی لێک‌ڕادەکێشانو دەتگوت دەیەوێ مێشێک بکوژێ، هاوارێکی کردو گوتی: "ئەمە کارێکە کە ئێمە دەگەڵ ئەو یاغی‌یانەی دەکەین کە دەگەڵمان ڕێک‌ناکەونو لە کۆنترۆڵی ئێمەدا نینو ئەو ڕێگایەی گرتوویانە ئێمە باوەڕمان پێی‌نیە، چونکە بۆ وەدەستهێنانی قازانجی خۆیان زۆر کەللەشەقن."

لێکۆڵەرەکان هێندێ بابەتیان بۆ دەخوێندنەوە کە بۆخۆی نووسیبوونی‌و لەبارەی شتی واوە لێیان دەپرسی کە بۆخۆی دای‌ڕشتبوون. ئەویان قەمچی‌کاری کردو دوایە فەرمانیان پێ‌دا لەبارەی "چالاکی‌یە تاوانکاری‌یەکانی خۆیەوە" بە درێژی بۆیان بنووسێ.

چەندجاری گوتو دووپاتەی کردەوە: "ئەمن جاسووس نیم."

بەڵام کاتێک قەمچی‌کاری‌یە تازەکەیان کردو لە بلۆقەکانی جاری پێشوویان ڕاکێشا، دەرخستنی مەسەلەگەلێکی بەمێشکدا هات کە پێشتر نەی‌دەزانین. لەڕاستیدا، ئەو جاسووس بوو، بەڵام دەبوو کۆمەگی بکەن تا وەبیری بێتەوە جاسووسیی بۆ چ‌کەسانێک کردوەو بەمەرجێک تەنیا ئەوەندەی کۆمەگ پێ‌بکەن کە بتوانێ بە شێوەیەکی ڕێک‌وپێک دان بە تاوانەکانیدا بنێ.

ئەویان بە قەڵەمێک‌و دەفتەرێکی یادداشتەوە هاویشتەوە ژوورەکەی خۆی. نەدەبوو هیچ دەنگێکی لێوە بێ‌و نەدەبوو بەهیچ‌جۆر قسە بکا، تەنانەت وەختێک دەیەویست بچێتە دەستبەئاویش، تەنیا هەقی ئەوەی هەبوو یادداشتێک لە درزێکی چووکەڵەی دیواری

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ژوورەکەیڕا وەدەر بنێ. هەر وشەیەکی لە دەمی دەرپەڕیبا، بیست قەمچیی بەدواوە بوو، هەر کۆکەیەک دەقەمچیو هەر پشمینێک پێنج قەمچی.

بە تەواوی بێدەنگ بوو. چونکە ڕێگایان نەدەدا ئاوێنەی هەبێ، خواردنەوەی چای پاش قاوڵتیی هەتا شەوێ ڕادەگرت تەنیا بۆئەوەی حاڵەتو سەروسیمای خۆی تێدا ببینێ، ئەگینا وێنەی سیمای خۆی لەبیر دەچوو. پاش ماوەیەک کە نەیدەتوانی ڕیشی بتاشێ، دیتی ڕەشایی ڕەنگی دەموچاوی لە چایەکەدا دەرناکەوێ. ئیدی، بۆخۆشی نەیدەتوانی سیمای خۆی ببینێ.

دوای نیزیک بە چوار مانگ، ڕۆژێک پێیانگوت خۆی ئامادە بکا بیبەنە سەرتاشخانە. خەریک بوون مۆڵەتێکی کاتییان دەدایە بەڵام نەدەوێرا هۆیەکەی بپرسێ.

لێکۆڵەرە خۆشڕەفتارەکە ئەوی سواری ترومبێل کردو بردیەوە ماڵێ، بەڵام ئەوماڵە جێیەک نەبوو کە دەیزانی دەبێ لەوێ بێ:

"بەقازانجمان زانی شوێنی ژیانی بنەماڵەکەت بگۆڕین. ئەمە بە قازانجی تۆ بوو."

زەنگی ماڵێکی نەناسراوی لێداو چاوەڕێ بوو هاوسەرەکەی ببینێ. بەڵام، کاتێک دەرگایان کردەوە، سیمای ژنەکەی بێموبالاتو خاڵی لە خۆشویستن بوو.

نەیتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکاو لێینەپرسێ: "داخۆ بەدیتنی من خۆشحاڵ نی؟" ئەویش بە لاڵەپەتەوە گوتی: "دیارە خۆشحاڵم. بۆ خۆشحاڵ نەبم. بەڕاستی چاوەڕوانی ئەمە نەبووم."

لێکۆڵەری خۆشڕەفتار دەگەڵی چووە ژوورو وەک میوانێک لە ژووری دانیشتندا دەستی کرد بە چاخواردنەوە. ئەو ڕۆژەو پاش ئەوڕۆژەش هەر دووحەوتوو جارێک، دەبوو لە ئاپارتمانەکەی خۆیدا میوانداری لە ئەشکەنجەکەرەکەی بکا.

دۆستەکەی، ئیمامی، هاتە سەردانیو ناخۆشترین هەواڵەکانی بۆ دەگەڵ خۆی هێنابوو: زیندانیکرانی وی هەوڵێکی سەرکەوتووانە بوو کە بەهۆی فەللاحیانو دارودەستەکەیەوە ئەنجام درابوو، ئێستا وەزارەتخانە لە کۆنترۆڵی واندا بوو، دەستیان کردبوو بە پاکسازیو دەرکردنی خەنیمەکانی ڕابردووی خۆیانو ئەو یەکەمین کەسیان بوو.

ئەو گوتی: "زۆرباشە. دەست لەکار دەکێشمەوەو بۆخۆم خۆم دەژیەنم."

دۆستەکەی بە سەرسوڕمانەوە لێیپرسی: "دەستلەکارکێشانەوە؟ ئەتۆ ناتوانی دەست لەکار بکێشیەوە. مامۆستایانی قوتابخانە دەست لەکار دەکێشنەوە. چالاکانی جاسووسی ڕێکدەکەون.

ئەتۆ هێشـــتا کارمەندی وەزارەتخانەی‌و بۆ هەرکارێک بتەوێ بیکەی پێویســـتیت بە ئیزن‌و ڕەزامەندیی فەللاحیان هەیە - تەنانەت بۆ هەناسەهەڵکێشانیش.

***

چوو فـەللاحیـان ببینێ، بـەڵام فـەللاحیـان ڕێگـای دیـداری پێ‌نـەدا. تـەنـانـەت داوای لـە ڕەفسـەنجانی سـەرکۆماریش کردو دڵنیایان کرد چیی لێ‌نایەو کارێکی دیکەی پێ‌دەسپێردرێ. گرتنەبەری کارێکی دیکەو دوور لەسیاسەت مێشکی ویی داگرت. چالاکی لە بوارێکی دیکەدا بۆ وی شانسێکی باش بوو. ئەمجار کاری بازرگانی. ئێستا کە ئیدی مەئموورێکی نهێنی نەبوو، خۆی بۆ کارخوڵقێنی لە کاروباری بازرگانیدا ئامادە کردبوو. کارخانەیەکی دروســـت کرد کە لەودا ڕۆنی ماتۆڕ دروســـت دەکراو ناوی نا کارخانەی "خەزەر". پێوەندیی لەمێژینەی دەگەڵ ئوورووپا کۆمەگی کرد بۆئەوەی زۆر زوو بچێتە پێش. بەڵام خێراپێشـــکەوتنەکەی لەوکارەدا کەسانی دەوروبەری فەللاحیانی توورە کردو هاتن بەزۆر هێندێ بەش (سهم)یان لێ‌ئەستاندن کە لە قازانجەکەی پتر بوون. لەئاکامدا چارێکی نەما جگە لەوی کارخانەکە دابخا.

لەحاڵێکدا زۆر بەخەفەتباری لەو ڕۆژەی مانگی مارسدا، لەبەردەم ئاپارتمانەکەی ڕاوەستابوو، دیتی تەنانەت سەرکۆماریش ناتوانێ رزگاری بکاو هەروەها تێ‌گەیشت دوادۆستو تەنیادۆستی، ئیمامی، بەو ســـەردانەی لە هەموو بارێکەوە ئەوی خســـتبووە مەترســـی‌یەوەو باشـــی دەزانی کە لەڕاکردن بەولاوە ڕێگاچارەیەکی دیکەی بۆ نەماوە.

ئێوارەی ساڵی نوێ جانتا دەستی‌یە سامسۆنیتەکەی هەڵگرت کە شانەیەک، فڵچەیەک، خۆتراشێک، کرێمێکی ڕیشتاشین، چاویلکەیەکی خوێندنەوەو قوڕئانێکی شڕو ۲۵هەزار دۆلاری نەغدی تێدابوو. بەوانەوە ڕووی کردە باشوور. سەفەرەکەی کارێکی پڕمەترسی بوو، خەریک بوو هەموو شـــتێکی فیدای بەڵێنێکی حەڤدەســـاڵە دەکرد. لە یەکەمین بەرپرســـایەتیدا کە پێش چوونەئوورووپا هەیبوو، فەرمانی ئازادکردنی یەکێک لە گەورەترین ســـەرۆکعەشـــیرەتەکانی باشـــووری دابوو. ئەو ســـەرۆکعەشـــیرەتە لە ســـەفەرێکی تاراندا، لەبەر ئەوەی تفەنگێکی پاس‌نەکراوی پێ‌بوو، گیرابوو. میســـباحی کە ئەودەم کارمەندێکی لاوو دەســـتڕۆیشـــتوو بوو،

بەڵگەی دێنایەوە کە گرتنی ناوبراو دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆرشێک لە باشوور، بۆیە هەربۆخۆی ئەوی لە زیندان هێنابووە دەر. سەرۆک عەشیرەتی ناوبراو کە سەری لەو ڕزگارکەرە لاوو بەدەسەلاتە سوڕمابوو، ناوی میسباحیی لەبن لێوانەوە دەگوتو دەگوتەوەو سوێندی دەخوارد کە ئەگەر لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ویدا گیروگرفتێک بۆ میسباحی بێتە پێش، پاداشی ئەو کۆمەگو پیاوەتی‌یەی دەداتەوە.

میسباحی بەو ئومێدەوە بەرەو زاهیدان وەڕێ کەوتبوو کە ئەو سەرۆک عەشیرەتە هێشتا ماوەو بۆیە هیوادار بوو کە ناوبراو سوێندەکەی خۆی لەبیر مابێ کە گوتبووی ئەگەر لە ناوچەی ژێر دەسەلاتیدا پێویستیی بەکۆمەگ هەبێ، بەوپەڕی پێخۆشبوونەوە کۆمەگی دەکا.

کاتێک گەیشتە بارەگای سەرۆک عەشیرەتەکە شەو داهاتبوو. دەرکەوان ناوی وی پرسیو چۆوە ژووری. پاش دەمەساتێک سەرۆکێکی پیرترو ڕیش‌ماش‌وبرنجی هاتە دەرێو بەخۆشحاڵی بەڕوویەوە پێ کەنیو وەک ڕۆڵەیەکی ونبوو کە سەرەنجام پەیدا بووبێتەوە دەباوەشی گرت:

"ماشەڵڵا، ماشەڵڵا! وەرە ژوور، هاوڕێی خۆشەویست! بەخێربێی! هەزار جار بەخێربێی!"

میوانداریی سەرۆک عەشیرەت بۆ میسباحی کە دژی مەرگ لەشەڕدا بوو، گیانێکی تازەی وەبەر هێنایەوە. میسباحی دڵنیا بوو ئەگەر پێشنیاری سەرۆک ڕەت بکاتەوە، دڵی دێشێ. بەڵام گوتی: "خوا دەزانێ پێم‌خۆشە بێمە ژووری، بەڵام دەبێ لە وڵات وەدەرکەوم."

سەرۆک بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "تووشی گیروگرفتێک بووی؟" ئەو میسباحیی هەروەک دەسەلاتبەدەستێکی سەرسەخت لە پێتەخت دەناسی.

میسباحی لەوەڵامدا سەری لەقاند.

سەرۆک بەچۆکی خۆیدا داو بە سەرسوڕمانەوە گوتی: "ئەتۆ دەگەڵ وان تووشی گیروگرفتی؟ چۆن دەکرێ وابێ؟ ئەتۆ ئەوانی."

میسباحی سەری ڕاوەشاند.

"ڕێی تێ‌ناچێ. خەریکی گاڵتە دەگەڵ پیرەپیاوێک دەکەی."

"ئەمشەو دەبێ لە وڵات دەرکەوم. کۆمەگم دەکەن یان دەبێ بۆخۆم بڕۆم؟"

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سەرۆک تووڕە بوو،و گوتی: "بۆخۆت بەتەنێ بڕۆی؟ ڕۆڵە گیان، قسەی خۆڕایی مەکە! بەو نیوەشەوە ناتوانی بچیە هیچ کوێ. یاڵڵا! بخۆو بحەسێوە! ئێمە سبەینێ ئەمکارە ئەنجام دەدەین."

کاتێک سەرۆکعەشیرە دیتی میسباحی حەز ناکا بچێتە ژوور، دووبارە گوتی: "بڕۆ ژوورێ، ڕۆڵەگیان! ئەتۆ ئێستا میوانی منیو هیچ میوانێکیش پێش ئەوەی میوانداری‌یەکی گەرمی لێبکرێ لێرە نەڕۆیشتوە. فەرموو بۆ ژوورێ!"

سەرۆک میوانەکەی بۆ ژوورێک ڕێنوێنی کردو دەستووری بە خزمەتکارێک دا خواردنێک ئامادە بکا. پاشان لەحاڵێکدا بە زاراوەی ناوچەیی دەدوا، بانگی یاریدەرە لاوەکەی کردو دووبەدوو چوونە ژوورێکی دیکە دەستیان بە قسە کرد.

وەسبەینێڕا سەعات شەش، سەرۆک میسباحیی وەخەبەر هێناو بە خۆشەویستی‌یەوە پێی گوت: "ڕۆڵەگیان! هەستەو خۆش بە."

ناشتایان پێکەوە خواردو پاشان جلکێکی عەشیرەتیی دایە تا دەبەری بکا -پانتۆڵێکی فشوفۆڵو نەرمو سپیو کراسێک کە دەگەیشتە سەر ئەژنۆیو جلیقەیەک-و پێش ئەوەی بڕۆنە دەرێ پێی گوت: "شتەکانی خۆت ڕێکوپێک بکە. دەبێ وەرێ کەوین!"

ترومبێلێکی بیووک کە ژمارەی ئێرانیی هەبوو، لەبەر دەرگا چاوەڕێیان بوو. سەرۆک دەرگای ترومبێلی کردەوەو میسباحی کە چەند کەسێکی لەنێو ترومبێلەکەدا دیتن سەری سوڕما -هاوسەری سەرۆکعەشیرەت، کچەکەی، کوڕەکەیو دوو لە نەوەکانی. دەستی لەپشتی میسباحی داو بەسپایی بەگوێیدا چپاند: "هەتا دەتدەمە دەست دۆستێکی جێگەی متمانە لەودیوی سنوور، دەگەڵت دەبم."

دەنگی سووڕانی ماتۆڕی ترومبێلەکە، لەبەر جووڵەی تەگەرەکانی لەسەر جادەی خیزڕێژکراو، ئیدی نەدەبیسترا. هیچکام لەوان باسی ئەو جێگایەیان نەدەکرد کە بۆی دەچوون. ئەوڕۆژە بەیانی تەرزەیەکی وا توند دەباری کە لە دەساڵی دواییدا نموونەی نەببوو. کاتێکیش تەرزەکە لێی کردەوە، باران دەستی پێ‌کرد. شۆفێرەکە هەم وەختی تەرزەکەو هەم کاتی بارانەکە بەتوندی لێیدەخوڕی. لە هەموو پۆستەکانی پشکنین، میسباحی لەدڵی خۆیدا دەیگوت دەکرێ ئەمە بە مۆجیزەیەک بزانین. گاردەکان، لە دوو پاسگا (مخفر)ی سەر ڕێگا، وەختێک ژمارەی ترومبێلەکەیان دەدیو

دەیانناسی، ئیکلامێکیان دەکێشاو هەتا ترومبێلەکە لێیان تێدەپەڕی هەروا دەمانەوە. لە پاسگاکانی دیکەش، شۆفێر ڕای‌دەگرت، شووشەی پەنجەرەکەی دادەدایەوەو پێش‌ئەوەی ڕێگای بدەن بڕوا، یەک‌دوو قسەی لەگەڵ دەکردن.

میسباحی کە سەری سوڕمابوو، بە دەنگێکی بەرز گوتی: "ئەوە چۆنە کە نامانپشکنن؟" سەرۆک بەجۆرێک خۆڕانانەوە گوتی: "چونکە پارێزگاری‌یان لێ‌کراوە."

لەسەرتاسەری ڕێیەدا، ئەوو سەرۆک لەبارەی بنەماڵەکانیانەوە دەدوان. - بەڵام قەت باسی ئەوەیان نەکرد کە چ‌شتێک میسباحیی هێنابووە لای وان. کاتێک دوای چەند سەعات سەرەنجام گەیشتنە بازاڕی سنوور، بارانەکە لێی‌کردبۆوە. میسباحی تەماشای ئاسۆی کردو کۆلکەزێڕینەیەکی دی‌و پێی وابوو ئەوە نوێنگەیەکی خوایە، لە ترومبێلەکە دابەزی‌و نوێژێکی کرد.

ترومبێلێکی تۆیۆتا (SUV) کە پلاکی ژمارە پاکستانی پێوە بوو، چاوەڕوانیان بوو. هەموویان سواری وی بوون. لە دوانیوەڕۆی ئەوڕۆژەوە تا شەودرەنگانێکی ڕۆژی دواتر بە جادەیەکی خۆڵاوی‌و ناخۆشدا چوونە پێش کە تەنیا کۆمەڵە تەپ‌وتۆزی وەک هەور لەسەر جادەو ئاسمانێکی شین لەسەر تەپۆڵکە خیزەکانیەوە لێ‌دیار بوو کە تەواوبوونیان نەبوو. ماوەی چاردە سەعاتی دژوارو پڕژانەسەر، شۆفێر ترومبێلی لێ‌دەخوڕی. موسافیرەکان هەموو خەویان لێ‌کەوت هەتا سەرەنجام بە هەڵبەزهەڵبەزی تەگەرەکان لەسەر جادەی پڕکەندولەند ڕاتڵەکانو وەخەبەر هاتن. بیابانیان بەجێ هێشتو گەیشتنە شەقامە ناهەموارەکان. دیمەنێکی تازە: شارۆچکەیەکی وێرانە لەپێش چاویان خۆی نواند. ڕێبواران لە کووچەو کۆڵانە تەنگ‌و باریکەکانیدا تێکیانەوە داویشتو پیاوەکانیان ڕاست ئەو جلوبەرگەیان دەبەردا بوو کە ئەویش دەبەری کردبوو.

ترومبێلەکە لەبەر دەرگای ماڵێکی فەقیرانەی دوونهۆم ڕای‌گرت کە دیوارەکانی بە خشتی سوور دانرابوون. سەرۆک لە ترومبێلەکە هاتە دەرێ‌و زەنگی ماڵەکەی لێ‌دا. دەرگا بە دەنگێکی بەرز کرایەوەو چەند منداڵی وردیلە بەغاردان هاتنە لای‌و خۆیان لەباوەشی هاویشت. پەیکەرە لەڕو لاوازەکانیانی دەباوەش گرتو ڕوو بە میسباحی گوتی: "بەخێریی بۆشاری کوێتە، ڕۆڵەگیان! وەرەو خزمەکانم ببینە!"

ئاخرەکەی پاش ماوەیەکی درێژ گەیشتبوونە پاکستان. دووبارە نوێژی کردو چەند ئایەتێکی قورئانی لەبن لێوانەوە خوێندنو هەرلەوکاتەشدا سیلەچاوی خۆپارێزانەی بڕیبووە سیمای سەرۆک.

لە ژوورەکە شێوێکی باشیان بۆ میوانە بەڕێزەکەیان ئامادە کردبوو. هیچ کات ڕاکردوویەک ئاوا بەگرنگی میوانداریی لێ نەکرابوو. نانەکەیان خواردو کاتێک تێر بوون، دەستیان کرد بەگۆرانیی عامیانەو ناوچەیی. کاتێکیش بە ئەندازەی پێویستیان گۆرانی گوت، قلیانەکانیان پڕ کرد لە باشترین تریاک تا بەخۆشیو شانازیی وی بی کێشن. بەڵام زۆر بە سەرسوڕمانەوە دیتیان ئەو قلیان ناکێشێ. دوای تەواوکردنی قلیانکێشانەکە، هەموویان بە حاڵەتێکی وەک جۆرێک بێهۆشی ڕاکشان - جگە لە میسباحی کە لەجێی خۆی هەستاو بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە ماڵاوایی لە سەرۆک خواست.

لە دوارۆژەکانی مانگی مارسدا، میسباحی جێگایەکی بۆخۆی لە ئیسلامئاباد دۆزیەوە دەگەڵ چەند خواردنگەیەک کە خواردنەکانیان بۆ وی بێئەندازە تیژ نەبوون. مانگی ئاوریل هاتو ڕۆیشتو ئەو کە هەمیشە لە هوتێلێکەوە دەچووە یەکی دیکە هیچوەخت لە یەکێکیان نەدەمایەوە. مانگی مای (ئەیار)یش تێپەڕیو داخوازی پەنابەرییەکەی لەلایەن چەند وڵاتی ئورووپاییەوە یەک لەدوای یەک ڕەت کرایەوە. هیچکام لە ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا مافی پەنابەری نادەن بە کەسێک کە لەلایەن یەکی دیکە لە ئەندامانی ئەو یەکیەتییەوە ڕەت کرابێتەوە. مانگی ژوئەن زەبرێکی دیکەی لەو دا: هەموو ئەو سیاسەتمەدارانە کە ڕۆژگارێک دەیانناسی، بیانوویەکیان دۆزیەوە کە یارمەتیی نەدەن. بەو گومانو زەبرە دەروونییەوە مانگی ژووئیە داهاتو نیگەرانییەکی پتری بۆ وی دەگەڵ خۆی هێنا: دراوە نەغدەکەی بەخێرایی کەم دەبۆوە.

میسباحی بێئەوەی کەسی هەبێ پەنای بۆ بەرێ، تەلەفونی بۆ تەنیا ژمارەیەک کرد کە تائەودەم هەرگیز زەنگی بۆ لێنەدابوو. تەلەفونی کردو پەیامێکی لەسەر دەزگای وەڵامدەرەوە تۆمار کرد. پاش ئەوەی تەلەفونەکەی دانایەوە، بەتوندی هەوڵی دەدا پێشی شەپۆلی ناهومێدیی خۆی بگرێ، چونکە لەوە دەترسا کە یەکێک بە تەماعی وەرگرتنی پاداشێکی باش شوێنی ژیانەکەی -کە لەسەر پەیامگرەکەی دانابوو- بە ئاگاداریی فەللاحیان بگەیەنێ. لەترسی ئەوەی جارێکی دیکە بکەوێتە مەترسیی گیرانەوە، تەنانەت ئەگەر کەسانی سەربە وەزیریشی ڕەگەڵ کەون، کەڵکەڵەی خۆکوشتن لەسەری دابوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

سەعاتێک پێ چوو، لەسەر تەختە دووکەسی‌یەکەی ژووری هوتێلی ئیسلامئاباد ڕاکشاو چاوی دەمیچەکەوە بڕی. پانکەی ژوورەکە بە وزەوز دەسوورا. پیاوە خزمەتکارەکەی هوتێل دالانەکەی گەسک دەداو شێرەی ئاوی ژوورەکەشی جاروبار تکەی دەکرد. بەڵێ دەنگ‌وهەرایەکی زۆر جگە لەوە کە ئەو چاوەڕێی دەکرد دەهاتە بەر گوێ. هەژانەکەی زیادی کردبوو. لە جێیەکەی هەستا تاخۆی ساز بکا بچێتە هوتێلێکی دیکە. کاتێک خەریک بوو کەلوپەلە زۆرکەمەکەی خۆی خڕ دەکردەوە، سەرەنجام تەلەفون زەنگی لێدا. دەنگێک بوو کە چەند ساڵ بوو بەرگوێی نەکەوتبوو، سڵاوی لێ کرد، سەرکۆماری پێشووی ئێران ئەبولحەسەنی بەنیسەدر بوو. بە زمانێکی نەرم گوتی: "بەڕێز میسباحی، ئەمن بەنیسەدرم. بیستوومە تووشی هێندێ گیروگرفت هاتووی."

ئەرتەشی‌یەکانو بژاردەکانی دەوڵەتی ئێران ژمارەتەلەفونی سەرکۆماری پێشوویان کە ئێستا ببووە یەکێک لە دژبەرانی ڕێژیمو لەپاریس دەژیا، لەنێو پاسپۆرتو دراوە نەغدەکانی خۆیان هاویشتبوو،و بۆ ڕۆژانی تەنگانە هەڵیانگرتبوو. ئەو - بەنیسەدر- دواکەس بوو کە دەیانتوانی پەنای بۆ بەرن. ئەو، هاوپەیمانی سروشتیی وانیش بوو. چونکە مێژوولکەی ژیانی ڕاست وەک ژیانی خۆیان بوو. بەنیسەدر پێشتر کەسی جێ‌متمانەی ئایەتوڵلا بوو. ساڵی ١٩٧٩ دەگەڵ وی بەفڕۆکە گەڕابۆوە ئێرانو پاش ساڵێک وەک یەکەمین سەرکۆمار هەڵبژێرابوو. بەڵام زوو بوو بە یەکێک لە توندڕەوترین ڕەخنەگرانی ئایەتوڵلاو سەرەنجام ساڵی١٩٨١ لە ئێران ڕای‌کردو لەوکاتەوە ژیانی خۆی بۆ سڕینەوەی ئەوکارە نادروستانە تەرخان کردبوو کە لە هاوکاری دەگەڵ مورشیدی پێشوودا کردبوونی. ئەو پیاوێکی دەمارگرژو تووڕەو تۆسن نەبوو، بەڵام ناسیۆنالیستێک بوو کە بە مەرجێک کۆمەگی بە ئاشنایانی دابڕاو لە ڕێژیم دەکرد کە تۆبە لە کردەوەکانی پێشوویان بکەنو کردەوە خەراپکارانەکانیان لە پاشماوەی ژیانیاندا قەرەبوو بکەنەوە.

لە ماوەی چەند دەقیقەدا، میسباحی بەکورتی سەربردەی خۆیو ناکۆکی دەگەڵ فەللاحیانی بۆ باس کرد. وەختێک قسەکانی تەواو بوون، بەنیسەدر بەشێوەیەکی کورتو پوختو ڕاستوێژانە بیروبۆچوونی خۆی دەربڕی:

"بەڕێز میسباحی، دەزانی، ئەمن هێشتا قانیع نەبووم کە دەبێ کۆمەگت بکەم. لەپێشدا دەبێ دڵنیا بم کە ڕاستی‌یەکانم پێ‌دەڵێی، تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بکەی، دڵنیا نیم کە دەتوانم چ کۆمەگێک بە پیاوێکی وەک تۆ بەو ڕابردووەوە کە هەتە، بکەم. ئەتۆ پیاوێکی سەرسەخت

بووی‌و ماوەیەکی زۆر خزمەتت بە کۆمەڵێک جینایەتکاری خوانەناس کردووە‌و لە ئاکامدا دڵسۆزی بۆتۆ کارێکی دژوارە.

میسباحی دەیەویست بێتە نێو قسەکانی، بەڵام بەنیسەدر قسەکەی پێبڕی‌و گوتی:

"ڕێگا بدە قسەکانم تەواو بکەم! ئەمن تەنیا وەختێک یارمەتیی تۆ دەدەم کە سوێند بخۆی بە شێوەیەکی دروست دەگەڵ خەڵکی خۆت ڕفتار بکەی. دەبێ خۆت لەدەست گوناحەکانت ڕزگار بکەی، بەڕێز میسباحی! هەرچی لەبارەی فەللاحیانی دێوسروشت‌و ئەوانی دیکەوە دەزانی دەبێ بەمنی بڵێی." ئەمە داخوازی سەرکۆمارێک بوو کە وەک ڕووحانی‌یەک لە خەتاکارێکی دەویست.

ئەویش سەری داخست‌و گوتی: "ئەوەی دەی‌زانم پێتی دەڵێم‌و ئەوەش کە لێی ئاگادار نیم، خێزانم هێشتا لە تارانە، دەتوانێ لەوبارەیەوە کۆمەگم بکا."

"باسی خێزانت مەکە. ئەویش خەریکە کار بۆ شەیتان دەکا. سەرچاوە زانیاری‌یەکانم پێم دەڵێن چەند مانگە دەنگوباسی پێوەندیدار بە تۆ دەگەیەنێتە فەللاحیان."

میسباحی کەوتە تەنگانەوە. ئەو بیرەوەری‌یە ئازاردەرانەی لە دەروونیدا وەجووڵە کەوتبوون یادی چەند مانگ گیرانی لە هەناویدا هەڵگیرساندبوو. دۆستەکەی، ئیمامییشی وەبیر هاتەوە کە ڕۆژێک پێی‌گوتبوو لە ئێران بچێتە دەرو ئەوە کە بۆچی لێی‌نەپرسی ئەو چۆن لەو هەڕەشەیەی لەسەری هەیە ئاگادار بووە. ئیمامی پێی‌گوت: "ناتوانم پێت بڵێم چۆن دەزانم، بەڵام بێگومان دەت‌کوژن." ئەمە دەبێ لە ئاکامی خەیانەتی هاوسەرەکەیدا بووبێ بەڵام ئیمامی حازر نەبوو پێی‌بڵێ کە بۆخۆی لە گوناحی وی خۆش بووە.

"ئەمە کارێکە کە مرۆڤە حەرامزادەکان دەیکەن. باوک لەدژی کوڕەکەی هان دەدەن‌و ژن بەدژی مێردەکەی. هیچ ئەخلاقێکیان نیە. ناوی خوا دێنن‌و دروست وەک شەیتان ڕەفتار دەکەن."

پاشان لەسەر قسەکانی ڕۆیشت‌و گوتی: "بنیادەمە شەیتانسروشتەکان لە بارێکەوە کاری باش دەکەن ئەویش ئەوە کە بنیادەم لە کارەکانی وانەوە پەی بە ڕاستی‌یە باشەکان دەبا."

میسباحی هەرچەند زیاتر بیری لە ڕابردوو دەکردەوە‌و ڕووداوە پاساوهەڵنەگرەکانی ساڵانی ڕابردووی لە مێشکی خۆیدا لێک‌دەدایەوە-کاتێک دەیەویست منداڵەکانی دەباوەش بگرێ، وای دەهاتە بەرچاو کە دەیانەوێ خۆیانی لێ دوور بگرن؛و هەرکاتێک لەپشت مێزەکەی دادەنیشت پێی وابوو کەسێک چاوی لە دۆسیەکانی نێوەوەی کردوە.

کاتێک بێدەنگی لەلایەکەی دیکە لە ڕادەبەدەر درێژ بۆوە، بەنیسەدر پرسی: "جەنابی میسباحی لەکوێی؟"

دەنگی وی میسباحیی گێڕایەوە سەر وتووێژەکە. نائومێدی‌یەکەی بە شێوەیەکی سەیر لاچووبوو،و هەستی تۆڵەسەندنەوە جێی گرتبۆوە - تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنانێک کە ئەویان لە هەموو شتێک، تەنانەت لە ژنەکەشی، بێ‌بەش کردبوو.

"ئەمن دەگەڵ تۆم، جەنابی بەنیسەدر."

بە لێکدانەوەی ئۆگریی مەزهەبیی ناوبراو، سەرکۆماری پێشوو لێی‌پرسی: "ڕێژیم چ‌شتگەلێک دەشارێتەوە."و پاشان وەک ئەوەی دەزگایەک قورمیش بکا، دووەمین پرسیاری خۆی هێنایە گۆڕێ‌و یەکجار بەتوندی داوای لێ‌کرد: "پێم‌بڵێ لەبارەی کەتنەکانی ساڵی ١٩٩٢ی میکۆنووسەوە چ‌دەزانی؟"

لە مانگی ئووتدا، بێرلین بەشێوەیەکی نەدیتراو گەرم بوو. لە ئاپارتمانە چووکەکەی حەمیددا، تەنیا لە پانکەیەکی کۆنەوە بایەکی فێنک دەهات. لە بەشی زۆرتری سەرانسەری ئەم‌وەرزەدا، ئەو کاتەکانی خۆی لەژووریدا ڕابواردبوون‌و بۆحەسانەوە لەسەر نیوتەختێکی شینی کراوە لە ژوورەکەی خۆی دادەنیشت‌و بەبێ‌وازی تەماشای ئەو گۆڤارانەی دەکرد کە چەند حەوتوو بوو لەسەر یەکی کەڵەکە کردبوون. لەحاڵێکدا دادگا دە پشوودا بوو، ئەو سەعاتەکانی ڕۆژی خۆی بەوجۆرە بەسەر دەبردن. لە هەموو ساڵە ئاسایی‌یەکاندا، هەمیشە دەچووە شوێنێکی فێنکتر، بەڵام ئەو ڕۆژانە کە ئێریگ نەدەهاتە سەر کار، ئەو نەی‌دەتوانی شوێنەکەی بەجێ بێڵێ، چونکە لەوانە بوو لە نەبوونی واندا شتێکی گرنگ بە زیانی ئەوان ڕوو بدا. بەوحاڵە، تاوانێکی گەورە لە دەوروبەری پاریس، ئەوی هێنابووە حاڵەتی ئامادەباشەوە. نەفەرێکی دوورخراوەی دیکە، یارمەتیدەرێکی پێشووی وەزارەتی فێرکردن‌و ڕاهێنان، چەند حەوتوو پێشتر لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرابوو. لەبەر ئەوەی پیاوکوژە پێوەندیدارەکان لە پۆستەکانیان نەدەکشانەوە، ئەویش ئامادە نەبوو بکشێتەوە.

وەک هەمیشە تەلەڤزیۆن هەڵ‌کرابوو تا بێدەنگیی ئەو پیاوە تەنیاو خەمگین‌و خەمۆکە لەنێو بەرێ، بەڵام چاوی لێ‌نەدەکرد. حەمیدی تەرکەدنیا، کە بەدەگمەن پێش خۆرئاوا، نانی دەخوارد، جاروبار دەچووە دوکانی فرۆشیاری شکۆلاتی ڕەش، چایەکی ساردەوەبووی دەخواردەوەو

گۆڤارەکانی هەڵدەدایەوەو زۆرتر تەماشـــای ســـەردێڕی وتارەکانی دەکردو نوســـراوەکانیانی نەدەخوێندەوە. گەرما حەوسـەلەی لێبڕیبوو. بەرپرسـایەتیی تەمەنی قانوونی هێنابوویە سـەر ئەو بڕیارە کە لەســـەر درێژەدانی کارەکەی بەردەوام بێ، بەڵام ئاڵوگۆڕخوازییە منداڵانەکەی ئەوی بەجارێک تێکتەپاندبوو،و خوازیاری ریســـککردن بوو. لەنێو ئەو بارودۆخە تاریکوڕوونەدا چاوی بە ناوێکی ئاشـنا کەوت -ڕێسـتوورانی میکۆنووس. دانیشـتو دەسـتی کرد بە خوێندنەوەو دووبارە خوێندنەوەی ڕستەگەلێک کە پێش ئەو ناوەو دوای وی نووسرابوون:

"بەپێی قسەی سەرچاوەیەک (کەسێک کە ئێمە بۆ ئەم وتارە بە"C"ی ناو دەبەین) پیاوکوژی سەرەکی کە شەوی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە ڕێستوورانی میکۆنووس بە تفەنگ دەستی بە تەقە کرد، پیاوێک بوو بە ناوی "بەنی هاشمی".

ئەو ئاگادارییە لە گۆڤارێکی پڕتیراژی فەڕانسـەدا چاپ کرا -نووسـەرەکەی سـەرکۆمای پێشـــوو، بەنیســـەدر بوو. لەکاتی ڕوودانی کەتنەکانەوە -چوارســـاڵ پێشـــتر- حەمید کە تەواوی وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوەی بۆ دەرکەوتبوو دەیەویســـــت پاشـــماوەی نهێنییەکانی وەک فەرماندەری پیاوکوژەکانیش بناسێ - دێوەزمەیەکی نەناسراو کە هەوڵی دابوو یووسفی تووشی کەتنکردن بکا؛ ئەو دێوەزمەیە ئەو کەسە بوو کە چەند دەقیقە پێش سەعات ٩ی شەوی گۆڕین فەرمانی بە هەمووان دابوو،و گوتبووی: "وەختیەتی!". ئەو هەر ئەو کەســـــە بوو کە جانتا سپۆرتینۆکەی لە سـندووقی پشـتەوەی ترومبێلەکە دەرهێنابوو، دەگەڵ خۆێ بردبووە ڕێسـتووران‌و ئامادەیی خۆی لەپشت مێزی نانخواردنەکە بە جنێودانێک ڕاگەیاندبوو. تاوانبارێک کە تیرباری پێبوو،و بەدوای یەکدا سێجاری دەسڕێژ کردبوو. ڕاکردووی نەناسراو سەرەنجام ناوەکەی ئاشکرا بوو.

کپی‌و بێدەنگیی حەمید کۆتایی هات‌و شـۆروشـەوقی بە ناسـرانی کابرای گۆڕین بە جارێک ئەوی جووڵاند. سـەرەنجام، لەکۆتایی دوانیوەڕۆیەکی ترسـناکدا کارەسـاتێکی بۆ دەرکەوت کە زۆر لەمێژ بوو دۆزینەوەی مێشکی وی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

لەماوەی سـی (٣٠) سـاڵ کارکردندا، ئێریگ ئەگەر لە حەسـانەوەدابایە، هەرگیز وەڵامی تەلەفونی کەسـی نەدەدایەوە. بەڵام کاتێک سـکرتێرە گشـتی‌یەکەی پێی‌گوت حەمید بە دوایدا دەگەڕێ، سـوێندو بەڵێنی ڕابردووی وەلا ناو تەلەفونی بۆ هاوکارەکەی لە گرووپی توێژەراندا کرد. ئەو هەواڵانەی دەستی کەوتن یەکجار سـەرنجڕاکێش بوونو زۆر زیاتر لەو خیزە جوانانە کە پیاسەی لەسـەر دەکردن ئەویان دەحەساندەوە. شۆڕو هەژانی خۆی لە زۆر لەو پرسیارانەدا نیشان دەدا کە دەی‌پرسـین: " داخۆ حەمید سـەرکۆماری پێشـوو دەناسـێ. داخۆ ئەو سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە یان سـیاسـەتمەدارێکی گەندەڵە کە هەموو درۆیەک هەڵدەبەسـتێ تا زیان بە هاوپەیمانەکانی پێشووی بگەیەنێ؟ داخۆ حەمید دەتوانێ بیدۆزێتەوە؟ سەرچاوەکەی وی کێیە ؟ داخۆ ئەو سـەرچاوەیە شـتێکی زیاتر لەو بابەتە دەزانێ کە لە وتاری گۆریندا لەبارەی تاوانبارەکانەوە نووسرابوو؟

ئەو داوای لە حەمید کرد وتارەکە بکاتە ئەڵمانی‌و نوسـخەیەکی بۆ ئیدارەکەی وی بنێرێ. ئەو وردەکاری‌یەی لە وتارەکەدا هەبوو بایەخێکی کەمتری بۆ ئێریگ هەبوو. مەسـەلەیەک کە ئەوی بەخۆیەوە خەریک کردبوو پێشبینیی چوونەوەدادگاو سـەرسام‌کردنی ئەو پارێزەرانە بوو کە بە کۆکردنەوەی شایەتێکی بێ‌ئەژمار، دادگایان وەدوا خستبوو، کە یەکێکیان شایەتەکەی خۆی بوو.

حەمید سـوێندێکی دیکەشی لەژێر پێ‌نا. ئەو کە سیکۆلارێکی سـەرسـەخت بوو، هەمیشە خۆی لە ئۆپۆزیسـۆنی مەزهەبی دوور ڕاگرتبوو. بەنیسـەدریش کە موسـوڵمانێکی بەدین بوو، جارێک لە ڕێبەریی دەوڵەتێکدا بوو کە حەمید هەر لەسـەرەتاوە دژایەتیی کردبوو. بەڵام لەو ڕۆژەدا بەنەرمی دەجووڵایەوە. وەک هەموو کاربەدەسـتێکی باش کە ئاکامی چالاکی‌یەکانی خۆیان پێش هەموو شـتێک دەخەن، حەمیدیش بڕیارەکانی خۆی هەڵاوەسـین. کاتێک پەرە پەرپووتەکانی دەفتەری یادداشـتی ئادرەسـەکانی هەڵدەدایەوە، ژمارە تەلەفونی نوێنەری سەرکۆماری پێشوو لە ئەڵمانی دۆزیەوەو داوای دیدارێکی لێ‌کرد.

لەماوەی چەند سـەعاتدا، بەنیسـەدر تەلەفونی بۆ حەمید کردو ڕەزامەندیی خۆی لەسـەر داخوازەکەی پێ ڕاگەیاند. لەسـەرەتادا، وتووێژەکانیان وشـک‌و کەمتر جێی سـەرنج بوون. ئەو ڕسـتانەی دەیان‌گوتن وەک کۆمەڵێک کۆلکەداری سـاردی سـەر ئاورێک دەهاتنە بەرچاوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کاتێک پێشنیاری قسەکردن لەسەر دادگایی‌یەکەیان وەلا نا، ئەم پێشنیارە ئاڵوگۆڕی بیروڕای نێوانیانی بزواندو خۆشەویستیی دوولایەنەی نێوانیانی زیاد کرد. لە زەمانی بڵاوبوونەوەی وتاری گۆرینەوە، ئەو سەرچاوەیەی بەنیسەدر قسەی لێ گێڕابۆوە، مەسەلەگەلێکی زۆر پتری ئاشکرا کردبوو. ئەو کە ڕۆژگارێک کارمەندێکی پایەبەرزی وەزارەتی ئیتتیلاعات ببوو،و ئێستا بابایەکی تەرکەوڵات بوو، لەبارەی کەتنەکەی میکۆنووسەوە زۆری زانیاری پێ‌بوو، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی نالەباری کە لە وڵاتێکی هاوسنووری ئێراندا دەژیا، پێوەندی‌دەگەڵ گرتنی دەکرێ بڵێین نامومکین بوو. بەنیسەدر چەند پرسیارێکی لە ڕێگای فاکسەوە بۆ ناردبوو،و چەند وەڵامێکی وەرگرتبوونەوە کە ڕەشکەوپێشکەیەک بوونو بەزەحمەت دەخوێندرانەو. لە هەر حاڵدا ئەو ڕاستی‌یەی دەرخستبوو کە دەبێ ماوەیەکی دوورودرێژ لە شەقامەکانی وێدا هاتوچۆ بکا. سەرکۆماری پێشوو بە هەموو تواناوە تێ‌دەکۆشا ئەو پیاوە تەرکەوڵاتە بێنێتە ئورووپا. بەڵام پێوەندیی ڕابردووی ناوبراوو مێژووەکەی، لەباری قانوونی‌یەوە ئەوکارەی نەگونجاو کردبوو. لە ئاکامدا بەنیسەدر کەوتە بیری ڕێگەچارەیەکی دیکە. سەرکۆماری پێشوو باسی پێشێل‌کردنی قانوونەکانی نەدەکرد، بەڵام دڵنیا بوو ئەوکەسانەی بۆ وەدەستهێنانی ئاکامێکی باش بۆ نیشتمانەکەیان تێ‌دەکۆشن، خوا دەیانبەخشێ. حەمید سەری لە بەشی هەرەزۆری کارەکانی بەنیسەدر دەرنەدەچوو، بەڵام ئاماژەی وی دەربارەی پرۆژەکەی بۆ ڕزگارکردنی تەرکەوڵاتێکی وەک خۆی بەباشی تێ گەیشتبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی ئووتی١٩٩٦ بۆنی شوویتپڵاو لووبیا لە ئاپارتمانەکەوە دەچووە دەرێ. حەمید بەدەگمەن چێشتی لێ‌دەنا، بەڵام جاروبار کە ئەو کارەی دەکرد، بە شۆروشەوقی ئاشپەزێکی بەئەزموونەوە ئەوکارەی ئەنجام دەدا. لەسەرانسەری ڕۆژدا مەنجەڵو تاوەکان لەسەرەخۆ دەکوڵێنو لەسەر ئاورگی چێشتلێنان لە ئاشپەزخانە چکۆلەکەیدا جزەجزیان دەهاتو کاتێک لە تامەوخوێی کۆمەڵێک لە دەستکوڵەکانی دەخوارد یان ئەو شتانەی لێ‌زیاد دەکردن کە دەبوو تێیان بکرێ، هەر لەوکاتەدا دەگەڵ دۆستانو ڕاپۆرتنووسانیش قسەی دەکرد، تائێوارێ خواردنێکی باشی بۆ میوانێک کە پێشتر نەی‌دەناسی ئامادە کردبوو.

دەوروبەری سەعات ٨ی پاشنیوەڕۆ، مەئموورانی پۆلیس لە ئاپارتمانەکەی حەمید وەژوور کەوتن. لەبن چاوانەوە تەماشای کۆمۆدەکەی‌یان دەکرد چەکمەجەکانیان دەپشکنیو

ژوورەکەی یان وەبەر سـەرنج دەدا. هەموو پەنجەرەو دەرگاکانیان داخسـت. چونکە ئەو هیچ پەردەیەکی نەبوو، چەند پەتوویان بە بزمار لە چوارچێوەی پەنجەرەکان دان تا نەکرێ کەس تەماشـای ژووری ئاپارتمانەکە بکا. بۆ چەند سـەعاتی دواتر ماڵەکە کەوتبووە ژێر چاوەدێریی ئەمنیەتی یەوە. ئەوانەی دەهاتنە سـەردانی دەگێڕدرانەوەو میوانان بە نیگەرانی یەوە تەماشـایان دەکردن. لە دەروازەی سەرەکی ئەفسەرێک بۆ نیگابانیو ئەفسەرێک لەسەربانی ئاپارتمانەکەو یەکی دیکە لە شیپانەی دەرگای ئاپارتمانەکەدا ڕاوەستابوون.

بەنیسەدر دەگەڵ دووکەس لە یاریدەرەکانی کە بە دوایەوە بوون وەژوور کەوت. زەردەخەنەیەکی شیرنی کردو سەرگۆناکانی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش زەق بوون. چاوە ڕەشو سیسەکانیشی لەپشت چاویلکە چوارسووچەکەیەوە کە زۆر کاریکاتۆرکێشی بزواندبوون دەدرەوشانەوە. حەمید کە بەرەوڕووی سەرکۆماری پێشوو ڕاوەستابوو لەومەسەلەیە بەتەواوی سەری سوڕمابوو کە ئەم پیاوە زۆر وەک پەیکەکانی خەبات دەچوو کە چەندین ساڵ پێشتر دیبوونیو هێشتا یادیان لە زەینیدا مابوو: مووی ڕەشی سەری کە بۆلای پشتەوە هەڵدرابۆوە، دەموچاوی تاشراوی، سمێڵی کورتکراوەیو نێوچاوانی پانو تەواو سـافی، کراسـێکی سـپیو بێکراوات کە دوادوگمەی داخرابوو. حەمید بێهیچ ترسو نیگەرانی یەک بە هەر دوودەسـتی خۆی دەسـتی سـەرکۆماری پێشـووی گرتو بەخێراتنی کرد. بەپێی ڕێوشـوێنی تێکەڵاویی ئێرانی یان، حەمید خولقی میوانەکانی کرد کە بچنە سـەر مێزو بۆخۆی خێرا ڕۆیشـت تا خواردنەکە بێنێو میوانداری یان لێبکا.

بەنیسـەدر دوای یەکەمین پاروو، تۆزێک ڕاوەسـتاو لێی پرسـی: "حەمیدئاغا، پێمان بڵێ سبەینێ دەبێ چاوەڕوانی چبین؟"

(بەکاربردنی دەسـتەواژەی "حەمیدئاغا" بەردەنگەکەی خسـتە دەریای بیرکردنەوەوە. تیترێک کە سـەرکۆمار بۆی بەکار برد تێکەڵاوێک بوو لە ڕێزدانانی ڕەسـمیو ڕەفتارێکی تێکەڵ بە خۆشـەویسـتی کە لەودا بەردەنگەکە بەناوی یەکەم بانگ کرابوو.) بەنیسـەدر دەبوو بەیانیی ئەو ڕۆژە شـایەتی بداو کەلکی لەو چەند سـەعاتە وەردەگرت بۆ ئەوەی خۆی بۆ چوونەشـوێنی شـایەتەکان ئامادە بکا. ئەمە بۆخۆی شـانسو سـەرکەوتنێکی حەمید بوو کە پیاوێکی زانا هان بدا شایەتی بدا - ئەمە شاکارێک بوو کەس بەبیریدا نەدەهات ئیمکانی هەبێ.

خواردن پیاوی چارەسازی گیروگرفتەکانی قانیع کرد. پیاوێکی برسی، بە زارێکی وشکو گەدەیەکی بەئازارەوە لەجیاتی ئەوەی قسـەکانی خانەخوێ وەک ڕەخنە لە خۆی تێبگا، ئەوی وەک ڕاوێژکارێکی بەهۆش حیسـاب کرد. بۆنی گیا بۆنخۆشـەکان لەنێو خواردنەکەداو ڕەنگی جوانی زەعفەرانو تامی خۆشی گۆشتبەرخی تازەو گەرم ئەوی وەک میوانداریێکی خواردنخۆشو ساغیبەخش خستە بەرچاو.

حەمید دەسـتی کرد بە قسـەکردنو گوتی: "دەزانی جەنابی بەنیسـەدر، ئەم ئەڵمانییانە بەڵگەیەکیان بۆ ڕاستییەکان لە دەستدا نیە..." ناوبراو لە تێکەڵاوکردنی ڕستەگەلی ناڕوونو تێکەڵپێکەڵدا زۆر بەتوانا بوو،و بەرامبەرەکەی ناچار دەکرد ڕسـتەکانی بۆ ڕێکوپێک بکاو ئەویش لە بەرامبەردا داوای بووردنی لێدەکرد. ماوەیەک دەکەوتە فکرەوەو ستایشی کورتوێژیی زانایانەی وی دەکرد. -دەتگوت بەخشـش دەداتە پسـپۆڕی ڕێزمان. سـەرەنجام دەسـتی کرد بە شـیکردنەوەی شـایەتیدانی دوورولاتەکانی دیکە کە دادوەرەکانی دادگایان تووشـی سـەرسـامی کردبوو. بە کەوچکێک خەیارماستی قەیماغدار کە بەسەر دەوریی میوانەکەیدا کرد، ناخۆشترین گیروگرفتەکانی نێوانیانی لەنێو برد. سـەرەنجام سـەرکۆمار ئەو ڕاستییەی دەربڕی کە سـاڵۆنی دادگا شـوێنی کۆبوونەوەی کارناسـان نیە. هەتا پێش تەواوبوونی وتووێژەکان، ئەوەی حەمید دەیەویسـت بەڕاشـکاوی دەریبڕێ ڕاگەیاندنی مەترسـییەک بوو دەربارەی گەورە تۆمەتبار، دارابی کە ئەوەندەی بتوانێ بێگومان هەوڵ دەدا بەنیسـەدری تووڕە بکاو لە ئیعتیباری شایەتییەکەی کەم بکاتەوە.

بەیانیی زوو، دادگایی بە هێنانەگۆڕی تۆمەتەکان سـەرلەنوێ دەسـتی پێکردەوە. ناوی خۆمانە بۆ بەنیسـەدر زۆر بوون. ئەوانەی خەڵکی بێرلین بوون سـەریان لەو ئەمنیەتە توندە سـوڕمابوو کە بۆ ئەو شـایەتە دابین کرابوو،و تامەزرۆ بوون کە قسـەکانی "پارێزراوترین پیاو لەو شارەدا" ببیسن، پیاوێک کە هێندێ کەس پێیان دەگوت "عەبدولحەسەنی ترۆتسکی". شایەتیدانی سـەرکۆماری پێشـوو کە دژی دەوڵەتی خۆی هەڵوێسـتی گرتبوو، لە سـەرەتادا زۆربەی خەڵکی سـەرسـوڕماو کردبوو. بەڵام کاتێک باڵیۆزی ئێران لە ئەڵمان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوەو لەودا داوای کرد ئەڵمان بەنیسـەدری بە تۆمەتی فڕۆکەڕفاندن لەو وڵاتە دەربکا، سـەرسـوڕمانی هەمووان جێی خۆی دا بە جۆشوخرۆشـێکی توند. باڵیۆزی ناوبراو ئاماژەی بەو فڕۆکەیە دەکرد

کە بەنیسەدر بۆ ڕاکردن لە ئێران بەکاری هێنابوو،و لە وتووێژێکی تەلەفونیدا سزاخوازی‌یەکەی بڕوونۆ یۆستی بەناوی لیستێکی تۆمەتی پڕوپووچ‌و بەتاڵ دابووە بەر هێرش:

"هیچ فەرمانبەرێکی پایەبەرزی ئەڵمانی تەنانەت باوەڕ بە یەک قسەی دادئەستێنیش ناکا."

لە حاڵێکدا پێکەنینێکی دڵنیاکەرەوەی لەسەر لێوان بوو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

"بەدڵنیاییی دادوەرەکان بە قازانجی ئێران دەنگ دەدەن. ئەمن دڵنیام. چونکە گومانم لە بێ‌گوناحیی خۆماندا نیە." باڵیۆزی ڕوواداری ئێران لە کاتێکدا ئەم قسانەی دەکرد کە لە کامێراکانەوە ڕامابوو. لەپاشان بە وەلانانی مەسەلە سیاسی‌یەکان خۆی وەک بنیادەمێکی شەریف‌و نیگەران نیشان داو گوتی:

"قسەکانی سەرۆکی پارلمانی خۆمان دووپاتە دەکەمەوە کە دەیگوت "ئەو پیاوکوژی‌یانەی بیڕلین بێ هیچ شک‌و گومانێک کاری ئەمریکایی‌یەکان بوونو ئێمە هەتا ئەوکاتەی بکوژانی ڕێبەرانی کورد دەکێشرێنە بن مێزی دادپەروەری دەست هەڵناگرین."

لەنێو ڕاپۆرتنووسە گرنگەکاندا، ململانە لەسەر وتووێژێکی تایبەتی دەگەڵ سەرکۆماری پێشوو وەڕێ کەوتبوو. لەوجۆرە کاتانەدا، ئارەزووی وەدەستخستنی مەبەستێکی دڵخواز وەپێش هەموو بیرو ئەندێشەیەک دەکەوێ. بیرەوەری‌یەکان لەبیر دەچنەوە. برینەکان ساڕێژ دەبنەوە. گلەو گازندەکانی ڕابردوو لەنێو دەچن. ڕاست لە وەختێکی واداو دوای چەند مانگ نۆربێرت زەنگی بۆ تەلەفونی پەرویز لێ‌دا بەو هیوایە ئەو بتوانێ بەنیسەدری بەرێتە ستۆدیۆکەی وی.

پەرویز بە دەنگێکی خۆشحاڵی‌بەخشەوە وەڵامی دایەوە، دەنگێک کە لەگوێی نۆربێرتدا بە شێوەیەکی سامناک دەگەڵ فیتنەیی تێکەڵاو بوو: "ئۆی، نۆربێرتی خۆشەویست، داخۆ نیگەران نی! ڕێگام بدە لەو بارەیەوە دەستبەکار بمو بێمەوە لای تۆ." فکری ئەوە کە پەرویز دەیەوێ لەجیاتی وی کار بکا، ئەوی خۆشحاڵ کرد. بەوحاڵە، وەختی ئەوە بوو لە شانسێکی دیکە دڵنیا بێ.

لەسەر پلیکانەکانی دادگا، پەرویز دیداری دەگەڵ بەنیسەدر کرد. ئەوان لە ڕۆژی کەتنەکانەوە نامەیان بۆ یەکتر دەنووسی. پەرویز چەندین‌جار ئافەرینی لە بەنیسەدر کردبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

"شایەتیدانی تۆ شتی باش دەبێ. جگە لەوە ڕێگایەکی دیکە نیە. هەتا ئەو وەختە کە ئەتۆ لێرە، لە بیرلینیو تاکاتێک دەرەتان هەبێ دەبێ گوێ بۆ قسەکانی تۆ ڕابگرن."

"بەڵام دەزگای پۆلیس دەڵێ کە ئەمن لەبەر سەلامەتیی گیانی خۆم، نابێ هیچ جۆرە وتووێژێک بکەم."

پەرویز، دەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی بەدگومانیو نیگەرانییەکانی سەرکۆماری پێشوو وەڵامی دایەوەو گوتی: "بێجێیە! ئەوە دەوڵەتی ئەڵمانە کە بۆ ڕاگرتنی دڵی دەوڵەتی تاران، تێدەکۆشێ تۆ بخاتە تەنگانەوە."

سەرکۆماری پێشوو کە زۆری ڕێز بۆ قسەکانی ئەو پیاوە زیندوودەرچووە دادەنا، بەتوندی قەڵس بوو،و گوتی: "ئەتۆ بە ئەندازەی پێویست لێرە ژیاوی. ئەوەی ئەتۆ باسی دەکەی دەرخەری بێویژدانییە. ئەمن هەرگیز دووڕوویيو دەغەڵکاریم، نە لە ئاخوندەکانو نە لە هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیان قبووڵ نەکردوە. کەوایە ڕێگا بدە درێژە بە وتووێژەکانمان بدەین. دەگەڵ هەر ڕۆژنامەنووسێک ئەتۆ متمانەت پێیهەبێ وتووێژ دەکەم."

بە بیستنی ئەم قسانە، پەرویز تەلەفونە مۆبایلەکەی هەڵگرتو زەنگی بۆ ژمارەیەک لێدا. نۆربێرت وەڵامی دایەوە. پەرویز کە قسەکردنەکەی لە فارسییەوە کردە ئەڵمانی، بە نۆربێرتی گوت لە تەنیشت کەسێک ڕاوەستاوم کە لەمێژە بەدوایدا دەگەڕێی. نۆربێرت داوای لە پەرویز کرد چەند پرسیارێکی بۆ وەرگێڕێ. کاتێک قسەکانیان تەواو بوون، نۆربێرت، کە تووشی ترسو دڵەخورپە ببوو، قسەکانی پەرویزی بڕینو گوتی:

"ڕاوەستە! ئەو پیاوەی لەلای تۆ دانیشتوەو وەڵامەکانیت بۆ وەرگێڕام... دووبارە پێم بڵێ، هەر ئەو کەسەیە کە ئەمن بۆی چووبووم؟ بەنیسەدر خۆی؟ ڕاستە؟ مەبەستم خۆیەتی."

"ئای، نۆربێرت! دەکرێ ڕۆژێک لەمن خۆش بی؟ بەگیانی سالومە سوێند دەخۆم، ئەوە خودی بەنیسەدر بوو. دڵنیا بە!"

دوای چەندین حەوتوو کە سالۆنی ۷۰۰ بەتاڵ بوو، جارێکی دیکە ژمارەیەکی زۆر ڕاپۆرتنووسو تەماشاچی لەپشت هەموو مێزەکان دانیشتبوون. زۆر لە شایەتەکان چووبوونە پشت مێزی شایەتیدان. بەڵام دەکرێ بڵێین هیچکامێکیان بە ئەندازەی سەرکۆماری پێشوو جێی سەرنج نەبوون، سەرکۆمارێک کە وەختێک سێمبولی ئەو ڕێژیمە بوو کە ئێستا دەیەویست شایەتیی

لەدژ بدا. خەڵکە دووروڵاتەکە لەو ڕۆژەدا بە حاڵەتێکی پڕ لە خۆڕانان دانیشـــتبوونو ئیددیعایان دەکرد کە ئەو بە شایەتیدانی خۆی ئەوان بە لەسەرحەق دادەنێو پشتیوانی‌یان لێ‌دەکا.

دادوەر کووبش کە دەی‌زانی لە ســـاڵۆندا نیگەرانی هەیەو گیروگرفتی چاوەڕواننەکراوی پێش‌بینی دەکرد، داوای لێبووردنی لە هەموو وەرگێڕەکان کردو لێی خواســتن کە تەنیا زەمانخان کاری وەرگێڕان وەئەستۆ بگرێ. پاشان بانگی بەنیسەدری کرد کە بچێتە شوێنی شایەتەکان. خەریک بوو یەکەمین قۆناغەکانی دادگا دەســـت پێ‌بکاو دارابی بەتەواوی نائارامو نیگەران دەهاتە بەر چاو.

دادوەر کووبش لە شـــایەتەکەی پرســـی: "داخۆ دەتوانی قســـەکانت بە ڕوونیو ڕاشـــکاوی دەرببڕی؟"

"ئەمن سەرنووسەری گۆڤاری "انقلاب اسلامی درتبعید"م. جگە لەوە، ئەمن سەرکۆماری ئێران بووم، بەڵام بە کۆدیتایەک منیان لەسەر کارەکەم لابرد."

دارابی مســـتێکی توندی لە مێزەکەی داو بەزمانی ئەڵمانیو بە نەڕاندن گوتی: "کۆدیتا؟ چ کۆدیتایەک؟ ئەتۆ درۆ دەکەی، تۆیان لانەبرد، بۆخۆت هەڵاتی."

چەند کەس لە ئامادەبووان بەدژی وی بەدەنگی بەرز گوتیان: "بێدەنگ بە، بێدەنگ."

دارابی وەک شـێتان تەماشـای ئامادەبووانی کردو گوتی: "دەمتان داخەن! دەگەڵ وی قسـان دەکەم. دەڵێ کۆدیتا کراوە. لەحاڵێکدا شتی وا نەبووە."

کەسێکی دیکە بە دەنگێکی بەرز وەڵامی دایەوە،گوتی: "وست بە!"

دارابی لە حاڵێکدا تەماشـــای ئامادەبووانی دەکرد، ئاماژەی بۆ شـــایەتەکە کردو گوتی: "دایک‌حیز. ئەمن دەگەڵ تۆم نیە. دەگەڵ وی قسە دەکەم."

بەنیسەدر لە دادوەرەکەوە ڕاما کە ئارام دەهاتە بەرچاو.

ڕایل کە دەگەڵ دارابی لە قەوەزێکی دژی گوللەدا دانیشـــتبوونو لە ســـەرانســـەری ماوەی دادگـایی‌یـەکـەدا بـە دانبـەخۆداگرتنـەوە ئـامـادە بوو، ئـەویش تووڕە بوو،و بـەرامبـەر بـەو جنێوە فارسی‌یانە کە لە زیندان فێریان ببوو دەستی کرد بە قرخەقرخ. چوار ساڵ دادگایی، کارێکی بۆ هێورکردنـەوەی ڕەفتاری دووکـەس لـە تۆمـەتبارەکـان لـەبـەردەم دادوەر، یـان کـەمکردنـەوەی لەخۆڕازی‌بوونی وان بەرامبەر بە ئامادەبووان، لەدەست نەهاتبوو. ئەوان لە جێی خۆیان هەستابوونو

بەسەر تەماشاکەرەکانیاندا دەنەڕاندو دڵنیا بوون هەروەک لە سەرانسەری دادگاکەدا دیبوویان هیچ کەسیان وەپێش ناکەوێ.

دادوەر کووبش بێدەنگیی بۆ دادگا گێڕایەوەو ڕووی کردە شایەتەکەو داوای لێ کرد ڕوونی بکاتەوە مەبەستی لە کۆدیتا چیە.

"ناتوانێ ڕوونی بکاتەوە چونکە کۆدیتایەک لەگۆڕێدا نەبووە."

ئامادەبووان دووبارە دەمکوتیان کرد. ئەویش تێیانەوە ڕاماو بە زمانی فارسی گوتی: "وەختێک ئەمن قسە دەکەم ئەو زارە پڕ لەگووەتان داخەن!"

لەو ڕۆژەوە کەسانێکی دیکە کە لەسەر نیوتەختەکان دانیشتبوون لە جێگای دوورەوە هاتبوون تا گوێیان لە قسەکانی سەرکۆماری پێشوو بێ‌و کەسانێکی دیکەش لە دادگا هەبوون کە زۆر شارەزای ڕەفتاری دوورخراوەکان لە دادگادا نەبوونو لەپێوەندی دەگەڵ ئەو دووکەسە نزمو ئاژاوەگێڕەدا کەمسیکەدانەتر بوون. یەکێک بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەستا، بە ئاماژە بە دارابی هاوارێکی درێژی کردو گوتی: "کیرەکەرێکی گەورە بە ئی دایکت."

دارابی کە سام گرتبووی، کەوتە سەر جێگاکەی خۆی. ئەو کەسانەی چەند مانگ بوو ئەویان دەناسی بە تەواوی سەریان سوڕما، چونکە ئەو لە هەموو سەعاتەکانی دواتری ئەو ڕۆژەو لە دادگاییەکەدا یەک وشەی بێ‌ئەدەبانەی دیکەی بە زماندا نەهات.

گەورەدادوەر لە بەنیسەدری پرسی: "بەڕێز بەنیسەدر، بە باوەڕی تۆ بەرپرسی پیاوکوشتنەکانی ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ی ڕێستورانی میکۆنووس چ کەسێک بووە؟"

ئەمە پرسیارێک بوو کە لە ڕۆژی یەکەمی دادگاییەکەوە تا ئەو ڕۆژە لە هیچ کەسی نەکردبوو."

مەسەلەیەکی جێی پرسیار ئەوە بوو کە چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی بەنیسەدری لە پاریسەوە بێننە بێرلین تا وەڵامی پرسیارگەلێک بداتەوە. پاڵی وەکورسییەکەی دابوو. کاتێک بەڕوونی باوەڕی پتەوو بەهێزی خۆی لە ژیاندا دەردەبڕی، نیگەرانیو دڵەکوتەی ساتەکانی دەستپێکردن لە سیمایدا نەمان.

"ئەگەر ئایەتوڵڵا خومەینی مابایە، دەمگوت ئەو فەرمانێکی وای داوە. چونکە ئەوکاتەی مابوو، بۆخۆی ئەو فەرمانانەی دەردەکردنو ئیمزای دەکردن. بەڵام لەکاتی مردنیەوە تا ئێستا،

کۆمەڵێکی چکۆڵە لە بژاردەکانن کە خۆیان بە "کومیتەی عەمەلیاتی تایبەتی" ناو دەبەن. ئەوان لە ژوورەوەو دەرەوەی ئێران فەرمانی ئەم کەتنانە دەدەنو لێیان دەکۆڵنەوە."

بێدەنگی‌یەک باڵی بەسەر سالۆنەکەدا کێشا. یەکێک لە پارێزەرەکان لەجێی خۆی هەستا، بەڵام دادوەر ئاماژەی پێ‌کرد دەست ڕاگرێ. شایەتەکەش کە ئاگای لە گرژیی ئەو ساتانە هەبوو، بە دوودڵی‌یەوە پرسیاری کرد داخۆ دەتوانێ بەیاننامەیەک کە ئامادەی کردوە بخوێنێتەوە. دادوەر کووبش بە نیشانەی پشتڕاستکردنەوە سەری لەقاند.

"ئەمەیە پوختەی هەموو ئەو مەبەستانە کە دەربارەی ئەو سکاڵا قانوونی‌یەوە هەمە. ئەم زانیاری‌یانە دەمهێننە سەر ئەو باوەڕە کە فەرمانی ئەو پیاوکوژی‌یەی ڕێستورانی میکۆنووس لە لایەن بەرزترین کاربەدەستانی ئەندامی ڕێبەریی ئێرانەوە دەرکراوە. داوانامەی من لەسەر بناغەی سێ سەرچاوەی جیاواز، هەم لە نێوخۆو هەم لە دەرەوەی ئێران، دانراوە. ئەمن دەزانم ئەو سەرکردەیەی دەبوو چاوەدێری بەسەر جێبەجێ‌بوونی ئۆپێراسیۆنەکەدا بکا، لەلایەن وەزیری ئیتتیلاعات، عەلی فەللاحیانەوە، هەڵبژێرابوو. جگە لەوە، ئەمن بیستوومە تاوانباری یەکەم بە ناوی بەنی‌هاشمی کە قوربانی‌یەکانی بە تیربار کوشت هەر ئەو شەوە لە ئەڵمان ڕایکرد. لە مانگی سێپتامبرداو هەر ئەوشەوە لە ڕێگای لەهیستانەوە هاتە بێرلینو بەکۆمەگی ئاغای دارابی بەرنامەکەی بەڕێوە برد. ئەو کابرایەکی بالابەرزو بەخۆوەو وەنێوکەوتوویە -دەوری سی‌ساڵ- چاوەکانی قاوەیی کاڵن. ئەو پیاوێکی گفتخۆشە بەڵام قەڵافەتێکی قیناویی هەیە."

یوسف پەڕیە نێو قسەکانیو گوتی: "دادوەر، ئەمن هەر ئەوەندە دەزانم. تکایە پێم بڵێ "قەڵافەتی قیناوی" ڕاستی‌یەکە یان لێکدانەوە؟"

ئامادەبووانی سالۆنەکە دە بەنیسەدرەوە ڕامانو گوێیان نەدایە یووسف.

کاتێک بەیاننامەکە تەواو بوو، دادوەرەکانو پارێزەرەکان دەستیان بە قسەکردن کرد.

"ئەتۆ ئەمانە لە کوێ دەزانی جەنابی بەنیسەدر؟"

"لەو سێ سەرچاوەیە کە باسم کردن."

"ئەو سەرچاوانە کێنو لەکوێن؟"

"ناتوانم ناوەکانیان بدرکێنم. یەکێک لەوان لە ئێرانەو دوو کەسیشیان لە دەرەوەی وڵاتن. سەرچاوەی سێیەمی من پێشتر یەکێک لە پایەبەرزترین کارمەندانی ئیتتیلاعات لەو وەزارەتەدا بوو بەڵام ئەم دواییيانە وڵاتی بەجێ هێشتوە."

"کەوایە بۆ ڕوونکردنەوە لەم سالۆنەدا، داخۆ دەتوانین ناوگەلی خوازراویان بدەینێ تا بتوانین درێژە بە باسەکانی جەنابت بدەین؟"

بەنیسەدر تەماشای دادوەر کووبشی کردو کاتێک دیتی بە سەرلەقاندن ئاماژەی بۆ دەکاو ئەمەی پێباشە، ئەم ناوانەیان دا بە سێ سەرچاوەی ناوبراو: ئەو کەسەی لەنێوخۆی وڵات بوو ناوی A یان لەسەر دانا، بۆ دووەمکەس ناوی B و بۆ سێیەمکەس ناوی C یان دیاری کرد.

پرسیارێکی تازە هاتە گۆڕێ:

"پێمان بڵێ ئەتۆ لەبارەی دەستبوونی ڕێبەریی ئێران لەو ئۆپێراسیۆنەدا چ‌دەزانی؟"

"بەپێی قسەی سەرچاوەی C ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی کوشتنی پێنسەد کەسی ئێرانیی دەرکردوە کە زۆربەیان ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن بوونو هونەرمەندانو کۆمێدیەنەکانیشیان دەنێودا هەبوون... چەند کەس لەوانە وەختێک کوژران کە خومەینی مابوو، پاش مردنی وی "کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی" بۆ کوشتنی ئەوانی دیکە دەستبەکار بوو. پیاوکوژان هەمیشە پاداشی گەورەگەورە وەردەگرن. ئەمن ناوی سێزدە کەسم هەیە کە لە ئوورووپاو شوێنەکانی دیکە کەتنیان کردوەو دوایە گەڕاونەوە ئێرانو ئێستا یان لە دەوڵەتدا وەک وەزیر کار دەکەن یان ئەندامی مەجلیسی شووڕان. ئەمەیە نێوەرۆکی کەسانێک کە کۆمەڵگای جیهانی دەیەوێ کاروباری سیاسییان دەگەڵ بەڕێوە بەرێ."

پارێزەرانی تۆمەتبارەکان بەنیسەدریان نەدەخستە بەر پرسیارو گومانەوە، بەنیسەدرێک کە کەسایەتییەکی زاناو کاریگەر بوو - ئەوان نەیاندەویست ماوەی ئامادەبوونی لە دادگادا درێژتر بکەنەوەو لەجیاتی ئەوە، هەوڵیان دەدا گومان بخەنە سەر سەرچاوەی زانیارییەکانیو بەوە ئیعتیباری شایەتیدانەکەی کەم بکەنەوە. لەکۆتایی دووەمین ڕۆژی شایەتیدانەکەدا، ئەوان داوایان کرد سەرچاوەکان بۆخۆیان بانگ کرێنە دادگا بۆئەوەی دادگا بتوانێ بابەتەکان ڕاستەوخۆ لە خۆیان ببیسێ. دادوەر کووبش تەماشایەکی شایەتەکانی کرد. بەنیسەدر بۆماوەی چەند دەقیقە لەبارەی ئەم بابەتەوە بیری کردەوەو پاشان گوتی: "ئەگەر چەند دادوەری نەناسراو ئەمنیەتی وان دەستەبەر بکەن، باشترین شایەتەکان لە دادگایەکی دەرگاداخراودا شایەتی دەدەن."

دادوەر بە پشتبەستن بە هەموو دادگاییەکانی ڕابردوو کە لەواندا دادگا سلامەتیی هێندێ شایەتی تایبەتیی وەئەستۆ گرتوە، سەرکۆماری پێشووی دڵنیا کردەوە.

بەنیسەدر، بەنهێنی کوتە کاغەزێکی نوشتاوەوەی دایە دادوەر کووبش و ئەویش دایە دەستی بڕوونۆ یۆست. یۆست کردیەوە، دیتی ناوی کەسێکی تێدا نووسراوە؛ ناوی نهێنی بۆ کابرای بێناوونیشان پیتی C بوو.

دەستەبەرکردنی ئەمنیەت بۆ پەنابەرێکی سیاسیی پایەبەرزی وەک میسباحی، کارێکی دژوار نەبوو. لەمێژساڵ بوو ئاژانسە ئەمنیەتییەکانی ئەڵمان ئەویان خستبووە ژێر پارێزگاریی خۆیان. مەسەلەیەک کە فکری دادئەستێنی ئاڵۆز دەکرد، دادئەستێنێک کە بۆماوەی چوار ساڵ سکاڵا قانوونییەکەی ڕێبەری کردبوو، ئەوە بوو کە داخۆ دەتوانێ وەک شایەتێک متمانە بە میسباحی بکا. سەروکاربوون دەگەڵ تەرکەولاتەکان کارێکی گومانخولقێن بوو. یۆست نەیدەتوانی دڵنیا بێ کە ڕاکردنی لەنەکاوی کەسایەتییەکی وا بەرچاو فێڵێکی دیکە نابێ کە فەللاحیانی وەزیر دای ڕشتبێ بۆ ئەوەی دەست بخاتە نێو دادگاییەکەوە. ئەو بە ئەندازەی پێویست شایەتی گرنگی دەناسین کە کارو تێکۆشانی دادوەریان بە گۆڕینی شایەتییەکەیان پووچەڵ کردۆتەوە. ڕاستی شتێک نەبوو کە ئەو لێی دەترسا، ئەو تەنیا لە کەڵەکبازی دەترسا. دەترسا تووشی تەڵەکەبازییەک بێ و دوای ماوەیەک بۆی دەربکەوێ کە شایەتەکە داردەستی خەڵکی دیکە بووە. یۆست ناوبانگی باشی خۆی یان سکالای قانوونیی بۆ درۆی شاخداری شایەتێک نەدەخستە مەترسییەوە کە تەنانەت لەوانە بوو بیگەیەنێتە سەرکەوتنێکی گەورەتریش. بەرزەفڕییەکانی یۆست هیچوەخت لە ئەقڵی بەولاوەتر نەبوون.

بەڵام لەبەرکاروباری دادپرسییەکە نەیدەتوانی هیوادار نەبێ کە میسباحی پیاوێکی ڕاستگۆ بێ. بەئاوات بوو بەڵگەو نیشانەیەکی دەست بکەوێ کە دەری بخا میسباحی دەتوانێ شایەتێکی جێی متمانە بێ و بۆ وەدیهێنانی شتێکی وا بەدوای بەڵگەیەکدا دەگەڕا کە سابیت بکا ئەو ئیدی بەو جۆرە دەمڕاستە سیاسییانە وەفادار نەماوە.

***

## -١٨-

"هادی خورسەندی لەسایەی سەری منەوە بەڕێدا دەڕوا. لەسایەی سەری منەوە هەناسە دەدا. ئەمن هۆی زیندوومانی ویم." ئەم قسانە میسباحی بە سەرکۆماری پێشووی گوتن - دەنگەکەی ڕەنجو خەفەتێکی دەگەڵ بوو کە بیرەوەریی ڕێگای دوورودرێژو هەژاری‌لێدراوی نێوان ئیسلام‌ئابادو پاریس بوو. ئاشکراکردنەکەی لە وەڵامی زبرترینو ڕاشکاوانەترین پرسیاری سەرکۆماری پێشوودا بوو:

"بەڕێز میسباحی چ‌بەڵگەیەک هەیە نیشان بدا کە ئەتۆش ڕاست وەک کەسەکانی دیکەی وەزارەتخانە پیاوکوژێکی دیکە نی؟"

داستانێک کە میسباحی دەری‌بڕی باشترین بەرگری لە بێ‌گوناحیی خۆی بوو. لە سێپتامبری ١٩٨٤دا کاتێک ئەو وەک گەورەبەرپرسی جاسووسی لە ئورووپای ڕۆژئاوا جێگیر ببوو، کەسێک لە تارانەوە هاتبوو کە بی‌بینێ. ئەو پیاوە هاتبوو تا بۆخۆی نامەیەکی بەمۆری ئەنگوستیلەی ئایەتوڵڵا خومەینی تەحویلی وی بدا. نامەکە ئاوا بوو:

**بەناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان**

**لەبەر سووکایەتی بە پێغەمبەری ئیسلام، صلی‌الله علیه وسلم، بەم‌هۆیەوە هادی خورسەندی دەبێ بکوژرێ.**

**مۆر: روح‌الله خمینی**

ئەو نامەیە میسباحیی تووشی سەرسوڕمان کرد. چاوی لەسەر نامەکە هەڵنەدەگرت نەوەکا نەفرەتو بێزاری بەرامبەر بەو کەسەی هێنابووی لە چاوەکانیدا دەربکەوێ. ئەو ئاشقی خورسەندی بوو کە تەنزنووسی پێشووی ئێران بوو. خورسەندی کە کارامەترین تەنزنووسی دەورانی شا بوو، لە ئاکامی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئایەتوڵڵادا زۆر توندڕەو ببوو، نە لە ئاخوندەکان خۆش دەبوو، نە لە ئۆپۆزیسیۆنو نە لە ڕۆژنامەنووسانی نۆکەرسروشت کە کاری پڕوپاگەندەیان پەرە پێدابوو. لە ساڵی ١٩٨١ەوە لە دووروڵات ژیابوو،و هەموو توانای خۆی بۆ گاڵتەکردن بە ئاخوندەکان بەکار بردبوو. ئەو قسانەی ئاخوندەکان لەبارەی خوا، تەقوا، چاکەو خەراپە، شوێنەوارە دەروونییەکانی بەهەشتو دۆزەخەوە دەیانکردن، بۆ وی ببوونە گەنجینەیەکی بێبڕانەوە. ئیسلام سەرچاوەی نوێی ئیلهامیو حەزرەتی موحەممەد بابەتی بیرکردنەوە داهێنەرەکەی بوو. لە ئاپارتمانەکەی لەندەنیدا بە شێوەیەکی تایبەتی بابەتو بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی نەریتە پێکەنیناوییەکانی مەزهەبی شیعە نووسیبوون - بە شێعر، وتار، کاریکاتۆرو داستانی کورت — ئەوەی نووسیبوویو پێیدا چووبۆوە لە حەوتوونامەکەی خۆی "ئەسغەرئاغا"دا چاپی کردبوون. یەکێک لە خزمە نیزیکەکانی ئایەتوڵڵا یەکێک لە نوکتە گاڵتەجاڕییەکانی لەبارەی حەزرەتی موحەممەدەوە دیتبوو،و بردبوویەوە بۆ ئایەتوڵڵا کە بیبینێ. لە ئاکامدا فتواکە دەرچوو. لە ئورووپا هێندێ کەسی دیکەش کوژرابوون، بەڵام هیچکاتێک داوایان لە میسباحی نەکردبوو لەوانە ورد بێتەوە.

میسباحی هەرچەند پیاوێکی فێڵاویو خاوەنی کەموکوڕیی خۆی بوو، بەڵام پیاوکوژ نەبوو.

ئەوە گرنگ نیە کە ئەو چۆن لە بواری بەرپرسایەتیی مەئموورێکی نهێنیدا پلەی چووە سەرێ، چونکە بەهەرحاڵ ئەو کوڕی باوکی خۆی بوو،و بۆ هەتاهەتایەش هەر کوڕی وی دەبێ. چەند ساڵ پێشتر، کاتێک پیرەپیاو بەکارو پسپۆڕییەکەی وی زانی ، قسەی خۆی دەگەڵ بڕیەوە:

"ئەگەر ئەتۆ کارێکی دیکەت هەڵبژاردبایە بۆمن زۆر باشتر دەبوو. بەڵام ئەگەر هەردەبێ درێژە بەم کارە بدەی پێت دەڵێم: ئەتۆ دەتوانی هەموو پەڵەیەک جگە لەخوێن پاک بکەیەوە. هەروەخت دەستەکانت بەخوێنی کەسێکی دیکە ئالوودە بوون، ئیدی ئەمن تۆ بە "کوڕی خۆم" بانگ ناکەم."

لەلای ئەو نامەبەرەی کە نامەکەی دابوویە، هیچ نیگەرانی‌یەکی لەخۆی دەرنەخست. پەیامهێن لە میسباحیی پرسی داخۆ پێویستیی بە پیاوانێک، دراوێک، چەک‌وچۆڵێک شتێک هەیە کە بۆ ئۆپێراسیۆنەکە کەلکیان لێ‌وەربگرێ؟ میسباحی تەنیا سوپاسی کردو گوتی هەرچی پێویستە هەیەتی. وشەی "هەرچی"ی بە پێ‌داگرتنەوە دووپاتە کردبۆوەو تەنیا لە فکری یەک شتدا بوو کە نەیبوو، شتێک کە پەیامهێن هەرگیز نەی‌دەتوانی بی‌داتێ- ئیرادەی پیاوکوشتن.

لەبەر ئەوەی میسباحی نەی‌دەتوانی بە ئاشکرا سەرپێچی لە فەرمانەکە بکا، گەڵاڵەیەکی بۆ عەمەلیاتەکەو شێوەی جێ‌بەجێ‌کردنی پێشنیار کرد. لەپێشدا هێرشی بەربڵاوی ژمارەیەک لە ئیسلامی‌یە ئەلجەزائیری‌یەکانی پێشنیار کردو فتوایەکەی لە زمانی فارسی یەوە بۆ کردنە فەرانسەیی. دوایە ناوێکی خوازراوی لەجێی ناوی ئەسڵیی تەنزنووسەکە دانا تا لە قسەکردنو نامەنووسیندا بەکار ببرێ (ناوە خوازراوەکە "هەرەندی"، ناوی قارەمانی شەترنجی ئێران بوو کە خورسەندی زۆری خۆش دەویست). لە ڕۆژەکانی دواتردا سەری تەنزنووسیان داو هێندێ وێنەیان لە خۆی‌و ماڵەکەی‌و گەڕەکەکەی هەڵ‌گرتن. ئەویان ماوەیەکی زۆر خستە بەر چاوەدێری هەتا کاری ڕۆژانەشی. بۆ وێنە ئەوە کە هەموو ڕۆژێ بەیانی لەماڵ وەدەر دەکەوت بۆ ئەوەی بەتەنیایی پیاسە بکا.

ڕۆژێک پێش عەمەلیاتەکە، میسباحی پەیامێکی بۆ لایەنی پێوەندیدار لە تاران نارد: "ڕێوڕەسمەکە بۆ سبەینێ ڕێک‌خراوە."

وەڵامی پەیامەکەی گەیشتەوە: "ڕێوڕەسمەکە دەسبەجێ بەڕێوە بەرن! خۆش بن!"

هەر ئەو ڕۆژە سەفەری ڤیەنی کرد بۆئەوەی خۆی لەو بەرنامەیە کە دەبوو بەڕێوە بچێ دوور بخاتەوە. لەوێ، چەند سەعات پێش هێرشەکە چووە کابینێکی نەناسراوی تەلەفونو وەک کەسێکی نەناسراو تەلەفونی بۆ ئیدارەی پۆلیسی بریتانیا کرد:

"سبەینێ، دەوری سەعات شەشی بەیانی، دوو کەسی قەڵەوەی ئەلجەزائیری لە شەقامێک پیاسە دەکەن کە خورسەندی ئێرانیی دوورولاتی لێ‌دەژی. ئەوان دەیانەوێ کاتێک سەعات ٨ بۆ پیاسەکردن لە ماڵەکەی دێتە دەرێ لێی‌دەن بی‌کوژن."

بریتانیاییەکان بەپێی ئەو ئاگاداری‌یە دەستبەکار بوونو دەستووریان بە خورسەندی دا ماڵەکەی بەجێ‌بێڵێ. ماوەیەکی کەم دواتر، پیاوانێکی کە وەک ناوونیشانەکەی میسباحی دەچوون، بە دەوری باڵەخانەکەدا دەستیان کرد بە هاتوچۆو پێش سەعات ٨ گیران.

یۆست کە ڕوونکردنەوەی بریتانیاییەکانی لەبارەی ئەو کارەوە بیستبوو، خۆشحاڵ بوو کە ئەمە ئەو شتانە پشتڕاست دەکاتەوە کە پێشتر میسباحی بە سەرکۆماری پێشووی گوتبوون. لەڕاستیدا، تەلەفونی کەسێکی بێ‌ناوونیشان ببووە هۆی گیرانی حەوت کەسو دۆزرانەوەی شوێنی خۆشاردنەوەو چەکەکانیان. یۆست تکای لە بەنیسەدر کرد کارێک بکا کە ئەو بتوانێ دەگەڵ ئەو پیاوە تەرکەوڵاتە قسە بکا. ئەو بەڵێنی دا کە ئەگەر لە دادگا شایەتی بدا، ئەو بە هەموو توانایەوە تێ‌دەکۆشێ ئەمنیەتی وی دەستەبەر بکا. ناوبراو دەبوو لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا وەک شایەتێکی نهێنی ئامادە بێ،و ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشکراش شایەتی بدا، بەرنامەی پارێزگاری لە شایەتەکانی بۆ ئەنجام دەدرێ. ئەو لە چوون بۆ بێرلین خۆی پاراست. چونکە ئەم کارە بەولاوەتر لە مافی قانوونیی خۆی بوو.

***

پاش چەند حەوتوو مانەوە لە بیستوچوار هوتێلدا، بەرەبەیانێکی مانگی سێپتامبر. میسباحی بۆ دواجار پاکانە حیسابی ژوورەکەی ئیسلامئابادی کردو چووە کەڕاچی. دوای چەند جار لێکۆڵینەوەی تاقەتپڕووکێن، سەرکۆماری پێشوو، بەنیسەدر، میسباحیی بە کەسێکی جێگای متمانە ناسیو بڕیاری دا کۆمەگی بکا. سەرەنجام بە هێندێ بەڵگەی پێویستەوە کە پێشترو ئەو کاتەی هاتبووە پاکستان نەیبوون لەوێ ڕۆیشت: پاسپۆرتێکو ڤیزایەکی چوون بۆ ئورووپا. سەرکۆماری پێشوو ئەم دوو بەڵگەیەی بەرامبەر بە شایەتیدانی لە دادگایی بێرلیندا بۆ وی ئامادە کردبوون.

لەو کاتەدا، ئەو سوێدی‌یەک بوو،و دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە هەر تاوناتاوێک دەستێکی لە گیرفانی کراسەکەی دەکوتا. وێنەکەی لە پاسپۆرتێکی سوێدیو لە سەرووی ناوی کەسێکی دیکە درابوو. لە ماوەی چەند ساڵ بەنهێنی‌ژیاندا، میسباحی ناوەکانی وەک گۆڕانی وەرزەکانی ساڵ بەراورد دەکردو هەمیشە بۆ گۆڕینی ناوەکەی ئامادە بوو،و هەر تیترو ناوێکی تازە چێژێکی

پێ‌دەبەخشی‌و ڕێزی لە شوێنی نهێنیی دەرچوونی کارتی پێناسەکەی دەگرت. دەگەڵ ئەوەش، پاسپۆرتە تازەکەی شتێکی سەیرو سەمەرە بوو. لە سەرەوەی ناوەکەی دواوێنەی خۆی زۆر سەیرتر دەهاتە بەرچاو. بە دیتنی سەری سوڕدەما چونکە دەتگوت ئی کەسێکی دیکەیە. لە بەشی هەرە زۆری تەمەنی قانوونیی خۆیدا، دەموچاوی بە ڕیشێکی ڕەش داپۆشرابوو کە قەلافەتێکی زبرو زەبەلاحی پێ دەبەخشی. ئەو بەشەی دەموچاویشی کە ڕیشی دای‌نەپۆشیبوو، لەبن چاویلکە زۆر گەورەکەیدا ون ببوو. بەڵام لە پاکستان چاویلکەکەی وەلا ناو دەموچاویشی پاک‌پاک تاشی. وێنەکەی کە وەختێک ئەوی زۆر گەورە نیشان دەدا، زۆر چووک ببۆوەو خاڵێکی جوانی لەسەر گۆنای چەپی بەرچاو کەوت کە پێشتر هەر لەبیری نەمابوو. لەنەکاو گەورەکارمەندی ئیدارەی ئیتتیلاعات، دەکرێ بڵێین وەک میوەیەکی تازەچن شیرن‌و جوان هاتە بەرچاوو ئەمەش لەحاڵێکدا بوو کە دەچووە فڕۆکەخانە تا بی‌نێرنە هەرێمێکی خۆشتر.

***

ئەفسەری گومرگ لە فڕۆکەخانەی کەڕاچی بە وردی پەڕەکانی پاسپۆرتەکەی هەڵدایەوە. پاشان، دوای ئەوەی چەندین جار سەر تابەخوار لە پەیکەری میسباحی ورد بۆوە، بە بەدفەڕی‌و وەک کارمەندێکی وشک‌و ڕەسمی لێی‌پرسی: "کەنگێ هاتوویە پاکستان؟"

"کۆتاییەکانی مانگی مارس."

"ئەی باشە، مۆری هاتنەژوورت کوا؟"

"بەڕێزی دلۆڤان! داخۆ تێیدا نیە؟"

ئەفسەرەکە بە حاڵەتێکی وشیارانە تێیەوە ڕاماو سەریی ڕاوەشاند. دووبارە لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکەی بەوردی خستە بەر سەرنج‌و پرسیاری دووەمی لێ‌کرد:

"کەوایە، شوێنی مانەوەت کوێیە؟"

میسباحی بە زەردەخەنەیەکەوە لێی‌پرسی: "مەبەستتان چیە؟"

ئەفسەری ناوبراو لە حاڵێکدا تەماشای دەکرد گوتی: "لەم پاسپۆرتەدا نووسراوە کە ئەتۆ بەژنت ١٨٦ سانتی‌میترە." پاشان برۆکانیی تێک‌نان‌و لە حاڵێکدا دەنگی هێشتا تانووتاوی بوو گوتی: "تکایە، پێم‌بڵێ ئەتۆ بەژنت ١٨٦ سانتی‌میترە؟"

میسـباحی کە بەژنی تەنیا ١٨٤ سـانتیمیتر بوو، دەسـتی دەگیرفانی ڕاکردو بە دەنگێکی دۆستانەوە داوای لێبووردنی کرد:

"بیرم لە چی دەکردەوە؟ دیارە کە لێرەیە. بەڵێ، ڕاست لێرەیە!"

دووحەواڵەی هەزار ڕوپیەیی بانکیی دەرهێنانو لەمسـتی ئەفسـەرەکەی نان. ئەفسـەر خێسەیەکی لە حەواڵەکان کردو دوایە لە حاڵێکدا هیچ کاری تێنەکرابوو، فەرمانی دا: "بیگرن!" ئەفسـەرێکی پلەنزم چووە لای میسـباحی. ئەو کە جلوبەرگێکی ناقۆڵای ڕەسمیی دەبەردا بوو، ئاماژەی بۆ کورسییەک کردو میسباحی لەسەری دانیشت. بۆماوەی چەند دەقیقە، ئەفسەرە گەورەکە خەریک بوو سـەیری پاسـپۆرتەکەی دەکردو هەر لەوکاتەدا ئەفسـەرە لاوترەکە وەک نیگابانێک بە دیار سوێدییە ناسوێدییەکەوە وێستابوو. میسباحی کە خەریک بوو نیگەرانتر دەبوو، جارێکی دیکە دەسـتی دەگیرفانی ڕاکرد. ئەمجارە دراوێکی زۆرتری دەرهێنا کە لە بەسـتەیەکی ڕەنگزیویندا هەڵگیرابوو. ئەوی بۆلای ئەفسـەرەکە ڕاداشـت. ٢٥٠٠ دۆلاری ئەمریکایی تێدا بوو کە دای بە ئەفسـەرە لاوەکەی گومرگو ئەویش دایە دەسـتی ئەفسـەرە گەورەکە. ئەو ئەسکیناسەکەی ژماردو پرسی:

"هەر ئەوەندەت دراو پێیە؟"

"پێتان خۆشە گیرفانەکانم بپشکنن. هەر ئەوەندەم پێیە."

کاتێک ئەفسـەرە گەورەکە هاتەوە، هاواری بانگکردنی بۆئەوەی بچێ سـواری فڕۆکە بێ لە سـالۆنەکەدا دەنگی دایەوە. بانگی گیراوەکەی کرد بچێتە لایو بە دەنگێکی دۆسـتانەوە پێیگوت: "ئەگەر هەر ئەوەندەت دراو پێیە چۆن دەتوانی لە فڕۆکەخانە بچیە دەر؟"

میسـباحی وەڵامی دایەوە: "ئەمن هەمیشـە هومێدم بە ئیمام عەلییە. ئەو ڕزگارم دەکا." لە پاشان بە دەنگێکی بەرزتر دەستی کرد بە دوعاخوێندن.

ئەفسەری ناوبراو بۆ یەکەمینجار زەردەیەکی خۆشی هاتیو گوتی: "ئەتۆ شیعەی؟"

میسباحی بێئەوەی دوعاخوێندنەکەی ڕابگرێ بە سەرلەقاندن پشتڕاستی کردەوە. ئەفسەری ناوبراو حەواڵەیەکی پەنجا دۆلاریی بانکیی لەنێو دراوەکە دەرهێناو خسـتیە نێو پاسـپۆرتەکە کە مۆری دەرکەوتنی لێدابوو. لە حاڵێکدا پاسـپۆرتەکەی دەمسـتی میسـباحی دەنایەوە، بەسـرتە بەگوێیدا چپاند: "خوا ئاگادارت بێ!"

***

لەسەرەتای وەرزی پاییزدا، شایەتی "C"، ئیدی بۆ دادگا کەسایەتی‌یەکی نەناسراو نەبوو. لە بەرامبەر تەماشاچی‌یانی سەرسامدا، میسباحیی کارمەندی دەوڵەت کە یەکێک لە توندوتیژترین ئیشـــکەرانی ئیدارەی ئیتتیلاعاتو یەکەمین کەس بوو کە لە وەزارەتی ئیتتیلاعات ڕای کردبوو، لە مانگی ئۆکتۆبرەوە تا مانگی فێوریە، چەند جار چووە شـــوێنی شـــایەتیدان. ئەو کە هەم بۆ بێگانەکانو هەم بۆ بەرپرسانی کاروباری جاسووسی بە تەواوی ناسراو بوو، لەو جۆرە شایەتانە بوو کە دادئەستێنەکان دەیانەوێن. ئەو بەڕادەیەک جێی متمانە بوو کە تەنانەت باڵیۆزخانەی ئێران لە بۆنیش، هەر ئەوەندەی لەدەســت دەهات کە تۆمەتباری بکا گۆیا دراوی پاشـقول داوە. هەرچەند شایەتیدانەکەی کەمێک دوای شایەتیدانی دەدوازدە کەسی دیکە بوو، بەڵام بە زانیاری‌یەکانی خۆی ئەندامانی دادگای بە تەواوی ئەفســوون دەکرد. هەرکام لە وەڵامەکانی کە وردو دوور لە هەڵچوونو پڕ لە وردەکاری لەبارەی کەســـایەتی‌یەکانو بارودۆخی وانەوە بوو، متمانەیەکی ســـەرنجڕاکێشـــی دەدا بە قســـەکانی. هەموو ئەو شـــتانە کە زۆر لە دووروڵاتەکان لە بەرامبەر دادوەرەکاندا ئیددیعایان کردبوو تەواو بێ‌ســـوود بوونو هەرچی بەنیســـەدریش بوو هەوڵی دابوو بە کەلک‌وەرگرتن لە خۆشـناویو ناوبانگی خۆی دادگا قانیع بکا، بەڵام میسـباحی بە شێوەیەکی زۆر ڕێک‌وپێک‌و وەک ماتماتیک‌زانێک بەدوور لە هەرجۆرە بەڵگەیەکی ناواقیع‌بینانە قسەکانی خۆی بەیان‌کردن. ئەم شایەتە ئەوەندە وردو مووقەڵێشانەو بەجۆرێکی وا پتەو لە شوێنی شـایەتیدان ڕادەوەسـتا کە زۆرجار پێویسـتیی بە ڕاوەستانو هەناسـەتازەکردنەوەیەک دەبوو. ئەوەندە تینی بۆخۆی دێنا بۆ ئەوەی بتوانێ بابەتەکانی ڕابردوو وەبیر خۆی بێنێتەوەو بەوردی بەیانیان بکا، کە مێشکی هەلاهەلا ببوو.

تەنانەت تۆمەتبارەکانیش، بەتایبەتی دارابی، کە ژمارە تەلەفونی میســـباحی‌یان لە دەفتەری تەلەفونی خۆیاندا دیتبۆوە، ســـەری خۆیان بەردابۆوەو بێدەنگ ببوون. بەڵام لەبارەی حەمید، شـــۆهرەو پەرویزەوە دەبێ بڵێین کە هەرچەند ڕوانینێکی فیتنەگێڕانە یان دووجار دەنگێکی شادی‌بزوێن ئەوانی ڕادەپەڕاندو خۆشحاڵی دەکردن، بەڵام ئەوانیش هەر بێدەنگ بوون. شایەتیدانی کابرای ڕاکردوو ئەوانی زۆر خۆشحاڵ کرد. شایەتی ناوبراو بە کەلک‌وەرگرتن لە ڕاستیگەلێکی ئاشـــکرا هەموو ئەو مەســـەلانەی تەواو کردن کە هاتبوونە گۆڕێ‌و لە هەمووی گرنگتر، لە بەرامبەردا نموونەیەکی لەبیرنەکراوی لەبارەی ڕاستی‌یەکانەوە دا بەوان.

دادوەر کووبش پرسیاری کرد: "جەنابی میسباحی، ئەتۆ دەڵێی کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی فەرمانی کوشتنەکانی داوەو چاوەدێری‌یان دەکا. دەتوانی بڵێی ئەوان ئەم‌کارەیان کردوە؟"

"تاقمێکی چووکەڵەن کە لە گەورەڕێبەر کە سەرکۆمارە، وەزیری دەرەوە، وەزیری ئیتتیلاعاتو سەرۆکی سوپای پاسدارانی شۆرش پێک‌هاتوون."

"ئەوانە ئەگەر کارێکی تایبەتی هاتە پێش کۆ دەبنەوە یان بەڕێک‌وپێکی کۆ بوونەوە دەکەن؟"

"ئەمانە کۆبوونەوەی تەشریفاتی- ئایینینو بە ڕێک‌وپێکی دەگیرێن "

"لە کوێ؟"

"لە یەکێک لە ماڵەکانی شای پێشوودا کە پێی دەگوترێ کۆشکی فیروزە."

دەوڵەتی تاران بەرامبەر بە شایەتیدانی پێشڕەوانە، لەترسان دەکشایەوە. وەختی نوێژی هەینی، سەرکۆمار، ڕەفسەنجانی، هەڕەشەی کرد ئەوشتە کە بۆخۆی ناوی نابوو "دۆسیەی شاراوە" لەبارەی ئەڵمانەوە، ئاشکرا دەکا.

"دژی هێندێ کۆمپانیی وەک زیمێنس (siemens) کە کاری بەرنامەی ئەتۆمیی ئێمەی تەواو نەکرد، سکاڵا دەکەینو ئەوەش تەنیا سەرەتای کارمان دەبێ."

سەرۆکی دیوانی دادوەریی ئێران بەیاننامەیەکی دەرکردو لەودا ئەڵمانی بە لادان لە قانوونە نێونەتەوەیی‌یەکانو بێلایەن‌نەبوون تۆمەتبار کرد. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، لە کۆبوونەوەیەکی چاپەمەنیدا هێرشی کردە سەر هاوپەیمانەکەی خۆیان:

"ئێمە ئامادەین مامەڵەیەک بە بایی بیست‌وپێنج میلیارد دەگەڵ ئەڵمان ئەنجام بدەین بەو مەرجە خۆی لە دەستی دەغەڵبازی‌یەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل ڕزگار بکا. ئەڵمانی‌یەکان لەوە زیاتر چی‌یان دەوێ؟ ئێمە لە خەلیج، ئاسیای ناوەندیو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دژی ئەمریکا بەڵێنمان بەوان داوەو لە بەرامبەردا ئەوان ئەو میکۆنووسە قۆڕەیان هێناوەتە گۆڕێ."

باڵیۆزی ئەڵمان لە ئێرانیان بانگ کردە وەزارەتی دەرەوەو هۆشداریان پێدا کە دەوڵەتەکەی دەبێ لە بەرامبەر ئەو تۆمەتانەدا کە دادئەستێنی فیدڕاڵ لەدژی ڕێبەریی ئێران ئامادەی کردوون، وەڵامدەر بێ. ناڕازی‌یانی تووڕەو لایەنگری دەوڵەتی ئێران لەبەر دەرگای باڵیۆزخانەی

كتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئەڵمان کۆ بوونەوە، خوازیاری ئەوە بوون کە دەوڵەتی ئەڵمان داوای لێبووردن بکاو هەڕەشـــەیان دەکرد کە ئەوەی ناڕازی‌یانی تووڕە بیســت ســاڵ پێشــتر لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکایان کرد، لەدژی وانیش ئەنجام دەدرێ. شــوێنی دانیشــتنی ڕاوێژکاری فەرهەنگیی ئەڵمان کە لەوێ بە شــانازیی نووســەرانو هەڵکەوتووانی ئێران نیوەڕۆخوانی پێک‌هێنابوو، لەلایەن ئەندامانی ســوپای پاســدارانی شــۆرشــەوە درایە بەر پەلامار. پاســدارەکان چوونە ژووریو وێنەیان لەو خواردنەوە ئەکولی‌یانە هەڵگرت کە لەسەر مێزەکان دانرابوون، میوانەکانیان گەمارۆ داو ئەوانیان بە تۆمەتی "پێوەندیی ناقانوونی دەگەڵ بێگانەکان" لەوێ دەرکێشاو بردیاننە زیندان.

لە سەرەتای دواڕۆژی دادگادا، هێندێ کەسی دیکە گیران. دەوڵەتی تاران هەوڵو تێکۆشانی نهێنی بۆ تێکدانی دادگای وەلا نابوو، لەبەر ناهومێدی دەســـتی کردبوو بە هێندێک کردەوەی دڕندانەو پڕهات‌وهاوار بەدژی ئەو ئەڵمانی‌یانەی لە ئێران کاریان دەکرد یان نووســـەرانو بژاردە سیکۆلارەکان. بازرگانێکی ئەڵمانی بە تۆمەتی دەستدرێژیی بەزۆری سیکسی گیرابوو،و خرابووە مەترســـیی ئیعدامەوە. ســـەرنووســـەری بڵاوکراوەیەکی مانگانە کە دەچووە ئەڵمان لە باندی فرۆکەخانە لەلایەن یاریدەرانی فەللاحیانەوە ڕفێندرا. لەحاڵێکدا دەوڵەتی تاران بۆ ماوەی چەند حەوتوو دەوڵەتی بۆنی بە ڕفاندنی ناوبراو تۆمەتبار دەکرد. دەگەڵ ئەوەشـــدا، کاری دادگا هەروا درێژەی هەبوو.

ڕۆژی چاردەی مانگی فێوریەی ١٩٩٧، کاری دادگا بەرەو تەواوبوون دەچوو. تۆمەتلێدان بەدژی عەزیز وەلا نرابوو چونکە تاوانەکانی، بە پێچەوانەی جۆرە شـــکو گومانێک، ســـابیت نەببوون. پارێزەرانی تۆمەتبارەکە جارێکی دیکە داوایان کرد هەتا کاتێک ڕوونووسی قسەکانی دادئەستێنی فیدڕاڵیان بەدەست دەگا، تەواوکردنی کارەکە وەدوا بخەن. ئەمجارە، یۆست لەسـەر دادوەر کووبش ڕانەوەســـتاو بە پێ‌داگرتنێکی نائاســـایی ڕای‌گەیاند تاقە لاپەڕەیەک بە هیچ قیمەتێکو بۆ هیچ کەس هەڵ‌نادەمەوەو بە قەڵافەتێکی بڕیاردەرانەوە چۆوە جێگاکەی خۆیو بەو کارە دادگاو تەنانەت خۆشـــی، بەو توندوتیژی‌یە کە ماوەی چوار ســـاڵ بوو خەریک بوو دروست بێ، سەرسوڕماو کرد.

ســـێ‌ڕۆژ دواتر، دادگا بەیاننامەی کۆتایی خۆی ڕاگەیاند. دادئەســـتێن بە گێڕانەوە لە شایەتیدانی میسباحیی، ڕێبەرایەتیی ئێرانی بە شەریکەتاوان ڕاگەیاند. کاتێک یۆست خەریکی

پشـــوودان بوو، یەکێک لە پارێزەرەکانی تۆمەتبار بە ئاماژە بە چەند شـــایەتی تازە هەوڵی دا ئیددیعای بەرامبەرەکەی ڕەت بکاتەوە. بەڵام دارابی قسـەکانی پێبڕینو هەسـتایە سـەر پێو دەستی بەقسە کرد. ئەمجارە بە دەنگێکی تەواو سەنگینەوە گوتی:

"نەخەیر! داوا لە هیچ کەس ناکەم هیچ قسـەیەک لەبارەی منەوە بکا. ئەمن بۆخۆم قسـە دەکەم. ئەگەر ڕاستتان دەوێ، ئەمن کەسێکم کە کەلکی لێوەرگیراوە."

دارابی کە لە تەنیشت زەمانخان دانیشتبوو، داوای باشترین وەرگێڕانی کردو بۆ بەرگری لە خۆی بەرگرینامەیەکی بیستوحەوت لاپەڕیی نووسیبوو. بۆ یەکەمینجار دەنگی تۆمەتبارەکان کپ بوو. بۆ یەکەم جاریش ئاماژەی بە بەدشـانسـیی خۆی کرد کە وەک ئامراز کەلکیان لێوەرگرتوە. بۆ ئەو کەسـانەی چەند سـاڵ بوو چاوەڕوان بوون گوێیان لە قسـەکانی بێ، بەکاربردنی وشـەی "کەلکلێوەرگرتن" بۆخۆی پێلێنانێک بوو. ئەو خۆی وەک کەسـێکی بێخەبەر لە کەتنێک کە خەڵکی دیکە کردبوویان نیشان دا.

"کاتێک بۆ یەکەمجار لەم دادگایەدا ڕەگەڵ ئەم پیاوانە کەوتم، هیچ ئاگاداریم لەسـەر ئەو مەسـەلەیە کە ئەوان گەڵاڵەیان بۆ داڕشـتبوو، نەبوو. دۆسـتێک لەبەر چاو بگرن کە داوای سویچی ترومبێلەکەتان لێبکاو بڵێ دەیەوێ بچێتە پۆستخانەو بەستەیەکی قورس دەگەڵ خۆی بێنێتەوە. پاشـان، شـەوێ لە دەنگوباسـدا گوێتان لێدەبێ کە ئەو دۆسـتە بۆ بڕینی بانکێک کـەلکی لـە ترومبێلەکـەتـان وەرگرتوە. داخۆ ئێوە کـە ترومبێلتـان بـە ئـەمانـەتو بۆ کـارێک وەکەسێک داوەو پێتان وابووە کارێکی باش دەکەن، دەکرێ لەسەر ئەو دزییە سەرکۆنە بکرێن؟ ئەمەیە گیروگرفتی من! لەپێشـدا دادئەسـتێن لەسـەر بناغەی درۆیەکانی یووسـف ئەمین داوانامەیەکی دژی من دەرکرد. دوایە، ئەندامانی ئۆپۆزیسـیۆن ئەم ئامادەبووانەیان بەدژی من خسـتە ژێر کاریگەریی خراپی خۆیانەوە." ئاماژەی بۆ حەمید کردو گوتی: "ئەم پیاوەی لەوێ دانیشـتوەو زۆر کەسـی جۆراوجۆری دیکە دەگەڵ دۆسـتەکانیان لە تەلەڤزیۆنو تاقمی سـەربە سـی.ئێن.ئێنو دەگەڵ وانیش سـەرکۆماری پێشـوو لەم دەرفەتە کەلکیان وەرگرت تا ڕەخنە لەمن بگرن، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمن لەباری ئیدئۆلۆژییەوە دژبەری وانم. بەڵام جیاوازبوونی من دەگەڵ وان لەباری ئیدئۆلۆژییەوە، ناتوانێ من بکاتە پیاوکوژ."

کاتێک دارابی بێدەنگ بوو، ئێریگ بە دەنگێکی بەرز گوتی: "جەنابی دارابی، سـەرەنجام قسە دەکەی. ئەمە هەقی تۆیە قسە بکەی. بەڵام هەقت نیە تەنیا ئەو بەشانە لە دادگاییەکی

چوار ساڵە هەڵبژێری کە چاوەڕوانی دەستت بکەون، جەناب، ئەتۆ کەسەکانت هان دا کە بانکە خەیاڵی‌یەکە تالان بکەن."

ئەو پارێزەرانەی بەرگری‌یان لە ڕایل دەکرد، ئیدی حاشـــایان لە نەخشـــی وەکیل‌گرەکەیان لە پیاوکوژی‌یەکەدا نەدەکرد. ئەوان تەنیا دەیانگوت کە دادگایی دەری‌خســـتوە کە ڕایل کە شیعەیەکی دەمارگرژە، فەرمانەکانی ڕێبەری مەعنەویی خۆی جێبەجێ کردوون، ڕێبەرێک کە بەقسەی خودی دادئەستێن، لە تاران دادەنیشت. کەوایە ئەو وەکیل‌گرە بە مەیلو ئارەزووی خۆی ئەو کارەی نەکردوە. ئەمە خاوەندەســـەلاتەکە، واتە گەورەڕێبەرە کە دەبێ وەڵامدەر بێ نەک پەیڕەوێکی بێ‌دەسەڵات. هەر کە ئەوان قسەکانی خۆیان لەبارەی ڕایلەوە تەواو کردن، ئەو بەدژی وان دەستی بە وەڵامدانەوە کردو حاشـای لە بەڵگەکانی وان کردو گوتی جگە لە بڕیاری خۆی، پەیڕەویی لە فەرمانی هیچ‌کەس نەکردوەو هیچ‌کەس، جگە لەخۆی، بەرپرسی ئەو کەتنە نەبووە. پاشان وەک هەمیشە بە سەبرو حەوسەلەوە گەڕایەوە جێگاکەی خۆی.

دەگەڵ تەواوبوونی کاری چوار ســـاڵەی دادگا، یووســـفیش بڕیاری دا ڕوو لە دادگا بکا:
"دەمەوێ سـوپاسـی دادوەر کووبش بکەم کە ئەوەندە دادوەری چاکە،و دادوەر زاسـتڕوو، کە ئیدی دەگەڵمان نیەو ئارەزووی لەش‌ســـاغیی بۆ دەکەم. هەروەها دادوەر ئالبان کە ئەویش دادوەرێکی باشـــەو دادوەر نوولدیک کە لەوبەر دانیشـــتوەو هەمیشـــە لەم دادگایە بووەو زۆر بەچاکی کاری کردوەو دادوەر کەڵمەت کە پیاوێکی زۆر نازەنینەو پزیشکی دادگا لەوێ‌و لەڕیزی دوایە، هەرجۆر بووە هاتۆتە ئێرە. هەروا دەمەوێ ســـوپاســـی هەموو وەرگێڕەکان بکەم..." لیســـتێکی لە ناوەکانی دیکەش ڕیز کرد.

ســـوپاس‌کردنەکەی ڕەنگە بەڕاســـتییش بووبێ بەڵام لیســـتی ئەوناوانەی ڕیزی کردبوون بووە هۆی بەرزبوونەوەی بێ‌وێنەی دەنگی پێکەنینی ئامادەبووان، دەنگێک کە دەمبێنی لە دەمی یووسف دا.

وەختێک کەس نەما کە سوپاسی بکا، یووسف کارێکی کرد کە بۆخۆی بە باشترین کاری دەزانی. ڕای خۆی لەبارەی شایەتیدانەکەی پێشووی گۆڕی‌و گوتی:
"جگە لەوە، دەمەوێ لە دادئەســـتێن، بەڕێز بڕوونۆ یۆســـت،و لە پۆلیســـێک کە یەکەم لێکۆڵینەوەی لێ‌کردم ســـوپاس بکەم. بەپێچەوانەی ئەوەی پێشـــتر گوتوومە منیان ئازار داوە یان

هەڕەشـــەیان لێ کردووم، ڕاســـتی ئەوەیە کە وایان نەکردوە. چاوەڕوانیم لەم دادگاییەیە ئەوەیە کە کۆتایی بێ تا بتوانم بچمەوە ماڵێو لای ژنومنداڵەکەم. هەرئەوەندە. ئەگەر زگتان بەمن ناسووتێ، تکایە بەزەییتان بە کوڕە چکۆڵەکەمدا بێ."

***

ســـەرەنجام وەختی ئەوە هات کە ئێریگ دواقســـەکانی خۆی بکا. بەباوەڕی ئەو پارێزەرە کە هەرگیز ڕۆژێک لە دادگا نادیار نەبوو، باســـی پوختەیەک لە چوار ســـاڵ ڕەنجو ژانەســـەر، باشترینو دواقسەی وی لە هەموو بارێکەوە بوو:

"خوشـــکو برا بەڕێزەکان! ئەم کەتنە فەرمانی لەســـەر دراوە. ئێمە چۆن ئەوە دەزانین؟ ئێمە دەزانین چونکە لە ســـەردەمی ڕووخانی یەکیەتیی شـــووڕەوی بەدواوەو پاش ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین لە شیمالی عێراق لەلایەن هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئێران توندتر لە هەرکاتێک دژی داخوازی ســـەربەخۆیی[1] کوردەکان کاری کردوە. لێرەدا هۆی ئیدئۆلۆژییش لەکاردا بوون. بەوجۆرەی ئاگاداران دەیانگێڕایەوە، ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی دابوو کە "کوردەکان دەبێ لەنێو موسوڵمانبوونو بەجێهێنانی فەرمانی خواو ناسیۆنالیزمدا یەکێک هەڵبژێرن." بەڵگەی زیاترتان دەوێ؟ کوشـــتنی عەبدوڕڕەحمانی قاســـملوو لە ڤیەن لە ســـاڵی ١٩٨٩دا. یان قســـەکانی عەلی فەللاحیانی وەزیر لـە تـەلـەڤزیۆنی ئێران چـەند ڕۆژ پێش کـەتنـەکان کـە لـەودا لێدانی حیزبی دێموکڕاتی بە یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی وەزارەتەکەی دادەناو ئەو زەبرانەی بە ئاگاداریی تەماشـــاچییەکان دەگەیاند کە پێشـــتر لەو حیزبە درابوون یان دواتر دەبوو لێی بدرێن. یان دیداری نێوان بەڕێز شـــمید باوێرو فەللاحیان پێش دەســـتپێکردنی دادگاییەکە. یان چەندین داخوازی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ ڕەفتاری باشتر دەگەڵ زیندانییەکان، نەک هەر کازمی دارابی، تەنیا هاونیشتمانی ئێرانی کە گیرابوو، بەڵکوو بۆ چوار کەسەکەی دیکە کە ئێرانییش نین. ئێران لێرە مافی هاونیشتمانیی داوە بە لوبنانییەکان، ڕاست بەو شێوەیە کە ستالین یەکیەتیی شووڕەویی بە سەرزەویی بابوباپیرانی هەموو زۆرلێکراوان دانابوو. یان یووسف ئەمین لەکاتی شایەتیدانەکەیدا لە عەبباس ڕایل دەگێڕێتەوە کە گوتوویە "ئەگەر ڕۆژێک تووشـــی گیران هاتی، نیگەران مەبە!

[1] -داخوازی کوردەکان نە لە ئێرانو نە لە عێراق سەربەخۆیی نەبوو.-وەرگێڕ-

ئێران پشـــتیوانیمان لێدەکا." یان قســـەکانی بەڕێز جەلال تالەبانی، ڕێبەری کوردی عێراقی، لەبارەی ئەو زانیاری‌یانەوە کە ســـەبارەت بە بەرنامەیەک بۆ کوشـــتنی قوربانیی گەورە، واتە دوکتۆر شەرەفکەندی بەدەستی هێناوە. یان سەرچاوەو ئامادەکەری ئەو چەکانە کە بۆ تاوانەکە بەدەستیان هێنابوون، ئەو چەکانە کە لێوردبوونەوە بالیستیکی یەکان دەریانخست هی ئێران بوون. ئامرازەکانی دەنگ‌کپکردنیش هەروا. یان ئەو ڕاستی‌یە کە دووکەسی ئێرانی لەو ئۆپێراسیۆنەدا دەستیان هەبووەو هەروەها ئەوە کە ئەوەی لەپێشدا تەقەی لێکردوون بە دەنگی بەرز [وبەفارسی] جنێو بە قوربانی‌یەکان دەدا. ئاماژە بە بەڵگەگەلێکی بێ‌ئەژمار ناکەم کە ئیتتیلاعاتی ئەڵمان بەدەستی هێناونو پاشان شایەتی‌یە مەحکوومکەرەکانی شایەتی "C"و سەرکۆماری پێشوو، بەنیســـەدرو کەســـانی دیکە کە بە دادگایان نیشـــان دا کە ڕێژیم لە تاران ئەو عەمەلیاتەی بە عەمەلیاتێکی سەرکەوتووانە داناوە."

پاریزەر ئۆتۆ شـــیلی (Otto shily) کە دەزگا مافپەروەرەکەی هەر لە ســـەرەتاوە ســـکالای قانوونیی دوکتۆری قبووڵ کردبوو، دەگەڵ ئێریگ هاوکاریی کرد. ئامادەیی شـــیلی - کەسایەتی‌یەکی ناوداری ســـیاســـی- کۆمەگێکی گەورە بە شـــۆهرەو دوروڵاتەکانی دیکە لە سالۆنی دادگادا بووکە هەمیشە لە نەناسراویو بێ‌ناوونیشانیی خۆیان دەترسان.

"ئەو پیاوانە قوربانی‌یەکانی خۆیان نەدەناســـیو هیچ دوژمنایەتی‌یەکیشـــیان دەگەڵیان نەبوو. تەنیا یەک بەڵگە بۆ ئامانجداربوونیان هەیە: ئەوان ئەو خەڵکەیان کوشـــت چونکە بەرپرســـانی ســـەرەوەیان لە تاران دەســـتووریان پێدابوون کارێکی وا بکەن. کوژرانی دوکتۆر شـــەرەفکەندیو هاوڕێکانی تارانی هان نەدا بپرســـێ بۆچی هاونیشـــتمانەکانی لە ئەڵمان بەچاکی پارێزگاری‌یان لێ‌نەکراوە ئەویش لە کاتێکدا کە بۆ بەشـــداری لە کۆنگرەیەکی نێونەتەوەییدا لە ئەڵمان بوون. جگە لەوەش، لە وەڵامی ئەوکەتنەدا هیچ‌کاتێک داخ‌دەربڕین یان پەژیوانی‌یەک لە دەوڵەتی ئێران نەبینراوەو هەرگیز هەنگاوێکی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کەتنە هەڵ‌نەهێناوەتەوە. ئێران هیچ‌جۆرە ئامادەیی‌یەکی بۆ هاوکاری لە لێکۆڵینەوەی ئەو کەتنەدا لەخۆی نیشـــان نەداوە. بەپێچەوانە، ڕێژیمی ئێران تەنیا وەختێک دەستبەکار بوو کە تۆمەتبارەکان گیرانو هەوڵی دەدا پێشگیری لە دادگایی‌کرانیان بکا. کاتێک دەوڵەتی تاران هەوڵی دا بە قازانجی تۆمەتبارەکان دەست تێوەربدا دەمامکی تاوان لەسەر ڕوخساری وەلا کەوت. ئەم کارە تەنیا قبووڵی تاوانباربوونی خۆیەتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئێمە ناتوانین ڕێگا بە هەراوهۆریای تاران بدەین کە ئارامیمان لێ تێک‌بدا. چونکە دادوەرەکان تەنیا لە ئارامیدا دەتوانن بڕیاری خۆیان بدەن. پرسیار هەر ئەوە نیە کە چ کەسانێک ئەو کەتنەیان کردوە. ناوەکان دەبێ ببرێن، تەنانەت ئەو کەسانەش کە نەگیراون‌و لێرە دادگایی نەکراون. ئەم‌کارە بێ‌گومان هێندێ ئاکامی سیاسیی لەبارەی پێوەندی‌یەکانی نێوان ئەڵمان‌و ئێرانەوە بەدوادا دێ. ئەوە پێوەندیی بە سیاسەتمەدارانەوە هەیە کە دەبێ لەوبارەیەوە نیگەران بن. دادگا دەبێ ڕاستی‌یەکان تەواو بە ڕوونی بخاتە ڕوو،و قەت گوێ نەداتە نیگەرانیی خەڵکی دیکە. ئەو تێرۆریزمەی ئێران بەڕێوەی دەبا یەکێک لە بێزراوترین شێوەکانی پیاوکوژیی ڕێکخراوە. هەرجۆرە سەنگ‌وسووکی‌و لێبووردنێک نیشانەی لاوازیی ئێمەو ڕێزدانەنان بۆ شێوەی ژیانی قانوونیی خۆمان دەبێ. ئێمە ڕێز بۆ فەرهەنگ‌و شارستانەتیی وان دادەنێین. بەڵام جیهانی‌بوونی مافی مرۆڤ‌و مافەکانی ئێمە کە بەپێی سیستمێکی قانوونی دەژیین داوا لە ئێمە دەکا کە توندترین هەڵوێست بەرامبەر بە کردەوەی تێرۆریستی بگرین.

ماوەیەکی زۆر درێژە کە دەوڵەتە ئورووپایی‌یەکان ئاگایان لە ڕەفتاری توندوتیژی ئێران هەیە، ڕێژیمێک کە ستایشی تێرۆریزم دەکاو تەنانەت فەرمانی ئەنجام‌دانیشی دەدا، نابێ قەرزەکانی ئێمەی بدرێتێ‌و بەڕێزەوە پێشوازیی لێ‌بکرێ. دەوڵەتی ئێران دوای هەموو ئەم قسانە هەوڵی داوە پێشی ئەم دادپرسی‌یە بگرێ. لەم ڕۆژانەی دواییدا هێندێ داخوازی نەزانانەو دوور لە هەرچەشنە ڕێزدانانێک‌و تۆمەتگەلێکی بێ‌بناغەمان دەبیستن کە لەلایەن ئێرانەوە دەهاتنە گۆڕێ. دادئەستێنە فیدڕاڵەکانمان هەڕەشەی مەرگیان لێ‌کراوە. ئەمن لەوە دەترسم کە ئەم هەڕەشانە لە ڕۆژەکانی پێش حوکمداندا زۆر توندتریش بن. بۆیە دەبێ بە پێ‌داگرتنێکی توندترەوە بڵێم: ئێمە قەرزداری دادئەستێنی فیدڕاڵین. ئەم ئەمەگناسی‌یە، بەتایبەتی لەلایەن بنەماڵەی قوربانی‌یەکانەوە، بە تەواوی لەناخی دڵەوە دێ. ئەگەر کەسانێک لە تاران پێیان وابێ، بەبێ هیچ زللەو سزایەک دەتوانن هەڕەشە لە دادئەستێنەکانمان بکەن، دەبێ بزانن کە کارێکی وا ڕاگەیاندنی شەڕ دژی ئەڵمان دەبێ. دادوەرەکان بەزوویی داوەریی یەکجاریی خۆیان بە ناوی خەڵکی ئەڵمانەوە دەردەکەن. دڵنیام دادوەری‌یەکەیان کارێکی دادپەروەرانە دەبێ. ئەمە گەورەترین ئومێدی منە چونکە ئێمە هەموومان ئەرکێکی هاوبەشمان هەیە. هەموومان -هاونیشتمانان، ژنان‌و پیاوان،و تەنانەت ئەوانەی میوانی ئێمەشن- دەبێ لە ئەمنیەتداو بێ‌ترس‌و تۆقین بژین."

***

# -١٩-

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی ئاوریل، هەموو ئەو شەقامانەی دەچوونەوە سەر دادگای مۆبیت (Moabit)، لە مانگێک پێشترەوە داخرابوون. تفەنگچیی نهێنی لەسەر ئەو بانانە کە بەسەر دەرگای چوونەژوورییاندا دەڕوانی دامەزرابوون. پیاوانی پۆلیسو سوپا، دووکەسدووکەس بە دەوری باڵەخانەکەدا دەگەڕان. ئێرانی‌یە دوورولاتەکان لە سەرانسەری ئورووپاوە هاتبوونو لە بێرلین کۆ ببوونەوە. لە بەرامبەر هەموو ئەو ڕەنجو ئازارەدا کە چاشتبوویان، ئەو ڕۆژە پاکانە حیسابێک بوو. سەدانکەس لەوان لە چوار سووچی چوارڕێیانێکدا کە دادگاکەی تێدا بوو، چاوەڕوانی وەڕێخستنی خۆپێشاندانێک بوون، دادگایی‌یەکە نیزیک بە چوار ساڵی کێشابوو، لە ٢٤٦ کۆبوونەوەدا ١٧٦ کەس چووبوونە شوێنی شایەتیدانو خەرجی دادگا کە سێ میلیۆن دۆلار بوو خەریک بوو تەواو بێ.

ئەو ڕۆژە بەیانی، شۆهرە کە هێشتا ڕەشپۆش بوو، پێکەنینێکی گەشەداری لەسەر لێوان بوو. سارا بۆ یەکەمینجار دەگەڵی بوو. بوونی کچەکەی لە تەنیشتی، ئەوی دڵخۆشو هیوادار دەکرد. ئەو ئیدی کچێکی چووکەڵەی دڵناسک نەبوو، بەڵکوو خانمێکی چاردەساڵەی ڕوولەگەشە بوو. شەوی پێشتر سارا ڕێگای قوتابخانەی خێرا بڕیبوو، هاتبۆوە ماڵێ. بیروباوەڕی بەهێزو ماندوویی‌نەناسی دایکی لە دوارۆژی دادگادا ئەوی هان دا لە دادگا ئامادە بێ. ئامادەیی قایمو هیوابەخشی دایکی باری قورسی غەموخەفەتی وی زۆر سووک کردبوو،و لە ئاکامدا ئەو ڕۆژە بەتەواوی بەدەماغ بوو.

شـۆهرە بەسـپایی‌و لەبن لێوانەوە دەیگوت: "ئەمڕۆ چیی بەدوادا دێ؟" بەڵام سـارا بایەخێکی ئەوتۆی بەوە نەدەدا، ئەو بۆ داوەری نەهاتبوو، بەڵکوو هاتبوو ئاکامی کاری دادگا ببینێ کە ژیانی دایکیی تووشی دۆخێکی ناخۆش کردبوو. هاتبوو دەستپێکردنی ژیانی لەوەدووای ببینێ. هاتبوو ماڵئاوایی دەگەڵ دایکە ڕەشپۆشـەکەی بکا. هاتبوو بیر لەو یەک سـەعاتە بکاتەوە کە ڕاسـت وەک پیاوکوژەکان لەو ژوورە دەبێ‌و هەر لەو هەوا ناخۆشـەدا هەناسـە دەدا. هەوڵی دەدا خۆی لە یەکتردیتن ببوێرێ چونکە تەحەممولی نەدەکرد. دەی ئاوریل ڕۆژی بنیادەمی جینگەنە نەبوو. ئەو هاتبوو بەشە خۆشحاڵی‌و شادمانیی خۆی وەرگرێ.

پەرویز لە پیادەڕێیەکەوە دەستی بۆ ئەو ژنە ڕاوەشاند. ئەو زۆر درەنگ گەیشتبوویەو بەشی تەماشـاچی‌یەکان لە دادگا بەتەواوی پڕ ببوو. ئەو ڕاسـت بەو نیگەرانی‌یەوە بە پیادەڕێیەکەدا دەڕۆیشـت کە جارێک لە ژووری چاوەڕوانیی نەخۆشـخانەیەک پیاسـەی دەکرد کە کچەکەی لەوێ لەدایک بوو. تۆمەتبارەکان لە دەروازەی وەرگرتنی حوکمەکانیاندا بوون‌و ئەو چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بە بێ‌تاوان بناسـرێ. ئەو شـەڕە بۆ وی زۆری خەرج هەڵگرتبوو. زۆر کاری کردبوون، بەڵام شانازیی پێوە نەدەکردن. شەوی پێشتر کە لەسەر جێ‌خەوەکەی بە تەواوی نائارام‌و ناڕەحەت بوو لە شـەوی ڕووداوەکە بەدواوە تەواوی ڕۆژەکانی ژماردبوو: هەزارو شـەشسـەدو شـەسـتو پێنج ڕۆژ. ئەو بە تێپەڕینی حەوتوو و مانگەکان ناڕەحەت نەببوو چونکە یەکێک لە مانا ڕوونەکانی کەمبوونەوەی ئەزموونە ناخۆشـەکانی بوو. مەسـەلەیەک کە ئەوی وشـیار کردبۆوەو هاتوچۆ پڕنیگەرانی‌یەکەی لە پیادەڕێیەکەدا توندتر دەکرد، ئەوە بوو کە ئاکامی کاری ئەمڕۆ چ‌دەبێ؟ ئومێدی دایە خۆی‌و درێژەی بە ڕێگاڕۆیشتنەکەی دا.

جارانیش سـاڵۆنی ٧٠٠ هەمیشـە پڕ لە حەشـیمەت بوو، بەڵام هەرگیز کاربەدەسـتانێک لە نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە یان باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەنێو ئامادەبوواندا نەبوون. لەنێو ڕاپۆرتنووسـەکاندا، تەنانەت ئەندامانی ڕادیۆ تەلەڤزیۆنی دەوڵەتییش ئامادە بوون. لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا باڵکۆنی دادگا کە ڕۆژگارێک بۆ پیاوماقووڵەکان دانرابوو، بۆ یەکەمجار کرابۆوە هەتا پاشـماوەی ئەو حەشـیمەتە زۆرە لەوێدا بحاوێننەوە. تەماشـاچی‌یەکان هەژابوون‌و لە هەمووکاتێک بەورەتر بوون‌و ئەو بۆچوونانەی دەیاندانە ڕاپۆرتنووسەکان پاڕانەوەیان تێدا نەبوو:

"هاتووینە ئێرە بزانین داخۆ دەسەڵاتی دادپەروەریی ئێوە وەک ماتۆڕی ترومبێلەکانتان کار دەکا یان نا!" ئەوانیش هاتبوون داوەریی خۆیان نیشان بدەنو دەیانەویست بزانن ئەو پەیکەرانەی لە دەوروبەری ساڵۆنەکە دانراونو ئەو وێنانەی لە دیوارەکان دراون، دەتوانن ئیسبات بکەن کە هەر بۆ جوانی دانەنراون.

بڕوونۆ لە تەنیشت یاریدەرەکەی دانیشتبوو،و هەردووکیان جلوبەرگی ڕەسمیی ڕەنگ‌زریشکی‌یان دەبەردا بوو. شەوی پێشتر هەردووکیان دواشەوی پێوەندیدار بە دادگایی‌یەکەیان لە ڕێستوورانێکی یۆگۆسلاڤەکاندا کردە جێژن. ئەزموونی سەختی ژیانی، دادگایی‌یەک کە بۆ ماوەی نیزیک بە پێنج ساڵو بۆ نیوەی ڕۆژانی حەوتوو ئەوی لە ژووری هوتێلو دوور لە ماڵەکەی ڕاگرتبوو خەریک بوو تەواو دەبوو. ئەوە کە ئەو لەوێ بوو تا سەرەڕای هەموو ئەو هەڕەشانەی لێی کرابوون بی‌بینێ، شتێک بوو کە ڕەنگ بوو زۆر کەسی دیکە بە مۆجیزەیەکی بزانن. یۆست کە پیاوێکی مەنتیقی بوو، ئەوەی تەنیا بە شتێکی نائاسایی دادەنا. لەحاڵێکدا ڕاست لەو جێیە دانیشتبوو کە زۆر ڕۆژان لێی دانیشتبوو، بە هیچ‌جۆر خەفەتی نەدەخواردو هەستی بە ڕەزامەندی دەکرد. ئەو هەموو ئەرکەکانی خۆی ئەوەندەی لە توانایدا بوو ڕاست وەک دادئەستێنێکی بەشەرەف ئەنجام دابوون.

هیچ بابەتێکی نەدەگۆڕیو هیچ قسەو ئیددیعایەکی وەرنەدەگرتەوە. ئەوەی بۆی مابۆوە بیکا ئەوە بوو کە بیری گەڕانەوە بۆ ماڵێو دەستپێکردنەوەی ڕەوتی ژیانی ڕابردووی ئەوی خۆشحاڵ دەکرد. چەند ڕۆژان ماوەیەکی زۆر دەخەوتو وەک ورچ دەچووە خەوی زستانی‌یەوە. لە سەرانسەری کاری دادگادا، هیچ شتێک، نە هەڕەشە لەسەر ئەمنیەتی گیانی، نە ڕەفتاری توندی هاوکارانی، نە سەعاتە بێ‌کۆتایی‌یەکانی کاری، بە ئەندازەی لێ‌مۆڕبوونەوەی دوورولاتەکان لە ساڵۆنی دادگادا، ئەوی ناڕەحەت نەدەکرد. ڕوانینی قیناویی ژنانو پیاوانێکیش کە مافی دەنگدانیان نەبوو، بە ئەندازەی مۆڕبوونەوەی دوورولاتەکان ئەوی ناڕەحەت دەکرد. ئەو ژنو پیاوانە هەموو ڕۆژێ بە چاوی هەڕەشەوە سەیریان دەکرد. بۆی تەحەممول نەدەکرا ئاوا بکەوێتە گەمارۆی وانەوەو بەجێ‌هێنانی چاوەڕوانی‌یە ڕانەگەیەندراوەکانیان ئەوی دەربارەی ئەو زانیاری‌یانەی هەیبوون بەتەواوی ناڕەحەت کردبوو،و خستبوویە ژێر باری هێندێ مەسەلەی نادیار بەڵام گرنگەوە. ئەو لەڕاستیدا مرۆڤێکی قانیعو خۆشحاڵ لە سەفەرەکەی بوو،و هەر لەوکاتەدا زیاتر لەوە خۆشحاڵ بوو کە دوای ماوەیەک کارەکەی تەواو دەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

پێنج دادوەر لە دالانی باڵەخانەكەدا دەركەوتنو ڕێكوپێكی بەرقەرار بوو،و سرتوخورت كۆتایی هات. هەتا ئەو ڕۆژە هیچ كاتێك هەڵچوونو هەژان كاری نەدەكردە سەر شێوەی قسەكردنی دادوەرەكان. بەدوای دادوەر كووبشدا كە هەنگاوەكانی خێرا دەهاتنە بەر چاو، دادوەرەكان چوونە جێگاكانی خۆیان. بێدەنگی‌یەكی تەواو ساڵۆنەكەی داگرتبوو. یەكێك لە دوورولاتەكان لە جێگاكەی خۆی بەتوندی دەجوولاو ئەوانی دیكە تێیەوە ڕامابوون. بێدەنگیی تەواوی دادوەر كووبش حوكمی هەڵسەنگاندنی دەمارەكانی هەبوو، بێدەنگی كە بەڕواڵەت نیشانەی خاترجەمی‌یە، ئەو بەیانی‌یە لە بەرامبەر شەپۆلی چاوەڕوانی‌یەكدا كە لە هەناوی ئامادەبوواندا دەجوولا ببووە دیوارێكی شەپۆڵبڕ.

ئەو لەحاڵێكدا جۆرێك قسەی دەكرد كە بۆ یەكەمجار دەنگی دەلەرزی‌و لە حاڵێكدا تەماشای ئامادەبووانی دەكرد، لەپێشدا ڕووی تێ كردنو گوتی:

"پێش ئەوەی ئاكامی دادوەری‌یەكە ڕابگەیەنم، چەند شتێكتان لێ داوا دەكەم. ئێرە ساڵۆنی دادگایە. تكایە قسەكانی من مەپچڕن، فۆتۆكۆپیی پاساپۆرتەكانتانمان لەلایەو ناوو نیشانی ئێوە دەزانین. فەرمان بە گاردەكان دراوە هەركەس بارودۆخی دادگای شێواند، دەسبەجێ بیبەنە دەرێ. هەروەك زۆر باش دەزانن، كەسانێكی زۆر لە نهۆمی خوارەوە هەنو پێیان خۆشە بێنە ساڵۆنی دادگا. بۆیە، هەرجۆرە قسەپچڕینێك ڕوو بدا -هەرچەند لەم دادگایەدا بەدەگمەن شتی وا ڕووی‌داوە- ئێوە لە دادگا دەردەكەن تا ڕێگا بەكەسانی دیكە بدەن بێنە ساڵۆنەوە."

پاشان ڕووی كردە شۆهرەو گوتی: "لە ئەندامانی بنەماڵەی قوربانی‌یەكانو تۆمەتبارەكانیش داوا دەكەم تووشی هەڵچوون نەبن. وێنەیەك لە دادوەری‌یەكە دەدرێ بە وەرگێڕەكانو ئەگەر پێویست بێ بۆیان وەردەگێڕن."

هیچكەس لەجێی خۆی نەدەبزووت. هەموو دە وی‌یەوە ڕامابوون. كاتێك دادوەر كووبش هەستایە سەرپێ سەعات٩/٥ی بەیانی بوو. هەروەك هەمیشە وا بووە، بیرەوەری‌و قسەكانیی بەم وشانە دەست پێ بكا "بەناوی گەل." قسەكانیی بەمڕستانە دەست پێ كرد:

"كازم دارابی‌و عەبباس ڕایل، بەهۆی ڕۆڵبوونیان لە كوشتنی چوار كەسدا، بە زیندانی هەمیشەیی مەحكووم بوون. دووكەس لە هاودەستەكانیان، یووسف ئەمینو موحەممەد عەتریس بە تەرتیبی ناوەكانیان بە یازدەساڵو پێنج ساڵ حوكم دراون. عەتائوڵڵا ئەیاد ئازاد دەكرێ، بەڵام

دادگا لەبارەی مووچەی مانگانەی چەند ســـاڵەو زیانە ماڵی‌یەکانیەوە هیچ شـــتێک قەرەبوو ناکاتەوە. فەرموون دانیشن."

هەموو لەســـەر کورســـی‌یەکان دانیشـــتن. یووســـف ئەمین پیٚ‌دەکەنی. ڕایل‌و دارابی کوورِ ببوونەوەو جاویان بریبووە زەوی‌و بەتەواوی تێک‌شکابوون. دادوەر کووبش لەسەری ڕۆیشت‌وگوتی: "هەر لەسەرەتاوە دیار بوو ئەم دادگایە دووروودرێژ دەبیٚ‌و هەر واش دەرچوو. تۆمەتباران کەلکیان لە مافی خۆیان وەرگرت کە قسە نەکەن‌و بەمجۆرە زەحمەتی کاری دادگایان زیاتر کرد کە تەنانەت بە نوێنەرایەتیی وانیش دژوارتر کار بکەن.

زۆر گیروگرفتی پێش‌بینی‌کراویش هەبوون کە بوونە مایەی درێژبوونەوەی کاری دادگا. لە ســـەرانســـەری ئەو ماوەیەدا ڕەوتی دادگا دەبوو لانی‌کەم وەرگێڕێتە ســـەر دوو زمانی دیکە. هێندێک لە شایەتەکان زۆر درەنگتر لەکاتی دیاری‌کراو دەهاتن‌و جگە لەوە، تەنیا لە شوێنەکانی دیکەی جیهان -ئێران، کانادا، لوبنان،- دەســـتیان ویٚ‌ڕادەگەیشـــت. دیتنەوەو فێرکردن‌و ناردنی دادوەرەکان‌و ڕاپۆرت‌نووسان بۆ بیستنی شایەتی‌یەکانیان ماوەیەکی زۆری پێوە خرا.

ڕاگەیەنەکان دەڵێن ئێران لەم دادگایەدا دادگایی دەکریٚ. ئەمە ڕاســـت نیە. ئێمە هیچ‌کەس پاشملە دادگایی ناکەین. هەرکات کەسێک ددانی دێشا، دادگایی‌یەکەمان وەدوا دەخست چونکە دادگا هەرگیز نەی‌دەتوانی لە پاشـــملەی تۆمەتبارێکدا کۆبوونەوە پێک بێنیٚ. ئێمە هیچ‌کەس دادگایی ناکەین کە نەتوانیٚ لە دادگادا ئامادە بیٚ. کەوابیٚ"تێڕۆریزمی دەوڵەتی" هەرگیز لەم دادگایەدا دادگایی نەکراوە."

ئەم قســـانە حەمیدیان بەتوندی ڕاتڵەکاندو لەوە نیگەران بوو کە دادوەر کووبش دوایە چ‌دەڵیٚ‌و سەرەنجام چاوی لێک‌نان. شەوی ڕابردوو خۆی بۆ دوو شت ئامادە کردبوو کە ڕیٚیان تیٚ‌دەچوو: داخۆ دادوەرەکان بەقازانجی دووروڵاتەکان دەبزوونەوەو ئەگەر وابیٚ ئەو پۆســـتەرگەلێک هەڵدەدا کە ئەم بابەتانەیان لەسەر نووسرابیٚ:

**هەموو پێوەندی‌یەکان دەگەڵ ئێران بپچڕن!**

**باڵیۆزەکان لە تاران بانگ بکەنەوە!**

**وەزیر کینکڵ (Kinkel): هاوکارەکەت تێڕۆریستە!**

ئەگەر بەجۆرێكی دیكەش دەنگ بدەن، پۆستەری دیكە هەڵدەدەن:

## ڕۆژێكی تاریك‌و پڕشوورەیی بۆ سیستمی دادوەریی ئەڵمان
## دادوەرەكان زراویان لە پاڵەپەستۆی سیاسی چوو

تاكاتێك دادوەر كووبش دەستی بە قسە نەكردەوە، سالۆنەكە بۆماوەیەك بێدەنگ بوو.

ئەو پێی لەسەر وشەیەك دادەگرت كە بناخەی بەڵگەهێنانەوەی بوو: "بەڵام! دەتوانین باسی هێندێ كردەوە بكەین كە لەسەر زەمینەی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەنجام دراون، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێكی وا ئامادەش نەبێ بەرگری لە خۆی بكا. بەپێی قانوون، ئێمە دەبێ لە هەلومەرجێكی تەواو گونجاوداو بەوردی لە كەتن بكۆڵینەوە. ئامانجی ئێمە لێرەدا هەرگیز دۆزینەوەی زەمینەكەی نەبووە، بەڵام كاتێك هەوڵمان دەدا هاندەری پشت ئەو كەتنە تێبگەین، پێویستیی ئەم كارە دەردەكەوت. لە چوارچێوەی ئەو لیكۆڵینەوەیەدا، دەستڕاگەیشتن بە تاوانباربوونی خەڵكی دیكە، وەك كەسانو دامودەزگاگەلێكیش پێویست بوو. ئەو تۆمەتبارانەی لێرەن ئەوانە نین كە ئەم كەتنانەیان كردوە.

حەمید چاوەكانیی هەڵێنان، هەناسەیەكی درێژی هەڵكێشاو نوقمی خۆشحاڵی بوو. ئێریگ قۆڵی شۆهرەی گووشیو ئەویش بۆ لای داهاتەوە. ماوەی چەند دەقیقەی دواتر، دادوەر كووبش باسی ئەو زوڵموزۆرەی كرد كە لەكاتی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئایەتوڵڵاوە دژی كوردان بەكار براوە، یەك لەوان ئەو كەتنە بوو كە لە ڕێستورانی میكۆنووس كرا. هەتا پێش ئەم قسانە، پاڵەپەستۆ ڕووحی‌یەكەی نیشتبۆوەو ئەوەندە وردو ڕێك‌وپێك قسەی دەكرد كە هەموو لێی حاڵی دەبوون. ئەو هەرگیز بیری نەكردبۆوە كە ڕۆژێك دێ لەبارەی خەڵكی دووروڵاتەوە قسە بكاو هیچ كاتێكیش لەو بڕوایەدا نەبوو كە كەسانێك لە خەڵكی وڵاتانی دیكە بتوانن داستانی ژیانی وان بەوجۆرەی پێویستە بگێڕنەوە. دادوەر كووبش بابەتگەلێكی دەربڕین كە وەك لایلایی لەگوێی ئامادەبوواندا دەزرینگانەوەو دەرخستنی هەقانیەتێكیش بوون.

"فەرمانی ئەو تاوانە كە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە بێرلین ئەنجام درا لەلایەن ڕێبەری هەرە بەرزی ئێرانەوە درابوو."

حەمید بێدەنگ بوو،و دووروڵاتەکانی دیکەش وەک وی بێدەنگ بوون. نەیاندەتوانی بە دژی ویستەکانی دادوەر بجووڵێنەوەو هاوار بکەن. بۆیە هەموویان بێدەنگ بوون، بەڵام لەجێی خۆیان هەستانو بەپێوە ڕاوەستان. حەمید بە کەیفو خۆشی دەستی کرد بەکوتانی مێزەکەی پێش خۆی. ئەوانی دیکەش کاتێک ئەو ئاماژەی بۆکردن هەر وایان کرد. دەنگی شادیبەخشی تەپڵکوتانی تەماشاچییەکان لە سالۆندا شەپۆلی دەدا. شۆهرە لەنەکاو گریا. کچەکەی گرتە نێو قوڵەکانی خۆیو دەنگی گریانیان دەگەڵ دەنگی تەپڵکوتانەکە تێکەڵ ببوو. خێراخێرا سەرو لاچاوی کچەکەی ماچ دەکرد. زۆر ساڵی لەدوای یەک، ئەو خەڵکە دووروڵاتە لە سالۆنی دادگا، وەک پەنابەرانێکی نەناسراو بە مست لە دەرگای ماڵەکانی بێرلینیان دابوو، هەوای بێرلینیان هەڵدەمژی، بە پیادەڕێیەکانی بێرلیندا دەڕۆیشتن، شەوانە لە بێرلین دەخەوتن. بەڵام ماڵو داراییو قازانجی ماددی، کە کاری کەسانی کەڵەکبازە، هیچوەخت بەسەریاندا زاڵ نەببوو، چونکە بەبێ کاری دروستو بەپێی هەقی خۆیان ماڵو دارایییان کۆ نەدەکردەوە. ئەوان مێزەکانیان دەکوتا چونکە لە ئاکامی ئەم دادوەرییەدا، سەرەنجام داواکانیان پشتڕاست کرابوونەوەو بەڕێزەوە ڕەفتاریان دەگەڵ کرابوو. ئەوان هەر بۆ چوونەژوور نەیاندەکوتا، بەڵکوو دەیانەویست ڕابگەیەنن کە سەرەنجام گەیشتوونە وێ.

بڕوونۆ یۆست لە سالۆن دەرپەڕی تا تەلەفون بۆ ئیدارەکەی خۆی لە کارلسرۆهە بکاو خەبەرەکانیان بداتێ. چەند کەس لە ڕۆژنامەنووسانیش خێرا چوونە دەرێ بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی دەسکەوتەکانی خۆیان بدەن. ڕۆژی دواتر تیتری ڕۆژنامەکان ئاوا دەبوو: "ڕووداوێکی مێژوویی لە دادگای ئەڵمان ڕووی داوە کە پێش ئەوە هیچکات لە مێژووی جیهاندا ڕووی نەداوە." بۆ یەکەمجار دادگای ئەڵمان ڕێبەرانێکی بە کەتنکردن تۆمەتبار کردبوو کە هێشتا لە دەسەڵاتدا بوون.

لە دەرێ تەلەفونمۆبایلی پەرویز کە بەدەستییەوە بوو زەنگی لێداو ئەوەی زەنگی لێدابوو گوتی: "پەرویز، ناوی کەسانێکیان هێنا، ناوی هەموانیان ڕاگەیاند."

"هەموو کێن؟"

"هەمووی وان."

"مەبەستت دارابیو ڕایلو ئەمینە؟"

"نەخەیر، سەرۆکەکان."

"نا، بابە، ڕاوەستە! ئەتۆ هەژاویو خەریکی زیاد دەڕۆی."

"پەرویز، گوێت لێبێ! ئێمە شتی وا ناکەین."

"بەهەڵە چووی. ئەو شتانەی دادوەر گوتوونی لێک مەدەوە. ڕاست ئەوەم پێبڵێ کە گوێت لێبووە!"

"کووبش ناوی هێنان..."

بەڵام بەرلەوەی پەرویز گوێی لە قسەکانی بێ، حەشیمەتی دەرەوەی دادگا کەوتنە جۆشوخرۆش. هاواری خۆشی دنیای پڕ کرد. پەرویز دەستی کرد بەگریان. چەند ڕۆژنامەنووس کە میکرۆفۆنو کامێرایان بەدەستەوە بوون غاریان دایە لایو لێیانپرسی: "بەڕێز دەستمالچی، بیروڕات لەسەر دادوەریی ئەمڕۆ چیە؟" "ئەمن... ئەمن..." بەڵام ئەو پیاوە بەزیندوویی‌دەرچووە زمانپاراوە نەیدەتوانی ڕستەکەی تەواو بکا. جارێکی دیکە هەوڵی دا بێتەوە سەرخۆو دووبارە دەستی پێکردەوەو گوتی: "ئەمن... ئەمن..." بەڵام چوارساڵ گریانو فرمێسکڕشتن هەر ئەو تاقە وشەیەی پێهێشتبوو. ئەم دوو وشەیە تەنیا وەڵامێک بوون کە بە پرسیارێکی دەدانەوە.

ئەو کۆمەڵەی بۆ ناڕەزاییدەربڕین هاتبوون، ئیدی نەیاندەویست دروشمەکانیان بدەن. دروشمە نووسراوەکانی خۆیان فڕێ دان، بەرزەوێژە دەستییەکانیان داناو ئاڵاکانی خۆیان لوول دا. ئێستا کاتی ناڕەزاییدەربڕین نەبوو. لە چەند بەرزەوێژی گەورەوە کە بەیانیی ئەو ڕۆژە لە چوارسووچی چوارڕێیانەکە دایاننابوون دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ئاوازێکی بەناوبانگی مۆسیقا. ژنوپیاوو پیرولاو دوودوو لە پەنای یەک ڕاوەستان، دەستیان بۆ حەوا بەرز کردنەوەو ئەژنۆیان چەماندنەوەو بەسپاییو بە ئاهەنگی جلفو عەوامانەی "باباکەرەم" کە جلفترین ئاهەنگی هەڵپەڕینی ئێرانییە، هەڵیاندەسووڕاندن. بە هەنگاوی لەسەرەخۆ ئەڵقەیان لە دەوری یەکتر لێدەداو برۆیان هەڵدەتەکاندنو سەیرترین سیمایان لەخۆ نیشان دەدا، دوایە دەستیان کرد بە پێکەنین. جیفڕکیان هەڵداویشتنو پێدەکەنین. ئەوانەی کڵاویان لەسەر بوو، بۆ داپۆشینی نێوچاوانیان کڵاوەکانیان کەمێک لار دەکردەوەو کاتێک بە دەوری هاواڵەکانیاندا دەسووڕان شانی خۆیان وەک شەپۆل ڕادەوەشاندنو لە تەواوی ئەو ماوەیەشدا پێدەکەنین.

لە دەرەوەی ساڵۆنی ٧٠٠، حەمید کە ژمارەیەکی زۆری ئاگاداری (آگهی، اعلان) لە ژووری ساڵۆن دزیبوون، هەرچەند دانەی هاویشتنە سەر میلەی پلیکانێک. ئاگادارییەکان لەبەر

هەوای ڕەنگ‌تەڵایی ژووری ساڵۆندا دەدرەوشانەوە. حەمید پۆستەرێکی کردەوەو لەسەر یەکێک لە پلیکانەکانی دانا.

## هەموو پێوەندی‌یەکان دەگەڵ ئێران بپچڕن

گاردەکان بەپەلە غاریان دا تا پێشی پێ‌بگرن. کاتێک خەریک بوون کەلەپچەیان دەکرد ئەو دەگریاو تووشی هەژان ببوو، وەختێک ئێریگ حەمیدی دی، بەخێرایی چووە لای‌و باوەشی پێدا کردو لەحاڵێکدا هەردووکیان دەگریان، شانیان بەتوندی هەڵدەتەکان. تەنیا کاتێک حەمید خۆی لە باوەشی دەرهێنا، ئێریگ گاردەکانی دیتن‌و تکای لێ‌کردن ئازادی بکەن.
حەشیمەتێکی زۆر وەک لافاو لە دەرگای ساڵۆن دەهاتنە دەرێ. هەرکەس دەهاتە لای شۆهرە تا تۆقەی دەگەڵ بکا، شۆهرە باوەشی پێدا دەکرد. ئەو هیچ قسەیەکی بۆ گوتن نەبوو. دواجار کە شادی‌و خۆشحاڵی بەو ڕادەیە ئەوی بزواندبوو ئەو کاتەبوو کە ڕۆژی زەماوەندەکەی جلکی سپیی دەبەردابوو،و دەگەڵ نووری هەڵدەپەڕی،و هیچ هەستێکی نەبوو جگە لە ئومێدو درەوشانەوەو جگە لە دەنگی لێدانی دڵی هیچ دەنگێکی گوێ لێ‌نەبوو.
ڕۆژنامەنووسێک چووە لای ساراو لێی‌پرسی چ هەستێکی هەیە. سارا کە هیچ کات وەڵامی ڕۆژنامە نووسێکی نەدابۆوە، زەردەخەنەیەکی کەوتە سەر لێوان‌و گوتی:
"زۆر خۆشحاڵم کە هەموو شتێک تەواو بووە.

ئانجیلا یۆست کە زۆر دوور لە بێڕلین لە ژووری دانیشتنەکەیان ڕاوەستابوو، دە تەلەڤزیۆنەوە ڕامابوو،و فرمێسک بەسەر ڕوومەتیدا دەهاتنە خوار. مامۆستایەک دەنگ‌وباسەکەی بە کوڕەکەی گوتبوو،و لە وەختی دەرسخوێندندا ئیزنی دابوو لە پۆل دەرکەوێ. ئەویش بە شانازیی تەواوەوە دەستی دەنێو دەستی دایکی نا. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، لەسەر ئامۆژگاریی کاربەدەستێکی ئاسایشی ئەڵمان، ئەو پێنج دادوەرە کە چاوەدێریی دادگایی‌یەکەیان کردبوو، لەژێر جاوەدێریی پاراستندا چوونە شوێنێکی نەزانراوو ڕانەگەیەندراو. لە میوانخانەیەکی چووکەڵەی زۆر دوور لە بێڕلین هەریەکەی ژوورێکیان دانێ. پاش ئەوەی چەند سەعاتێک لە ژوورەکانیاندا مانەوە دادوەرێکی گەنج مەترسیی لەخۆی گرت‌و دەگەڵ دوو کەس لە گاردەکان چووە نێو شار

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

تا ڕێســـتوورانێک پەیدا بکاو لەوێ ڕێوڕەســـمێک بۆ دوارۆژی تاقەتپڕووکێنترین دادگایی دەورانی خزمەتیان وەڕێ بخەن. هەتا دادوەری ئازاو بێباک گەڕایەوە میوانخانەکە، ماوەیەکی پێ چوو.

"باشـترین جێگام دیوەتەوە. کافەیەکی بەلاوەو ڕەحەت لەم نیزیکانە کە بەدڵنیایییەوە دەتوانین نانی لێ بخۆین‌و چەند قومێکیش شەڕاب بخۆینەوە. بەڵام گومانم هەیە کەس بوێرێ بچێتە وێ."

کـاتێـک دادوەرێکی دیکـە پرســـیاری لێ کردو گوتی بۆچی، گوتی: "چونکـە نـاوی میکۆنووسە."

ئاوریلی ١٩٩٧، دەوڵەتی ئەڵمان لە هەنگاوێکی نارەزایی درەنگ‌وەخت بەدژی چالاکی‌یە تێڕۆریســـتی‌یەکانی ئێران لە ســـەرانســـەری ئورووپادا، داوای لابردنی باڵیۆزو چاردە کەس لە هاوکارەکانیی کرد کە لە بەشـی جاسـووسـیی باڵیۆزخانەدا کاریان دەکرد. لە ئاکامدا، هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا باڵیۆزەکانی خۆیان بانگ کردەوەو باڵیۆزخانەکانیان داخســـتن. پێوەندیی سیاسیی ئورووپایی‌یەکان دەگەڵ تاران بۆ ماوەی کەمتر لە شـەش مانگ زۆر ناخۆش بوو. بەڵام ئەو پێوەندیپچڕینە کورتە زۆر ســـەرســـوڕهێن بوو. پیاوکوژی‌یەکانی ئێران بە دژی کەسانی دوورولات لە ئورووپای ڕۆژئاوا ڕاگیراو لیستە پێنسەد کەسی‌یەکەی ئایەتوڵلا هەرگیز تـەواو نـەکرا. نـە بۆمبێـک بـە تـاراندا درابوو،و نـە هیچ خوێنڕێژی‌یـەک ئـەنجام درابوو. ئـەم ســـەرکەوتنە مێژوویی‌یە کەمێک دوای بەڕێوەبردنی دادپەروەری هاتە پێش. ڕۆژئاوایەکی یەکپارچەو لێبڕاو سـەرەنجام بە دژی ئێران ڕاوەسـتا. داوەری لەبارەی میکۆنووسـەوەو کۆبوونەوەی گەورەی ئورووپا دوای ئەوە، وەک گەورەترین زەبر لە تاوانباران هەمیشە دەمێنێتەوە. تاوانبارانێک کە بەرزترین‌و درەوشاوەترین ڕوخسارەکانی میللەتی خۆیان لەنێو برد.

***

# پاشوتار

لەکۆتاییی‌یەکانی ساڵی پێش میکۆنووسدا، دەرکەوت کە دادوەر کووبش تووشی شێرپەنجەی خوێن بووە. بەڵام چونکە نەی‌دەویست کارەکەی وەدوا بخا، یان ڕێگاچارەیەکی مامناوەندی بدۆزێتەوە، هەتا ئەوکاتەی دادگا داوەریی خۆی ڕاگەیاند، خۆی لە دەرمانوەرگرتن بوارد. لەماوەی ڕۆژانی درێژی چارەسەرەکەیدا، یاریدەرەکەی، دادوەر ئالبان، بە پەیڕەوی لە ئەسڵی ئەمەگناسی، بیست لاپەڕە لە بەشی نهێنیی داوەری‌یەکەی بۆ هاوکارە نەخۆشەکەی بردە نەخۆشخانە تا لێی ورد بێتەوەو چاوی پێدا بخشێنێتەوە. دوا دەقەکەی، کە پتر لە سەدهەزار وشە بوو، لە دیسامبری ١٩٩٨دا درا بە پارێزەرەکان.

نوسخەیەک لەوداوەری‌یە نێردرایە سەر مێزی حەمید. ئەویش ئەم بەڵگەیەی دەگەڵ پێشەکی‌یەک کە ئێریگ نووسیبووی چاپ کرد. چەند ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی، دادوەر ئالبان تەلەفونی بۆ حەمید کرد. دارابی لە زیندانەوە تەلەفونی بۆ ئەو دادوەرە کردبوو،و داوای نوسخەیەکی لێ‌کردبوو. بەڵام چاپە قانوونی‌یەکەی بە شێوەیەکی ناشیرین ئامادە کرابوو،و بۆ خەڵکی ئاسایی شتێکی گونجاو نەبوو. دادوەر بەو زیندانی‌یەی گوتبوو کە "دوژمنەکانی" بەڵگەکانیان بەشێوەی کتێبێکی ڕێک‌وپێک چاپ کردوەو پێشنیاریان کردوە ئەوت لە جیاتی چاپەکەی دیکە بۆ بنێرن.

پێش ئەوەی دادوەر ئالبان قسەکانی دەگەڵ حەمید تەواو بکا، دادوەر کووبش هاتە سەر هێڵی تەلەفونو پرسی: "ئەتۆ چۆنت وێنەیەک لە دادوەری‌یەکە دەست کەوت؟ ئەمە بۆ هەمووان نیە، دەزانی، تەنیا بۆ کەلک‌وەرگرتنی نێو خۆمانە."

حەمید پێ‌کەنی‌و گوتی: "بەڕێز گیان، لە ڕێگای ئامرازی نامە گەیاندنەوە."

"کامە ئامراز؟"

"بەڕێز گیان، هەر ئەو ئامرازە باشە کە ئێوە لێرە، لە بێڕلین، داتانە دەستی ئێمەی دووروڵات."

"کاکی بەڕێز، ئەمن وەک دادوەرێک ناچارم پێت بڵێم کە ئەو کارەی ئەتۆ کردووتە شتێکی ناقانوونی بووەو ئێستا کە ئەمن لێرەم، دەکرێ بێ‌زەحمەت دانەیەکی بنێریە ئیدارەکەی من؟ بە یاریدەرەکەم دەسپێرم ڕێوشوێنی کارەکە ئامادە بکا."

دادوەر ئالبان دەستی بەقسە کردەوە تا ئادرەسی تازە بدا بە حەمیدو داوای دانەیەکی خاوێنی کرد، دانەیەک کە هیچ نیشانەیەک یان یادداشتێکی لەسەر نەنووسرابێ. دوایە لێی زیاد کرد: "تکایە، لەبیرت بێ کە ژمارە حیسابێکی بانکیمان بدەیەی تا هەقی زەحمەتەکەت بۆ بنێرین."

حەمید بەپەلە گوتی: "بەڵام دادوەر، ئەتۆ نابێ باسی دراو بکەی! ئەمە نیشانەی ئەمەگناسیی منە، دیاری‌یەکی کەم‌بایەخ بۆ جەنابت."

دادوەر ئالبان پێ‌کەنی‌و گوتی: "ئەتۆ ڕۆژهەڵاتی‌یەکی ناشارەزای! ئەمن دادوەرم. ئەگەر دراوت نەدەمێ لەبارودۆخێکی ناخۆشدا دەبم."

تۆمەتباران داوای چاوپێداخشاندنەوەیان کردو سکاڵاکە نێردرایە دادگای بەرزی فیدڕاڵ. تاران کە هیوادار بوو کار بکاتە سەر ڕەوتی دادپرسی‌یەکە، بازرگانێکی ئەڵمانیی بە تۆمەتی دەستدرێژیی سیکسی گرتو حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکرد. دەوڵەتی بۆن لەکاری خۆی پاشگەز نەبۆوە. ساڵی ١٩٩٨، پاش ساڵێک لێکۆڵینەوە، دەوڵەتی فیدڕاڵ پشتیوانیی لە داوەریی کووبش کرد. ئەو کە بەناوبانگە باشەکەی خۆی وەفادار بوو، جارێکی دیکە ڕای گەیاند کە "حوکمەکە بۆ چاوپێداخشاندنەوە نابێ."

دەوڵەتی بۆنیش کەسێکی ئێرانیی بە تۆمەتی جاسووسی گرت. ئەم گرتنە بوو بە دەرفەتێک بۆ هاوپێوەندی‌و خزمایەتی. بڕوونۆ یۆستیان بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتەکە دیاری کردو دادوەر کووبش سەرۆکایەتیی دادگایی یەکەی وەئەستۆ گرتو حەمیدو هاوڕێکەی بۆئەوەی بتوانن ڕۆژانە لە دادگادا بەشدار بن، کارەکانی خۆیان بە شەو ئەنجام دەدا. ساڵۆنیش هەر ئەو ساڵۆنی

٧٠٠ە بوو. لە سەرانسەری دادگاییەکەدا، دادوەر کووبش شەکەتو ماندوو دەهاتە بەرچاو، بەڵام کاری خۆی درێژە پێدا. لە ئاخروئۆخری دیسامبری ١٩٩٩دا، حەمید بەپەلە چووە لای کە خەریک بوو دەچووە ژووری کارگێڕەکان، پێی گوت : "لە ساڵی نوێدا شادیو لەشساغیت بۆ ئارەزوو دەکەم." کووبش لە بەرامبەردا زەردەیەکی هاتیو گوتی "شادی" دەتوانێ بێتە دی بەڵام بەگومان بوو لەوەی "لەشساغی"ی وەدەست کەوێو ئۆکتۆبری دواتر کۆچی دوایی کرد. مردنەکەی چەند حەوتوو پێش خانەنشینبوونی بوو، ئەو خانەنشینبوونە کە پێشتر گفتی بە هاوسەرەکەی دابوو ئەگەر وەری گرت بچنە ئەو سەفەرانە کە چەند دەیە بوو وەدوای خستبوون.

ساڵی ٢٠٠٤، کۆمەڵێک لە ئێرانییانی دوورولات، بە پێشەنگیی حەمید، داخوازێکیان بۆ شارەوانیی بێرلین نووسیو لەودا داوایان کرد لەوحێکی بیرەوەری لە شوێنی ڕێستوورانەکە دابنێن. دیسان کێشە کێشەیەکی بەردرێژ لە نێوان بێرلینو باڵیۆزخانەی ئێراندا ڕووی دا. سەرەنجام، لەوحەکە ڕێی پێدرا. لەوحەکە کە لە پیادەڕێی ٢A، شەقامی پڕاگەر، لەسەر چوار پایەیەکی کورتو قایم دانرابوو، بە جەوهەری سوور لەسەری نووسرابوو:

**لێرە، لە شوێنی ڕێستوورانی پێشووی میکۆنووس، لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا، نوێنەرانی بەناوبانگی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، فەتاحی عەبدولی، هومایوونی ئەردەڵان،و سیاسەتمەداری دانیشتووی بێرلین، نووریی دێهکوردی، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە کوژران. ئەوان لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافی مرۆڤدا گیانی خۆیان لەدەست دا.**

ئەو ڕێستوورانە لەوکاتەوە تا ئێستا هێندێ ئاڵوگۆڕی تێدا کراوە. سەرەڕای هەمووی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ڕووکارەکەیو نوێکردنەوەو گۆڕینی بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا کراون، خواردنەکانیو فەزای ژوورێی هێشتا ساڵەکانی میکۆنووس وەبیر دێننەوە - تەواو سادە. دواجار، بوو بە هی ڤێتنامییەک کە پێیدەگوترا خاتو سایگۆنو ساڵی ٢٠١٠ داخرا.

چاردە ساڵ دوای کۆتایی ئەو دادگاییيە، مەسەلەکە هێشتا جێی باسو وتووێژە. گەورە پیاوکوژەکە هەرگیز نەگیرا: بەنیهاشمی، کە هەر ئەو شەوە بە فڕۆکە لە ئەڵمان ڕای کردو ئێستاش هەر هەڵاتوویە.

لەو پێنج کەسەی گیرابوون، عەتریس پاش سێ ساڵ زیندان ئازاد کرا، یووسف دوای تەواوکردنی دە ساڵ لە حوکمەکەی نێردرایەوە لوبنان.

خێزانی کازمی دارابی بە ڕێکوپێکی لە زیندان سەری دەداو لەوێ بوونە خاوەنی کوڕێکی دیکە. ساڵی ٢٠٠٧و دوای پازدەساڵ زیندان، داوای پێداچوونەوەی لێ قبووڵ کراو مانگی دێسامبر ناردیانەوە تاران. لە فڕۆکەخانەی تاران وەک قارەمانێک پێشوازییان لێ کردو لەوێ سوێندی بۆ کۆمەڵێک لە ڕاپۆرتنووسان خوارد کە هەموو بەڵگەکانی بێگوناحیی خۆی دەنووسێو بە شێوەی کتێبێک بڵاوی دەکاتەوە. عەبباس ڕایلیش کە دەگەڵ دارابی تۆمەتەکەیان هاوبەش بوو داوای پێداچوونەوەی لێقبووڵ کراو هاوکات لەگەڵ وی ناردیانەوە لوبنان.

باڵیۆزی ئێران لە ئەڵمان، مووسەوی، کە لە ساڵەکانی دادگایی میکۆنووسدا لە ئەڵمان بوو، زۆری پێ لەسەر ئەوە داگرت کە تۆمەت بەدژی تاران "جۆکێک بوو"و ئێران هەرگیز مافی مرۆڤ پێشێل ناکاو دەست بۆ ئیعدامی ناقانوونی ناباو بەمجۆرە لەبارەی ڕێژیمەوە دوا. ساڵی ٢٠٠٧ لەبارەی پێوەندیی نێوان ئێرانو ئەڵمانەوە کتێبێکی لەسەر ئەو ساڵانە بڵاو کردەوە کە وەک باڵیۆز لە ئەڵمان بووە. حەوتوویەک دوای بڵاوبوونەوەی بە تۆمەتی جاسووسی خستیانە زیندان. کتێبەکەشی قەدەغە کراو لە هەموو کتێبفرۆشییەکانی سەرانسەری وڵات وەرگیرایەوە. بەڵام بەرگێکی لەسەر قەوەزەی کتێبەکانی نووسەرێکی کەمناوبانگی ئێرانی - ئەمریکایی دەدرەوشایەوە کە لە شوێنێکی لێڕەوارەکانی کانیکتیکات دەژی.

عەلیی فەللاحیانی وەزیر ساڵی١٩٩٧ لە پۆستی خۆی وەک گەورەئەندامی ئیتتیلاعات کشایەوە. پۆلیسی نێونەتەوەیی بەهۆی دەستبوونی لە بۆمبدانانەوەی ساڵی ١٩٩٤ لە ناوەندی جوولەکەکانی بۆینێس ئایرێسی ئەرژانتیندا فەرمانی گرتنی بۆ دەرکرد. ئەمڕۆ ئەو ئەندامی مەجلیسی شارەزایانی ڕێبەرییە، مەجلیسێک کە چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی ڕێبەری مەزندا دەکا. ئەو کەسانەی ناویان لە حوکمی دادگادا هەیە، هێشتا پاڵیان وەکورسیی دەسەڵات داوە. وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە، ویلایەتی، لە ئیدارەی ڕێبەری مەزندا، نوێنەری

تایبەتیی کاروباری دەرەوەیەو بەمجۆرە، بەکردەوە تارمایی وەزیری کاروباری دەرەوەیە. سەرکۆماری پێشوو، ڕەفسەنجانی، هەم سەرۆکی کۆمەڵی لێکدانەوەی قازانجی نیزامەو هەم سەرۆکی ئەنجومەنی بژاردەکانی ڕێبەرییە. گەورەبەرپرسی پاسدارانی شۆڕشیش هەروەک بەهێزترین کەسایەتیی وڵات ماوەتەوە.

دووساڵ دوای دیدار دەگەڵ میسباحی لە تاران کە لەودا وشیاریان کردەوە کە پیلانێک بۆ کوشتنی لەئارادایەو داوایان لێکرد ئەو وڵاتە بەجێ بێڵێ، یارمەتیدەری وەزیری ئیتتیلاعات، سەعیدی ئیمامی، بە تۆمەتی جاسووسی گیرا. ئەو ساڵی ١٩٩٩، لەگرتووخانەو لە هەلومەرجێکی گوماناویدا مرد.

میسباحی دوای شایەتیدانەکەی لە دادگا لە ساڵی ١٩٩٦دا، لە بەرنامەی پارێزگاری لە شایەتەکان وەرگیرا. ئەو لەسەر تۆپی زەوی‌و لە جێیەکی تارادەیەک بێخەتەر دەژی. ئەو ئێستاش بەوردی وەدوای ڕووداوەکانی ئێران دەکەوێ‌و لەو ژێرزەمینە نهێنی‌یەوە کە لێی دەژی، بیرو بۆچوونەکانی خۆی بەکۆمەگی کامپیووتێر دەنێرێتە ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە. ژانویەی ٢٠٠٧، نووسەر بۆ ماوەی سێڕۆژی تەواو دەگەڵی بوو،و گوێی بۆ ڕەنج‌و ئازارەکانی ڕاداشت.

گەورەبەرپرسی کۆمیسیۆنی تاوان، تۆنی ڤان ترەک، سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ بەهۆی لوو(غدە)یەکی زۆر بەژانەوە کۆچی دوایی کرد. مەرگی وی زۆر لە هاوکارەکانی،و لەهەمووان پتر یۆستی بەتوندی نارەحەت کرد. نووربێرت سیگمۆنتی ڕاپۆرتنووس خوێندنی درێژە دا هەتا پلەی دوکتۆرای زانستە سیاسی‌یەکانی وەرگرت. تێز(نامە)ی دوکتۆراکەی ناو نابوو: "دادخوازیی میکۆنووس". ناوبراو وەک ڕۆژنامەنووس کار دەکا. جۆزێف هووفیل شوولت هێشتا ڕاپۆرتنووسی دیە فۆکووسە (Die Focus).

دەنگ‌وباسی ئەم داوەری‌یە لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بۆوە. لە ئێران، چەند ئاخوند هەڕەشەی کوشتنیان لە بڕوونۆ یۆست کرد. لەئاکامدا، یەکیەتیی ئورووپا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا ڕای‌گەیاند: "هەرجۆرە هەڕەشەیەک بۆسەر دادئەستێنی فیدڕاڵ، دادگا، یان ئەڵمان، هەڕەشە بۆسەر هەموو ئورووپایە."

ساڵی ١٩٩٨، لە ئەڵمان، یەکێک لە بەناوبانگترین گۆڤارەکان، دیەزەیت (Diezeit) بڕوونۆ یۆستی بە یەکێک لە دە کەسایەتیی هەرە گرنگی ئەڵمان دانا. بەڵام نە ئەو تاریفەو نە کردەوە مێژوویی‌یەکەی‌و ئازایەتی‌یەکەی لە سەرانسەری ڕەوتی دادگادا، جگە لە ڕەزامەندیی

ویژدانی خۆی شتێکی بەو نەبەخشی. ئەو بەپێی بەرنامە یاریدەرە تازەکانیی دەگەڵ خواردنی ئێرانی، وەک قۆرمەسەوزی، لە ڕێستوورانێکی ئێرانی ئاشنا کردو دەگەڵ بنەماڵەکەی، لەوانە دایکی، برازاکەی‌و دوو نیگابانی چوونە وێ‌و لەوێ بەبۆنەی داوەری لە دوو مەسەلەی قانوونیدا جەژنیان گرت. بەهاری ساڵی ٢٠٠٩ لە کارەکەی وەک گەورە دادئەستێنی فیدڕاڵ خانەنشین کراو ئێستا [٢٠١١] خەریکی هەنگەوانی‌یە.

تەنزنووس، هادی خورسەندی، پاش فتوایەکە بە زیندوویی مایەوەو وشەی (Stand up)ی خستبووە سەر قسەخۆشەکانی‌و ناوی لەخۆی نابوو خۆستاند [بەمانای ڕاستویژ]. ئەو وەک هونەرمەندێکی ڕوولەگەشەو بەبرەو لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، هێشتا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەوێ.

عەزیزی خاوەنڕێستووران، چۆوە ئێرانو دووبارە ژنی هێناو خۆی دەگەڵ مۆدی ڕۆژ ڕێکخستو ئەمجارە بوو بە خاوەنی دەرمانخانەیەک. ئەو تەنیاکەسی زیندوو دوای ئەو کەتنەیە کە چۆتەوە ئێران. ڕۆژنامەی ئەڵمانیی دێرتێی‌شپیگڵ (Der Tagess piegel)، ساڵی ١٩٩٦ لە وتارێکدا عەزیزی بە جاسووسی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ئێران تۆمەتبار کرد. بەڵام ئەو هەرگیز تۆمەتەکانی ئەو ڕۆژنامەیەی نەخستە ژێر گومانو لە بەرامبەر تۆمەتی بێجێدا خۆی نەدەشەمزاند. نهێنی‌یەکان هێشتا دەوریان دابوو. شک‌وگومان لەسەر وی هێشتا مابوو،و ئەم پرسیارە هێشتا لەگۆڕێدا بوو کە ئەگەر عەزیز ئەو کارەی نەکردوە، ئەدی کێ کردوویە.

دوای کۆتایی دادگایی‌یەکە، ساراو شۆهرەی دێهکوردی گوازتیانەوە بۆ ئاپارتمانێک کە پەنجەرەکانی ژووری دانیشتنی بەسەر شەقامێکی چۆڵو پڕدارودرەختیاندا دەڕوانی. شۆهرە هەوڵی دا ببێتە پزیشکی دەروونی‌و لە چارەسەری خەفەتو نائومێدیدا ببێتە پسپۆڕ. ئاواتی ئەوەیە ڕۆژێک ئەو ژنانە ببینێ کە لە ٩/١١(ی ٢٠٠١ی ئەمریکا)دا بێوەژن کەوتبوونو ڕایەڵکەیەکی پارێزگاری لە قوربانی‌یانی تیرۆریزم دروست بکا. پاش چەندین ساڵ بۆ یەکەمجار ئەوو سارا چوونە ڕێستووڕانی کۆنی میکۆنووس بۆ ئەوەی خەڵاتی لەوحی بیرەوەری وەربگرن.

سارا لەفکری وەرگرتنی دوکتۆرای زانستە سیاسی‌یەکاندایە. ئەو ڕێبازی بابیی گرتۆتە پێش تاببێتە کەسێکی کارلەدەستهاتوو، هەرچەند نازانێ بۆچی ئەوکاتەی لەنێو

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ئێرانی‌یەکاندایە هەمیشە ماتەو خەمۆکی دای‌دەگرێ. جاروبار بە وەکارخستنی کاسێتەکانی بی‌بی‌بلاکسبێرگی پیروگوێ‌ڕاگرتن بۆ چیرۆکە شیرنەکانی ئەو کەسە ئەفسوونگەرە زۆر خۆشحاڵ دەبێ. ئەو ئیدی لەوباوەڕەدا نیە کە دەبێ بە چەک دژی تێرۆریستەکان شەڕ بکا، بەڵکوو بڕیاری داوە هەمیشە دژی وان خەبات بکا. ئەو بۆخۆی خۆی دەژیەنێو لە ئاپارتمانێکی هونەرگەدا کار دەکا کە ژمارەیەکی زۆر پۆستەری نیلسۆن ماندێلا لەسەر دەروازە سەرەکی‌یەکەی چەسپێندراون.

ئەمڕۆ پتر لە دوو میلیۆن ئێرانی لە دەرەوەی ئێران دەژینو سەدوپەنجا هەزاریان لە ئەڵمانو لەوانەش دە هەزار کەسیان لە بێرلین دادەنیشن. ئەوانەی دوایی پەنابەرانێکن کە حەمیدی نەوزەری لە ڕێگای ڕێکخراوە چووکەڵەکەی خۆیەوە درێژە بە یارمەتیدانیان دەدا. حەمید هەروەک جاران کارەکەی لە سەعاتە سەیرەکانی شەوانەو ڕۆژانی پشوودا درێژە دەداو هەمیشە ئامادەیە کە شایەتی دادگایی‌یەکی دیکە بێ. ئەوو دەکەس لە هاوکارانی دووکتێبی ڕەخنەگرانەیان لەبارەی دادگایی میکۆنووسەوە نووسیوە. ئەو هەروەها گەورەبەرپرسی ئارشیڤی بەڵگە ئێرانی‌یەکانو تۆژینەوەیە، کە لەوێدا چەند زستانی بە خوێندنەوەو ڕێخەڵووزکردنی خاکەنازەکان بۆ وەکارخستنی یەکێک لەو کوورانە بەسەر بردوە کە لە سەرانسەری ئوورووپادا هەن.

پەرویزی دەستمالچی کۆمەڵێک وتارو بەڵگەی لەبارەی دادگایی‌یەکەوە ڕێک‌وپێک‌و چاپ کردو هێندێک لەوانی پێشکەش بە بڕوونۆ یۆستو فریتیۆف کووبش کرد. کاتێک بۆ دواجار تەلەفونی بۆ بڕوونۆ یۆست کرد تا سوپاسی زەحمەتەکانی بکا، یۆست زۆر بەسادەیی گوتی: "ئەمن هەرچیم کرد بۆ ڕازی کردنی ئێرانی‌یەکان نەبوو. ئەمن تەنیا ئەرکی خۆمم بەجێ دەگەیاند."

لەماوەی نۆزدە ساڵدا، ئەو دوازدە کتێبی بڵاو کردنەوەو لە ئاکامدا ژمارەی ئەو کتێبانەی پێیاندا چووبۆوەو وەری‌گێڕابوون گەیشتە ژمارەی جێی ئافرینی بیستوپێنج بەرگ. وەرگێڕاوی کتێبی کارل پۆپر ساڵی ٢٠٠٤ لە ئێران چاپ کراو چەند جاریان چاپ کردەوە. ئەو کە هەمیشە بەدوای ڕووداوی تازەدا عەوداڵ بوو، نۆڤەمبری ٢٠٠٨ سەفەری ئیسرائیلی کردو ڕەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە ئێرانی‌یانی غەیرە یەهوودی کەوت کە بەدەگمەن دەوێرن سەفەرێکی وا بکەن.

www.rabari.org

❊ ❊ ❊

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org